
ڕامان
مانگنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە - ڕامان دەری دەکات
٢٠٨



تابلوی هنرمند: بالا ناصح

# ڕامان

٢٠٨

انگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی نۆزدە/ ئەیلوولی ٢٠١٤

- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرتریت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام



ناونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662

(دەرەوە)/ 009647504494662

تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautwali@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان

## ● دەق


– ئەوەی لە دواخوانی برایاندا نەگوترابوو/ نەژاد عزیز سورمێ/ 3
– پەرداخێ تۆیەی ساردەوە بوو/ چنوور نامیق/ 8
– جانتا/ موحسین ئاوارە/ 9
– پەی ماچێن وان/ ئەحمەد قەرەنی/ 11
– ... تا شنگال/ لە فارسییەوە: سامالّ ئەحمەدی/ 12
– تەرمی نامەیەک/ جەبار جەمال غەریب/ 13
– خۆشەویستی لە دەڤەری مەرگدا/ ئارام ئەحمەد/ 21
– کتێبخانە/ باهۆز مستەفا/ 26
– خەون/ ئەمین ئەسەر/ 29
– ژنێک و جانتایەکی شین/ لە فارسییەوە: حەلیمە مەلایی/ 31


## ● هەڤپەیڤین


– هەڤپەیڤینێک لەگەلّ چیرۆکنووس و وەرگێڕ (محەمەد ڕەمەزانی)/
ئا: هادی حەبیبی/ 38
– گوتوبێژێک لەگەلّ (عەلی کەمال)ی چاکەخواز و نائیبی سلێمانی/
ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 52


## ● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


– بنیادی هونەریی کەسایەتی لە دەقی ڕۆماندا/
ئاری عوسمان خەیات/ 63
– ڕاکردن لە دەق/ سەعید سلێمانی/ 78
– ڕووناکبیران و سیاسەت و فەرهەنگ/ ئەکرەمی میهرداد/ 85


## ● وتار


– چۆن بە وتنەوەی چیرۆک، فەلسەفە فێری منداڵان بکەین؟/
عەلی ڕەزا محەمەدنیژاد/ 95
– ئێدگار ئالّن پۆ، نووسەرێک لەگەلّ خواردنەوەدا وەک دووانە
وابوون/ عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)/ 99
– خەیالّ لە چیرۆکی مراد کرمانیدا/
لە فارسییەوە: سەلاّح نیساری/ 104


## ● هزر و فەلسەفە


– میتافیزیک لە فەلسەفەی نوێی ئەورووپادا/ د. حەمید عەزیز/ 107


## ● زمانزانی


– دۆزەخی زمان/ غازی حەسەن/ 117


## ● مێژوو


– کورد و ماد هەریەکن/ شاروخ حەسەنزادە/ 122


## ● بەدواداچوون


– با وردتر لە ڕووداوە مێژووییەکان بکۆڵینەوە/
د. حەسەن جاف/ 127


## ● هونەر


– دەنگێکی پڕ لە سۆزی مامۆستایەکی دڵسۆز/
گوشاد حەمە سەعید/ 134
– گوڵزاری هونەری هەورامان/دارا محەمەد هەورامی/ 138


## ● خوێندنەوەی کتێب


– ٧ وێنەی ڕووتی ژنی جەنابی وەزیر و چاوەکانی
کەلسووم/ هاشم سەڕاج/ 145
– ئەو ڕێبوارەی بەدوای ناوی خۆیدا وێڵ بوو/
د. ڕەهبەر مەحموودزادە/ 149


## ● بەسەرکردنەوە


– بە بۆنەی کۆڕی ڕێزلێنان لە دکتۆر یوونسی (وەک وەرگێڕ)
لە شاری سنە/ ناسر وەحیدی/ 156


## ● بە باڵابڕین


– گەشەی شانۆکەمان لە سای (ڕامان)دا/
ئەحمەد سالار/ 158


## ● سووکە لەنگەر


– لەنێوان ڕەسەنایەتی و لاسایی کردنەوەدا/
جیهانبەخش محەمەد کۆیی/ 160

# ئەوەی لە دواخوانی برایاندا نەگوترابوو

نەژاد عزیز سورمێ

«سیدۆری
پیاڵەی بادەم بەنیوە نەکردبوو
لە نەشئەی سپێدەیان کردم
نەیانهێشت گڕوگاڵی هەتاو
بەسەر ڕوومەتی چیایانەوە ببینم»
**لە قەسیدەیەکی بڵاوکراوەی پێشترمەوە.**

(۱)
/بە / دڵی / بەدمەستم/ گوت:/ کە/ لە/ ئاهەنگی /
/مەعشووقدا/ دەفڕێ/ ڕووناهی/ هەمووی /لە/ تۆدا/
/هەڵدەبێ/
/لێ/ گەڕێ/ جێیەکمان/ لە/ کونجێکی/ خەراباتدا/
/بەرکەوێ./
/لێمان/ گەڕێ/ ئێمە/ سێبەری/ چڵی/
/دارە بەنێکمان/ بەسە./

ئەو شەوەی
کەزی تۆم
بە ئەستێرە ڕژاوەکان چواند
تێنەگەیشتم سروەی ماتەم
لە چ لایەکەوە هەڵی کرد؟
تێنەگەیشتم نەخشەی تەمەن
چ شێوەیەکی وەرگرت..
بێ بادەییە وشکەسەما
شکەنجە ئارمووشی خاشاک.



(۲)
/نێرگس/ ساڵی/جارێک/ بەخۆی و/ بە/ تەمەنی/
/لەبیرکراوی/ بێ/ پەروا/ لە/ گلەیی/ عاشقان/
دێتەوە/
/تۆ/ نایەوە/ تۆ/ لە/ ئەسرین و/ زام/ ناگەی/

سەحەر ئەنگووت
ئەوان لەخۆیان زیاتر نەدی.
من لەگەڵ باراندا دەنووم هۆشکۆڵ
گریانم لە بانیژە هەڵخەستووە
پێم لە پێخوستی بەیانی ناوە
تۆ هەستت لە جەنگەڵستانی ئارەزوودا بەند کردووە.

شالاٌوی ئاڵوودەبییە ئەمە، پەتایە
شەوقی نۆشین چۆن دەبینن؟

(٣)

/جادووگەرێکی / سرووشتبەدەر / دزە / دەکاو /
/بەخۆی و / بە /ئاسۆیەکی / بێ / سنوورەوە /
/ دێتە / ژوورەکەم /
/ئەو / جادووگەرە / پرۆمیسیۆسی / جوانیدزە /
/نەک / ئاگر، / جوانی /حەوت / حۆریانی /دزیوە /
/هاتووە / شایەدیم / پێ / بدا / سەودایەکی /
/لەگەڵ /خۆردا / پێ / بکا.. /

ببوورە، خەون ڕایکێشام،
لە مەزرای خەم بووم
کۆتەڵم دەچاندن..
ببوورە، وڵاتی ڕووەکنشین
ڕووباری تریفەی پێدا دەهاتن..
ببوورە،
لەوێدا، لە خەونی ماندووان
ڕێیەک نییە
بگاتە جێ..!
(هاتی)یەک نابینی
(قاتی) بەرانبەر نەبووبێ..
ببوورە!
سەرمەدییە ئەو چرکانەی
لە تاکایەتیماندا دەتوێنەوە
سەرمەدییە.. ببوورە!

(٤)

/ باڵمان /گرت / با / حسابێکی / بۆ / نەکردین /
/مێژوو / و / جوغرافیای / شارە / بریقەدارەکانمان /
/هێنا / لە / مەیدانی /چۆلی / ویژدانمان / دانا.. /
/ئەوەی / نەدەدیترا / ئێمە / بینیمان /
/پەیامبەرانی / نیگەرانیی، / نیشتمانی / ڤایرۆس /
/جیهانی / پێکەنیناوی.. / ئەوەی نەدیترابوو /
/ ئێمە / بینیمان.. /

نگینی ئەنگوستیلەکەم
زەردەخەنەی گوڵئەستێرە
تەنیایی شەوانم بەبیر دێنێتەوە.
نگینی ئەنگوستیلەکەم
بێتاویم لەبیر دەباتەوە
نگینی ئەنگوستیلەکەم دۆستمە
لە زۆر ئاشناو برادەر دڵسۆزتر.

(٥)

/سەری / لە /بن / هەنگڵی / خۆی / ناوە /
/کەیل /بووە / تا / ڕادەی / هوشیاری.. /
/ئەم /بوونەوەرە / بن دیوار و / شەقام و / شۆستەو /
/زبڵخانە / نەما / سەری / پێ /نەکا.. /
/هەموو / زەمەنەکانی / لێ / کۆبووەتەوە.. /
/ئەم / بوونەوەرە / هەزاران / ساڵە / بەڕێوەیە / تا /
/ئێستا / کەس / لێی / نەپرسیوەتەوە. /

دیوار تا نەڕووخێ
نووری پێدا نایێ..
دیوار ماڵە..
ئەی بانگی هاژەی دوور!
پەنجەرەی ڕۆح!
ئەی ساوی مینای تەملێدراو!
بێ دان و ئاومان مەکە
بەهێزی خەڵوەت،
بە شەوقی لێزمە
دیوارەکان برووخێنە
نوورمان دەوێ، ئێمە نوور
نوورمان دەوێ، ئێمە
نوورمان دەوێ
نوور...

(٦)

/چاوەڕوانیی / لە / کەوێکی / ڕاوەدوونراو / دەچێ /
/دەرگاکان / کراوەن، / بەڵام / کاتپەرستان /
/کە / هەمیشە /سێبەری / یەکترن / ڕێگاکانیان /
/گرتووە. /

ڕۆژگار دێن
لە تاریکی شەودا
نقوم دەبن.
شەوگار دەڕۆن،
لە باوەشی ڕۆژگاردا دەتوێنەوە.
ئەی ئاشنا! غەریب!
وەک باڵای گوڵەگەنم،
هەڵپەی برسیەتی..
وەک خورەی تاڤگە،
سمکۆڵی ئەشکەوتی تینوویەتی.

(٧)

/ئەگەر / ویستت / بگەیتە / ترۆپک / پێویستە /
/بزانی / کراوات / چۆن / گرێ / دەدرێ /
/خەمە /ڕاستینەکان / لە / بڵندیان / کۆدەبنەوە.. /
بەهاران / مرۆڤ / درک و / گوڵ / لێک / جودا /
/ناکاتەوە. /

لە باخچەیەکی پەنهانی
گوندێکی دووردا
گوڵ گوڵم چنی،
بوو بە چەپک
خەون بوو
پێڕانەگەیشتم
لە جەستەی تۆی وەربێنم.

(٨)

/مۆسیقای / پێنجشەموان / چ / دەگەیەنێ ؟/
/بەردی /کەپکان / بە /چی / سیمایان / دەگۆڕن ؟/
/هاوار / بە /قوڵپی / گریانەوە / جوانە / یا / بە /کپی ؟/

لە دنیای فانی ئێمەدا
چەند هاتن، چەند چوون
تامی عەشقیان نەکرد..
چەند فرمێسک
لەرێی مەیخانەدا رژان
چەند بەژنی تاریک
بە باڵای نووردا بران..
تۆ وەرە گەورەم!
بڕوانە شاری عاشقان
بە بێی تۆ
چەند چۆل و وێرانە.

(٩)

/جۆللانە / فێری / زمانی /لێکدابڕاوی / کردین.. /
/پاسەوانی / ئاگر / نووستووە.. / کاغەز / دەبارێ /
ئاسمان / سپی / دەچێتەوە. /

مەترسە!
ئەوە خاڵی لاوازی منە
کە نەتوانم بێ ئاوەدەنگ بم..
ئەوە خاڵی لاوازی منە
نەتوانم هیوابڕاوان لە ئامێز نەگرم
ئەوە خاڵی لاوازی منە، بێ بەینەت!
بێ ماسک و ڕووبەندان بژیم
مەترسە!
خەڵوەت و تەناهی
خاڵی لاوازی منن.

(١٠)

/سینی / بە / هەر / لایەکدا / دەسووڕێنی /
/هەمان / دەنگ / هەمان / ڕەنگ / هەمان /
/زیندەخەو / هەمان / سەرگەردانی /

دوورگەی گەمارۆدراو
تینووی هەواڵێکە.
ڕێبوارێک لەو ناوە نابینرێ
باڵندەیەک لە ئاسماندا دیار نییە
ئەو ساتانە تا هەتایێ نامێننەوە
تا هەتایێ بێدەنگی، دەنگ ناداتەوە.

(١١)

/پاکیزەکان / لەبەر / ئاستانەی / پەرستگاکانی /
/سۆمەردا / جێیان /نابێتەوە. /
/پاکیزەکان / قوربانیی / شارستانییەت و /
/سەنگدڵی / کاهینە / لایەنگیرەکان / بوون.. /
/کە /بە / بەر / چاوی /کەون و /کائینات / بە /
/ناوی / پیرۆزگرییەوە / چرایان /دەکوژاندنەوە. /

لە شاری ڕەهایەتیدا
شاری پاسەوانی دانەوێڵە
دەخوازێ نوێژی کازیوە دابەستین و
هەموومان
لە سرووتێکی
خاڵی لە شوێن، لەکات
وەک کەسێ کێشمانەی خۆی بدا
باوەشمان بۆ پرشنگ واڵا بێ..

(١٢)

/شتێکمان / ون / کردووە / نازانین / چییە /
/شتێکمان / دۆزیوەتەوە / نازانین / چییە!/
/بەفر / کە / لە / ئەزەلەوە / سپییە /
/فریشتەی / هەڵلووشیون. /

تەنگدڵی،
سەرەتای شانۆییەکە نەبوو.
تەنگدڵی، نەخشێک بوو

بە پەنجەی خوێناوی
بەسەر جۆگەو ڕووبار و دەریاكان كێشرابوو.
دنیا ساردە..
ئاسۆ لە گیانەڵادایە..
سەرەتا تەنگدڵی نەبوو
شەو و ڕۆژ خۆیان
لەكوێدا حەشار داوە؟

(١٣)
/ئەم / ڕێیە/ چار نییە/ دەبێ / بگاتە /جێ./
/ وەرە/ مەڕۆ/ وەرە/ دامەزرێین/ بە/ سۆزێكی/
/پیرۆزەوە/ نهێنییەكان/ بخۆینەوە/ وەرە/
/بچینەوە/ باوەشی/ خۆمان./

سەرسامیم ون كردووە
لەكوێی دەدۆزمەوە؟
سەرسامی ون بكرێ
لەكوێ دەدۆزرێتەوە؟
ئاوێنەیە
ئاوێنەیە.
ئاوێنەیە سەرسامی.

(١٤)
/خەونەكانمان /چییان/ لێ/ هات؟/
/پێم/ دەڵێی / با/ بردنی../
/ ئای/ لەوە/ ئای/ لە/ شاری /پەردەپۆش و/
/بەژاوەژاو!!/

ئەو مرواریییەی
لە داڵانی ڕێكەوتدا،
شەوق دەداتەوە
ئەو مرواریییە نییە
لەكانی ڕۆشناییدا
ورشە دەدا.

(١٥)
/ماسكەكانم/ پێ/ لانەدرا/
/ناتوانم/ بۆت/بگێڕمەوە،/ هەر/ ناشگێڕدرێتەوە../
/هەڵدانی/ پێكیش/ ئەتەكێتی/ خۆی/ هەیە../
/ دڵم/ دەڵێ/ ئەم بەرەبەیانە/ بنەوشەییە/ مژدەی/
/ژێرداگەرانیی/ ڕووبارێكی/ شێتی پێوەیە../

زۆرجار تاسان،
بەرگی ئاڵووالا دەپۆشێ.
زۆرجار گیان،
بە نەغمەی نیگامەستان سەرخۆش.
ئەو كورژنەی پێش كاروان خۆڕایی نییە.
خۆڕایی نییە ئەو كورژنە.
ئەو كورژنە هەرگیز خۆڕایی نییە.

(١٦)
/چاندنی/دانەوێڵەمان/ بۆ/ نیشتمانێكی تر/
هەڵگرتووە./
/كێڵانی/ زەوییەكانمان/ بۆ/ ساڵێكی/ بێ/ پایز و/
/بەهار و/ زستان و/هاوین/ هەڵگرتووە./
/ داخۆ/ ئەڤینمان/ بۆ /كەی/ هەڵگرتووە؟/

ئەو بە پەیمانەیەك،
بە زەمەندی خەیاڵ..
كێوی قافی هەیە.
تۆ بە دەریای مەی
بەچیای چراخان، هیچ..

(١٧)
/شەقامەكان/ چۆل/ نین/ وشكەڕوانین/ چۆلی
/كردوون/
/وشكەڕوانین/ ناهێڵێ/ مۆسیقا/ وێنەی/ بكێشرێ/
/كێ/ باوەڕ/ دەكا/ مانگ/ سیمای /كچی/
/دارستانی/ لە/ دەرفەتێكی / گوماناویدا/
/دزی / بێ؟/

شەو ڕەشدانەگەڕاوە
ئێمەین وەنەوزی لالەزار نابینین.
ئێمەین باخچەی بەهەشت
لەبەر پێیاندا دەچێنین.
خودایە!
بە گەورەیی خۆت
فەرمان بدە؛
زایەڵەی خاكەڕایی و
گڕگرتووی عاشقان
لە دنیای نیهانی ون بوومان
شەوق بداتەوە..

(١٨)
/جیهانبینیمان/ شووشەشەیەكی/ شكاوە/
/بە /خورپەی/ باڕێزەوە/ دەشنێ/

/کەژاوەی / ڕەنگداپچکوڕاوان / لەبەر / تاوی /
بارانی / کوێر / بارانی / کەڕ / بارانی /لاڵ... /

دەرگا دامەخە!
با پەنجەرەکان کراوەبن
گرفت نییە،
من لەگەڵ خۆمدا
لە خەڵوەتدام.

(١٩)

/نیوەڕۆیە / خەمبارەکان / تووڕ / دەدەم /
/منداڵیی / دەهێڵمەوە / وەک / ئاو /
/بۆنی / شەو / بۆنی / گوڵە / مل / لارەکانی /
/ئەم / دیو / و /ئەو / دیوم / دەکەم. /
/ئەوەی / دەیزانم / لە /نیگەرانیی و / دڵتەنگی /
/چیایان و / بەرهەنگی / ڕووبار و / ڕەنگزەردی /
/درەختان و / ڕەشانگی / بەفر و / پرسەی /
/کوێستان / لەگەڵ / خۆم / دەبەم..

باران بە باڵای شووشەییەوە
لە دەرگام دەدا..
با لە سیلەی پەرژینەوە،
سەرەتاتکێم لەگەڵدا دەکا.
وەرە تۆ خۆت، لە باتی من دابنێ
ئەوە زوڵم نییە
باران،
بە گۆنای گەش و
چاوی ئەفسووناوییەوە
لە تەنیایی و غەریبی منی دەکا؟

(٢٠)

/کە / قووڵایی / بزر / دەکەین / ژیانمان / لێ / دوور /
/دەکەوێتەوە /
/بەختیاریی / بە / جۆگەی / بریناندا / دێ /... /
/بەختیاریی / بە / شەقامی / خەمدا / دێ.. /
/بە / گێژەنی / شەپۆلان / بەو / هەستەی /
/دوای / سەمایەکی / شێتانە / لە / کێشانی /
/ جگەرەیەک / دایە. /

تاراوگە دوای تاراوگە
زستانگەلێکمان بڕی
ساڵەهامان وەرسووڕاندەوە،
بەهار هەر نەهات.

تاراوگە بۆ تاراوگەی ناردین
لەڕێی وەهمەکانی خوددا
بەرگی کۆیلەتیمان پۆشی.
شەومان
بە ئەلەندی نەرمی
سپێدە دادا
حەقیقەت هەڵنەهات
گیاگەلی بەهاران دەرکەوتن
ڕاستی دەرنەکەوت.

(٢١)

/بیرەوەرییەکانمان / لە / ئەشکەوت و / دڕاڵەی / شاخ /
بەجێهێشت. /
/لە ئارەزووی / ژیان / گەڕێ / کە / لە / گوڵێک / دەچێ /
بۆنی / خاک / دەدا. /لە / ئارەزووی / ژیان / گەڕێ / کە /
بەیداخی / شەکاوەمانی / بە /جەنگە / بێهوودەکان /
نەوی / کرد.. /

هەمبوو، نەمبوو
دڵێکی ماندوو
ئەویشم بەمیحرابی تۆ سپارد.
هەستێکم هەبوو،
لە پرتەوی نیوەشەو
لە پیاوێکی ساویلکە دەچوو
ژنان، زۆرجار
لە کۆبوونەوە تەفرەدارەکانیان ئامێزی بۆ دەکەنەوە
ئەویشم لە تەنیشت ئەو نیگارانە هەڵواسی
منداڵان دەیکێشن.
لەبیرتە؟
لەبیرتە باسی ئەو ڕێیانەم بۆ دەکردی
بە گۆرانی گیرا بوون؟
باسی ئەو ئاوازانەی
لە مێژووی
بزووتنەوەی ئازادیخوازی ڕۆحەوە دەرهێنرابوون؛
ئەوەی لە دوا خوانی برایاندا نەگوترا بوون؟

**شوباتی / ٢٠١٤**

# پەرداخێ تۆبەی ساردەوبوو

چنوور نامیق



کوپێک قاوە لێوانلێو ئەکەم
لەمەستی
دوا دڵۆپی دڵنەواییم
لەژێر کوپەکە بیر ئەچێ
هێندە بانگی سێبەرم کرد
وا لێوم کاڵ ئەچێتەوە
گوڵدانێک لە پرشە وەفا
ئەبەخشمە چاوەڕوانی
جامێ سەبر ئەدەمە دەست ڕۆینەوە
بەگەڕەکی ئالوودەبوون تێئەپەڕم
بەکۆڵێ عومری زەردەوە
زەنگی مناڵی لێئەدەم!
بە شەقامێ هەنگاوەوە، پێخاوسی ئەژمێرم و
ژیانی جارانی سفر ئەکەم
بەزەمبیلەیەکی پڕ لە هیچ
لەولای بێ نازیی گوڵەوە
قومێ توورەبوونی سێبەر ئەخۆمەوە
بۆنی زەمەن دایگرتووم و ناگەمەوە خاڵی سفر
بەخەیاڵی هەرەسەکانی عیشقەوە
وانەی کەمکردنەوە لە سفر ئەلێمەوە
بەخەیاڵی شنەباوە بۆ گەیشتن بەخاڵی هیچ
ڕێ ئەکێشم
خەو سەراپام بەبا ئەکا و ڕێی بێداری نادۆزمەوە
زۆر ئەترسم وڵاتی خەو داگیرم کا و پێڕانەگەم
خەمی غەزەلنووسەکانی زەوی بخۆمەوە
دڵم بەلای تۆوە بەندە
پەڵەخەمێک بەنیازە ڕوخسارم بکاتە پەنا
زەمبیلەیەکی پڕ گومان
ئەمباتەوە بۆ لای چیرۆکی سێوەکان
پەرداخێ تۆبەی ساردەوەبوو
ئەمهێنێتەوە بۆ مەحاڵ
باڵام تەنیاپۆش ئەکەم و
وردە ڕاستی ئەچنمەوە
ڕابردوو دێ
بەسەبەتەیەک عیشقەوە
دەستم ئەگرێ
هەناسەیەک لەوسەری ماڵی گەڵاوە
بیری هاتنەوە ئەکەم
لەم ئاژاوە پڕ ئۆغرە
هەموو دەمێ
قاوەیەک بۆ خۆت گاز بکە و
دانەیەکیش بەیادی من بخۆرەوە
ئەی تاڵدۆستە نەفامەکە
جامێ ئۆغر لە دوای ڕۆیینم بڕێژە
با چیتر نەگەڕێمەوە
دەستی ئەوساکە ئەگرم و
هەناسەیەک دوای مەرگی خۆم بیرت ئەکەم
شووشەیەک لە بۆنی فیراق ئەبەخشمە
تازە مودمینێکی وەک خۆم
ئێستا من بە قومێ قاوە
پڕ ئەبمەوە
لە مەستی و
غیابی تۆ و
نەگەڕانەوە بۆ ئێرە!

٢٠١٤/٧/٢٧

# جانتا

موحسین ئاواره

بۆ ئاوارەبوویەکی کوردی ڕۆژئاوا



شەڕ تەنیا جانتایەکی بۆ جێهێشتم
ئاوێزانی یەکدی کردین
سەبەتەیەک پڕاو پڕ بوو
لە ئایینده و خەون و ئاواتەکانم
لێی ڕشتم
هەڵوەدای وارانی بێ واری کردین
وەک جگەرەیەکی کوژاوەی نێو تەپڵەک
منی کوژاوە و جانتایە هاوەکەمی هەڵدایە
سەر هەسارەیەکی ماندووی لا تەراز
❊ ❊ ❊
خۆم و جانتایەک لە ماڵێکی وێران دەرچووین
ماڵێک بە لە دەستچوویی ژنەکەم و
کچێکی جوانکیلەی ئاوەدان
❊ ❊ ❊
خۆم و جانتایەک دەرچووین
لە شارێکی خاپوور و سووتماک
لە نیشتمانێکی ناشیرن کراو
شارێک نوقمی دووکەڵ و خۆڵەپۆک
نوقمی تۆزی هەڵاڵان و بۆنی بارووت
تێکەڵ بە بۆنی شووشە تێکشکاوەکانی
عەتر فرۆشان
تێکەڵ بە بۆنی دارچین و زەعفەران و
هەموو هەموو بۆنە تێکەڵبووەکان
کە بە خوێن شێلران
❊ ❊ ❊
شارێک پڕ لە ترس و قیژەی مناڵ
پڕ لە چریکەی مەل و ئاهو فیغان
پڕ لە هاواری نەبیستراوی مرۆڤەکان
دەنگ دەنگ
هاڕەی جامی ورد و خاشبووی پەنجەرەکان
باڕێژەی باران و
ڕێژە بە ڕێژەی تەرم و جەستەی زامداران
ئەم شار و شەڕگەیە
ئەڵێی جۆشی کوورەیە
چ شەواژۆیەکی پەرتەوازەی بێ ئەندازەیە
تەنیا داڵ و قەل بە ئاسمانەوە
مێشومەگەزیش لە سەر زەوی
خۆم و جانتایەکی بێ سۆراغ ڕۆیشتین و نەگەڕاینەوە
❊ ❊ ❊

ئاوڕ لە چی بدەمەوە
سێرە لە یەک گرتن
بۆ ئینسان کوشتن
تێکدانی خەتخەتێنی ساپساپانێی خەونی منداڵان
باڵەکۆنی تاریک و دارماو
تەنافی پساوی جلی هەڵخراو
یان تیمارخانە و گۆڕستانی ئاوەدان؟!
❋ ❋ ❋
چ بۆنێک پڕ بە سینەمەوە هەڵکێشم
گوێ بۆ چ ئاوازێک ڕادێرم
ئاوازی تەقە و تەقینەوەی بۆمبی هێشوویی
سەرنج بۆ کامە برووسکە و ترووسکەیێ ئاراستە کەم
کە کانییەکی تەقیوی نێو چاومە
چۆن هەنگاو بنێم.. هەنگاو ئەنگاوتمی
وەی لە ئەژنۆی شکاوم
کێ فریادڕەسە و کوا ئەنوا
ژنەکەم دوڕێک بوو لە نێو سەدەفی ڕۆحمدا
کچەکەم پەپوولەیەک بوو لە نێو فردەوسی خودا
وەرن لە ناو جۆنی بەنی دڵمدا
گۆلم گۆلم گەنمی حەسرەتەکانم بکوتن
ژیانم وەک نانێکی کۆن کەڕووی هەڵهێناوە
چ لەو ژمارانە بکەم
ژمارەی مۆبایلی هاوسەرەکەم
ژمارەی خانوو و ئەدرەسی ماڵە ڕووخاوەکەم
ئەگەر هەموو دنیا نوقمی خەو بێ
تەنیا من بە خەبەرم
ئەگەر گشت مەخلووقێک ڕەنگ سوور بێ
تەنیا من لالە ڕەنگێکی سەوداسەرم
❋ ❋ ❋
خۆم و جانتاکەم
ئەو جانتایەی ڕۆژانێ بوو
جیهازی بووکێنی تیا خرا بوو
چوکلات و شیرینی بە سەردا کرابوو
بۆ ماڵی منی زاوا ڕەوانە کرا بوو
ئێستا دەستێکی تووڕەی بەی ڕەنگ دەیکاتەوە
چاوێک لە نێو فرمێسکا مەلە دەکات و دایەخات
من.. ئەو منەی بەرەو شوێنێکی نەدیار دەڕوات
ئەو منەی ئازار و غوربەت داگیری دەکات
❋ ❋ ❋
هۆ هۆ ژەنیار
ئەو ژێیانە لە خەو هەڵسێنە
با ئەو هەورە ژانە جینگڵ خواردووەی لە ناخمدایە
هەڵوەرێ
ئەو ئاوە نەڕژاوەی لە چاومدایە دارژێ
❋ ❋ ❋

جانتایەک وەک خۆم ماندوو
ڕامدەکێشێ و ڕایدەکێشم
نازم هەڵدەگرێ و نازی دەکێشام
نازانم بەرەو ئەو جێگایە بڕۆم
کە ڕۆژی تیا هەڵدێ
یان بۆ ئەو جێگایەی ڕۆژی لێ ئاوا دەبێ
❋ ❋ ❋
جانتایەک ماڵ و شار و نیشتمانەکەمە
ڕۆژی سەد جاران بیکەمەوە و دایخەم
هێشتا پێم کەمە!
❋ ❋ ❋
جنتایەک
وێنەی ژنە جوانەکەمی تیا دەدرەوشێتەوە
وێنەی ئەو کچە مەسرەفخۆشەی
ئێستاش لە باسکە باریکەکانیدا
خوێن و ڕووناکی لێ دەچۆڕێ
ڕۆژم لێڵە.. ژیان وەک دراوێکە بە عوملەی شەو بۆم
دەگۆڕێتەوە
❋ ❋ ❋
جانتایەک جانتایەک
شەوان لە ژێر سەرمی دادەنێم و دەیکەمە سەرین
جانتایەک هەموو گیانمی کردووە بە برین
ئەوەتا شەویش پاڵی بە ئێوارەوە نا
ئێوارە بە دڵێکی شکاوەوە ڕۆیشت
من و جانتاکەم لە سەر شۆستەیەکی بەر کەنار
هەتا ئاسمانیش باڵندەی تیا نەما
دنیا لە ڕۆحمدا چۆڵ وەک دەشتێکی بەیار
ئەم شەو ڕوو لە کوێ کەم
دەرگای قەلەندەرخانە و مزگەوت و
دەرگای کلێسا و پارکەکانیش داخران
بەو گیرفانە قاقڕە
مەیخانەیەکیش نامگرێتە خۆی
کێ پێم دەڵێ ئەو جانتایە لێرە داگرە
«لە کوێیە مەنزڵگە و ڕاخستنی فەرشێک»(١)
ئەی خۆم و ئەی جانتاکەم
گێتی بۆ هێندە بچووک بۆتەوە
ڕوو لە کوێندەر کەم؟!

**(١) ئەم دێڕەی ناو کەوانە وتەیەکی شاعیر (سوهراب سپێهری)یە.**

# پەی ماچێن وان

ئەحمەد قەرەنی

هنەک تشت هەن
ناهێلن بیریا وە بکەم
کورسیکەکا زل زارۆکەک همبێزکربوو
فەرمانێن وی:
گویزێن پاییزان نەشکاندن،
لێ بێ زەحمەت
زڤڕۆکێن رووبارێ شاری ڕاوەستاندن..
کانی پەنگێن بۆ بهارێ
کارێزێن هنگڤینێ ڕەش
ئاڤس کرین
شەما بۆ مۆمکێن برسی خرڤەکر..
شەڤێن زستانێ
بەر دلێ من ژ هەر جارێ
درێژتربوون..
سڤۆرەکی ناف قولقولا
دیندارەکێ
نەهێلابوو پیرەمێرەک
بەر خەملۆکا سێبەرا وێ
سەرخەوەکێ بشکینیتن..
ژ حەسرەتا بێنڤەدانا
خەونەکا گەش
وی ژی ستران
بۆ یادەکا جحێلینیێ دلۆراندن..
ئەڤیندارێن پیلان دانین
دا دامانێن ئاسمانێ شین ماچی بکەن
چوونە نهالێن کویر و
دەرگەهێ بەهەشتێ دقۆتا..
لێ عاشقێن برپاردایی
لێڤێن ئاسمانی بمێژن
بەرەڤ کۆپیتکێن چیان چوون
پەی ماچێن وان
باران باری
ئاخ شوڕشۆڕا ڤێ بارانێ
ناهێلیت بیریا وە بکەم..



# ...تا شنگال...

**سەید عەلی سالحی**
**لە فارسییەوە: سامال ئەحمەدی**

وەرن
چیا بە شوێن پێی مندا، گەیشتوونەتە شنگال
وەرن
ڕێژنە باران
لە درێژەی دەستی مندا
دنیا لە خوێن و خۆڵەمێش دەشۆنەوە
وەرن
دەریا گشتیان
لە چاوانی منەوە خوشیون، هاتوون
بۆ کوردستان خولیا و خەلەستنیان هێناوە
من بەتەنیا نیم
نالی، هەڵمەت، کەژاڵ، شێرکۆ و عەبدوڵڵا
هەمووان گەیشتوونەتە شنگال
بەڵام تۆ، نە لە چیا بڕ دەکەیت
نە لە ڕووبار، نە لە دەریا
کورد... کورد... هەر کورد بەتەنیا بەسە
تا بتنێژێ لە زریانی تاریکیدا.



**ژێدەر:**
**http://tnews/D41829047079.html**
**مرثیه برای کُردهای سنَجرَ، سید علی صالحی.**



# تەرمی نامەیەک

**جەبار جەمال غەریب**

(١)

جاران دەینووسی کۆترەکەم، کۆترەکەم بەس، ئێستا نا، ئێستا دەنووسێ کۆترە سینگ بە خوێنەکەم. هەموو جارانی ئەو ڕۆژێک بوو تاقە ڕۆژێک و بەس، ئەو، جوانڕۆی مەلا جەواد هەر ئەوی هەبوو نارین، نارینی میرزا دوو گوڵ، جگە لە نارین جوانڕۆ قژێکی درێژیشی هەبوو، لووتێکی باریک و دووچاوی بادامی ڕاکشاویش.

جوانڕۆ دەیخوێند، شەوانە بە هەموو وانەکانیدا دەچۆوە. مێژوو، جوگرافیا، ئەندازە و جەبریش. لە کۆتایی هەموو شەوێکدا کتێب و دەفتەرەکانی دەخستە تاقەکەی پشت سەری و پوخت دەنووست.

نەگبەتی جوانڕۆ ئەو ڕۆژە دەستی پێکرد کە برا گەورەکەی نامەیەکی پێچراوە و بچووکی دایە تا بۆماڵی میرزا دوو گوڵی بەرێت و بە دزییەوە بیداتە دەست سەرتیپی کوڕە گەورەی. هەرکە لە دەرگای دا، میرزا دووگوڵ بۆ خۆی دەرگاکەی کردەوە و جوانڕۆ پەشۆکا و نەیزانی چی بڵێت. میرزا دووگوڵ مەچەکی گرت و ڕایکێشایە ژوورێ و نامەکەی لە دەستە ناسک و نەرمەکانیدا دۆزییەوە. میرزا تێپەکەی سەری لێکردەوە و خوێندییەوە، وەک نامەکە ژەهر بێت، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، زللەیەکی توندی لە جوانڕۆ دا. جوانڕۆ گێژ بوو، ژنێک هاتە دەرێ و دەستی جوانڕۆی گرت و لە میرزا تووڕە بوو و پێی گوت:

– شێت بووی بۆ لە کوڕی خەڵکی دەدەی؟

ئەو بێ ئەوەی ڕووی لە ژنەکە بێت، گوتی:

– سیاسەت. سیاسەت لە ماڵی ئێمە نابڕێ.

ژنەکە گوتی:
- خەتای کوڕەکەی خۆتە.
ژنە جوانڕۆی بردە ژووریّ و دەموچاوی بۆ تەڕکرد و دەستی بەقژە درێژەکەی داهێنا. جوانڕۆ لێوی لەرزی و چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک، پێش ئەوەی بگری، کچێکی دەموچاو سوور و گوپن و قژ سووری دیت لەبەر هەیوانەکە سەیری دەکات، بۆیە گریانەکەی خواردەوە، بەو هەموو هەوایە خەریک بوو سینگی بتەقێت.
تەواو پێش ئەوەی سینگی بتەقێ، کچە زۆر دۆستانە و عەیارانە گوتی:
- ئەوە تۆی! قوربانی ئەو قژە خاوەت بم. بابم هەروا سەر شێتە.

(٢)

ئەو ئێوارەیە جوانڕۆ نەگەڕایەوە ماڵێ، بە کۆڵان و شەقامەکاندا سووڕایەوە. باران نم نم لێی دەدا و بزەیەکی شیرین و ڕەزامەندانە لەسەر لێوی بوو. بزەیەک هێندە شیرین و نهێنی تەنیا خۆی هەستی پێدەکرد، هەموو دنیا شیرین بوو، گەڵا و گوڵی بەرباران، گۆلە ئاوی سەر ڕێ، زبڵوزاڵی داوێنی شار، هەتا چۆمە قوڕاوە ڕەنگ زەرد و بۆگەنەکە، هەموو شتێ شیرین بوو، هەتا زللەکەی میرزا دوو گوڵ.
چووە دەرەوەی شار، درەخت و باران بەو هەموو دڵۆپانەوە، بەڵام تەنها لەو کاتانەدا تەنهایی چەند لەزەت بەخشە، کەس پێ ناخاتە دەروونییەوە و کەس بزە کاڵەکەی سەر لێوی ناشلوێنێ. هەزار جار گوتییەوە: "قوربانی ئەو قژە خاوەت بم" باران تەواوی قژە خاوەکەی تەڕ کردبوو، ڕێگای دابوو باران بە ئارەزووی خۆی بڕژێتە سەر هەنییەی و بە دەموچاویدا جۆگەلە ببەستێ. خێراو خێراتر، بەناو گیای تەڕ و بارانی ورد دا هەڵاتن و هەڵبەزینەوە، وەک دەروێش سەری ڕادەوەشاند و بەناو دۆڵ و دەشتەکەدا هاواری دەکرد "قوربانی ئەو قژە خاوەت بم"
هێمنتریش گوتی:
"برا جوانەکەم، بەو نامەیە تەواوی هەنگوینی دنیات لە دڵمدا تواندەوە".

(٣)

هۆشیا برا گەورەکەی جوانڕۆ لە هەیوانەکە بەرانبەر دایکی لەسەر چیچکان دانیشتبوو، سەیری پارچە ماسییە تێر ترشوخوێیەکانی دەکرد کە لە جیاتی ئاو لەناو ڕۆنی قرچاوی ناو تاوەکەدا مەلەیان دەکرد. پارچەیەکی گەرم و برسی هارکەری بەدەستەوە گرت، گازێکی لێگرت و لەبەر گەرمی نەیزانی چۆنی قووت دا. ڕێک لەوکاتەدا مامی پەشۆکاو و سەراسیمە خۆی کرد بە حەوشەکەیاندا و گوتی:
- هۆشیا! ئەوە تۆ لێرەی هەش بەسەر، بەدواتدا دەگەڕێن. بۆ تاوێک خوێن لە لەشی هۆشیادا وەستا و ماسییەکە لەسەر لێوی وشک بۆوە. دایکی خێرا پرێمزەکەی کوژاندەوە و مامی هێواشتر گوتی:
- بڕۆ خۆت دەربازکە.
ئەو بە بازێک خۆی گەیاندە سەربان و ون بوو، پێلاقەیەک دەرگای حەوشەی کردەوە و سەرباز و چەک بەدەست بە ماڵەکە وەربوون. جوانڕۆ بە بۆنی دەشت و بارانەوە گەڕایەوە. بەقژێکی درێژەوە بەسەر پەشێوی ماڵدا گەڕایەوە. ماڵەکە ڕەنگی سەربازگەی گرتبوو، خەریک بوو نەیناسێتەوە، سەردەستەکەیان ماڵی لە کۆڵانی ئەودیویان بوو. ئاشناو دۆست، هەندێکیش خۆشەویست، ئەویش جاران. فەقێ ماسی بابی ئاراسە ڕەش، هاوپۆلی هۆشیای برای.
فەقێ ماسی وەک ئاشنا لە ناوەندی حەوشەکە وەستابوو، بەڵام دوژمنانە فەرمانی دەدا. "بگەڕێن، هەموو شوێنێ بگەڕێن. کتێبی ڕیش بەگووەکان، بەیاننامە وە.. و.."
هێواشتر بە هاوەڵە خرووکاوییەکەی گوت "چەک، بزانن چەکی نەشاردۆتەوە".
وشەی چەک تەواوی ماڵەکەی شڵەژاند، ترس کەوتە سەر گەڵا پیر و ژەنگاوییەکانی دارمێوەکە، پشیلە مێیە ڕەش و سپییەکە، کە دایکی نیوەی پشیلە هاروهاجەکانی شار بوو، ساردتر لە جەستەی چەک میاواندی و چووە توونی حەمامەکەوە.
ئەوان دەگەڕان، ناو جلەکانی هۆشیا، کتێبەکانی جوانڕۆ، دۆڵاب و بوخچەی دایکی. بن مەنجەڵ و تانکی ئاو، ناو تورەکە ساوەر و نۆک و نیسک. هەموویان، نیگای هەموویان، نیگای دایکی، مامی، جوانڕۆ بەدوای

دەستی ئەوانەوە بوو. چاویان وەک کامێرای بچووکی سەر وایەری سۆنەر بەسەر پەنجەکانی ئەوانەوە بەسترابۆوە، نەک دەمانچەیەکی نەحلەتی، فیشەکێکی سارد، قەوانێکی کۆن وەک سیحر و جادوو هاتبێتە ناو ماڵەکەیان و لە پەنایەک خۆی شاردبێتەوە. دەستیان بۆ هەر شتێک دەبرد، وەک ئەو شتە بە دوگمەیەکەوە بە لێوی دایکییەوە نووسابێ بە دەنگی دەهێنا:

– ئەوە جلی زستانەی کوڕەکانە.

– ئەوە باوڵی جلەکانی ڕەحمەتییە.

– ئەو کارتۆنە ئیستیکان و ژێرپیاڵەیە بۆ کاتی میوانی.

– ئەوانە جاجم و لێفەن.

دەرگای ناوەندی بۆفییەکە داخرابوو، فەقێ ماسی بە حاڵەتی سرک و بێ باری خۆی، ڕووی لە مامی جوانڕۆ کرد و پرسی:

– ئەوە بۆ داخراوە؟

ئەو تاسا، بۆ چەند چرکەیەک خوێن مانی گرت و خواردنی بۆ مووە درێژ و ئەستوورەکانی سەر نێوچاوانی نەنارد.

بە پرسیارەوە ڕوانییە دایکی جوانڕۆ، ئەویش ترساو گوتی:

– کلیلەکەی لای من نییە.

بۆ جوانڕۆی ڕوانی، ئەویش نازانێ

فەقێ ماسی بێ دوو دڵی گوتی:

– بیشکێنن.

بە چەقۆیەک کێلۆنەکەیان ترازاند.

دوو دەستە کەوچک و چنگاڵ. قتوویەکی کۆنی تاقمی ڕیش تاشین، کڵاو و جەمەدانییەک. کارتۆنێکی چوار گۆشە کە لە دەسماڵێکی سپییەوە پێچرابوو، سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا، فەقێ ماسی وەک نهێنییەکەی دۆزیبێتەوە، وەک دەست بۆ دەمانچە، یان جەنازە بەرێت "ئەوە چی تێدایە" جوانڕۆ ڕوانییە لێوە وشکەکانی دایکی. مامی هیوا براو. هەمووان بێدەنگ "دەمزانی دەمانچەی وەرگرتووە" هێواش دەستی کرد بە کردنەوەی گرێیەکانی، زوو کرانەوە، دەسماڵەکەیان لادا، کارتۆنێکی قاوەیی پسکیتی کرێمدار. وێنەی ڕیزێک پسکیت و پیاڵە چایەکی لەسەر. قەپاخەکەیان لابرد، چەندان وێنەو زەرف و دوو سێ کارت و نامەیەکی پێچراوی بچووکیش دەرکەوتن.

خوێن لە قووڵایی دڵەوە، لە سێگۆشەی مردنەوە بۆ دەموچاویان گەڕایەوە، پێش ئەوەی نامە پێچراوەکەی سەرەوە بکەنەوە، مامی جوانڕۆ دەستی خستە سەرپاکەتەکە و پێی گوتن:

– تکا دەکەم، ئەوانە وێنە و نامەی خێزانین. نهێنی گەنجانەن، ئێوەش دۆست و ئاشنان و خێزانتان هەیە، تکایە دەستیان بۆ مەبەن.

فەقێ ماسی چاوێکی لە هاوەڵەکانی داگرت و گوتی:

– لەبەر خاتری تۆ، دەنا ئەوانە هی ئەوە نین ڕێزیان بگری.

چەکدارە گەنجەکەیان کە ناوی لاسووری بازێ بوو وەک گوێی لەبەرپرسەکەیان نەبووبێ، چەند وێنەیەکی هەڵدایەوە و کاغەزە بچووکە پێچراوەکەی دەرهێناو ویستی بیخاتە باخەڵییەوە.

دایکی جوانڕۆ توند پەلاماری داو وێنە و نامەکەی لەدەست دەرهێنایەوە، ئەویش بێ ڕەحمانە پاڵێکی توندی بە دایکی جوانڕۆوە نا، مامی سوور هەڵگەڕاو سینگی لاسووری بازێی گرت و ڕای وەشاند، یەکێک لە چەکدارەکان لەپشتەوە قۆنداخی کلاشینکۆفەکەی بەشانی مامی جوانڕۆدا کێشا، گوللەیەک تەقی و ئەو جانفاسەی کون کرد کە لە دارەڕای بنمیچی ژوورەکە درابوو، هەرچی گڵ و خۆڵی ناو جانفاسەکە هەبوو، بەسەریاندا باری و ژوورەکە پڕ بوو لە تۆز و خۆڵ و چەرە دووکەڵ و بۆنی بارووت. فەهیمەخانی دایکی جوانڕۆ بەسەر ئەو کەوچک و چەتاڵ و قاپانەدا کەوتبوو کە لە کەنتۆرەکەیان دەرهێنابوو، چەکدارەکان وەک کەسێکیان لەدەست کوژرابێ، ترسان و هەڵاتنە دەرێ. فەقێ ماسی لەودیو تۆز و خۆڵەکەوە ملی ڕێگای گرتبوو و دەچووە دەرێ، سەری هێنایەوە ژوورێ و گوتی:

– من نەمدەویست کارەکە بەوە بگات خەتای خۆتان بوو. مامی جوانڕۆ کە پێیان دەگوت حەمە خانی وەستا قەرە، دەمی پڕ ببوو لە خۆڵ و هێشتا ئازاری شانی مابوو، گوتی:

– ئێوە فریشتەن. گوللەی ئێوە لە چاو هی دوژمنان عەتر و گوڵاوە. جوانڕۆ کاس و تۆقیو پشتی بەدیوارەکەوە دابوو. لەوە دەچوو هەموو خوێنی دڵی ڕژابێتە ناو پێڵاوەکانی.

(٤)

ئەوەی جوانرۆی کاس کردبوو، نە هەڵاتنی براکەی و نە بەسەردادانی ماڵیان و نە تێکهەڵشێلانی کەلوپەلەکانیان و نەگوللە تەقاندن بوو. نا گوللەیەک تەنیا بەجانفاسی بنمیچەکە کەوت و خۆڵ و تۆزی زیادی ڕژاندبووە ناو ژوورەکە و شوێنی حەوانەوەی مشکە جیکە جیکەرەکانی تێکدا بوو. بەربوونەوەی دایکی و قۆنداخەکەی شانی مامیشی، دەکرێ لەبیر بکرێن و قیامەت بەوانیش هەڵناستێ. نا ئەوانە بەس نین بۆ ئەوەی ژیانی کەسێک بەسەریەکدا هەڵشێلن، ئەوانە بەس نین بۆ شکاندنی ئەژنۆی گەنجێک. گەنجێک کە سەرەڕای سینگێکی پڕ هەوای ژیان، کەڵکەڵەیەکیشی هەبێ، ئا.. قژێکی درێژیش. ئەوە چی بوو ئەژنۆی جوانرۆی شکاندبوو؟ تەنیا ئەو لە ژوورەکە مابۆوە، چووە لای بۆفییەکە، دەرگاکە هێشتا پێوە نەدرابۆوە، کارتۆنەکەی دەرهێنا، قەپاغەکەی لادایەوە. وێنەو نامەکان بەسەریەکدا کەوتبوون. ئەو نامانەی بۆ هۆشیای برای هاتبوون، چەندان وێنەی هاوڕێ و خزم و کەسوکار. لەسەری سەرەوە وێنەیەکی ڕەش و سپی، وێنەیەکی تاکەکەسی، ڕووناکی کەوتبووە سەر قژە ئاڵتوونییەکەی، کولمە خڕپنەکان دەبریسکانەوە. چاوە پڕ هەنگوینەکانی بێدەنگ لەودیو کاغەزەکە و لەودیو پێڵووەکانی دەدرەوشانەوە.

جوانرۆ لە یەکەم نیگاوە ئەو وێنەیەی ناسیبۆوە، پێش ئەوەی لاسووری بازێ هەوڵ بدات بیدزێ، پێش ئەوەی گوللەکە بتەقێ، پێش ئەوەی دەمیان پڕ بێت لە خۆڵ، ئەو وێنەیە نارین بوو، نارین لەودیوی چەند تیشک و بەرووکاری پارچە کاغەزێکەوە دڵی جوانرۆی سەد کون کردبوو. ئەو وێنەیە لە کارتۆنی نهێنی برا گەورەکەیدا چ دەکات؟

ئەو تۆوە وردانەی لەسەر ڕووکاری دڵی، بە وتەیەکی نارین و بارانی نەرمی ئەو ڕۆژە چەکەرەیان کردبوو، لێویان هێنابۆوە ناو سنووری دنیاوە، خەریک بوون هەڵدەپرووکان و لەناو دەچوون. لەناکاو دایکی هاتە ژووری و گوتی:

- جوانرۆ، ئەو کارتۆنە، نامە و وێنەکانی ناوی بخەوە شوێنی خۆی. باش تەقەتیان کە، خودا دەزانێ براکەت کەنگێ دێتەوە. جوانرۆ هەموو شتەکانی خستنەوە شوێنی خۆی، سەد دڵ بوو، وێنەکەی نارین کە هەروا بە ئاسانی دەستی کەوتبوو بۆ خۆی هەڵبگرێ، یان هەر لەگەڵ شتەکانی دیکەیدا دانێتەوە. دەیویست دەست بۆ ئەمانەتی براکەی نەبات، سەیریشی نەکات و نەشی بینێ. ئاخر ئەو وێنەیە بۆ ئەو نەهاتووە، وەک دزی بکات، لەناکاو وێنەکەی خستە باخەڵییەوە و هاتەوە ژوورەکەی خۆی و پەنا تاقی کتێبەکانی.

(٥)

وەک جاران، کتێبەکانی ڕۆژی داهاتووی جیاکردنەوە، هەوڵی دا وانەکان ئەزبەرکات. بێ ئاگا بەسەر دێڕەکاندا دەڕۆیشت. وشەکان پێکەوە نەدەنووسان، لە وانەی جوگرافیادا یەک وەرز هەبوو، یەک وەرز، نە وەرزی سەرما بوو، نە پاییز و بەهار، ئەو وەرزەش ڕووخان و مەینەتی بوو. وەرزی بەستەڵەکی دڵ بوو، وەرزی نارین بوو. نارین هەڵی کردبوو، سەر زەمینی ئەوی داپۆشیبوو. نارین با نەبوو خۆی پەنادا، باران نەبوو خۆی لێ بپارێزێ. ئەوە چ گێژەنێک بوو جوانرۆی داگرتبوو. وەک تەمەنێک بێت چاوەڕێی نارین بێت و دەستی کەوتبێ. چاوەڕێی بێت و ئێستا دۆزیبێتییەوە. نەک بە تەواوی دۆزیبێتییەوە، چاوی پێکەوتبێ و کەوتبێتە بەردەمی و بۆی نەگیرابێ. نارین بە دەموچاوێکی ئاڵ و قژە سوورەکەیەوە بۆی پێکەنیبوو. ئا بۆی پێکەنیبوو. هەمان پێکەنینی ناو وێنەکە، ئەوەش خەنجەرە ژەهراوییەکە بوو کە ڕاست لە دڵی چەقی بوو، کارەساتەکە ئەوەبوو وێنەیەکی نارین بە هەمان پێکەنینەوە لەناو سندووقی نهێنی و نامە دڵدارییەکانی هۆشیای برا گەورەی دایە. ئەو وێنەیە بە هەمان چاو و قژی سوورەوە چۆن گەیشتۆتە دەست هۆشیا؟ ئەدی ئەو، هۆشیا بۆ ئاوا مەحکەم پاراستوویەتی؟ کەنگێ ئەو نهێنییەی زانیبوو؟ دوای ئەوەی بارانی خۆشەویستی بەسەر قژە خاو و درێژەکەیدا باریبوو. لەو دەشتە ڕای کردبوو، لەبەر باران ڕای کردبوو، هاواری کرد بوو. "قوربانی ئەو قژە خاوەت بم" هاواری کردبوو، هاوارەکەی بە ئاسمانی پڕ تەم و تەڕ و هەوردا دەنگی دابۆوە، لەنێوان دەنگی خۆی و ڕووناکی برووسکەکاندا دەیان جار وێنەی نارین بە ڕوویەکی ئاڵ و قژێکی سوورەوە، هەروا لە تاقی ئاسمان کەوتبوونە سەریەک.

دووباره سەیری خشتەی وانەکانی ڕۆژی داهاتووی کردەوە. دوو شەممە: فیزیا، زیندەوەرزانی، عەرەبی، ئینگلیزی، وەرزش. یەکە یەکە کتێبەکانی جیاکردنەوە، لاپەڕەکانی هەڵدانەوە، شکانەوەی تیشک. بۆ نموونە کاتێک سەیری کەوچکێکی ناو پیاڵەیەکی پڕ لە چا دەکەی، دەبینی کەوچکەکە لەناو ئاوەکەدا شکاوەتەوە، کە دەستی بۆ دەبەی دەبینی ئەوە کەوچکەکە نییە کە شکاوە، بەڵکو ئەوە تیشکەکەیە بە چایەکەدا تێدەپەڕێت و لە کەوچکەکە دەدات و دەشکێتەوە. جوانڕۆ تێنەگەیی، تەنیا ئەوەی دەزانی کە ئەو بە شتێکدا تێپەڕی و بەر شتێک دەکەوێت و دەشکێتەوە، کتێبەکەی پێوەدا و پاڵ کەوت. چاوی بڕییە شوێنێکی نادیار، شوێنێکی نادیار نا، چاوی بڕییە قژە سووره پەخشانەکەی سەرشانی نارین. ئەوەی لە وێنەکەدا تیشکی لەسەر دەشکایەوە، دەستی گەیاندە سەر دڵی، زیلدانی خوێن نا، دەستی گەیاندە سەر گیرفانەکەی سەر دڵی وێنەکەی نارین ئەوەی بۆ کاکی هاتبوو، ئەو لە ناو کارتۆنەکەی دەرهێنابوو.

دایکی هاتە ژووری، جوانڕۆ خێرا پرسی:

– دەبێ کاکم لە کوێ بێت، دەستگیری دەکەن؟

دایکی گوتی:

– بۆچی؟ خۆ کەسی نەکوشتووە

تۆزێک وەستا، وەک دەربارەی کارێکی نهێنی پرسیار بکات:

– جوانڕۆ، ماڵی پوور مامزی دێوانە پێ دەزانی؟

– ماڵەکەی ئەوبەر، پشت ئاشەکە.

دایکی گوتی:

– جارێ وانەکانت بخوێنە.

شەو بە شەقامە سەرەکییەکەدا شۆڕ بوونەوە، دەستە ڕاست، کۆڵانێکی باریک، پەڕینەوە بەسەر پردێکدا، دیسانەوە لای ڕاست. کۆڵانێکی باریکتر و خواروخێچ، ئاشە کۆنەکە، کۆڵانی لای چەپ، دەرگای چوارەم.

جوانڕۆ پرسی:

– بۆچی ئەو ماڵە؟

دایکی بوخچەیەکی نیشان دا و گوتی:

– دەچم ئەو قوماشانە بە دروون دەدەم.

– بۆ بەو شەوە.

بەڵام دایکی وەڵامی نەدایەوە.

بە نەرمی سێ جار لە دەرگایان دا، هەر جارە و سێ تەقە، پوور مامز دەرگای کردەوە. سەری کێشایە دەرێ و ڕێگای ئەوانی دا بچنە ژووری. دایکی جوانڕۆ بوخچەکەی دایە دەست پوور مامز. لە هەیوانەکە، هەروا بە پێوە قسەیان کرد. دەستی دایکی دەلەرزی، بەڵام دیار نەبوو لەژێر عەباکە هەموو لەشی دەلەرزێ، یان نا، قسەکانیان بە هاشە هاش و تۆزێک تەنگەنەفەسانە بوو، پوور مامز بە دەنگێکی لەرزۆک، بەڵام بە باوەڕەوە گوتی:

– من، من دەربازیان دەکەم.

دایکی بێ ئومێدانە:

– بۆ کوێ؟ بۆ کوێ؟ لە هەموو شوێنێک هەن.

ترس گەیشتە ناو دڵی جوانڕۆ، چەند دڵۆپە میزێک کەوتنە سەر ڕانی، بەڵام ئەو هەوڵی دا جوامێرانەتر بوەستێ. دایکی دەستی بردە ناو سینگی، شتێکی وەک زەرف و کاغەزی دەرهێناو گوتی:

– ئەوەشی بدەیە.

دواتر گوتی:

– ئەگەر دەکرێ با خۆشم چاوم پێی بکەوێ.

هەردووکیان بۆ جوانڕۆیان ڕوانی. جوانڕۆ ڕووی وەرگێڕابوو، وەک ئەوەی ئاگای لەهیچ نەبێت، وەک بڵێن منداڵ زمانی شلە، بەڵام ئەو خەریک بوو دەبووە حەڤدەساڵ، دایکی چووە ژووری. لەودیو جامخانەکەوە دیتی، ڕوون و ئاشکرا دیتی. کاکی هات و دەستی لە ملی دایکی کرد. ئەو پارەیەی لە سنگی دەرهێنابوو دایە دەستی. جوانڕۆ وێنەکەی نارینی لە دەستیدا گرتبوو. لە پەڕەیەکی خەتداری دەفتەرییەوە پێچابوو، دەبوو بچێتە ژووری و وێنەکەی نارینی بداتەوە. بۆچی وێنەکەی نەدا بەدایکی تا لەگەڵ پارەکە بیداتێ، جوانڕۆ لەوە کاسترە هیچ تێ بگات.

دایکی، فەهیمەخانی سۆفی، دێتەوە دەرێ. چاوەکانی تەڕ تەڕ و کولمەکانی سوورن. خوا حافیزی دەکەن و کۆڵانەکە دەبڕن، دەگەنەوە سەر شەقامە قیرەکە. هەوایەکی فێنک لە دەموچاویان دەدات. دایکی خۆشحاڵە و هەنگاوی پتەو دەنێت. خۆشحاڵییەکی کورتخایەن، دەبێ دەربازیان بێ؟ دەبێ شەو بەسەر ماڵی پوور مامزدا نەدەن، ئارامی لە سنگی مرۆڤدا، جێی نابێتەوە.

(٦)

کۆڵانێکیان مابوو بگەنەوە، هەستیان کرد کەسێک لەدوایانە، خۆیان نەبان کرد و ئەو تێپەڕی. ئاراسە ڕەش بوو، ئاراس کە ڕەش نەبوو، تەنیا خاڵێکی گەورە نیوەی ڕوومەتی چەپی داپۆشیبوو، مووەکانی سەر خاڵەکە ورد لە خاڵەکە ڕەشتر بوون، دایکی جوانڕۆ لەبەر خۆیەوە گوتی"سەگە ڕەش" ئەو تێپەڕیبوو. نا، سێبەرێکی قورسی جێ هێشتبوو، بێ گومان لەدڵیاندا. لەسەر کۆڵانەکەی خۆیان چاوەڕێی دەکردن، لە تاریکی شەودا نیازی دەموچاوی نەدەخوێندرایەوە، ئاخر شەو زۆر شت دەشارێتەوە، نیازیش.

سڵاوی لێکردن و ئەوان وەڵامیان نەدایەوە، بانگی جوانڕۆی کرد، دایکی گوتی "مەچۆ" ئەو گوتی "وەرە کارێکم پێتە" جوانڕۆ لە دایکی جیابۆوە و بەرەو ئاراسە ڕەش چوو، دایکی چەند هەنگاوێک دوورکەوتەوە و وەستا. جوانڕۆ گوتی: دایەگیان بڕۆوە ئێستا دێمەوە.

ئاراس وەک هاوڕێیەک، نەرم دەستی گرت و گوتی:

– داوایەکم لێت هەیە، زۆر گرنگە بۆ من.

جوانڕۆ گوتی:

– من نازانم کاکم لە کوێیە.

ئەو گوتی:

– کارێکم بەو نییە ئەگەر بمەوێ دەیدۆزمەوە.

هەردووکیان بێدەنگ بوون، تاریکی وەک پۆلە پەڕەسێلکەیەکی بێدەنگ دەنیشتە سەر زەوی. خەریک بوو وەک سەهۆڵ پێیەکانی جوانڕۆ بە زەویەکەوە ببەستنەوە، ئاراسەڕەش دۆستانە پرسی:

– تۆ نارین دەناسی؟

چ پرسیارێکی ڕەش، چ دەنگێکی بزمار، ئاوی ڕوحی شڵەقا، ئەو ناجسنە پێڵاوە پیس و گواوییەکانی فڕێدابوونە ناوی. ئەو دووبارە پرسییەوە:

– نارین..؟

جوانڕۆ سەری بەرزکردەوە، چاوە ڕەش و دووکەڵاوییەکانی تاساندیان...

ئەو دیسانەوە گوتی:

– نارین ئەوەی وێنەکەی لەکارتۆنەکەدا بوو.

جوانڕۆ پێیەکانی جووڵاندن و تاریکی لە شێوەی هەزاران پەڕەسێلکەدا دایانە شەقەی باڵ، بەڵام باڵەکانی خۆی بەدەست ئەو دێوەزمەوە بوون. جوانڕۆ دەستی هەر لەسەر وێنەکەی نارین بوو، قژێکی سوور و ڕوومەتی خاڵ خاڵاوی. خۆزگە ئەویش بتوانێ بداتە شەقەی باڵ. ئاراسەڕەش دیسانەوە بە تۆزێک موحیبەت و سەد هێندە ترسەوە گوتی:

– من وێنەکەم ناوێ، ئەوەتا لەناو جامخانەی وێنەگرەکەدا هەڵواسراوە. هەموو ڕۆژێ تێر تەماشای دەکەم، نامە پێچراوەکەم دەوێ، ئەوەی لەگەڵێدا بوو.

جوانڕۆ ویستی قسە نەکات و بڕوات. ئەو توند مەچەکی گرت و گوتی:

– لەناو کارتۆنەکەدایە، داکت لە دەستی دەرهێنامەوە. ئەگەر بێدەنگ بۆم بێنی...

جوانڕۆ وەک بەدەست خۆی نەبێت گوتی:

– ئەگەر نەیهێنم.

ئاراسە ڕەش فێڵبازانە و دڕندانە گوتی:

– ماڵی پوور مامز پێ دەزانم.

(٧)

لەناو کارتۆنی وێنەو نامەکانی هۆشیادا، لەسەر ئەو وێنەیەی هۆشیای برای کە پاڵی بە دارێکەوە دابوو. نامەیەک کەوتبوو. بە تێپی ئاوی پێچرابۆوە. هێڵەکانی نیشانی دەدا لەسەر کاغەزی دەفتەری قوتابخانە نووسراوە. جوانڕۆ بەترسەوە، بە ئەمانەت و سەرسوڕمانەوە نامەکەی هەڵگرت. بۆنی باران هاتە ناو ژوورەکە و قژە خاو و درێژەکەی ڕژایە سەر دەموچاوی و هەناسەی تەنگ بوو.

بیکاتەوە؟

بیکاتەوە و نهێنی برای بخوێنێتەوە؟

بیکاتەوە تێزاب بەسەر برایەتییاندا بڕێژێ؟

چووە کۆڵان، بەرەو ماڵی ئاراسە ڕەش، چەند جار بە بەردەمی ماڵەکەیاندا تێپەڕی. ڕیزێک گوڵە نازناز بە ڕەنگی جیاوازەوە لەسەر لێواری دیواری حەوشەکەیان دانرابوون. تا ئەوسەر لەناو قوتووی ژەنگاوی ڕۆنی ڕاعیدا، گوڵەکان هەموویان خەریک بوون چاویان دادەخست تەنیا ئەوەندە چاویان کردبۆوە جوانڕۆ ببینن. نامە پێچراوەکەی توند لەدەستیدا گرتبوو، خەریک بوو بخنکێ. نامەکە خەریک بوو بخنکێ. دوو دڵ بوو، جوانڕۆ دوو دڵ بوو، پێش ئەوەی بیداتێ بڕوات و لە پەنایەک بیخوێنێتەوە، جوانڕۆ لەو بیرکردنەوەیە

شەرمەزار دەبێت. بەخۆی گوت "نمەک بە حەرامی خوێڕی" بە خۆت گوت: "خیانەتکاری ترسنۆک".

دووجـار تاوانی کـردبوو، جـارێک وێنەکـەی نارینی دەرهێنابوو، دووەم جـاریش نامـەکـەی دزیبـوو، کـەچی نەیتـوانیبـوو بیـخـوێنێـتـەوە، ئەوەیان پێ خسـتنە ڕوحی هۆشـیـای برا گـەورەی بوو. ئاخـر چۆن هەست و سـۆزی کچێک بخوینێتەوە کە بۆ ئەو نەنووسراوە؟ جوانڕۆ چاوی داخسـتبـوو دەیویست دەست بۆ ئەو ئەسـتێرانە بەرێ کە کـەمـێک هاتبـوونە خوارێ، ئەو سـەیری نارینی دەکـرد. هەوڵی دەدا دەست لەو خـاڵـە زەرد و وردانە بدا کـە بە ڕوومەتەکانیدا بڵاو ببوونەوە، وەک ئەستێرەی بەیان کز و زەرد و دوور دیاربوون. ئەو ڕاچەنی، ئاراسە ڕەش بوو:

– کوا نامەکەت هێنا؟

تۆقیو و مردوو، دەستی لەنامەکەی ناو باخەڵی بەردا و گوتی:

– زۆر گەڕام نەمدۆزییەوە.

پاڵێکی توندی پێوە نا، کـەوتە ناو خۆڵەکـە، هاواری کرد:

–مەیهێنە، تەنیا بۆ خۆم دەزانم چی دەکەم.

نەیزانی چەند پێلەقەو بۆکسی پێ کەوت، لە خۆڵەکەدا کـەوتبـوو. ئاراسـە ڕەش بە هەنگاوی خێـرا بە پەلە دوور دەکـەوتەوە. نەچێ بۆ مـاڵی پوور مـامـز، هۆشـیـای هاتە بەرچاو لەودیو جـامـخـانـەکەی ژووورە تاریکەکـەی مـاڵی پوور مامز دەستی خستۆتە سەر شانی دایکی و سەری بەسنگی کردووە. نەیزانی بۆ دەبێ ئەو هۆشـیـایەی برای ڕۆڵی قارەمان ببینی و ئەو ببێتە خیانەتکار و دڵی لەت لەت بێت. ئاراسە ڕەش لە تاریکییەکەدا ون بوو. دەنگی پێشی نەما.

جوانڕۆ سەری داخست. بیری لە ئەستێرە کزەکانی سەر ڕوخـسـاری نارین کـردەوە، بۆ چرکـەیەک دڵـشـاد بوو، لەوەش نیگەران بوو، تفـێکی گـەورەی لەخـۆی کـرد و بەوپەڕی تووڕەیی بەخۆی گوت:

– تف خیانەتکاری سەخیف.

– تف لەو قژە خاوەت.

(٨)

دایکی جـوانڕۆ بە باڵایەکی کـامڵ و پتـەوەوە لەبەردەم دەرگا وەستابوو، سپیەتی بە دەمارێکی باریکدا دەخزییە ناو تاڵ تاڵی قژی، ئەوەتا شـارێک بۆ کـوڕەکـەی ئەو لە بۆسەدان، سیاسەت وەک کارەسات و نەهامەتی سینگی خێزانەکەیانی گرتبوو، دڵتەنگ بوو پێی بڵێن "شێرەژن". شێرەژن واتا کوڕ مردوو، کوڕ کوژراوێک کە فرمێسک لە چاوی نەیەت و وەک مـانگای سـەربڕاو تەنیـا بناڵێت و لرفەی بێت.

دەنگی تەقە هات، گوێی لێ بوو دەیانگوت:

– دوای چەند خیانەتکارێکی شووعی کەوتوون.

هاتەوە ژووری توند دەرگاکەی پێوەدا، هەر لەوێ لەسەر عەرزەکە دانیشت، ڕاستتر لەسەر عەرزەکە کەوت و وەک مانگای سەربڕاو لرفەی دەهات.

کـە مـاڵی پوور مـامـز لە جـوانڕۆ دەرکـەوت. تارمـایی چەند کـەسـێک لەوێ دوور دەکـەوتنەوە، کـە گـەیشت سـەرنجی ئەو دڵۆپە خـوێنە گـەورانەی دا کـەوتبـوونە سـەر دەرگـاکـە. وردتر ڕوانی، دیتی بێ ئاگـا پێی لە پەڵـە خــوێنێکی گــەورەتر ناوە. وەک هەست بە قــورسی کارەساتەکە نەکات، هێشتا بەپێوە بوو. نەیدەویست. بیر لەوە بکاتەو کـە هەم پێی لە خـوێنێ براکـەی ناوە و هەم نامە نهێنییەکەی دزیوە و هەم ڕۆژێکی تەواو بەخەیاڵی دەنگی نارینەوە خۆی داوەتە بەرباران.

چۆن ڕووبەڕووی دایکی بێتەوە، دەیزانی دایکی بەردە، ناشکێت و نالەرزێت. ئەوەشی دەزانی بەرد دەڕمـێت، دەڕمێت و هەرەس دێنێ. گەیشتە ناو حەوشەی خۆیان، دایکی و پوور مـامـز بەرانبـەر یەکـتـر دانیـشـتـبـوون. دەموچاوی دایکی سوور سوور ببۆوە، ئەوەندە نەبوو خوێن بە پانایی ڕوومـەتیـدا فـیـچـقـە بکات، پوور مـامـز دەسـمـاڵێکی ڕەشی لەنێـو چاوانی بەسـتـبـوو، لەوە بوو نێوچاوانی بکاتە دوو کەرت، فەزای ژوورەکە یەکپارچە خوێن بوو. وەک ئەوەی گلۆپەکان خوێنیان لێبرژێت، پوور مامز دەستی خستە سەر ئەژنۆی دایکی و گوتی:

– ڕۆیشـتـبـوو، کـە ئەوان هاتن من هۆشـیـام بەرێ کردبوو.

جوانڕۆ تاسا، تاساو کەوتە سەر عەرزەکە، دەستی لەو خوێنە دا کە بە لێواری پێڵاوەکانییەوە نووسا بوو، خوێنی سـەر دەرگـای مـاڵی پوور مـامـز. هێـشـتـا لەو دیو پەنجەرەکەوە سەیری ئەوانی دەکرد، لەخۆی پرسی:

– ئەی ئەوە خوێنی کێ بوو؟

هەواڵێک وەک با هەموو ماڵەکانی شاری گرتەوە.

"سەرتیپی مەلا دوو گوڵ کوژراوە"
یەکەم بیرکردنەوەی جوانرۆ، دەبێ نارین چی بکات؟ دەبێ ئەستێرەکانی ڕوخساری بە یەکجاری نەچووبنەوە؟ بە پەلە شەقامە درێژەکەی بڕی، چووە ئەوسەری کۆڵان.
ژنەکانی ماڵی مەلا دوو گوڵ هەریەکە و بەلایەکدا دەرپەڕیبوون. هێشتا ڕادیۆکەیان گۆرانی دەگوت "ئازیزم تۆ گوڵەکەمی" دەستێک نەبوو، دوای نەمانی گوڵەکەش: بیکوژێنێتەوە. سەردەمی ئازیز و گوڵ تێپەڕیبوو.
ژنەکان وەک گڕێکی ڕەش غاریان دەدا، دەرگای مزگەوتەکە لەسەر پشت بوو، تەرمەکە تەنیاتر لە هەموو دنیا لەسەر تاتێکی لووس و دووردرێژ ڕاکشابوو، ژنەکان ئیدی دەنگیان نەمابوو، تەرمەکەش وەک چاوەڕێی ئەوان بێت، ئەژنۆی چەپی کە هێشتا بەرزبوو بەیەکجاری ڕاکێشا. ئەوان بانگیان کرد «سەرتیپ گیان، ئازیزەکەم، گوڵەکەم" هاواریان کرد و ڕایان وەشاند. قۆپچەی کراسەکەیان ترازاند و دەستیان لە سینگ و سەر و پشتی دا، بەڵام ئەو ئارامی خۆی تێک نەداو بۆ تەنیا جارێکیش چاوی نەکردەوە.
جوانرۆ لەوسەری تاتەکە دانیشتبوو، ئیدی قژی خاو نەبوو، تەڕیش. هێشتا نامەکەی لە مستیدا بوو. دەستی دەرهێناو خستییە سەر تاتە چیمەنتۆ لووسەکە تا هەستێ. ساردییەک لە تاتەکەوە هات، ساردییەک لە ڕوخساری نارین و تەرمەکەوە هات. بۆ هەمیشە دڵیان کردە سەهۆڵ، سەهۆڵ کە ئیدی لێ نادات و وەک منداڵی ناکام ژێر خۆی تەڕ دەکات.

(٩)

ساڵەکان یەک یەک بەر گوللەی ڕۆژگار کەوتن و ساردبوونەوە، ماتەم ماڵی نارینی بەرنەدا. خانووەکەیان کە سەردەمێک کۆشکێک بوو، ئیدی وەک ژنێکی کۆست کەوتوو کووڕ ببۆوە، پاتری ڕادیۆکە بەسەریەکدا قالآبوونەوە و گۆرانیبێژەکان سەرمیلی ڕادیۆکەیان جێ هێشتبوو. جار جار نارین لەپشت پەنجەرەوە سەیرێکی پڕ حەسرەت و برینداری جوانرۆی دەکرد، ئەویش بەدوو چاوی مات و خۆڵەمێشییەوە، قژێکی هەڵکرووزاو و بۆزەوە لەنیگاکانی دەسڵەمییەوە خۆی پەنا دەدا.
ئەو ڕۆژەی هۆشیا هاتەوە ماڵ، سیاسەت کۆچی دوایی کردبوو. ڕەنگەکان کاڵ ببوونەوە و بەسەریەکدا ترشابوون.
هۆشیا سڵاوی بۆ نەکراو توند دایکی لە باوەش کرد، گریان و فرمێسکەکانی ڕژاندە سەر ڕوومەتە پێست مردووەکەی. لەو شوێنە دانیشت کە پوور مامز لێی دانیشتبوو، دەستیشی خستبووە سەر ئەژنۆی دایکی، بەڵام لەو ڕۆژەی پورمامزەوە، هەژدە ساڵ تێپەڕی بوو.
کە جوانرۆ هاتەوە لەودیو پەنجەرەوە پیاوێکی دیت. خەریک بوو نەیناسێتەوە. پیاوەکەش کە هێشتا دەستی لەسەر ئەژنۆی دایکی بوو جوانرۆی نەناسیبۆوە. "ئاه ئەوە جوانرۆیە" هەستاو بەرەو ڕووی چوو. توند وەک ئەوەی بیەوێت ئەو چەند ئێسقانە باریک و بێ هێزانەی هێشتا مابوون ورد کات، ڕایکوشی و بەخۆیەوەی نووساند.
هێمنتر گوتی:
– ساڵەکانی ئێرە چەند بێ بەزەیین، ساڵەکانی ئێرە چەند بێ ئابڕوون، چەند درندە و خـــوێڕین، برا بچووکەکەمیان چی لێ کردووە.
ئەویش، وەک ئەو هەموو ساڵە چاوەڕێی کردبێ. چاوەڕێی هاتنەوەی براکەی کردبێ. دەستی لە باخەڵی ڕاکرد و نامە پێچراوەکەی، کە تەنیا پارچە نایلۆنێک مابۆوە، دەرهێناو گوتی:
– کاکە ها ئەوە نامەکەی نارینە کە بۆی نووسیبووی. نەمهێشتووە کەس بیکاتەوە و بیخوێنێتەوە.
کاکی گریا، زۆر بەکوڵ گریا، جوانرۆ هەستی کرد ئێستا نا تاوێکی دیکە ماڵەکەیان سەرئاو دەکەوێت و دەخنکێن.
هۆشیا سەیری چاوە مردوو و خۆڵەمێشییەکانی برا بچووکەکەی کرد و گوتی:
– نارین ئەو نامەیەی بۆ تۆ نووسیبوو، من چاوەڕێم دەکرد دوای تاقیکردنەوەکانت بتدەمێ.
دیسانەوە گریا، بەڵام فرمێسکەکانی هەرگیز نەیانتوانی تۆزە ژیانێکیش بۆ ماڵەکەیان بگێڕێتەوە. ئەو دەبوو ناوی هۆشیار بایە. جوانرۆ هەستی بە قورسی کارەساتەکە نەکردبوو، بۆیە هێشتا بەپێوە بوو.

**هەولێر ٢٠١٤**



# خۆشەویستی لە دەڤەری مەرگدا

**ئارام ئەحمەد**
**(کەرکووک)**

**ڕوونکردنەوەیەکی پێویست**

خوێنەری بەڕێز، ئەوەی کە لەبەردەستتدایە و دەیخوێنیتەوە، چیرۆکێک نییە لاپەڕەکانی بەدوای یەکدا بێن، بەڵکو ئەوە تۆی کە ڕووداوەکان و ئاییندەی چیرۆکەکە دیاری دەکەیت، لە هەرجێیەکیش کۆتایی هات، ئەوە بزانە کە پێویست دەکات جارێکی تر چیرۆکەکە بخوێنیتەوە، چونکە دڵنیابە لەوەی کە سەرەتا و کۆتاییەکی تر هەیە بۆ دەست پێکردنەوە!

(١)

سارا و ئاوارە دوو هاوڕێی زۆر نزیکن، هەرسێکیشتان فێرخوازی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانن، تۆ لەبەشی شانۆ، سارا لەبەشی شێوەکاری، ئاوارەش لەبەشی مۆسیقا.

ئاوارە و سارا لەمێژە یەکترییان خۆش دەوێت، ئەگەرچی خۆشەویستی ئەم دووە بۆ یەکتری بێ ئەندازەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زوو زوو دەمەقاڵەو نەرمەشەڕ لەنێوانیاندا ڕوودەدات. ناوبژیوانی سەرەکیش تۆی، کە هەوڵ دەدەی کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەیت، ئەگەرچی هەندێ جاریش ڕەنگە تۆ پیاوخراپ دەرچیت.. وا ئێستا ئەم دووە لەکێشەدان.

**أ- ئەگەر دەتەوێت بزانیت کێشەکەیان چییە؟ بەشی (٢) بخوێنەرەوە.**

**ب- ئەگەر دەتەوێت لەدوورەوە چاودێری کێشەکەیان بکەیت، تا ئەوکاتەی خۆیان داوات لێدەکەن کە هاوکارییان بکەیت، بەشی (٣) بخوێنەرەوە.**

(١١)

تۆ لەناو هۆڵی شانۆیەکەیت و خەریکی پرۆڤەیت. لەناو هۆڵەکەوە پەنجەرەیەک دەڕوانێتە بەشی مۆسیقا، لەڕێگەی پەنجەرەکەوە گوێت لە پارچە مۆسیقایەکی جیهانییە، کە دەمێکە (ئاوارە)، بۆ کارنامەی دەرچوونی لە پەیمانگە، پرۆڤەی لەسەر دەکات. هەر کە پارچە مۆسیقاکە تەواو بوو، لەهەمان ئەو شوێنەوەی کە دەنگەکەی لێوە دەهات، گوێت لەدەنگی کچێک بوو. تۆ هەڵوەستەیەکت کرد و زیاتر گوێت بۆ شل کرد، لەدڵی خۆتدا گوتت: (ئەمە دەنگی "سارا" نییە، دەبێت ئەم کچە کێ بێت کە "ئاوارە" ڕێی پێ داوە بچێتە پرۆڤەیەوە؟ خۆ ئەو لە "سارا" زیاتر ڕێگە بە کەس نادات بچێتە پرۆڤەیەوە!). ڕاستەوخۆ پرۆڤەکەت ڕاگرت، بە ئەکتەرەکانت گوت: ماوەی کاتژمێرێک پشووبدەن، خۆشت بەپەلە بەرەو ئەو ژوورەی کە ئاوارە و کچەکەی لێیە ڕۆیشتیت. لەبەردەم دەرگاکەدا جارێکی تر دەنگی کچەکەت بیستەوە، دەتەوێت بەبێ ئەوەی لە دەرگا بدەیت بچیتە ژوورەوە، بەڵام دان بەخۆتدا دەگریت و لەدەرگا دەدەیت، ئاوارە فەرمووت لێ دەکات. کاتێک دەچیتە ژوورەوە، ئاوارە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە کچەکەت پێ دەناسێنێت:

– ئەمە نازدار خانە، دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، بەشی مۆسیقایە، ژەنیارێکی زۆر بە سەلیقەیە، هاتووە بۆ ئەوەی هاوکارم بێت لە کارنامەی دەرچوونەکەمدا..

تۆش نیشانەی خۆشحاڵ بوون دەردەبڕیت، لای خۆشتەوە لەوە دڵنیا دەبیت کە هیچ هەڵەیەک لەلایەن ئاوارەوە ڕووی نەداوە. لەپاش کەمێک گفتوگۆ کردن، نازدار ئێوە بەجێ دەهێڵێت، تۆش ئەم هەلە دەقۆزیتەوەو بە ئاوارە دەڵێیت:

– ئیتر کاتی ئەوە نەهاتووە، بچیتە پێشەوە بۆ داخوازی سارا؟

ئەم پرسیارە بە هیچ شێوەیەک ئاوارە سەرسام ناکات، چونکە خۆیشی باش دەزانێت سێ ساڵ ماوەیەکی کەم نییە بۆ خۆشەویستی، جێی خۆیەتی ئەگەر کارێکی وا بکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئاوارە پێت دەڵێت:

– وەک تەمەنی خۆمان و خۆشەویستییەکەمان بەڵێ کاتێتی، بەڵام ئەی بەردەوامی ژیان و کار و پیشە و بەدەستهێنانی قووتی ڕۆژانە چۆن؟ خۆ من تا ئێستا هیچ کارێکم نییە، سەرباری ئەمەش، من دەترسم ئێستا بچمە پێشەوە، بەڵام باوکی ڕازی نەبێت، بۆیە وای بەباش دەزانم ماوەیەکی تریش چاوەڕێ بکەم، دوای ئەوەی پەیمانگەم تەواو کرد، بەڵکو لەجێیەک دامەزرام، یان دەستم لەکارێک گیربێت، ئەوکات هیوای بۆ یەکتر بوونمان باشتر دەبێت.

**أ- ئەگەر دەتەوێت بزانیت ئاوارە چووە داخوازی سارا، یان نا؟ بەشی (٤) بخوێنەرەوە.**

**ب- ئەگەر دەتەوێت بزانیت ئاخۆ ئاوارە لەپاش تەواوکردنی پەیمانگە دامەزرا، یان چووە سەرکار؟ بەشی (٥) بخوێنەرەوە.**

(٦)

هاوار و نەڕەی باوکی سارا هاوسێکانیشی بێزار کردبوو لەسەریەک و بێ وچان وشەکانی شەرەف و ناموسی دەوتەوە. ئاخر ئەو لەژیانیدا شانازیی بە دوو شتەوە دەکرد، ئەوانیش خەنجەرەکەی بەرکەمەری و بڕنەوە هەڵواسراوەکەی دیوەخانەکەیان بوو. لەپاش ئەوەی زۆری وت، دەستی دایە بڕنەوەکەی و بەدەستەکەی تریشی سارای پەلکێش کرد بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکە، بردییە شوێنێکی دوور لەدەرەوەی شار. هەر لەوێدا فیشەکێکی نا بە سەری ساراو.. هێشتا فیشەکەکە نەگەیشتبووە سارا، خەیاڵی سارا توانی بۆ دواجار وێنەی ئاوارە بهێنێتەوە بەرچاوی خۆی، بەڵام زۆری نەخایاند، کاریگەریی فیشەکەکە سارای خست و بۆ هەتا هەتایە وێنەی ئاوارەی لەچاوانی ون کرد.

**ئەمە کۆتاییەکی خەمناک بوو. هەوڵ بدە جارێکی تر چیرۆکەکە بخوێنیتەوە، بۆ ئەوەی تۆ چارەنووسێکی باشتریان پێ ببەخشیت.**

(٨)

سارا لەپیشانگە تایبەتییەکەیدا و لە ڕێگەی چەند تابلۆیەکەوە ڕەخنەی لە دەسەڵاتداران گرتبوو. سارا لە

تابلۆکانیدا توانیبووی ماسکەکانیان دامالێت و ڕووی ڕاستەقینەیان ئاشکرا بکات، هەر بۆیە ڕۆژێک لەدوای کردنەوەی پیشانگەکە، ئۆتۆمبێلێکی جام ڕەش سارای ڕفاند و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بێ سەر و شوێن بوو.

**أ- ئەگەر دەتەوێت بزانیت باوکی سارا چۆن لەم ڕووداوەی ڕوانیوە، بەشی (٦) بخوێنەرەوە.**

**ب- ئەگەر دەتەوێت بزانیت لەپاش ئەم ڕووداوە سارا چۆن ژیا، بەشی (٧) بخوێنەرەوە.**

(٥)

لەپاش ئەوەی ئاوارە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، بەشی مۆسیقای تەواو کرد، زۆر هەوڵی دا لەیەکێک لە فەرمانگەکانی حکوومەت دابمەزرێت، بەڵام هەوڵەکانی ئاوارە بێ سوود بوون، بۆیە بڕیاری دا بچێت لە دوکانێکی پێڵاو فرۆشی ئافرەتاندا کاربکات، دوکانەکە لەناوجەرگەی شار بوو، هاتوچۆی زۆری بەسەرەوە بوو، بۆیە هەمیشە دوکانەکەیان جمەی دەهات.

ڕۆژێکیان دەوروبەری کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی بوو، ئەوکاتەی دوکانەکەیان پڕبوو لە کڕیار. لەم کاتەدا کەسێک، کە ڕوخساری لە خەڵکانی ئاسایی جیاوازتر بوو، لەگەڵ تەکبیرکردندا، خۆی تەقاندەوە.. ئاوارەو کڕیارەکان، بوون بەڕەژوو، بوون بەپشکۆ.. ئێستاش ئەوان کڵپەیان دێت و هەر دەسووتێن..

**ئەمە کۆتایی زۆربەی مرۆڤەکانە کە لەم مەملەکەتەدا، لەکەرکووکدا دەژین، تۆ هەوڵ بدە، بەڵکو چارەنووسێکی باشتریان بۆ دیاری بکەیت.**

(٤)

سارا زۆر هەوڵی دا بۆ ئەوەی کە ئاوارە زووتر بێتە داخوازی و ماوەی خۆشەویستییەکەیان لەمە زیاتر درێژە نەکێشێت، بەڵام سەرجەمی هەوڵەکانی شکستی هێنا. لەولاشەوە باوکی سارا بڕیاری دابوو سارا بدات بە (خلە مل کوڵ)ی ئامۆزای، بۆیە سارا لە بارێکی دەروونی زۆر خراپدابوو.

ڕۆژێک دایکی بەسارای ڕاگەیاند کە ئەمشەو ماڵی مامی دێن بۆ ئەوەی مارەی ببڕن لە (خلە مل کوڵ)ی ئامۆزای. ئەم هەواڵە بەتەواوی ئۆقرەی لە سارا بڕی و زۆر پەرێشانی کرد. دایکیشی لە پاش ئەوەی ئەم هەواڵە ناخۆشەی پێ ڕاگەیاند، چوو بۆ بازاڕکردن تا تەدارەکی ئەم میواندارییە بهێنێت.

ئێستا سارا بە تەنیا لە ماڵەوەیە، لە بارێکی تەواو ناجێگیردایە، هەر بڕیارێک کە دەیدات لە بێ ئاگاییەوەیە، نەک لە هۆشمەندی، هەر بۆیە سارا یەکێک لە خراپترین بیرۆکەکانی زەینی خۆی هەڵبژارد و بڕیاری دا کە ئاگر لە جەستەی خۆی بەربدات.. هاوار و قیژەی سارا تێکەڵ بە گڕ و دووکەڵ بوو، ساراش بوو بە قوربانییەکی تری مەملەکەت.

**ئەمە چارەنووسی بەشێک لە کچانی ئەم دەڤەرەن، تۆش لەم چیرۆکەدا هەوڵ بدە چارەنووسێکی تریان بۆ دیاری بکەیت..**

(٢)

چەند ڕۆژێکە تۆ درک بە غەمگینی و بێزاری سارا دەکەیت. وا ئێستا ئەو لە بن سێبەری دارێک بەتەنیا دانیشتووە، تۆش ئەم هەلە دەقۆزیتەوە و دەچیت بۆ لای. لەپاش سڵاوکردن لە تەنیشتی دادەنیشیت، لێی دەپرسی:

– سارا ئەوە چیتە؟

ئەویش بەوپەڕی بێزارییەوە وەڵامت دەداتەوە

– هیچ نییە.

– چۆن هیچ نییە؟ خۆ من چەند ڕۆژێکە ئاگادارم کە بێزار و بێ تاقەتیت، بەڵام ویستم خۆت قسەم بۆ بکەیت، کەچی هیچت نەوت.. دەی پێم بڵێ ئەم جارەیان کێشەت چییە؟

سارا بێ ئەوەی دەم هەڵبێنێت، تەماشایەکت دەکات و نووکە شەقێک لەخۆڵەکەی بەرپێی هەڵدەدات و سەردادەخاتەوە.

تۆ هەندێک تووڕە دەبیت، بەڵام خۆت دەگریت و هیچ ناکەیت.. بۆ جاری سێیەم لێی دەپرسیتەوە:

– دەی پێم بڵێ چی بووە؟

سارا بەتووڕەییەوە وەڵامت دەداتەوە:

– ئاوارە ئەفەندییە بە قسەم ناکات!

تۆ بزەیەک دەتگرێت، بەڵام زوو دەیشاریتەوەو ناهێڵێت سارا ببینێت، پاشان پێی دەڵێیت:

– دەی خۆ ئاوارەش منداڵ نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە

دەبێت ڕاوێژ بەیەکتر بکەن، نەک قسەی یەک بەسەر یەکدیدا بسەپێنن، پاشان من نەمزانی ئەو لەچیدا بەقسەت ناکات؟

– ئیتر تا کەی چاوەڕێ بکەم ؟ ئاخر ئەوە سێ ساڵە ئێمە پێوەندیمان هەیە، خۆ باسی ئەم خۆشەویستییەی ئێمە بووە بە قسەی سەرزاران و هەموو کەس پێی زانیوە، بەخوا ئەگەر باوکم پێمان بزانێت...

لەم کاتەدا سارا هەر سێ پەنجە تووتەو براتووتەو ناوەڕاستی دەستە ڕاستی نووشتاندەوە بۆ ناو لەپی و پەنجە گەورەشی هێنایە لای گرێی سێیەمی پەنجەی شایەتمانی و درێژەی بەقسەکانی دا:

– هەر ددانێکی ئەوەندەی لێ بێت ناهێڵێت شووی پێ بکەم.

تۆ بۆ ساتێک بێ دەنگ دەبیت، پاشان پێی دەڵێیت:

– باشە ئەی ئاوارە چی دەڵێت؟

– نازانم، هەر دەڵێت جارێ کاتی نییە، مەبەستی نییە بێتە پێشەوە، ئەگینا بۆ کاتی نییە؟ حەز دەکەیت خۆت بڕۆ لێی بپرسە، خۆ ئەو کاتی نییە قسەشم لەگەڵدا بکات، هەر لەگەڵ ئەو ڕەزاگرانە خەریکی زیکە زیکن..

**أ- ئەگەر دەتەوێت ڕای ئاوارە لەم بارەیەوە بزانیت، بەشی (١١) بخوێنەرەوە.**

**ب- ئەگەر دەتەوێت بزانیت هۆکاری ئەم گوشارەی سارا بۆ سەر ئاوارە بۆچی دەگەڕێتەوە، بەشی (١٠) بخوێنەرەوە.**

(٩)

سارا ئاگاداری گلەیی و گازندەکانی ئاوارە بوو، دەشیزانی قسەکانی ڕاستن و ئاوارە لەسەر حەقە، ڕۆژێک سارا هانات بۆ دەهێنێت و داوات لێ دەکات کە بەهەر نرخێک بووە، ئاوارە بانگێشتی کافتریایەک بکەی لە دەرەوەی پەیمانگە بە مەبەستی ئەوەی ئاشتیان بکەیتەوە. تۆش بێ سێ و دوو بە داواکەی ڕازی دەبیت و هەمان ئەو ڕۆژەی سارا داوات لێ دەکات، تۆ ئاوارە بانگێشتی کافتریایەک دەکەی. زۆر بەسەر دانیشتنی ئێوەدا تێناپەڕێت، ساراش پەیدا دەبێت، ئیدی ئاوارە بەم کەینوبەینەی ئێوە دەزانێت، بەڵام خۆیشی ئارەزووی ئاشتبوونەوە دەکات، بۆیە هێندە ناخایەنێت ئەم دووە وەک جاران ئاشت دەبنەوە، بەڵام ئەم دۆخە زۆری پێ ناچێت، باوکی سارا لەنێو کافتریاکەدا پەیدادەبێت و هەموو خۆشییەکان دەشێوێنێت.

**أ- ئەگەر دەتەوێت بزانیت باوکی سارا چی کرد؟ بەشی (٦) بخوێنەرەوە.**

**ب- ئەگەر دەتەوێت چارەنووسی سارا بزانیت، بەشی(٧) بخوێنەرەوە.**

(٧)

هەرکە سارا گەیشتەوە ماڵ، باوکی بەوپەڕی تووڕەییەوە بانگی کرد و بردییە دیوەخانەکەوە، بەڕوویەکی گرژ و مۆنەوە پێی وت:

– لە ئەمڕۆ بەدواوە ناچیتەوە بۆ پەیمانگە.

ئیدی سارا دیلی نێو چوار دیوار بوو، باوکی سارا بەوەشەوە ڕانەوەستا، وەک تۆڵە سەندنەوەیەک ناردی بەشوێن (خلە مل کوڵ)ی برازایدا. (مەلا عوسمان) یشی بانگ کرد بۆ مارەبڕینیان، ساراش لە ترسی خەنجەرەکەی باوکی هیچ نارەزاییەکی دەرنەبڕی.

**ئەمە چارەنووسی هەندێک لەکچانی ئێمەیە، تۆش هەوڵ بدە ئاییندەیەکی باشتریان بۆ دیاری بکەیت..**

(٣)

ئەمڕۆ سارا پیشانگەیەکی تایبەتی بۆ کرایەوە، تۆش دەچیت بۆ ئەوەی تابلۆکانی سارا ببینیت، زۆر بەوردی لەتابلۆکان دەڕوانیت، بەتایبەتی ئەو تابلۆیەی کە جانەوەرێک لەشێوەی نێرینە، کچێکی هێنابووە سەر چۆک، بەقژی سەری کچەکەی پەلکێشی نێو هەردوو ڕانی خۆی دەکرد.. دیمەنی تابلۆکە هەڵوەستەت پێ دەکات، جارێکی ترو باشتر لێی ورد دەبیتەوە، دەتەوێت ڕەهەندە جیاجیاکانی بخوێنیتەوە، ئەگەرچی تابلۆکە بەڕوونی باس لە دەسەڵاتی پیاوسالاری دەکرد، بەڵام هاوکات سارا سیحرێکی وەهای تێدا بەکار هێنابوو، بۆ ئەوەی بینەری تابلۆکە وا هەست بکات کچەکە چێژ لە ئازارەکانی خۆی دەبینێت.. لەپاش ئەوەی لە تەماشا کردنی تابلۆکان دەبیتەوە، دەتەوێت بۆ دەستخۆشی کردن لە سارا، بچیت چەند دێڕێک لەناو ئەو دەفتەرە بنووسیت کە لە سەر مێزێک دانرابوو، کاتێک لاپەڕەی دەفتەرەکە هەڵدەدەیتەوە، ناوی ئاوارەی تێدا بەدی دەکەی،

ئەگەرچی تۆ فزوولی نیت، بەڵام هەستی بەرپرسیاریت لەئاقـــــار ئەم دوو دڵدارەدا هانت دەدات بۆ ئەوەی نووسینەکەی ئاوارە بخوێنیتەوە.

ئاوارە نووسیویەتی: ( تابلۆکان زۆر جوان و پڕ مانا بوون، بەڵام لەوە دڵنیابە کە دەستی ئەوان لەوە درێژترە بەتابلۆیەک ببڕێتەوە، چونکە ئەوان کارێکی وایان کردووە سێبەرەکانیان لەهەموو شوێنێک هەن.. لەپاش ئەم ستایشەت دەمەوێت سەبارەت بەخۆم شتێکت پێ بڵێم: ئیدی من ناتوانم لەگەڵ کەسێکدا هەڵ بکەم کە هەموو بیر و هۆشی تەنیا لای فڵچە و ڕەنگەکان بێت و تەنیا بۆ کاتی پشوودان منی بوێت.. بۆ دواجارماڵئاوا ...................... ئاوارە).

**أ- ئەگەر دەتەوێت ڕاز و نیازەکانی ئەو چەند دێڕەی سەرەوەی نووسینەکەی ئاوارە بزانیت، بەشی (٨) بخوێنەرەوە.**
**ب- ئەگەر دەتەوێت کاردانەوەی سارا بزانیت سەبارەت بە بەشی خوارەوەی نووسینەکەی ئاوارە، بەشی (٩) بخوێنەرەوە.**

(١٠)

بۆ جاری دووەم ماڵی مامی سارا هاتنە پێشەوە بۆ داخوازی سارا، ساراش بەبێ ئەوەی هیچ بیانوویەکیان بۆ بهێنێتەوە ڕەتی دەکردنەوە و دەیگوت: (من شووناکەم)، بەڵام ئەم قسەیەی سارا، ئارامی لە باوکی بڕیبوو، بەتەواویش هەستی بە شەرمەزاری دەکرد لە بەرانبەر برا گەورەکەیدا، بۆیە ئەم جارە سەبری گەیشتە بنبەست، بۆیە بەبێ ئەوەی هیچ نرخێک بۆ سارا دابنێت، بڕیاری دا، سارا ببەخشێت بە (خلە مل کوڵ)ی برازای.

**أ- ئەگەر دەتەوێت بزانیت سارا چ هەڵوێستێکی هەبوو لە ئاقار ئەم بڕیارەی باوکیدا، بەشی (٤) بخوێنەرەوە.**
**ب- ئەگەر دەتەوێت بزانیت ئاوارە چی بەسەرهات، بەشی (٥) بخوێنەرەوە.**

**٢٠١٤/٣/١٣**



# کتێبخانە

**باهۆز مستەفا**

دەمێک بوو دەمویست کتێبخانەکەم ڕێک بخەم و کتێبەکان بەپێی بەش و بوار و زمانەکان لێک جیابکەمەوە، بەڵام نەمدەوێرا خۆم بخەمە ژێر ئەم ئەرکە قورسە، چونکە ژمارەی کتێبەکان لەلایەک و لە لایەکی تریشەوە هەر کتێبەی دەستت لێ دابا ئەوەندە سەرنجڕاکێش بوو، وەک موگناتیس بەدەستتەوە دەنووسا و نەتدەتوانی بە ئاسانی داینێیتەوە شوێنی خۆی، ئێ خۆ ناشکرێت واز لە کاری ڕێکخستنی کتێبەکان بێنیت، ئەوە زیاتر لە دە پازدە ساڵە چاوەڕێی ڕۆژێکی ئاوها دەکەم، بە هەر حاڵ پشووی ئەم هەفتەیەم بۆ ئەم کارە تەرخان کرد.

بەیانی زوو دوای کەمێک وەرزش، بە خێرایی نانێکم خوارد و چوومە ژووری کتێبخانە، بەڵام چ کتێبخانەیەک، ڕەنگە لۆرییەک کتێب بێ، هەر کتێبە و لەلایەک کەوتبوو. پێش هەموو شتێک پیاڵەیەک چایەم هێنا و جگەرەیەکم داگیرساند، بیرم لە نەخشەی دانانی کتێبەکان کردەوە، چونکە دەمزانی ئەگەر بە نەخشەیەکی ڕێکوپێک کاتێکی زۆری بۆ تەرخان نەکەم، ئەوە دەرەقەتی ئەو هەموو کتێبە نایەم، چونکە تەنیا من دەمزانی چ هێز و قووەتێک لە نێو ئەم کتێبانەدا هەیە و قورسایی ناوەڕۆکەکەیان چ کاریگەرییەکی نادیار بەسەر مێشک و ڕوح، بگرە جەستەش جێ دەهێڵێت.

نەخشەکەم بەم شێوەیە دانا:

سەرەتا لە فۆلکلۆر و داستان و ڕۆمان و چیرۆک و مێژوو و بابەتە هونەرییەکان و بیرەوەری و ئەو کتێبانەی لەبارەی پۆلەتیک و شەڕی کولتوور و زانستە تازەکان دەستم پێ کرد، چونکە ئەمانە وەک کتێبەکانی بواری فەلسەفی و ڕەخنەیی و شیعر نین، هەر کە دەستت لێ دا، ئیدی دەبێ بیخوێنیتەوە، هەر چەندە دیوانە شیعرییەکان باشتر بوون، بەتایبەتی ئەو دیوانانەی تایتلەکانیان، یان چەند شیعرێکیان لێک دەچوون، بەیەکەوە وەک یەک دیوان دام دەنان، ئەوانەش کە چەند دیوانێک بوون بە چەند شیعرێکی نوێ دووبارە چاپ کرابوونەوە، شیعرە تازەکانم لێ دەکردەوە و لە

دیوانە کۆنەکەم قایم دەکردەوە و ئەوەی تریشم فڕێ دەدا. لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو لە ناوەڕۆکی دیوانە شیعرییەکاندا، جیاوازییەکی ئەوتۆ نەبوو لە نێوان ئەوانەی یەکەم دیوانیان چاپ کردووە، لەگەڵ ئەوانەی دە پازدە دیوانە شیعریان چاپ کردووە، بۆیە هەڵگرتنیان ئاسان بوو، هەندێکیانم سی سی و هەندێکیانم پەنجا پەنجا دیوان پەنجا دیوان بەیەکەوە دادەنا.

باقی کتێبەکانی تر وەک فەرهەنگ و زمانەوانی و کۆمەڵناسی و ئینسایکلۆپیدیاکان و بابەتی دیکەی وەک یۆگا و مەساج و خەوننامە و مەولوودنامەکان و هۆزەکان و حەیران و ئاژەڵداری و جوگرافیا و چەندین کتێبی دی بە پێی بەشەکان، ئەوە ئەوانەم لە ڕەفەی تایبەت دانا، هەروەها بەر لەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان لێک جیاکەمەوە، بە تایبەتی ئەوانەی چەند تێمەیەکی قورس و جددییان تێدابوو. جگەرەیەکم داگیرساند، هێشتا ئاگری چەرخەکەم نەکوژابۆوە، لە دەرگا درا، یەکەم جار زۆر نارەحەت بووم، چونکە کاتی میوان و ئەو شتانە نەبوو، بەڵام کە بینیم دکتۆری هاوڕێمە، یەکسەر پەشیمان بوومەوە، چونکە هەم دنیاکەمان لێک نزیک بوو، هەم کاتی ئەوەش هاتبوو، کەمێک گفتوگۆ لەبارەی ئەدەب و ڕۆشنبیری ئەو وڵاتە و جیهان بە گشتی لەگەڵ کەسێک بکەم، هەم کاتی ئیسراحەتێکیش هاتبوو.

هەر کە دکتۆر گەیشتە ژووری کتێبخانەکەم، بە سەرسامییەوە پرسی: کوڕە کائینات، ئەوە چییە ئەو هەموو کتێبە، بە شەرەفم باپیری مارکسیش ئەوەندە کتێبەی نییە!

کەمێک کەیفم بەخۆم هات و جگەرەکەم دەرهێناو پێشکەشی دکتۆرم کرد؟ دکتۆر گوتی: وەڵڵا تەرکم کردووە، بەس قەیناکە دەی پێی دەکەم.

دکتۆر: بەڕاستی موجامەلەت ناکەم، بەڵام تۆ کەسێکی جیاوازی و ژیانی خۆت داوەتە کتێب، ئەوە عالەمی خۆتە، بەوە مرۆڤ دەتوانێ بژی. سوپاس دکتۆر ئەوە تەنیا ڕۆشنبیرێکی وەک جەنابت هەست بە گرنگی کتێب و کەسانی ڕۆشنبیر دەکات، کەسانی وەک من و تۆین لایەنی جوانی ئەم کۆمەڵگایە دەردەخەن. باشە دەی، ئاو، قاوە، چایە، چ دەفەرمووی دکتۆر؟

دکتۆر: کوڕە ئەگەر پێکێک عارەق، یان بیرەیەکی سارد هەبێ باشە، ئەگەر نا چا و مای ناخۆم، بەو چایە حیزە، بە ژیانت ناتوانی تێکستێکی جوان بنووسی، دە دوو بیرەی سارد بخۆرەوە، بزانە چۆن دیدگات دەگۆڕێ.

بە زۆر هەوڵم دا پێکەنین نەمگرێ: ببوورە دکتۆر، ئەگەر کاتی خۆی لە ئوستورالیا مەیت خورادبێتەوە، ئەگەر نا نەمدیوە زۆر بخۆیتەوە، مەگەر مانگێ بیرەیەک! بۆچی ئێستا وا شەیدای خواردنەوەی؟ دواتر بەم نیوەڕۆیە؟!

دکتۆر: هاهاهاهاهاه، وەکی ئەمن دەمخواردەوە، تۆ منداڵ بووی، ببوورە کە وا دەڵێم، بەڵام ئێوە، مەبەستم ئەوانەی دەرەوەی ئەکادیمیایە، بە فشە سەیری بابەتەکان دەکەن، قەناعەت بکە جارێک لەگەڵ برادەرێک دانیشتبووم، دەیگوت من لە مانگی ڕەمەزان مەی ناخۆمەوە و لە کاتی بانگیش پێک لێ نادەم! دەزانی خەریک بوو مێشکم بتەقێ، تۆ سەیرکە ئەو جۆرە کەسانە چۆن دەتوانن دروست بیربکەنەوە، جیاوازییان لەگەڵ کەللەپووچێک چییە؟

دکتۆر وابزانم مرۆڤەکان ئازادن لەوەی چۆن بیردەکەنەوە و چۆن هەڵسوکەوت دەکەن، باشتر نییە باسی خۆمان بکەین؟

دکتۆر: هاهاهاهاهاهاه، ئەوە بە ڕاستیتە؟ کامە نووسەر ئازادە، کامە دەزانێ ئازادی چییە، بۆ ئەوان دەزانن بیرکردنەوەی ئازاد چییە؟ سەیری نووسینەکانیان بکە، بە شەرەفم شەرم دەکەم بیانخوێنمەوە، کوڕە خۆ ئەوانە بە ساڵ شتێک ناخوێننەوە، سوێندی ئەوە ناخۆم بابەتێکی ڕۆژنامە، یان گۆڤار، یان چەند لاپەڕەی کتێبێک، لەوانەیە کاتی خۆی لەبەر بێ ئیشی و نەبوونی هیچ کەناڵێکی تر و بەدیلێکی تر، یان لە سەردەمی هەڵاتن لە سەربازی، بە ناچاری چەند کتێبێکیان خوێندبێتەوە، بەڵام هەندێک هەن دەخوێننەوە، قومێکی لە جگەرەکەی دا و هاهاهاه پێکەنی، بەس هیچی لێ فێرنابن، بە بڕوای من ئەوانە غەدر لەخۆیان و منداڵەکانیشیان دەکەن، خۆیان تووشی ئەو وەزعە کردووە.

زۆر تووڕەبووم: باشە دکتۆر کەوایە، با منیش لە جەنابتان بپرسم و بزانم ئێوە لەو پازدە، بیست ساڵەی لە ئوستورالیا بەقسەی خۆتان خەریکی خوێندن بوون، چی فێربوونە و بەرهەمتان چییە؟ یان بڵێین ئێوەی ئەکادیمی پەیامتان چی بووەو بۆ چی بووە؟ بۆ مووچە، خۆ دەرخستن، پلە، یان بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵ؟ لە کامە بوار پسپۆڕن و دەتوانن دوو کاتژمێر بە جددی قسە بکەن، دواتر ئێوە بە هەمان شێوە ناخوێننەوە، بە بەڵگەی ئەوەی ئێوە دوو دەوامتان هەیە و شەوانیش لە دەرەوەن؟

دکتۆر سوور هەڵگەڕا و جگەرەکەی دەستی کەوتە خوارەوە و قەنەفەکەی کون کرد، بە پەلە هەڵیگرتەوە و ڕۆیشتە لای کتێبەکان و گوتی: دەزانی ئاست و نیڤۆی ئەو کەسانەی گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەی مەرجێکی گرنگە؟ بۆ نموونە، ئێوە لەو کتێبخانە گەورەیە، چەند کتێبتان خوێندۆتەوە؟ پرسیارێکی زۆر ئیزعاج بوو، زۆر لە

وەڵامەکە دوودڵ بووم، بەڵام دڵنیابووم پرسیاری هەموو کتێبەکانم لێ ناکات. بۆیە گوتم: بەڵێ دکتۆر هەموویم خۆێندۆتەوە، دکتۆر: هاهاهاهاه، ئێ باشە خۆ جەنابتان ئینگلیزی نازانن چۆنت خوێندوونەتەوە؟

باشە دکتۆر خۆ ئێوەش، ڕووسی و فەرەنسی و ئیسپانی و فارسی نازانن، چۆن وەک سەرچاوە بەکارتان هێناوە؟ پاشان بۆ کتێب لە زمانی عەرەبی وەردەگێڕن و دەنووسن لە ئینگلیزییەوە!

دکتۆر تەواو دەماری گیرا، بەڵام ویستی خۆی هێمن کاتەوە، ئینجا بە هێواشی گوتی: توخودا گوناح نییە، ئێوە ئەو هەموو کتێبەتان بەلاش لەو ژوورە زیندانی کردووە، هەرنا لە دەرەوە کەسێک دەیخوێندنەوە و دوو وشەی لێ فێر دەبوو؟

باشە دکتۆر ڕایەکی زۆر جوانە، ڕەنگە من کۆمەڵێک کتێبم زیندانی کردبێ و زیانم لە خۆم دابێ بە کڕینی ئەم کتێبانە و سوودیشم بۆ کۆمەڵگاکەم نەبووبێ، بەڵام ئێوە جگە لەوەی بڕوانامەکەتان بە یارمەتی ئەولاو ئەولا و بەخشینی پاداشت وەرگرتووە، زیانیش لە کۆمەڵ دەدەن بە:

**یەکەم:** مووچەی زۆر و بەرهەمێکی کەم.

**دووەم:** فێرکردنی قوتابیان بە زانست و زانیاری هەڵە.

**سێیەم:** شێواندنی کتێبخانەی کوردی بە وەرگێڕانی هەڵە و گواستنەوەی زانیاری لە دەستی دوو، یا سێ.

سەرەڕای هەموو ئەمانە مرۆڤی ڕەزیل و وشک و دڵ ڕەق ناتوانێ ببێتە ڕۆشنبیرێکی پێگەیشتوو.

دکتۆر چاوی سوور هەڵگەڕا و شەقێکی لە ڕەفەی سەرەوە دا، کە ڕەفەی دیوانە شیعرییە کلاسیکییەکان بوو، هەمووی فڕێدانە خوارەو گوتی: ئاخر بۆیە مرۆڤی لای ئێمە فێری هیچ نابێت، ئەو کتێبە سەقەت و قۆڕانە دەخوێنێتەوە، ڕەفەی دووەم کە هی ڕۆمانە وەرگێڕدراوەکان بوو، ئەوانیشی خستە خوارێ و گوتی: ئەدی ئەو وەرگێڕە گەوجانەت بە دڵە؟ غارم دا دەستی بگرم، وایزانی لێی دەدەم، یەک بۆکسی کێشا بە دەموچاومدا، چارەم نەما، مەرکانێک لەوێ بوو هەڵمگرت و لە تەپڵی سەری دکتۆرم دا و کەوتمە سەری و بووە شەڕێکی سەخت، کتێبخانەکە بە هەموو کتێبەکانییەوە کەوتە خوارێ و مێزەکەی ناوەڕاست شکا، لەگەڵ وەشاندنی کتێب بۆ یەکتری، دوو سێ جامی پەنجەرەی ژوورەکە شکا، لەم ناوە منداڵەکان قیژاندیان و هاواریان بۆ هاوسێکان برد. مام سمایل پێش هەموو کەس گەیشتە سەرمان، چونکە بەردەوام لە پێش دەرگادا خەریکی باخچە بچکۆلەکەی بەردەرگایان بوو، هەروەها ئاگای لە هەموو شتێکی گەڕەکەکە بوو. مام سمایل: کوڕە هەی خودا بتانگرێ ئەوە ئەو شەڕەتان لە چییە؟ شانی دکتۆری گرت و ڕایکێشایە دەرەوە، کەچی دکتۆر کە خوێنی دیت، غاری دا ژوورێ و پەلاماری دامەوە، یەک دوو بۆکسی دیکەمان لە یەکتری دا. مام سمایل گەیشتەوە لامان و گۆپاڵەکەی سەراوبن کرد و گوتی: زینام لەگەڵ دایکی خۆ کردبی، ڕانەوەستن هەموو سەر و گێلاکتان بەو گۆپاڵە دەشکێنم، هەی بێ مێشکینە ئەوە لەسەر چییە ئەوها وەک سەگ تێک بەربووینە، میراتە، یان لەسەر ژنانە؟ ڕووی لە من کرد و گوتی: ئەوە چییە مامۆستا وامزانی جەنابت پیاوێکی زیرەک و تێگەیشتووی و برادەرایەتی پیاوی چاک دەکەن، نەمزانی برادەری پیاوی نەزان و شەڕاوین!

دکتۆر بەسەری بە خوێنەوە ڕووی لە مام سمایل کرد: مامە بەو شێوازە قسە لەگەڵ مندا مەکە ناتناسم، مام سمایل ڕووی لە من کرد و پرسی ئەوە چی گوت ئەو فیتە زەلامە؟ مامە ئەو دەڵێ با قسەی ناشیرین بە من نەڵێ، خۆ نایناسم. مام سمایل: وەڵڵا ئەوە خۆشە، کوڕم ئەگەر ئەوەندە پیاوی بۆ ئەو سەر و کەللە ناشیرینە ئەوهای لێ هاتییە، کەس لە میوانداری بەشەڕ هاتییە، هەی کەرە پیاو، خۆ ئێستا لە خوای نەترسێم بەو گۆپاڵەی دەتکەمە پیاوێک فێربی بە حەیاتت شەڕ لەگەڵ کەس نەکەی، بڕۆ جارێکی دی نەتبینمەوە لەو گەڕەکە، پاشان ڕووی وەرسووڕاندە لای من و گوتی: تۆش مامۆستای پۆز لێدەر وەکی بە کۆڵانێ تێدەپەڕی، وادەزانی کەس لە دنیایێ نییە جەنابت نەبێت، سەلام لە کەس ناکەی لەمێژە دەمویست دوو قسەت لەگەڵ بکەم، بەس پێم عەیب بوو، چونکە دەمدیت ئێواران لە ناو ئەو باخچەیەیماڵەکەت بە کراس و بێجامە حیزەکە دادەنیشتی هەتا پەڕێکت لەو کتێب و متێبۆکانە دەخوێندەوە سێ چار پەرداغت لەو شتە پیسە دەخواردەوە، دەمزانی دەگەینە ئەو ڕۆژە، بۆ خۆت کارێک بکە واز لەو شتە قۆڕانە بێنە، پیاو بەو پیاوانیش بناسە.

٢٠١٤/٥/١٥



# خەون

**ئەمین ئەسەر**
**(مێردین)**

هەتا نها چار کەسان ئەز بکار ئانیمە، هەر چار کەسان ژی پۆشمانییێن خوە ئانین زمێن و ئەز بشووندە ڤەگەڕاندمە، ئەز ئەدی دەستێ چارا مە و نەما تو کەس من بکرە، خوەدیێ فرۆشگەها خەونا، ئەز ئاڤێتم بنێ رەفا رزیای.

وێ رۆژێ مۆرۆڤەکی بەدەو هاتە فرۆشگەهێ، بالا خوە دا خەونێ رەنگۆ مەنگۆ، ژ ڤان خەونان یەک ژی نەعەجباند، رەوشا ڤی مرۆڤێ بەدەو ب بازرگانێ من تاهدە هات، تو خەون نەدکەت سەرێ وی، ئەوێ دەست ڤالا بچوویا، بەزرگانێ من پۆنژی، دەستێن خوە دان سەر هەڤ و گازی مرۆڤێ وێ دەرکەتا کر.

– ئەز تێناگهێژم کو جەنابێ تە خەونەک چاوا دخوازی؟

مرۆڤێ بەدەو ب دەنگەکی شێرین ئەڤ هەڤۆک ب لێڤ کر.

– خەونەکە هەری خوەش، خەونەکە گیانا من د بهوشتێدە بشۆ دخوازم براکۆ...

بازرگانێ من تلیا خوە ئا ئەشهەدێ دا سەر جێنیکا خوە و کەتە ناڤا خەیالێن رەنگین، دوو رە سەرێ خوە هەژاند و ب پستینی وسا گۆت.

– خەونەک من وسا هەیە، لێ وەک تو ژی دزانە، بەدەلا هەر خوەشیێ ل گۆر گرانیا خوە یە، تو بخوازە ئەزێ ڤێ خەونا زێرین بفرۆشم جەنابێ تە.

مرۆڤێ خەونا بازرگانێ من نەەجباندبوو، ب لەز گۆت.

– ئەز ئامادەمە براکۆ، بهایێ وێ قەت نە گرینگە، دەستێ خوە زوو بگرە و کا خەونا تو دبێژە بدە من، د بنێ ڤێ رەفا کەڤنارە دە ئەز دیتم، ب گوهێ من گرت و ئەز دەرخستم هۆلێ.

– فەرمۆ برا، ما ژ ڤێ خەونێ خوەشکتر خەون هەیە؟

ئەڤ چەند سالن کو من روویێ تاڤێ نەدیتبوو، باسکێ من ل جە دە شەوقەک بێ ناڤ بەلاڤکر، ب تیرۆژێ تاڤێ ڤە بێهنا میسک و ئانبەرێ ژ من هات، مرۆڤێ بەدەو ماتمایی ما، ب دەنگەکی گەورە گۆت:

– ئەڤ خەونا تە ل گۆر دلێ منە، بهایێ وێ ژی قەت نە گرینگە، هەما من کری براکۆ...

بازرگانێ من ب کێفەک مەزن ناڤکا خوە خوراند و دەڤێ خوە کر مینا تاسکا شڤانان.

– فەرمۆ برا، فەرمۆ و پەرا ژی ل جە دە دەرخە.

ئەز کەتم تووركێ وی مرۆڤی، مە ب هەڤ رە بەرێ خوە دا مالا وی.

شەڤا ئەول ئەز بووم کەچەک گولی سۆر، من خوە بەردا ناڤ دل و گهانێن وی، من ئەو بر بهوشتێن لال.

شەڤێن مە یێن زڤستانێ وسا رەنگین دەرباس بوون.

دەما کو رۆژ هات، من گولی سۆربوونیا خوە ب ئەنجان کر، بووم کوژەر، کوژەرێ ڤێ ئەردنیگاریێ، دەڤ ب کەف و سەکماندار بووم.

خوەدیێ من، مینا یێن بەرێ کر قێرین و هەوار لێ من ئەو دیلێ بەدەنا خوە کربوو.

**چیرۆکنڤیس ئەمین ئەسەر ل سالا (١٩٧٢)ێ ل ناڤچەیا دێرکا چیایێ مازی یا سەر ب باژارێ مێردینێ ڤە ژدایکبوویە. خوەندنا سەرتایی و ناڤەندی هەر ل وێ ناڤچەیی ب داوی ئینایە و زانینگەها دیجلە ل باژارێ سێرتێ تەمام کریە. ل سالا (١٩٩١)ێ وەکو مامۆستا هاتیە دامەزراندن. نها ل باژارێ ئامەدێ بەردەوامیێ ددەتە کارێ خوە. هەتا نها چار پەرتووک ب زمانێ ترکی بۆ زارۆکان وەشاندینە. هەر ل وارێ نڤیسینێ بۆ زارۆکان چار کتێب ب زمانێ کوردی ژبۆ چاپێ ئامادەکرینە. کورتە چیرۆکێن وی ژی یێن ب ترکی دنڤیسینە ل گەلەک کۆڤاران دە بەلاڤبووینە. کورتە چیرۆکێن ب کوردی ژی ل کولتورنامێ دە بەلاڤ دکەت، کو ئەڤە یەک ژ ئەوانە.**

**«ڕامان»**



# ژنێک و جانتایەکی شین

**سەڕاجەددین بیناگەر**
**لە فارسییەوە: حەلیمە مەلایی**
**(سنە)**

وێستگەکە قەرەباڵغ بوو، ژنان و پیاوان و منداڵان لوولیان دەخوارد، بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد، پێدەکەنین، تۆمیان دەتووکاند، بنێشتیان دەجاوی. لەسەر کەتەکانی ناو هۆڵەکان و لە سووچی دیوارەکان دادەنیشتن، خەوەنووچکە دەیانیبردەوە. ملۆمۆشیان لە ناو جانتاکانیاندا دەکرد، هەڵدەستان، دەڕۆیشتن، چاویان دەگێڕا، بەنی پێڵاوەکانیان شل و توند دەکردەوە، لە ژێر چاوەوە سەیری یەکتریان دەکرد. باوێشکی درێژ و قووڵیان دەکێشا و هاوکات گوێیان بە شەپۆلی دەنگی ژنێکی بزر دەدا کە لە دەنگەوەرە نادیارەکانەوە دەڕژایە سەریان.

سەرقاڵی هەرچی هەبوون چرکەیەک لە گوێدانی ئەم دەنگە خافڵ نەدەبوون، دەتگوت هەر وشەیەک لەم وتە وەک یەکانە، کلیلی قوفڵی ژوورێکی داخراوە کە چەندین ساڵە بە هیوای کرانەوەی چاوەڕوانن، چاوەڕوان بوون. دووکەڵی جگەرەکانیان بە بێ تاقەتی، یان بەخۆخلەنجانەوە بە ئاسماندا دەکرد و لەگەڵ هەر شەپۆلێکی دەنگ کە بە سەریاندا دەسووڕا، هەناسەیان هەڵدەکێشا.

دەنکە دەنکەیەکیشیان شانیان هەڵدەتەکاند و بەرانبەر، یان پشتە سەریان چاو لێدەکرد. دەنگی ژنەکە لە دەنگی کەسێک دەچوو، بەڵام هەر چەندە بیریان دەکردەوە نەیاندەزانی لە دەنگی کێ دەچێت. بیریان دەکردەوە کە ئەو دەنگەیان لە شوێنێک، کاتێک بیستبوو. دەنگ هیچ تەمەنێکی پێوەدیار نەبوو و ڕەنگە هەر بەو هۆیەوە بێ نەیاندەتوانی بە دروستی بیناسنەوە، دەنگەکە مژاوی بوو، تامی میوەیەکی دەدا کە پێشتر نەیاندیبوو، تفت بوو. (وەک تامی سنجووی کاڵ/ وەرگێڕ) وایان دەزانی زۆری ماوە ئەو میوەیە بگات، بەڵام زۆر لەمەش دڵنیا نەبوون. شیرین بوو جۆرێک شیرینی تایبەت کە بۆ وێنە، سێو هەیەتی و خواردنەکانی دیکە نیانە!

دەنگ هیــچی بە ئەوان نەدەگــوت، گــۆرانی بۆیان نەدەگوت، مزگێنی نەدەدا و ئاوسی هیچ سام و خۆفێک نەبوو، بەڵام بەمەشەوە لە مەیدانی ڕاکێشانیدا مات و گــوێڕایەڵ بوون و بە هەر شــەپۆلێک دەپەشــۆکــان. کەتەکانیان بەجێ دەهێشت و باروبنەیان بە کۆڵیاندا دەدا و بەرەو شــوێنی چوونە دەرەوە هێــرشــیــان دەبرد. منداڵەکان، هەندێ خەواڵوو لە باوەش، یان لەسەر کۆڵی دایک و باب و ئەوانەشیان کە دەیانتوانی بەڕێدا بڕۆن بە هەنگاوی بچووک لە ناو ئاپۆرەی خەڵکەوە دەچوونەدەر.

بەمــەشــەوە هۆڵەکــان هەر پڕبوون لە خــەڵــک و تەواو نەدەبوو. دەتگوت لە دڵی دیوارەکـانەوە خەڵک دێنەدەر، ئینســان بوو کــە لە تەختــی هۆڵەکــانەوە هەڵدەقــوڵا. کۆڵبەرەکان بە خڕخڕەکانیانەوە دەهاتن و دەچوون، وادیار بوو کە دەنگ لەواندا بیرەوەری، یان ڕابردوویەکی زیندوو نەدەکـردەوە... کـە کـەس نەیدەزانی بە ڕاست بووە، یان دەرئەنجامی وەهمێکە.

ژن کوڵە باوێشکێکی دا و گۆڤارێک کە بە دەستییەوە بوو، لەسەر جانتاکەی بەردەمی دانا.

ئێستا چاوەکانی ژن کرابوونەوە و ئەو ئیتر نەیدەتوانی بە ئاسایی سەیری بکات. هەستی کرد کە پێی زانیوە. وای نیشان دا کە سەیری شوێنێکی دیکە دەکات، بەڵام لەوپەڕی زەیندا هەر ڕوخساری ژنەکەی دەخوێندەوە. ژن بوو؟ لە کوێوە دەیتوانی ئەمە بزانێ؟ قامکی چەپی کە گۆڤارەکەی هەڵگرتبوو ئەڵقەی تێدا نەبوو.

"دەبێ سی ساڵ.... نا، ڕەنگە بیست و شەش، یان حــەوت... چ گــرینگیــیــەکی هەیە، دەیەوێت بۆ کــوێ بڕوات؟"

دەنگ ئەم جــــارە لەگــــەڵ دەنگی فـــــیکەی شــــەمــــەندەفــــەرەکــــەی دەرەوە تێکەڵاو بوو و ئەوی پەرتەوازەی شوێنێک کرد دوور لەو ژنەی کە بەرانبەری دانیشتبوو.

"کەی بانگم دەکات؟"

مــاندووبوو، بە ڕای خــۆی زۆر چاوەڕوان بوو. "بڕۆم شتێک بخۆم؟" تامی خاکی تێکەڵ لەگەڵ تامی چای لاهیجان پەشیمانی کردەوە.

"ئاخری چی؟ ڕەنگە بەم زوانە نۆرەی من نەبێت. ئاو میوە چی؟ بۆ وێنە ئاوی سێو و بەفرە شیرێک."خۆی بینییەوە کە لە ناو بووفەکە دانیشتبوو و ئاومیوەکەی خواردۆتەوە و جگەرەکەی دادەگیرسێنێت، بەڵام هێشتا مژێکی لێ نەداوە کە شوێنی ناگرێت. نیگای هێنایەوە و بەناو ڕوخساری ژندا بەرەڵڵای کرد. ئێستا وادیارە کە ئەویش سەیری ئەم دەکات، بەڵام دڵنیا نەبوو. تۆ دەڵێی بەو چاوە کــەژاڵەوە هاوکــات ئەو و تەواوی خــەڵکی دەوروبەری و پشتــەســەریشی چاو لێدەکـات. نیگای دزییەوە و سەیری پێڵاوەکانی خۆی کرد کە وەک دوو توولەسەگی ڕەش ڕووکەوتبوون. دواتر خشاندی بەرەو پاکــانی ژنە، کــە جانتــا شــینەکــەی وەک دیوارێک لە بەردەمیدا هەڵچنرابوو. لەسەر جانتاکەی بە پیتی گەورە ڕستــەیەک نووسرابوو کە هەرچی هەوڵی دا بۆی ڕاست نەکرایەوە. بیری کردەوە، بێ گومان ئەمە دەستەواژەیەکە کە زانستی کەمی ئەو لە زمانی ئینگلیزی شوێن ناباتە سەری. پیتە سپییەکان بە جووڵەجووڵی پاکانی ئەو کە لە مەودای نێوان ئەو و جانتاکەدا هاتوچۆیان دەکرد ون و پەیدا دەبوو. هەر بەو شێوەیەی کە ڕوومەتی ژنەکە لە بەرانبەرییەوە دانیشتبوو و ئێستا ملوومووشی لە ناو جانتادەستییەکەیدا دەکرد.

"بە دوای چیدا دەگەڕێت؟" دەستی ژنەکە چرکەیەک لە جووڵەکەوت و سەری کەمێک بۆ لای چەپ وەرگەڕاند. دواتر بۆ خوار، پاشان بان و لە ناکاو ئەو دەستەی کە لە ناو جانتاکەدا دەگەڕا، دەری هێنا و دەرگای جانتاکەی داخست. بەڵێنی بە خۆی دا ئەم جارە ئەو یەکەم کەس نەبێت کە نیگای لەو دەدزێتەوە، بەڵام وادیار بوو کە ژنە، بڕیارێکی تری داوە. یەک دوو جار خێرا سەیری کرد و لە جێگاکەی هەستا.

"دەتەوێت سەری قسەی لەگەڵدا بکرێتەوە، لە ئێستا دەرفەتی باشتر کەی؟ بە بیانووی یارمەتی لە هەڵگرتنی جانتا دەتوانی ئەم کارە بکەی. وەک بڵێی دەیەوێت بۆ شوێنێ بڕوات! نۆرەی ئەوە سوار بێت؟ ئای من چەندە بەخت ڕەشم! ئێستا ئەگەر ئەم کچە، کچە؟ لە کوێ بزانم چاوەڕوانی مێردەکەی نییە کە بێت و پێکەوە بڕۆن؟"

ژن مــاوەیەک وڕ دەوروبەری خــۆی چاو لێکرد، پاشــان جانتــاکــەی چۆق پێوەنا و بە نــاو خــەڵکەکــەدا بەرەو لای سەرووی هۆڵەکە بەڕێ کەوت. دەنگی ژنە بزرەکە دووبارە بە سەریدا ڕژا کە وشە یەکرێزەکانی لە ناو هەمهەمەی جەماوەرەکەدا بەرەڵڵا دەکرد.

لە جێگاکەی هەستاو بەرەو ئەو شوێنەی کە ژن چوو،

ڕۆیشت. چاوی ژێر کردبووەوە کە شوێنی ون نەکات، بەڵام ئەو نەبوو. کەمێک ڕۆیشت و بە لای ڕاستدا لای دا و دووبارە گەڕایەوە و ئەم جارە بەرەو چەپ ڕۆیشت، بەڵام قازانجی نەبوو. ژن وەک دڵۆپێک لە دەریای تاریکدا ون بوو، جگەرەیەکی بە لێویەوە ناو ئەو کاتەی کە شقاتەکەی پێوە دەنا بە خۆی وت:

"چییە سایلۆح؟ بۆچی شەمووژە دەکەی؟ بەڕاستی گاڵتە جاڕی! بۆ کوێ بەڕێ کەوتووی؟ ئاگات لە دەنگەکە بێت. بە جێ نەمێنیتەوە. ماندووی! زۆر چاوەڕوان بووی، دوێنێ شەویش کە باش نەخەوتووی!"

ئێشێ بە ژێر زگیدا هات، دووبارە بە شوێنی خۆیدا گەڕایەوە و چووە ئاخری هۆڵێکی تر. لە ناو جامی ئاودەستخانەکەدا دوو تاڵی سپی بینی کە لەسەر تەوێڵی خۆی دەنواند.

"جۆڵاتەنە لە کوێوە هات؟" دەستی برد تا بیسڕێتەوە. زیاتر لە دوو تاڵ بوو. "سێ، چوار... زیاتر... ئەک!"

قژەکانی سەری بوون کە سپی بوون، کاتێک دەهات بۆ وێستگە خۆ ئەمانە لەوێ نەبوون. بە هیچ شێوەیەک تاڵی سپی بە سەریەوە نەبوو، سەری بردە نزیکەوە کە باشتر ببینێ، بیرێکی کردەوە، بە هێواشی تاڵەکانی گرت و کێشای. پتەو بوو، بەڵام ئەو سمڕبوو، ئاو زایەچاوی. تاڵی قژەکەی لە بەر تیشکەکەوە گرت. هەڵە نەبوو، بە تووڕەییەوە فڕێی دا و ئەوانی دیکەشی کەندەوە. هەرکام لەو تاڵەقژانە وەک پۆڵایەکی تواوە لە گیانی ئالابوون و بە زۆری پەنجەکانی ئەو لە ناو دەمارەکانییەوە دەهاتەدەر.

تا ئەو جێگایەی کە کرا سەری دۆزی، ئیتر هیچ تاڵێکی سپی تێدا نەدەبینرا. ئۆخەی کرد، "ڕزگارم بوو".

شانەکەی لە گیرفانی کۆتەکەی دەرهێناو قژەکانی جوان شانە کرد.

ئێستا دەیتوانی بڕوات و بە ئاسوودەیی ئاومیوەیەک بخوات، بەڵام ئەو هەستەی زۆری نەخایاند و هەر کە لەسەر کورسییە سپییەکەی بووفەکە دانیشت دووبارە بیری لەو تاڵە سپیانە کردەوە کە کەمێک پێش ئێستا کەندبوویەوە. بابەتەکە بەو ئاسانییە نەبوو کە ئەو بیری لێ دەکردەوە.

"هەر تاڵە قژێک بنچینەیەکی هەیە و هەر بنچینەیەک پیازێک و هەر پیازێک تا ئەو ڕۆژەی کە زیندووی دەزێ و زۆرتر دەبێتەوە. قوڕ بەسەر تاڵە ڕەشەکان کە سپی دەزێن، بەڵام سپییەکان هەر سپی دەترەکێن."

بە بێ مەیلی لیوانەکەی هەڵگرت و قومێکی خواردەوە، تامی خاکی دەدا. "بێ گومان لیوانەکانیان جوان ناشۆن کە هەموو شتێکیان تامی خاک دەدات." گومانم هەیە، نە وەک لە نێوان تاڵە سپییەکان و خواردنەکانی ئەم بووفە نەفرەتییەدا پێوەندی هەبێت.

دەنگی ژنە بزرەکە لە ناو بووفەکەشدا بە هەمان شێوەی ناو هۆڵەکە بوو و موسافیرەکانی لە کاتژمێری بەرێکەوتنی شەمەندەفەرەکان کە بڕیار بوو بێن و ئەو شەمەندەفەرانەی کە بڕیار بوو بڕۆن و ئەو شەمەندەفەرانەی کە کاتژمێرەکانیان چ لە هاتن و چ لە چووندا شێوا بوو ئاگادار دەکردەوە. پۆلێ دەچوون و پۆلێ دەهاتن و ئەوانەی کە مابوونەوە هەروا کە ئەو، دەڵێی بڕیار نییە هیچ کات بەرەو هیچ شوێنێکی مەبەست بەڕێ کەون.

ئۆقرەی نەبوو، هۆشی چوو. بۆ ئەوەی کە کارێکی کردبێت، پسوولەکەی دەرهێنا و سەرنجێکی دا.

کێشەی نەبوو، کاتژمێرێ بەڕێ کەوتن. ناوی شوێنی مەبەست، تەنانەت وێستگە سەرەکییەکانی ناو ڕێگای تێدا نووسرابوو، بەمەشەوە بەیانی کە هاتبووە وێستگە و پسوولەی کڕیبوو، فەرمانبەری بەشی فرۆش بە دەنگێک کە بە سەختی لە ناو هەمهەمەی خەڵکدا دەبیسرا، وتبووی: لەم ڕۆژانەدا ئیتر نابێت زۆر متمانە بەم کاتژمێرانە بکەی کە لە پێشەوە ڕاگەیەندراوە.

کاتێک کە ئەو پرسیبووی: "شتی وادەبێت؟" فەرمانبەری بەشی فرۆش کە تا ژێر ملی لە پشت دیواری هۆدەکە شاردرابوویەوە بە بێ ئەوەی ئیتر لێو لە لێو بترازێنێت بە دەست ئاماژەی دابووە سەرمیچ و هۆڵی تەژی لە خەڵک کە ئەو هیچ لەم ئاماژە تێنەگەیشتبوو و هەوڵی دابوو کە ڕوومەتی فرۆشەرەکە ببینێت کە ئەو کارەش بەهۆی پیسی شووشەی لەمپەرەکە و تیشکی گڵۆپەکانی سەرمیچ و سووچی دیوارەکانی هۆڵەکە بۆی نەلوا بوو.

ئەوانەش کە لە دوایەوە بوون، پاڵیان پێوە دەنا و جێگای ئەوە نەبوو کە ماتڵ ببێت. بە ناچاری پسوولەکەی وەرگرتبوو و لای دا بوو بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکی باشتردا بتوانێ دووبارە بڕواتە پێشەوە و

نارەزایەتی بەم شـڵـەژاوییـە نالەبارەی وێسـتگەکـە دەربـبـڕێ، بەڵام هەر جـارە کـە لە هۆیەکـە نزیک بوویەوە بەهۆی ئاپۆرەی مـوسـافـیـران کـە هیچ کـات لێی کـەم نەدەبوویەوە پەشـیـمـانەوە بوو و دواتر هەوڵی دابوو کـە بڕواتە نووسینگەی بەڕێوەبەری وێستگەی هێڵی ئاسن و سکاڵا بکات لەم شێوە کارکردنە، بەڵام پیرەپیاوێک کە بە چاوێکی شووشەیی لەسەر کورسییەکی کۆن دانیشتبوو بە هاوار و داد لە کۆڵی کردبووەوە.

"بۆچی جـەنابی بەڕێوەبەری قـوڕبەسـەر بێکارە کـە بیەوێت لەگەڵ هەر موسافیرێکی بە پەلە کە دەیەوێ لە چاونووقـاندنێکدا بگاتە شـوێنی مـەبەسـتی دەمـەقـڕە بکات! بانگهـێـشـتـیـان نەکـردووە کـە بێت سـواری شەمەندەفەر بێت، ناتەوێ بڕۆ پسوولەکەت بدەرەوە. ئەم هەمـوو پاس و ئۆتۆمـبـێلە ڕژاوەتە ئەم وڵاتە. ئەسـڵـەن ناتەوێ، بڕۆ سـواری فـڕۆکـە ببـە باوک باش!" قـاقـا پێکەنیبوو، لە ناچاری چووە بووفەکە دانیشت.

دەیتوانی چی بەم دۆخە بکات؟ "پیرەکەری یەک چاو، باش دەیزانی کـە ئەگـەر خـەڵک ناچار نەبن، هەرگـیـز پێ نانێنە ئەم وێستگە نەفرەتییە. بەڵێ ئەو باش دەیزانی کە فــڕۆکــەخــانەکــان، گــاراژەکــان و تەنانەت بەندەرە دوورەکانیش دۆخێکی باشتریان لە هێڵی ئاسن نییە."

"ئای خوای گەورە! ئینسان لەم هەمـوو شپرزەییە." لەم هەمـوو سەرلێشێواوییە پەنا بۆ کوێ ببات؟ بریا ئینسـان وەک پەلەوەرەکـان دوو باڵی هەبوایە و بۆ هەر کـوێ دەیەویست هەڵدەفـڕی و دەچوو. دەچوو و دەگـەڕایەوە و دووبارە ئەگـەر دڵی تەنگ دەبوو لە شەقـەی باڵی دەدا و دوور دەبوویەوە...

بینینی ژنەکە زنجیرەی فیکری پچڕاند. جانتای شینی چەرخداری بە هێـواشی لە ناو مێزەکـان و جەماوەرەکەدا پاڵ پێوەدەنا و دەهاتە پێشەوە.

"وادیارە بۆ شـوێنێکی باش دەگـەڕێت دابنیـشـێت." لە یەک- دوو شـوێندا وەسـتـا و دووبارە بەڕێ کـەوت. چ خۆش دەبوو ئەگـەر دەهاتە سـەر مـێزەکـەی ئەو کـە تەنیـا لەسـەری دانیـشـتـبـوو، سـووچێکی نیـوەڕۆشن بوو کـە کـۆڵەکـەیەکی پان لە لای ڕاسـتـیـیـەوە جۆرێک هەسـتی دڵنیـایی بە ئینسـان دەدا. هەڵدەسـا و یارمـەتی دەدا بۆ هێنانی جانتـاکـە، بەڵام توانسـتی ئەو کـارەی لە خۆیدا نەدەدی. شـواری توند لێی دەدا و لە شـەرمـێـونی خـۆی وەڕەز بوو، بەمـەشـەوە ڕێ کـەوت کـاری خـۆی کـرد. لەم کـاتـەدا ژن کـە دەتـوت مـێـزی چۆڵی ئەوی دیبـوو، هاتە پێـشـەوە و بە بێ هیچ قـسـەیەک لەسـەر کـورسـیـیـەکی بەرانبـەری ئەو دانیـشـت، وادیاربوو کـە مـاندووە. ئەنیشکی لەسەر مێزەکە کردە کۆڵەگە، گۆنای خستەسەر دەستی مشت کراوی و چاوی داخست و هەر بەو حاڵەتە مـایەوە تا خـزمـەتکارەکـە پیـاڵەیەک کـە هەڵمی لێ هەڵدەستا لە بەردەمی دانا.

لە خۆوە وتی: "تامی خاک دەدات و بە شەرمەزارییەوە ئامـاژەی دایە لیـوانی نیـوەخـوراوی ئاو سـێـوی سـەر مێزەکە."

"نسکافـەیە" ژن وتی و دوای ئەم قسەیە پیاڵەکەی لە دەمی نزیک کردەوە و قومێکی لێ خواردەوە و دەستبەجێ لێوی خوارووی بە ددانیدا هێنا. "نا!؟ من هەست بە هیچ ناکـەم." قـومـێکی دیکەی خـواردەوە، تەنانەت واهاتە بەرچاوی کە ئاوی ناو پیاڵەکە بۆن دەکات.

هەستێکی ناخۆشی بوو، "گەمژانە قسـەم کرد" و پێی باش بوو بێدەنگ بێت.

"تامی هەر شتێک پێشتر لە چێژایی ئێمەدایە. تاڵی، یان سوێری جیـاوازی نییـە، گرینگ هەست و بیرەوەری ئێمەیە لەو کاتەدا کە لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبین."

هاتەوە بیـری کـە هەندێ جـار تۆمی پرتەقـاڵی کرمـاندووە، تاڵیـیەکـەی زۆرتر لە تامی مزری میـوە، بە دڵی بووە.

قـسـەی ژنەکـە بۆنی ژیریـیـەکی کـۆنی دەدا، بێـدەنگیـیـەکـەی درێژ کـردەوە نە وەک زیاتر خـراپکاری بکات، بەڵام ژن زیاتر بێـدەنگ بوو و نسکافـەکـەی بە ناسکییەوە دەخوارد، تاقەتی نەهێنا و ورەی بە خۆدا کە بپرسێ: "بە تەنێ سەفەر دەکەن؟"

"ئم!"

شنەی دەنگی بێ تەمـەنی ژنی بزر دووبارە هات و کوژایەوە، لە پشت مێزەکانی دەوروبەر دەستەیەک کەوتنە جووڵە و جێگاکەیان خێرا لە لایەن ئەو کەسانەی کە تازە دەهاتن پڕبووەوە.

"سـەرسـوڕمـانی نییـە کـە کـەس بۆ سـواربوون ئەوەندە چاوەڕوان بێت؟ ئەویش لە شوێنێکی وا قەرەباڵغ و...."

"وەڕەزکەرە؟ دەتانەویست ئەمە بڵێین؟"

بریا... ئای بەڵێ ... باش گونجاوە بڵێین وەڕەزکەر.

وەرەزبوونیش هەستێکە کە ئێمە لە خۆماندا هەمانە و وەک ڕەنگی پێست، یان شکڵی لووت و نەخۆشینەکانمان بۆ هەموو شوێنێکی دەبەین."

بەو هەموو حەپەساوییەوە کە لە بەرانبەر ژنەکەدا تووشی هاتبوو سەرەڕای ئەوەی کە هەوڵی دەدا لە سەرخۆیی لە وتە و هەڵسوکەوتیدا دەرکەوێت، بە دەراوێکی گەزندە وتی: "ئێوە خوێندکاری بەشی فەلسەفەن؟"

ژن دای لە قاقای پێکەنین و پیاڵەکەی لەسەر مێزەکە دانا. ددانە سپییە یەکڕیزەکانی و سەرخۆشییەکی منداڵانەی لەگەڵ بۆنێکی خۆش کە لێ دەوەشێتەوە ئەوی هاوکات هەم ڕام و هەم تووڕە دەکرد و هەستی سووکییەکی کۆنی لەودا هەڵدەفڕاند.

"زۆر پێکەنیناوییە، نا!؟"

"چی پێکەنیناوییە ئاغە؟"

"خوێندکاری فەلسەفە بوون؟"

پێی وابوو کە ژن دووبارە قاقا پێدەکەنێ، بەڵام ئەو لە ناکاو چاوی بڕیە ناو چاوی و پرسی: "لە زووەوە هاتوونەتە وێستگە؟"

"لە بەرەبەیانەوە، بەر لە هەڵاتنی خۆر، بەڵام بێ ئەنجام. خۆتان کە دەبینن" ژن لە حاڵێکدا کە بە قامکی شادەی دەستی چەپ لەسەر مێزەکە خڕکەی پێواریی دەکێشا بە دەنگێکی جیاواز لە ڕابردوو وتی: "حەقی خۆتانە وەڕەز بن، لە مێژە چاوەڕوانن" و لە حاڵێکدا کە چاوەکانی وردتر کردەوە زیادی کرد: "بەڵام مەگین چارەیەکیش هەیە؟ ئینسان پێویستی بە موسافیرەت هەیە، چ بۆ گەشتوگوزار، چ بۆ کارێکی تر."

بە دەنگێکی هێواشتر درێژەی دا: "ئاویش لە شوێنێکدا مەن بکات دەگەنێ. ناچار دەبێتە هەڵم و دەگەڕێتەوە بۆ خانەی ئەوەڵ."

"بەڵام منیان بۆ هەندێ ڕوونکردنەوە بانگهێشت کردووە! ئەگینا من خۆم لەم جۆرە دەردی سەرانە نادەم."

ژن بە بێ گوێدانە ئەو، شوێنی قسەکەی گرت: "دەریا دەرسێکی باشە بۆ ئێمە. بەشێک لە گیانە بە ماڵ، بە ئاسمان دەفڕێنێ، بەڵام زیاتر گیانی ئەسیری گۆمێکی گەورەیە کە تێیدا گیرۆدەیە، هەزاران هەزار ساڵ لەمەوپێش کاتێک بینی کە ڕێگای هەڵاتنی نییە. سەفەرکردنی لە خۆیدا دەستی پێکرد. شەپۆل، سەفەری دەریایە ئاغە. خۆی پیاسە دەکات و هاوکات بە سەر خۆیدا دەدات و بە سەر ڕۆخە نامیراکانی دەوروبەریدا."

"تێگەیشتم! ئێوە دەبێ شاعیر بن."

ژن ئەم جارە پێکەنی، بەرزتر و زۆرتر لە ڕابردوو خێرا زانی کە لە دوورونزیک خەڵک بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکەن. کتوپڕ پێکەنینەکەی پچڕی، بەڵام دەڵێی نایەوێت بە ڕووی خۆیدا بیهێنێت و ملهوڕانە پرسی: "وتتان بۆ دانی هەندێ ڕوونکردنەوە موسافیرەت دەکەن، وایە؟"

بەر لەوەی وەڵامێک ببیسێت درێژەی دا: "تاوانێکتان کردووە، یان وەک شایەتحاڵ بانگهێشت کراون؟" پرسیاری ژن وریای کردەوە، تورشاندی و خۆی لەسەر کورسییەکەی جووڵاند، جگەرەیەکی دەرهێنا و لەرزۆک گڕی دا، دەمی تامی خاک و ناوکی پرتەقاڵی دەدا.

ژن پرسیارەکەی بە هەمان ڕیتم و وشەوە دووبارە کردەوە.

"هەمووان ڕۆژێ بانگهێشت دەکرێن خاتوون! پێویست نییە کە هەڵەیەکتان کردبێت، بڕواتان بەم بنەمایە هەیە؟"

دەنگی دەلەرزی و ڕشانەوە دڵی تێک دەدا.

"ئێوە یاوتان هەیە ئاغە! حاڵتان باش نییە، دەتانەوێت ئەسپرین بخۆن؟ من هەمیشە لەگەڵ خۆمدا ئەسپرینم هەڵگرتووە."

"یاو؟ نا! من باشم."

"بەڵام ئێوە داخن، لانی کەم سێ پلە یاوتان هەیە."

"ئێوە پزیشکن کە بەم شێوە یەکلاییە قسە دەکەن؟"

بە ڕەنگ و ڕواڵەتتاندا دیارە، گڕگرتوو و ناخۆش حاڵ دێنە بەرچاو. کەمێکیش بزڕکاون.

دەلەرزن.

بە شەرمەوە وتی: "ڕەنگە باشتر بێ حەبێک بخۆم."

ژن دەستبەجێ جانتاکەی کردەوە و پێدا گەڕا.

"قلێف دارە، بۆ تەڕکردنەوەی خوێنتان خراپ نییە."

"ببوورن، من دەبێ بڕۆم بۆ ئاوەدەستخانە"

بەر لەوەی کە لە جێگای خۆی هەستێ بە تکاوە پرسی: "دەمێننەوە تا بگەڕێمەوە؟" و حەبەکەی لەناو لەپی دەستیدا مالی، ژن بزەیەکی بردەوە: "لە دەستی مندا نییە، ڕەنگە لەم ماوەیەدا بەرێکەوتنی شەمەندەفەر ڕابگەیەنن، ئەوسا چی؟"

وەڵامی ژن پەشیمانی کردەوە لە چوون: "کەواتە دەمێنمەوە."

ژن دووباره دای له قاقای پێکەنین، بەڵام ئەم جاره دەستەکانی لەسەر مێزەکە نەبوو و ئەمە ئەوی زیاتر وەڕەز دەکرد. سەری خسته خوارەوە و بە قوڵتەشییەوە وتی: بۆ خاتوونێکی وەک ئێوە جوان نییە کە لە وەها شوێنێکدا، لەناو ئەم هەمـوو خـەڵکه بە دەنگی بەرز پێ بکەنێ خاتوون.

ژن هاوکات کە لێوەکانی کۆ دەکردەوە و حاڵەتێکی حەنەکاوی بە دەنگی دابوو وتی: "بۆچی؟ چونکە ژنم!؟" سەری بەرەو لایەکی تر هەڵگەڕاندەوە، لاڕووی دڵڕفێنی ئەو پەشیمانی کردەوە.

"گەلۆ توندڕەویم کردبێت؟ بۆچی من چکارەی ئەوم کە بەم شێوە فەرمانی پێ دەکەم؟ دەکرێ لەگەڵ ژنێکی وادا بەختەوەر بیت و گاڵتە بە دنیا بکەیت."

ڕواڵەتی خەڵکەکەی چاو لێ کرد، ئەوانەی کە بە دوو گوێی نەواڵەکانیان دەجاوی و ئەوانەی کە بنێشتیان لە ناو دەمیاندا دەخولاندەوە و ئەوانەی تر کە بە زەوقەوە قسەیان دەکرد، ئەوانەش کە گەمژانە سەریان دەجوولاندەوە، یان خەوەنووچکە دەیانی بردەوە.

"گەلۆ لە هەموو ئەم شتانەدا جۆرێک ڕەنگی ناشیرینی و سایلۆحی تێدا نەبێت؟ قەپاڵ لێدانی نەواڵەیەک و هەڵلووشینی پیاڵەیەک چای خاکاوی ناشیرینتر لە پێکەنینی ژنێکە کە ئەم هەمـووە جـوان و ناسکە و ددانەکانی سپی و یەکڕیزە؟ چەند ساڵ تەمەنیەتی؟"

ئێستا ئیتر سۆسەیش نەیدەتوانی بڵێت.

"دەنگی لە دەنگی کێ دەچێت کـە ئەوەندە بۆ من ئاشنایە؟"

لەناو ناسـراوانی دوور و نزیکدا دوور کـەوتەوە. دەیزانی، بەڵام نەیدەناسی. بیری کەوتەوە کە دەبێ بڕواتە ئاودەسخانە. پێویستی بەوە بوو کە ئاوێکی سارد بە دەم و چاویدا بکات. ئەسپرینەکان کە ژن پێیدابوو بیخوات و لە گەڕانەوەدا لە بووفەکەدا پێپسییەک بکڕێت، بەڵام دەترسا کە لەم ماوەیەدا ژن بڕوات. بە دوای کارەکەیدا و لەناو ئاپۆرەی ئەو خەڵکەدا ونی بکات. لە خۆی پرسی: "بۆچی سایلۆحانە لەگەڵی قسەی کردووە و ئێستا دەبوایە چی بکردایە؟"

دۆخێکی خـراپ بوو و هەر ئەوەش کـە نەیدەتوانی بڕواتە ئاودەسخانە، پێداویستییە خامۆشەکانی بە خەبەر هێنابوویەوە و گوشاریان بۆ هێنابوو.

بریا دەکرا جانتای ژنەکە بە بارمتە لەگەڵ خۆی بباتە ئاودەسخانەکە، ئەو کاتە ئەو ناچار دەبوو چاوەڕوان بێت تا بگەڕێتەوە. شتێکی وشک و تیژ گەرووی گرتبوو و هەرجارە کە تفی قووت دەدا بە قەد بەنی قامکێک بان و خواری دەکرد.

دڵەخورپەی هەبوو و هەستی دەکرد کە پێ بنێتە ناو ئاودەسخانەکە دەڕشێتەوە، ژن هەروا بە لاڕووی جوان لە بەرانبەرییەوە بوو و بێدەنگ قسەی نەدەکرد و سەیری لایەکی دیکەی دەکرد. لەوپەڕی ناهومێدییەوە بە قامک لەسەر مێزەکە زەربی گرت کە سەرنجی ئەو ڕابکێشێ، بەڵام ئەم کـارەی قـازانجی نەبوو. لەو هەمـهـەمە بێ بڕانەوەدا زەرب گرتن لەسەر ڕووپەڕێکی فایبرگلاس، تەنانەت بە قەد ویزە ویزی باڵی مێشێکیش سەرنجی هیچ کەسی ڕانەدەکێشا. هەستی کرد تاقەتی تەواو بووە و ئێستایە کە لە میز و ڕەشاوی خۆیدا پەلەقاژێ بکات. هاوکات کە لە پشت مێزەکەوە هەڵدەسا وتی: "بببوورن! من دەڕۆم شتێک بێنم گەرووتان فێنک بکەنەوە.

"پێم وایە دەتانەوێت بڕۆنە ئاودەسخانە!"

لەم وتەیەدا توانج بوو، بەڵام ئەو دەرفەتی ئەوەی نەبوو بیپێنێتەوە. ڕەنگە کاتێک کە بگەڕێتەوە هەر ئەمە بکاتە بیانووی دەست پێکردنی قسە کردنەکەیان، بە سەختی ڕێگای دەکـردەوە و دەڕۆیشت. ئاودەسـخـانە کـە لە بووفەکەوە دوور بوو، هەر ئەمەش زیاتر تووڕەی دەکرد. کاتێ گەیشتە بەرەوە، تەنانەت لە بیری چووبوو کە دڵی دادەخورپێ، یان کارێکی دیکەشی هەیە. بەمەشەوە چووە ئاودەسخانە و کاتێ هاتە دەرەوە لە جامەکەدا سەیری خۆی کرد، قژەکانی تەواو سپی بوون، چاوی چەپی خێل بووبوو.

دووەکەی تر قـووڵ لە ڕووی گۆناکانییەوە بەرەو لای کاکیلەی خوارێ هاتبوو و دەمی هەڵپچڕابوو و لێوەکان وەک دوو خەیاتەی باریک هەڵپێکرابوون، ئێستا تەنانەت خەیاڵی ئەوەی نەبوو کە قژەکانی شانە بکات، یان ملوانەکەی ڕێک بکات.

نیگەران لە ئاودەسخانە هاتە دەرەوە و ڕێگای بڕیەوە بە ئومێدی بینینی دووبارەی ژن گەڕایەوە. بووفەکە تەنانەت لە ڕابردوو قەرەباڵغتر بوو، بەڵام ئەو شوێنەی کە ژن تێدا دانیشتبوو دەیناسی. کاتێ گەیشتە لای مێزەکە کچێکی جوانی بە قژی درێژی خورمایی بینی کە دەستی

لەناو دەستی پیاوەکەی بەرانبەری دانابوو و تەرتی قسەکانی ئەوە. بە سەرلێشێواوی دەوروبەری چاولێ کرد، بەڵام هیچ شوێنەوارێک لەو ژنە نەدەبینرا.

بە ناچار نووشتایەوە و بە شەرمەزارییەوە لەو پیاوەی پرسی: "ببوورن! ئێوە خاتوونێک کە چەند چرکەیەک لەمەوپێش لێرە دانیشتبوو نازانن بەرەو چ شوێنێک دەچوو؟"

پیاو بە کاسی نیگای لەناو روومەتی ئەودا بەرەڵڵا کرد و بە بێ مەیلی پرسی: "چ جۆرە خاتوونێ بابە گیان؟ ئێمە لە بەیانییەوە لێرەدا دانیشتووین بۆ ئەوەی نۆرەمان بگات و سواری شەمەندەفەر بین، وایە ئازیزەکەم؟"

کچەکە بە بزەیەکی خوێن شیرین کە گۆناکانی چاڵ کرد بە جووڵاندنی سەر پشت ڕاستی کردەوە. بە سەختی ناڵاندی: "چۆن نەتانبینی!؟ باش بیر بکەنەوە! ژنێکی بیست و... ژنێکی ناو قەدباریک بە لەچکی ڕەش، نانا، شین خودایە گیان جانتای شین، لەوانەی کە چەرخ بە ژێرییەوە هەیە." و بۆ ئەوەی ناوونیشانەکەی تەواو بکات زیادی کرد: "بە ئینگلیزی، سپی لەسەر جانتاکە نووسرابوو. باش لە بیرم نییە چی؟ ڕەنگە دەستەواژەیەکی دیار."

پیاوەکە دەمی کردەوە تا شتێکی پێ بڵێت، بەڵام وشەکانی تێکەڵی لێزمەی دەنگی ژنی بزر بوو، کە بانگی لە موسافیرەکانی شەمەندەفەر دەکرد کە ئەویش لە ناویاندا بوو.

"ئای، ئاخری گەیشتە نۆرەی من!" دەرفەتی وەستان نەبوو، توند گەڕایەوە و هەروا کە لەتری دەدا بەرەو دەرگای چوونە دەرەوە دەچوو، لە ناکاو بیری کەوتەوە کە ئەم دەنگەی لە کوێ، کەی و لە دەم کێ بیستووە!

**سەڕاجەددین بیناگەر شاعیر و چیرۆکنووسی خەڵکی سنە، ئێستا لە تەمەنی ٥٣ ساڵیدایە و لە شاری سنە و لە ماوەی ١٦ ساڵی ڕابردوودا، هەموو ئێوارانی پێنج شەممە لە فێرگەی چیرۆکدا شاگردەکانی خۆی کۆ دەکاتەوە و فێری چیرۆک و ڕەخنەیان دەکات. سەڕاج خەڵکی گەڕەکی قەتارچیانی شاری سنە و کوڕی گەورە میعماری ئەم شارە، خوا لێخۆشبوو ئیسماعیل بیناگەرە.**

**هەتا ئێستا چوار کتێبی چاپ کردووە کە بریتین لە یەک کۆمەڵە چیرۆک بە زمانی کوردی ئەردەڵانی بە ناوی چاوشارکێ، کۆمەڵە شیعرێکی فارسی بە ناوی مالروهای سکوت (توولە ڕێی بێدەنگی)، کۆمەڵە چیرۆکی خرس (ورچ) بە زمانی فارسی، کۆمەڵە چیرۆکی زنی با چمدان ابی (ژنێک و جانتایەکی شین) بە زمانی فارسی. سەڕاج ڕۆمانێکی بە ناوی قولولو بە زمانی کوردی ئەردەڵانی نووسیوە کە لە چەند مانگی داهاتوودا دەکەوێتە بازاڕەوە.**

مـحـەمــەد ڕەمـەزانی نووسـەری کـۆمـەڵە چیرۆکی (مزگێنی)، لەو نووسەرانەیە کە لە جیهانی کورتە چیرۆکەکانیدا، گەلێک جار لە زمـانـی تەنز کـەڵک وەردەگرێ. بێجگە لەوە ناسـیـاری باشی ئـەو نووسـەرە لە زمـان و ئـەدەبی ڕۆژاوا، بـۆتـە هـۆی ئـەوەی کـــە ئەندێشـەیەکی ئازاد و بەربڵاو، لە سـەرجەم نووسراوە و وەرگێڕانەکانیدا ڕەنگ بداتەوە. ڕەمـەزانی بە کـۆمـەڵە چیرۆکی (مـزگێنی) سەلماندوویەتی کە لە کەشوهەوای چیرۆکی بەر لە خـۆی دەرباز بووە و خـۆی جـیـا کردووەتەوە. هەروەها بەکارهێنانی زمانێکی ڕەســەنی ســاکــار، تێگەیشتن لە دەقی چیرۆکەکانی نووسـەری بۆ هەمووان ئاسان کـردووەتەوە. (دەنگی هـەرمـان - کـۆمـەڵێک چیرۆکی ئـەوروپایی، ڕووسی و ئـەمریکایی) بە کوردی، (مـوحاکـەمە)ی کافکا بە فارسی و (هـەرا و تووڕەیی) فـاکنەر بە کوردی، لەو بەرهـەمـانەن کە تا ئێستا - وەک وەرگێڕان - لە لایـەن ئەو نووسـەرەوە، پێشکەش بە ئەدەبی کوردی و فارسی کراون.



# محەمەد ڕەمەزانی:

## هەمـوو بـەرهەمـێکی هونـەری، لە زەینی هونەرمـەندەوە هەڵدەقـوڵێ.. پێـویسـتـە چیرۆکیش مۆرکی تاکەکەسیی پێوە دیار بێ.

ئا : هادی حەبیبی
(بۆکان)

* وەک پرسیارێکی بنەڕەتی، ئێوە نووسینی چیرۆک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێننەوە؟ ئاخۆ پێتان وایە لە سەرەتاوە تا ئێستا، بتوانین باس لە چەند قۆناغی جۆراوجۆری چیرۆکنووسی بکەین؟

– چیرۆکنووسی وەک دیاردەیەکی هونەری کە لە ڕۆژئاوادا سەری هەڵدا، زۆر درەنگ گەیشتە کوردستان و لەو دەریایە تەنیا چەند جۆگەلە، ڕوویان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد. نەک بە هۆی نەزۆک بوونی وڵاتەکە؛ بەڵکو بە هۆی سەرکوت کردنی فەرهەنگ و هونەری کوردی لە لایەن ڕژیمی شۆڤێنستی پالەوییەوە، چ لە زەمانی ڕەزاشادا و چ لە زەمانی حەمە ڕەزاشای کوڕی. بەر لە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا، ئێمە تا ئێوارێ ڕۆمانی «پێشمەرگە»ی ڕەحیمی قازی و کۆمەڵە کورتەچیرۆکی «پێکەنینی گەدا»ی حەسەنی قزڵجی-مان هەبوو. زۆر ئاساییە کە لە ڕۆژگارێکدا ڕووناکبیر و هونەرمەندی کورد، کە لێوی بە دەرزی و دروومانی شۆڤێنیسمی فارسی دراوبوو؛ چیرۆکنووسەکانمان پەنا بۆ بیر و بڕوای مارکسیسم بەرن، کە تەنیا ڕێبازی شۆڕشگێڕانە لە کوردستاندا بوو. ڕەحیمی قازی و حەسەنی قزڵجی هەردووکیان چەپ بوون و ڕەنگدانەوەی بیری چەپ، بە بەرهەمەکانیانەوە دیارە و تێمەکان لەسەر ئەو تەوەرانە دەخولێنەوە: چەوساندنەوەی هەژاران لە کوردستان لە لایەن دەرەبەگ و ژاندارمە و کاربەدەستانی ڕژێمی پالەوییەوە، گێژخواردنی کۆمەڵی بێ سەوادی کوردەواری، لە گێژاوی خورافاتدا و کۆیلەیی و دەرماندایی ئەو خەڵکە بە ژەهری وشکەسۆفیگەری، کە لە قوتووی ئاییندا پێیان دەفرۆشرا.

شێخ و مەلا ڕێگایان بۆ سەرکوتی گەلی کورد خۆش دەکرد. (ئەڵبەت مەلای بە شەرەفیشمان هەبوون). من وتووێژێکی کاک سەلاحی موهتەدی (ئەدیب و سیاسەتوانی کورد)م لە گۆڤاری «نووسەری کورد»دا خوێندەوە و بۆ یەکەم جار زانیم کە کاک سەلاح چەند ڕۆمانیشی نووسیون و نازانم بڵاوی کردوونەوە، یان نا. دەبێ ئەوانیش بێ گومان شوێن پەنجەی قایم و قووڵی سیاسەتیان بە سەرەوە بێ. دوای بە ناو شۆڕشی ئێران و لە ساڵانی دەیەی ١٩٩٠دا، کوردەکانی کوردستانی عیراق ڕوویان لە ئێران کرد و لافاوێکیان لە ئەزموونی هونەری و ئەدەبی، لەگەڵ خۆ هێنا ڕۆژهەڵاتی کوردستان. من بە شانازییەوە دەڵێم یەکەم کەس بووم کە دۆستانی ئەدیبیم لە ماڵی خۆماندا کۆ دەکردنەوە و شەوێ تا بەری بەیانی، چیرۆک و شیعر و پەخشان دەخوێنرانەوە و لەو کۆڕانەدا، ڕەخنە و تێبینی حازربووانی کۆڕەکان، هاندەر و شاندەری قەڵەم بە دەستانی خاوەن بەهرە بوو.

هەر لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٩٠ بەولاوە، شەپۆلێک لە بواری ڕۆمان و کورتەچیرۆکدا پەیدا بوو و دەکرێ بڵێم دوو کەرت بوون و دەستەی هەوەڵ ئەوانەن وا لاقیان لەسەر شەقامی سوننەت و ڕێبازی ڕیالیستی بوو و بەرهەمی جوانیشیان خوڵقاند، بە تایبەت فەتاح خانی ئەمیری بە دوو ڕۆمانی «هاوارە بەرە» و «میرزا»، کە ئاوێنەیەکی باڵانوێن لە دابونەریت و کێشەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئازارەکانی کۆمەڵگای کوردییە. فەتاحی ئەمیری بە بڕوای من، زۆر ڕاستگۆیانە هەڵوێستی گرتووە و بۆخۆی لە بنەماڵەی ئاغاواتانە و وەک ئەندامێکی چینی ئەشرافی کورد، «خیانەتی» بە سەرچاوە خانزادەییەکەی خۆی نەکردووە و لە هەمان کاتیشدا، ئازادی گەلەکەشی وەک ئاواتێکی پڕ سۆز و پڕ لە تامەزرۆیی، لە هەوڵەکانی ڕووناکبیرێکی ئەشرافی بە ناوی «میرزا»دا پیشان دەدا. بە داخەوە دەرفەتی ئەوە نییە کە لە وەڵامێکی وەها پرسیارێکدا، هەموو بەرهەمەکانی ئەو نووسەرانەی بە هەوڵی پیرۆزی خۆیان، گۆشەیەکیان لە ماڵی زمانەکەمان پاراستووە، باس بکرێ، بۆیە پێویستە لە گوتارێکی جیادا و بە وردی باسی لێ بکرێ. من تەنیا ناوی چەند کەسێک دەبەم: حوسەینی شێربەگی نووسەری ڕۆمانی «شاربەدەر»، حەمەدەمین شامحەممەدی، عومەری مەولوودی. ئەڵبەتە دەبێ حوسەینی شێربەگی لەم گرووپە جودا بکرێتەوە، چونکە شێوازی وی بەرەو مۆدێرن ڕۆییوە و لە باری زمانیشەوە، لە ڕۆمانی شاربەدەردا هێندێک داهێنانی کردوون و وشەی تاکەکەسیی خۆی داتاشیون. شێربەگی نووسەرێکی زۆر خوێندەوارە، بەڵام زیادەڕەویی لە باری داهێنانی زمانییەوە، کارێکی کردووە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەی تۆزێک دژوار بێ.

دەستەی دووەم ئەوانەن کە لە ڕێگای خوێندنەوەی وەرگێڕانی بەرهەمە مۆدێرنەکانی جیهانی بە فارسی، ئاشنایییەکی باشیان دەگەڵ ئەدەبی جیهانی پەیدا کردووە

و زۆریش خوێندەوارن و ئەمانە لە بواری کورتەچیرۆک و ڕۆماندا چالاکن و شوێن پەنجەیان زۆر دیارە. بۆ وێنە حەمەسالەی سووزەنی ڕووناکبیری زینداندیتووی کورد، ڕەخنەگر و چیرۆکنووسی بە سەلیقە، کە ژەهراو و زنجکاوی ئازارەکانی زیندانی دیکتاتۆری، تام و ڕەنگیان بە بەرهەمەکانییەوە دیارن. عەتای نەهایی پڕکارترین و جدیترین نووسەری کوردە و لە هەردووک بواری کورتەچیرۆک و ڕۆماندا، زۆر چالاکە و لە بواری دەروونناسیی کەسایەتیی چیرۆکەکانیدا، پتری کار کردوون. هەروەکی عەرزم کردن من تەنیا بە ڕێڕەوی و بە پەلە، ئاوڕێکم لەو نووسەرانە دایەوە و دەبێ بمبوورن. هیوادارم لە گوتارێکدا، بە وردی لەسەر کارەکانیان بدوێم. بەشێکیش لە نووسەران زۆرتر لە بواری کورتەچیرۆکدا چالاک بوون. بۆ وێنە عەزیز مەحموودپوور (ئەم نووسەرە لە پێشدا وەک تەنزنووسێکی خاوەن توانایی، هاتە گۆڕەپانی نووسین و دوایی نازانم بۆ لای دا و دوورکەوتەوە) بۆ وێنە لە کۆمەڵەچیرۆکی (حەشری ڕەنگەکان)دا بە جیهانێکی جیاوازدا دێ و دەچێ، هەروەها فەرزادی میرئەحمەدیی مندالی مەریوان، بە کۆمەڵەچیرۆکی (زایەڵەی ساراتی شەو) و زۆرم حەز دەکرد کە هەر ئەو قەڵەمە گەرموگوڕەی چیرۆکی «مانگا زەرد»ی پاراستبووایە. نازانم بۆ مانگا زەردی لێ ون بوو! سەید قادری هیدایەتی خاوەن قەڵەمێکی شیرینە و فەزای کۆمەڵەچیرۆکەکانی دەنگی نوختەم زۆر پێخۆشە. بەختەوەرانە خاتوونەکانیش لە بواری چیرۆک نووسیندا چالاک هەن، بۆ وێنە مەهپارەی ئیبراهیمی کە کۆمەڵەچیرۆکی «ئاوێنە»ی بڵاو کردەوە.

**هیوادارم کۆمەڵگەی هونەری و ئەدەبی کوردەواری، لە نەزۆکی ڕزگاری بێ و ڕێی دیارو سەربەخۆی خۆی بدۆزێتەوە.**

* به ڕای ئێوە کاریگەرترین دیاردەی هونەری، لە سەرەتای داڕشتنی بابەتی بەرهەمێکدا چییە؟

– پرسیارەکە لە باری مانا ناسییەوە (semantics) کێشەی هەیە، بەڵام من ڕوخسەتتان لێ دەخوازم کە سنووری ئەو پرسیارە دیاری بکەم. ئەگەر مەبەستتان هونەری چیرۆکە، قسە کردن لە کاریگەرترین دیاردە، پرسیارێکی لە بنەڕەتەوە نادروستە، چونکە ئێمە چەندین شێوازمان هەن بۆ نووسینی چیرۆک. ئایا چیرۆک لەسەر تەوەرەی کەسایەتیی چیرۆک دەخولێتەوە، یان لەسەر تەوەرەی تێم، یان بۆ وێنە لەسەر گرێژەنەی زنجیرەی ڕووداوەکان دێ و دەڕوا. هەرکام لەو ڕوخسارانەی چیرۆک، دەشێت پڕ ڕەنگتر بن، ئەوە گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە لە چێروکدا، تۆ شتێک دەگێڕییەوە و دەبێ زمانی خۆی بۆ بدۆزییەوە و ئەو شتەش ناکرێ تەنیا بە زەبری کتێبی سەبارەت بە ڕێوشوێنی چیرۆکنووسی، فێری کەس بکەی. ئەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە چیرۆکنووس لە تەکنیکەکانی کارەکەی بێ هەواڵ بێ، بەڵام ئەو زانیارییانە دەبێ تێکەڵ بە سروشتی وی بێ و ئەم لێهاتوویی زگماکیی هەبێ، دەنا خۆ بە زۆری بازوو نییە. ئێمە نانی سارده تەنووری پڕۆفیسۆرانی ئەدەبیات، بۆ وێنە بلیمەتێکی وەک ڕەزا بەراهەنی دەبینین کە ئەوەندەی کە لە بواری ڕەخنە و ڕاڤە کردندا مامۆستایە و بۆ وێنە لە کتێبەکانی وەک «تەڵا لە مسدا»، «چیرۆکنووسی»، یان «کیمیا و خاک»دا چەند دەست ڕەنگینە، ئەوەندە لە بواری چیرۆکنووسیی و شیعردا دەم ساردە!

ئەم پرسیارە لایەنێکی بە هێزیشی هەیە: «سەرەتای داڕشتی بابەت...». من لام وایە سەرەتای چیرۆک زۆر گرینگە و لەوانەیە بڵێم هەر ڕستەکان و پەرەگرافەکانی سەرەتا، مزگێنی ئەوەمان پێ دەدەن کە ئەوەی هاتووەتە بەردەستمان، بەرهەمێکی ڕەسەنی ئەدەبییە و هێزوگوڕی سروشتی هونەریی نووسەری تێدا هەست پێ دەکەی، یان بە پێچەوانەوە، دڵساردمان دەکاتەوە و ڕامان ناکێشێ و بەرهەمەکە پاش ئەوەی چەند لاپەڕەمان لێ خوێندەوە؛ لێی وەڕەز دەبین و وەلاوەی دەنێین. لایەنە ئیجابییەکە لە چیرۆکە نەمرەکانی نووسەرانی جیهانیدا بەدی دەکرێ، بۆ وێنە تۆ کە چیرۆکەکانی فیۆدۆر دەستۆیفسکی (نووسەری پایەبەرزی ڕووس) دەخوێنیتەوە، هەر ڕستە سەرەتاییەکان – کە زۆربەشیان زۆر سوار و پڕ هێز و پڕ سۆزن – بێ ئیختیار ڕاتدەکێشن و وەک دەشزانین، دەمانبەنە جیهانی نەفسانی کەسەکانی چیرۆکەوە. تۆ ئەم شتە تەنانەت لە یەکەم کارەکانیدا بۆ وێنە لە «سووکایەتی پێکراوان»(١)دا بە جوانی دەبینی. تۆ بزانە چەند نەرمونیان و بێ قۆرت، دەچییە ناو جیهانی

چیرۆکەوە: «پارەکە، شەوی (٢٢)ی مارس، ڕووداوێکی زۆر سەیرم بۆ هاتە پێشێ. ئەوێ ڕۆژێ هەر لە بەیانییەوە تا ئێواریٚ، گەڕەک نەمابوو لە شارەکەدا نەگەڕێم، بۆ ئەوەی بەشکم ماڵێکی کرێم دەست کەوێ. ئەو ماڵەی تێیدا بووم شێدار بوو، هەر بۆیە قۆخەیەکی شووم وردە وردە بەربینگی پێ گرتم...»، تەنانەت لە ڕۆمانێکی یەگجار پڕ وردەکاری و پڕ کەند و لەند و پڕ لە تەکنیک و پڕ لە سەمبۆلیزم و پڕ لە هێما و ئاماژەی مێژوویی، ئەدەبی و فەلسەفی وەک «یولیسز» نووسراوەی جێمز جۆیس، بە ڕواڵەت زۆر نەرم و بێ کێشە دەچییە ژووریٚ و شان و شەپیلکت بریندار نابێ: «باک مولیگانی گۆشتن، بە شان و شەوکەتێکەوە هاتە سەر پلیکانەکان، پیاڵەیەکی پڕ لە کەفاوی بە دەستەوە بوو و ئاوێنەیەک و خۆتراشێکی بە شێوەی خاچ لەسەر دانا بوو...» بەڵام چەند وێنەیەک لە سەرەتای چیرۆکەکانی نووسەرانی خۆمان دێنمەوە، بزانین ئێمەی خوێنەر چۆناوچۆن دەبەنە نێو جیهانی چیرۆکەکانیانەوە، نێویان نابەم با دڵیان نەیەشێ:

«ئەڵێی هەموو قاڵاوەکانی جیهان پیایدا ڕشاون، دیارە بەم حاڵەحاڵە نایێتە کوڵ. جگەرەیەکی داگیرساند، وەک یەکەمین جگەرەی بەیانیان گێژی کردم، حەزم ئەکرد لووتم بنێم بە دەمیەوە و تێر دووکەڵ هەڵمژم...»

یانی چی؟ ئایا ئەگەر قاڵاو بە کەسێکدا، یان بە شتێکدا بڕشێتەوە، ڕەشی دەکا؟! چی نایەتە کوڵ؟ سەماوەر، کتری، عەمباراو، حەوجۆش و، یان چی؟! باشە ئەگەر ئەوەندە تامەزرۆی دووکەڵی سیگاری کە دەتەوێ لووت بنێی بە دەمیەوە و دووکەڵ هەڵمژی، ئەدی چۆنە کە بۆنی دووکەڵ گێژت دەکا؟! من ئەو نووسەرە چیرۆکی دیشم لێ دیوە و پێشم خۆش بوون، بەڵام ئەمەیان هەر لە دەرگاوە دەچییە ژووریٚ، شتی ئەوەندە ناکۆک وەک چقڵ لە بەری پێت هەڵدەچەقێن؛ کە دەستبەجێ پەشیمان دەبییەوە و دەتەوێ بە ڕێێ خۆتدا بگەڕێییەوە دواوە.

ئەمەش نموونەیەک لە نووسەرێکی زۆر خاوەن توانست، کە کارەکانی دیکەیم یەگجار بە دڵن:

«.... تەنیا، دەنگی حیلەی دڵنیایی و شادبوونەوەی، بە ژووره پڕ نهێنییەکەی ئەودیوی شاخەکان نەدەهاتە گوێ. گوڵچین لەسەر پانیژە، چوارمیلکەی دابوو. دەستە کارامەییان لە باشدارتاشێک خواستووە...»، باشە ئایا خوێنەر بە هاسانی لە «دەنگی حیلەی دڵنیایی» دەگا؟ ئێمە حیلە، یان حیلاندنی ئەسپمان بیستووە. ئەگەر وای دانێین کە لەو ناوچەیەی نووسەری لێ دەژی؛ حیلە بە مانای حیلکەحیلک و پێکەنین بێ، دیسان بۆ خوێنەری ئاسایی، «دەنگی حیلەی دڵنیایی» بە قەرا شیعرەکانی ڕەزا بەراهەنی پشووت سوار دەکا و گوێچکەی فەقیریش تەقەی لێوەدێ!

ئەدی ئەو ڕستەیە یانی چی:«دەستە کارامەییان لە باشدارتاشێک خواستووە....» ؟! باشە، "باشدارتاش" بە مانای نەجار، یان دارتاشی چاکە، (هەر چەند ئێمە زۆرتر باش مەلا و باش وەستامان بیستووە، نەک باش دارتاش). کار، یان فرمانی «خواستووە» کە ڕیشەکەی خواستنەوەیە، بە مانای بە ئەمانەت وەرگرتنی ئامێر، یان ئامرازێکە، بەڵام تا ئێرە ڕستەکە مانای ڕوون نییە، جا بۆیە هەر خوێنەرێکی کورد بێجگە لە نووسەر! مانای ئەو ڕستەیەمان پێ بڵێ، شەرت بێ، باری هێستریک هەرمێ کرووزی، یان مێوژەڕەشەی بە دیاری بدەمێ!

* چیرۆکنووس تا چ ڕادەیەک، چاوەڕوانیی خوێنەری بۆ گرینگە؟

– من وا تێدەگەم مەبەست لە چاوەڕوانی ئەوەیە کە خوێنەر، یان بیسەر، پاش خوێندنەوە، یان بیستنی بەشێک لە چیرۆک، لە خۆی دەپرسێ: «دەی پاشان چ قەوما؟». ئەم دیاردە، یان تایبەتمەندییە، لەو ڕۆژەوەی کە مرۆ لە ئەشکەوتدا دەژیا و شەوانە لە دەوری ئاگرەکەیان کۆ دەبوونەوە و حیکایەتخوان چیرۆکی بۆ دەگوتن، هەتا ڕۆژگاری مە ئەو پرسیارە لە چیرۆکدا لە گۆڕێدا هەر هەیە، تەنانەت لە ڕۆمانێکی کەم ڕووداوی وەک «ئۆبلێمۆف»ی گونچارۆفدا و لە فیلمە فەلسەفی و پڕ دیالۆگەکانی تارکۆفسکیدا.

کەسایەتیی چیرۆک دەگەڵ سروشت، کۆمەڵ، یان دەروونی خۆی هەڵسوکەوت دەکا و هەرچی بێ؛ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا دێ. جا چ ئەو ئاڵوگۆڕە زۆر بنەڕەتی و قووڵ و بەرین بێ، وەک کە لە تراژیدییەکاندا ڕوو دەدا، یان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک و لە بارستاییەکی کەمدا بێ؛ بۆ وێنە لە کۆمێدیدا، کەسایەتی چیرۆک «بزووتنەوەیەکی جەوهەری» دەکا و ئیتر نییە ئەو شتەی کە هەبوو، دیارە ئەو شتەش

هەمیشە ئاوا نالوێ کە تۆ لە جێوباندا ڕاکشێی و لاق لەسەر لاق دانێی و چاو بقووچێنی و بچی لە عالەمی خەیاڵەوە. دەبێ ئاکسیۆن، یان کردەوەیەک ڕوو بدا. لام وانییە هەرگیز ئەم تایبەتمەندییەی چیرۆک تامی بچێ و باوی نەمێنێ.

* لە نێو کۆمەڵگای ئەوڕۆی کوردەواریدا تاقمگەرایی و بە شانوباڵی یەکتریدا هەڵگوتن، ئەوەندە باوە کە زۆر جاران دەرفەت ناهێڵێتەوە بۆ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ئاسەواری نەمر و سەرکەوتوو کە بڵاو دەبێتەوە... «مزگێنی» وەک بەرهەمێکی چیرۆکنووسی ڕۆژگاری ئێمە، بە چاوێکی وردبینی هونەرییەوە، زۆر لە ڕوخسارەکانی کۆمەڵگای کوردەواری تەماشا دەکا و پیشانی خوێنەریشی دەدا، ڕوانگەی خۆت وەک نووسەری کۆمەڵەچیرۆکی «مزگێنی» چییە؟

- ڕاستە، لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە زۆرینە بە چینی وردەبورژوایە - هیوادارم مۆری مارکسیست بوونم لە نێوچاوانی نەدەن! - ئەم تایبەتمەندییە ناخۆشە هەیە. خۆخۆری و تاقمگەرایی و شەڕەگەڕەک و خۆمانە خۆمانە کردن. وەکی لە زۆر جێگادا گوتوومە و بە شانازیشەوە دەڵێم، یەکەم کەس بووم لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە نووسەر و شاعیر و - بەگشتی - ڕووناکبیرانی وڵاتی کوردەواریم لە ماڵی خۆمان کۆ دەکردنەوە و شەوانە تا بەری بەیانی، بەرهەمی ئەدەبی خۆیان دەخوێندنەوە و حازربووانی کۆڕەکە و یەکێ لەوانە خۆم، کە ئەدەبیاتی ئینگلیزیم خوێندووە؛ قسەمان لەسەر کارەکان دەکرد و ڕێوشوێنمان دەکێشان. شوکری خوا ئەم بزووتنەوەیە هەموو شارەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی گرتەوە و لە ماڵان، کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی بەڕێوەچوون، پاشان ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان بەڕێوەچوون، بەڵام جاری واشە دووبەرەکی و ناکۆکی هەبوون، ئاساییە. ئەگەر ئێمە بڕوامان بە دیموکراسی هەبێ، نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە هەموو وەک یەک بیر بکەنەوە.

بەشی دووەمی پرسیارەکە دێتە سەر کۆمەڵەچیرۆکی «مزگێنی». ئەو کتێبە، خوێنەری کورد باشی بەرەو پیرەوە چوون. (دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ کە تیراژی کتێب لە وڵاتی وەک وڵاتی مە، گەلێک لە خوارێیە و لە دوو سێ هەزار تێ ناپەڕێ)، هەرچەند ئەو کتێبە، محەمەدی سەقز کە چاپی کرد، زۆر خراپی بڵاو کردەوە و لەسەر حیساب و کیتاب، لەگەڵ کتێب فرۆشەکانی زۆربەی شارە کوردەکان مشتومڕی بوو. (دوای مردن هەر ڕەحمەت چاکە و لەوە زیاتری لەسەر ناڕۆم). کاتێ «مزگێنی» بڵاو بووەوە، واتا ساڵی ١٩٩٨، شاعیر و نووسەری کوردستانی عیراق، حەمە سەعید حەسەن لەسەر کەناڵی تەلەڤزیۆنی میدیا تیڤی، لەگەڵ چەند برادەری دی قسەیان لەسەر کرد و زۆریان پەسەند کرد. هەم لە باری تەکنیکی چیرۆکەکانەوە و هەم لە باری زمانەوە. لێرە و لەوێش، لە گۆڤارە کوردییەکاندا بە ڕێزەوی قسەی لەسەر کراوە. لە لایەن ئەهلی قەڵەمەوە، بۆ وێنە تۆفیق موشیر پەناهی و سەید قادر هیدایەتی.

**کاتێک چیرۆک ڕووی تێکردی، شێوازی سروشتی خۆشی لەگەڵ خۆی دێنێ.**

وام پێ باشە خۆم کەمتر لەسەر کارەکانم بدوێم. خوێنەر دەبێ داوەری بکا، ئەوەندەی هەیە کە من ناتوانم خۆم بە تاقە شێوازێکەوە ببەستمەوە و بە ڕای من، کاتێ چیرۆک ڕووی تێکردی، شێوازی سروشتی خۆشی دەگەڵ خۆی دێنێ. من ئەم چیرۆکانەم بە زمانی ئینگلیزیش نووسیونەوە و لە وێبسایتی ramazanee. Tripod. Comدا هەیە، (ئەڵبەتە پێشگری wwwی پێویست نییە). نامەیەکم لە کاک محەمەدی ئەحمەدیان (برازای خوالێخۆشبوو مامۆستا ئەحمەدیانی مەهابادێ) بە دەست گەیشتووە، ماڵی لە فنلاندەیە، نووسیویەتی: چیرۆکەکانتم پیشانی هەشت نۆ دە کەسی ئینگلیزی زمان داون، هەموویان پاش خوێندنەوە گوتوویانە کە لە باری هونەری و ئەدەبییەوە، لە لووتکەدان، بە تایبەتی مامۆستایەکی ئەدەبیاتی ئینگلیزی خەڵکی ئوسترالیا، گوتبووی لام سەیرە کە غەیرەئینگلیزییەک، چۆن ئەو هەموو زاراوە عامیانە و ئەو وشە ڕەسەنانە فێر بووبێ. لەم ساڵانەشدا برادەرێک بە ناوی ڕەزا ئیسماعیل پوور کە ماڵی لە سوێدە، لە ڕۆژێک لە ڕۆژانی پشووی نەورۆزێدا، زەنگی بۆ دۆستێکی هەردووکمان بە ناوی کاک لوقمانی یووسف پوور لێ دا لە بۆکانێ و ئەویش گوتی ڕەمەزانی لێرەیە. کاک ڕەزا داوای کرد کە تەلەفۆنەکە بدە بە فلانەکەس و گوتی: ئاغای ڕەمەزانی چیرۆکە ئینگلیزییەکانتم بە حەوت کەسی ئینگلیزی زمان

داوە. ئەویش هەر بەو ئاکامەی کاک محەمەدی ئەحمەدیان گەیبوو. لە نێو ئەوانەدا مامۆستای ئینگلیزییەکەیان خاتوونێک دەبێ کە پاش خوێندنەوەی چیرۆکەکان، بە کاک ڕەزای گوتبوو ساڵیانی ساڵە هیچ کۆمەڵە چیرۆکێ، منی بە قەرا ئەم چیرۆکانە نەهەژاندووە.

* ئێوە ڕووبەڕوو بوونەوەی سوننەت لەگەڵ ڕەوتی مودێرنخوازی – بە هەموو شکڵەکانییەوە – لە جیهانی چیرۆکی کوردیدا بە تەنگژە نازانن؟

– نا. ئێمە سوننەتی چیرۆکنووسینمان نەبووە. بە داخەوە ئێمە هیچمان نەبووە کە لە دەستی بدەین، بەڵام کێشە ئەوەیە ئێمە دەمانەوێ چی وەدەست بێنین؟ ئایا نووسەرانی ئێمە دەیانەوێ هەمان کار بکەن کە وڵاتی چین، لە بواری پیشەسازیدا دەیکا و تەنیا و تەنیا کۆپی لە نووسەرانی سەر بە دەرەوەی وڵاتان هەڵگرینەوە؟ ئایا ئەگەر هێنامان لاسایی مارسێل پروست و جێمز جۆیس و کافکا و ئێدگار ئالن پۆ و گابرییێل گارسیا مارکیز و... مان کردەوە، ئیتر کار تەواوە؟ بە داخەوە کەسانێکی خۆ لێ گۆڕاوی خۆدۆڕاومان هەن، ناویان ناهێنم، بەڵام هەموو دەیانناسن، بەربوونەتە لاسایی کردنەوە و لە باشترین حاڵەتدا، ئاوێنەیەکن تیشکی ڕۆژ هەڵدەگەڕیننەوە. دەبێ بەو خۆشەویستانە بڵێین: برای من، خوشکی من! تۆ خۆت ڕۆژ بە؟ مودێرن بە، بەڵام مودێرنی کوردی. چیرۆکەکانتان با مۆرکی تاکەکەسیی خۆتانی پێوە بێ. باوەڕ بکە چیرۆکەکانی ئەمانە دەخوێنییەوە؛ هەموویانت وەک پۆشاکی سەربازی دێنە بەرچاو، بە قەرا سەری دەرزییەک سەلیقە و زایەقە و هەڵبژاردنی تاکەکەسییان تێدا بەدی ناکەی. ئەی ئەوە تەنگژە نییە؟! تۆڵستۆی (نووسەری پایەبەرزی ڕووس) لە what is art (٢) (هونەر چییە؟)دا دەڵێ: «بەرهەمێکی کە لاسایی فلانە بەرهەمی هونەری، یان ئەدەبی کردبێتەوە، تەنانەت ئەگەر لە ئەسڵەکەش جوانتر بێ؛ قەت بە ئەسڵەکە ناگا و هەر لە پشتەسەری وییەوە دەڕوا». هیوادارم کۆمەڵگای هونەری و ئەدەبی کوردەواری، لە نەزۆکی ڕزگاری بێ و ڕێی دیار و سەربەخۆی خۆی وەدۆزێ.

* وەک نووسەرێکی کورد بۆ دەربڕینی نهێنییەکانی دەروونی خۆت، زۆرتر لە زمانی تەوس کەڵک وەردەگری، هۆی چییە؟

– تەوس یانی satyre، لەو نەتەوانەدا کە لە ژێرچەپۆک و چەکمەی زەبروزەنگی زۆردار و ملهوڕ و دیکتاتۆر و چەوسێنەرەواندان، سەرهەڵدەدا و گەشە دەکا. بۆ وێنە ئێرلەندییەکان – کە سەدان ساڵ ژێر چەپۆکەی ئیستعماری ئینگلیز بوون – خاوەنی تەنزی بە هێزن. بۆ وێنە بڕوانە چیرۆکەکانی فرەنک ئۆکانر(٣)، یان جێمز جۆیس کە تەنانەت لە ڕۆمانی یوولیسز Ulys-ses ویدا ئەو شتە بەدی دەکەی، یان لە «بەسەرهاتەکانی گالیڤێر»ی جاناتان سویفت کە بە شێوەیەکی هێمایی، مرۆ ئەوەندە گچکە دەبینێ. چۆنە کە نووسەرێکی تەنزنووسی وەک چیخەف لە کۆمەڵگای ڕووسییەی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا سەر هەڵدەدا؟ ڕووسییە لەو ڕۆژگارەدا کۆمەڵگایەک بوو، کە لە ژێر سێبەری شوومی تێزاردا دەژیا. زۆربەی هەرە زۆری خەڵک بێ سەواد بوون و وەرزێران لە ژێر چەپۆکی ئاغاواتدا بوون، هەر چەند کە "لینین" دەیگوت فەلا و ئاغاوات شتێکیان وەک یەک دەچێ و ئەویش بێ فەرهەنگی و دواکەوتوویییە. ئەڵبەتە کۆمەڵگای خانزادەیی ڕووسیا، هۆگری هونەر و ئەدەبیش بوون و هاتوچۆی فەڕانسەیان دەکرد و زمانی فەڕانسەشیان دەزانی. هەر لەو چین و توێژەدا بوو، کە نووسەرانی بەرزی وەک "ئیڤان تورگنێف" و "لیۆ تۆڵستۆی" سەریان هەڵدا. من ئەو نموونانەم بۆیە هێنایەوە کە ئەگەر لە کۆمەڵی زوڵم لێکراو و تاڵی چەشتووی کوردەواریدا، تەنز، یان (ساتیر satyre) سەرهەڵبدا، لاتان سەیر نەبێ. ئەڵبەتە لێهاتوویی لە بواری تەنزدا، توانێکی سروشتی و ژێنێتیکیشە، بابم و مامەکانم – کە لە موکوریان بە دوراغییەکان بەناوبانگن – ئەگەرچی نەخوێندەوار بوون، بۆ تەنز لە نێو خەڵکدا نێوبانگیان هەبوو. برادەرێکی خەڵکی بۆکان، سەدان قسەی نەستەقی مامە کەریم – کە بە حەمەکەریم دوراغی بەناوبانگ بوو و دەبووە بابی مەلا عومەری عەسری، سیاسەتوانی بەناوبانگی کورد – لە دەفتەرێکدا نووسیبوو و خەیاڵی بوو چاپیان کات. یەکێ لەو قسە خۆشانەی ویتان بۆ دەگێڕمەوە: ڕۆژێک لاوێکی خۆش قیافە و پڕ هەیبەت، دەچێتە دووکانەکەی و داوای لیمەشۆرەی لێدەکا. مام کەریم کە داخی ڕژێمی حەمەڕەزا

شای لە دڵدابوو، دەڵێ: «کاکمان، بەو قەڵافەتەوە کە هاتییە ژووری دڵم خۆش بوو، وامزانی داوای چاردەخۆرم لێ دەکەی!»، دووکانەکەی کە دایە پڕ بوو لە ئاغاواتی دێبوکریی و فەیزوڵڵابەگی، وێکڕا لە قاقای پێکەنینیان دا. حاجی سەید محەممەدی هیدایەتی زاوای قاسماغای موهتەدی، ڕۆژێکیان بە بەر دووکانەکەیدا دەڕوا و دەبینێ ئاغاکان لەوێ نین، دەڵێ: «مامە حەمە کەریم، ئەدی ئەوە کوا ئاغاکان؟ دەڵێ قوربان چوون بۆ قومار. سەید محەمەد بە سەرسوڕمانەوە دەپرسێ: «قوماری چی؟!» مامە کەریم دەڵێ: «قوربان، ئاخر هەموویان پیر و کەنەفتن و چوون پووڵی کفنەکەیان بەرنەوە!!»

تەنز گریانێکە لە جلوبەرگی پێکەنیندا، پێکەنینێکی تاڵ و پڕ لە بیری تیژ و قووڵ. لەنگستن هیووز (شاعیری ڕەش پێستی ئەمریکایی) دەڵێ: «بۆیەم دەم پان کردۆتەوە، کە فرمێسکم نەیەنە خوارێ.»

* زۆر لە توێژەرانی ئەدەب لەسەر ئەو بڕوایەن، هونەری نووسەر لەوەدایە کە تەرحێکی زەینی دەکاتە چیرۆک. ئاخۆ ئێوەش لاتان وایە کە هونەری داهێنەرانەی نووسەر، بە مانای پەیکەر بەخشین بەو تەرحە زەینییەیە؟

- بێ گومان کە هەموو بەرهەمێکی هونەری، لە زەینی هونەرمەندەوە هەڵدەقوڵێ. بەرهەمی هونەری لەگەڵ ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژنامەنووسی، یان ئیداری جیاوازی هەیە. کێشە لەوەدا نییە کە هەر بەرهەمێکی هونەری، خۆوحاست، یان ناڕاستەوخۆ، سەرچاوەکەی لە جیهانی ڕاستەقینەدایە؛ بەڵکو کێشەی گرینگ لە شێوەی دیتنی هونەرمەنددایە. هونەرمەند لە دیاردەی ئاساییدا، شتی نائاسایی و تازە دەبینێ. بە واتایەکی دیکە، ئەم وەک مرۆی ئاسایی، عادەت چاوی دڵی کوێر نەکردووە، بەڵام تا ئێرە بەس نییە. زۆرکەس دەبینی ڕوحێکی هونەرمەندانە و زەوقی هونەریشی هەیە؛ بەڵام کەرەستە هونەرییەکەی ئەوەندە دەستەمۆ و نەرمونیان نییە، کە بتوانن هەستی خۆیان، واتا ئەو شتەی لە زەینی هونەرمەندانە، یان لە جیهانی خەیاڵی واندایە، بەو کەرەستانە بەیانی کەن. بە دەردی گۆران کوتەنی: «چی دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم + بۆم نایەتە چوارچێوەی هەڵبەستم». ئەڵبەتە گۆران لام وایە بە تەوازوعەوە ئەم شتە دەڵێ، دەنا ئەو بۆخۆی لەو شاعیرە مەزنانە بوو، کە وشە لە دەستیدا وەک مێو، نەرمونیان بوو و هەستی خۆی زۆر جوان پێ بەیان دەکردن. ئەو شتەش پێویستی بە ڕاهێنان و نەپسانەوە هەیە.

* لە چوار جیهانی مۆپاسان و چیخەف و هەمینگوای و جێمز جۆیس، کامیان لە باری تەکنیک و نێوەرۆکەوە پەسەند دەکەی؟

- ڕەنگە ئەگەر ئەم لیستە بخەیە بەر دەستی زۆر کەس - مەبەستم ئەو کەسانەیە کە دەستێکیان لە چیرۆکنووسیدا هەیە، یان هەڵسوکەوتێکی تەکنیکی لەگەڵ چیرۆک دەکەن - بێ سێ و دوو دەڵێن جێمز جۆیس. من حەز ناکەم پۆزی ڕووناکبیرانە لێ دەم، گومان لەوەدا نییە کە جۆیس زۆر بەرزە و کەڵە نووسەری سەدەی بیستەمە، بەڵام بێجگە لە کۆمەڵە چیرۆکی دوبلینییەکان، بەرهەمەکانی دیکەی واتا ڕۆمانەکانی جۆیس، تەنانەت بۆ ڕووناکبیرانی ئاشنا دەگەڵ هونەر لە ئەوروپا و ئەمریکا دژوارە. من لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٩٥دا، «وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا»(٤)م دیت کە وەرگێڕێک لە کوردستانی عێراق، وەریگێڕابووەوە سەر زمانی کوردی. بە داخەوە ناوی وەرگێڕەکەم لە بیر نییە، ناشزانم ئایا لە ڕووی دەقی ئینگلیزییەکەیەوە وەریگێڕابووەوە، یان لە ڕووی دەقی عەرەبییەوە، بەڵام تۆ بێنە هەر لە ناو ئەهلی قەڵەمی کورددا ئامار بگرە- ناڵێم خوێنەری ئاسایی - بزانە تاقە دە کەست وەگیر دەکەوێ ئەو کتێبەیان خوێندبێتەوە! من هەستی خۆم سەبارەت بە فەزای کارەکانی جۆیس لە پێشەکی کتێبی (دەنگی هەرمان)دا، بەیان کردووە و بە ڕاستی سەری ڕێز بۆ ئەو شاعیر و هونەرمەندە دادەنوێنم کە هونەری چیرۆکنووسی، گەیاندە لووتکەیەکی یەگجار بەرز. من بە شانازییەوە دەڵێم کە گرینگترین کورتەچیرۆکی کۆمەڵەچیرۆکی «دوبلینییەکان» واتا «مردووەکان»م کردووەتە کوردی و لاشم وایە زمانی جۆیسم، تا ڕادەیەکی زۆر گواستووەتەوە سەر زمانی کوردی. من هەمیشە هەوڵم ئەوەیە کە وەک نووسەرێک، لە وەرگێڕاوەکاندا دەست بۆ قەڵەم بەرم. خولیای من ئەوەیە دەرفەتی ئەوەم بێ کە ڕۆمانی «یوولیسز» بە تەواوی بکەمە کوردی، ئەڵبەتە تا ئێستا لەو ١٨ بەشەی ڕۆمانە ٧٣٠ لاپەڕەییەکە، سێ بەشم کردووەتە کوردی، بەڵام بڕوا بکە جاری وا بووە ڕستەیەکم نووسیوە کە نزیکەی دوو لاپەڕەم footnote واتا پەراوێز بۆ نووسیوە.

دەبێ ناوەندێکی بڵاوکەرەوەی کتێبان، پشتیوانی داراییم لێ بکا، چونکە وەرگێڕانی ڕۆمانی یوولیس دەخوازێ کە هەر نەبێ، دوو ساڵان شەو و ڕۆژ دانیشی کاری لەسەر بکەی. من وتووێژێکی مەنوچێهری بەدیعیم لە گۆڤاری فارسی زمانی «مترجم»دا خوێندەوە کە دەڵێ: من یوولیسم بە هەشت مانگ وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی!! هەر وەک ڕەنگە بیستبێتتان کە ڕۆمانی یوولیسز ulysses نزیکەی حەوت ساڵی پێچووە، تا جۆیس نووسیویەتی و لە سێ شاری ئەورووپایی، تریست و زۆریخ و پاریس کاری لەسەر کردووە و لە پاریس تەواوی کردووە. جۆیس هونەرمەندێکی دەستکورت بووە و بەشێک لە ژیانی بە وانەی ئینگلیزی گوتنەوە، لە تریست و ماوەیەکیش لە زۆریخ دابین کردووە. ئەمیش وەک فیۆدۆر دەستۆیفسکی نووسەری ڕووس، تووکی سەریشی قەرز بووە، بەڵام بەختەکەی باشی هێنا و خاتوونێکی ڕووناکبیر و دەوڵەمەندی بریتانیایی بە ناوی هەرییێت شاوویڤر Harrirt Shaw Weaver بۆ ماوەی ٢٥ ساڵان، بە بەلاش پارەی دایە و یارمەتی دارایی دا. ئەگەریش یارمەتی دوو کەس لە هەڤاڵان و یارمەتیدەرانی بە ناوی ماریا و ئۆژن ژۆلاس نەبایە؛ ڕەنگ بوو نە یوولیس و نە زۆر لە کارەکانی دیکەی بۆ خەڵاس نەبوایە.

بڕێک لە مەبەست دوور کەوتمەوە و کەوتمە لاڕێ. باسی ژیانی جێمز جۆیس لە زۆر کتێباندا کراوە و خوێنەر دەتوانێ بۆخۆی بچێ وەدوویان کەوێ. دێمەوە سەر ئەو باسەی کە هەستی خۆم چۆنە سەبارەت بە کارەکانی جۆیس. من لام وایە هەر کەسێ وا پیشان بدا کە سەری لە هەموو وردەکارییەکانی بەرهەمی جێمز جۆیس دەرکردووە، درۆزنە. من سوێندی کۆمەڵەچیرۆکەکانی دوبلینییەکان ناخۆم، هەرچەند ئەوانیش سەمبۆلیزم و ئاماژەی جۆراوجۆریان تێدایە. من باسی ڕۆمانەکانی دەکەم، باسی "وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا"، کە پرۆتاگۆنیست، یان کەسایەتی سەرەکییەکەی واتا ستێفێن دۆدالۆس، هەمان کەسایەتی جۆیسە و ژیانی وی؛ ئەمی کە دایک و بابی بەو هیوایە ناردیانە قوتابخانەی یەسوعییەکان بە ناوی کۆلۆن گۆوز، کە لە داواڕۆژدا ببێتە ڕێبەری ئایینی، بەڵام لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە لە ڕیزی بروامەندانی خاچپەرستانی

کاتۆلیک هاتە دەرێ و وەک لە سەرەتای یوولیسزدا دەبینرێ؛ تەنانەت حازر نییە بە قسەی دایکی بکا کە لە گیانەڵڵادایە.

دایکی دەیویست ئەم – واتا ستێفێن دۆدالۆس لە ڕۆمانەکەدا – وەک قەشەیەک دوعای بۆ بکا (لە ژیانی ڕاستەقینەیدا دایکی داوای لێ دەکا ئەم – واتا جێمز جۆیس – کە ماوەیەک لە فەڕانسە بووە و تووشی گوناح بووە، تۆبە بکا). هەرچی ئەم بوو دەیویست لە سێ گۆشەیەکی شووم دەرباز بێ کە:

ئەلف) لایەکی کڵێسەی کاتۆلیک بوو.

ب) لایەکی ئیستیعماری ئینگلیز.

ج) لایەکیشی دواکەوتوویی ئیرلەند و زێدی خۆی؛ واتا دوبلین، هەر بۆیە لە تەمەنی ٢٤ ساڵییەوە ئیرلەندی بە جێ هێشت و ڕووی لە ئەورووپا کرد. هەوەڵێ شاری زۆریخ، دوایە تریست، ماوەیەکیش ڕۆما (کە زۆری ڕق لە ڕۆما بوو)ە، دوایی زۆریخ و پاشان پاریس. تا تەمەنی ٢٩ ساڵی تەنیا سێ چوار جارێک چووەتە دوبلین و ئیدی تا کۆتایی تەمەن، ڕووی لە وڵاتی خۆی نەکردەوە.

من قسەم لەسەر ئەوە نییە کە بەرهەمەکانی جێمز جۆیس، لە باری هونەرییەوە یەکجار دەگمەنن و زێڕی بێ خڵتەن، بەڵام پارادۆکس لەوەدایە کە ئەو بەرهەمانە، لە بەر باشییان، خەراپن و لەسەر و بابانی خوێنەری ئاسایی، زیادن و زۆریش زیادن! نزیک بیست ساڵ لەوە پێش بوو، لێکۆڵینەوەیەک لە ئەورووپا بەڕێوە چوو؛ واتا لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا، بۆ ئەوەی بزانن کامە نووسەر، بەرهەمیان پتر دەخوێنرێتەوە. دەرکەوت کە زۆربەی هەرە زۆری خوێنەران، بەرهەمی نووسەرانی وەک بەلزاک و دیکنز و تۆلستۆی و چیخەف و دۆستۆیۆفیسکی و جاک لەندەن و شتاینبەک و ئەمانە دەخوێننەوە، بەڵام کارەکانی جێمز جۆیس، ئەگەرچی ڕۆژی ١٦ی حوزەیران؛ واتا هەر ئەو ڕۆژەی کە ڕۆمانی "یوولیسز" ڕووداوەکانی تێدا ڕوو دەدا (وەک دەزانن ئەو ڕۆمانە لە ٢٤ کاتژمێردا دەگوزەرێ)، لە ناوەندە ڕووناکبیرییەکانی ئەمریکا و ئەورووپا دەکرێ بە جەژن و لە شاری دوبلین کەرنەڤاڵ بەڕێوە دەچێ، ئێستا و ئێستاش لە ڕیزی ئەو کارانەدا نین کە زۆر دەخوێنرێنەوە. ئەگەر سوێند بخۆی کە ڕۆمانی "Finnegans Wake

بەخەبەری فینیگانەکان" لەوەتی بڵاو بۆتەوە؛ واتا لە ساڵی ١٩٣٩ تا ئێستا کە ساڵی ٢٠١١ یە، ٥٠٠ کەس بە وردی نەیخوێندووەتەوە، سوێندت لێ ناکەوێ. ڕۆمانەکانی جۆیس هەرکامیان وەک پارچەیەک مۆسیقا وان، کە تۆ دەبێ هەم نۆتەکانیان بزانی و هەم ژەندنی ئامێری مۆسیقاکە! ئیدی خواردنی خوێنەری ئاسایی نین! خوێنەر دەبێ سوپەرمان، یان "ئەوپەڕ مەردی"ی نیتشە بێ (ئەڵبەتە ئەوپەڕ مەردی هونەری نەک سیاسی)، کە بتوانێ خوێنەری جۆیس بێ. ئیدی نابێ لات سەیر بێ کە "فاشیزمی هونەری و ئەدەبی هەبێ! "کاتێک گوێ بۆ ئەو قسەیەی جێمز جۆیس دەگری کە سەبارەت بە ڕۆمانی "یولیسز، Ulysses دەڵێ: "ڕۆمانێکم نووسی کە ڕەخنەگران هەتا سەدان ساڵ، قسەی لەسەر دەکەن و دیسان هەر لێیان نابڕێ". ڕەنگە ئەنگۆش بێنە سەر ئەو باوەڕە.

با بێمە سەر ئەنتۆن چیخەف چیرۆکنووس و شانۆنووسی ڕووس و تەنزنووسی خاوەن توانست. ئێمە باسی جێمز جۆیسمان کرد، نووسەرێکی کە تەکنیکی" لێشاوی زەین"ی(٥) برەو پێ دا. ئەم تەکنیکە بە ناوی جۆیسەوە ناوبانگی پەیدا کردووە و دەبێ بڵێم لەم بوارەدا، ڕووسەکان بەدشانسن. ئەو تەکنیکە لە ڕاستیدا دوو نووسەری گەورەی ڕووس دایان هێناوە، یەکیان لیۆ تۆڵستۆیە، کە لە ڕۆمانی "مەرگی ئیڤان ئیلیچ"دا زۆر جوان دەمانباتە ناو مێشکی کەسایەتی سەرەکی؛ واتا ئیڤان ئیلیچ، کارمەندی پلەبەرزی ئیدارەیەک. نووسەر بە شێوەیەکی یەگجار گەش و ڕوون و شەفاف، ناو مێشکی ئەو کەسایەتییەمان پیشان دەدا، کە نەخۆش و زەلیلە و لە جێگادا کەوتووە و ڕۆژانی یەکەم، هاوکاران و ژێردەستانی ڕیاکاری دێن، سەری لێ دەدەن، بەڵام زۆر زوو ئیدی پەکیان دەکەوێ و وای لێ دێ ئیدی هیچیان نایەن و لێی ناپرسن. ژن و منداڵەکانیشی هەر وەک کۆمەڵی هاوکاران و ڕەفیقانی ناموافق، ڕیاکارن. لێی وەڕەز بوون و ئەم دەبیستێ کە ژنەکەی و کچەکەی لەو دیو دانیشتوون، بە بێ هیچ داخ و کەسەرێک باسی مردنی وی دەکەن. تۆڵستۆی بە درێژایی ئەو کاتانەی کە ئیڤان ئیلیچ زەلیلە و بە جێوبان کەوتووە، زۆر جوان لێشاوی زەینی کارەکتەرمان پیشان دەدا، کە بە ئاگاییەکی تاڵ سەبارەت بە دۆست و ئاشنا و کەسەکانی گەییوە و خێری بەخشیونەتەوە و پەردەی ڕیا و درۆ، لەبەر چاوی لاچووە و بۆی دەردەکەوێ کە ئەو ماوەیە، کەس خۆشی نەویستووە و تەنیا لە بەر پۆست و پایەکەی، کلکەسووتێیان لە بەر کردووە. جا تراژێدی، یان خەمنامە، لەوەدایە کە ئیڤان ئیلیچ نەک ئازاری جەستە؛ بەڵکو ئەو ئازارە دەروونییە بەرەو تاڵترین مەرگی دەبا.

نووسەرێکی دیکەی ڕووس کە ئەویش بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەدەبدا، تەکنیکی " لێشاوی زەینی" بەکار بردووە، ئەنتۆن چیخەفە. من بۆ وێنە ئاماژە بە کورتەچیرۆکی ڤانکا دەکەم. ڤانکا منداڵێکی هەشت نۆ ساڵانەی بچکۆلەی بێ دایک و بابی لادێییە، کە کۆنستانتینی باپیری، داویە بە نۆکەر لە ماڵێک لە شاری. کابرا و ژنەکەی زۆری بۆ خەراپن. چیخەف، ڤانکا لە ڕۆژی پێش جەژنی کریسمەسدا پیشان دەدا کە دەرفەتێکی باشی وەگیر کەوتووە و ئاغا و خانم و شاگردەکانی دیکە، لە ماڵێ نین و وێکڕا چوون بۆ کڵێسە و ماڵەکە چۆڵوهۆڵە. "کاتیش. ڤانکا" مەرەکەب و قەڵەمێکی نووک ژەنگاوی دادەگرێ و کاغەزێکی گنج و لۆچ دەست دەداتێ و چاو لە پەنجەرەکە و تاریکایی ئەو ئێوارێیە دەبڕێ و نووسەر لێرەدایە کە ناو مێشک و زەینی ئەو کارەکتەرەمان پیشان دەدا. ڤانکا باپیری دێتە بەر چاوی کە کێشکچی مولکی ئەربابێکە. باپیری دێتە بەر چاوی کە ئینسانێکی دەم بەپێکەنینی ئەهلی فشە و گاڵتەیە و نیو ژنانیشی زۆر پێخۆشە و لەگەڵ کلفەت و قەرەواشان شۆخی دەکا، تەنانەت قوتووە برنووتییە(٦) کەیان پێ دەدا بۆنی پێوەکەن... ڤانکا قەڵەم لە مەرەکەب هەڵدەکێشێ و لە حاڵێکدا باپیری زۆر زیت و زیندوو لە عالەمی خەیاڵدا دەبینێ؛ کاغەزی لێ دەنووسێ و هاوار و گلەیی و گازندەی بۆ دەبا، کە باپیرە وەرە بۆ خاتری خودا لێرەم ڕزگارکە، کە ئاغا و خانم واو وام بۆ خەراپن و مەسەلەن فلانە جار – کە منداڵەکەیانم ڕادەژاند – بە تاوانی ئەوەی کە خەوەنووچکە بردبوومییەوە، ئاغا هەر بە قژی سەر ڕایکێشام و بردمییە حەساری و تێروپڕی کوتام....

جێمز جۆیس تەکنیکی "لێشاوی زەینی" لە چیخەف وەرگرتووە، بەڵام ڕێشی تێدەچێ کە ڕۆمانی "مەرگی ئیڤان ئیلیچ"ی تۆڵستۆشی خوێندبێتەوە.

من کاتێ لە ڕوخساری هونەرییەوە تەماشای ئەو دوو نووسەرە دەکەم، جیهانی هەر دووکیانم یەگجار پێ خۆشە، هەریەکەی بە جۆرێ، بەڵام کە لە باری ئینسانییەوە سەیر دەکەم، چیخەفم سەد هێندەی جۆیس خۆشتر دەوێ، چونکە ئەنتۆن چیخەف بێجگە لەوەی چیرۆکنووس و شانۆنامەنووسێکی هەڵکەوتوو بوو؛ پزیشکێکی مرۆخۆشەویست و فەقیردۆست بوو و هەر ئەوەندەی بڕێک دەستی بە دەمی گەیشت؛ گوندێکی چکۆڵەی کڕی بە ناوی مێلیخۆڤۆ، کە کەوتبووە چل میلیی شاری مۆسکۆوە. لەوێندەرێ دەستی کرد بە کاری پزیشکی و دەرمانی خەڵکی لادێیی ڕەشوڕووت و چڵکن و کوڵکن و نەخۆش و دەردەدار و لە تەواوی گوندەکانی ئەو مەڵبەندەڕا، دەهاتنە لای ئەو حەکیمەی نێوی چیخەف بوو، کە دەردیان دەرمان کات، ئەگەرچی ژنیشی هێنا (واتا لە ساڵی ١٩٠١ لەگەڵ ئۆڵگا کنیپەر ژیانی هاوسەریی پێک هێنا)، بەڵام قەتیش نەیهێشت ئەو پێوەندییە بیبەستێتەوە و ببێتە کەندوکۆسپێک لەبەردەم خزمەتگوزاریی وی بە هاونەوعانی وەک پزیشکێک، هەروەها چالاکییە ئەدەبییەکانی لە لایەکی دیکەوە، بۆیە بە ئۆڵگای گوت: تۆ هەر وەک جاری جاران لە مۆسکۆ دانیشە و منیش لە گوندی مێلیخۆڤۆ دەمێنمەوە و خەریکی کاری خۆم دەبم، بەڵام جێمز جۆیس زۆرتر لە فکری بنەماڵەکەی خۆیدا بوو و بێ هیچ شەرم و شکۆیەک، خۆی بە خەڵک بە خێو دەکرد، ئەگەرچی هەوڵی ئەوەشی دا کە بۆخۆی، خۆی بە خێو کات. لە تریست و زۆریخ وانەی ئینگلیزی دەگوتەوە، هەوڵی دا لە دوبلین سینەما دانێ، خەیاڵی بوو قوماشی پەشمی ئیرلەندی لە ئیتاڵیا بفرۆشێ، بەڵام هیچ کام لەو شتانەی بۆ نەچووە سەر و بڕێک وانە گوتنەوەکە، تا بەینێک دەستی گرت. جۆیس لە بادەنۆشی و خۆشگوزەرانی خۆی نەدەگوزەرا و حازر نەبوو، بە قەرا بەرەی خۆی پێ ڕاکێشێ، تەنانەت بێ شەرم و شکۆ، قەرزی وەردەگرت و وەک گەزۆ و مازوو دەیخوارد و ئەم سوار و کابرای خاوەن قەرز پیادە! ستانیسلاڤی برای لە دوبلینەوە کێشا ئەوروپا و ڕێی بۆ خۆش کرد، کە ئەمیش وەک خۆی وانەی ئینگلیزی بڵێتەوە، کە کۆمەکخەرجێک بێ بۆ باب و باقیی خانەوادەکەی لە ئیرلەندا. ستانیسلاڤ بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەمی دەخوێندنەوە و کەڵکی لێ وەردەگرتن، بەڵام دایمەش لەسەر ئەو هەمووە بەدمەستی و دەست بڵاوییەی کە پووڵی بەرگە نەدەگرت، بە گژیدا دەهات. کەڕەتێکیان ستانیسلاڤ قەرزی یەکێ لە خاوەن قەرزەکانی جۆیس دەداتەوە، جۆیس دەردێکی دایە کە با بە دەواری شڕی نەدابێ، دەیگوت ئێستا ئەوە بۆ چت ئەو قەرزە داوە؟ خۆ من قەتم خەیاڵ نەبوو بیدەمەوە. قسەی خۆش لەوەدایە کە لە سەرەتای ساڵەکانی دەیەی ١٩٢٠دا، جۆیس لە گەڵ ئێرنست هەمینگوای (نووسەری پایەبەرزی ئەمریکایی) ئاشنا دەبێ و (نۆرا)ی ژنی جۆیس، ئەوەندەی ڕق لە هەمینگوای بوو، کە کوێر بوایە و نەیدیبا (!)، چونکە دەیگوت ئەم دووانە کە وێک دەکەون، ئەوەندە دەخۆنەوە تا مەست و کەلەلا دەبن.

من ئەو خوو و ڕەوشتەی جۆیس لە بەرانبەر ئەو چالاکییە مرۆڤ دۆستانەیەی چیخەف پێک دەگرم و دیسانەوە دەڵێم من چیخەفم خۆشتر دەوێ. باس بە "هەمینگوای"دا هات. من نامەوێ باسی ژیاننامەی وی و بەرهەمەکانی بکەم. ئەو پرسیارە لە منی دەوێ هەستی خۆم سەبارەت بەو چوار نووسەرە دەرببڕم. من لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا، لە ڕێگای خوێندنەوەی دەقی ئینگلیزی (The old man and the sea پیرەپیاو و دەریا) لەگەڵ هەمینگوای ئاشنا بووم. ئەو چیرۆکە زۆری هەژاندم؛ لە لایەکەوە زۆرم بەزەیی بەو پیرەپیاوە بێ کەسوکارەدا دەهات، کە ٨٤ ڕۆژان بە لۆتکەکەی چوبووە سەر دەریا، بەڵام ماسی بۆ نەگیرابوو. لە لایەکیشەوە کاتێ ئەو ماسییە زەلامە، بە قولاپەکەیەوە بوو و لەو هەمووە خەبات و تێکۆشانەی، کە بەو پیرییە کردی و کۆڵی نەدا، ئەگەرچی تەنیا ئێسکانەکانی ماسییەکەی بۆ گەیشتە ویشکایی و کووسەماسیی هەموو گۆشتی لەشی نێچیرەکەیان لێ خوراد؛ شانازیم پێوە کرد و هەر وەک پاڵەوانێکی مەزنم سەیر کرد. ئەو کتێبە لە ساڵی ١٩٥٤ دا خەڵاتی نۆبلی وەرگرت. کاتێک ئەو کتێبەم خوێندەوە، لە دەبیرستانی محەمەد ڕەزاشای مەهاباد (ئێستا ناوی ئوستاد شاریکەندییە و بە ناوی مەلا کەریمی شاریکەندییەوە کراوە)، قوتابی بووم. من ساڵی ١٩٧٧ دەبیرستانم تەواو کرد. هۆدەیەکم بە کرێ گرتبوو لە وەستا کەریمی کورتاندروو، لە شەقامی فەڕەح و ئەو ماڵە ڕووبەڕووی ماڵی سوورەی شافیعی و لە نزیک ماڵی

شەڵماشییەکان و موەفەقی (خاوەنی چاپخانە و کتێب فرۆشی موەفەقی)، بوو. لە بیرمە ئەو شەوەی کە بۆ بەیانیدا، دوا تاقیکاری دیپلۆمم دەدا، لە خۆشی ئەوەی سبەینێ دوای تاقیکردنەوە ماڵ و کۆچەکەم دەبەمەوە بۆکان، شەوێ خەوم لێ نەدەکەوت! بۆ؟ ئایا مەهابادم پێ ناخۆش بوو، کە ئاوا بە پەلە بووم لێی بڕۆم؟ نا! مەهاباد خۆشەویستی منە و تا ئەو ڕۆژەی دەمرم، ئەوینداری مەهابادم، بەڵام بۆیە ئەوەندە بە تاڵووکە بووم، کە بچمەوە بۆکان و خەریکی وەرگێڕانی The old man and the sea بم. لە بۆکان، یان ئەوێ ڕۆژی پاش نوێژ بوو، یان بو سبەینێدا بوو، لە چوارڕێی ئەسکەندەری دیتم چەند کورسی و مێزی قاوەخانەیەکیان دانابوون بۆ فرۆش. مێز و کورسییەکم کڕی بە چل تمەن و دەستبەجێ، دەستم کرد بە وەرگێڕانی ئەو چیرۆکە بۆ سەر زمانی فارسی و دوای چەند ڕۆژان لێ بوومەوە. ئەڵبەتە بە چاپم نەگەیاند و هەر بۆ دڵی خۆمم کرد و ئێستاش دەستنووسەکەیم ماوە.

پەخشانی هەمینگوای لە ڕیزی پەخشانە ڕەزاسووکەکانی زمانی ئینگلیزییە. هەمینگوای لە باری خەرجکردنی وشەوە، زۆر دەست پێوەگرە و کەلیمەی زیادی لە نووسراوەکانیدا نین. نووسراوەکانی، چەنای چەندجار دەخوێندنەوە و نیسکەشۆری دەکردن. وەرگێڕی خاوەن توانایی فارسەکان نەجەفی دەریابەندەری"A Farewell to Arms"ی زۆر جوان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی، هەرچەند من کاتێک دەقی ئینگلیزییەکەیم لەگەڵ یەکێ لە چاپەکانی وەرگێڕانەکەی پێککگرتن؛ هەڵە و پەڵە – شم تێدا دیتن و ڕێژەی ئەو هەڵانە، کەمیش نەبوون، بەڵام زمانێکی کە بۆی هەڵبژاردووە، زۆر تەواوە و هاوشانی خۆیەتی. بۆخۆم لە ناو کورتەچیرۆکەکانیدا "چەند گردی وەک فیلی سپی"م بە دڵ بوو و کردوومەتە کوردی و لە کۆمەڵەچیرۆکەکانی دەنگی هەرماندا هاتووە.

گی دۆ مۆپاسانیشم خۆش دەوێ؛ نووسەری هەڵکەوتووی فەڕانسایی کە وەک "بابی کورتەچیرۆک" ناوی دەبەن. ئەمیش چیخەفئاسایی، تەمەنی کورت بوو، ساڵی ١٨٩٣ واتا لە تەمەنی ٤٣ ساڵیدا مرد. بەشی زۆری چیرۆکەکانی، باسی ئەو ڕۆژگارە دەکەن کە فەڕانسە لەگەڵ وڵاتی پرووس لە شەڕدا بوو؛ واتا ساڵەکانی دەیەی ١٩٧٠، تێمی زۆرێک لە چیرۆکەکانی، باسی قۆڕبوون و بێ مانا بوونی شەڕ دەکا و "ڕاوە ماسی" کە کردوومەتە کوردی، یەکێ لەو چیرۆکانەیە کە هێرشێکی ئینسانی بردۆتە سەر شەڕ. بڕوا بکە ڕوحی خۆم ئەوەندە بێزارە لە چەکوچۆڵ و شەڕ و گوللە و باڕووت، کە وشەم وەگیر ناکەوێ بۆ بەیانی ئەو هەستەم. من سێ مانگ، دەوری ڕاهێنانی سەربازیم دیت لە سەربازگەی قوشچی نزیک ورمێ لە ساڵی ١٩٨٩دا و تاقە گوللەیەکم نەتەقاند. حەوتوویەک سەربازەکانیان برد بۆ ئۆردوو و مەشقی گوللەهاویشتن و من خۆم دزییەوە! خۆم تێکەڵ مەعافرەزمەکان کرد؛ واتا بە دزییەوە چوومە نێو ئەو سەربازانەی پسوولەی پزیشکیان پێ بوو و لە مەیدانی مەشق و گوللەهاویشتن، مەعاف کرابوون. جێگاتان خاڵی ئەو حەوتووە هەر بە مەشکە، چایم لێنا و لەگەڵ جەماعەت خواردمانەوە و هەمووش دەیانزانی خۆم دزیوەتەوە، بەڵام شوکری خوا سیخوریان تێدا نەبوو ڕاستیم لێ بلێ! هەڵبەتە بەختەکەشم باشی هێنا و پاش ئەو سێ مانگە کە سەربازەکانیان دابەش دەکردن، کەوتمە "موجتەمەعی هونەر" لە ورمێ و سەرکردەیەکی فارسمان هەبوو بە ناوی حاجی عەبباسی ئیسماعیلی، کە بۆخۆی هونەرمەند و شانۆنامەنووس بوو، گوتی کاکی خۆم هەتا کۆتایی خزمەتی سەربازی، دەتنێرمەوە ماڵێ. تەنیا خزمەتی سەربازی تۆ هەر ئەوەندە بێ، کە مانگێ دوو سێ کورتەچیرۆک لە ئینگلیزیڕا بکەیە کوردی، بەڵام تکایە لە هیچ شوێنێکی دی چاپی مەکە و هەر بیاندە بە خۆمان؛ واتا بە بەشی فەرهەنگی کۆمەڵەی هونەر، کە ئەودەم کەرێمی قەیوومی بەرپرسی بوو.

کورتەچیرۆکی "پادشاگەردانی"شم هەر لە ئینگلیزییەوە کردووەتە کوردی. بە داخەوە دەقی فەڕانسایییەکەم لەبەر دەستدا نەبوو، ئەمەش ئاماژە دەکا بە دەورگۆڕان و شۆڕشی فەڕانسە و رووخانی پاشایەتی و دامەزرانی کۆمار لە فەڕانسە دەکا، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا. ئەم چیرۆکەش وەک بەیاننامەیەک، دژ بە پاشاگەردانی و بێ قانوونی ڕۆژگاری شۆڕش دەدوێ و هەروەکی کە لە زۆربەی شۆڕشەکانی مێژوودا دەبینرێ؛ مرۆی هەلپەرست و کوشتە و مردووی دەسەڵات و بنیادەمی هیچەکە و پووچەکەی خوێڕی و بێ وێژدان، سواری پاپۆڕی شۆڕش دەبن و دەبنە دەمڕاست و هەمەکارەی خەڵک. پێم خۆشە

ئاماژه به شتێک بکەم: له سەدەی هەژده و نۆزده، تەنانەت له سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا، له ئەوروپا (هەروەها له ڕووسییه) به پێی دێر؛ واتا بەو پێوانەیەی که نووسەر چەند خەتی نووسیوه، پووڵیان دەدایه و بەرهەمەکەیان لێ دەکڕی. جا بۆیه نووسەری بەستەزمان که زۆربەی هەره زۆریان دەستکورت بوون، بۆ بژێوی خۆیان له چیرۆکەکانیاندا درێژدادڕییان دەکرد. تەنانەت چیخەفیش له کارەکانی سەرەتایی خۆیدا، لەو ئازاره بە دوور نەبووه، تا ڕۆژێکیان هەڤاڵێکی دایدەچڵەکێنێ و ئیتر بڕیار دەدا که تەنیا بۆ پووڵ نەنووسێ. گێ دۆ مۆپاسانیش هەر ئەو ئازارەی هەبووه. ئێستا، تەنیا شوێنێک بۆ نووسینی کوردی پاره به نووسەر دەدا، حکوومەتی هەرێمه. خوا ڕاگیری کات، قەیدێ ناکا با له هێندێ شوێن، پارەکەی به زایه بچێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین که به دەردی ئەحمەدی شاملوو (شاعیری پایەبەرزی ئێرانی) دەڵێ: "ئەگەر خەمی نان نەبێ" هونەرمەند و ئەدیب، هێزی داهێنەرییان، دەیان و بگره سەدان بەرانبەر زیاد دەکا.

* له ساڵی ٢٠٠٨دا ئێوه "دەنگی هەرمان" تان چاپ کرد که بریتییه له ١٧ کورتەچیرۆک، که له نووسەرانی ئەوروپایی و ڕووسی و ئەمریکایی و له زمانی ئینگلیزییەوه، وەرتگێڕاونەته سەر زمانی کوردی و له باشووری کوردستان بڵاو بووەوه و پێشوازیی گەرمی لێ کرا. مەبەستت لەو وەرگێڕانه چ بوو؟ ئاخۆ وەرگێڕان، دەسکەوتێکی ئەدەبییه بۆ نەتەوەیەک؟

– "دەنگی هەرمان"، ئەوه ناوێکه بۆخۆم بۆ ئەو کۆمەڵەچیرۆکەم هەڵبژاردووه. وەک له پێشەکییەکەدا باسم کردووه، ئەوانه دەنگی نووسەرانی سەده جۆراوجۆرەکانن. به خۆشییەوه و به شانازییەوه دەبێ بڵێم و به دڵنیاییشەوه دەڵێم که شێوازی هەرکام لەو نووسەرانەم پاراستووه و ئەگەر بڵێم من وەک نووسەرێک، له وەرگێڕاوەکانمدا ئامادەییم هەیه، لام وانییه کەس پێم بڵێ تۆ دووچاری نەخۆشیی (megalomania شێتی خۆبەزلزانین)ی. خوشک و برای کورد! له لاپەڕەی ٢٧٧ی کتێبەکەدا، سەرچاوه ئینگلیزییەکانم نووسیوه، ئەوانەی وا ئینگلیزی دەزانن و (شوکری خوا کەمیش نین)، وەرگێڕاوەکانی من دەگەڵ دەقه ئینگلیزییەکانیان بەراورد بکەن، ئەودەمی داوەری بکەن و بزانن ئایا ئەو کاره، تەنیا کارێکی وەرگێڕانی ئاساییه، یان کارێکی هونەریی پڕ له وردەکارییه. ئەڵبەته به داخەوه هەڵەی تایپی تێدایه. ئەمن پێش چاپ بوونی کتێبەکه، هەڵەکانم گرتووه و داومەتەوه به دۆستێکی تایپێست، کەچی حەوسەڵەی نەبووه، تاقه دەنکیان لەو هەڵانه ڕاست کاتەوه! ئەوه له حاڵێکدایه که ئەو برادەره هەم خزمی منه و هەم بۆخۆی ئەهلی قەڵەمه!! هەر ئەو برادەره که نیوەی ڕۆمانی "مارتین چازلویت"م داوەتێ (که ساڵێکی تەواو زەحمەتم پێوه کێشاوه و ٤٤٠ لاپەڕەم لێ کردووەته کوردی)، کاتێک تایپەکەیم پێ دەداتەوه، سەیر دەکەم له جیاتی ئەوەی هەر لاپەڕەی، ئەوپەڕی دوو هەڵەی تێدابێ؛ هەمووی هەڵەیه و هەر لاپەڕەی دوو دروستی تێدا نییه! له سەرەخۆشی یەکێ له خزمان دیتم و هۆی ئەو کارەم لێ پرسی، دەیفەرموو تومەز بۆخۆم تاقەتم نییه، داومه به خوشکم تایپی بکا و ئەویش تایپ نازانێ!! باوەڕم پێ بکه ئەو هەڵسوکەوته وای دڵسارد کردمەوه، که لەو دەمییەوه دەستم نەچۆتێ تاقه ڕستەیەکی دیکەی لێ وەرگێڕمەوه.

بیووره کەوتمه لارێ و له باسەکه دوور کەوتمەوه. له وەڵامی پرسیارەکەتاندا، که بۆچی ئەو چیرۆکانەم وەرگێڕاونەوه سەر کوردی، دەبێ بڵێم چونکه هەم بابەتەکانم به دڵ بووه، هەم ئاشقی وەرگێڕانم، هەم شێت و شەیدای زمانی کوردیم (هەر وەکی که شێت و شەیدای زمانی ئینگلیزیم)، ئەوەش بەشی دووەمی پرسیارەکەتان: بەڵێ من لام وایه وەرگێڕان، فەن و سەنعەت نییه و هونەره. ئەگەر ئێمه بەرهەمی نووسەرانی پایەبەرزی جیهان به پەخشانێکی هونەری و ئابڕوومەند و هاوسەنگ و هاوشانی دەقه سەرەکییەکه وەرگێڕینەوه؛ زمانەکەمان و ئەدەبەکەمان دەوڵەمەند دەبێ.

* براند ماتیووز "ڕەخنەگری ئەمریکایی" لەسەر ئەو بڕوایەیه که چیرۆکی کورتبووەوه جیاوازه له کورتەچیرۆک و دەڵێ: چیرۆکی کورتبووەوه به هەموو کەس دەنووسرێ، بەڵام نووسینی کورتەچیرۆک کاری هەموو کەس نییه و لێهاتوویی هونەری دەوێ. جەنابت ڕات چۆنه لەم بارەیەوه و ئاخۆ نموونەی ئەو شته، له چیروکنووسی کوردیدا دەبینرێ؟

– تا ئەو جێگایەی من دەزانم، ساڵانه سەدان شانۆ و ڕۆمان و چیرۆکی درێژ، کورت، یان ساده دەکرێنەوه.

مەبەست لەم کارە چییە؟ مەبەست ئەوەیە: ١- هێندێک لەو شانۆیانە سادە کرێنەوە واتا simplified بێن، بۆ ئەوەی بۆ وێنە لەسەر سەکۆی شانۆی فێرگەکان و قوتابخانەکان بەرێوەی بەرن.

وای دانێ King lear "لیرشا"، یان "شالیر"ی شێکسپیر، لە قوتابخانە بچێتە سەر سەکۆی نواندن. ئایا دەکرێ هەر بەو زمانەی کە لە دەقەکەدا هاتووە، بەرێوە بچێ؟ نا! چونکە ئەو زمانە ئەمڕۆ تەنانەت بنیادەمە گەورەکانیش لێی تێ ناگەن، چ دەگا بە منداڵ و مێرمنداڵان و گەنجان. دەیجا دەشبێ کورتیش کرێتەوە؛ واتا abridyed بێ، بۆ ئەوەی لەگەڵ حەوسەڵەی ئەو تەمەنانەدا بگونجێ.

٢- فێرکردنی زمانی ئینگلیزی، یان بۆ وێنە زمانی فەڕانسایی بەو کەسانەی کە هێشتا لەو زمانانەدا، تەواو شارەزا نەبوون و بۆ ئەوەی قوتابیانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی، یان فەڕانسایی، چێژ لە کارە کلاسیکەکان وەرگرن. بۆ وێنە دەبینی ڕۆمانی Tom sawyer، یان ڕۆمانی Finn Huckleberry نووسراوەی نووسەری ناوداری ئەمریکایی، مارک توین و کورت و سادە کراونەتەوە. ئەو جۆرە کتێبانە (واتا ئەوانەی وا کورت و سادە دەکرێنەوە)، بۆ منداڵان و گەنجانی ئینگلیزی زمانیش دەبن کە تامو چێژ لە شاکارە ئەدەبییەکان ببەن.

ئەو کارانە کورت دەکرێنەوە، ئەگەرچی لە باری ڕێژەی وشەکان و قەبارەیانەوە، بە قەرا کورتەچیرۆک دێنەوە، ئەسڵەن و ئەبەدەن کورتەچیرۆک نین. کورتەچیرۆک پێناسەی خۆی هەیە. کورتەچیرۆک لەو دەرفەتە کەمەیدا کە لە باری قەوارەوە هەیەتی، بەرهەمێکی ڕەسەنە و خاوەنی تەرح، یان پلاتێکی Plot بە هێز و دیاریکراوە و کەس، یان کەسەکانی چیرۆک، لە زووترین کاتدا (کاتی چیرۆک نەک کاتی ڕاستەقینە، وا کاتژمێر پیشانی دەدا)، ئەزموونی ئاکامی چیرۆکەکە تێپەڕ دەکەن و وەکی ئیڤان تۆرگنێف جارێکیان بە چیخەفی گوت: نووسەر لە چیرۆکی کورتدا، ئەگەر دەمانچەیەکی بە دەستەوەیە، دەبێ زوو بیتەقێنێ.

ناوی ئەو کەسانەش کە بەرهەمە کلاسیکەکان کورت و ساکار دەکەنەوە، ناچێتە نێو نێوان و کەس وەک نووسەر و هونەرمەند ناویان نابا، تەنانەت بە قەرا وەرگێڕێکی کارسەقەتی وەستا ناچار، نێویانگیان نییە! تەنیا دووکەس کە بەختەکەیان باشی هێنا و نێویان چووەتە مێژووی ئەدەبەوە، چارلز لەم CharlesLamb و مێریی لەم mary lambی ئینگلیزین کە دوو بە دوو - نزیکەی ٢٠٠ ساڵ لەوە پێش - تەواوی شانۆکانی شێکسپیریان کورت و سادە کردوونەتەوە، بۆ ئەوەی گەنجان بیانخوێننەوە و ناوی ئەو کۆمەڵەچیرۆکە کورتکراوانەیان نا Tales from shakespeare؛ واتا حیکایەتەکانی شێکسپیر. لە زمانی کوردیدا، هێشتا ئەزموونی لەو چەشنەمان نییە.

* پێناسەت لە"کەسایەتی" چییە و "کەسایەتی بەخشین" لە چیرۆکدا، چۆن پێکدێ؟

- "کەسایەتی" دوو لایەنی هەیە: لایەنی دەروونی کەسی چیرۆک، یان شانۆ، یان سێناریۆ. لێرەدا نووسەر دەمانباتە ناو جیهانی زەین و دەروونی کارەکتەرەوە و هەستونەستی ویمان پیشان دەدا. ڕەنگە نووسەر خوێندەواریی باشیشی لە زانستی دەروونناسیدا هەبێ (یان نەیبێ، بەڵکو بۆ خۆی بەو نیگا تیژە هونەرییەی، شیکاری لەسەر ناخی کارەکتەر بکا و لێی ورد ببێتەوە، بگرە کارەکەی، سبەی ڕۆژ ببێتە دەسمایە بۆ زانایانی دەروونناسی. بۆ وێنە کارەکانی فیۆدۆر دەستۆیفسکی لەو جۆرەن). لایەنەکەی دیکەی کارەکتەر، لایەنی دەرەوەیە و بە کردەوە لەگەڵ کۆمەڵگا و سروشت و بەگشتی جیهانی دەرەوە، هەڵسوکەوت دەکا و ڕێگای خۆی هەڵدەبژێرێ و بە دەردی ژان پۆل سارتر (نووسەر و فەیلەسووفی ئێگزیستانسیالیستی فەڕانسایی) دەڵێ: مرۆ بەو هەڵبژاردنەی دەیکا، هەردەمەی پێناسەیەکی تازە لە خۆی بە دەستەوە دەدا. من لام وایە ئەوە نووسەر نییە کە "کەسایەتی" دەبەخشێ، بەڵکو کەسایەتی لە کارگەی خەیاڵی نووسەردا ئەوەندە بە هێزە، دێ تەپ دەداتە سەر زەین و مێشکی نووسەر و خۆی پێ دەنووسێ!

* تا ئێستا بۆ حەسەنی قزڵجی گریاوی؟ کام یەک لە پاڵەوانی چیرۆکەکانیت لە هەمووان خۆشتر دەوێ؟

- بەڵێ ئەو دەمەی کە هەواڵی ئەوەم بیست، کە لە ژێر ئەشکەنجەی دڕندانەی دێو و دڕنجەکانی مێژوودا، تاقەتی نەهێنا و گیانی ناسکی لە دەست دا، بۆی گریام. من مامۆستام بە زیندوویی دیبوو. کاتێک لە زانکۆی تاران، قوتابی ئەدەبیاتی ئینگلیزی بووم، زۆربەی بەیانیان لە شەقامی شازدەی ئازەر دەمدی؛ هەر ئەو شەقامەی کە

کەوتووەتە ڕووی ڕۆژهەڵاتی زانکۆی تاران. پیرەپیاوێکی کورتەباڵای قەڵەو، گۆچانەکەی بەو دەستە خەپەتۆڵەیەی دەگرت، کە وشکەبیرۆی بوو و بە هەزاران هیوا و ئاواتەوە، پاش شۆڕشی ئیسلامی هاتبووەوە ئێران و پەیکەرێکی نەجیب بوو، لە خەباتکارێکی ڕێگای ئازادی و لە نووسەرێکی بلیمەت و هونەرمەند. هەر ئەو کەسەی قازی محەمەد فەرمووبووی: ئەگەر هەر خۆمان بین، ئی وامان زۆر لێ هەڵدەکەوێ. دەمدی دەچوو بۆ نووسینگەی حزبی توودەی ئێران. جارێکیش لەگەڵ ڕەحمەتی جوانەمەرگ یووسفی محەمەدی، چووینە خزمەتی لە نووسینگەی حزبی توودە لەو شەقامە؛ واتا شازدەی ئازەر. میدادێک و میدادپاکونێکی پێ بوو، بە تاقی تەنێ هەموو ڕۆژێ ڕۆژنامەی (مەردووم)ی ئۆرگانی حزبی توودەی ئێرانی وەردەگێڕا سەر زمانی کوردی و بێجگە لەوە، بابەتی خۆشی تێدا چاپ دەکرد.

"پێکەنینی گەدا"م چەند جار خوێندووەتەوە، ئەوانیش وەک گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک وان، قەت لە بەر چاو ناکەون و هەر کاتێ گوێیان بۆ ڕادەگری؛ هەست دەکەی بۆ یەکەم جارە لە ژیانتدا دەیبیستی!

من هەموو کارەکتەرەکانم خۆش دەوێن، تەنانەت ژاندارمە نگریسەکان، تەنانەت جەنابی شێخ (لە خەملی پەمووەدا) و مەلا جەلال، کە دەستیان لەگەڵ زۆراوبەگ لە یەک کاسەدایە، بۆ چەوساندنەوەی ڕەعییەتەکان، بەڵام کارەکتەرێکی کە لە هەمووانم خۆشتر دەوێ، خودی حەسەنی قزڵجییە، لە چیرۆکی "عادەتی بازاڕ" دا میرزای حاجی قادر قەدوورییە و لە بەرانبەر دزی و دەهۆی حاجیدا ڕادەوەستێ، یان کاتی پشوودان دادەنیشێ و بەو ڕوحە ئازا و سەربەستەوەی کە لەگەڵی گەورە بووە، بە بێ ترس ساردەمەنی دەخواتەوە و نەترسی وی لە بەرانبەر ترسنۆکی زاکیر، ڕەنج کێشێکی ساکاری بێ سەوادی ڕەشۆکی، کە حازرە نەک هەر هێزی جەستەی، بەڵکو ڕوح و ئازادیشی بە دراوێکی کەم، بە خاوەن کاری بێ ئینساف بفرۆشێ؛ زۆر جوان لە چاو دەدا و زەق خۆ دەنوێنێ.

* پێگەی "پێکەنینی گەدا" لە ئەدەبیاتی چیرۆکنووسی کوردیدا چۆن دەستنیشان دەکەی؟

– دیارە کە "پێکەنینی گەدا" یەکەم ئەزموونی کورتەچیرۆکە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا و لە هەموو چیرۆکەکاندا، تەنزێکی تاڵی چیخەفی دەبینی، ئەڵبەتە لە ڕوانگەیەکی – ئەڵبەتە نە زەقی مارکسیستییەوە – ئەو چیرۆکانە، ئاوێنەیەکی باڵانوێنن لە بارودۆخی کۆمەڵگای کوردەواری زەمانی ڕەزاشا و حەمە ڕەزاشای پاڵەوی، لە باری فەرهەنگی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە.

* حوسێن شێربەگی (نووسەری کورد) تۆ بە یەکێ لە ڕێڕەوانی حەسەنی قزڵجی دەزانێ، ڕای خۆت چۆنە؟ هەروەها گلەییت لێ دەکا کە ماوەیەکە کەم کاری و نانووسی، بۆ؟

– چەند بڵێی مامۆستا حەسەنی قزڵجیم خۆش دەوێ و ئاشقی پەخشانی جوان و هونەری ویم، بەڵام من خۆم بە ڕێبازی قزڵجی نازانم. شێوازی چیرۆکەکانی من وەکی لە کۆمەڵە چیرۆکی"مزگێنی"دا دەیبینی، لەگەڵ کارەکانی، نێوانی عەرز و ئاسمان جیاوازییان هەیە. بەڵێ من هەر بەو زمانە ڕەوانەی موکریان دەنووسم، بەڵام فەزا و شێواز و تەکنیکی چیرۆکەکانمان، جیاوازییان یەگجار زۆرە. بەهانەی من بۆ کەم کاری چییە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە ئاوا دەدەمەوە: بێ زەحمەت بچۆ ئەو شیعرەی شاملوو بخوێنەوە کە تەرجیعبەندەکەی ئەوەیە: "غم نان اگر بگذارد"؛ واتا ئەگەر خەمی نان لێگەڕێ. شتێکی خۆشم وەبیر هاتەوە: لە وتووێژێکدا لە کەریمی کەشاوەرز (وەرگێڕی بەناوبانگی کتێبە مێژووییەکان) دەپرسن ئەوە چۆنە کە لە کاتی لاویدا، کتێبی پۆلیسیت وەردەگێڕا؟ دەڵێ: چاوەکەم چ بکەم برسی بووم! من ئەڵبەتە بەختەوەرانە قەڵەمەکەم زایە نەکردووە و کاری قۆڕم پێ نەکردووە؛ تەنانەت ئەو کاتەی زۆر زۆر برسیش بووم.



## عەلی کەمال بەگ:

*** ئیسماعیل حەقی شاوەیس فێری کوردپەرستیمانی کرد.. یەکەم کەسیش بووم مەسەلەی بە لیواکردنی دهۆکم هێنایە ناو ئەنجوومەنی نیابەتەوە.**

*** ڕەشید عالی گەیلانی لەبەر نائیبە کوردەکان و داوای مافی کورد، ئەنجوومەنی نیابەتی هەڵوەشاندەوە.**

**ئا : ئازاد عەبدولواحید**

لە جێگەی خۆیەتی لەسەرەتاوە بڵێم «ڕاستگۆیی» لە تۆمارکردنی بیرەوەریدا، یەکێکە لە نیشانەکانی دەست پاکی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، کە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە بە یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی مێژوو دەژمێردرێ. ئەوانەی دەیانجووڵێنین بۆ ئەوەی بیرەوەری خۆیان بگێڕنەوە، پێویستە لە پێناوی سەرنجڕاکێشان و بەدەستهێنانی سەرسوڕمانی خوێنەر پەنا بۆ شێواندنی ڕاستییەکان نەبەن، چونکە بە تەنیا (حەقیقەت) هەموو لایەک شەرمەزار دەکات وەک شەکسپیر دەڵێ، تەنانەت شەیتانیش شەرمەزار دەکات.

ڕاستییەکەی ئەمڕۆکە بۆ ئێمەی کورد جارێ مەسەلەی پسپۆڕیی کاتی نەهاتووە، ناکرێ یەکێک خۆی بە شاعیر بزانێت و لەبەردەمی خۆی ببینێ بەڵگەنامەی گرنگ و دەستنووسی زۆر بسووتێ و بفەوتێ، کەچی مێش میوانی نەبێت و تەماشایان بکات و هەڵوێستی نەبێت، بە بیانووی ئەوەی گوایە ئەوە ئیشی ئەو نییە، کە دێینە سەر حاسلاتیش دەبینین کابرای تایین نە شاعیرە و نە ماعیرە..! پێم سەیرە.. زۆرجار کە کەوتوومەتە تۆمارکردنی بیرەوەری و یاداشتنامەی هەندێ لەو کەسانەی زانیاری بەکەڵکیان لەلا بووە، بە هەزار شەڕە شۆق تا گونجاوە و ڕێکم خستووە ئەو کارە بکەم، بەداخەوە خانەوادە و کەسوکارەکەی سەرەتا هاوکارم نەبوون، کەچی لە پاش مردنی ئەو کەسایەتییانە، کەسوکاریان، کوڕەکانیان دێن و بە پەرۆشیی زۆر و بەسووربوونەوە داوای کاسێتی دەنگی باوکیان، یان خزمەکەیانم لێ دەکەنەوە، لەکاتێکدا دەبوو هەر ئەوانە خۆیان ئەو ئەرک و بەرپرسیاریەتییەیان بگرتایەتە ئەستۆی خۆیانەوە و دەنگیان تۆمار بکردنایە تا زانیارییەکانی لەلایانە نەهێڵن بچێتە ژێر گڵەوە.

زۆربەی ئەو یاداشت و بیرەوەریانە مەترسیی لەناوچوونیان لێ دەکرێت، وەک چۆن مەترسیی لەو

جلوبەرگـانە دەکـریٚ کـە لەناو دۆڵابێکی بۆراقی پڕ لە مۆرانەدا هەڵگیراوە، بۆیە نووسینەوەو تۆمارکردنی ئەو بیـرەوەرییـانە ئەرکـێکی بە پەلەو کـارێکی گـرنگی سـەرشـانمانە و دەبێ هەر زوو ڕاپەڕێنین، بە تایبـەتی بیرەوەری ئەو پیرەمێرد و بەساڵاچووانەی جێ دەستیان بەســـەر ژیانی ئەدەبی و هونەریمانەوە هەیە، یان جێ پەنجـەیان بەسـەر ڕووداوەکـانەوە دیار بووە، نەخـاسـمـا بیـــرەوەری ئەو بەســـاڵاچووانە ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ لە کزبووندایە و وەک دەڵێن (النسیـان آفة العلم)، بۆیە تا زووە، یان ڕۆژێک زووتر بچینە لای ئەو پیـرەمێـردانەوە کە یادەوەرییـان پڕە لە زانیـاری گـرنگ ئەوە درەنگە، بۆ ئەوەی هەرچی زووترە زانیارییەکـانیـان لێ وەربگیـرێ و تۆمار بکرێن، پێش ئەوەی بەهۆی کزبوونی یادەوەرییان، بیرەوەرییەکـانیان کاڵ ببنەوە و هەڵبوەرێن و لەناوبچن، یان بشـێـوێن و لێـیـان تێکەڵوپێکەڵ ببـێت و زانیـارییـەکـانیـان بۆ نەچێـتـەوە سـەر یەک، چونکە بە تۆمـارکـردنیـان وەک پەیکەرێکی لێدیٚ کە لە مـەڕمـەڕ دروست کرابێ، کە ئیدی ڕۆژگار ناتوانێ کاریان تێبکات و بە ئاسـانی لەناویان ببـات، ئەگـەر نا ئەوە وەک پەیکەرێکی لێدیٚ کە لە لم دروست کـرابێ، هەر کـاتێ بایەک هەڵیکرد، ئەوە بەشـێکی ئەو لمە لەگـەڵ خـۆی دەبات تا لە کۆتاییدا ئاسەواری نامێنێ.

ئەو بە سـاڵاچوانە بەشـێک لە ڕابردوو لە ناوەوەیاندا دەدرەوشێتەوە، کـۆمەڵێک حەقیقـەتی گەش و ڕووناک هەیە نابێ لەناو تاریکیـدا بمێننەوە، چونکە بەمـانەوەیان لەتاریکیدا لە گـەشیی خـۆیان دەکەون و بریسکەیان لێ دەبڕێ و کـاڵ دەبنەوە، ئەوسـا پشکۆی ئەو بیـرەوەریانە دەبنە خـۆڵەمـێش و لە کیـسمـان دەچن. ئەو کـەسانە کە بیـرەوەری و یاداشـتـیـان لەلایە، لە کـاتی خـۆیدا جێ پەنجـەیان لە دروسـتکردنی زۆر ڕووداودا دیار بووە، زۆر بڕیاریان دروست کـردووە، یان بەشـدارییـان لە دروست کردنیـدا کردووە.. زۆر لەوانەی لەگەڵیان بوون نەماون، تا مـافی ئەو کـەسانە بدەن و گـەواهییـان بۆ بدەن و جێ دەسـتیـان نیشـانی خـەڵکی دی بدەن، بەڵام ئێـسـتـاکـە هەندێ لەوانەی ماون، با خـۆیان وەک شایەدێک بەسەر ڕووداوەکـانەوە، بکەونە قـسـەکـردنەوە، هیـچ نەبێ تا ئەوانەی تر کە ماون لەو قـسەو یاداشت و بیرەوەرییـانە بدوێن، یان بهێنرێنە قسەوە، تا قسەکـانی ئەو کەسانە بسـەلمێن، یان سـاغ بکرێنەوە، نەک لە پاشـاندا هەندێ ڕووداو و زانیاری هەر بە لنگەوقووچی بمێنێتەوە، کە بە پاڵپـشـتی ئەو قـسـانە لەلایەن کـەسـانی دیکەوە، زیاتر قـسـەکـان بەهێـز دەبن و بەڵگەو شـایەد حـاڵی دیکەیان دەچێـتــە پاڵ، ئەوە لەکـاتێکدا زۆر لەو بیـرەوەری و زانیاریانە لە دووتوێی هیچ کتێبێکدا نین.

لە سـەرەتای ساڵانی هەشـتـا بوو کـە تەواو سەرگـەرمی کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی شیعرەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح بووم، بەهۆی یەکـێک لە شیعرەکانی ئەو شاعیرەوە دەبوو چاوم بە بەڕێز عـەلی کـەمـاڵ بکەوێت، بەڵام لە بەغدا ماڵەکەیم نەدەزانی لەکوێیە؟ عەبدولقادر قەزاز کە بەهۆی بەرنامـەیەکی ڕادیۆیی خـۆی هاتوچۆی ئێـزگـەی کـوردی بەغـدای دەکـرد، وتیـان خـزمـێتی و زۆر لێـیـەوە نزیکە، دواتر زانیـم کـوڕی پووریەتی، بە هۆی سـەگڤـان عەبدولحەکیمی ڕەحمەتی ئاوەڵ زاوای جەمال خەزنەدار لە ئێـزگەی کـوردی بەغـدا ئەو پیـاوەم ناسی و دوای یەکـتـر بینین کـاتێکی بۆ دیار کـردم کە لە مـاڵی عـەلی کـەمال بەگ چاوەڕێم دەبن. لەپاش زانینی ناوونیـشـانی مـاڵی عـەلی کـەمـال لەگـەڵ برایان: (جـەمـال خـەزنەدار) و (سـەگڤـان عـەبدولحەکـیم) چووینە مـاڵەوە بۆ لای عـەلی کـەمـال بەگ کـە لەگـەڵ عـەبدولقـادر قـەزاز چاوەڕێیـان دەکـردین. لەبەر ئەوەی دنیـا گـەرم بوو هەر لە حـەوشـەی مـاڵەکەی دانیشـتین، کە چوومە ناو قسـەو باس و وردە وردە کەوتمە پرسیار کردن لێی، بە دەنگێکی کز و پچڕپچڕ قـســەی بۆ کـردم و وەڵامی دەدامـەوە، منیش کـەوتمە تۆمارکردنی قسەکانی، دواتر بۆ پتر زانیاری وەرگرتن بە نووسین چەندان پرسیارم لێکرد، ئەویش بە نووسین کەوتە وەڵام دانەوەم، بەڵام دیاربوو دەستوخەتەکەی وەڵامەکانی هی ڕەحمەتی عەبدولقادر قەزاز بوو، چونکە خۆیشی کە بەدەستوخەتەکەدا هاتووەتەوە، لە زۆر شوێندا بە قەڵەمی خــۆی زانیــاری لێ زیاد کـــردووە، وەک لەو دوو دەســتــەخـەتەدا دیارە کـە لەگـەڵ ئەو چاوپێکەوتنەدا نموونەیان لێ بڵاودەکـەمـەوە. ئەوەی لە لاپەڕەکــانی داهاتوودا دەیخـوێننەوە، ئەوە بەرهەمی چەند جـار قـسـە کردنی منە لەگەڵی لە ماڵەکەی لە شاری بەغدا و دووجار درێژەپێدانی گفتوگۆکەمانە لە شاری سلێمانی، سەرەڕای پرسیاری دیکەم کە بە نامە بۆم ناردووە و ئەویش وەڵامی داومەتەوە.

**ڕامان:** بیستووتانە شێخ نووری شێخ ساڵحی شاعیر بە شیعرێک ستایشی ئێوەی کردبێ؟

**عەلی کەمال:** نەمبیستووە شێخ نووری مەدحی منی کـردبێ، وا دەردەکەوێ ڕەوشتی منی بەدڵ چووبێ.. تکا دەکەم ئەگەر دەتوانن ئەو شیعرانەیم بە دیاری بۆ بنێرن.

**ڕامـان:** شـیـعـرەکـەم لەگـەڵ خـۆم هێناوە کـە لە ١٩٤٣/١/٢١ نووسـیـویەتی (بۆ عـەلی کـەمـال) لە داوێنی شیعرەکەشدا نووسیویەتی: [عەلی کەمال بەگ لە حەربی عـالەمی دووەمـدا، هەموو مـانگێ (٣٠) دیناری تەخسیس کردبوو بۆ ئیسعافی فوقەرای شاری سلێمانی،

موقابل بەم ئینسانیەتە، ئەم سێ چوار بەیتەم بۆ نووسی.
شێخ نووری شێخ سالح]، ئەمەش دەقی شیعرەکەیە:

**نامەکەت گەییە دەس فەخری هەموو ئەهلی وڵات**
**بوو بە شانامەیی هەر مەجلیس و بەزم و حەفەلات**
**وا ئەبێ هیمەتی مەردانە و شێوەی حەتەمی**
**دەک ئیلاهی نەڕزێ قەت لەگلا دەستی سەخات**
**ڕێک بەقەد سەرتە، کڵاوی کەرەم و ئەفسەری جوود**
**خشت بە قەد قامەت و باڵاتە، کەوایی حەسەنات**
**بەحری بەخشایشی ئێوە نییە ڕۆژێ کە نەکا**
**کەرەمی حاتەمی تایی، بە سورابی وەهەمات**
**ڕوتبە و مەنسەبە، خوا لایقی شانی دیوی**
**بە فەقیران حەسەنات و بەغەریبان خەدەمات**
**ئەمە بۆ تۆ بەسە، بۆ بەرزیی خولقت بە دەوام**
**وردی ڕۆژ و شەوی ئەم عالەمەیە وەسف و سەنات**
**ڕەبی مەحروومی نەکا خوا بە دەوامی ژینت**
**کۆمەڵی بێ دەسەڵاتانی وڵاتت لە بەرات(١)**

پێم وت دوایی بە دەستوخەتی خۆم شیعرەکەت بۆ دەنووسمەوە و بۆت دەهێنم، یان بە کەسێکدا بۆتی ڕەوانە دەکەم.

**ڕامان:** ئەگەر بکرێ ناوی تەواوتان پێ بڵێ.. لەگەڵ نازناوی خۆت، یان ئەو ناوەی خێزانەکەتی پێ دەناسرێتەوە؟

**عەلی کەمال:** ناوی تەواوی من عەلی عەبدولڕەحمان حاجی قادرە، نازناوم (کەمال)ـە، لە گەڕەکی دەرگەزێن ڕێکەوتی ٢/١٠/١٩٠٠ لە دایک بووم.

**ڕامان:** خوێندنت چۆن بووە؟

**عەلی کەمال:** وەک دابونەریتی ئەو سەردەمە لە حوجرە لەسەر دەستی خواجە فەندی و حاجی مەلا سەعیدی زرزرەیی خوێندوومە.

**ڕامان:** وابزانم هەر لەو حوجرەیەدا ئاشنایەتیت لەگەڵ شێخ نووری شێخ سالح پەیدا کردووە؟

**عەلی کەمال:** بەڵێ من شێخ نووری-م هەر لەلای حاجی مەلا سەعید ناسیوە و ماوەیەک لەلای ئەو مەلا زانایە پێکەوە خوێندوومانە.

**ڕامان:** هیچ زانیاریت لەبارەی شێخ نووری هەیە بۆمانی باس بکەیت؟

**عەلی کەمال:** ئەو بە تەمەن زۆر لە من گەورەتر بوو، لەبەر ئەوە ئاشناییم لەگەڵیدا نییە، کە گەورە بووین و هاتینەوە چۆنی و چاکیمان لە یەکتر دەکرد، لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانن لەم ڕووەوە شارەزایی تەواوتان لە د. کەمال مەزهەر دەست بکەوێ کە خزمێکی نزیکیەتی.

**ڕامان:** دواتر لە خوێندن تا کوێ ڕۆیشتی؟

**عەلی کەمال:** پاشان چوومە تورکیا و لەوێ ئامادەیی ڕوشدییەی عەسکەری-م تەواو کرد، دواتر لە ئەستەمبۆل کۆلێژی پۆلیسم تەواو کرد.

**ڕامان:** ئەی کە گەڕایتەوە وڵات یەکەم جار لە کوێ دامەزرایت؟

**عەلی کەمال:** کە گەڕامەوە کرام بە یاریدەری پۆلیس و لە شاری بەغدا دامەزرام.

**ڕامان:** هەر لە بەغدا مایتەوە، یان بە وەزیفە هاتیتەوە کوردستان؟

**عەلی کەمال:** هەر بە وەزیفەی (مەعاون)ی پۆلیسی کۆیە و خانەقین و عەزیزییە گەڕام.

**ڕامان:** ئێمە جارێ زیاتر وەزیفەکانی کوردستان-مان مەبەستە.

**عەلی کەمال:** لە ساڵی ١٩٣٢ بوومە بەڕێوەبەری پۆلیس لە کەرکووک.

**ڕامان:** ئەی دوای ئەوە؟

**عەلی کەمال:** بوومە بەڕێوەبەری پۆلیس لە بەغدا و تا ساڵی ١٩٣٥ لە سلکی پۆلیس ماومەتەوە، تا بە یەکجاری وازم لە وەزیفە هێنا.

**ڕامان:** دوای ئەوە بەچییەوە خەریک بوویت؟

**عەلی کەمال:** دوای ئەوە بوومە نائیبی سلێمانی و هەر لەو ساڵەدا، واتە ساڵی ١٩٣٥ تا ١٩٥٦ بۆ چەند جارێک ئەندامێتیم لەنیابەت نوێ بووەتەوە.(٢)

**ڕامان:** دوای ئەو ساڵە کە لە نیابەت نەمایت خەریکی چی بوویت؟

**عەلی کەمال:** دەستم بە بازرگانی کردن کرد.

**ڕامان:** لە ساڵانی نێوان ١٩٣٩-١٩٤٩ ئێوە



**نموونەی دەستخەتی عەلی کەمال بەگ**

پاڵپشتی و کۆمەکی دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژتان کردووە، ئەو بیرۆکەیە چۆن هاتە پێشەوە؟

**عەلی کەمال:** پێم باش نییە لە بارەی کارە خێرخوازییەکانم قسە بکەم، بەڵام ئەوەم جێهێشتووە بۆ هاوڕێ نزیکەکانم کە زۆر لێمەوە نزیک بوون و ئاگایان لە هەموو وردەکارییەکانی ئەو پاڵپشتی کردنە هەیە.

**ڕامان:** دەکرێ نەختێ بە دوورودرێژی باسی ژیانی خۆتمان بۆ بکەیت؟

**عەلی کەمال:** حەز ناکەم لە بارەی خۆمەوە بدوێم، ستایشی خۆکردن بەجوان نازانم، تا ئێستا نەمویستووە ناوی خۆم بخەمە ناو ناوانەوە، بەسەرهاتی خۆم بۆ دوای مردنم داناوە، لەگەڵ ئەوەش لەسەر ئارەزووی ئێوە وا بە کورتی ژیان و بەسەرهاتی خۆمتان بۆ باس دەکەم.

**ڕامان:** ئەوەی پێویستە بۆمانی باس بکە لەبەر ئەوەی لە داوێنی شیعرەکەی شێخ نووری بۆتانی نووسیوە، دەمەوێ سوودی لێ وەربگرم.

**عەلی کەمال:** من لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٠ (١٣١٨ی کۆچی) هاتوومەتە دنیاوە، لە ساڵی ١٩١٤ چوومەتە ئامادەیی سەربازی لە بەغدا، لە کانوونی یەکەمی ١٩١٦ لەگەڵ هەندێ لە قوتابییە عیراقییەکان کە من یەکەمیان بووم لە پۆلدا چووین بۆ ئەستەمبوڵ. لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ بووم بە ئەفسەری پلە دوو (مەلازم ثانی)، لە ساڵی ١٩٢١ لە بەرەی ئورفە بووم، بەڵام لەسەر مەسەلەی کوردایەتی بۆ ماوەی سێ مانگ لە کایەنێکدا بەندکرام، بەداخەوە ئەوەی خەبەری لێ دابووم دوو ئەفسەری کوردی بتلیسی بوون، خۆ ئەگەر فەتاح ئەفەندی خاڵی بابە عەلی نەبوایە(٣)، ئەوە ڕەوانەی (دیوانی عورفی) دەکرام، بەڵام لە دوای بەردانم لە بەندیخانە بڕیارم دا لە یەکەم هەلدا کە بۆم هەڵکەوێ خۆم دەرباز بکەم، کە گەڕامەوە شاری ماردین و لە سنووری عیراق نزیک بوومەوە، لە ڕۆژی ٦/١/١٩٢٢دا هەڵاتم و لە یەکی نیسانی ئەو ساڵەدا لە شاری هەولێر کرام بە مەعاونی پۆلیس، دواتر لە ساڵانی ١٩٣٢دا کرامە بەڕێوەبەری پۆلیسی شاری بەغدا، بەم هۆیەوە ناسیاویم لەگەڵ پیاوە سیاسییە مەزنەکان پەیدا کرد.

**ڕامان:** کەی وەرچەرخان لە ژیانی تۆدا ڕووی دا؟

**عەلی کەمال:** کە فەیسەڵی یەکەم کۆچی دوایی کرد، ئاژاوە کەوتە ناو سیاسییەکانەوە، هەریەکە لە حزبەکان هەوڵی دەدا مەیلیکی نوێ بخاتە ژێر ویصایەی خۆیەوە،تاقمێ دژی ڕەشید عالی بوون، لەم هەوڵەدا سەرکەوتن، لەبەر ئەوە ڕەشید عالی و حیکمەت سلێمان لەژێر سەرۆکایەتی نهێنی یاسین هاشمی دا دەستیان کرد بە هاندانی عەشیرەتەکانی فورات بۆ یاخی بوون و مان گرتن و داواکردنی تاقمی ڕەشید عالی بۆ سەر حوکم.

**ڕامان:** ئەو بارودۆخە چ پێوەندییەکی بەتۆوە هەبوو؟

**عەلی کەمال:** هەر لەو ڕۆژانەدا ڕەشید عالی گەیلانی ناردی بە شوێنمدا و پرسیاری لێ کردم و وتی: ئایا ناسیاویت لەگەڵ گەورەکانی عەشیرەتە کوردەکان هەیە؟ وتم بەڵێ هەموویان باش دەناسم. وتی: دەمەوێ یاریدەمان بدەیت بۆ ئەوەی ئەوانیش هاوبەشیی ئەو جووڵانەوەیە بکەن، چونکە ئەگەر عەشیرەتەکانی خواروو و سەرووی عیراق هەموویان هەڵسان، ئیتر سوپا ناتوانێ بەربەرەکانییان بکات. وتم: من لە خوارووی عیراق و لە بەغدا ئامادەم بۆ یارمەتی، چونکە لەگەڵ زۆر لە سەرۆک عەشیرەتەکان ئیشم کردووە و لە عیراق ماومەتەوە و دەیانناسم و دەتوانم خۆمیان لێ ئاشکرا بکەم، بۆ ئەوەی بێنە ناو حزبەکەی ئێوەوە، بەڵام عەشیرەتەکانی سەرووی عیراق مەرجیان هەیە بۆ ئیسلاحات تا بێنە حزبەکەتانەوە، لە وەڵامدا وتی ئەم شەرتانە هەرچییەک بن، ئێمە ئامادەین بۆ جێبەجێ کردنیان، منیش وتم با قسەیان لەگەڵ بکەم و ئاگادارت دەکەمەوە. دوای ئەوە هاتمە ماڵی عەبدولقادر قەزاز(٤) و لەوێ هەندێک لە لاوەکانمان کۆ کردەوە، یەکێ لەوانە ئیبراهیم ئەحمەد بوو کە لەو ڕۆژانەدا لە کوللییەی حقووق دەیخوێند، لەگەڵ چەند کەسێکی تر کە لەگەڵمان بوون، لەم کۆبوونەوەیەدا (١٦) ماددەمان دانا، یەکێک لەو ماددانە هێنانە بەرهەمی لیوای دهۆک بوو، لەگەڵ قەزا کوردەکانی سەر بە مووسڵ. دووەم لیوا کوردەکانی وەک دهۆک، هەولێر، کەرکووک، سلێمانی والییەک ئیدارەیان بکات، ئەوانە حوکمی زاتییان بدرێتێ و لەو میزانییەی میریدا بەشێکی نسبییان هەبێ. مەعاریفی کوردستان لە مەعاریفی عیراق جیا بکرێتەوە، بە مەرجێک مەرکەزەکەی لە سلێمانی بێ. گەلێ مەودای تر لە بارەی ڕێگاوبان و دامەزراندنی مەئموورانی کورد. ئەم ماددانە هەمووی بەبێ دەست لێدان پەسند کرد، لەسەر ئەمە هەموو سەرکردە و پیاوماقووڵانی کوردستانم کۆکردەوە.

**ڕامان:** ئەو سەرکردە و پیاوماقووڵانەی کوردستان کێ بوون؟

**عەلی کەمال:** لەهەولێر میرانی قادر بەگ و حسێن مەلا، لە کەرکووک دارا بەگی داوودە، فەتحوڵڵا بەگی دەلۆ و شێخ وەهابی تاڵەبانی، لە خانەقین و لە سلێمانی جەلالی حەفید و ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ، یەکێکیش لە سەرکردەکانی جاف کە ناوەکەیم نایەتەوە یاد. باسەکەم بۆیان گێڕایەوە وتم ئەگەر لەم هەوڵەماندا سەرکەوتین، ئەوە کورسی نیابەت ئامادەیە بۆتان، هەروەها ڕامسپاردن

کە ئەگەر لەگەڵ ڕەشید عالی و حیکمەت سلێمان کۆبووینەوە بڵێین ئەو شەرتانە کە عەلی کەمال بۆتانی هێناوە هی ئێمەیە و داوای بەجێهێنانیان دەکەین، ئەگەر وتیان باشە بڵێین کەفیلمان دەوێ، ئەگەر وتیان کەفیل کێ بێ؟ بڵێین قورئان کەفیل بێ و بە قورئان سوێند بخۆن کە ئەم شەرتانە بەجێ بهێنن، ئەگەر نەتانتوانی ئیستیعفا بکەن. کە لەماڵی حیکمەت سلێمان کۆبووینەوە حسێن مەلا بەناوی هەموویانەوە کەوتە وتار، من چیم وتبوو دووبارەی کردەوە، فیعلەن ڕەشید عالی و حیکمەت سلێمان قورئانیان هێناو دەستیان خستە سەر، ئەوکاتە بە کۆمەڵ گەڕانەوە، کاربەدەستانی ئیدارییان ئاگادار کرد کە ئەگەر میری سوپای نارده سەر عەشیرەتەکانی فورات ئێمە هەموو سوێند خوارین لەگەڵیان بۆ یارمەتیدانیان. هەر لەو ڕۆژانەدا میری ئاگادار بوو کە من بە سیاسەتەوە خەریکم، لەبەر ئەوە منیان بۆ بادییەی جنووبی گوێزایەوە، منیش ئەم گوێزانەوەیەم ڕەت کردەوە و دەستم لە وەزیفە هەڵگرت، بەڵام ئەم دەست هەڵگرتنەیان پەسند نەکرد.

**ڕامان:** کە تۆ گوێزرایتەوە دواتر کەی گەڕایتەوە؟ ڕووداوەکان بەرەو کوێ چوون؟

**عەلی کەمال:** ئەوەندەی پێ نەچوو وەزارەت دەستی خۆی لە ئیش کێشایەوە، کۆمەڵێ ناوبراو هاتنە سەر کار، تەنیا حیکمەت سلێمان نەبێ، چونکە لەگەڵ ڕەشید عالی لەسەر وەزارەتی ناوخۆ بەیەکدا هاتن. ئەوە بوو ڕەشید عالی بانگی کردم و تکای لێ کردم کە بۆ ماوەی یەک مانگ بچم بۆ بادییە، بۆ ئەوەی حکوومەت لەکەدار نەکەن، کە مەئموورەکانی بە سیاسەتەوە خەریک کردووە، لەبەر ئەوە ماوەی بیست ڕۆژ برۆ بۆ ئەوێ، پاشان بەبێ مۆڵەت بگەڕێوە وەک بۆ پشکنین (تەفتیش) ڕۆیشتبێت.

**ڕامان:** دوای ئەو داوایەی ڕەشید عالی ڕۆیشتی بۆ بادییەی جنووبی؟

**عەلی کەمال:** بەڵێ ڕۆیشتم بۆ بادییە و لە دوای سێ هەفتە کە گەڕامەوە دیم عەشایەرەکان لە ڕومێسەو سوقلشیووخ دژی حزبی یاسین هاشمی و ڕەشید عالی هەڵساون و ئەمەی دواییان داگیر کردووە و بە تاڵان بردوویانە و حکوومەت بڕیاری تەمێ کردنیانی داوە و هێزێک پێکهناوە لەژێر سەرکردەیی حسێن فەوزی کە لەناسڕییەوە بەرەو سوقلشیووخ بکەوێتە ڕێ، لە بەسرەوە دوو پاپۆڕی موسەلەحیشیان بۆ پارێزگاریی سوپا هێنا، منیشیان بەسەرکردەی بەرەی ڕۆژئاوای فورات دامەزران بۆ پاراستنی ڕێی شەمەندەفەر (قطار)، ١٥٠٠ پۆلیس و ٢٠٠٠ کەس لە عەشیرەتەکانی سەر بە میری لەژێر دەستما بوون، شوێنی دامەزراومان مەحەتەی (تل اللحم) بوو.

**ڕامان:** حسێن فەوزی کە لەناسڕییەوە هاتبوو چی کرد؟ توانی لەگەڵ تۆ هەماهەنگی بکات؟

**عەلی کەمال:** حسێن فەوزی کە لەناسڕییەوە هات، نەیتوانی پێشکەوێ، چونکە هەر چوار دەوری ئاو بوو، ماوەی بیست ڕۆژ پاپۆڕەکان پێش نەکەوتن، سوپاش لە شوێنی خۆی مایەوە، واتە لە بەینی ناسڕییە و سوقلشیووخ مایەوە، برای عەجمی پاشا ئەلسەعدوون کە یەکێک بوو لەو ڕوئەسایانەی لەگەڵ من و سەر بە حکوومەت بوو وتی: بۆچی ئێمە لە هۆرەکانەوە هێرش نەبەین بۆ سەر سوقلشیووخ، ئەمە کارێکی بەجێیە و زەحمەت نییە. کە ئەمەم بە بەرپرسی حەرەکات وت زۆری پێ خۆش بوو، بەڵام وتی وا دەردەکەوێ، بەپێی ئەو نەخشانەی کە لەلامانە ئەم پلانە زەحمەت بێ. ڕاستییەکەی ئێمە بە زەحمەتییەکی زۆر پێشکەوتین تا گەیشتینە نزیک سوقلشیووخ، بۆ بەیانی کە کەوتینە ڕێ و بەو بەلەم و کەشتیانە کە لەو شوێنەدا کۆم کردبووەوە، چووینە ناو سوقلشیووخەوە، عەشیرەتە یاخی بووەکان کشانە دواوە، دوای دوو سەعات سوپاش گەیشت.

**ڕامان:** ئەوکاتەی کە گەیشتنە ناو سوقلشیووخ هەواڵتان گەیاندە ڕەشید عالی؟


برازای بەڕێز کاکە
نامە شیرینەکەتم وەرگرت زۆر خۆشحال بووم . داوای تفصیلاتتان کردبوو
لە بارەی ژیانی شێخ نوری شێخ صالحەوە (خوا لێی خۆش بێ) زۆر بە داخەوە
دەلێم ناتوانم یارمەتیتان بدەم . لە ڕاستیدا هەردووکمان بە منالی
لە حوجرەی حاجی مەلا سەعیدی زرزەیی بە یەکەوە دەمان خوێند بەلام
ئەو بە تەمەن زۆر لە من گەورەتر بوو لەبەر ئەوە ئاشنایەتیم لەگەڵیا نەبوە
ئەوە نەبێ کە گەورە بووین کاتێکە وە چۆن وچاکیمان لە یەکتر دەکرد
لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانن لەم ڕووەوە شارەزای تەواوتان دەست بکەوێ
لە دکتور کمال مظهر کە خزمێکی نزیکیەتی ، وا دەردەکەوێ
من نەم بیستوە کە شێخ نوری مەدحی منی کردبێ ، ئەو شیعرانەیم
ڕەوشتی منی بە دڵا چووبێ . تکا دەکەم ئەگەر دەتوانن ئەو شیعرانەم
بۆ بنێرن بە دیاری . ستایشی خۆ کردن وەتا بە جوانی نازانم ... بەسەرهاتی خۆم

وەڵامەکانی عەلی کەمال بەگ بە دەستخەتی
عەبدولقادر قەزازی پوورزای

**عەلی کەمال:** نەک هەواڵ گەیاندن، بەکر سدقی و ڕەشید عالی خۆیان هاتن و زۆر ڕەزامەندییان نواند، لەبەردەمی مندا ڕەشید عالی بە وەزیری ناوخۆی وت: تکات لێدەکەم بە پێی دەسەڵاتی خۆت، واتە سەلاحییەتی خۆت، عەلی کەمال بکە بە قائیمقامی سوقلشیوخ، منیش لە دوای سێ مانگ دەیکەم بە موتەسەڕیف.

**ڕامان:** بڕیاری بوونت بە قائیمقامی سووقلشیوخ دەرچوو، یان هەروا قسە بوو؟

**عەلی کەمال:** من ئێستا فیعلەن مانگانەی خانەنشینییەکەم لەسەر حیسابی قایمقامی ئیداری وەردەگرم، نەک لەسەر حیسابی یاسای خانەنشینی پۆلیس. لە دواییدا من لێکم دایەوە و وتم دوور نییە ئەم پیاوەتییەی ڕەشید عالی بەرانبەرم بۆ ئەوە بێ کە لە سیاسەت دوورم بخاتەوە، لەبەر ئەوە بۆم نووسی کە من موتەسەڕیفیم ناوێ، تۆ منت لە سیاسەتەوە گلان، ئیتر بەکەڵکی وەزیفەی میری نەماوم، چونکە نابێ مەئموور بە ئاشکرا لەگەڵ سیاسەت خەریک بێ، بۆیە بۆم نووسی تکام ئەوەیە ڕەزامەندیی بدەی لە سلێمانی خۆم بۆ نیابەت هەڵبژێرم، چونکە ئەو ڕێیە بۆ خۆم و بۆ ئێوەش بەباشتر دەزانم.

**ڕامان:** دوای ئەو داوایە ڕەشید عالی وەڵامی نامەکەتی دایەوە؟

**عەلی کەمال:** بەڵێ، وتی بەلای منەوە هیچ مانعێک نییە بۆ خۆ هەڵبژاردنت، بە تایبەتی ئەگەر بزانیت لە سلێمانی تۆیان ئەوێ.

**ڕامان:** لە خۆترا دەبینی ببیتە نائیب و خەڵکی سلێمانی هەڵتبژێرن؟

**عەلی کەمال:** بەڵێ، خۆم هەڵبژاردو بووم بە نائیب، بەم جۆرە لە پێوەندیم بە وەزیفەوە ڕزگارم بوو، برادەرە کوردەکانیشم بەشی زۆریان سەرکەوتن، تەنیا لە جێی شێخ وەهابی تاڵەبانی، شێخ فایقی تاڵەبانی هەڵبژێرا، ئەوەش لەسەر تەنسیبی شێخ حەبیب تاڵەبانی بوو.

**ڕامان:** باسێکی نائیبییەکەتمان بۆ بکە، لە ئەنجوومەنی نیابەت چی گوزەرا؟

**عەلی کەمال:** کە مەجلیسی نیابی کرایەوە، ئێمە بەو ناوەوە کە کۆمەڵێکی یەک دڵ و یەک زمانین، ئیعتباری گەورەمان هەبوو، بەڵام وردە وردە دەست کرا بە پڕۆپاگەندە لە دژی من گوایە دەمەوێ بیانکەم بە پەیژە بۆ ئەوەی ببم بە وەزیر، حکوومەتیش دەستی کرد بە سەرزەنشتکردنی شەخسی نائیبەکان.

**ڕامان:** بە چ بەڵگەیەک ئەو نائیبە کوردانە کەوتنە دژایەتی کردنی تۆ؟

**عەلی کەمال:** من کە باسی دهۆک-م هێنایە مەجلیس بوو بەهەرا.. نائیبەکانی لیوای مووسڵ و تاقمێک لە لایەنگرەکانیان، واتە موتەسەڕیفین هێرشیان کردە سەرم، ئەوکاتە بۆم دەرکەوت کە میری و وەچەکانی دەستیان کردووە بە کنەکردن لەناو کوردەکاندا، بە تایبەتی لە دژی من و دەیانەوێ کۆمەڵەکەمان بڵاوەی لێبکەن.

**ڕامان:** دواتر لەگەڵ نائیبە کوردەکانی هاوەڵت بوون، بەچی گەیشتن؟

**عەلی کەمال:** لەسەر ئەمە هەموویانم بانگ کردە ماڵی خۆمان و لەوێ پێم وتن کە مەبەست لەم بانگ کردنە هەوڵدانە بۆ بەجێهێنانی ئەو شەرتانە کە میری بەڵێنی پێمان دابوو و گەلی کورد چاوەڕێی ئەنجامی ئەو هەوڵەمانە، ئەمەش بەڕێکەوتنی ئێمە دێتە دی، چونکە دەزانم لە زۆر شوێنەوە پڕوپاگەندە دەکەن گوایە من ئەم هەوڵە ئەدەم بۆ گەلی کورد نییە، بگرە بۆ خۆمە تا مەرکەزێکی باشم دەستکەوێ، پێش هەموو شتێک ئەگەر دەتانەوێ ئەم پەیمانە بەردەوام بێ پێویستە کەسێک هەڵبژێرن، بۆ ئەوەی بەناوی هەموومانەوە گفتوگۆ بکات، ئێوە ئارەزووتان لەسەر هەر کەسێک بێ من لەلام باشە.. هەموو وتیان: لە تۆ زیاتر کەسمان نییە، وتم کەوابوو من سێ بەسێ تەڵاقتان بۆ دەخۆم کە تا ئێوە هەمووتان ڕاتان لەسەر نەبێ، هیچ مەرکەزێکی حکوومی قبووڵ ناکەم، گەورەبێ، یان بچووک، واتا ئەگەر یەک کەستان نارازی بێ من نامەوێ، بە کورتی جڵەوی خۆم داوەتە دەست ئێوە، بۆ ئەوەی متمانەم پێبکەن، بەرانبەر بەمە منیش دەمەوێ سێ بەسێ تەڵاقم بۆ بخۆن کە من چی بکەم ئێوە لەگەڵم بن، ئینجا پشتگیری حکوومەت بکەم، یان نەیکەم، ئەوەی ئەو سوێندە نەخوات با هەر لە ئێستاوە جیا ببێتەوە، ئەم پیاوانە هەموویان یەکە یەکە تەڵاقیان خوارد، یەکێ لەو پیاوانە کە لە ناو ئەو تاقمە کەسەدا بوو جەنابی حامید بەگی جافە کە ئەوکاتە کۆچی دوایی نەکردبوو.

**ڕامان:** وەڵامیان بۆ ئەو پێشنیارەی تۆ چی بوو؟

**عەلی کەمال:** هەموو دڵخۆش و شادمان بووین بۆ ئەم یەکگرتن و ئەم پەیمانە، بەڵام بەداخەوە دەڵێم نائیبی تاڵەبانی هەر ئەو سەعاتە کە لە ماڵەکەی من چووە دەرەوە، ڕۆیشت بۆ ماڵی ڕەشید عالی و لە خەو هەڵیساند و لەم پەیمانەی ئێمەی ئاگادار کردەوە.

**ڕامان:** کاردانەوەی ڕەشید عالی بەرانبەرت چی بوو؟

**عەلی کەمال:** بۆ ڕۆژی دوایی ڕەشید عالی ناردی بە شەوێنما و لەبەرچاوی سەرۆکی ئەنجوومەن کە زەکی بەسراوی بوو، بوو بەشەڕمان. من وتم بە تۆم نەوت کە من مەکە بە واستە بۆ باکوور (مەبەستی کوردستانە)،

من ناتوانم بۆ بەرژەوەندی دنیا خیانەت لە میللەتەکەم بکەم، تا من لە ئەنجوومەن بم واز لەو داوایانە ناهێنم. ئەویش وتی تۆ کەست لەگەڵ نییە، برادەرەکانت لە کردەوەکانت ناڕازین، تۆ داوای کردنەوەی جادەت کردبوو بۆ شارەکەت، حاڵ وایە، بەڵام بازرگانەکان مەزبەتەیان نووسیوە کەوا جادەمان ناوێ، ڕاستی دەکرد، مەزبەتەیەکی نیشاندام کە حاجی مەلا محێدین لەگەڵ هەندێ لە بازرگانەکان ئیمزایان کردبوو، ئەو مەزبەتەیە لەدواییدا، لەکاتی گفتوگۆکردندا نیشانی ئەنجوومەنیشی دا، بەم جۆرە یەکێتییەکەمان سەری نەگرت و نائیبەکانیان ترساند کە لەبەر ئێوە ئەنجوومەن هەڵدەوەشێننەوە، منیش وەڵامیانم دایەوە کە ئایا ناو لەوە گەورەتر هەیە بۆ ئێمە کە میری ئەنجوومەنەکەی لە ترسی نائیبە کوردەکان حەل بکات، لەبەر ئەوەی داوای مافی میللەتەکەیان دەکەن، بەڵام ئەمە بێ سوود بوو، ڕێکەوتنەکەمان درزی تێکەوت و لەدوای ئەمە ڕەشید عالی دەستی کرد بە موحارەبە کردنم لە بارەی ڕسقمەوە.

**ڕامان:** موحارەبەکەی ڕەشید عالی چۆن بوو؟

**عەلی کەمال:** من کە بووم بە نائیب چووم پێم وت سەرمایەم نییە تەنیا مووچەی خانەنشینییەکەم و موخەسەساتی نیابی نەبێ، خانەنشینییەکەشم زۆر کەمە، ئەگەر ئەنجوومەن حەل کرا لە ڕووی ژیانەوە زۆر سەغڵەت دەبم، لەبەر ئەوە دەمەوێ بە کشتوکاڵەوە خەریک بم، بۆ ئەوەی ژیانم دابین بکەم، داوام لێکرد (چەمی مالوان)م بەکرێی دە ساڵ کە زەوی ئەمیرییەیە بداتێ، هەم خۆم کەڵکی لێ وەردەگرم، هەم ئاوەدانی دەکەمەوە، بێجگە لەوە جووتیارەکانیش کەڵکی لێوەردەگرن. ڕەشید عالی حالەن موافەقەتی کرد، بەو مەرجەی کە بەناوی یەکێ لە خزمەکانمەوە بێ، منیش عەریزەم دا بەناوی خوالێخۆشبوو میرزا ئەوڕەحمانی باوکی ئەندازیار سەردار و برای دکتۆر ئیبراهیم حیلمی-یەوە بکرێ، هەروەها ڕەشید عالی موتەسەڕیفیشی ئاگادار کرد بۆ موافەقەت کردن، موتەسەڕیفیش لەو ڕۆژانەدا خوالێخۆشبوو ساڵح زەکی بەگ بوو، کە ئاگادار کردنیشی نەدەویست، بە کورتی هەموو کارەکان پێکهێنران، ئەوراقی موخابەرە هاتە وەزارەتی دارایی، بەڕێوەبەری داهاتی گشتی ڕەزامەندیی لەسەردا، وەزیریش بە ڕەزامەندیی ئیمزای ئەوراقەکانی کرد، دوای ئەوە بڕیارەکە لەچاپ درا و نێررا بۆ وەزیر بۆ ئیمزا کردن، بەڵام وەزیر ئیمزای نەکرد و پرسیاری نوێی هێنایە ناوانەوە، ئەوکاتە بۆم ساغ بووەوە کە دەیانەوێ سەریان بۆ شۆڕ بکەم، لەبەر ئەوە بە شەرەفی کوردایەتیم سوێند دەخۆم کە تا ئەمڕۆ بیرای بیر ناوی ئەم مەسەلەیەم نەهێنایەوە، ئەم تەرتیباتە تا ماوەیەکی زۆر لەکاردا بوو، ڕۆژێک (مستەفا ئەلعەمەری) کە وەزیری ناوخۆ بوو ناردی بە شوێنماو بەشێوەیەک هەڕەشەی لێم کرد کە دەست لەو کاروبارە بکێشمەوە.

**ڕامان:** سەرەتا ڕەشید عالی گەیلانی پشتیوانت بوو، بۆچی دوایی بەو دڵڕەقییە لەگەڵت جووڵایەوە و ڕەفتاری کرد؟

**عەلی کەمال:** کە ڕەشید عالی زانی من نابم بەکۆیلەی ماددە، بڕیاری دا کە لە ڕێگای ڕسقما ڕاوەستێ.

**ڕامان:** دوای ئەوە تۆ چیت کرد، باوەڕ ناکەم دەستەوەستان بووبیت؟

**عەلی کەمال:** ئەو وەقتە من لە بەغداوە چووم بۆ کووت، هەندێک لە ڕووئەسا و سەرکارم دەناسی، زەوییەکی ئەمیریی زۆریان هەبوو، لەگەڵیان ڕێکەوتم بەشەراکەت ئیش بکەین، کە ڕەشید عالی بەمەی زانی ئەمری دا بە موتەسەڕیفی کووت عەشائیرەکانم لێ هەڵگێڕێتەوە و ماوەی هاتوچۆم نەدا بۆ کووت، بەڵام خوا ئەگەر پەنجەرەیەک لە عەبدی خۆی دادەخا، ئەوە دەرگایەکی گەورەی بۆ دەکاتەوە.

**ڕامان:** ئەو دەرگا گەورەیە چی بوو خوا لە تۆی کردەوە؟

**عەلی کەمال:** من لە بەغدا بەهۆی مەعاونی مودیری بانکی عوسمانییەوە کە ناسیاویم لەگەڵی پەیدا کردبوو، دەستم کرد بە موعامەلەکردن لەگەڵ بانکدا و بە سایەی ڕاستیمەوە لە ماوەی چوار پێنج ساڵدا منیان خستە ڕیزی بازرگانە گەورەکانەوە. هەر لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ کۆمپانیایەکی لبنانی ناسیاویم پەیدا کرد، ئیعتیمادیان پێ کردم کە بەشەراکەت مۆڵکیان بۆ بکڕم، بە مەرجێک خۆیان حصەکەی من بدەن و فائیضەکەیم لەسەر حیساب بکەن. بەم چەشنە کە لە ساڵی ١٩٤١دا جووڵانەوەکەی ڕەشید عالی دەستی پێکرد، من ناوێکی بەرزم لە بازاڕدا هەبوو.

**ڕامان:** لەکەیەوە بڕیارت دا لە سیاسەت دوور بکەویتەوە و کەی دەرکەوتیتەوە؟

**عەلی کەمال:** لەپێش کۆبوونەوەی مەجلیسی نیابی لە ڕۆژی ١٩٣٦/١١/١دا بەکر سدقی ئینقلابێکی کرد و مەجلیسی نیابی هەڵوەشاندەوە، ئیتر من بڕیارم دا کە خۆم تەرشیح نەکەم و لە سیاسەت دوور بکەومەوە، ڕاستییەکەی تا ساڵی ١٩٤٧ نەهات بەبیرما کە خۆم تەرشیح بکەن.

**ڕامان:** ئەو شیعرەی شێخ نووری بۆی نووسیویت، لە داوێنەکەیدا نووسیویەتی لە دووەمین جەنگی جیهانیدا هەژارخانەیەکتان لە شاری سلێمانیدا کردووەتەوە، دەکرێ باسێکی ئەو کارە و کارەکانی ترمان بۆ بکەیت؟

**عەلی کەمال:** لە ساڵەکانی جەنگی گشتی دووەما

گرانی داکەوت، لەو ماوەیەدا بڕیارم دا کە چیم لە دەست بێ بۆ خزمەتی وڵاتەکەم بەختی بکەم، ئەوەبوو بەشداریم کرد لە کردنەوەی هەژارخانەیەک لە شاری سلێمانی و بەڕێوەبردنی ئەو هەژارخانەیە بە پارە. تەرخان کردنی مانگانە بۆ قورئان خوێنەکانی مزگەوتی گەورە و خانەقای مەولانا خالید، ناردنی بەعسەیەکی ئایینی لە شەش قوتابی بۆ (جامع الأزهر) لە قاهیرە، هەروەها بڕینەوەی مانگانە بۆ نزیکی هەشتا قوتابی دەست کورتی کورد کە لە شاری بەغدا ئەیانخوێند تا بتوانن خوێندن تەواو بکەن و یارمەتیدانی ئەو قوتابیانەی کە ئەیانویست لە دەرەوەی وڵات خوێندن تەواو بکەن. لە غورفەی تیجارە لە بەغدا ئیعتیمادی تا (٥٠) هەزار دینارم هەبوو، هەموویم تەرخان کرد بۆ کەفالەتی ئەو قوتابیانە، تەنانەت ئەم ئیعتیمادەشم تەواو بوو، ئیعتیمادی سەباحی کوڕیشم هەر بۆ ئەم ئامانجە بەکارهێنا.

**ڕامان:** ئەی دواتر چۆن چوویتەوە مەیدان و خۆت بۆ نیابەت هەڵبژاردەوە؟

**عەلی کەمال:** لەساڵی ١٩٤٧دا میری بڵاوی کردەوە کە هەڵبژاردن لەسەدا سەد بەسەربەستی دەڕوا، منیش باوەڕم کرد و خۆم هەڵبژارد، هەروەک من زۆر کەسانی تریش خەڵەتابوون، لەو کەسانە خوالێخۆشبووان (ڕەفیق حیلمی) و (ئەنوەر سائیب) و (عەزیز یامولکی) کوڕی مستەفا پاشا یامولکی بوون.

**ڕامان:** بۆچی دەڵێی خەڵەتابووین؟

**عەلی کەمال:** لەبەر ئەوەی میری بە ئاشکرا دەستی خستە هەڵبژاردنەوە و داوای لێم کرد کە دەست لە خۆ هەڵبژاردن بکێشمەوە، بەڵام من گوێم نەدایە و قوتابییەکانی سلێمانی هەموویان بڕیاریان دا بەخۆنیشاندان هەڵوێست نیشان بدەن، ئینجا میری ڕێی هەڕەشەی گرتەبەر و بڕیاری دا کە نابێ لە سێ کەس زیاتر بەیەکەوە بێن و بچن و هەڵبژاردن لە ژووری موتەسەڕیف دەکرێ، بۆ ئەو مەبەستە فەوجێک سەربازی لە قەزای پشدەرەوە هێنا بۆ سلێمانی بۆ پاراستنی ئاسایش، بڕیاریش درا ڕۆژی هەڵبژاردن قوتابییەکان بنێردرێن بۆ سەیران کردن لە دەرەوەی شار، بەڵام بەپێچەوانەی ئەم بڕیارەی میری، قوتابییەکان بڕیاریان دا کە بە هەموو جۆرێک بەرانبەر بە میری بوەستنەوە، منیش کە ئەمەم زانی بڕیارم دا خۆم بکێشمەوە و پارەی تەئمیناتەکەم بدەم بە شارەوانی بۆ ئەوەی بەسەر هەژاراندا دابەش بکرێ، بەیاننامەیەکیشم بە ناو شاری سلێمانیدا بڵاو کردەوە و هەموو ڕووداوێکم بۆیان گێڕایەوە.

**ڕامان:** دوای ئەو ڕووداوانە هەر لە سلێمانی مایتەوە؟

**عەلی کەمال:** نەخێر.. بەڵام پێش گەڕانەوەم بۆ بەغدا خوا لێخۆشبوو حەپسەخانی نەقیب ژنی شێخ قادری حەفید هاتە لام لەماڵەوە و قورئانەکەی کاکەحمەدی شێخی لەگەڵ خۆی هێنابوو، بۆ ئەوەی تکام لێ بکا کە خۆم لە هەڵبژاردن بکێشمەوە و کارەساتی ڕۆژی شەشی ئەیلوول دووبارە نەبێتەوە.

**ڕامان:** تۆ وەڵامت بۆ داواکەی حەپسەخان چی بوو؟

**عەلی کەمال:** پێم وت خۆشم وام بڕیار دابوو، بەیاننامەکەشم پێشان دا و وتم من ئەم خۆکێشانەوەیەم ناکەم بە منەت بەسەرتانەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم بڕیارەشم نەدایە، ئەوە بەهۆی تەشریف هێنانتان بۆ ماڵمان خۆم دەکێشایەوە.

**ڕامان:** شێوەی هەڵبژاردن لەو سەردەمەدا چۆن بوو؟

**عەلی کەمال:** لەو ڕۆژانەدا هەڵبژاردن بە دوو پلە بوو، هەڵبژێراوە سانەوییەکان تێکڕا هەموویان بڕیاریان بۆ من دابوو، موتەسەڕیفیش ناردبووی بە شوێن یەکە بەیەکەیان، ئەوان بەشی زۆریان وتبوویان ئێمە یەک ڕامان بۆ میری و ڕایەکەی تریشمان بۆ عەلی کەمالە، هەروەها هەندێکیان وتبوویان هێشتا بڕیاری تەواومان نەداوە، لەسەر ئەوە موتەسەڕیف ئەوەندەی نەمابوو تووشی هیستریا ببێت، بۆ کێشانەوەی من وای لێهات کە (شێخ حەسیب تاڵەبانی)ی خاڵی لە کەرکووکەوە هێنا بۆ ماڵی ئێمە لە سلێمانی، تا بۆ خۆکێشانەوەکەم تکام لێ بکات.

**ڕامان:** دیارە تکایەکان بۆ خۆکێشانەوە لە هەڵبژاردنی تۆ زۆر بوون؟

**عەلی کەمال:** لەسەر ئەم هەموو تکایە خۆم کێشایەوە و گەڕامەوە بەغدا، لەلایەن لەسەدا هەشتای هەڵبژێراوە سانەوییەکان تەلەگرافێکم بۆ هات کە دەڵێن: (تۆ نائیبی ئێمەی، لەگەڵ ئەوەشەوە کە خۆت کێشاوەتەوە)، ژمارەیەکی زۆریش لە خاوەنی ئەم تەلەگرافە مەئموورانی میری بوون و میری لەسەر ئەم تەلەگرافە لێیان تووڕە بوو.

**ڕامان:** ئەی بیستوومە جارێکی تریش لەسەر سلێمانی خۆت هەڵبژاردووەتەوە؟

**عەلی کەمال:** ئەوە ساڵی دواتر بوو، وا ڕێکەوت ئەنجوومەن لە ساڵی داهاتوودا هەڵوەشایەوەو سەرلەنوێ دەست کرایەوە بەهەڵبژاردن، بەڵام من خۆم هەڵنەبژارد و پێش تەواوبوونی ماوەی هەڵبژاردن بە دوو ڕۆژ، لە کاتێکدا کە لە مەزرەعە بووم لە نزیک شاری کووت، لەلایەن موتەسەڕیفی کووتەوە تەلەفۆنم بۆ کرا کە وەزیری ناوخۆ (مستەفا ئەلعەمەری) دەیەوێ سبەینێ بە هەر جۆرێک بێ لە بەغدا بچم بۆ لای. ئەو ڕۆژە بۆم نەکرا

بچم، بەڵام دوای نوێژی خەوتنان خێزانەکەم وتی ئەمڕۆ وەزیری ناوخۆ سێ جار تەلەفۆنی کردووە و وتی هەر کە چوویتە بەغدا بڕۆی بۆ ماڵی خۆیان، منیش کە چوومە لای وەزیر وتی: ئایا خـۆت هەڵنەبژاردووە؟ پێم وت: نەخێر. وتی: سبەینێ دوا ڕۆژەکانی خۆ هەڵبژاردنە، بڕۆ لە سلێمانی خۆت هەڵبژێرە، لەسەر ئەمە سوپاسیم کرد. دوای ئەوە وتی: هاوڕێکەت (بەهائەددین نووری)یە یاریدەی یەکتری بدەن، بە هەرحاڵ وەڵامیم دایەوە و وتم: جەنابی وەزیر من وامزانی کە ئەمە تەعویزێکی مەعنەوییە بۆ من بەرانبەر بە هەڵسوکەوتی میری بەرانبەرم لە هەڵبژاردنی ساڵی پاردا، بەڵام وا دیارە ئەمە بۆ ئەوەیە کە من (بەهائەددین نووری)تان بۆ دەربچوێنم، ببوورە من خۆم هەڵنابژێرم، پاشان وتم بەهائەددین نووری خەڵقی سلێمانی نییە و کەس نایناسێ، پار ئێوە هێناتانە بەرانبەرم و وتتان ئەمە هەڵبژێراوی بابە عەلی-یە (بابە عەلی کوڕی شێخ مەحموودە و ئەوکاتە وەزیر بوو)، وا ئێستاش دەیهێنن بەرانبەر بە کوڕی شێخ مەحموود ڕابوەستێ؟ چ عەقڵێک ئەمە قبووڵ دەکات کە بەهائەددین نووری بتوانێ بەربەرەکانیی کوڕی شێخ مەحموود بکا، ئەگەر ئێوە دەتانەوێ بەرهەڵستی بابەعەلی بکەن، پێویستە کەسێکی خاوەن مەرکەز و ناسراو لە خەڵقی سلێمانی بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی لایان پەسند بێ.

**ڕامان:** ئەی وەڵامی وەزیر چی بوو؟

**عەلی کەمال:** وەزیر وتی تۆ ڕاستی بۆ چوویت و هیچ یارمەتی مەدە، من موتەسەڕیف ڕادەسپێرم کە یاریدەی بدات، ئامەننا نەبوو بە قیر، تۆ خۆت هەڵبژێرە و پێوەندیت بە بەهائەددین نووری-یەوە نەبێ.

**ڕامان:** قەناعەتت بەوە کرد  بچیتە شاری سلێمانی و خۆت هەڵبژێریت؟

**عەلی کەمال:** بەڵێ.. بەڵام کە ڕۆیشتم بۆ سلێمانی دیتم بەهائەددین نووری لە ماڵی تۆفیق قەزاز دابەزیوە، بەڵام وەک حەپس بێ وابوو، نەیدەوێرا خۆی دەربخات، لەگەڵ ئەوەشەوە لە ڕێی ساختەوە کرایە نائیب، منیش لەو ساڵەوە تا شۆڕشی ١٩٥٨ نوێنەری سلێمانی بووم لە ئەنجوومەندا.

**ڕامان:** لەو ساڵانەدا کە نوێنەری شاری سلێمانی بوویت توانیوتە کار بۆ شارەکەت و بۆ کوردستان بکەیت؟

**عەلی کەمال:** خۆم لەو بڕوایەدام کە خزمەتی زۆرم لە دەست هاتووە، هەرچەندە بەهۆی ئەوەی من بە تەنیا بووم، بەخۆما ڕانەپەرمووم کە هێزم بەسەر بەجێهێنانی ئەو فەرمانانەدا بشکێ کە ئاواتیان بۆ دەخوازم.

**ڕامان:** ئەی دوای ساڵانی ١٩٥٨ کە لە ئەندامێتی نیابەت نەمایت، ژیانت چۆن بەڕێ کرد و بەچییەوە سەرقاڵ بوویت؟

**عەلی کەمال:** دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ میری دەستی بەسەر موڵک و ماڵمان داگرت و مقداری (١٧٠) هەزار دینار لەسەر موڵکانە کە هەمبوو قەرزار مامەوە.

**ڕامان:** لە ژیانتدا چەند جار بەند کراویت؟

**عەلی کەمال:** لە زەمانی عەبدولکەریم قاسم دا لەسەر مەسەلەی جووڵانەوەی کوردستان بۆ ماوەی شەش مانگ بە تەنیا لە بەندیخانەدا مامەوە، لە زەمانی تایەر یەحیاشدا دیسان بۆ ماوەی (٤٥) ڕۆژ حەپس کرام، هەروەها لەسەر دەستی کاربەدەستانی بەعس دەست بەسەر موڵک و ماڵمدا گیرا، هەموو ئەوانە لەڕێی خزمەتی گەل و وڵاتمدا بەسەرم هاتووە.

**ڕامان:** دوای ئەوە دوور لە سیاسەت و کاری وەزیفیت چی ترت کردووە؟

**عەلی کەمال:** لە ماوەی ئەم چەند ساڵەشدا هەر وازم لە بەجێهێنانی خزمەتی کۆمەڵایەتی نەهێناوە، دواکارم دروست کردنی مزگەوتێک و نەخۆشخانەیەکە لە شاری سلێمانی. هەمیشە ئامادەم بۆ بەجێهێنانی هەر جۆرە خزمەتێک کە لەتوانامدا بێ.

**ڕامان:** کێ کاریگەریی بەسەرتەوە هەبووە بۆ ئەو خزمەتانە و گرتنە بەری ڕێچکەی خزمەت کردنی میللەتەکەت؟

**عەلی کەمال:** من لەساڵی ١٩١٤وە کە گەنج بووم، لەگەڵ هاوڕێکانما هاتینە بەغدا، ئەفسەرێکی لاو کە ئیسماعیل حەقی شاوەیسی ناوە، تازە لە قوتابخانەی حەربییەی ئەستەنبوڵ دەرچووبوو هاتە لامان و لەو وەختەوە فێری کوردپەرستیمانی کرد، من لەو ڕۆژەوە چیم لە دەست هاتبێ بە ماڵ و بەسەر و بەگیان هەوڵم داوە بۆ گەلی خۆم و بۆ بەرزبوونەوەی ناوونیشانی لەناو گەلانی جیهاندا.

**ڕامان:** لەسەر کورد و کوردایەتی عەزیەت دراوی؟

**عەلی کەمال:** لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٣ یاریدەدەری پۆلیس بووم لە کۆیە، بەرەو دیوانیە گوێزامەوە بەتاوانی ئەوەی پێوەندیم لەگەڵ خوالێخۆشبوو حەفیدزادە شێخ مەحموود هەیە.

**ڕامان:** چالاکی ترتان لە بواری سیاسیدا هەبووە کە بۆ قازانجی کورد کردبێتتان؟

**عەلی کەمال:** لە ساڵی ١٩٤١ هاتمەوە سلێمانی لەگەڵ خوالێخۆشبوو حەماغای ئەورەحماناغا و تۆفیق قەزاز و شێخ بابا عەلی شێخ مەحموود و شێخ لەتیفی شێخ

مەحموود و هەندێ ئەشراف و سەرەک عەشیرەتەکان حەرەکەتێکمان دەست پێکرد، بۆ ئەوەی نەهێڵین ڕەشید عالی کوردستان بکاتە بنکەی جەنگ لەنێوان عیراق و ئینگلیزدا، تا لەلایەک شارەکەمان لە گۆڕەپانی جەنگ و کارەساتەکانی بە دوور بێ، لەلایەکی تریشەوە ئەگەر ئینگلیز، یان ئەڵمان هاتن، بارودۆخێکی سیاسیی زۆر چاکمان بۆ ڕێک بخات.

**ڕامان:** شتێک هەیە لە ژیانتدا سەخڵەتی کردبیت و لەبیرت نەچووبێتەوە؟

**عەلی کەمال:** لە نیسانی ١٩٥٨ ڕۆژێ لاوێک موراجەعەتی پێکردم وتی من کوڕی گۆران-م، باوکم لە مووسڵ حەپسە، من دەستێ جلم لێت ئەوێ، جلەکانم کۆنە. وتم بەسەرچاو، تەنیا دەمەوێ بزانم ئایا قوتابی تر هەیە موحتاجی یارمەتی بێ، لوتفەن لیستەیەکم بۆ بنووسە و حەفتەی داهاتوو بیهێنە بۆم، ئەوسا هەموو پێداویستییەکتان دەدەمێ، ئەوەی مووچەی دەوێ، مووچەی بۆ دەبڕمەوە و ئەوەی موحتاجی شتێکی ترە بۆی دابین دەکەم. لە پاش هەفتەیەک لاوەکە هاتەوە لام و وتی: هیچ کەس ڕازی نەبوو ناوی خۆی بنووسێ. زۆر بەم قسەیە موتەئەسیر بووم کە زانیم هەندێ پڕوپاگەندە چووەتە مێشکی لاوەکانمانەوە، لەبەر ئەوە هەر بۆ دووەم ڕۆژ ئیستیقالەم پێشکەشی ئەنجومەنی نیابی کرد، هەرچەندە خوالێخۆشبوو سەعید قەزاز دووجار هاتەماڵەوە و سەرەک وەزیران تکای لێ کردم کە ئیستیقالەکەم بکێشمەوە، بەڵام سوور بووم و هەتا ڕۆژی شۆڕشی ١٩٥٨ من نەچوومەوە ئەنجومەنی نیابەت، چونکە ئەسڵەن زیاتر لە مووچەکەی نیابەتم، هەموو مانگێک پارەم دەدا بە فەڕاشەکانی ئەنجومەن و هەژاران، دەوامی ئەنجومەن و لیژنەکان زۆر لە وەختمی دەکوشت و ڕێگەی لە ئیشەکانی خۆم ئەگرت، بەڵام من ئەو وەزیفەیەم بەقوربانیی دەزانی بۆ خزمەتی میللەتەکەم، ئەگەر میللەتەکەم لەمن ڕازی نەبێ، من بۆچی ئەمە قبووڵ بکەم؟(٥)

**ڕامان:** لەو باوەڕەدایت کورد بەو ئاواتانە بگات کە خەڵکانێکی زۆر خەباتیان بۆ کردووە و کەسانی وەک ئێوە هەوڵ و قوربانییان بۆ داوە؟

**عەلی کەمال:** ئەگەر من بەو ئاواتەم نەگەیشتم، ئومێدم هەیە کە نەتەوەکەمان ئامانجی کورد بهێننە دی و شان بە شانی یەکتر بەدڵ و گیان هەوڵ بدەن، بۆ ئەوەی گەلی کورد بخەنە ڕیزی گەلە پێشکەوتووەکانەوە.

*** چەند ڕوونکردنەوەیەک**

(١) بەشێکی ئەو چاوپێکەوتنە لە ژمارە (٧٩)ی ١١ی تەمموزی ساڵی ١٩٩٦ لە گۆڤاری گوڵان وەک زانیاری بەسەریەکەوە بڵاوکراوەتەوە، واتە لەشێوەی چاوپێکەوتن و پرسیار و وەڵام نەبووە.

(٢) یەکەم جار لە ١٩٨٢/٦/١٨ لە شاری بەغدا عەلی کەمال بەگم بینی و کەوتمە پرسیار کردن لێی، ئەویش کە ئەوکاتە تەمەنی لەسەرووی هەشتا ساڵەوە بوو، وەڵامی پرسیارەکانی دامەوە، کاتێک ویستم گفتوگۆیەکەمان پیادە بکەم و بیخەمە سەر کاغەز، بۆم دەرکەوت لەبەر نزمی دەنگەکەی و پچڕپچڕی قسەکانی و ڕوون نەبوونی ڕستەکان، ناتوانم بە تەواوی پشت بەو گفتوگۆ تۆمارکراوە ببەستم، بۆیە ناچار بووم بۆ چەند جارێکی دی بچمەوە بۆ لای، بەهۆی ئەوەی ئەوکاتە لە لەندەن دادەنیشت و بەهۆی ئەوەی ناوبەناو دەهاتەوە بەغدا، دەبوو چاودێری هاتنەوەکانی بکەم تا ئەو هاتنەوانە بەهەل وەربگرم و لەبەغدا، یان لە سلێمانی لە مزگەوتی (عەلی کەمال) لە گەڕەکی تووی مەلیک بیبینم، لەو سەردان و یەکتر بینینانە پرسیار و وەڵامەکان بوونە نووسین، هەندێ جار پرسیارەکانم بۆی بەجێ دەهێشت تا بە نووسین وەڵامیان بداتەوە، وەک ئاگادار بووم بەهۆی (عەبدولقادر قەزاز)ی پوورزایەوە وەڵامی پرسیارەکانی دەدامەوە، واتە دەستنووسەکان کە لەلای منن هی (عەبدولقادر قەزاز)ن، دواتر خۆیشی بەدەستنووسەکان و وەڵامەکانی خۆیدا چووەتەوە و بە خەت و قەڵەمی خۆی لێی زیاد کردووە وەک لەو بەڵگەنامەی کە لەگەڵ ئەو چاوپێکەوتنەدا بڵاوکراوەتەوە دیارە.

(٢) هەر لە یەکەم دانیشتندا دوو وێنەی چارەک پۆسکارتی خۆی پێشکەش کردم کە یەکێکیان (ڕەش و سپی) و ئەوی دیکەیان ڕەنگاوڕەنگ بوو، بەداخەوە ڕێک نەکەوت وێنەی تایبەتی و شەخسی لەگەڵ بگرین.

(٣) کە چوومە لای عەلی کەمال بەگ داوام لێکرد یاداشت و بیرەوەری خۆی بنووسێتەوە، پێی وتم حەز ناکەم جارێ هیچ شتێک بخەمە ڕوو تا من لە ژیانا بم، چونکە نامەوێ باسی خۆم و کار و کردەوەکانم بکەم، بەڵام دوای خۆم و پاش مردنم نووسین بڵاو دەکەمەوە، دەق نووسیویەتی بۆم: (لە بارەی خۆمەوە بەجوانی نازانم ستایشی خۆکردن و تا ئێستا نەمویستووە ناوی خۆم بخەمە ناوانەوە، بەسەرهاتی خۆم نووسیوەتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی دوای مردنم، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئارەزووی ئێوە وا بە کورتی ژیان و بەسەرهاتی خۆمتان بۆ دەنووسم).

(٤) عەبدولڕەزاق سەبری عەبدولواحید (١٩٣٣- سلێمانی) کە کوڕەزای حاجی واحیدی بازرگانە و بۆ کاروکاسبی و بازرگانی هاتوچۆی بەغداو بەسراو شارەکانی عیراقی کردووە، بە تایبەتی بازرگانی کردنی تووتنی کردووە گێڕایەوە: باپیرم وتی شەوێکی ڕەمەزان لە چاپخانەیەکی بەغدا مامەوە بۆ ئەوەی وەختم لێ بڕوات و درەنگ دانێک بۆ شوێنی نووستنم دەگەڕامەوە کە ئەویش لە جێگایەک بوو پێیان دەوت (خان) کە شوێنی بازرگانەکان بوو کاتێ بچوونایە بۆ بەغدا و بەزۆری دەچووینە ئەو

جێگایە، چونکە ڕسق و توتن فرۆشتنمان لەو جێگایە بوو، کە ئەوکاتە باوی ئەو جێگایانە بوو و پێیان دەوت (خان زوراء).

شەوێک لە شەوانی ڕەمەزان کە لە چاپخانەکەوە گەڕامەوە، سێ زەلام لە دەمی کۆڵانەکە پەلاماریان دام و وتیان دەی چیت پێیە بماندەرێ، منیش سەیرم کرد ئەوانە زۆر سەرخۆشن، پێیانم وت ئەوە ئێوە سوعبەت دەکەن، بەپشی پشی هێنامن بۆ بەردەمی مەرکەزی پۆلیسی ئەو ناوە کە لە (سوق السراي) نزیک بوو، ئینجا هاوارم کرد ئەوانە دەیانەوێ بمکوژن، یەکسەر پۆلیس هاتن بە دەنگمەوە و پەلاماریان دان و دوانیان لێ گرتن، یەکێکیان ڕای کرد، منیشیان لەگەڵ گیرام، پاشان تەلەفۆن بۆ عەلی کەمال بەگ کرا کە بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی بەغدا بوو، هەر ئەوەندەم زانی گەیشت، بە تێهەڵدان و پاڵ ئەو دوانەی خستە حەوزی ئاوی مەرکەزەکەوە، کە زانی کوردم زۆر ڕێزی لێ گرتم و بەمنی وت تۆ بڕۆ و لە بەغدا مەمێنەرەوە، واتە عەلی کەمال لە سلکی پۆلیسیشدا لە بەغدا هەر پشتگیری لە کوردەکان کردووە.

(٥) خەڵکی سلێمانی دەگێڕنەوە و دەڵێن کۆمەڵێک بازرگان لە شەقامی ڕەشید دەڕۆیشتن و پیاسەیان دەکرد، چاویان بە ئۆتۆمبێلێکی زەردی ئاڵتوونی کەوتووە، کە پێشتر زانیویانە ئەو ئۆتۆمبێلە هی عەلی کەمالە، هەموویان کردوویانە بە چەپڵەو هەرای خۆشی و وایانزانیوە ئۆتۆمبێلەکەی ئەوە، کە ئەوکاتە بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس بووە، دوایی بۆیان دەرکەتووە، ئەوە ئۆتۆمبێلەکەی ئەو نییە، بگرە ئۆتۆمبێلی (راجینایە) کە ئەوکاتە سەرۆکی هەموو سۆزانییەکانی بەغدا بووە و زۆر دەستڕۆیشتوو بووە، پاش یەک دوو ڕۆژی دی ئۆتۆمبێلێکیان بینیوە کە ئەویش زەردی ئاڵتوونی بووە، دیسان کردوویانەتەوە بە هەراو چەپڵەی خۆشی، ئۆتۆمبێلەکە کەمێک ڕۆیشتووە و دواتر گەڕاوەتەوە، عەلی کەمال لە ئۆتۆمبێلەکەی دابەزیوە و پێیانی وتووە ئەمرکەن چیتان دەوێ؟ لەوەڵاما وتوویانە وەڵڵا لەخۆشی جەنابت کە کوردێکی لەبەغدا ناسراوی پێمان خۆش بوو کە تۆمان بینی، ویستمان خۆشحاڵی خۆمان دەربڕین، بەڵام یەکێکیان پێی دەڵێ بەگم ئۆتۆمبێلێکی کە دەبینین هەروەک هینەکەی جەنابت وایە، حەز ناکەین ئەوە ببینین، ئۆتۆمبێلی جەنابت دەبێ لەبەغدا شاز بێت، چونکە لە دواییا زانیمان ئەو سەیارەیەی کە وەکو هی تۆ وایە، هینی ئافرەتێکە بەناوی (ڕاجینا)، ئێمە ئەوەمان پێ خۆش نییە. بۆ زانیاری دەڵێن ئەو (ڕاجینا)یە کە دەستی لەگەڵ ئینگلیزەکان تێکەڵ کردووە موونافەسەی بنەماڵەی شاهانەی (ملكي) ئەوکاتی کردووە و ئەوان چییان کردووە ئەویش هەمان هەڵسوکەوتی نواندووە، تەنانەت کە مەلیک ئۆتۆمبێلی ڕۆزرایزی بۆ هاتووە، ڕاجیناش لەوەی کڕیوە، کەسیش دەرەقەتی نەهاتووە، تەنیا عەلی کەمال بەگ دواجار لە عۆدەی هاتووە و تەخت و تاراجی تێکوپێک داوە.

**پەراوێزەکان:**

(١) ئەم شیعرە لە لاپەڕە (٥٣٠)ی دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ٢٠٠٨، لە دەزگای ئاراس چاپ و بڵاوکراوەتەوە، کە لەوێ لە پەراوێزێکدا سەبارەت بە کەسایەتی (عەلی کەمال بەگ) زانیاریم نووسیوە.

(٢) مامۆستا جەمال بابان دەڵێ: ساڵی ١٩٥٤ من بەڕێوەبەری ناحیەی قەرەداغ بووم، لەبەر ئەوەی دوور بووم لە سلێمانی زیاتر بە بیستن دەمبیست کە (مارف بەرزنجی) و (ئیبراهیم ئەحمەد) خۆیان بۆ ئەنجوومەنی نیابەت هەڵبژاردبوو، کە ئەوساکە کێبەرکێ و ململانێ لەنێوان پارتی و شیوعیدا هەبوو، شەهید (مارف بەرزنجی) وەک نوێنەری شیووعییەکان و (ئیبراهیم ئەحمەد) وەک نوێنەری پارتی کاندید کرابوون، لەولایشەوە (عەلی کەمال) خۆی لەسەر سلێمانی کاندید کردبوو، بەڵام شیووعییەکان لە دژی عەلی کەمال بەگ خۆنیشاندانیان کردبوو و لافیتەیان نووسیبوو، چونکە وایان دەزانی (عەلی کەمال) سەر بە حکوومەتە، بەڵام من نازانم تا چ ڕادەیەک حکوومەت یارمەتی ئەوی دەدا.

(٣) فەتاح خاڵی بابە عەلی شێخ مەحموود، مەبەست لێی (فەتاح ئەمین عەتار)ە، کە دەکاتە برای کاکە حەمەی ئەمین عەتار، واتە باوکی عەلی ناجی و نووری کاکە حەمە (غەربی) کە پیاوێکی ناسراوی شاری سلێمانی بوو، ماوەیەک عێراقی بەجێ هێشت و چووە تورکیا، بەهۆی ئەوەی برای (بەهێ خان)ی ژنی شێخ مەحموودی حەفید بووە، دەسەڵاتدارانی بەغدا گوێیان لێ گرتووە و لەبەر ڕێزی شێخ مەحموود دەستی ڕۆیشتووە لەلایان و بە قسەیان کردووە.

(٤) عەبدولقادر قەزاز، کوڕی حاجی فەتاحی کوڕی حاجی حەسەنی قەزازە، لە شاری سلێمانی لە دایک بووە و هەر لەو شارەشدا خوێندنی تەواو کردووە، پاشان لە داوودەزگایەکانی میریدا بووەتە فەرمانبەر، سەرەتا لە شاری سلێمانی و دواتر لە بەغدا لە وەزارەتی گواستنەوە دەستبەکار بووە و لەکاری خۆیدا پلەکەی بەرز کراوەتەوە و گەییوەتە پلەی یاردیدەدەری بەڕێوەبەری گشتی لە بەڕێوەبەرایەتی فڕۆکەوانی مەدەنی تا ئەو ڕۆژەی خانەنشین کراوە. یەکێک بووە لەو کەسانەی هەر لە ڕۆژی دەرچوونییەوە، لە خزمەتی گۆڤاری گەلاوێژدا بووە، ئەوە بێجگە لە نووسینەکانی خۆی کە تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی دەستی لە نووسین و وەرگێڕان هەڵنەگرتووە و کاری کردووە. بڕوانە کتێبی: (مذكرات علي كمال عبدالرحمن)، تقديم و تحقيق جمال بابان، شركة الخنساء للطباعة المحدودة، بغداد، ٢٠٠١، ل٧٥-٧٦.

(٥) سەیرە جاران خەڵکی ئەوانەیان بەپیاوی ئیستعیمار دەزانی، بەڵام دواتر دەرکەوت کە چەند نیشتمانپەروەر و دڵسۆز و چاکەخواز و لە خەمی کورد و کوردستان بوون، خۆ ئەگەر ئەوانە لەگەڵ زۆر لە بەرپرسەکانی ئەورۆکە بەراورد بکرێن، ئەوە بەهیچ شێوەیەک قابیلی بەراورد کردن نین.

# بنیادی هونەریی کەسایەتی لە دەقی ڕۆماندا

ئاری عوسمان خەیات
(کەلار)

**دەروازە**

کەسایەتی، ڕەگەزێکی هەرە گرنگی ژانری ڕۆمانە، بەبێ بوونی کەسایەتی ڕووداو چێ نابێ، بەبێ ئەو دووەیش، شتێک لەگۆڕێ نییە، بەناوی ڕۆمان. ئەمە لەپاڵ هەریەک لە شوێن و کاتدا ڕاستە، کەواتە کەسایەتی لە ڕۆماندا چۆن بنیاد دەنرێت؟ ئەمە ئەو پرسیارە سەرەکییەیە، کە بەشێوەیەکی تیوری لەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا دەیخەینە بەر تیشکی لێوردبوونەوەو دەرەنجامیش لە ڕوانگەی ئەو سەرچاوانەی پشتمان پێ بەستوون، بەشێک لە وەڵامەکانی ئەو پرسیارەمان دەستگیر دەبێت.

**تەوەری یەکەم**
**چەمک و پێناسە و ڕەهەندەکانی کەسایەتی**

کەسایەتی* جیهانێکی ئاڵۆز و پێکهاتەیەکی تێکچرژاوە، چونکە خودی کەسایەتییەکان بریتین لە چەندین جۆری جیاجیای ئەزموون و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی هەمەچەشن، ئەمەش وا دەکات پرسی کەسایەتی و لێکدانەوەی مانا و چەمک و پێناسەکەی وەک بابەتێکی فرە لقوپۆپ بێتە بەرباس. لەم تەوەرەدا هەوڵ دەدەین بەجیا تیشک بخەینە سەر چەمک و پێناسەی کەسایەتی.

**یەکەم/ چەمکی کەسایەتی:**

ئەگەر بمانەوێ زۆر بەوردی لە چەمکی کەسایەتی بدوێین، بێ گومان دەروازەی چەندین بوارمان لەپێشدا دەکرێتەوە، چونکە هەموو زانستەکان، بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆیان، لە کەسایەتی دواون و وەک چەمکێکی سەر بەو زانستە ناساندوویانە، بەڵام پێ دەچێ چەمکی (سۆسیۆسایکۆلۆژی**)یانەی کەسایەتی نزیکترینی ئەو ناساندنانە بێت، کە لەگەڵ چەمکە ئەدەبییەکەی کەسایەتیدا یەک دەگرنەوە، چونکە سەرچاوەی سەرەکی گوتاری ئەدەبی دەچێتەوە سەر "واقیع، بەڵام واقیع بە تێگەیشتنە گشتییەکەی، کە هێزی ئەو واقیعە لە ڕۆماننووسێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، هەروەک لە ڕۆمانێکیشەوە بۆ ئەوی تر

جیاوازە، ئەمەش پەیوەستە بە گۆشەنیگای ڕۆماننووسەوە"(١).

کەواتە ئەدەب هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵە و کۆمەڵیش چ نییە بەدەر لە کارلێکی ڕەفتاری تاکەکەسەکان، کە دواجار هەموو ئەمانە لەنێو بەرهەمی ئەدەبیدا ڕەنگدانەوەیان دەبێ.

دیارە ناوهێنانی (کۆمەڵ و واقیع) لێرەدا، ئەوە ناگەیەنێ، کە تێڕوانینی ئێمە لەهەمبەر چەمکی کەسایەتی، تێڕوانینێکی تەقلیدییانە بێ، وەک ئەوەی ڕۆماننووسی تەقلیدی پێی وایە، کە "کەسایەتی وێنەی بچوککراوەی جیهانی واقیعییە، ئەوانەی کە پێیان وا بوو دەتوانن ململانێی مێژوونووسان بکەن، لە گێڕانەوەی واقیعی کەسەکان، لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابووری و... تاد."(٢)

وەک گوتمان، کەسایەتییەکان جۆراوجۆرن، بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمان لە (کەسایەتی مرۆیی)یە، بەو مانایەی سەرچاوەی هەموو کەسایەتییەک پێکهاتەیەکە لە خووخدە و سیفەتگەلی تایبەت، بەتێکراییش ئەم سیفەت و تایبەتمەندییە جۆراوجۆرانە دەبنە ئەزموون و کەسایەتی پێکدەهێنن، بۆیە کەسایەتی مرۆیی خۆی لە دوو بواردا نیشان دەدات، ئەویش "یەکەم: لە پێوەندی لەگەڵ چۆنایەتی ڕوحی و ئەخلاقیی خودی کەس، دووەم: لە پێوەندی لەگەڵ ئاقاری ماددی، واتە ئەو شتە بێ ڕوح و گیانانەی کە دەوروپشتی ئەویان گرتووە"(٣)، کەواتە کەسایەتی مرۆیی کە دواجار دەچێتە نێو دەقی (گێڕانەوەبەندییەوە)*** پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵێک کاریگەریی ناوەکی و دەرەکی دروست بووە، بۆیە هەموو جووڵە و ڕەفتارەکانی دەکەونە ژێر مەحەکی پرسیارەوە، ئەمەش دواجار جێگەی سەرنج و لێکدانەوەیە، لە هەموو ئاستە جیاوازەکاندا.

چەمکی کەسایەتی بارگاوییە بە کۆمەڵێکی بەرفرە لە ئاماژە و هێمای هەمەچەشن، کە هەموو پێکڕا کار دەکەنە سەر پێکهێنانی ئەو چەمکە ئاڵۆزە، بەتایبەتی لە دنیای ئەمڕۆدا، کە هەرکەسە و بەپێی تێڕوانین و بیروباوەڕی خۆی سنوور و چوارچێوەکانی دیاری دەکات.

هەڵبەت مەبەستیش لای هەموو ئەوانە"باسکردنی ئەم دیاردە تایبەتانەیە، کە لە مرۆڤێکەوە دەردەکەون و لای یەکێکی دی دەرناکەون، بۆ ئەوەی وەک خودێکی تایبەت



د. فەرهاد پیربال

و جیاواز و هەڵاوێرد دەربکەوێ و لەڕێی کۆمەڵێ هەڵسوکەوت و ئەدگار و سیمای تایبەت بە خۆی لەناو کۆمەڵدا بناسرێتەوە."(٤)

بەشێوەیەکی گشتی، دەکرێ ئێمە چەمکی کەسایەتی لەوەدا کورت بکەینەوە، کە: بریتییە لە سەرجەم ئەو ڕەمەک و حەز و ئارەزوو و ڕەوشت و ڕەفتار و هەڵوێستە جیاجیایانەی کە لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە بە شێوە ماددی، یان مەعنەوییەکەی، تاکەکەسی پێ دەناسرێتەوە، ئەمەش بەپێی جیاوازی هەڵوێستە مرۆییەکان و بەپێی کات و شوێنەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، کەواتە چەمکی کەسایەتی پێکهاتەیەکی ئاوێتەیە، لە هەموو ئەوانەی لەسەرەوە خرانە ڕوو، بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانی بارودۆخەکان، کە دواجار ڕەنگرێژی هەڵوێستەکانی تاکەکەس دەکەن.

**دووەم/ پێناسەی کەسایەتی:**

ڕەگەزی کەسایەتی لە دەقی گێڕانەوەبەندیدا گرنگی زۆری پێ دراوە، بەتایبەت لە ڕۆماندا، ئەم گرنگی پێدانەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، چونکە "کەسایەتی ئەو ڕەگەزە چالاکەیە، کە کار و کردەوەکانی نێو پرۆسەی

گێڕانەوە ئەنجامدام دەدات، هەر بۆیە لە کۆنەوە تا ئێستاش هەموو لێکۆڵەران گرنگییان بە توێژینەوەی کەسایەتی داوە، بەدەر لە ئەرستۆ"(٥)، ئەویش لە کتێبی (هونەری شیعر)دا، لە بارەی کەسایەتی لە تراژیدیادا پێی وایە، کە "لەناوەڕۆکدا تراژیدیا لاساییکردنەوەی کردەوە و ژیانە، نەک کەسەکان."(٦)

ئێمە کاتێک لە ڕۆماندا باس لە کەسایەتی دەکەین، بێ گومان مەبەستمان لە (کەسایەتی هونەرییە)، یان ئەوەی زۆرجار پێی دەوترێ (کەسایەتی خەیاڵی) و لە ڕۆمانەکاندا پێیان ئاشنا دەبین، دەشبێ ئەوە بزانین، کە "کەسایەتی ناو ڕۆمان، کەسایەتییەکی ئەدەبی و هونەرییە، ڕۆماننووس ئەفراندوویەتی، بۆیە هەڵەیە ئەگەر بەچاوی واقیعی و ئاسایی تەماشایان بکەین، ئینجا ئەگەر لێکچوونی لەگەڵ ژیاندا هەبێ، یان نەبێ"(٧)، چونکە "لەوانەیە نووسەرەکەی لە دوو کەس زیاتر دروستی کردبێ."(٨) لەو بارەیەشەوە دەتوانین بڵێین کەسایەتی لە ڕۆماندا "ئەو کەسەیە، کە ئەرکی بزواندنی ڕووداوی لەسەرە، تووشی تەنگوچوڵەمە و ئازار و ئەشکەنجەش دەبێتەوە."(٩)

کەسایەتییەکان لە ڕۆماندا ناتوانن لە دەرەوەی سیستمی زماندا درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن" بۆیە ئەو کەسایەتییە، هیچ بوونێکی لە دەرەوەی تێکستەکەدا نییە، بە واتە و مانای دی، تێکستەکە، بەسەر خۆیدا داخراوە و قایل و هەم پێ بەندی یاسا تایبەتییەکانی ناو خۆیەتی."(١٠) ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین: کەسایەتی، زیندەوەرێکە لە وشە پێکهاتووە و ژیانیشی تەنیا لەسەر ڕووی لاپەڕەکاندا بەسەر دەبات. لەبارتریشە بڵێین: بوونەوەرێکی داهێنراوی زمانی و ئەندێشەییە.

کەسایەتی وەک ڕەگەزێکی گرنگی ڕۆمان، بەوە دەناسرێتەوە، کە "تاکە کەسێکی خەیاڵی، یان واقیعییە، کە ڕووداوەکانی ناو چیرۆک بە دەوریدا دەخولێنەوە"(١١)، واتە کەسایەتییەکان چەند ڕەگەزێکی خەیاڵی و ئەندێشەکراون، هەروەک "دەشکرێت لە واقیعدا ببینرێنەوە، کە ڕووداوەکانی نێو دەقی ڕۆمان دەخولقێنن، یان شوێنەواری ڕووداوەکانیان دەکەوێتە سەر و تەنیا ژمارەیەک بوونەوەری سەر ڕووی لاپەڕەکانن، ئەو هۆکارەش کە دەیانکاتە خاوەنی پێگەیەک لە بنیادی دەقی ڕۆماندا و گرنگییان پێ دەبەخشێت، کردەوە و هەڵسوکەوتەکانیانە لە ڕووداوێک، یان زیاد لە ڕووداوێکدا"(١٢)، واتە کەسایەتییەکان بەو چالاکییانەی ئەنجامی دەدەن و بەو ڕووداوانەی وەک لایەنێک بەشداریی تێدا دەکەن، دەبنە خاوەنی پێگەیەک نەک بە جیاوازی لە تایبەتمەندیی، یان ناو و پایەی کۆمەڵایەتییاندا.

لەم بارەیەشەوە، بۆ زیاتر جەختکردنەوە، ئەو بۆچوونەی (عەبدولڕەحمان مونیف) دەهێنینەوە، کە پێی وایە "کەسێتییەکان دەبنە بووکەشووشە، یان شتێک لە بووکەشووشەوە نزیکە، سەرەڕای ئەو وشە گەورە گەورانەی دەیڵێت و ئەو کردەوانەی دەخرێتە پاڵی، چونکە لەو کۆمەڵە شتانەی ئەو کەسێتیانە نیانە، ژیانە"(١٣).

**سێیەم/ ڕەهەندەکانی کەسایەتی**

بەڵێ، هەروەک ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێ کردووە، بنیادی کەسایەتی لە ڕۆماندا یەکێکە لە ئەرکە قورسەکانی سەرشانی ڕۆماننووس، چونکە پێویستی بە شارەزایی و لێهاتوویییەکی زۆر هەیە، تا بتوانێ بروا بە خوێنەر بهێنێ، لەوەی باسی کەسێکی ڕاستەقینە دەکات، چونکە "تا قارەمان چالاک و زرپ و زیندوو بێت، پتر سەرنجی خوێنەر، یان وەرگر بۆ لای خۆی دەهێنێت، قارەمان هەن، بە کردەوە و کۆششیان بە توانایی و ئاکاریان، بە جیاوازی لەوانی تر، تاسەر لە یادەوەریی خوێنەردا دەمێننەوە"(١٤) ئەمەش وا دەکات، کە خوێنەر هەست بەوە بکات، مامەڵە لەگەڵ کەسێکی زیندوودا دەکات، لێرەشەوە تێدەگات کەسایەتی لەڕووی هەست و بیرکردنەوە و ئارەزووەکانییەوە سەربەخۆیە، لە ئەنجامی ڕووبەڕوو بوونەوەی ململانێی کێشەکان گۆڕانکاری بەسەر ژیانیدا دێت، کە دەبێتە وانەیەک و جووڵە و کردارێکی زەینی بۆی.

بەشێوەیەکی دی لە ڕۆماندا گرنگی بە لایەنی ناوەوەی کەسایەتی دەدرێت، هەروەک چۆن گرنگی بە لایەنی دەرەوەشی دەدرێت، بەڵام لە گرنگیدان بە ناوەوەی کەسایەتی پێویستە ڕۆماننووس ئاگای لەوە بێت، کە "بەپێی تیورییەکانی (سگمۆند فرۆید)، کەسێتی سێ لایەنی هەیە: ئەو (Id)، من (Ego) و منی باڵا

(Super ego)"(١٥) ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە هەموو کەسایەتییەک لە ئەنجامی ململانێی نێوان ئەو سێ لایەنەی ناوەوەی خۆیدا، لایەنی دەرەوەی دروست دەبێت و شێوەو قاڵب وەردەگرێت.

لە لایەکی تریشەوە، هەموو جۆرەکانی کەسایەتی لە ڕۆماندا، خاوەنی سێ ڕەهەندی تایبەتین، کە ئەوانیش بریتین لە:

١- ڕەهەندی پێکهاتەیی: کە لایەنی بایۆلۆژی دەگرێتەوە، وەک: درێژی و جوانی و... تاد، هەروەها لایەنی ڕەوشتییش لە خۆ دەگرێت، وەک ڕاستگۆیی و دەستپاکی و... تاد.

٢- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی: لە هەموو ئەو پێوەندییانە پێکدێت کە کەسایەتی بە دەوروبەرییەوە دەبەستێتەوە، هەروەها لایەنەکانی ڕۆشنبیری و پێگەی کۆمەڵایەتی و... تاد، لە خۆ دەگرێت.

٣- ڕەهەندی ویژدانی و دەروونی: هەموو ئەو بوارانە دەگرێتەوە، کە کاریگەرییان لەسەر باری دەروونی کەسایەتی هەیە، وەک: حەز و ئارەزوو، مگێز و هەستە جیاجیاکانی تر.(١٦)

دیارە ئەم سێ ڕەهەندە جیاوازەش، یەک لەسەر ئەوی دی کاریگەرییان هەیە و وێنەی کۆتایی کەسایەتی ڕەنگ ڕێژ دەکەن، هەڵبەت مەرجیش نییە هەموو ئەو ڕەهەندانەی کەسایەتی لە ڕۆماندا دەربکەون، بەڵام بێ گومان هیچ کەسایەتییەک نییە، بەبێ ئەو ڕەهەندانە، پێکهاتبێت.

کەواتە لە کۆی ئەوەی خرایە ڕوو، دەتوانین بڵێین: کەسایەتی لە دەقی ڕۆماندا بریتییە لەو ڕەگەزە گرنگەی کە لە پێکهاتەی جەستەی دەقی ڕۆماندا بەشدارییەکی سەرەکی هەیە و دەتوانرێ بە کۆڵەکەی یەکەمی بنیادی هونەریی ڕۆمان لە قەڵەم بدرێ، ئەمەش بەو هۆیەی کە هەموو ڕەگەزەکانی تری وەک (کات و شوێن و ڕووداو)، لە دەوری کەسایەتی دەسووڕێنەوە، چونکە کەسایەتی لە ڕۆماندا تەوەری گێڕانەوەی حیکایەتە و زۆرجاریش خودی ڕۆماننووسەکەیە، بەڵام هەمان ئەو کەسایەتییە ڕاستەقینەیە نییە، کە لە ژیانی واقیعیدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵکو کەسایەتییەکی کاغەزینی دروست کراوە، بەڵام کاریگەری ڕاستەوخۆی لە بەرەوپێشبردنی ڕەوتی ڕووداوەکان و پێکەوە گرێدانی سەرجەم ڕەگەز و



**بەختیار عەلی**

توخمەکانی تری ڕۆمان هەیە، تا بە کۆتایی ئاسایی خۆی دەگات.

## تەوەری دووەم
## جۆرەکانی کەسایەتی

ڕەنگە باشترین ڕێگە بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی کەسایەتی و ناسینیان، قسەکردن بێ لەسەر لایەنی پەرەسەندنی دەقی ڕۆمان، واتە دەقی ڕۆمانی کۆن و نوێ، کە بە پێچەوانەی ڕۆمانی تەقلیدییەوە، لە ڕۆمانی نوێدا، بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو گرنگی بە کەسایەتی دەدرێت، چونکە "کەسێتی یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگ و پڕ بایەخەکانی چیرۆک، هەموو، یان زۆربەی ڕەگەزەکانی دیکە بەدەوریدا دەسوڕێنەوە، یان ئەو هەڵسوڕێنەری سەرتاپای چیرۆکە..."(١٧)

ئەم گرنگییە هەر بەوەندەوە ناوەستێ، بەڵکو بە جۆرێکی ئەوتۆیە، کە "زۆربەی ڕەخنەگرە تازەگەرەکان، کارەکتەر بە گرنگترین توخم لە توخمەکانی هونەری چیرۆکنووسین دادەنێن، لەلایەکی دیکەشەوە کارەکتەر لە چوارچێوەی کاری چیرۆکنووسیندا لە ڕۆمان و چیرۆک و کورتیلە چیرۆکدا سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، چونکە

ژیانی کەسانێکی ئاسایی وێنە دەکێشێت، کە خوێنەر بەشداری حەز و خەم و ویست و نهێنی و پەنهانییەکانی دەبێت"(١٨).

کاتێک خوێنەرێک بۆ نموونە، ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی (بەختیار عەلی) و (پیاوێکی شەپقەڕەشی پاڵتۆ ڕەشی پێڵاو شین)ی (فەرهاد پیربال) و (تاوان و سزای)ی (فیۆدۆر دەیستۆیڤسکی) دەخوێنێتەوە، هەست بەوە دەکات، کە کەسایەتی (جەلادەتی کۆتر) زۆر جیاوازە لە کەسێتی (مامۆستا فەرەیدوون) و ئەو دووانەیش تەواو جیاوازن لە (ڕاسکۆڵینکۆف)، ئەمەش چەندە پێوەندی بە جیاوازی بابەت و ناوەڕۆک و گۆشەنیگای ڕۆماننووسەکانەوە هەیە، ئەوەندە و بگرە زیاتریش پێوەندی بە جۆری کەسایەتییەکانەوە هەیە، کە لەو سێ ڕۆمانەدا بەرکەڵک خراون، واتە بەدیوێکی تردا دەتوانین بڵێین: ئەوە کەسایەتی (جەلادەتی کۆتر)ە، کە وای کردووە ڕووداوەکانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) بەو ئاقارەدا بڕوات، کە ئێمە دەیخوێنینەوە، هەروەک ئەوە کەسایەتی هەریەک لە (مامۆستا فەرەیدوون) و (ڕاسکۆڵینکۆف)ە، کە وایانکردووە ڕەوتی گێڕانەوە لە دەقی ڕۆمانی (پیاوێکی شەپقەڕەشی پاڵتۆ ڕەشی پێڵاو شین) و (تاوان و سزا)دا بەو چەشنە بکەوێتەوە، کە خوێنەر مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

کەواتە لێرەوە دەکرێ پەنجە بۆ چەندین جۆری کەسایەتی، درێژ بکەین، وەک: "کەسایەتی سەرەکی و لاوەکی، کەسایەتیی ساکار و بەگرێ، کەسایەتی سەنگین و گاڵتەجاڕ، کەسایەتی ئاسایی و شاز، کەسایەتیی ڕەسەن و کارتۆنی، کەسایەتیی واقیعی و خەیاڵی و عاجباتی، کەسایەتی ڕاستەقینە و هێما و... تاد"(١٩)، ئەگەرچی هەندێکی تر لە نووسەران و ڕەخنەگران پێیان وایە، کە "دابەشکردنی کارەکتەرەکان بۆ چاک و خراپ، ژیر و نەفام، هەڵەیە"، چونکە "مرۆڤ لەبەرەوپێشچوونی بەردەوامدایە و هەموو توانایییەکی لەخۆیدا هەڵگرتووە، لەوانەیە نەفام ببێتە کارەکتەرێکی ژیر، یان خراپەکار ببێتە چاکەکار بەپێچەوانەیش، لێرەدا گەورەیی مرۆڤ دەردەکەوێت"(٢٠).

کەواتە گرنگ ئەوەیە ڕۆماننووس پەرە بەو کەسایەتییانە بدات و لەگەڵ ڕەوڕەوەی زەمەندا بسازێن تا دەگاتە ترۆپکی مرۆڤایەتی، یان ئەوەتا بەرەو هەڵدێری شەڕەنگێزی دەخزێن. دیارە لە چۆنێتی دیاریکردنی کەسایەتییەکانیشدا، ئارەزووی ڕۆماننووس ڕۆڵی خۆی هەیە، واتە "ڕۆماننووس پێش ئەوەی دەست بە کارەکەی بکات، خۆی ئارەزوویەک و وێنایەکی هەیە، کە ئەم کەسێتییە، یان ئەو کەسێتییەی ناو ڕۆمانەکەی دەبێ چۆن بێت، تا کەسێتییەکە بتوانێ ئەو ڕۆڵە بگێڕێ، کە نیازێک بەدی دەهێنێت، یان دەگاتە مەبەستێک"(٢١)، بەمەش ڕۆماننووس هەوڵی ئەوە دەدات، کە زیاتر تیشک بخاتە سەر لایەنە تاریک و نادیارەکانی کەسێتییەکەی.

بۆیە هەروەک (محەمەد ئەمین)یش دەڵێت: "لێرەدا کەسێتی ناو ڕۆمان دەردەکەوێت لەو ڕووەوە، کە دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی ماهییەتی مرۆڤ و هۆیەکە بۆ تێگەیشتنی لە حەقیقەتی بوونی مرۆڤ و هێنانە گۆی ئامانجەکانی لەمیانەی کێشە و شۆڕش و ڕووبەڕوو بوونەکانییەوە"(٢٢).

لە دیاریکردنی جۆرەکانی کەسایەتیدا، وەک زۆر باس و بابەتی تر، چەندین ڕاوبۆچوونی جیاجیا لە ئارادا هەن، هەموو ئەو ڕاوبۆچوونانەش، کە تا ئێستا بە لای ئێمەوە زانراو و ناسراون، هەموویان لەسەر هەمان ئاراستەن، بەڵام بە دوو تێڕوانینی جیاواز، "دابەشکردن هەیە بەپێی ئەو ڕۆڵەیە، کە هەیەتی و پێی دراوە، دابەشکردنێکی تریش هەیە لەسەر ئاستی کاریگەری و ئاستی نواندن"(٢٣)، کەسایەتییەکان دابەش دەکات.

هەروەک لە دیدی (بنیادگەرەکان و فۆرمالیستەکانەوە)****، دوو تەرزی چۆنایەتی خراونەتە ڕوو، کە لەسەر ئەو بنەمایە کەسایەتی لە دەقی گێڕانەوەبەندیدا دابەش دەکرێت، "یەکەمیان کورتکراوەیەکی ئەرکی و دووەمیش ڕێبازیبوونێکی فراوانە، کە ژمارەیەکی زۆر لە نموونەی گێڕانەوەبەندی و چیرۆک و ڕۆمانەکان لە خۆ دەگرێت، یەکەمیشیان لای (بڕۆب)ەوە سەری هەڵداوە، کە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەی ڕووسی پشتی پێ بەستووە و لەو نێوەندەشدا حەوت جۆری کەسایەتی دەستنیشان کردووە، لەوانەش: ستەمکار، بەخشندە، هاوکار، خانزاد (کە هەمیشە تەوەری باسە)، نێرەرە، قارەمان و قارەمانی ساختە"(٢٤).

وێڕای هەموو ئەمانە، جۆرێکی تر لە دابەشکردن هەیە،

کە ئەویش بەم شێوەیە: "کەسایەتی لە گێڕانەوەی ڕۆماندا، لەگەڵ کەسایەتی لە پێکهاتەی بنیادی کەسایەتیدا"(٢٥)، کە دیارە ئێمە لێرەدا ئەمەیان پەسەند دەکەین، چونکە پێمان وایە لە ڕووی دابەشکردنەوە وردتر لە تەکنیکی ڕۆمان دەڕوانێت.

بەهەرحاڵ، لێرە بەدوا، ئاماژە بە دوو جۆری سەرەکی کەسایەتی دەدەین، لە دەقی ڕۆماندا، کە ئەوانیش بریتین لە: (کەسایەتی پەرەسێن و کەسایەتی سادە)، هەروەک بەم شێوەیەی لای خوارەوەیش ڕوونیان دەکەینەوە.

### أ/ کەسایەتی پەرەسێن:

بێجگە لەوە بە کەسایەتی (پێگەیشتوو، گەشەکردوو، بازنەیی، بگۆڕ، یان دینامیک)یش ناودەبرێت. ئەمەش بریتییە لەو جۆرە کەسایەتییانەی کە "لەگەڵ هەڵوێستەکانی نێو چیرۆکەکە گەشە دەکەن و پەرە دەسێنن، واتە ئەو کەسایەتییانە لەگەڵ ڕەوتی چیرۆکەکە بەردەوام دەبن، هەروەها بەدرێژایی ڕووداو و هەڵوێستەکانی نێو چیرۆکەکە، هەڵوێستەکانی ئەم جۆرە کەسایەتییانە بەرەبەرە لایەنی نوێیان لێ دەدۆزرێتەوە و دەردەکەوێت، کە ڕەنگە لەلایەن گوێگر، یان خوێنەرەکە، لەسەرەتای ناسینی کەسەکەدا ڕوون و ئاشکرا نەبووبن. نووسەری بەهرەمەندیش گەشە و پەرەسەندنی کارەکتەر بەشێوەیەکی پلەدار و سەلمێنراو دەکات، تا لەگەڵ ئەو سروشتە، کە لەواقیعدا هەیەتی بگونجێت"(٢٦).

کەواتە کەسایەتی پەرەسێن، پێکهاتەیەکی تەواو نەبووە، یان تەواونەکراوە، بۆیە مامەڵە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی تەواو نابێت و دەر ناکەوێت، تا ئەو دەمەی گێڕانەوەی ڕۆمان، نزیکی کۆتایی دەبێتەوە، ئەمەش ئەو ڕاستییە تیورییەمان بۆ دەسەلمێنێت، لەوەی "کەسێتی ناو ڕۆمان دەستکەوتێکی پێشوەخت نییە، بەڵکو بەدواداهاتن و کەڵەکەبوونە و لە حاڵەتی خەڵقبوونێکی بەردەوامدایە، لەهەموو چرکەیەکدا دروست دەبێت و کامڵ دەبێت، دوا ئەدگاری کۆتایی خۆی وەرناگرێت ئەوکاتە نەبێت، کە تەواو دەبێت"(٢٧).

ئەم جۆرە کەسایەتییە وەک هەموو کەسایەتییەکی تر خاوەنی بیروبۆچوونگەلی تایبەتیی خۆیەتی، سیفەت و پێکهاتەی کەسایەتییەکەی لە ئەنجامی کاریگەریی ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕەکانەوە ڕوون دەبێتەوە و دەردەکەوێت، بەمەش دیمەن و وێنای نوێ لە دەقی ڕۆماندا دێتە کایەوە، کە لەڕێگەی گێڕانەوەی ڕووداوی ڕۆمانەکەوە بەڕێوە دەبرێت، بەڵام "کاتێک ڕۆماننووس دەیەوێت کەسایەتی سەرەکی وەک کەسایەتی پەرەسێن پیشان بدات، سەرەتا هەموو لایەنەکانی ناخاتە ڕوو، بەڵکو بەرەبەرە ئاشکرا دەبن بەپێی پەرەسەندنی ڕووداوەکان پەرەدەسێنن و لە ئەنجامی کارلەیەککردنی بەردەوامی لەگەڵ ئەو ڕووداوانە دەبێت، تا بە تەواوی بوونی پێکهاتەی کەسایەتی خۆی لە لایەن خوێنەرەوە دەسەلمێنێت"(٢٨)، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەردەوام پێشکەوتوو و گۆڕاو بێت لە ڕۆڵی خۆیدا لەسیاقی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا، لێرەدا ئەم کەسایەتییە بینایەکی ئاڵۆزی دەبێت، چونکە هەمیشە کار و چالاکی تازەی لێ چاوەڕوان دەکرێت.

واتە پێویستە ڕۆماننووس "هەموو شتێک لەبارەی کارەکتەرە سەرەکییەکەیەوە بزانێت، وەلێ تەنیا لایەنە گرنگ و هەرە تایبەتییەکانی بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات. نووسەر یەکسەر هەموو لایەنە سەرنجڕاکێشەکانی قارەمانەکەی باس ناکات، وردە وردە ڕووناکی دەخاتە سەر ژیانی"(٢٩)، هەر بۆیە کارێکی "ئەستەمە ئەو کەسێتییە هەر لە سەرەتاوە ئەدگاری تەواوەتی خۆی وەرگرێ، یان ڕوخساری کۆتایی پێهاتووی هەبێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ ئەوانی تردا مامەڵە بکات و لەگەڵ دەوروبەر و مەرجەکانیشدا خۆی بگونجێنێت"(٣٠).

ئەمەش مانای وایە، کەسایەتی پەرەسێن، دەبێت بەرەوپێشەوە بچێت و بەپێی ژمارەیەکی سنووردارنەکراو لە ڕەگەزەکان، گۆڕان بە خۆوە ببینێت، جا لەم بەستێنەشدا، تەمای ڕۆماننووس هەرچییەک بێت و توانایی هەرچەندێک بێت بەسەر کەسێتییەکاندا، ئەوە دەبێ خەیاڵ و هزری بۆ ئەو مەبەستە واڵا بکات.

### ب/ کەسایەتی سادە:

کەسایەتیی سادە بەم ناوانەشەوە ناسراوە: (کەسایەتی جێگیر، چەسپاو، ڕووکەش، تەخت، نەگۆڕ، یان ستاتیک)، مەبەستیش لەم جۆرەی کەسایەتی ئەوەیە، کە "هیچ گۆڕانێک لە پێکهاتەیدا نییە، هەروەک ئەوە وا بێت هیچ لە ژیان نەجوولێ، لە ماوەیەکی دیاریکراوی تەمەندا"(٣١)، واتە کەسایەتییەکی خاوەن یەک

ڕەهەندە و هەمیشە هەڵسوکەوتەکانی لەنێو چیرۆکەکدا دەردەکەوێت، بەشێوەی تەواو پێگەیشتوو دەردەکەوێت لە پێکهاتندا، واتە بەدرێژایی قۆناغەکانی چیرۆکەکە، لەسەر یەک سروشت دەمێنێتەوە و گەشە ناکات، ئەمەش تەواو پێچەوانەی جۆری یەکەمە لە کەسایەتی، چونکە لەپاڵ ئەوەی کەسایەتی سادە بەشێوەیەکی جێگیر دەردەکەوێت، هاوکات "دەبێ لایەنە تایبەتمەندی و خودییەکانی ئەم کەسایەتییە و خاسییەتەکانی بە ڕوونی دیار بێت و بە جوانی وێناکرا بێ"(٣٢).

ڕۆماننووس بۆ ئەوەی کەسایەتیی سادە لە ڕۆمانەکەیدا بەرکەڵک بخات، دێت هەر لە سەرەتاوە وەک پێویستییەک دەیخولقێنێت، بۆیە کەسایەتی سادە، هەر لەسەرەتای ئامادەبوونییەوە لە ڕۆماندا، خوێنەر هەست بەوە دەکات، کە "خاوەن یەک سیفەتە و هیچ هەڵوێستێکی تری بەرانبەر بە ڕووداوی ڕۆمانەکە نابێ، لەبەر ئەوەی وەک کەسایەتییەکی پێش نەکەوتوو و نەگۆڕاو ڕۆڵی خۆی ئەنجام دەدات، کە لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا تەنیا گرنگی بە ڕۆڵ و بۆچوونی خۆی دەدات و بەلایەوە هیچ پێویست نییە، کە خاسیەت و سیفەتەکانی خۆی بەرەو پێش ببات"(٣٣).

هۆکاری ئەوەی کە ئەم جۆرە کەسایەتییانە سادەییان پێوە دیارە، زۆرجار دەگەڕێتەوە بۆ "هۆکاری وێنەکێشکردنی کەسایەتیی پەرەسێن، چونکە پەرەسەندنی کەسایەتییە سەرەکییەکان بە هۆی ئەو ڕۆڵەیە، کە کەسایەتی سادە ئەنجامی دەدات لەکاتی گێڕانەوەدا دەپێوڕێت"(٣٤).

لەلایەکی ترەوە کەسایەتی سادە لەڕووی پێکهاتەی بینای هونەرییەوە "دەتوانرێت بە ئاسانی کەسایەتییەکەی دروست بکرێت، ئەمەش وا دەکات، کە لایەنە دەروونی و بۆچوونەکانی بە تەواوی نەخرێتە ڕوو، تەنیا بەچەند ڕستەیەکی کورت ناخی ئەم جۆرە کەسایەتییانە دەربڕێت"(٣٥).

کەسایەتی سادە، کە لە هەندێ سەرچاوەدا بە (کەسایەتی یەکڕەنگ)یش ناوزەد کراوە، ڕەخنەگران بە (کەسایەتییەکی مردوو)ی دادەنێن، ئەمەش چونکە "ئەرکی کەسایەتی لە ڕۆماندا بریتییە لەوەی کە بژی، هەروەک کەسایەتی لە ڕۆماندا، واتە ئەوەی کە بەیەک شێوە لەسەر باشێتی خۆی نامێنێتەوە، هەروەک خراپیش نییە بەیەک جۆر، یانیش هەمیشە کەسایەتییەکی هەوایی نییە، بەڵکو دەبێ کەسایەتی ناو ڕۆمان وەک هەر کەسایەتییەکی تر، بژێت و بجووڵێت و بیر بکاتەوە و بئاخوێ و کار بکات و... تاد"(٣٦) ئەو کات ئەمە دەبێتە کەسایەتییەکی چالاک و زیندوو، بەمەش مانەوە لە زەینی خوێنەردا بۆ خۆی تۆمار دەکات.

مەبەست لە کەسایەتی سادە مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە هیچ ڕۆڵێکی گرنگ ناگێڕێت لە گێڕانەوەی ڕۆماندا، بەڵکو ڕۆڵی ئەو کەسایەتییانە وەک یارمەتیدەرێکی ڕۆماننووس دەردەکەوێت لە بنیادنانی کەسایەتی پەرەسێن و زۆربەی کات لەوێنەی چینێکی کۆمەڵ دەبینرێت، کەواتە کەسایەتیی سادە وەک بنەمایەکی گرنگی هونەری ڕۆمان دادەنرێت(٣٧).

ئەوەی ماوەتەوە ئاماژەی پێ بدەین، شێوازی وێناکردنی کەسایەتی سادەیە لەلایەن ڕۆماننووسەوە. ڕۆماننووس دەتوانێت بە دوو شێواز وێنای کەسایەتی سادە بکات، "یەکەمیان ئەوەیە، کە کەسایەتیی لە چیرۆکدا، هاوتا بێت لەگەڵ خودی خۆیدا، واتە خاوەن سیفاتگەلی لۆژیکی بێت و بتوانرێ لەڕووی باری دەروونییەوە شرۆڤەی بۆ بکرێت و هیچ دژیەکییەکی تێدا نەبێت، شێوازی دووەمیشیان ئەوەیە، کە ڕۆماننووس لەهەوڵی ئەوەدا بێت، کە کەسایەتییەکە ڕەفتارەکانی لۆژیکی نەبێت لەگەڵ خۆیدا و وێناکردنی باری دەروونیشی لەوپەڕی ئاستەکانی ئاڵۆزیدا بێت، بەشێوەیەکی ئەوتۆ، کە نەتوانرێ بڕیار لەسەر کەسایەتییەکە بدرێت"(٣٨).

## تەوەری سێیەم
## چۆنێتی پێشکەشکردن و ناوی کەسایەتی

یەکێک لەو پرسە گرنگانەی لە بابەتی بنیادی کەسایەتی هونەریدا دێتە بەرباس، چۆنێتی بەرکەڵکخستنی ئەم ڕەگەزەیە لەناو دەقی ڕۆماندا، کە دیارە ئەوە ئەرکی سەرەکی هەموو ڕۆماننووسێکە، چەندە کەسایەتییەکان لەڕووی بنیادەوە تۆکمە و باڵا بن، هێندە خوێنەر چێژ لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە وەردەگرێت، چونکە ئەوە "کەسایەتییەکانە گوتاری ڕۆمان چەسپاوتر و پێداگرتر دەکەن"(٣٩)، لەوەی خوێنەر بە ڕۆمانی تێ بگات، نەک بە شتێکی تر.

## یەکەم/ پێشکەشکردنی کەسایەتی

لە بەستێنی بنیادی کەسایەتیی هونەریشدا، گرنگایەتی ئەوە دێتە پێشێ، کە ئاخۆ ڕۆمانووس بە چ شێوەیەک و چۆن بتوانێت کەسایەتییەکانی پێشکەش بکات، واتە ڕێگەی خستنەڕووی کەسایەتییەکانی چۆن بێت؟

لەم بارەیەوە، ڕەخنەگران چەندان بۆچوونی جیاوازیان هەن، کە سەرجەمیان لە خزمەتی پرسی پێشکەشکردن و بەرکەڵکخستنی کەسایەتییدان لە دەقی ڕۆماندا، بۆ نموونە هەن پێیان وایە، کە "هەڵبژاردنی کارەکتەر لەلایەن ڕۆمانووسەوە پێویستە تێکەڵ بێت لە چاکە و خراپە، جوانی و ناشیرینی لە ڕەفتار لە شێوە و... تاد، تا زیندوویی و واقیعییەتی ئەوان بخاتە ڕوو، هەروەها لە هەڵسوکەوتیشیانیەوە گرێچنی کێشە و ململانێی جۆراوجۆر دروست بکات بۆ هاتنە کایەی ڕووداو، چونکە هەندێک ڕۆمانووس جوانی ناوەوە و دەرەوە بە کەسێک دەبەخشن و بەپێچەوانەوەش"(٤٠).

هەروەک دەکرێ ڕۆمانووس کەڵک لە ئەزموون و ژیاننامەی خۆی وەربگرێت، بۆ ئەوەی لە کەسایەتییەکانیدا ڕەنگی پێ بداتەوە، بەڵام نەک ئەو کەڵکوەرگرتنە بەشێوەیەکی وا بێت، کە کتومت لەسەر شێوەی کەسایەتی خودی ڕۆمانووس خۆی بێت، چونکە "ئەوە داهێنان نییە، کەسانی ناو ڕۆمانەکەمان، تەواو وەک خۆمان بیر بکەنەوە و شەیدای ئەو شتانە بن، کە خۆمان حەزمان لێیانە، ڕۆمانووسی داهێنەر لێ دەگەڕێت، کارەکتەرەکانی کەسانی جیاواز بن، ئامادەی گۆڕان بن و خۆیان لەسەر بەردی واقیع چارەنووسی خۆیان هەڵبکۆڵن"(٤١)، واتە پێویستە ڕۆمانووس ئەوەندە لە کەسایەتییەکانی وردبێتەوە، کە وێنەیەکی جیاوازیان پێ ببەخشێت، نەک وێنەی لەبەرگیراوی خۆی بن، بەڵام دەکرێ ڕۆمانووس "وەسپی قارەمانمان بۆ بکات، تاکو ئێمەش وەک خوێنەر لە خەیاڵی خۆماندا وێنای بکەین، بزانین بە نیازی چییە؟ چۆن بیر دەکاتەوە. مگێز و بیچمی چۆن هەڵکەوتووە؟"(٤٢).

واتە دەشێ، ڕۆمانووس ئەوە ئاشکرا بکات، لەوەی کەسایەتییەکان چۆن تووشی کێشە دەبن و چۆن هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن؟ ئەمەش دەبێتە پاڵنەرێک بۆ خوێنەر، تا پتر سەرنج بداتە لای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، چونکە لەڕێگەی ورووژاندنی ئەو پرسیارانەوە، خوێنەر هان دەدات، بۆ چوونە نێو پرۆسەی بیرکردنەوەوە، لەدواجاریشدا پشکدار دەبێت، لەو هەستە دەروونییەی کە کەسایەتییە هونەرییەکەی تێکەوتووە.

کەواتە ڕۆمانووسی بەسەلیقە "ناخوازێ کەسانێک دروست بکات، کە دەقاودەق نموونەیان لەژیاندا هەبێ و ئاسایی بن، ئەمە ئەرکی ئەدەب و هونەرمەند نییە، بگرە لەسەر لاپەڕەکاندا کەسایەتی پڕ ژیان و زیندوو دروست دەکات"(٤٣).

هەڵبەت دەبێ ئەوەش بزانین، کە "ڕۆمانووس سەرقاڵی گوتنەوەی دەرسی مۆراڵ نابێت، لێدەگەڕێت کارەکتەرەکان جێ پەنجەی خۆیان بەسەر ڕووداوەکانەوە جێ بهێڵن، لەهەمان دوورییەوە سەیری هەموو کەسایەتییەکان دەکات و وا ناکات ئەم کارەکتەرەمان خۆش بوێت و قینمان لەوی دیکە بێتەوە"(٤٤). بەو مانایەی پێشکەشکردنی کەسایەتییەکان لە ڕۆماندا، پێویستی بە هەوڵدان و توانایی ڕۆمانووسە، چونکە وەک پێویستییەکی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، ڕۆمانووس دەبێت شێوازی تایبەتی و گونجاو بەکاربهێنێت بۆ پێشکەشکردن و بەرکەڵکخستنی کەسایەتییەکان.

وەک لە تەوەرەکانی پێشوودا ئاماژەیەکی کورتم پێ داوە، بەرکەڵکخستنی کەسایەتی لە ڕۆمانی کۆندا بەشێوەیەک بووە، کە ڕۆمانووسی پابەند کردووە بەوەی، کەسایەتییەکان لە ژیانی واقیعییەوە وەربگرێت، نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو ڕەگەزەکانی تریش (کات، شوێن، ڕووداو) لەهەمان ڕوانگەوە تەماشا دەکران، ئەمەش وای کردووە، کە بابەتی ڕۆمانەکە ببێتە پێکهاتەیەک لە گێڕانەوەی ژیانی واقیعی کەسایەتییەکی دیاریکراو لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا، بەڵام "وێنای کەسایەتی، یان پاڵەوان، لە ڕۆمانی نوێدا گۆڕانی بەسەردا هات، ئەمەش لەڕێگەی بەرکەڵکخستنی ڕەگەزی کات، بەشێوەیەکی جیاواز، لەناو بنیادی گشتیی ڕۆماندا"(٤٥).

گۆڕانی وێنای کەسایەتی لە ڕۆمانی نوێدا، بە ڕادەیەکی ئەوتۆ بوو، کە گەیشتە ئاستی تێکشکان و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی بنیادی کەسایەتیی هونەریی، ئەوەتا "(ناتالی ساروت)، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ڕۆمانی نوێ، لەکتێبەکەیدا (چەرخی گومان) جەخت

دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە کەسایەتی سەرجەم ئەو مانایانەی لەدەست داوە، کە پێشتر باوباپیران لەسەری بنیاد دەنران"(٤٦).

پێویستە ڕۆماننووس ئاگای لەوە بێت، کە چۆن کەسایەتی لە دەقدا بەکار دەهێنێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەگەزەکانی تردا پێوەندییان لەنێواندا دروست بکات، تا بینای هونەری ڕۆمان بگاتە ئاستی داواکراوی خۆی، چونکە "توخمە پێکهێنەرەکانی دەقی هەر چیرۆک و ڕۆمانێک (کارەکتەر، ڕووداو، شوێن، کات، گێڕانەوە، پێوەندییەکی بەتین بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، هەموویان پێکەوە فەزای ڕۆمان پێکدێنن و بینای دەقەکە تەواو دەکەن"(٤٧).

بەدیوێکی تردا مەرج نییە کەسایەتییەکان هەر تەنیا مرۆڤ بن، بەڵکو ڕۆماننووسی وا هەیە "بایەخ بە کەسایەتیی زیندەوەرێک دەدات (سەگ، کەو، پشیلە، کۆتر)، یان ڕووەک و درەخت و شتی بێگیان (الجماد) وەک درەختێ بپەرسترێ، یان پردێک، یان گیانەوەرێکی میتالۆژی، کە بۆ مەبەستی دیاریکراو تەوزیفیان بکات"(٤٨)، بەڵام ئەگەر گیانداریش بن، یان تەنانەت بێگیانیش بن، ئەوە "هەمیشە وێنەی خەڵکانێ دەنوێنن، یان دەکێشن، یان بە بابەتی سیما مرۆڤییەکان بەکاردێن"(٤٩)، بەڵام ئەگەر کەسایەتی ڕۆمان مرۆڤ بێت، ئەوە بۆ خوێنەر زیاتر سەرچاوەی چێژ و سەرنج دەبێت.

لەبارەی لایەنی عەقڵگیری کەسایەتییەوە دەوترێت: "کەسەکە بۆ ئەوەی بچێتە ئەقڵەوە دەبێ لەگەڵ تایبەتکارییەکانی خۆیدا بگونجێ، کابرایەکی ترسنۆک وا لێ مەکە لەپڕێکدا شێر بە ڕێوێ بگرێ، چونکە ئەگەر شتێکی وای کرد بە ڕاکاری دەرچوو، ئەوە تۆ لە بڕواکاری لات داوە"(٥٠)، واتە دەبێ کەسایەتییەکان جیاکەرەوە و سەرنجڕاکێش بن و نابێت ژمارەیان زۆربێت، یان تایبەتمەندییەکانیان لێک نزیک بێت، یان ناویان لێک نزیک بێت، بەڵکو دەبێت هەر کەسایەتییەک تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی خۆی هەبێت، بۆیە دەبێت ڕۆماننووس کاتێک کەسایەتییەکان هەڵدەبژێرێت لەڕووی ڕاستەقینە و ئاڵۆزییەوە ئەو ئەدگارانە تێکەڵ بە یەکتری بکات، کە وێنەی لە هیچ مرۆڤێکی ڕاستەقینە نەبێت.

## دووەم/ ناوی کەسایەتی

سەبارەت بە ناوی کەسایەتی لە ڕۆماندا، دیارە پانتاییەکی فراوان لە بنیادی هونەریی ئەم ڕەگەزەی ڕۆماندا بۆ خۆی داگیر دەکات، هەروەک چۆن "هەموو شتێکی ماددی، یان مەعنەوی، گیاندار، یان بێ گیان، لەبووندا بە هۆی ناوێکەوە دەناسرێتەوە، کەسێتییەکانیش ئاوا ناوێکی تایبەت بە خۆیان هەیە"(٥١)، جا لەو لایەنەوە، کە هەرکەسێک لە ژیانی واقیعیدا ناوێکی تایبەتی هەیە، بۆیە "ڕۆماننووسانیش بە ناونانی کارەکتەرەکان هەوڵ دەدەن بەتایبەتی نیشانیان بدەن، مەسەلەی شوناسی تاکێتی، لەڕووی لۆجیکییەوە، پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ شوێنی ئەپستمۆلۆژی ناوە تایبەتەکان هەیە"(٥٢)، واتە ناوی کەسایەتی بەشێکە لە بوونی دانەبڕاوی ئەو بوونەوەرە ماددییە، یان گیاندارە.

ناو بۆ چەسپاندنی بوونی کەسایەتی و ناساندنی لە ڕۆماندا پێویستییەکی بێ یەک و دووە، "هەرچەندە نووسەر هەیە تەنیا (پیت - حرف)ێکی بۆ ئەو کەسایەتییە بەکار بردووە، بە نموونە: (ک) لە هەردوو ڕۆمانی (دادگایی)و (شانشین)ی فرانز کافکا(٥٣)" هەروەها دەکرێ کەسایەتی ناو ڕۆمانەکان لە ڕێگەی (نازناوێک)ی دیاری کراوەوە بناسرێنەوە، کە لەمەشدا ناوی چەندین کەسایەتیی بەرچاو دەکەون.

پێشتر ئاماژەم بەوە کردووە، کە نابێ کەسایەتییەکان تێکەڵ بە یەکتربن و سەر لە خوێنەر بشێوێنن، هەڵبەت یەکێک لەو خاڵانەش، کە یارمەتیدەرە لە جیاکردنەوەی کەسەکان لەیەکدی و تێکەڵاو نەبوونیان لای خوێنەر، دانانی ناوە بۆ کەسەکان، چیرۆکنووس دەبێ مامەڵەیەکی سەردەمانە لەگەڵ ناوی کەسایەتی نێو چیرۆکەکاندا بکات، هەروەک (حسێن عارف) لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەو چیرۆکنووسەی ناوی کەسەکان لەگەڵ کەسایەتی ناو چیرۆکەکە و سەردەمەکەیدا نەگونجێنێ، هەر زوو نەشارەزاییی خۆیم پێڕائەگەیەنێ، لە بنچینەیەکی هەرە گرنگی هونەری چیرۆکنووسین، هەڵبژاردنی ناوی کەسانی چیرۆکەکەیە"(٥٤). ئەم تێڕوانینەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئەگەر بێتو ناوی کەسەکان لەگەڵ کەسایەتی ناو ڕۆمانەکە و سەردەمەکەیدا نەگونجێ، ئەوە

بەڵگەیە لەسەر نەشارەزایی ڕۆماننووس، بۆیە ئەوە وەک مەرجێکی سەرەکی دەژمێردرێ، لە ناولێنانی کەسایەتیی ڕۆمـــاندا، چونکە ناوی کـەسـەکــان چەمک و وێنای سـەرەکی لەلای خـوێنەر دەرسکێنێ، بەتایبـەتی ئەگـەر ناوەکــە بە ئاوەڵناو، یان نازناوێکەوە لکابێت، وەک (ئەحەکەرە) و (کەریمۆک)...، لە دواجاریشدا ناولێنانی کـەســایەتی، بەشـێکە لە بنیــادێکی هونەرییـــانەی سەرکەوتووی کەسایەتی لە دەقی ڕۆماندا.

## تەوەری چوارەم

## شێوازەکانی بنیادی کەسایەتی

کـەســایەتیی لە ڕۆمـــاندا ئەفـــرێندراوی خـــودی ڕۆماننووسە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە کەسایەتی لە ڕۆماندا، هیچ توانایییەکی بەسەر خۆیدا نییە و هەموو جموجۆڵەکانی لەلایەن ڕۆماننووسەوە بەسەریدا دەدرێت، بەڵکو هەروەک (ئەسکۆڵدۆرۆف) دەڵێت: "کـەسـایـەتی خـاوەنی ئازادیی ناوەکی بواردراوی خۆیەتی و هەڵگری جۆرێک سەربەخۆییە لە سنووری دەرەکی خۆیدا"(٥٥) ئەمەش دەمانباتەوە سەر پرسی یاخیبوونی کەسایەتیی ڕۆمان، لە خاوەنەکەی، کە بێ گومان لێرەدا مەبەست لە ڕۆماننووسە.

هەروەک (عـەبدولڕەحمـان مـونیف)یش لە وتارێکیدا لەو بارەیەوە، دەڵێت: "ڕاســتــە ڕۆمـــاننووس بەوپەڕی وریایی و ئاگایی کارەکتەرەکان دیاری دەکات، زەوینەی هەڵسوکەوت و جووڵەیان لە پانتاییەکی دیاریکراودا بۆ دەرەخسێنێ، بەڵام هەر هێندەی کارەکـتـەرەکـان لەدایک دەبن و دێنە گۆڕێ و کات و شوێن و بابەت دەستنیشـان دەکرێن، ئیـتـر بە مـانایەک لە مـاناکـان، لە ڕۆمـاننووس ســـەربەخـــۆ دەبن و ژیان و بڕیاری تر و ڕێبـــژاردە و دواجاریش زمانی تایبەتی خۆیان دەبێت..."(٥٦).

هەرچەندە ڕۆمـــاننووس پێــشـــوەخت بیـــری لەوە کردووەتەوە، کە بەشێوەیەک کەسایەتییەکەی بنیاد بنێت، خـــوێنەر، یان خـــۆی بە دڵی بێت، بەڵام زۆرجـــاریش کارکردنی ڕۆماننووس لەسەر کەسایەتی، لەو جووتیارە دەچێت، کە زەوی دەکێڵێت و کاتی گونجاو هەڵدەبژێرێت بۆ چاندن، لەوانەشـە کـاتی ئاودانەکـەشی هەر بەدەست خـۆی بێت، بەڵام دەبینین بەدەر لە توانایی و مـەبەسـتی جـووتیـارەکـە، چەندین هۆکـاری دەرەکی تر هەن، کـە ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەسـەر چۆنێـتی پێگەیشـتنی ئەو تۆوەی کـە چاندوویەتی و ڕەنگە بەرهەمـەکـەی تەواو جیاواز دەرچێت، لەوەی کە خۆی چاوەڕوانی کردووە.

بەشێـوەیەکی گشـتی دوو شێـوازی تایبـەتی هەن، کـە لەڕێگەیانەوە کەسایەتییەکان پیشـان دەدرێن، هەروەک (د.سـەمـیـر ڕوحی ئەلفـەیسـەڵ) بەم شێـوەیە دیارییـان دەکات: "**یەکەم:** ڕێگەی ڕاستەوخۆ و پێوەری چەندێتی، **دووەم:** ڕێگەی ناڕاستەوخۆ و پێوەری چۆنێتی"(٥٧).

لای (دکتۆر هیمداد حوسێن)یش، بەهەمان شێوە دوو ڕێگە لە بنیادنانی کەسایەتی دەستنیشـان کراوە، بەڵام ئەو بەم شـێــوەیە ناوزەدی کـــردوون: "یەکـەم: ڕێگەی ڕاستەوخۆ، یان شیکاری، دووەم: ڕێگەی ناڕاستەوخۆ، یان نواندن"(٥٨).

هەردوو دابەشکردنەکـــەش هەمـــان شتن، تەنیـــا لە ناولێناندا جـیـاوازییـەکی کـەمـیـان لەنێـواندا بە دی دەکــــرێت. دیارە ئەم دوو ڕێگەیەش تایبــــەتمەندی دیاریکراوی خۆیان هەیە، کە بەپێی چۆنێتی بەکارهێنانی ڕۆماننووس دەگۆڕێت، بەتایبەتی لەو کاتانەی کە ئەرکی باسکردنی کەسایەتییەکان دەخرێتە ئەستۆی گێڕەرەوە.

لە ڕێگەی یەکـەمــدا، واتە ڕێگەی ڕاســتــەوخــۆ (شیکاری، یان پێوەری چەندێتی)، تێیـدا ڕۆمـاننووس "بەشێـوەیەکی ڕاستـەوخۆ کـەسایەتییـەکـان بە هۆی گێڕەرەوەیەک، یان کەسایەتییەکی تری نادیار، کە ئەرکی پرۆسـەی گێـڕانەوەی خراوەتە ئەسـتۆ، یانیش لەڕێگەی خودی کەسایەتییەکە خۆیەوە، پێشکەشی دەکات"(٥٩)، هەروەها زۆر جـار حـوکـمـەکـانی خـۆی بەسـەریاندا دەســــەپێنێت، لەبەر ئەوەی ڕۆمـــــاننووس وێنەی کەسایەتییەکان لە دەرەوە دەگرێت و سۆز و پاڵنەر و بیر و هەستـەکـانیـان شی دەکـاتەوە، واتە "ڕۆمـاننوس ڕێ بە کـەسـایـەتییـەکـان نادات، کە دەربڕی ناسنامـەی خودی خۆیان بن و بەسەربەستی بجووڵێنەوە و لە میـانەی ئەو ڕێگەیەدا خوێنەر هیچ ئەرکێکی پێویست نییە بۆ ناسینی ئەو کەسایەتییانە، چونکە بە ئاسانی هەموو هەڵسوکەوت و سـیـفـەتەکـانیـان بەرجـەسـتـە دەکـات"(٦٠)، بەڵام پێشکەشکردنی کەسایەتی بەم ڕێگەیە لەلایەن گێڕەرەوە شێوازێکی کۆنە، بەوەی کە زیاتر لە ڕۆمانی تەقلیدیدا بەکـارهاتووە، بۆیە ئەم ڕێگەیە زۆرجـار بە پەسـەند نازانرێت، "چونکە هەموو کار و کردەوەی کەسایەتییەکان

پێشکەش دەکات و بوار بۆ خوێنەر نامێنێ، کە بەدوای زانیاریدا بگەڕێت سەبارەت بەم کەسایەتییانە"(٦١).

لە ڕێگەی دووەمدا، کە مەبەست ڕێگەی ناڕاستەوخۆیە، (ڕێگەی نواندن و پێوەری چۆنێتی)، کرداری خستنەڕوو و بنیادی کەسایەتییەکە تێیدا جیاوازە لەوەی پێشوو، بەوەی لەم ڕێگەیەدا ڕۆماننووس "دوورەپەرێز دەوەستێ لەوەی دەست بخاتە ناو باسکردن و ڕوونکردنەوەی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەی"(٦٢)، واتە لە ڕێگەی ناڕاستەوخۆدا، ڕۆماننووس بێ لایەن دەوەستێت و بوار بۆ کەسایەتییەکان دەڕەخسێنێت، کە دەربڕی خودی خۆیان بن.

شایەنی باسە ئەم ڕێگەیە "شێوازی درامیشی پێ دەوترێت، کە تێیدا پاڵەوان لەڕێی کردارەکانی خۆیانەوە دەخرێنە ڕوو بەبێ ئەوەی گێڕەرەوە هیچ قسەیەکیان لەسەر بکات و دەست بخاتە ناو ژیانیان و دەسەڵات و بڕیارەکانی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێ، چونکە ڕۆماننووس ڕێگە بە کەسایەتییەکان دەدات، کە خۆیان دەربخەن بە هۆی قسەکردن و جووڵەوە وایان لێ دەکات، کە هەستی خۆیان دەربڕن"(٦٣)، بەو مانایەی کەسایەتییەکان ڕەوتی گێڕانەوەی زمانی دەسەپێنن، واتە کاتێک هەر کەسایەتییەک و دەنگ و شێوە و ڕیتمی قسەکردن و شێوازی خۆی هەیە لە دید و تێڕوانین و مامەڵەکردن لەگەڵ کارەکتەرەکانی تر و دەوروبەریدا.

بەم پێیەش ڕۆماننووس بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەستی کەسایەتییەکان پێشکەش دەکات و زانینی سیفەتی کەسایەتییەکان بۆ کەسایەتییەکانی تر، یان خوێنەر جێ دەهێڵێت، لەم ڕوانگەیەوە خوێنەر بەپێی ڕێڕەوی گێڕانەوە و بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکان کەسایەتییەکە ئاشکرا دەکات.

لێرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە ڕۆماننووس ئازادە لە هەڵبژاردنی یەکێک لەم دوو ڕێگەیە و هەروەها بۆی هەیە تێکەڵ، یان ئاوێتەشیان بکات، بەڵام بە شێوەیەکی هونەری ئەوتۆ، کە تەکنیک لە ڕۆمانەکەدا جوانتر بکات، نەک ببێتە هۆی شێواندنی تەکنیک.

ئەگەر خوێنەر نەتوانێ وەک پێویست کەسایەتییەکانی ناو دەقی ڕۆمان بناسێ، ئەوە "ناتوانێت لەبەرچاوی خۆی وێنای بکات و بەرجەستەی بکات، واتە خوێنەر دەیەوێت وێنەیەک بۆ کارەکتەر دروست بکات و خۆی و کردارەکانی ببینێت و لەهەمان کاتیشدا قسەی لەگەڵدا بکات"(٦٤) دیارە ئەمەش لەڕێگەی وەسفی کەسایەتییەوە دێتە بوون، چونکە وەسفی کەسایەتی "پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە جۆری جێناو و گۆشەنیگای بەکارهاتووەوە هەیە"(٦٥)، هەروەک کاریگەریشی هەیە بەسەر چۆنێتی ئاراستەکردنی گێڕانەوە و پێشکەشکردنی کەسایەتییەکانەوە لە ڕووی بنیادەوە.

### وەسفی کەسایەتی

کاتێک باس لە وەسفی کەسایەتی دەکەین، ئەوە وەک بەشێک لە پێکهاتنی بنیادەکەی دەیخەینە ڕوو، بەو مانایەی لەپاڵ ڕێگە و شێوازەکانی بەرکەڵکخستن و بنیادی کەسایەتیدا، هاوکات وەسفیش دەوری تایبەتی خۆی دەگێڕێت لە ڕوونکردنەوە و خوڵقاندنی کەسایەتیدا، بۆیە "کێشانی وێنەی کارەکتەر پێوەندی بە لێهاتوویی نووسەرەوە هەیە، کە تەنیا بە وەسفێکی ڕووکەشی کارەکتەرەکان ناوەستێت، بەڵکو ئاماژە بە هەندێ تایبەتمەندی هاوبەش لەنێوان ڕەگەزی مرۆڤدا دەکات"(٦٦).

فەیلەسووف و ڕەخنەگری ئەمریکی (کینیپ بورک) پێی وایە "بۆ لێکۆڵینەوە لە بەرکارهێنانی زمان وەک هۆیەک بۆ پێوەندیکردن و تێگەیشتن لە پاڵنەرەکانی مرۆڤ و هۆکارەکانیان و شیکردنەوەی ڕووداوەکانی ناو هەر چیرۆکێک پێویستە مرۆڤ کار لەسەر پێنج شت بکات: چی ڕوو دەدات؟ لەکوێ و کەی؟ واتە لە چ دەوروبەرێکە؟ کێ تێوەگلاوە؟ چۆن تێوەگلاوە؟ مەبەستی لەم تێوەگلانە چییە؟"(٦٧). یەکێک لە گرنگترین لایەنەکانی کەسایەتی لەناو دەقی ڕۆماندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەبێتە هۆی پێکەوە گرێدانی ڕەگەز و پێکهاتەکانی تری ڕۆمان و بەرەوپێشەوەیان دەبات، وەک (شوێن، کات، ڕووداو، گرێ، گێڕانەوە و وەسف و...تاد)، چونکە هیچ یەکێک لەم ڕەگەزانە بەبێ بوونی کەسایەتی تەواو نابێت، بەتایبەتی ڕووداو، لەبەر ئەوەی دیاریکردنی ڕۆڵ و کاریگەری کەسایەتییەکان، هۆیەکە بۆ دەستنیشانکردنی ڕووداو، هەروەها ڕۆڵی ڕووداویش هۆیەکە بۆ گۆڕانی کەسایەتییەکان و پەرەسەندنیان. ئەوەتا نووسەری بەناوبانگ (هنری جیمس) دەڵێت: "کەسایەتی چ نییە بەدەر لە گوتاری ڕووداو، ڕووداویش

چ نییە بەدەر لە وێنەی کەسایەتی"(٦٨)، بەو مانایەی کەسایەتی ئەو ڕووداوە دێنێتە کایەوە، بەشێوەیەک ئەنجامی دەدات، کە مایەی سەرسوڕمانە.

بەهەمان شێوە شوێن و ڕووداویش ئەگەر کەسێک نەبێ تێیدا نیشتەجێ بێت و تێیدا بجووڵێتەوە، ئەوە شتێکی دابڕاو و بێ مانایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لەم ڕەگەزانە ناتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە، هەر بۆیە گرنگی ڕۆمان لەڕێی پشت بەستن بە چۆنیەتی خستنەڕووی کەسایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و لەڕێی گۆشەنیگای یەکێک لە کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەوە هەموو ڕەگەزەکانی تر پێشکەش دەکرێن.

ئەگەر بێتو ڕەگەزی کەسایەتی (بۆ نموونە) لە دەقی ڕۆمانێک دەربکەین، ئەوە بۆی هەیە ڕاستەوخۆ ئەو دەقە بچێتە چوارچێوەی ڕەگەزی وتاری ئەدەبییەوە، ئەمەش بەو پێیە وتاری ئەدەبی کار لەسەر خستنەڕووی بیرۆکەیەکی دیاریکراو دەکات و هەندێ لایەنی تایبەتی لە خەیاڵی نووسەردا وێنا دەکات، بۆیە هیچ کەسێک ناتوانێت وتارێکی لەو شێوەیە بخاتە جێگەی چیرۆکێک، یان ڕۆمانێکەوە، چونکە "زمان لەنێوان سەرجەم ڕەگەزە ئەدەبییەکاندا هاوبەشە، واتە هەموو ڕەگەزە ئەدەبییەکان لەسەر بنەمای زمان دادەمەزرێن، بەڵام کەسایەتی ئەو توخمەیە، کە بە تەنیا دەقە گێڕانەوەبەندییەکانی پێ جیا دەکرێتەوە لەسەرجەم دەقەکانی تر، کە سەر بە ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکانی دیکەن"(٦٩)، کەواتە کارەکتەرەکان کێشە و ململانێ بەرپا دەکەن و ڕووداو دێننە ئاراوە، لە ئەنجامی پێویستی، یان شێوازی ڕەفتاریان، یان دەرخستنی ئەو ململانێ و کێشانە پەرە پێ دەدەن تا خودی خۆیان بسەلمێنن لە ڕووبەڕوو بوونەوەی یەکتری، هەر بۆیە ئەگەر کەسایەتی لە ڕیزی پێشەوەی ڕەگەزەکان نەبێ، ئەوە بێ گومان یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکان و پێکەوە لەگەڵ ئەوانی دی تێکەڵ دەبن، وەک یەکەیەکی تایبەت، گەشەکردن و بنیادی چیرۆک بەرەوپێشەوە دەبەن.

## ئەنجام

– کەسایەتی لە دەقی ڕۆماندا، بوونەوەرێکە لەلایەن ڕۆماننووسەوە دروست دەکرێت، بەڵام بوونەوەرێکی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو لە کاغەز دروست کراوە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەموو خەسڵەتەکانی مرۆڤێکی ئاسایی لەخۆیدا کۆ کردووەتەوە.

– دەتوانین بە پێی ئاستی گێڕانەوە و بە پێی ئاستی بنیادنان، جۆرەکانی کەسایەتی لە ڕۆماندا، دیاری بکەین، ئەمەش باشترین جۆرەکانی دەستنیشانکردنە.

– چۆنیەتی پێشکەشکردن و بەرکەڵکخستنی کەسایەتی لە ڕۆماندا، پەیوەستە بە ئاستی توانایی و لێهاتوویی ڕۆماننووسەوە، واتە چەندە ڕۆماننووس بە توانایی و بەهرەمەند بێت، ئەوەندە بنیادی کەسایەتی لە دەقەکەدا پتەو و ئیستێتیکی تر خۆی دەنوێنێ.

– ڕۆمانی نوێ بە پێچەوانەی ڕۆمانی تەقلیدییەوە، ئەوەندە گرنگی و بایەخ بە بنیادی کەسایەتی نادات، دیارە ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، دیارترینیشیان ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و هزرییانە بوون، کە لەگەڵ پەیدابوونی ڕۆمانی نوێدا سەریان هەڵدا.

– لە بنیادی هونەریی کەسایەتیدا، هەریەک لە زمان و گێڕانەوە و وەسف ڕۆڵی گاریگەریان هەیە، هەربۆیە کاتێک ئەو بنیادە هونەرییە دەگاتە لووتکە، ئەگەر بێتو ڕۆماننووس بتوانێت لەو سێ کەناڵەوە بەشێوەیەکی جوان، بەرکەڵکی بخات.

**پەراوێزەکان:**

* کەسایەتی: لە ڕووی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییەوە، وشەیەکی داڕێژراوە، پێکهاتووە لە: ناو (کەس) + مۆرفیمی وشەداڕێژ (ایەتی)، بەمەش کەسایەتی دەبێتە ناوێکی واتایی. زۆرجاریش لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا، لە بری کەسایەتی، زاراوەی (کەسێتی) بەکار دەهێنرێت، کە هەمان واتای هەیە، تەنیا لەڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە جیاوازن، شایەنی باسە لە درێژەی ئەم بابەتەدا، زاراوەی یەکەمم هەڵبژاردووە بۆ بەکارهێنان، بەو پێیەی لە چاو زاراوەی دووەمدا باوترە.

** سۆسیۆسایکۆلۆژی: زانستێکە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی باری دەروونی تاکەکان دەدات، لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا. زاراوەکەش لە (سۆسیۆ+ سایکۆ+ لۆژی) پێکهاتووە و لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا زۆرجار بەکار دەهێنرێت. (دەڕوانرێتە: فەرهەنگی نوێ: ل٥١).

(١) الطريق الى النص (مقالات في الرواية العربية): ص٩٩.

(٢) في نظرية الرواية (بحث في تقنيات السرد): ص٧٣.

(٣) گوڵبژێرێک لە هونەری چیرۆکنووسین: ل٤٢ - ٤٣.

*** دەقی گێڕانەوەبەندی: هەموو ئەو ژانرە ئەدەبییانە دەگرێتەوە، کە لەسەر بنەمای گێڕانەوە بەندن، وەک: ڕۆمان، چیرۆک، نۆڤلێت و کورتە چیرۆک و... تاد. (دەڕوانرێتە: بنیادی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا: ل٥).

(٤) ڕۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە: ل١٠٥.

(٥) بنية السرد في القصص الصوفي: ص١٧٨.

(٦) هونەری شیعر (پۆیەتیکا): ل٢٣.

(٧) بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان: ل١٢.

(٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

(٩) گۆڤاری هەنار، ژمارە (٤٤): ل١٨.

(١٠) بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، ل٤٦ - ٤٧.

(١١) البناء السردي في شعر شێرکو بێکەس: ص٥٦.

(١٢) بنیادی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا: ل٣٧.

(١٣) تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان: ل٥٥.

(١٤) گۆڤاری واتە، ژمارە (١٤): ل٣٣٧.

(١٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل٣٣٧.

(١٦) دەڕوانرێتە: (الرواية:
http://medhatfoda.jeeran.com/m3th/adb%203th/3tha8.htm) بەدەستکارییەوە.

(١٧) ڕۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە: ل١٠٥ - ١٠٦.

(١٨) بنیادی وەسف لە ڕۆمانی (ڕێگا)ی (محەمەد مەولوود مەم)دا: ل٦٠.

(١٩) بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان: ل١٣.

(٢٠) بنیادی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا ساڵی (١٩٨٥ - ١٩٩٠): ل٤٣ - ٤٤.

(٢١) تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان: ل٥١.

(٢٢) بنیادی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا ساڵی (١٩٨٥ - ١٩٩٠): ل٤٤.

(٢٣) دەڕوانرێتە: (بنية السرد في القصص الصوفي: ص٢٣).

* مەبەست لەو کەسانەیە، کە سەر بە قوتابخانەی (بنیادگەری و فۆرمالیزم)ن، کە دوو قوتابخانەی هونەری، ڕەخنەیی، ئەدەبین. یەکەمیان - بنیادگەری- لەلایەن (فردیناند دی سۆسێر)ـەوە، لە بواری زانستی زمانەوانیدا سەری هەڵدا، دواتر هاتووەتە نێو لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانەوە و بە قوتابخانەیەکی ئەدەبی ناوبانگی دەرکردووە. دووەمیشیان - فۆرمالیزم - لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ڕووسیا سەری هەڵداوە، کە زیاتر گرنگی بە فۆرمی دەق دەدات. (دەڕوانرێتە: فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی: ل٦٠ و ٢١٤).

(٢٤) بنية السرد في القصص الصوفي: ص١٧٩.

(٢٥) دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی: ل٢٢٨.

(٢٦) گۆڤاری ئەکادیمی، ژمارە (٧): ل١٠١.

(٢٧) تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان: ل٥٢.

(٢٨) دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی: ل٢٢٨.

(٢٩) هونەری نووسینی چیرۆک: ل١٥.

(٣٠) تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان، ل٥٢.

(٣١) گۆڤاری ئەکادیمی، ژمارە (٧): ل١٠٢.

(٣٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.

(٣٣) في نظرية الرواية: ص٨٩.

(٣٤) دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی: ل٢٢٩.

(٣٥) الشخصية الروائية (وظيفتها، أنواعها، سماتها):
http://amergharaibeh.jeeran.com/archive/2009/3/831400.html

(36) في مشكلات السرد الروائي: ص٨٩.

(٣٧) دەڕوانرێتە: (دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی: ل٢٢٩)، بە دەستکارییەوە.

(٣٨) الشخصية الروائية (وظيفتها، أنواعها، سماتها):
http://amergharaibeh.jeeran.com/archive/2009/3/831400.html

(٣٩) الطريق الى النص: ص١٠١.

(٤٠) بنیادی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا ساڵی (١٩٨٥ - ١٩٩٠): ل٤٤.

(٤١) هونەری نووسینی چیرۆک: ل١٣.

(٤٢) گۆڤاری واتە، ژمارە (١٤): ل٣٣٧.

(٤٣) بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان: ل١٣.

(٤٤) هونەری نووسینی چیرۆک: ل٦١.

(٤٥) التبئير الفلسفي في الرواية: ص٥٠.

(٤٦) أدوات النص: ص٩٨.

(٤٧) بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا: ل١٤٧.

(٤٨) بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان: ل١٣.

(٤٩) گۆڤاری ئەکادیمی، ژمارە (١٤): ل٩٨.

(٥٠) چەمک و ڕەگەزەکانی چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٩١ - ٢٠٠٥): ل٩٩.

(٥١) بنیادی ڕووداو لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت)ی خوسرەو جاف و (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێت)ی عەبدولخالیق ڕکابیدا: ل٤٠ - ٤١.

(٥٢) تیوری ڕۆمان: ل٢٣.

(٥٣) بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان: ل٤٥.

(٥٤) چەمک و ڕەگەزەکانی چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٩١ - ٢٠٠٥): ل١٠٠ - ١٠١.

(٥٥) جماليات الشخصية في الرواية العراقية:
http://www.iraqwriters.com/iNP/view.asp?ID=2653

(٥٦) گۆڤاری نەوشەفەق: ل١٢

(٥٧) دەڕوانرێتە: (الرواية العربية البناء والرؤيا: ص١٦٠)، بە دەستکارییەوە.

(٥٨) دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی: ل٢٣٠.

(٥٩) الرواية العربية البناء والرؤيا: ص١٦٠.

(٦٠) دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی: ل٢٣٠.

(٦١) هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل٢٣٠.

(٦٢) الرواية العربية البناء والرؤيا: ص١٦١.

(٦٣) دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی: ل٢٣٠ - ٢٣١.

(٦٤) تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا: ل١٣٤.

(٦٥) بنیادی وەسف لە ڕۆمانی (ڕێگا)ی (محەمەد مەولوود مەم)دا: ل٦٠.

(٦٦) تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا: ل١٣٤ - ١٣٥.

(٦٧) گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٣٧): ل٨٤.

(٦٨) البناء السردي في شعر شێرکۆ بێکەس: ص٥٦.

(٦٩) في نظرية الرواية: ص٩٠.

### لیستی سەرچاوە و ژێدەرەکان

#### یەکەم/ بە زمانی کوردی

#### (ا) کتێبەکان:


١- بنیادی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا ساڵی (١٩٨٥ - ١٩٩٠): ڕێزان عوسمان (خاڵەدێوە)، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٠، چاپی یەکەم.

٢- بنیادی ڕووداو لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت)ی خوسرەو جاف و (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێت)ی عەبدولخالیق ڕکابیدا: ئاری عوسمان خەیات، دەزگای نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٠، چاپی یەکەم.

٣- بنیادی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا (لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی، پراکتیکی، بەراوردکارییە): سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩، چاپی یەکەم.

٤- بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکی تیوری، پراکتیکی، ڕەخنەیی): تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١، چاپی یەکەم.

٥- بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، عەبدوڵڵا سەڕاج، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، چاپی یەکەم.

٦- تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا: جەلال ئەنوەر سەعید، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠٠٩، چاپی یەکەم.

٧- تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان: عەبدولڕەحمان مونیف، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شیرین. ک، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، چاپی یەکەم.

٨- تیوری ڕۆمان: کۆمەڵێک نووسەر، وەرگێڕانی: محەمەد کەریم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، بەبێ نۆبەی چاپ.

٩- دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی: د.هیمداد حوسێن، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی باز، هەولێر، ٢٠١٠، چاپی دووەم (زیادکراو).

١٠- دوازدە نامە بۆ ڕۆماننووسێکی لاو: ماریۆ فارگاس یۆسا، وەرگێڕانی: شیرین. ک، لەبڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، ژمارە (٦)، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠٠٨، چاپی یەکەم.

١١- ڕۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە (چەند وتارێک لەبارەی چیرۆک و ڕۆمانەوە): سەلاح عومەر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی (خانی)، دهۆک، ٢٠١٠، چاپی یەکەم.

١٢- شیعر (پۆیەتیکا): ئەریستۆ، وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: د.محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠، چاپی یەکەم.

١٣- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١١، چاپی یەکەم.

١٤- فـەرهەنگی نوێ: کـۆمـەڵێک نووسـەر، وەرگـێـڕانی لە فـارسـیـیـەوە: بورهان قـانع، خانەی چاپ و بڵاوکـردنەوەی قـانع، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣، چاپی دووەم.
١٥- گوڵبژێرێک لە هونەری چیرۆکنووسین: ئیبراهیم یوونسی، وەرگـێـڕانی لە فـارسـیـیـەوە: نەبەز جـەهانگـیـرپور، چاپەمـەنی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥، چاپی یەکەم.
١٦- هونەری نووسینی چیرۆک: حەمە سەعید حەسەن، دەزگای ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١، چاپی یەکەم.

**(ب) نامەی ئەکادیمی:**

١- بنیـادی وەسف لە ڕۆمـانی (ڕێگا)ی (مـحـەمـەد مـەولوود مـەم)دا، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی، شـیکاری، پراکـتـیکیـیـە: نامەیەکە (دیار فـایەق مەجید) پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردەی (ئیبن ڕوشد)ی زانکۆی بەغدای کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا - ئەدەب، سەرپەرشت: د.ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ٢٠٠٨.

**(ج) خولییەکان:**

١- چەمک و ڕەگـەزەکانی چیـرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کـوردیدا (١٩٩١ - ٢٠٠٥): د.هیـمـداد حـوسـێن بەکـر و ڕازاو ڕەشـیـد صبـری، گـۆڤـاری ئەکـادیمی، ژمـارە (٧)، کـوردسـتـان، هەولێـر، ٢٠٠٨.
٢- بنیـادی کـارەکـتـەر و ئیـسـتـێـتیـکای گـێـڕانەوە لە ڕۆمـانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا: عەلی عوسمان یاقووب، بەشی یەکەم، گۆڤاری ڕامان، (١٣٧)، ٥/١٠/٢٠١١.
٣- تەکنیک لە سێ چیـرۆکی ئارام کـاکـەی فـەللاح دا، هەرێم عوسمان، گۆڤاری هەنار، ژمارە (٤٤) سێپتێمبەری ٢٠٠٩.
٤- زمـانی دیالۆگ لە ڕۆمـاندا، عـەبدولڕەحـمـان مـونیف، وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە، گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە (٨١)، ئابی ٢٠١١.
٥- حیکایەت لە قـوتابخانە: حەمـەفـەریق حـەسـەن، گـۆڤـاری واتە، کـۆوارێکی ڕۆشنبیـری گـشـتـیـیـە، ژمـارە (١٤)، ئەیلوولی ٢٠١١.

**دووەم/ بە زمانی عەرەبی**

**(ا) الكتب:**

١- ادوات النص (دراسـة): مـحـمـد تحـرشي، من منشـورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٠، الطبعة الاولى.
٢- البناء السردي في شعر شيركو بيكەس: د. فاضل عـبود التميمي، دار سردم للطباعة والنشر، مطبعة دار سردم للطباعة و النشر، كوردستان، السليمانية، ٢٠٠٨، الطبعة الاولى.
٣- بنيـة السـرد في القـصص الصـوفي (المكونات والوظائف والتقنيات): د.ناهضة ستار، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣، الطبعة الاولى.
٤- التبـئير الفلسفي في الرواية (مقاربة ظاهراتية في تجربة سليم بركات): د. شاهو سعيد، دار سردم للطباعة والنشر، مطبعة دار سردم للطباعـة والنشـر، كوردسـتـان، السليـمـانيـة، ٢٠٠٧، الطبعة الاولى.
٥- الرواية العربية، البناء و الرؤيا (مقاربات نقدية): د.سمير روحي الفـيـصل، من منشـورات اتحـاد الكـتـاب العـرب، دمـشق، ٢٠٠٣، الطبعة الاولى.
٦- في مشكلات السرد الروائي (قراءة في عدد من النصوص و التجارب الروائية العربية والعربية السورية المعاصرة)، د. جهاد عطا نعـيـسـة، من منشـورات اتحـاد الكـتـاب العـرب، دمـشق، ٢٠٠١، الطبعة الاولى.
٧- في نظرية الرواية (بحث في تقنيـات السـرد): تأليف: عبدالملك مرتاض، سلسلة كتب عالم المعرفة (٢٤٠)، الكويت، ١٩٩٨، الطبعة الاولى.
٨- الطريق الى النص (مقالات في الرواية العربية): سليـمـان حسين، من منشـورات اتحـاد الكـتـاب العـرب، دمـشق، ١٩٩٧، الطبعة الاولى.

**(ب) شبكە الأنترنت:**

١- جماليات الشخصية في الرواية العراقيـة: د.نجم عبدالله كاظم، تاريخ النشر (٤/١٢/٢٠١٠)،
http://www.iraqwriters.com/iNP/view.asp?ID=2653
٢- الرواية: يوسف حسن حجازي،
http://medhatfoda.jeeran.com/m3th/adb%203th/3tha8.htm
٣- الشخصيـة الروائية (وظيفتها، أنواعها، سماتها): عامر غرايبة،
http://amergharaibeh.jeeran.com/archive/2009/3/831400.html

# ڕاکردن لە دەق

**سەعید سلێمانی**
**(تاران)**

ئەوەی کە وادەکات خوێنەر بە دەقێک سەرسام ببێت، ئەو بێ دەنگی و جیهانە داخراوەیە کە نووسەر، یان داهێنەر دروستی دەکات لە ئاست شرۆڤەکردنیدا. ئەو گێژیەیە کە دەق لە لای خوێنەر بەجێی دێڵێت و دەیهێنێتە سەر ئەو یەقینە کە هیچ کات ناتوانێ لە دنیای داخراوی نووسەر نزیک ببێتەوە. بە واتایەکی دیکە نووسەر کاتێک بۆ شرۆڤەکردنی بەرهەمەکانی بێ دەنگی هەڵدەبژێرێت، یان بۆ باس کردن لە دەقەکانی خۆی دنیایەکی داخراو دروست دەکات، خوێنەر دێنێتە سەر ئەو قەناعەت و یەقینە کە جیهانی دەق و نووسەر جیهانێکی دەگمەنە کە دەست پێڕاگەیشتن پێی کارێکی نەکردە و ئەستەمە، هەر ئەمەش وادەکات کە خوێنەر بۆ هەمیشە لە ئاست دەقدا سەرسام بمێنێتەوە و هیچ کاتیش ئەو سەرسامی و شکۆیە لە لای نەڕەوێتەوە. لە ڕاستیدا سەرسامی دەق و نووسراوە لە شرۆڤەکردنیدا نییە لە لایەن نووسەرەوە، بەڵکو لەو جیهانە داخراوەدایە کە نووسەر هەرگیز نایدات بە دەستەوە و تا ئەبەدیش هەروا شاراوە و سەربەمۆر دەمێنێتەوە، چونکە لەگەڵ شیکردنەوەیدا لە لایەن نووسەرەوە سیحری خۆی دەدۆڕێنێ و ئەو تەلیسمە بەتاڵ دەبێتەوە. نووسەر کاتێک لە بارەی دەقی خۆیەوە دەدوێت - بە تایبەت چیرۆک و ڕۆمان - ئەگەر تەنانەت ڕستەیەکیش بێت، ئەوە لەو حاڵەتە ئەفسووناوی و سیحراوییەی دەق کەم دەکاتەوە و ئەو چێژە سەرسامکەر و ئەفسووناوییە لە لای خوێنەر دادەبەزێت.

گەورەیی جیهانی داخراو و شاراوەی نووسەر لە کێوێکی بەرزی سەر بە تەم دەچێت کە هەرگیز دیار ناکەوێت و کەس چاوی بە ترۆپک و لووتکەی ناکەوێت مەگەر ئەوە کە خۆ بکەیت بە ناو تەمەکەدا. ئەوەی کە وادەکات وەک بوونەوەرێکی ئەفسانەیی لە نووسەر بڕوانین، ئەو بەهەشتە داخراو و حەسارکراوەیە کە دەرگاکانی کلۆم دراون و هیچ کات ناکرێنەوە. خوێنەریش بەردەوام لە هەوڵدایە بۆ بڕینی شووره و دەرگاکانی و بەردەوام تامەزرۆی چوونە ناوەوەیەتی و هیچ کاتیش تاسەی ناشکێ و هەروا تینووی دەق دەمێنێتەوە. بە واتایەکی دی نووسەر کاتێک دەتوانێ سەرسامی دەقەکەی بپارێزێت کە خۆ ببوێرێت لە شرۆڤەکردنی، چونکە دەقەکان خۆیان ئاماژەیەکن بۆ هێزێکی فکری و زەینی بەربڵاو و بێ سنوور.هەروەک فرانسیس بیکۆنی شێوەکار دەڵێت ئەگەر تابلۆیەک شرۆڤە و شی بکرێتەوە هێزی خۆی دەدۆڕێنێ، هەربۆیەش تەنیا یەک شت و یەک تایبەتمەندی نووسەر، خوێنەر سەرسام دەکات: بێ دەنگی!

بەڵام بۆ دەبێ نووسەر بێ دەنگ بێت؟ کاتێک نووسەر لە مەڕ دەقەکەیەوە دەدوێت زیاتر لە بازرگانێک، یان فرۆشیارێک دەچێت کە بانگەشە بۆ کاڵاکەی دەکات، هەربۆیەش ئیتر دەق دەچێتە خانەی شتێکی ماددی و بازرگانی و دەبێتە هاوتای پێداویستییەکی ماددی ژیانی ڕۆژانە کە بە شێوەیەکی واتادار سەرنج و زەینی خوێنەر ڕاناکێشێت. ئەم کاڵ بوونەوەی بایەخی دەقە، ئەزموونێکە کە دەکرێ هەر خوێنەرێک تووشی بێت و زۆرجار هەبووە کە دوای ماوەیەکی درێژ لە خوێندنەوەی دەقێک، کاتێک هەندێک تێبینی نووسەرمان لەسەر دەقەکە بەرچاو، یان بەرگوێ کەوتووە، دەقەکەمان لە لا بۆتە شتێکی ئاوەکی و بۆ هەمیشە هێز و سەرسامی خۆی لە لامان دۆڕاندووە. بەو پێیە، ئەگەر دەق کاڵایەکە و هاتۆتە بازاڕەوە ئەوە دەبێ هەروا بە کەپسی بمێنێتەوە، بەڵام کاتێک نووسەر سەری کاڵاکە دەکاتەوە، دەبێتە شتێکی ماوە بەسەرچوو و ناچارین لە کتێبخانەی زەینمان بیخەینە دەرەوە.

وشەکانی هەر دەقێک خاوەنی پێوەندییەکی نادیار، بەڵام تەندراون کە خوێنەر هەمیشە بەو ڕایەڵەدا دەڕوات و ئەو تانوپۆیانە دەدۆزێتەوە کە پێکهێنەری نەخشونیگاری دەقن، بەڵام کاتێک نووسەر خۆی باس لەم پێکهاتە چندراوە دەکات، ئەو پێوەندی و ڕایەڵە لێک هەڵدەوەشێت و وشەکان دەبنە کۆمەڵێک واتا و چەمکی بێ کەڵک کە وەک ئەوە وان بە هەڵڕژاوی خرابنە ناو توورەکەیەکەوە، هەربۆیەش دەقی شرۆڤەکراو لە لایەن نووسەرەوە لەو حاڵەتی پێکهاتە واتادارە دێتە دەر و دەبێتە توورەکەیەکی وشە. ئەم توورەکەیە لە لای خوێنەر لە هەمان توورەکەی مووڕووی پیرەژنێک دەچێت کە دەیان ساڵ هەڵیدەگرێت، بەڵام هیچ کات کەڵکیان لێ وەرناگرێ و بۆی ناکرێنەوە ملوانکەیەکی بریقەدار و سەرنجڕاکێش، هەربۆیەش شرۆڤەی نووسەر پچڕاندنی ملوانکەیەکی پڕبەها و بریقەدارە کە دووبارە ناهۆندرێتەوە. نووسەر لە پێناو پاراستنی شکۆی دەقدا دەبێ خۆ ببوێرێت لە نزیک کەوتنەوە لێی، واتە لەو ئاراستەیەدا نووسەر تەنیا یەک ئەرکی لە ئەستۆیە: ڕاکردن لە دەق!

* * *

بەڵام ئایا دەکرێت کە زەینی خوێنەر بە تەواوەتی لە



کافکا

بیرۆکەی نووسەر بسڕێتەوە، یان ئەوەتا زەینی خوێنەر بە ئاراستەی بیرکردنەوە لە نووسەردا نەڕوات؟ بە واتایەکی دیکە ئایا لە کاتی خوێندنەوەدا دەکرێت خوێنەر – تەنانەت ئەگەر بۆ ساتێکیش بووبێت – بیر لە نووسەر و بیرۆکەکەی نەکاتەوە؟! لێرەدایە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نووسەر هیچ کات بە شێوەیەکی ڕەها و تەواوەتی لە نووسراوە و دەق و بەرهەمەکەی دانابڕێت، جا با نووسەریش لە ژیاندا نەمابێت. بۆ وێنە ئێمە کاتێک بەرهەمەکانی کافکا، یان سادق هیدایەت دەخوێنینەوە مەحاڵە کارەکتەر و کەسایەتی کافکا، یان هیدایەت بە زەینماندا نەیەت و بیر لە بیرۆکە و هۆکاری نووسینیان نەکەینەوە. ئەمە زیاتر لەوەی ڕەهەندێکی هێرمنۆتیکیانە بێت، دۆخێکی دەروونناسیانەیە کە بۆ خوێنەر دێتە پێش و مەسەلەیەکی حاشاهەڵنەگرە و پێوەندی بە باس و چەمکی هێرمنۆتیکەوە نییە، چونکە ئێمە هەرچی بکەین ناتوانین داهێنەر لە دەق دەربهاوێژین، هەرچەند دەق وەک یەکەیەکی سەربەخۆ سەیر بکرێت، دیسان هەر خاوەنی داهێنەرێکە کە ڕۆژێک خوڵقێنەری بووە.

بێ گومان خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا دەرگیری ئەوەیە کە نووسەر لە کاتی نووسیندا بیری لە چ شتێک کردۆتەوە، واتە کەڵکەڵەی نووسەر لە کاتی نووسینی ئەو

دەقەدا چی بووە؟ خوێنەر هەرچەند بیەوێ خۆی بێ لایەن بگرێت و خۆی لە بیرکردنەوە لە مەبەست و بیرۆکەکانی نووسەر بپارێزێت دیسان ناتوانێ بیر لەوە نەکاتەوە کە مەبەستی نووسەر چی بووە؟ هەربۆیەش بیرۆکە، یان تیوری «مەرگی نووسەر» ناکرێت وەک تیوری و تێزێکی ڕەها و نەگۆڕ چاوی لێ بکرێت و لە هەمان کاتیشدا ناکرێ چاوپۆشی لێ بکرێت، یان بە واتایەک، بە پێچەوانەی تێزی باوی «مەرگی نووسەر» هەمیشە ڕایەڵێکی پێوەندی لە نێوان نووسەر و دەقدا هەیە، هەرچەند کە ئەو ڕایەڵە نادیاریش بێت، بەڵام بێ گومان هیچ کات پچڕان، یان لێکدابڕانێکی ڕەها دروست نابێت لە نێوان نووسەر و دەقدا و بەردەوام ئەم پێوەندییە پارێزراوە. شایەد بە تێپەڕینی زەمەن ئەم پێوەندییە کەم ڕەنگتر ببێتەوە، بەڵام بێ گومان ناپچڕێت. مەبەست ئەوەیە کاتێک خوێنەر دەقێکی سەرکەوتوو دەخوێنێتەوە، مەحاڵە ئەوەی بە زەیندا نەیەت کە مەبەستی نووسەر لە نووسین و خوڵقاندنی ئەم دەقە چی بووە؟ واتە ئەم بیرۆکەیە بێ گومان بە زەینی دەگات کە بگەڕێت بە شوێن هۆکارە سەرەکییەکانی نووسەر بۆ نووسینی ئەو دەقە، یان بە واتایەکی دیکە خوێنەر بیر لەوە دەکاتەوە کە نووسەر کاتی نووسین بیری لە چی کردۆتەوە. ئەمەیە کە ئێمە ناتوانین بە شێوەیەکی ڕەها و نەگۆڕ باس لە زانستی هێرمنۆتیک بکەین بەبێ لەبەرچاوگرتنی دەوری نووسەر لە خوڵقاندنی دەقدا. بە بارێکی دیکەدا دەبێ بڵێین کە هەڵوێستی خوێنەر لە ئاست دەقێکدا بێبەری نییە لە هەڵوێستی نووسەری دەقەکە، واتە هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنی خوێنەر لە سەداسەد سەربەخۆ و بەدوور لە کەڵکەڵەی تێگەیشتن لە مەبەست و بیرۆکەی نووسەر نییە. بە واتایەکی دی خوێنەر هیچ کات ئەو بڕیارە نادات کە خۆی بۆچوون و تێگەیشتنێکی سەربەخۆی لەو دەقە هەبێت، یان خۆی دەقێکی دیکە بخوڵقێنێتەوە، بەڵکو بەشێکی زۆری بیرکردنەوەی - تەنانەت خۆنەویستانە - تەرخان دەکرێت بۆ ئەوەی لە مەبەستی نووسەر لە نووسینی دەقەکە تێ بگات. بەو مانایە کە خوێنەر بە شێوەیەکی خۆنەویستانە زەینی بۆ ئەوە دەچێت کە لە مەبەستی خودی نووسەریش لە کاتی داهێناندا سەر دەربێنێت، هەربۆیەش بەشێکی بیرکردنەوەی خوێنەر لە خودی دەقەکە دوور دەکەوێتەوە و بە لای نووسەر، یان داهێنەردا دەڕوات، واتە تەرخان دەکرێت بۆ مەبەستی نووسەر، ئەمە شتێکی حاشاهەڵنەگرە، چونکە بەدەرە لە ویستی خودی خوێنەر.

لێرەدا مەبەستی ئێمە بەگژداچوونەوە و ڕەتکردنەوەی هێرمنۆتیکی نوێ، یان تیوری «مەرگی نووسەر» نییە، بەڵکو جەخت کردنەوە لەسەر ئەو حەقیقەتەیە کە خوێندنەوەی خوێنەریش بە تەواوەتی بەدوور نییە لە بیرکردنەوە لە بیرۆکەی خودی نووسەر، هەروەها لێرەدا بیرۆکە و مەبەستی خودی نووسەر گرینگ نییە، چونکە ئەمە شتێکە کە کەمتر پەی پێ دەبرێت، بەڵام ئەو سەرقاڵی و داڵغەیە کە لە لای خوێنەر سەر هەڵدەدات، واتە ئێمە لێرەدا نامانەوێت گرینگی بدەین بە مەبەستی نووسەر، بەڵکو دەمانەوێ جەخت لەسەر ئەو سەرقاڵییە بکەینەوە کە خوێنەر پێوەی گیرۆدە دەبێت کە ئەویش سەردەرهێنانە لە مەبەستی نووسەر لە نووسینی دەق.

بەڵام با لێرەدا هەڵوێستەیەکیش لەسەر نووسەری ئەمڕۆیی بکەین: بێ گومان نووسەری ئەمڕۆیی ئاگاداری تیوری و تێزەکانی هێرمنۆتیکی نوێ و خوێندنەوەی ئەمڕۆییە، هەربۆیەش بەو پێیە دەق و نووسراوەکانی نووسەر بەدەر نابن لە کاریگەری ئەو تیوری و تێزانە. بۆ وێنە شاعیرێکی ئەمڕۆیی ئیتر ئەوەندە لە کۆتوبەندی ئەوەدا نییە کە حەتمەن دەبێ مەبەستێکی ڕوون و دیاریکراو لە شیعرەکەیدا بەدی بکرێت و پەیامێکی ئاشکرا تێیدا ڕەنگ بداتەوە، یان دەبێ حەتمەن شیعرەکەی هەڵگری مەبەستێکی سەرەکی و ڕاستەوخۆ بێت، بەڵکو ئەو نووسینێکی ئازاد و کراوە دەنووسێت. نووسینێک کە بەدەرە لە پەیامی دیاریکراو و خاوەن چوارچێوە، واتە شاعیر ئەوەندە پابەند نییە بە چوارچێوەی زمانی خوێنەری ئاسایی. شیعرێک کە ببێتە وێردی زمانی هەمووان ئیتر شیعر نییە، ئەگەر هەمووان بیکەنە بنێشتە خۆشە ئەوە ڕستەیەکی بێ ناوەرۆک و ئاوەکییە. شیعر ئەوەیە کە هەمووان بۆیان نەگوترێتەوە. هەر کاتێک هەموو کەوتنە کاوێژ کردنی ئیتر لە شیعر دەکەوێت.

ڕاستییەکەی شاعیر لە ئەمڕۆکەدا زۆرتر جەخت لەسەر وشە دەکاتەوە تاکو ڕستە و دێڕ و بڕگە. هەروەک پۆل ڕیکۆر لە بارەی شیعرەوە دەڵێت وشە لە شیعردا بە پێچەوانەی زمانی زانستی فرەمانایە و هەر وشەیەک لە

ناو شیعردا چەندین مانا لەخۆ دەگرێت، هەربۆیەش نووسراوەی ئەمڕۆیی زۆر زیاتر کراوە و واتاهەڵگرترن. بە واتایەکی دیکە نووسەری ئەمڕۆیی خۆی لەوە تێدەگات کە نووسراوەکەی نابێ هەڵگری «پەیامی نووسەر» بێت، چونکە خوێنەر بە شوێن ئەوەدا ناگەڕێت. جا لەبەر ئەمە نووسەری ئەمڕۆ نووسەرێکی ئازادە و نووسراوەکانیشی دەقێکی ئازادن.

بەم پێیە، بە ڕای من تەفسیر کردنێکی زۆر کە بۆ قورئان و کتێبە ئاسمانییەکانی دیکە دەکرێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەیان گرووپی دینی و مەزهەبی بێنە ئاراوە و سەرهەڵدەن، لەسەر ئەم بنەمایەیە، واتە بە هۆی ئەوەوەیە کە زمانی کتێبە ئاسمانییەکان زۆرتر زمانێکی شیعرییە تاکو زمانێکی زانستی، یان فەلسەفی.ئەم ڕەوتەش کاردانەوە و دەرکەوتەی خراپ و نەرێنی هەن کە لە درێژەدا دەپەڕژێینە سەریان.

نووسەری سەردەمی کلاسیک، یان نووسەرێک کە ئاگاداری زانستی هێرمنۆتیکی نوێ نەبوو، لە کاتی نووسین و داهێنانی دەقدا، بێ گومان تەواوی هەوڵی خۆی دەخستە گەڕ بۆ ئەوەی پەیام و مەبەستێکی سەرەکی لە دەقەکەیدا بگونجێنێت و بە شێوەیەکیش دایبڕێژێت کە ئەو پەیام و مەبەستە بگوازێتەوە بۆ خوێنەر، هەربۆیەش دەقی کلاسیک زۆرتر بە زمانێکی خوێنەرانە دەنووسرا تا زمانێکی نووسەرانە، واتە زمانی دەق نزیک بوو لە خوێنەر تاکو لە نووسەر. بەم پێیە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەدەبیاتی کلاسیک هەمیشە بە زمانی هەڕەمەکیانە نزیکترە و هەر ئەمەشە کە وادەکات زۆرینەی هەڕەمەکی تەنیا ئەو ئەدەبیاتە بە ئەدەبیاتی ڕاستەقینە بزانن، بەڵام بە ڕای من بە پێچەوانەوە، نووسەری ئەمڕۆیی بە ئاگاداری لە تیورییەکانی دەق و خوێنەر وەک دوو چەمک و کارەکتەری چالاک، ئیتر ئەوەندە پێداگر نییە لەسەر گونجاندنی مەبەست و پەیامێکی سەرەکی لە ناو چوارچێوەی دەقدا، هەربۆیەش ئەو دەقێکی ئازاد دەخوڵقێنێ. دەقێک کە نەبەستراوەتەوە بە هیچ چەشنە پەیام و بیرۆکەیەکی دیاریکراو و سەرەکی نووسەر. دەقێک کە خۆی لە خۆیدا فرە واتا و فرە ڕەهەندە و هەڵگری هەر چەشنە بیرۆکە و مەبەستێکە.

***



**سادق هیدایەت**

ڕەنگە خوێندنەوەی ئەم نووسراوەیە بۆ کەسانێک ببێتە هۆی شەکەتی و ماندووبوون و هەر تەنیا کەسانی هۆگری نووسین و هونەر، یان خوێندکاری ئەدەبیات بیخوێننەوە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئاگاداری لە زانستی هێرمنۆتیک بە شێوەیەکی زۆر خەست کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکانی ئەم جیهانە دادەنێت. نموونەیەکی زۆر بەرچاو بهێنینەوە: لە ئەمڕۆکەدا دیاردەی تیرۆر، بەتایبەت تیرۆریزمی ئیسلامی بۆتە ناوەندی باسوخواسی خەڵک و ڕاگەیاندنەکان و سیاسییەکان و دەوڵەتان. ئەگەر بزانین کە هۆکاری سەرەکی تیرۆر پێوەندی بە زانستی هێرمنۆتیکەوە هەیە و ڕیشەی لە ناو ئەو چەمکە دایە، یان ڕوونتر بڵێم هۆکاری سەرەکی تیرۆریزم ناڕاستەوخۆ زانستی هێرمنۆتیکە، هیچ جێی سەرسوڕمان نییە، چونکە هەروەک دەزانین ڕیشەی سەرەکی هێرمنۆتیک یەکەم جار لە دەقە ئایینیەکاندایە، واتە هێرمنۆتیک ئەو کاتە سەرهەڵدەدات و وەک زانستێک دەردەکەوێت کە شرۆڤەکاران لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەوڵ دەدەن بۆ خوێندنەوە و شکردنەوەی دەقی ئایینی، بە تایبەت کتێبی پیرۆز.

لێرەدا خوێندنەوە و بۆچوونی ئەو کەسانەی کە تیرۆر دەکەن لە دەقە ئایینییەکان - بە تایبەت قورئان - دەبێتە

هۆی ئەو هەڵوێستەیان، هەربۆیەش ئەوان خۆیان لەوە ئاگادار نین، بەڵام ئەگەر ئەوان لە خودی زانستی هێرمنۆتیک و واتاکانی ئاگادار بوونایە و لەوە تێگەیشتبانایە کە هەر دەقێک هەڵگری چەندین مانا و تەفسیری جیاوازە، بێ گومان و بە ئەگەری زۆرەوە خۆیان لەو کارە، واتە تیرۆر دەپاراست. بە واتایەکی ڕوونتر، ئەگەر ئەوان بیانزانیبایە کە هیچ دەقێک هەڵگری مانایەکی ڕەها و نەگۆڕ نییە، بەڵکو هەر دەقێک تایبەتمەندییەکی هێرمنۆتیکیانەی هەیە، دووچاری ئەو توندوتیژی و تیرۆرە نەدەبوون کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەمڕۆکە دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم دەکات، هەربۆیە تێگەیشتنێکی گشتگیر و هەمەلایەنە لە چەمکی هێرمنۆتیک بۆ تەواوی خەڵکان و کۆمەڵگاکان، ئەمڕۆکە وەک پێویست دێتە بەرچاو بۆ ئەوەی هەر لە ژیانی ڕۆژانەدا تاکەکان تووشی ئەو هەموو دەمارگرژی و ئاراستەگیری و توندوتیژی و دژکردەوەی ناڕەوا نەبن سەبارەت بە یەکتر و سەبارەت بە دیاردە و چەمکەکان. بۆ ئەم مەبەستە تەنانەت دەکرێ زانستی هێرمنۆتیک وەک وانەیەکی خوێندن - بەتایبەت لە وڵاتی ئێمەدا - لە ناو چوارچێوەی سیستەمی پەروەردەدا جێی بۆ بکرێتەوە و بگونجێت. تێگەیشتنی خەڵکان لە مەسەلەی ئەدەب و واتاکانی، ڕوحێکی نوێ دەکات بە بەر ڕۆشنبیری گشتیدا و جیهانێکی نوێ دەخوڵقێنێت و ژیان بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەبات. ژیانێک کە لەودا هیچ شتێک ڕەها و نەگۆڕ نییە و هیچ کەسیش پابەندی دەمارگرژی و بۆچوونی توند نییە، ئیتر لەم ڕێگەوە توندوتیژی جێی خۆی بدات بە نەرمونیانییەکی گشتگیر، نەرمونیانییەک کە هێرمنۆتیک و فرەمانایی دەیهێنێتە بەرهەم.

***

هێرمنۆتیک لە هەمبەر نووسەر، یان داهێنەردا، تەنیا کارێک کە کردوویەتی، داهێنەر، یان نووسەری لەو ئاستە بەرزەی خۆی دابەزاندووە بۆ کەسێکی ئاسایی کە وەک جاران وەک کەسایەتییەکی ناوازە سەیر ناکرێت. ئەمڕۆکە نووسەر ئیتر ئەو کەسایەتییە ئەفسانەیی و دەست پێڕانەگەیشتووە نییە کە لە ڕابردوودا خاوەنی بوو، یان خوێنەر سەیری دەکرد، ئەمەش گورزێکی کوشندەیە کە لە کەسایەتی نووسەر وەشاوە. شایەد بەشێکی زۆری ئەوەی کە ئەمڕۆ کاری زۆر لە نووسەران و هونەرمەندان نەخوێندرێتەوە و بایەخی پێ نەدرێت، هەر لەمەوە سەرچاوەی گرتبێت، یان بەشێکی زۆری ئەوەی کە نووسەر، یان هونەرمەند نەتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ و لە ڕێی داهێنانەوە ژیانی ئاسایی خۆی دابین بکات، ڕیشەی لە هێرمنۆتیکدا بێت، ئەمە بە مانای ڕەخنەگرتن لە زانستی هێرمنۆتیک نییە، بەڵکو خستنەڕووی یەکێک لە کاردانەوە لاوەکییەکانیەتی کە دەکرێ ئاسەواری نەرێنی و خراپی بۆ کەسایەتی داهێنەر هەبێت. گەورەترین بەڵگە بۆ ئەمە هەر ئەو تێزەی «مەرگی نووسەر»ـە. هەروەک دەزانین ئەم بیرۆکەیە بە مانای مەرگی ڕاستەقینەی نووسەر نییە، بەڵکو بەو مانایەیە کاتێک نووسەر، یان داهێنەر خاڵی کۆتایی دەخاتە پاڵ نووسراوە، یان بەرهەمەکەی و بڵاوی دەکاتەوە، ئیتر دەق، یان بەرهەم دەبێتە شتێکی سەربەخۆ و خۆی بە جیاوازی، ژیانی خۆی دەژیت، هەربۆیەش نووسەر ئیتر لەگەڵیدا نامێنێ و دەمرێت. ئەمە گەورەترین گورزی ڕاستەوخۆیە کە لە کەسایەتی نووسەر، یان داهێنەر دەوەشێت و ئیتر ئەم بوونەوەرە دەستی بە هیچ شوێنێک ناگات و لە بەرهەمەکەی بێبەری دەبێت. ئەوسایە کە خوێنەر ئیتر خۆی بە خاوەن دەق دەزانێت و حیسابێک بۆ نووسەر ناکات.

لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی بەردەم ئەدەبیات و نووسین و دەق لە ئەمڕۆکەدا ئەوەیە کە پێگەی بڵاوکردنەوەی دەق لەبەر دەستی هەمووانداییە. یەکێک لەو پێگانە کە دەست پێڕاگەیشتنی بۆ هەمووان هەموار کراوە، وێبلاگی تاکەکەسییە کە ئەمڕۆکە دەکرێ هەر مێرمنداڵێکیش خاوەنی بێت. هەروەک دەبینین بەشێکی زۆری ئەم وێبلاگانە تەرخان کراون بۆ شیعر و هەموو دەستیان داوەتە شیعر نووسین، هەربۆیە کەسێک کە نووسراوەیەک لەو وێبلاگەدا بە ناوی شیعرەوە بڵاو دەکاتەوە دووچاری ئەو وەهمە دەبێت کە شاعیرە و خاوەن قەڵەمە و هیچی کەم نییە لە شاعیرانی گەورە و خاوەن دەق، هەربۆیەش بایەخی شیعری ڕاستەقینە و بەهێزی لە لا دێتە خوار، ئەمەش وادەکات کە ئەدەبیات و بە تایبەت شیعر پێگەی جارانی خۆی لە دەست بدات، چونکە هەمووان خۆیان لێ بووە بە شاعیر. من خۆم نموونەی وام بەرچاو کەوتووە و کەسانی وا دەناسم کە لە تەواوی

ژیانیاندا کۆمەڵە شیعرێکیان بە تەواوەتی و تا کۆتایی نەخوێندۆتەوە و ئێستا خاوەنی وێبلاگی شیعرن و خۆیان لێ بووەتە شاعیرێکی ناوازە. لە ڕاستیدا ئەمە تەنگژەیەکە کە تووشی ئەدەبیات، بە تایبەت شیعر هاتووە و کاریگەرییەکانی لە داهاتوودا زۆرتر ڕۆشن دەبنەوە و دیسان گورزێکی کوشندەی دیکەیە کە لە پێگە و کەسایەتی نووسەری خاوەن دەق دەوەشێت.

* * *

**«ڕاکردن لە دەق»**

پێشتر باسی ڕاکردن لە دەقمان کرد کە بە واتای خۆپاراستن لە شرۆڤە و شیکردنەوەی دەق بوو لە لایەن نووسەرەوە، بەڵام من لێرەدا ئەم زاراوەیەم وەک تەکنیکێکی نووسین بەکارهێناوە و مەبەستی سەرەکیشم لێی هەر ئەم واتایەیە کە لە خوارەوەدا دەیخەینە بەرباس.

ئەم دەستەواژەیە لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی زانستی فیزیکە و بۆ حاڵەتێک بەکاردێت کە ماددەیەک دەخەنە ناو سانتریفۆژەوە و جیای دەکەنەوە. کاتێک سانتریفۆژەکە دەکەوێتە گەڕ و دەست دەکات بە خولانەوە، دەنکە وردەکانی ئەو مادەیە لە ناوەندی سانتریفۆژەکەوە، یان لە ناوەندی سووڕانەوە فڕێ دەدرێنە بنکی سانتریفۆژەکە و بەو شێوەیە ئەو ماددەیە لە ماددەکەی دیکە جیا دەبێتەوە و بەم حاڵەتەش دەڵێن: «ڕاکردن لە ناوەند» و لە فارسیشدا دەگوترێ: «گریز از مرکز». من لەسەر ئەو بنەمایە زاراوەی «ڕاکردن لە دەق»م داناوە کە ئەگەر بیکەینە فارسی دەبێتە: «گریز از متن».

ڕاکردن لە دەق یەکێک لە باشترین تەکنیکەکانی نووسینە بە تایبەت چیرۆک. لەو ڕاکردنەدا نووسەر لە ناوەندی دەق دێتە دەر و قسە نەستەقەکانی خۆی هەڵدەڕێژێ. لەو ڕێیەوە نووسەر سەرەڕای ئەوەی کە دەتوانێ باسی زۆر مەسەلەی لاوەکی، بەڵام گرینگ بکات کە هیچ پێوەندییان بە ڕەوتی چیرۆکەکەوە نییە، بەڵام پێویستە بە گوێی خوێنەر بگەن، لە هەمان کاتدا دەتوانێ تواناییە زمانییەکانی خۆی بخاتە ڕوو و تایبەتمەندییە شاراوەکانی زمانی نووسین دەربخات. لەو ڕاکردنەدا نووسەر خۆی لە کۆت و بەندەکانی ڕەوتی ئاسایی چیرۆکەکە دەرباز دەکات و لە دۆخێکی ئازاد و کراوەدا هەندێک بابەتی دیکە دەورووژێنێت کە لە ڕواڵەتدا پێوەندییەکیان بە چیرۆکەکەوە نییە، بەڵام لە ناوەرۆکدا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری سەرکەوتوویی دەقەکەن، ئەوەش کە وادەکات دەقەکە سەرکەوتوویی خۆی بپارێزێت هەر ئەو ڕاکردنە ناو بە ناوانەن کە نووسەر هەڵیاندەبژێرێ و لە پرتاو خۆی لەو ناوەندە دێنێتە دەر و ڕەوتی وەڕەزکەری دەقەکە تێک دەدات و پێکهاتەیەکی فرەڕەهەند و ڕەنگاوڕەنگی پێ دەبەخشێت.

ڕاکردن لە دەق تەکنیکێکە کە جێ بۆ زۆر بواری دیکە لە ناو دەقدا دەکاتەوە. بۆ وێنە نووسەر دەتوانێ لەو ڕێیەوە باسێکی فەلسەفی لە ناو دەقی چیرۆکێکدا بورووژێنێ بێ ئەوەی ڕەوتی ئاسایی دەقەکە تێک بچێت، یان ئەوەی کە تانەی فەلسەفاندنی دەق لە نووسەر بدرێت، یان دەتوانێ باس لە مەسەلەیەکی مێژوویی بکات کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دەقی سەرەکییەوە نییە، هەروەها نووسەر دەتوانێ لە ناو دەقدا چیرۆکێکی دیکە بگێڕێتەوە کە ناچێتە خانەی چیرۆکی سەرەکییەوە. ئەم ڕاکردن لە دەقە لە دوو بوارەوە یارمەتی بە پێتاندن و جوان کردنی دەقەکە دەدات. یەکەمیان لە باری ناوەرۆکەوەیە، چونکە ئەم شێوازی نووسینە ڕەوتی یەکبین و وەڕەزکەری دەقەکە دەشکێنێ و دەیکاتە دەقێکی فرەدەق، واتە دەقێک کە چەندین دەقی جیاواز لەیەک جێدا کۆ دەکاتەوە. دووەمیان لایەنی جوانیناسانەیە. لەم بوارەوە دەتوانێ تواناییە جوانیناسییەکانی زمانی دەق بخاتە ڕوو، واتە نووسەر دەتوانێ لە تەواوی بەهرە زمانییە شاراوەکانی دەق کەڵک وەربگرێت و لەو ڕاکردنەدا لە شوێن خۆی بەجێیان بێڵێ.

نووسەر کاتێک لەو دەرفەتی ڕاکردنەدا قسە و توانایی خۆی دەخاتە ڕوو، دیسان دەگەڕێتەوە ناو دەق و دەست دەکاتەوە بە گێڕانەوە و درێژەی ئاسایی دەقەکە، هەربۆیەش ئەو ڕاکردنە زیاتر لە دەرفەتێکی پشوو دەچێت کە نووسەر بە خوێنەری دەبەخشێت بۆ حەسانەوەیەکی زمانی لە ناو دەقدا.

* * *

سەرەڕای ئەمانە و لە پاڵ ئەم ڕاکردنانەی نووسەر لە دەق، ئەو نابێت خەریکی نووسینەوەی دنیای واقیع بێت، بەڵکو دەبێ هەوڵ بدات جیهانێکی تر بخوڵقێنێت. دەردی سەرەکی ڕیالیستەکان ئەمە بوو. ئەوان جیهانی واقیعیان کۆپی دەکردە ناو

نووسینەکانیان. ڕووداوەکانی دنیای ڕۆژانەیان دەگواستەوە ناو دەقەکان، هەربۆیەش شتێکی نوێیان نەدەخستە سەر جیهان و بوون. دەقێکیان نەدەخوڵقاند کە مامەڵە لەگەڵ خەیاڵی مرۆڤدا بکات، بەڵکو کارێکیان دەکرد کە خەیاڵ و فەنتازیای خوێنەر لە جێی خۆیدا چەق ببەستێت و دەرگیری خوێندنەوە و ڕاڤە کردن نەبێت، بەڵام کە دەق کەوتە دنەدانی خەیاڵی مرۆڤ، ئەو کاتەیە کە خوێنەر لە داڕشتنەوەی دەقدا دەور دەبینێت و خۆی دەبێتە بەشێک لە پرۆسەی نووسین و داهێنان. جیهانی نووسراوەی ڕیالیستەکان تەنیا قۆرغ کرابوو بۆ نووسەر، بەڵام دەقێکی خەیاڵ خوڵقێن کە بەها دەدات بە خوێنەر، دەقێکی چالاک و فرە ڕەهەندە. دەقێکە کە بەشێکی زۆری، خوێنەر دەیهێنێتە بەرهەم.

زۆربەی نووسەران هەوڵیان داوە حەقیقەت پەروەردە بکەن، بەڵام ئەرکی سەرەکی نووسەر لەم ئاراستەیەدا پەروەردەکردنی وەهمە. ئەگەر حەقیقەتێک هەبێت ئەوە لە ناخی وەهمەوە هەڵدەقوڵێت. وەهم شتێک لە هەناوی دایە کە کەس ناتوانێ خۆی لێ نزیک بخاتەوە، هەوڵەکانی نووسەر دەبێ بۆ دەست پێڕاگەیشتن بەو شتە بێت کە ئەویش ناوەرۆکی وەهم خۆیەتی. دیاری کردنی ناوەرۆکیش کارێکی ئەستەم و نەکراوە، بەڵام نووسەر دەبێ هەوڵی خۆی بدات. گرینگی نووسین هەر لەم خاڵە نەکردە دایە.

سەرەڕای ئەوەش ئەمڕۆ دەزانین کە هیچ دەقێکی ئەدەبی (تەنانەت چیرۆک و ڕۆمانیش) لە سەداسەد ڕیالیستی و واقیعی نین، بەڵکو هەمیشە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە واقیعیەت بەدوورن.

***

ئێمە دەتوانین بۆ خوێندنەوە و تەفسیر کردنی دەقێکی ئەدەبی چەندین دەقی جیاواز، تەنانەت دژبەیەکیش بخەینە بەر دەست، واتە ڕەخنەگر دەتوانێ لە چوارچێوەی یەک وتاردا کە تەرخان کراوە بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی تایبەت، چەندین تەفسیر و ڕاڤەی جیاواز، تەنانەت دژبەیەک بخاتە ڕوو، ئیتر خوێنەر خۆی سەربەستە کە کام یەک لەو تەفسیرانە هەڵبژێرێ، یان کام یەک لەوانە نزیکە لە خوێندنەوە و بۆچوون و تێگەیشتنی ئەو، یان بە واتەیەکی دی خۆی سەربەستە لەوەی کە کام یەک بە ڕاست بزانێت، یان تەنانەت هەمووان ڕەت بکاتەوە.

کاتێک دوو خوێندنەوەی جیاواز و زۆرجاریش دژبەیەک لە دەقێکی ئەدەبی دەکرێت، ئەوە بەو واتایە نییە کە یەکیان ئەوی دی ڕەت دەکاتەوە، بەڵکو هەر یەکە بە ئاراستەی خۆیدا خوێندنەوەی خۆی دەدات بە دەستەوە و زۆرجاریش تەواوکەری یەکن.

شرۆڤەکار بەردەوام بە شوێن پەیام و ناوەرۆکی دەقەوەیە و تەواوی هەوڵەکانی لە پێناو خستنەڕوو و درکاندنی ئەم پرۆسەیەدا شکڵ دەگرن بە شێوەیەک کە پەیام دەبێتە ناوەندی پرۆسەی شرۆڤە کردنەوە و دواجار دەق خۆی دەکەوێتە پەراوێزەوە. بە واتایەکی دی دەقی دووەم، واتە دەقێک کە شرۆڤەکار دەیخاتە بەر دەست، هەڵگری سەرەکی پەیامە نەک دەقی نووسەر، چونکە شرۆڤەکار (ڕەخنەگر نا) لە بنەڕەتدا یەک ئەرک بۆ خۆی دیاری دەکات، ئەویش درکاندنی پەیامی دەقە.

لەگەڵ تەواوی ئەوانەدا، بە ڕای من دەق ئۆرگانیسم، یان جەستەیەکی زیندووە کە بەردەوام هەوڵ دەدات و پەلوپۆ داوێژێت. جەستەیەک کە بەردەوام لە ئاڵوگۆڕدایە و بەردەوام هەناسە دەکێشێ، هەربۆیەش تاپۆ، یان پەیکەرێکی بەردین و بێ جووڵە نییە. جەستەی زیندوو بە درێژایی زەمان شکڵی جیاواز بە خۆیەوە دەگرێت و ڕواڵەت دەگۆڕێت، بەڵام ناوەرۆکی هەمان ناوەرۆکی سەرەکییە کە ناوی دەقەکەی بە خۆیەوە هەڵگرتووە، بەڵام دەکرێ لە سەردەمە جیاوازەکاندا و لە لای کەسە جیاوازەکان ناوەرۆکیش خۆی لە شێوازی جیاجیادا دەربخات.

لەسەر ئەم بنەمایە، نووسەر کاتێک لە دەق ڕانەکات و دەست بداتە شرۆڤە کردنی، دەق لە جەستەیەکی زیندوو و پڕ جووڵەوە دەکاتە لاشەیەکی مردوو و بێ هەناسە و بۆ هەمیشە دەیکوژێت.

# ڕووناكبیران و سیاسەت و فەرهەنگ

**ئەكرەمی میهرداد**
**(سلێمانی)**

**(٢ - ٢)**

**نەخش و قەڵەمڕەوی ڕووناكبیر لە سیاسەتدا**

نووسەرو ئەدیبی گەورەی فەرەنسا (ئەناتۆلی فرانس) بەم شێوەیە ڕووناكبیران دەناسێنێ: "ڕووناكبیران ئەو گرووپە لە شارەزایان و بیرمەندانی كۆمەڵگان، كە بەبێ ئەوەی نیاز، یان بەرژەوەندی سیاسی لە پشتی كار و تێكۆشانیانەوە هەبێت، لەو پرس و ڕەوشانەدا بەشداری دەكەن و كاردانەوەشیان دەبێت كە پێوەندیدارن بە داواكاری و بەرژەوەندی تەواوی كۆمەڵگاوە".(٩)

ئەم وتانە شێوەی ژیان، یان قەڵەمڕەوی نەخش و كاریگەری ڕووناكبیر ئاشكرا دەكات و ئەم شێوەیەش لە ژیان نیشانەن بۆ كەسانێك كە خاوەن شەهامەت، سەربەخۆیی بیركردنەوە و گیان و توانایی لێكۆڵینەوە و هاودەردییە سەبارەت بەو كەس و كۆمەڵانەی لە ژێر گوشاردان. پرسەكانی ڕووناكبیر، وێڕای ئەوەی كە بەشێكن لە پرسەكانی كۆمەڵگا و سەرەڕای ئەوەی كە خودی ڕووناكبیریش هەر بەو شێوەیە بەشێكە لە كۆمەڵگا، بەڵام پرسەكانی پرسی دژوارن، كە ئەمەش بە مانای ئەوە نایەت كە ئەو پرسانە وەڵامی تاك لایەن و سەخت و گشتییان هەبێت. بەڵكو بەو مانایە دێن كە وەڵامیان لە لایەك دەبێت ورد و زانستی و دروست بن، لە لایەكی دیكەوە دەبێت لە بەرژەوەندی گشتی كۆمەڵگا بن لە هێنانەدی ئازادی، ماف و دادپەروەری و ئاشتیدا. ئەم ئامانجەی ڕووناكبیر لە چەند پرسی گرنگدا، كە هەر هەمان نەخش و تایبەتمەندیی خودی ڕووناكبیرن، بەرەو هێنانە دی دەچن، كە لەم خاڵانەدا دەردەكەون:

١- خاوەندار بوون لە دیدگای شارەزایی و بیركردنەوەی دروست.

٢- گەڕان بە دوای ڕاستی و حەقیقەت و پەیداكردنی ڕێگاكانی.

٣- بەرپرسیار بوون بەرانبەر بە زانایی و ڕووناكبیری و وتنی حەقیقەتەكان.

٤- بەئاگا بوون لە ڕەوشی تایبەتی و هەلومەرجی گشتی.

٥- هەمیشە خاوەندارێتی لە وتار و دیدگای ڕووناكبیری و ڕەخنەیی.

٦- ئاوێتە كردنی ئەم پرسانەی سەرەوە لەگەڵ خەڵك و لە ڕێگای خەڵك.

ئەم خاڵانەی سەرەوە دیدگا و ڕوانگەی زۆربەی ڕووناکبیران و بیرمەندانی بەرجەستەی جیهانن کە نووسەری گەورە "ئیدوارد سەعید" لە کتێبی "نەخشی ڕووناکبیر"دا دەیخاتە ڕوو. ئیدوارد سەعید دەربارەی ئەم پرسانە کورتەیەک بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو: "بیرکردنەوەی دروست دەربارەی پرس و نیازەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێت فێربین و بۆ تێگەیشتن بەو ئامانجانەش دەبێت لە نێوان بەرپرسیارێتی تایبەتی و ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیدا سنووردانان پەسەند بکەین، کە ئەمەش بۆ هەمووان و بە تایبەتی بۆ ڕووناکبیران بە سوودە. ڕووناکبیر هەر لەو ساتەوە کە وشەکان دەخاتە سەر لاپەڕەکان و پاشان چاپ دەکرێن، دەچێتە جیهانی گشتییەوە. ڕووناکبیر هەمیشە لە نێوان دوو سنووردایە، یەکێکیان دیدگا و کاری تایبەتی خۆیەتی و ئەوی تریان پرس و هەلومەرجی گشتییە، بەڵام دەبێت باش ئەوە بزانین کە ڕووناکبیر بەشێک نییە تەنیا لە کایەی گشتی. بۆیە ڕووناکبیری گشتی، یان جەماوەری، یان نەتەوەیی و سیاسی بوونیان نییە. ئامانجی ڕووناکبیر بۆ بەیان و ئاشکرا کردنی ڕاستییەکان، هێنانەدی و خستنە ڕووی هەلومەرجێکە بۆ باشتر کردنی ژیان و سیستمی گشتی". (١٠)

لێرە بەدواوە ئەم میتودە بەکار دەهێنم بۆ بەیان کردنی نەخش و قەڵەمڕەوی ڕووناکبیر لە کۆمەڵگادا بە تایبەتیش لە سیاسەتدا. مەبەستم لەو میتودەش شیکردنەوەی ئەو شەش خاڵەی پێشووە:

### یەکەم: زانیاری و شارەزایی دروست

هەموو دیدگا و بڕواکان بۆ ناسینی ڕووناکبیر بەوە دەست پێ دەکەن کە ڕووناکبیر کەسێکی شارەزاو خاوەن زانین و زانست، یان فیکر و فەلسەفەیە. هۆکار، یان ئامرازی یەکەمی ڕووناکبیر ئەو شارەزاییە فیکری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتییە گشتییەیە کە لەو ڕێگاوە دەچێتە ناو پرسەکانی کۆمەڵگا. هۆکار و ئامرازەکانی دەستی ڕووناکبیر کە بەرەو عەقلانیەتی دەبات و لە ڕێگای عەقڵ و بیرکردنەوەی عەقلانی بە پێوەرەکانی جیهانی (ماف، ئازادی، سیستم، دادپەروەری و پێشکەوتن) بیر دەکاتەوە بۆ خستنە ڕووی چارەسەر و بەرەو پێشبردنی پرس و کێشەکان. هەروەها ڕووناکبیر



هاینریش هاینە

کەسێکە کە توانایی جیاکردنەوەی پرس و کێشەکانی هەیە، جیاکردنەوەی ژینگەی ڕووناکبیریی خۆی لە ژینگەی گشتی و جەماوەری و ژینگەی سیاسەت و دەسەڵات. ڕووناکبیر ڕاستی و حەقیقەت لە درۆ و گومڕایی جیا دەکاتەوە. لەم زەمینەیەشدا هۆکاری دەستی ڕووناکبیر ڕەخنەیە لە درۆ و ناڕاستییەکان و پشتیوانییە لە حەقیقەتەکان. ڕووناکبیر تەنیا ئەو کاتە بەشێکە لە مەیدان و ژینگەی گشتی کە ئەو مەیدان و ژینگەیە بەرەو حەقیقەت و فراوانتر لەوەش بەرەو ئاشکراکردنی ڕاستییەکان (یان کۆی ڕاستییەکان) بچێت.

لەم زەمینەیەدا هەڵوێستی ڕووناکبیر بەرانبەر بەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی کە ئێستا لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا ڕوودەدەن بەم شێوەیە دەبێت، کە ڕووناکبیر بەشێکی جیا نەکراوە نییە لەو ڕووداوانە. ئەگەرچی لایەنگیرە لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و هەژموون خواز، یان لایەنگیرە بۆ پشتیوانی ماف و ئازادی و دادپەروەری، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانێ و بیڵێ کە هێشتا ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانە لەلایەن ئەو دروشمە حەقیقی و خەڵکە ڕاستینەیەوە بەڕێوە نابرێن کە ئەنجامەکەی هێنانەدی ئاواتەکان بێت. هەڵوێستی زانین و شارەزایی ڕووناکبیر لە بەردەرکی سەرای سلێمانی

دەبێت توانایی جیاکردنەوەی داخوازی گشتی بۆ (ماف، ئازادی، عەدالەت، پێشکەوتن)، کە بەداخەوە زۆر لاوازە، هەبێت لە داخوازی سیاسی و کۆنەپەرستانەی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی و فاشیستی لە هەرێمی کوردستان. ڕووناکبیر دەبێ بزانێ و بڵێ کە ئەم شەپۆلە خۆپیشاندانەی ناوچەکانی سلێمانی لەلایەن خەڵک و دروشمە مرۆڤایەتییەکانەوە ڕێنمایی و بەڕێوەبەرێتی ناکرێت، بەڵکو لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و نادیموکراتییەوە ڕابەرایەتی دەکرێن. ڕووناکبیر دەبێ چاک ئەوە بزانێ کە یەکەمین مەرجی ئازادی خوێندنەوەی بەرانبەر و پلورالیزمی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتییە، بەڵام لەبەردەرکی سەراو بە فەرمانی جەماعەتی ئۆپۆزیسیۆن دەنگی جیاواز و ڕوانگەی جیا لە ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی قەدەغە دەکرێت و هەندێک جار دەکەونە بەر هەڕەشە و سووکایەتیش. کاری ڕووناکبیر ئەوە نییە کە درۆ بکات و تیوری درۆ بۆ ئەم خۆپیشاندانە سیاسی و نوێژدارە دابڕێژێ و بە هێنانەدی تاکی ئازاد و خودی سەربەخۆ و شۆڕشی نوێ وەسفیان بکات. بەڵکو دەبێت چاک بزانێ و بڵێ کە ئەم خۆپیشاندانانە بارمتە و دیلی دەستی هێزە سیاسییە کۆنە پەرستەکانی کوردستانە و لەم ژینگە سیاسییە کۆنەپەرست و دەسەڵات خوازەشدا بێ گومان نە تاکی ئازاد و نە خودی سەربەخۆ و نە شۆڕشی تازە لە دایک نابێت. ئەوەی کە ڕوو دەدات بەرنامە و ئەجێندای سیاسی ئۆپۆزیسیۆن و حکوومەتە ئیقلیمییەکانی دژ بە کوردە. ئەم هەلومەرجە وتەیەکی پڕناسین و زیرەکانەی " ئیدوارد سەعید " مان بیردەهێنێتەوە کە دەربارەی پرۆژەی (ئاشتی ئۆسلۆ) لە ساڵی ١٩٩٣ لە نێوان فەلەستینی و ئیسرائیلییەکاندا: " وتنی ڕەخنە لەو ڕێکەوتنەی ئاشتی و لەو سەردەمەدا، بێژەرەکەی دەخاتە ڕیزی کەمایەتییەکی بچووکەوە، بەڵام من لەبەر هۆکارو بەڵگەی ڕووناکبیری و ئەخلاقی بەو شێوەیە هەستم کرد کە دەبێت وا بڵێم ". (١١)

منیش بڕوام وایە قەیناکا لەناو ڕووناکبیرانی (یان لە ڕاستیدا خوێندەواران) کورددا لە کەمایەتیدا بمێنینەوە، بەڵام لەبەر خاتری ڕووناکبیری و هەڵوێستی ئەخلاقی بڵێین کە ئەم نارەزایی و خۆپیشاندانانە، سەرەڕای پشتیوانی لە داواکاری چاکسازی، بەڵام بارمتە و دیلی هێزە سیاسییە کۆنەپەرستەکانی کوردستانە.

**دووەم: ڕاستی و حەقیقەت پەروەری**

گەورەترین حەقیقەتی ڕووناکبیر ئەوەیە کە هەمیشە دەبێت ویژدانی بێدار و زیندووی جیهان بێت و خاوەن پەیامی سیاسی و ئەخلاقی حەقیقەت بێت. حەقیقەتیش بەمانای حقوقی، ئەخلاقی و سیاسی نەک بەمانای حەقیقەتی میتافیزیکی و خودایی. " لەلای ڕووناکبیرانی مۆدێرن حەقیقەت بەشێوەی ڕەها بوونی نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە چەندین ڕێگا و ئەگەری جیاوازن کە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت پێویستمان دەبن. بە دیدگایەکی ڕۆشنتر حەقیقەت لەلای ڕووناکبیری هاوچەرخ بەشێوەی " ئیمان " پەیدا نابێت، بەڵکو بەشێکە لە زانین و بڕوا کە لەگەڵ بڕواکانی دیکەدا لە مامەڵەدان سەرئەنجام دەگەینە ئەو ئاکامەی کە پەیامی ڕووناکبیر بۆ حەقیقەت، پەیامی ئایینی و پێغەمبەرانە نییە، بەڵکو پەیامێکە بۆ ئەوەی ژیانمان حەقیقەت بێت و لەناو حەقیقەتدا بژین"(١٢).

ڕووناکبیر بۆ ئەوەی توانای ناسینی حەقیقەتی هەبێت و ئەم پەیامەش بەخەڵک بگەیەنێ، بێ گومان دەبێت لە سنووری وتار و کاری خۆی فراوانتر بڕوانێ و دیدگای مرۆڤدۆستانەی هەبێت، بەڵام لەم دیدگایەشدا نابێت لە دیدی ڕەخنەیی خۆی ون بکات. مافی ڕەخنەکاری کە یەکێکە لە کارە گرنگەکانی ڕووناکبیر، ڕێگای یەکەم و کاریگەرە بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان. ڕووناکبیر لەم ڕێوانەدا دەگاتە جێگایەک تەنانەت هەڵوێست و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، دیارە بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییەکان نەک تەنیا هەر بۆ ڕەخنە گرتن، لە ڕەوشی تایبەتی خۆیی و لە ڕێبازی مرۆڤدۆستانەی خۆیشی دەخاتە مەیدانی کارەوە و لێرەدا هەمیشە ئەو لە بەرزەخی پابەندی و تەنیاییدایە.

ژینگەی ڕاستی وتن و حەقیقەت پەیڕەوی ڕووناکبیر بۆ داکۆکی کردنە لە دادپەروەری و ماف و ئاشتی لە نێوان هەمووان‌دا و بەڕێگای هەمووان. ئەمەش بە خەباتکردن لەپێناوی ڕاستی و لە دژی درۆ دەبێت.ئەم خەباتە بۆ ڕاستی لەبەرانبەر هەموو هێز و نەریتەکاندا دەبێت و تەنانەت لە بەرانبەر ئەوانەشدا دەبێت کە دەیانەوێ هەژموونگەریی فیکری و پاوانکردنی مەیدانی ڕاستی و

خەبات بکەنە ڕەوشی سەرەکی خۆیان. لێرەشدا بێ گومان حەقیقەت پەروەری بە مانای تۆڵە کردنەوە نییە.

ڕێبازی حەقیقەت پەیڕەوی لەلای ڕووناکبیر و لە مەیدانی سیاسەتدا یەکێکە لە پرسە گرنگەکان و کێشە ئاڵۆزەکان. دیارە ڕەخنە گرتن و وتنی ڕاستییەکانی لایەنی بەرانبەر، یان نەیار، لە هەموو دنیادا بووەتە کارێکی نەریتی و بەرژەوەندییەکی سیاسی بەردەوام، بەڵام ئەمە ڕەوشی ڕووناکبیر نییە، بەڵکو ڕەوش و میتودی سیاسییەکانە، چونکە سیاسەت هەمیشە دوو ڕەهەندی زاڵ تێیدا بەرقەرارە، کە ئەوانیش (دەسەڵات و بەرژەوەندی)ن. گرنگترین و شەریفانەترین کاری سیاسی ڕووناکبیر لەو کاتانەدا پەیدا دەبن کە زۆر بوێرانە و دلێرانە ڕەخنە لە خۆی و ژینگەو لایەنی سیاسی خۆی بگرێت. لەم ڕەوشەدا ڕووناکبیر ئەوە دەسەلمێنێ کە ویژدانی بێداری کۆمەڵگایە و کەسێکە لە پێناوی ڕاستیدا هەموو هەڵەکانی، یان تاوانەکانی لایەنەکەی خۆشی دەڵێت. ڕەخنە گرتن لە لایەنی بەرانبەر و نەیار لە نەبوونی ئازادی و دادپەروەری و ئاشتیدا کارێکی ئاسانە و هێز و بەرژەوەندی ئۆردوگای تایبەت پاداشتی دەکات، بەڵام لە پێناوی ڕاستی و حەقیقەتدا دەبێت بزانین کە ئۆردووەکەی خۆشمان ئازادی و دادپەروەری و ئاشتی پێشێل دەکات.

هەڵوێستی لایەنگیری، یان ڕەخنەیی ڕووناکبیران بەرانبەر بە خۆپیشاندانەکان دەبێت بەم جۆرە بێت. ئەوانەی کە لایەنگیرن، دەبێت ئەوە بزانن و کار بۆ ئەوە بکەن کە مافی خۆپیشاندان و داواکارییەکانی لە ژێر هەژموون و بارمتەی هێزە سیاسییەکان دەربهێنن و ڕووناکبیرانیش دەبێت چاک ئەوە بزانن کە هیچ کام لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان ناتوانن و نایانەوێ هێزی دڵخواز بن بۆ ماف و ئازادی و دادپەروەری و ئاشتی. ئەوانەش کە نەچوونەتە خۆپیشاندان و هەڵوێستی ڕەخنەییان هەیە، نابێت لەبەر ئەوە بێت کە مادام ئەوان نەیاری هێزە ئۆپۆزیسیۆن و نووسەرە وابەستەکانیانن، بۆیە ئەو هەڵوێستە دەنوێنن. بەڵکو دەبێت لەبەر ئەوە بێت کە ڕووناکبیری ڕەخنەگر لە پێناوی داکۆکی کردن لە حەقیقەتی خۆپیشاندان و ڕاستی داواکارییەکان ئەو هەڵوێست و دیدگا ڕەخنەییەی هەبێت. مەبەستم لەوەیە ڕووناکبیر نابێت لە دژو بەرانبەر بە خۆپیشاندانی خەڵک و داواکارییەکان هەڵوێست بنوێنێ، بەڵکو دەبێت لە پێناوی داکۆکی لەو ماف و داواکارییانە ڕەخنە لە خودی خۆپیشاندان و ڕەهەندە سیاسییەکەی بگرێت. ڕەخنەی ڕووناکبیر لە (سیاسەتی!) خۆپیشاندان بۆ داکۆکی کردنە لە (مافی) خۆپیشاندان و لە پێناوی ئەوەیە کە ئەم مافە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی کۆنەپەرست و هەژموونخوازدا هەلپەرستانە نەقۆزرێتەوە و کایەو سیاسەتی پێوە نەکرێت!



فیختە

## سێیەم: بەرپرسیاری و پابەندبوون

پابەندبوونی ڕووناکبیر، یان بەڵێننامەی ڕووناکبیر لە دوو پرس و مەبەستی گرنگدا دەردەکەوێت: ئەخلاق و بەرپرسیاری. چالاکی ڕووناکبیرانە دەبێت هاوڕێ و ئاوێتە بێت لەگەڵ بەرپرسیاری ئەخلاقی و ویژدانی ڕووناکبیردا. ناوەڕۆکی ئەم بەرپرسیارییە ڕووناکبیریەش لە ڕەخنە و هەڵوێست بەرانبەر سەخت ئەندێشی (جزمگرایی) و ئایدیۆلۆژییەکاندا دەبێت، کە ویژدان و هۆشیاری تاکەکان دەخەنە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی خۆیان. لەم زەمینەیەدا ئیدوارد سەعید دەڵێت: "من بڕوای زۆرم بە هۆشیاری تاک هەیە کە ڕیشەی لە کارو چالاکی مرۆڤدایە. هۆشیاری و تێگەیشتنی مرۆڤ لە

زەمینەی گشتیدا مەیسەر نابێت تەنیا لەو کاتانەدا نەبێت کە پێشتر لە لایەن کەسانی دیکەوە بەرهەم هاتبن". (١٣)

یان هەروەک فیختە دەڵێت: "ئامانج لە زانین و شارەزایی بێدارکردنەوەی سەربەخۆیی بیری مرۆڤەکانە" و بەرپرسیاریی یەکەمی ڕووناکبیر لە جیهاندا ئەوەیە کە مرۆڤەکان سەربەخۆ و ئازاد بیربکەنەوە.

بەرپرسیاریی ڕووناکبیر سنووردار نییە و شتێکی بێ پایانە، کە بێ گومان لەم ڕەوشەدا بەرپرسیار نییە تەنیا لە نووسین و دیدگاکانی خۆی، بەڵکو بەرپرسیاریشە لە بەرانبەر ئەوانی دیکە، ئەو ئەوی دیکەیە لەوانەیە مرۆڤێک، گیانەوەرێک، یان ڕووەکێک، یان پرسێک بێت. ڕووناکبیر لە بەرانبەر پرسینەوەی ئەوانی دیکە بەرپرسیارە و ئەم پرسەش دەکاتە مەسەلەیەکی گرنگ و بەرپرسیارێتی ڕاستەقینە لە بەرانبەر هەموو شتەکاندا.

بەڵام بەرپرسیاری گرنگ و مەبەستی ڕووناکبیر سەبارەت بە دیدگا و هەڵوێستەکانی لەوەدایە کە کاتێک دیدگایەک، یان هەڵوێستێکی فیکری و (سیاسی!) دەبێت، ئایە لەوە شارەزا و زانایە کە چ کاریگەرییەکی لە بەرانبەر خەڵک و ڕەوشی گشتیدا دەبێت؟ مەبەست لەوەیە کە نابێت ڕووناکبیر لە دوو پرسدا توندڕۆیی بکات، یان نامەسئولانە هەڵویست بنوێنێ. یەکەمیان وازهێنان، یان کەنار گیرییە لە پرسە گشتییەکان و دووەم، توندو زوو هەڵوێست نواندنە بەرانبەر بە کێشەکان و بەتایبەتیش کێشەی سیاسی. "هیچ شتێک لەو نەریت و خووە زەینییانەی ڕووناکبیر زیاتر شایەنی سەرزەنشت نییە کە، یان توندڕۆیی و بازدانە، یان وازهێنان و کەنارگیرییە ". (١٤)

هەڵوێستی بەرپرسیاری ڕووناکبیر لە پرسە سیاسییەکانیشدا، ڕەوشێکی شایەنی باس و تێڕامانە، بێ گومان ڕووناکبیریش وەک کەسانی دیکە هەڵوێست، یان پەیڕەوی سیاسی دەبێت، یان نابێت، بەڵام لە هەردوو ڕەوشەکەدا پێوەر و دیدگای بەرپرسیارێتی دەبێت لەوەدا بێت کە تا چ ئەندازەیەک ئەم دیدگا و بەرپرسیارێتییە هاوڕێیە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵک لە هێنانەدی باشترین ژیان و باشترین سیستەمی سیاسی کە ڕوحی فەلسەفەی سیاسییە. هەڵوێستی سیاسی و دیدگای فیکری سیاسی بە درۆ و توندڕەوی بە ئەنجام ناگات و لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە کە ڕووناکبیر دیدگا فیکرییەکانی بە پێی سیاسەت دابڕێژێ و سیاسەتەکەش لە بەرژەوەندی گشتی نەبێت، بەڵکو بەرژەوەندی و پەیڕەوی هێزێکی دیاریکراو بێت.

## چوارەم: ئاگایی و هۆشیاری لە ڕەوشی تایبەتی و هەلومەرجی گشتی

ئاگایی و هۆشیاری ڕووناکبیر دەربارەی ڕەوشی تایبەتی خۆی و هەلومەرجی گشتی لەپێش هەموو شتێکدا پێویستی بەوە هەیە کە مرۆڤێکی بیریار و سەربەخۆ بێت و هەمیشە کاری ئەو لە ژینگەی زانین و ئازادیدا خاوەن پرس دەبێ. ڕووناکبیر وەڵامدەرەوەی لۆژیکی دەسەڵات و نەریتی باو نییە، بەڵکو وتەبێژی ئازادیی دەست پێشکەرییە بۆ کاری دلێرانە، ئەو بەیانکەری ئاڵوگۆڕ و بزووتنەوەیە نەک داکۆکی لە وەستان و مانەوە لە هەلومەرجی کۆندا. لەم زەمینەیەشدا " ڕووناکبیر وەک کەشتییەکی شکستەیە کە دەزانێ و هۆشیارە لەوەی چۆن لەگەڵ خاکدا نەک لە خاکدا ژیان بکات، ئەو وەک ڕۆبنسۆن کرۆزۆ نییە کە ئامانجی داگیرکردنی دوورگەیەکی بچووکە، بەڵکو وەک مارکۆ پۆلۆ وایە کە لە بەهرەی دیاریکردن و ناسینی سەرسام هێنەری هەرگیز تێدا نامێنێ، ڕووناکبیر کەسێکە کە هەمیشە ڕێنماو میوانی تێپەڕە، نەک مشەخۆر، داگیرکەر، یان هێرشبەر ". (١٥)

ڕووناکبیر ئەو کارمەند، یان نووسەرانە نین کە خۆیان تەسلیمی ئامانجی سیاسی حکوومەتێک، یان ڕێکخراوێکی سیاسی و تەنانەت ڕێکخراو، یان بزووتنەوەیەکی جەماوەریش بکەن. لەوانەیە ڕووناکبیر لەگەڵ ئەم چێوارچێوانەدا کاربکەن، نەک لەم چوار چێوانەدا، لەو کاتەشدا دەبێت هەڵوێستی ڕووناکبیر وەفاداری بێت بەرانبەر بە دیدگا و جیهان بینییەکانی خۆی و لە هەمان کاتیشدا دەبێتە مینبەری ماف و ئازادی و دادپەروەری و ئاشتی بۆ هەمووان. بەم شێوەیە دەردەکەوێ کە ڕووناکبیر سەرسپاردە نییە بۆ هیچ کام لە هێزو لایەنەکان، یان نەتەوەو ئایینەکان، یان سیاسەت و پەیڕەوەکان و تەنانەت سەرسپاردەی ئەوانەش نابێت کە خۆی داکۆکییان لێ دەکات و لە پێناویاندا خەبات دەکات. سەرئەنجام ڕووناکبیر ئەو کەسەیە کەلە هەوڵ و

سۆراخی پەروەردەی فیکری خۆی و کۆمەڵگادایە و تۆخمی سەرەکی کاری خۆی لە فەرهەنگدا دەبینێ. کاری ڕووناکبیری هاوڕێگایە لەگەڵ ئەو ڕەوەندەی کە هیگڵ بە (دیاردەناسی ڕوح) بەمانای فێرکردنی زەین دەیناسێنێ.

بێ گومان لەم کاروانەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ڕووناکبیری کارێکی ڕادیکالە، چونکە گەڕان بەدوای حەقیقەت و ڕاستییەکاندا، یان هەڵوێستی ڕەخنەیی و ڕێنمایی سەربەخۆیی و ئازادی شێوەیەکی ڕادیکالن لە ژیان گوزەران کردن. ڕووناکبیر بوون بەمانای بوونی ئازایەتییە بۆ بیرکردنەوەی ئازاد و بیرکردنەوە دەربارەی ئازادی، یان هەروەک نیکۆس کازانزاکی دەڵێت: "من تەماعم لە هیچ نییە و لە هیچیش ناترسم، بۆیە ئازادم"، بەڵام ئازادی و سەربەخۆیی و بێ نیازی ڕووناکبیر شێوەیەک نییە لە قارەمانێتی، ڕووناکبیر نە لە هەوڵی دروست کردنی قارەماندایە و نە ستایشی کەسیان دەکات، هەروەها شۆڕشگێڕیش نییە. شۆڕشی واقعی ڕووناکبیر لە زانین و پرسیارەکانیدایە و قارەمان سازی ئەو لە خەبات کردنە بۆ ڕاستی لە بەرانبەر درۆدا. توانایی ڕووناکبیر بەندە بە هێزی بیرکردنەوە و هەر بۆیەش پرۆژەی ڕووناکبیری چالاکییەکی تاکانەیە و نەک بە کۆمەڵ. ڕووناکبیر نە درۆ و نە ڕیایی بۆ جەماوەر ناکات، هەروەها بەڵێن و وادەی فریودەریشیان بۆ نابژێرێ، بەڵام سیاسەتوان و شۆڕشگێڕ بۆ بەرهەمهێنانی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیاکەی پێویستی بە خەڵک دەبێت. پرۆژەی ڕووناکبیری ئەگەر چی لە مەیدانی خەڵک و لە پێناوی خەڵکدایە، بەڵام پێویست ناکات کە هاوڕێگا و هاوبیری خەڵک بێت.

لە هەلومەرجی خەباتی گشتی و خۆپیشاندان دیدگا و هەڵوێستی ڕووناکبیر ئەوە نییە کە دوای خەڵک بکەوێت، یان بەهەر نرخێک بێت لەگەڵ خەڵک بێت، بەڵکو ئەوەیە کە دەبێت، سەرەڕای داکۆکی کردن لە ژیاتی شایستەو داواکاری مەزن بۆ خەڵک، بەڵام هۆشیاری و ئاگایی بەخش بێت لە بەرانبەر ئەو سیاسەت و هێزانەی کە لە کەمیندان بۆ ئەو خەڵکە لە هەردوو ئاراستەی دژ، یان لایەنگیر لەو خەبات و داواکارییانە. هەروەها دەبێت لە بەرانبەر سەرەڕۆیی و توندڕۆیی جەماوەریشدا هەڵوێستی هەبێت و هەمیشە ئەو چاودێر بێت بەسەر ئەو هێز و بکەرانەی کە دەیانەوێت سوود و



**جان جاک ڕۆسۆ**

هەلپەرستی لەو خەبات و تێکۆشانە بچننەوە. هەڵوێستی ڕووناکبیر بەرانبەر کەموکوڕی و نەزانی و کێمایەسی خەباتی گشتی پرسێکی گرنگە، نابێت ڕووناکبیر هەڵوێستی سۆزداری، یان وەفاداری بۆ خەباتی گشتی وا بکات کە تیوری خۆشبین و گەشبینی توندڕۆ بۆ خەبات و داواکاریی خەڵک دابڕێژێ، بەڵکو دەبێت لە لایەنە لاواز و ترسێنەرەکانی ئەو بزووتنەوەیە خودی خەڵک ئاگادار بکات. هەروەها دەبێت ئەو هێز و سیاسەتانە ڕیسوا بکات کە دەیانەوێت سواری شەپۆلی تێکۆشانی خەڵک بن و بەهەر نرخێک بێت بەرهەمەکانی خەباتی گشتی بقۆزنەوە.

### پێنجەم: خاوەندارێتی لە وتار و دیدگای ڕەخنەیی

هیچ کەس ناتوانێ دیدگای خۆی بۆ هەمیشە و دەربارەی هەموو پرسەکان بخاتە سەر زمانی.

وتاری ڕووناکبیری ئەو دیدگا و تیورەیە کە (تیۆدۆر ئادۆرنۆ) ناوی دەنێ "جیاوازی ناهەژموونەدار"(١٦) کە بەهۆی ڕەخنەی ئازاو ئازاد لە توندوتیژییە فیکری و زانستییەکانی دژی مرۆڤ دێتە دی و هەمیشە لە دیدگا و بیرکردنەوەیدا ڕەوایی و نەخشی "ئەوانی دیکە"

پەسەند دەکرێت، یان دەخوێنێتەوە. خەباتی ڕووناکبیر لە پێناوی "ئەوانی دیکە"دا خەباتی مرۆڤێکی دوورخراوەیە، بەڵام لەناو دڵی بەها گشتی و جیهانییەکانی دادپەروەری و حەقیقەتدا لەنگەری گرتووە. ڕووناکبیر بەهۆی وتار و ڕەخنەی خۆی دەچێتە جەنگی ئەو هێزانەوە کە زمانی عەدالەت و حەقیقەتیان ئەسیرکردووە. ئەو هێزانە تەنیا هێزە سیاسییەکان و حکومەت و نەریتەکان نین، بەڵکو میدیا و زانکۆ و نووسەر و خوێندەوارەکانیشن.

کاری ڕووناکبیری لەبەرئەوەی تەنیا بۆ خودی ڕووناکبیر نییە، بەڵکو لە پێناوی ژیان و کەرامەتی مرۆڤایەتیدایە، هەر بۆیەش دەبێت بەرەو ئەوە بچێ کە یادەوەری مرۆڤایەتی سەرلەنوێ ساز بکاتەوە. ئەم ساز کردنەوەیە تەنیا لە ڕێگای دۆزینەوەی ئەگەر و هۆکارەکانی باس و گفتوگۆی نێوان خەڵک دەبێت کە پرسە گشتییەکان دەخاتە مەیدانی گشتییەوە. بەرپرسیاریی ڕووناکبیر هەر تەنیا ئەوە نییە کە ڕەخنە لە بەها و دیدگا و پێوەرەکانی کۆمەڵگا بێت، بەڵکە لەوەدایە کە کام دیدگا و وتار دەخاتە ڕوو بۆ چارەسەری کێشەکان.

کاتێک کە دەڵێین کەسێک ڕووناکبیرە، بێ گومان دەبێت لە دیدگا و تێڕوانینی دیموکراتیکدا بیر بکاتەوە و دەبێت وەڵامی ئەو پرس و کەسانە بداتەوە کە وتاریان بۆ دەنووسێ. ڕووناکبیر نابێت دیکتاتۆر بێت و دەبێت هەمیشە لە ڕەوشی بەرپرسیاری بێت بۆ ڕۆشن کردنەوەی دیدگا و وتاری خۆی. کە ڕووناکبیر دەچێتە ناو مەیدانی سیاسەتەوە، یەکەمین کاری ئەو دەبێتە هونەری سازماندان و ساماندانی ژینگەی دیموکراتیکی کۆمەڵگا، کە ئەمەیان کاری ئەوە، بەڵام داکۆکی کردن لە ئایدیۆلۆژی، یان ڕێبازێکی سیاسی دیاریکراو کاری ڕووناکبیر و وتاری ئەو نییە.

دیدگا و وتاری ڕووناکبیر لە سەردەمی خەبات و تەنگژە سیاسییەکاندا ئەوە نییە کە داکۆکی لە ڕوانگە و هێزێکی سیاسی بکات، چونکە ئەوان وتەبێژ و داکۆکی کاریان زۆرە، بەڵکو لەوەدایە بزانێ و هۆشیار بێت لە گەیاندنی ئەو وتار و دیدگایەی کە چۆن پرسەکانی خەڵک و بە تایبەتی هەژاران و لاوازان و پەراوێزکراوەکان بکاتە خاوەن ڕوانین و هەڵوێست.

لایەنگیری لە لایەن هێزی سیاسی، یان دژایەتی کردنی هێزەکانی دیکە، کاری ڕووناکبیر نییە، بەڵکو لایەنگیری و وتارسازی بۆ گەشانەوەی یادەوەری مرۆڤەکان بۆ ئازادی و دادپەروەری و حەقیقەت کاری شایانی ڕووناکبیرە.

### شەشەم: خەبات کردن لە ڕێگای خەڵکەوە

"کاتێک دەخوازم کە دەربارەی مرۆڤەکان بیربکەمەوە، دەبێت لە نزیکەوە نیگا بکەم، بەڵام کە دەمەوێت دەربارەی یەک مرۆڤ بیربکەمەوە دەبێت سەیری دوور بکەم" جان جاک ڕۆسۆ.

نیاز و پێداویستی بۆ بوونی دیدگا و وتاری ڕووناکبیری ئەوەیە کە سەرئەنجام خەڵک خۆی بچێتە ڕەوشی ژیان و خەباتەوە و خۆیان ببنە وتەبێژ و داکۆکیکار لە خۆیان. نەخشی ڕووناکبیر و ئەو ڕەوتەی کە ئەو نوێنەرایەتی دەکات، هەمیشە دەبێت بەشێکی زیندوو بێت لە ئەزموون و جووڵانەوەکانی کۆمەڵگا و ڕووناکبیر هەمیشە داکۆکی لەوان دەکات، بەڵام هەر خودی خەڵک دەکاتە خاوەنی پرسەکان. ڕووناکبیر بەرپرس، یان سەرکردە و قارەمان نییە، بەڵکو دەیەوێت پرسەکان بۆ خەڵک ڕۆشن بکاتەوە و خۆیان بخاتە جووڵە و بزاوتەوە. ئەم مانایە دەربارەی هەژاران، بێ بەشان، خامۆشان، کەسانی بێ نوێنەر، ناتوانا و بێ هێزان ڕاستی پەیدا دەکات.

نەخشی جەماوەری، یان خەڵکانەی ڕووناکبیر لەوەدا نییە کە هەمیشە لە مینبەر بێت و وتار بدات، یان لەگەڵ یەکەمین جووڵە و بزووتنەوەی گشتیدا خۆی بکاتە نوێنەر، یان سەرکردە. کاری ڕووناکبیر و بەرپرسیاریی هۆشیاری لەوەدایە کە پرسەکان، کێشەکان و ڕێگری و ئامانجەکان بۆ خەڵک ڕۆشن بکرێتەوە و خەڵک بکرێتە خاوەنی کێشەکان و چارەسەری دیموکراسیش لەوەدایە کە دەسەڵاتی خەڵک ئاوێتە بێت لەگەڵ نەخش و بەشداری و مافی خەڵک، هەر بۆیە بەشداریی سیاسی و گشتی دیدگایەکی گرنگی بزووتنەوە تازەکانی کۆمەڵایەتی و ڕەوتی ڕووناکبیریی نوێیە.

### پەیامی ڕووناکبیران بۆ دیموکراسی

لەم سەردەمەدا کە سەردەمی دیموکراسی و شارستانی

مۆدێرنە، بێ گومان پەیامی ڕووناکبیرانیش پێوەندیدارە بەدیموکراسی و مۆدێرنەوە. ڕووناکبیری و دیموکراسی دوو چەمکی تەوەری و ناوەندین لە سەردەمی مۆدێرندا. پەیام و کاری ڕووناکبیران لە دوو پرسی کاریگەردا بەرجەستە دەبێت، یەکەمیان پێوەندیدارە بەڕەوشی سەربەخۆیی، یان ئۆتۆنۆمی ڕووناکبیران بەرانبەر بەژیان و سیستەمی گشتی بەتایبەتی بەرانبەر سیستەمی دەسەڵاتدار. واتا ڕووناکبیر ئەگەرچی وەک کەسانی دیکە بەشێکە لە ژیان و سیستەمی گشتی، بەڵام ئەو لە ڕوانگەی بیرکردنەوەی عەقڵانی، دیدگای ڕەخنەیی و هەستی بەرپرسیاری هەڵوێست بەرانبەر بەهەموو پرس و ڕەوشەکان وەردەگرێت. ئەمەش تەنیا لە هەڵوێستدا نابێت، بەڵکو شیکردنەوەی عەقڵانی و عەقڵانیەتی زانستی دەبێتە کار و پیشەی ئەو. ڕووناکبیر سەرەڕای هەڵوێست و بیرکردنەوەی ڕووناکی بەرانبەر بە شتەکان، بەڵام پەیام و کاری تایبەتی ئەو لەناو عەقڵانیەت و عەقڵی خزمەت بەگشت بەئەنجام دەگات، پرسی دووەم، ئەوەیە کە دیموکراسی لەئامانجی گشتیدا بریتییە لەکارکردنی سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی مرۆڤەکان لەبەرانبەر دەسەڵات و سیستەمی سیاسی باو، یان کارکردن بێت لەهەلومەرجی گشتی کۆمەڵی مەدەنی، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین کە دووەمین پەیام و کاری ڕووناکبیران هەوڵدانە بۆ هێنانەدی کۆمەڵگای عەقڵانی و شارەزا لەبەرانبەر سەرەڕۆیی و نەزانی لەهەموو پرس و ڕەوشەکاندا.

## دیدگای ڕەخنەیی ڕووناکبیر

ئەگەر ئەوە بزانین کە ڕووناکبیر کەسێکە هۆشیاری و تێگەیشتنی عەقڵانی کردووەتە پەیام و کاری خۆی، هەر بەو بۆنەیەشەوە دەتوانێت بەشێوەی نوێ و هاوچەرخ بیربکاتەوە. ئەو هەروەک چۆن بیرکردنەوەی (دیکە) و (نوێ)ی بەرانبەر بەپرسەکانی ژیان هەیە، هەر بەو شێوەیەش بیرکردنەوەکانی (دیکە) و (نوێ) لەژیان و جیهاندا دەبینێ و دەناسێ. بیرکردنەوەی نوێ دەبێتە مایەی دیدگای سەرەکی لەلای ڕووناکبیر و ئەم بیرکردنەوەیەش هاوکاری دەکات بۆ ئەوەی دەستی بکاتە ڕەخنە. ڕەخنەی ڕووناکبیر تەنیا پەیوەست نییە بەهەڵوێستی تایبەتی ئەو بەرانبەر بەشتەکان، بەڵکو پێوەندیدارە بەپەیام و پێوەری گشتی جیهانی و لەبەرژەوەندی هەمووانیدا بیر دەکاتەوە. ڕووناکبیر دەتوانێ بەهۆی بیرکردنەوەی عەقڵانی و دیدگای ڕەخنەیی و پەیامی جیهانییەوە ڕەوشی گشتی ژیان و پرسەکانی جیهان شی بکاتەوە و ئەندێشەی نوێ بکاتە پەیام و پێوەر. پەیام و پێوەری ڕووناکبیری بۆ ڕەخنەو پێشنیاز لەجیهان، توانایی دروستکردنی تەنگژەی هەیە لەچەمک و پێوەرە زاڵ و باوەکاندا، بەڵام ئەم تەنگژەی بەمەبەستی هێنانەدی هەلومەرجی نائارام و گێرە شێوێنی نییە، بەڵکو تەنگژەیەکە بۆ هێنانەدی، یان ئەفراندنی گفتوگۆی بەمەبەستی چارەسەر. ئەخلاقی گفتوگۆیی، کە بەشێکە لەو پرسانەی (یۆرگن هابرماس) زۆر بە پەرۆشەوە باسیان دەکات، بۆخۆی بەشێکە لەبنەمای سەرەکی بۆ ڕاهێنانی دیموکراسی، دیموکراسیش بەبێ گفتوگۆ ناگاتە ئاکام و مەبەست. بەم شێوەیە، لەئەنجامی پەیام و کاری ڕووناکبیری بۆ دروستکردنی تەنگژە و هەوڵدان بۆ هێنانەدی ئەخلاقی گفتوگۆیی پرۆژەی شیکردنەوە و تێگەیشتنی عەقڵانی دەست دەکات بەڕەخنە لەعەقڵی سیاسی باو، کە تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی سنوورەکانی مەعریفەناسی عەقڵی سیاسی دیاری بکات، یان دەتوانین بڵێین کە پرۆژەی ڕۆشنگەری دەبێتە وەڵام بۆ دوو پرسیاری گرنگی (ئیمانوێل کانت): (دەتوانین چی بزانین؟) و (دەبێت چ کارێک ئەنجام بدەین؟)، بەڵام ڕووناکبیر دەزانێت، یان دەبێت وەڵامی پرسیاری سێیەمی کانت بداتەوە کە دەڵێت: (دەبێت بە چ شتێک ئومێدەواربین؟) ئومێدی ڕووناکبیر، ئومێدی ئایینی، یان خەیاڵاوی نییە و نایەوێت بەهەرشێوەیەک بێت خەڵک لەچاوەڕوانیدا بهێڵێتەوە، بەڵکو ئومێدی ڕەخنەیە لەسیاسەت و دەسەڵاتی ناشایستە و هەوڵدانە بۆ هێنانەدی زەینی گشتی لە ڕەخنەی سیاسی و فەلسەفی لەدژی چەوسانەوە و نەزانین و سەرەڕۆیی. لەجیهانی ئەمڕۆدا کە سیاسەت لە هەموو ڕەوشەکاندا لەژێر مەترسی و ڕەحمەتی نەزانین، توندوتیژی و لۆمپەنیزمی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدایە، پەیام و کاری ڕووناکبیر ڕەخنەی فەلسەفی و مەعریفەناسییە لەسیاسەت و بەدەستهێنانی بنەمای فەلسەفی و ماهیەتی تازەیە بۆ دیموکراسی. ڕووناکبیری بۆ هێنانەدی ئەم پرۆژەیە پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی دوو ئاسۆی بوونناسی (حەقیقەت) و مەعریفیناسی (دیموکراسییە). ئاسۆی یەکەم دۆزینەوەی

(حەقیقەت)ـە کە ڕووناکبیر لەناوەڕاستی واقیعەکاندا بۆ ناسینی حەقیقەتی گشتی کار دەکات، ئاسۆی دووەم هەوڵی مەعریفەناسییە بۆ ناسینی (دیموکراسی) کە بریتییە لەگفتوگۆی نێوان کارو عەقڵ و دیدگاکان لە ڕەوشی کۆمەڵایەتیدا، بێ گومان ئەمەش دەبێت دوو ئامانجی گرنگ پەیدا بکات، یەکەمیان بەرپرسیاری مەدەنی و دووەمیان ئەخلاقی گفتوگۆییە. لەم دوو ئاسۆیە و ئامانجەدا ڕووناکبیر و ئەندێشەی ڕەخنەیی ئەو ڕووناکی و ڕێنمای ڕێگاکانە.

## بەرپرسیاری ڕووناکبیر

لەو ڕوانگەیەوە کە ڕاهێنانی دیموکراسی و ئەخلاقی ڕووناکبیری هەردووکیان لەگەڵ بەرپرسیاریدا هاوڕێگان و تەنیا بەهەستکردن بەبەرپرسیاری و پەیڕەوی گشتی بەئەنجام دەگەن، بۆیە پرۆژەی ڕووناکبیری دەبێتە ڕاهێنانی گفتوگۆیی و خستنەڕووی توانایی و عەقڵە فرەکان بۆ هێنانەدی دیموکراسی، بێ گومان ئەمەش لە ڕەوش و پرسی گشتی هەموو مرۆڤەکاندا دەبێت. گرنگترین ڕەوش و کاری دیموکراسی لە ڕێگای ڕاهێنان و ئەخلاقی گفتوگۆوە دەبێت بەسوود وەرگرتن لەعەقڵ لەزەمینەی گشتیدا. لێرەوە دەبێت ئەوە بڵێین کە بەرپرسیاری ڕووناکبیران هێنانەدی ڕەوشی گفتوگۆییە لەنێوان خۆیان و کۆمەڵی مەدەنی و لەنێوان دەسەڵات و کۆمەڵگادا ئەمەش بەوە بەئەنجام دەگات کە عەقڵ و پێوەرەکانی عەقڵانییەت بکرێتە پرسی گشتی و دروستکردنی هەلومەرجی فرەیی ئەو بەرپرسیارییە بەئاکام دەگەیەنێ. پرسی گرنگ و بەرپرسیاری کاریگەری ڕووناکبیران لەنێوان دەسەڵات و کۆمەڵی مەدەنیدا دەبێت. بێ گومان کە تواناکانی گەشەی دیموکراسی زیاتر لەکۆمەڵی مەدەنیدا لەئەگەر و توانایی ناو دەسەڵات فراوانتر و بەهێزترە، چونکە لەکۆمەڵی مەدەنیدا کەشی نێوان خود و بیروباوەڕەکان و پێوەندی و کاریگەری نێوان کەس و لایەنەکان لەزەینی تاکانە و خاوەن بەرژەوەندی دیاریکراوی دەسەڵات فراوانتر و بەهێزترە. بەم بۆنەیەوە ئەرک و بەرپرسیاری ڕووناکبیران چالاکی فیکرییە لەزەمینەی گشتی گفتوگۆی کۆمەڵی مەدەنیدا. دیموکراتیک کردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت بەبێ گەشەی دیموکراسی لەکۆمەڵی مەدەنیدا مەیسەرنابێت. دیموکراسی کردنی کۆمەڵگاش بەپلەی یەکەم کەوتووەتە سەرشانی ڕووناکبیر، ئەمەش لە ڕێگای ئەخلاقی گفتوگۆ و بیرکردنەوەی عەقلانی و بەرپرسیاری مەدەنییەوە بەئەنجام دەگات. تۆخم و بنەماکانی ئەم پرسانەش لەلای ڕووناکبیر هەن و گواستنەوەیان بۆ ناو خەڵک و دەسەڵات گەورەترین کار و بەرپرسیاری ڕووناکبیران دەنەخشێنێ. پەیام و کاری ڕووناکبیران تەنیا بوونی هیوا و ئامانجی باش نییە بۆ کۆمەڵگا، بەڵکو هەرچی زیاتر دەبێت ڕەوایی بەخشین بێت بەگفتوگۆی دیموکراسی و شێوەسازکردنی کارو چالاکی دیموکراتیکە. بەشێوەیەکی ڕۆشنتر دەبێت ئەوە بڵێین کە پرسی ڕووناکبیر تەنیا خواست و داخوازی دیموکراسی نییە، بەڵکو کارکردنە بە ئاراستەی ئەوەی کە دامودەزگاکانی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی بکرێنە پرسێکی گشتی و دامەزراو. ڕووناکبیران دەتوانن و بەپەیڕەوی لە ڕۆسۆ کە لەهەوڵی هێنانەدی خواست و ئیرادەی گشتیدا بن بۆ هێنانەدی و دامەزراوکردنی دیموکراسی. ئەمەش بەوە دەبێت کە (خودی) دیموکراتی و عەقڵانیەتی گشتی دیموکراتی لەکۆمەڵگادا بەهێز بێت. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە داکۆکی ڕووناکبیران تەنیا داکۆکی نییە لەخواستی دیموکراسی، بەڵکو دەبێت بە ئاراستەی دامەزراندن و بەهێزکردنی دامودەزگاکانیش بێت. گەورەترین پەیام و بەرپرسیاری ڕووناکبیر هێنانەدی جووڵەیەکی ئاسۆییە لەناو کۆمەڵگادا لەبەرانبەر جووڵەی ستوونی دەسەڵات و دەوڵەت. خەباتی ڕووناکبیری بۆ حەقیقەت و ژیان لە ڕاستیدا شێوەیەکە لە بزووتنەوەی ئاسۆیی لەسەر ئاستی کۆمەڵگادا.

## ڕووناکبیرانی کورد و دیموکراسی لە کوردستان

تائێستا لە کوردستان سێ جۆر و سێ کاروان ڕووناکبیری هەبوون و ئەوان توانیویانە لەو کاروانانەدا بەشێکی کاریگەربن لە مێژووی وڵات. ڕووناکبیرانی سیاسی، ئەدەبی و فیکری ئەو شێوە و کاروانانەن لە مێژووی کوردستاندا، بەڵام ئەمڕۆ لە کوردستان و بەتایبەتی لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ نەوەیەک لە ڕووناکبیرانی خاوەن دیدگا و بیروباوەڕی فیکری و فەلسەفی لەناو سەرەتاکانی دیموکراسیدا پەیدابوون و ئێستا ئەوان بەرێگاوەن بۆ پەیام و کاریان لەناو

کۆمەڵگای کوردستاندا. لەسەر دەستی ئەم نەوەیەدا بۆ یەکەم جار بیرکردنەوەی عەقڵانی و دیدگای ڕەخنەیی و ئەخلاقی بەرپرسیاری شکۆفەی کردووە و ئێستا پەیام و کاری ئەم نەوەیە بەشێکە لە ژیانی ڕووناکبیری لە کوردستان. ڕووناکبیرانی ئەم نەوەیە، پرۆژەیەکن بۆ بیرکردنەوەی دیموکراسی و چوونە ناو سەرەتاکانی دیموکراسی و جوانترین و درەخشانترین سیمای ئەم پرۆژەیەش ئەوەیە کە تاڕادەیەک لەعەقڵی جیهانی و پەیام و پێوەری ئازادی و سەربەخۆیی مرۆڤەکان بەهرەمەندن. ڕووناکبیری کورد، مەبەستم نەوەی فیکرییە لەژیانی ڕووناکبیریدا، تێدەکۆشن کە پێوەرەکانی هاوچەرخ بوون و سوودمەندبوون لە بەرهەمی جیهان بکەنە بنەمای زەینی خۆیان بۆ ناسینی کوردستان و گەشەی دیموکراسی لەم وڵاتەدا. هەروەک باسمان کرد کە گرنگترین تایبەتمەندی نەوەی تازەی ڕووناکبیری، دەست ڕاگەیشتنە بە دیموکراسی و بەهرەمەندبوونە لەپەیام و بەرهەمی مرۆڤایەتی پێشکەوتوو، بەم بۆنەیەوە دەتوانین چەند پێشنیار، یان داخوازی بۆ پرۆژەی ڕووناکبیری ئەم سەردەمەی کوردستان بخەینە بەرچاوان.

١- تیپەڕبوون لەدیدگای ئایدیۆلۆژیک و فراوانتربوون لە هەڵوێستی سیاسی خۆیان بەرانبەر بە ڕاستییەکانی ناو کوردستان. دوورکەوتنەوە لەتاک ئەندێشی و سەخت ئەندێشی (جەزمگەرایی)و بەتایبەتی بیرکردنەوەی فراوانتر لە هەڵوێست و سەنگەری تایبەتی خۆیان.

٢- هەوڵدان بۆ هێنانەدی هەلومەرجی گفتوگۆیی و ئەخلاقی بەرپرسیاری لەنێوان دیدگا و ناسنامەکانداو بە تایبەتی دیدگا و ناسنامە سیاسییەکان.

٣- بیرکردنەوەی عەقڵانی و شارەزا سەبارەت بەپرسەکانی وڵات و بە تایبەتی پرسی سەرەتاکانی دیموکراسی و چوونە ناو قۆناغی تازەوە. عەقڵانییەت و شارەزایی سەبارەت بەناسینی هەموو ڕاستییەکان و ئاستەنگ و تەنگژەکان لەبەردەمی گەیشتن بەحەقیقەتی بیرکردنەوەی فەلسەفی و جیهانی.

٤- پرۆژەی ڕووناکبیری یەکێک لەپەیامە گرنگەکانی ئەوەیە کە ئەوان ئامادەبن بۆ شیکردنەوە و ڕەخنەی ئەو ڕاستییانەی کە خۆیام بەڕەهای دەزانن. ڕووناکبیر دەتوانێ و دەبێت دوورکەوێتەوە لەوەی خۆی، یان ئەوانی دیکە بەڕاستی ڕەهای دەزانن.

٥- بەم شێوەیە ڕووناکبیران دەتوانن ویژدانی بێداری کۆمەڵگابن.

تۆماس جیفرسۆن بڕوای وابوو کە (بەهای ئازادی، پێویستی بە هۆشیاری و تیژبینی بەردەوام هەیە)، لەوانەیە بتوانین بڵێین کە ڕووناکبیران ویژدانی بێدارن بۆ چوونە ناو دیموکراسی، بەڵام ئەم ویژدانە دەبێت خاوەن تواناو شارەزایی بەردەوام بێت، یان هەروەک ڕووناکبیری گەورەی ئێرانی (ڕامینی جەهانبەگلو) دەڵێت: ڕووناکبیران دەتوانن (دەربارەی سیاسەت) نەک (لەگەڵ سیاسەت) بیربکەنەوە، بۆ ئەوەی دووچاری نەزانی و داوەری هەڵە نەبن دەربارەی سیاسەت. تەنیا ئەم پێوەندییە لەنێوان سیاسەت و ئەندێشەدا بەردەبازن بۆ گەیشتن بەدیموکراسی!.

**سەرچاوەکان:**

**٩- ادوارد سعید، نقش روشنفکر، ترجمەی حمید عضدانلو، نشر نی، چاپ دوم، تهران ١٣٨٢، ل ١٢.**

**١٠- هـ. س. پ. ل ١٥.**

**١١- هـ. س. پ. ل ١٩.**

**١٢- رامین جهانبگلو، مدرنیتە، دموکراسی و روشنفکران، نشر مرکز، چاپ چهارم ١٣٨٥، ل ٦٧.**

**١٣- رامین جهانبگلو، بین گذشتە و ایندە، ل ١٦٢.**

**١٤- ادوارد سعید، هـ. س. پ. ل ١٤١.**

**١٥- ادوارد سعید، هـ. س. پ. ل ٩٨.**

**١٦- رامین جهانبگلو، بین گذشتە و ایندە، ل ١٦٣.**

**سەرنج: ئەم بابەتە لە ڕۆژی دووەمی سیمیناری ٢٠٠ ژمارەی گۆڤاری ڕامان، لە هۆڵی زەیتوون/ هەولێر ئێوارەی ڕۆژی دووەم ڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/١٥ پێشکەش کراوە.**

# چۆن بە وتنەوەی چیرۆک، فەلسەفە فێری منداڵان بکەین؟ (نموونە چالاکی)

عەلی ڕەزا محەمەدنیژاد
(شنۆ)

## سەرەتا

ناسیاوی منداڵان لەگەڵ پسپۆڕییەکانی بیرکردنەوە، دەتوانێ ئەوان بۆ لای گەشەی سەربەخۆیی بیر، بیری ڕەخنەگرانە و خولْقێنەر بکێشێ. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گونجاوی چەمکی فەلسەفی و ژیانێکی خۆش و گەیشتن بە شارستانیەت، لە ڕێگای وتنەوەی چیرۆک بە منداڵان، فێرکاری بکرێ. چیرۆک لای منداڵان زۆر خۆشەویستە و منداڵان گوێی لێ دەگرن. چیرۆک خۆی یەکێک لە بنچینەکانی گەشەی بیرە. منداڵان خۆیان لە بیستنی چیرۆک و بەسەرهات و ئەفسانە و قسەی خۆش کەڵک وەردەگرن. بیرێک کە ناڕاستەوخۆ لە زەین و مێشکی منداڵ دەچەقی، بە سوودترە لە شێوەی پەند و ئامۆژگاری، چونکە منداڵ ئامۆژگاری لە گوێ ناگرێ.

پرسیاری بنەڕەتی چیرۆک ئەوەیە کە ئایا وشەگەلی وەک ڕاستگۆیی، ڕاستی، خۆش ڕەفتاری لە هەمبەر درۆزنی، لە خۆبایی بوون و...تاد بە دریژایی ژیان فێریان دەبین، یان لە زاتی خۆیدا لە کاتی لە دایک بوونرا دەگەڵ مرۆڤدانە؟ لە لایەکی دیکەوە گەلێک پرسیار لە زەینی مرۆڤدا هەیە و لە ناخی زەیندا دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە. وەک من کێم؟

لەیادمان نەچێت مرۆڤ بە هۆی بوونی بیر و ئەندێشەوە، بوونەوەرێکی پرسۆکە، تەنانەت منداڵانی تەمەن ٣ تا ٥ ساڵ تەژی لە پرسیارن و ئەوەندە پرسیار دەپرسن کە دایک و باوک، یان دەوروبەریان توانایی وەڵامیان نییە.

ئەوەی کە لەم بوارەدا بۆ ڕەگەزی مرۆڤ گرنگە، ئەو منداڵە سەرکوێر و سەرکۆنە نەکرێ، جگە لەوەش بیری بەسەردا نەسەپێنرێت، بەڵکو تواناییەکی زەینی وەک بیر

هەیە دەکرێ پەروەردەی بکەین. گەشە و پەروەردەی بیر لە هەرەتی منداڵییەوە و لە کاتی دایک بوونەوە دەست پێ دەکات و پێویستی بە پەروەردەکردنە. منداڵان باش دنیای گەورەکان دەبینن، بیری لێ دەکەنەوە، یاری گەوران دەبینن. دەبینن کە چۆن گەورەکانی خێزان و کۆمەڵگا دەور دەگێڕن و چاودێری ڕۆڵ و نەخشی هەموو لایەک دەکەن. زۆر کات دنیای گەورەکانیش جۆرێک یارییە. منداڵان بیریان هەیە و لە نێوان بیر و ڕەفتاری گەورەکانی خۆیان هاوسەنگی دەکەن و لاسایی (تەقلید) کردەوەکان دەکەنەوە. فەرهەنگ و دژە فەرهەنگیش هەر ئاوا خۆ دەگرێ و دیاری دەکرێ، بۆیەش لە چەند دێڕ پێشتردا ئاماژە بەوە کرا کە تەنیا بە پەند و ئامۆژگاری ناکرێ منداڵ پەروەردە بکەین، ئەوە پێویستی بە گەشەی بیر و پرسۆکە بوون هەیە. ئەو بایەخ و تواناییانەی خوا لە دەروونی مرۆڤی بە ئەمانەت داوە بپارێزن و چەمکی عەدالەت، جوانی، ڕاستی، ڕاستگۆیی، ئاشتی، یارمەتیدانی مرۆڤ و کۆمەڵگا، ئەویندار و خۆشەویستی لە ژیان ڕەچاو بکەن. یەکێک لەو ڕێگایانە بۆ پەروەردەی بیر، گێڕانەوەی چیرۆکی بیرمەندانەیە، چونکە منداڵ زۆر زوو گوێی بۆ شل دەکات و لە بزۆزی و یاری دەست هەڵدەگرێ و هۆگربەتی. منداڵ چیرۆکی گەرەکە و خۆشی دەوێ.

لە چیرۆکی بیرمەندانە زۆر خاڵ لەبەر چاو گیراوە و نووسەر مەبەست و پەیامی خۆی لەو چوارچێوەیەدا دەگەیەنێ و خوێنەر ناچار دەکات بیری لێ بکاتەوە.

لەو وتارە پیشەکی لەسەر تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی بیرمەندانە و دواتر لە ڕێگای چیرۆک، شێوەی فێرکاری لە قالبی نموونە چالاکی شی دەکرێتەوە.

### تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی بیرمەندانە

هەندێک لەو خاڵانەی بەرچاو لە چیرۆکی بیرمەندانە بەو چەشنەی خوارەوەن:

* چیرۆکی بیرمەندانە، بیر و خەیاڵی منداڵ دەبزوێنێ.

* چیرۆکی بیرمەندانە، گونجاوی تەمەن، ژیری و هەستی دەروونی منداڵە.

* لە چیرۆکی بیرمەندانە، پەیام بە شێوەی ڕاستەوخۆ ڕاناگەیەنرێ. بە واتای دیکە بە قەستی ئامۆژگاری کردن نانووسرێ.

* دەشێت کەسایەتی ناو چیرۆک بەچەشنێک بخوولقێن کە منداڵ بتوانێ هاوتاسازی لەگەڵ بکا، واتە منداڵ وێنەی دیمەن و کەسایەتی لەخۆیدا نۆژەن کاتەوە.

* چەمکی بەکارهاتوو لە ناوەرۆکی چیرۆک لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی منداڵدا بگونجێ.

* خوێندنەوەی چیرۆک، منداڵ، یان خوێنەر بە دوای خۆیدا بکێشێ و پرسیار لە زەینی ویدا بخوڵقێنێ و سەرنجڕاکێش بێ.

* چیرۆک منداڵ بۆ لای گفتوگۆی بیرمەندانە بکێشێ.

* چیرۆکی بیرمەندانە ئاکام و دەرەنجام بەمنداڵ دەسپێرێت، واتە ئەوە مێشک و زەینی منداڵە دەبێ ڕێگای نووسەر درێژە بدا و دەرەنجامی لێ وەرگرێ.

* هەر کردەوە و ڕووداوێک کە لە ناو چیرۆکدا دێ، دەبێ هۆکاری هەبێ و مەنتیقی بێ، ئەگەریش هۆیەکەی لە ناوەرۆکی چیرۆک نەهێنرێت.

* پێویستە سەردێڕی چیرۆک، بە چەشنێک بێ کە پەیام و ناوەرۆکی چیرۆک لە یەکەم نیگادا نەدرکێنێ.

### ئەنجامی چالاکی فێرکاری

ڕەوشتی وانەبێژی: چیرۆک بێژی، پرسیار و وەڵام، دەستەی چکۆلە بۆ گفتوگۆ

شێوەی دانیشتن: بە دوو شێوەی بازنەیی و دەستەیی

### نموونەی چیرۆک : گوڵدانی بەتاڵ(١)

لە ڕۆژگارانی کۆن لە وڵاتی چین کوڕێک بە ناوی «پینگ» دەژیا. پینگ گیا و گوڵ و بە تایبەت گوڵی زۆر خۆش دەویست. هەرچی دەیچاند و چووقەرەی دەکرد، خونچەی دەدا. زۆری پێ نەدەچوو کە گوڵ و پنجە و داری میوە بە شێوەیەکی سەیر و سیحراوی گەشەیان دەکرد.

لەم سەر زەوییە، هەموو خەڵک هۆگری گوڵ و گیا بوون.

ئیمپراتۆری ئەو وڵاتە، زۆر هۆگری باڵندە و ئاژەڵ بوو، بەڵام لەوەش زیاتر حەزی لە گوڵ بوو. هەموو ڕۆژێ لە باخی ناو کۆشکدا وەدوای گوڵ و گیا دەکەوت و خۆی سەرقاڵی ئەو کارە دەکرد. جگە لەوە ئیمپراتۆر تەمەنی زۆر بوو و دەبوایە جێگرێک بۆ خۆی دیاری بکات.

ماوەیەک بوو لەو بیرەدا بوو کە چۆن ئەو ئیشە بە جێ بگەیەنێ، چونکە گوڵی زۆر خۆش دەویست، بڕیاری دا

لەو ڕێگایەوە جێگری خۆی دیاری بکا، بۆیەش ڕۆژی دواتر فەرمانی دەرکرد و ڕاگەیەنرا، بە خەڵکیان ڕاگەیاند و فەرمانی خاوەنشکۆیان بە هەموو شوێنێکی وڵات گەیاند. ئیمپراتۆر فەرمانی دابوو، تەواوی منداڵانی وڵات دەتوانن بێنە کۆشک تۆوی گوڵی تایبەتیان بداتێ. دوای یەک ساڵ ئەو گوڵەی چاندوویانە، بهێننەوە. ئەو کەسەی باشترین و جوانترین گوڵ بێنێ وەک جێگری خاوەن شکۆ هەڵدەبژێردرێ.

ئەو هەواڵە گرنگ و بزوێنەرە لە سەرانسەری وڵات بڵاو بووەوە. منداڵان لە هەموو شوێنی وڵات بۆ وەرگرتنی تۆوی گوڵ بەرەو کۆشکی خاوەن شکۆ هاتن. هەموو دایک و باوکان ئاواتەخواز بوون کە منداڵەکەیان بە جێگری خاوەن شکۆ دیاری بکرێ. منداڵەکان هیواداربوون کە وەک جێگری خاوەن شکۆ هەڵبژێردرێن. پینگ وەک هەموو منداڵانی دیکە بڕێکی تۆوی گوڵ وەرگرت. ئەو لە هەموویان خۆشحاڵتر بوو، چونکە دڵنیا بوو کە دەتوانێت جوانترین گوڵ پەروەردە بکا.

پینگ گوڵدانەکەی تەژی لە خۆڵی باش و بە هێز کرد و تۆوی گوڵەکەی بە وردی چاند و لە بەر هەتاوێی دانا. هەموو ڕۆژێ ئاوی دەدا و بە تامەزرۆیی چاوەڕوان بوو دەنکەکە چووقەرە بدا، گەشە بکات و گوڵ بپشکوێ.

ڕۆژەکان یەک یەک تێپەڕ دەبوون، بەڵام هیچ چووقەرەیەک لە گوڵدان نەڕوا.

پینگ کە زۆر پەشێو بوو، دەنکەکانی لە گوڵدانێکی گەورەتردا چاند، پاشان خۆڵی گوڵدانی گۆڕی. چەند مانگی تریش تێپەڕبوو، بەڵام دیسان شتێکی سەیر ڕووی نەدا. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تا بەهار هات. هەموو منداڵەکان باشترین و جوانترین جلی خۆیان پۆشی و گوڵدانەکانیان هەڵگرت تا بچنە لای خاوەن شکۆ. ئەو ڕۆژی کۆشکی خاوەن شکۆ تەژی لە خەڵک بوو. هەموو منداڵان بە گوڵدانی پڕ گوڵ لە کۆشک کۆببوونەوە و هیوادار بوون کە بە جێگری خاوەن شکۆ دیاری بکرێن.

پینگ کە گوڵدانەکەی هێشتا وشک و بەتاڵ بوو، شەرمەزار و خەمبار وەستابوو.بیری دەکردەوە گشت منداڵان گەمەی پێ دەکەن، چونکە تەنیا منداڵ بوو کە نەیتوانیبوو گوڵێک پەروەردە بکات.

یەکێ لە هاوڕێیانی پینگ کە گوڵدانە گەورەکەی پڕ لە گوڵ بوو، پێی گوت: بڕوانە، من چ گوڵێکم پەروەردە کردووە. دڵنیابە هیچ کات ناتوانی جێگری خاوەن شکۆ بی.

پینگ زۆر بە پەشێوی گوتی: من باشتر و زۆر لە تۆش، ئاگەداری گوڵدانەکەم بووم، بەڵام نازانم بۆچی تۆوەکان شین نەبوون.

باوکی پینگ وتەکانی بیستن و گوتی: کوڕم، تۆ زۆرت زەحمەت کێشاوە، باشتر وایە بەو گوڵدانە بچییە لای خاوەن شکۆ.

پینگ گوڵدانی بە تاڵی هەڵگرت و بۆ لای کۆشکی خاوەن شکۆ کەوتە ڕێ.

کۆشکی خاوەن شکۆ تەژی لە منداڵانێک بوو کە گوڵدانی پڕ گوڵ و جوانیان لەگەڵ خۆ هێنابوو.

خاوەن شکۆ هێدی بە پیاسە و بە سەرنجەوە یەک یەک لە گوڵدانەکانی دەڕوانی. حەساری کۆشک پڕ بوو لە گوڵی جوان و بۆن خۆش، بەڵام خاوەن شکۆ گرژ بوو و نێوچاوانی تێک نابوو، تەنانەت وشەیەکی بە زاریدا نەهات.

سەرئەنجام، نۆرەی پینگ هات. پینگ بە شەرمەوە سەری داخستبوو و چاوەڕوان بوو کە خاوەن شکۆ بە دیتنی گوڵدانی بەتاڵ، سزای دەدا. خاوەن شکۆ پرسیاری کرد: بۆچی بە گوڵدانی بە تاڵەوە هاتووی؟

پینگ بە دەم گریانەوە گوتی: من، تۆوەکانی کە لێم وەرگرتبووی چاندم و هەموو ڕۆژێ ئاوم دەدان و خزمەتم کردن، بەڵام تەنانەت چووقەرەشیان نەدا. ئەوانم لە گوڵدانێکی گەورەتر و خۆڵی بەهێزتر چاند، بەڵام دیسان چووقەرەیان نەدا و شین نەبوون. یەک ساڵ ئاگاداریم لێ کردن، بەڵام هەوڵم بێ بەرهەم بوو، بۆیە ئەمڕۆ بە گوڵدانی بەتاڵەوە هاتووم.

خاوەن شکۆ کاتێ ئەو وتانەی بیست، بزەیەکی هاتێ و دەستی لەسەر شانی پینگ دانا، پاشان ڕووی لە خەڵک کرد و بە دەنگێکی بەرز گوتی:

من جێگری خۆم هەڵبژارد. نازانم ئێوە ئەو دنکانەتان لە کوێ هێناوە، چونکە ئەو دنکانەی کە من دابوومنێ، کوڵا بوون و ناگونجێ سەوز بن و گەشە بکەن. من پینگم بە هۆی وریایی و ئازایی دیاری کرد. لە بوێری و دروستکاری خۆی گوڵدانەکانی بە بەتاڵی هێناوە. پاداشتی پینگ کە کوڕێکی ئازا و ڕاستگۆیە ئەوەیە کە جێگری من و دوایی فەرمانڕەوای ئەو وڵاتەیە.

## چالاکی دوای خوێندنەوەی چیرۆک

پاش خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە، منداڵان بیروڕای خۆیان سەبارەت بە چیرۆکەکە ڕادەگەیەنن و لەگەڵ یەکدا لەسەر مەبەستی چیرۆک دەتوانن پرسیار و وەڵام و گفتوگۆیان هەبێ.

* بەشێک لەو پرسیارانەی دەردەبڕێن:
* بۆ هەندێک کەس ڕاستی ناڵێن؟
* ئایا ڕاستی، پێویستی بە بوێری و ئازایەتی هەیە؟
* ئایا پێویستە بەردەوام ڕاستی بێژین؟
* سوودی ڕاستی و دروستی چییە؟
* چ جیاوازییەک لەنێوان درۆ و نەگوتنی ڕاستیدا هەیە؟
* چەمکی دژ بە ڕاستی کامانەن؟
* ئەگەر هاتو ڕاستگۆیی، خۆشەویستی ئێمە کز بکات، دەبێ چ بکەین؟
* کاتی وایە ڕاستی دەبێتە هۆی ئاژاوە، لێرەدا دەبێ چ بکەین؟
* پەندی پێشینیان دەڵێ" ڕاست برۆ و بەڕێی شێردا برۆ" بە بڕوای ئێوە، ئەوە مانای چییە؟
* درۆزن بە چ کەسانێک دەڵێن؟
* بۆ دەڵێن درۆزن دوژمنی خوایە؟

**تێبینی:**

چیرۆکی فەلسەفی بۆ منداڵان لە وڵاتێک بۆ وڵاتێک و تەنانەت لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە، واتە هەر شوێنە و چیرۆکی تایبەت بە خۆی هەیە و دەخوازێ بابەتی خۆی بۆ تەرخان بکرێت. بە واتای دیکە دەشێت چیرۆک ناوچەیی بکرێ. چیرۆکنووس، یان نووسەر، یان وەرگێڕ پێویستە کە ئەم چیرۆکە لەسەر ئاستی کولتوور و فەرهەنگی کۆمەڵگا بخاتە بەرچاو و لانی کەم کە ناتوانێ ناوچەیی، یان بکات، با ئەو بابەتانە وەرگێڕێ کە گونجاوی لەگەڵ کۆمەڵگای خۆمان هەیە. ڕەنگە وشەی بوومی و ناوچەیی زۆر تێبینی لە سەربێ، بەڵام بۆ ناوچەیی کردن پێویستە داڕێژەگەلی فەرهەنگی خۆماڵی و جیهانی باش بناسین، تا بتوانین تایبەتمەندییەکانی بپارێزین.


**سەرچاوەکان:**

١- دێمی نووسەری ئەو چیرۆکەیە.

٢- اسپیدکار، محبوبە (١٣٩٠) گام بە گام تا اندیشە، ماهنامە علمی تخصصی اطلاعات حکمت و معرفت، شمارە ٣، لاپەرەی ٢٤-٢١.

٣- استیلا اکورین تی (١٣٨٦) اموزش چگونە فلسفیدن درامدی بر فلسفە برای کودکان، ترجمە زهرا صفاریان، روزنامە جام جم، شمارە ٢٠٤٨.

٤- سیف، علی اکبر (١٣٨٨) روانشناسی پرورشی نوین، تهران: نشر دوران.

٥- قائدی، یحیی(١٣٨٦) امکان اموزش فلسفە بە کودکان: چالش بر سرمفهوم فلسفە، فصلنامە مطالعات برنامە درسی، سال دوم، شمارە٧. ل ٩٤-٦١.

٦- مرعشی سید منصور، رحیمی نسب حجت الله، لسانی مهدی ( ) امکان سنجی اجرای برنامە اموزش فلسفە بە کودکان در برنامە درسی دورە ابتدایی، فصلنامە نواوریهای اموزشی، شمارە ٢٨، سال هفتم، زمستان ١٣٨٧.

٧- محمدزادە، رحا (١٣٨٥) فلسفەو کودک، تهران: بنیاد حکمت اسلامی صدرا.

٨- ناجی، سعید (١٩٩٠) مفهوم فلسفە در برنامە فلسفە برای کودکان و نوجوانان، نامە علم و دین امارەهای ٢٥ تا ٢٨ لاپەرەی ٦٧-٣٧.

٩- ناجی، سعید و قاچی زادە، پروانە (١٣٨٦) بررسی نتایج برنامە فلسفە برای کودکان روی مهارت های استدلالی و عملکرد رفتاری کودکان، فصلنامە مطالعات برنامە درسی، سال دوم. شمارە ٧، زمستان ٨٦، صص ١٥٠ ١٢٣.

9- Lipman, M (2003). Thinking in Education, Cambridge university press.

10-Lipman, M (1988)."Critical Thinking, What can it Be", Educational Leadership. Vol No, 1

**ماڵپەڕەکان:**

١١- محمدزادە، رحا(١٣٩١) اموزش فلسفە بە کودکان، ماڵپەڕی

http://www.pac.org.ir/fa/?c=content&id

١٢- اشنایی با فلسفە و کودک

http://www.pac.org.ir/fa/?c=content&id=134

# ئێدگار ئالن پۆ
# نووسەرێک لەگەڵ خواردنەوەدا وەک دووانە وا بوون

عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ)
(کەنەدا)

هیچ نارەوا نییە ئەگەر بڵێین ئێدگار ئالن پۆ ئالوودە بووە بە خواردنەوە، چونکە ژیانی ئێدگار زنجیرەیەکی درێژە لە مەستبوون و سەرخۆشی. ئەم داهێنەرە مەزنەی دنیای ئەدەبی ئەمریکی زۆر زوو لە منداڵییەوە (لە دوو ساڵییەوە) هەتیو دەکەوێت و خێزانێکی بۆرژوازی لە شاری ڕیچمۆند لە ویلایەتی ڤێرجینیا هەڵی دەگرنەوە. لەبەر ئەوەی ئەو خێزانە نەیانتوانی بەجوانی پەروەردەی بکەن و بەخێوی بکەن، ململانێ و کێشمەکێش دەکەوێتە نێوانیان. ئێدگار ئالن پۆ سەدەیەک پێش سەردەمەکەی خۆی ژیا.

"هەشتا ساڵ دواتر لە وتارێکی پرسیار ورووژێنەری دی.ئێچ.لۆرانس سەبارەت بە نووسەرانی ئەمریکای ڕێنیسانس، ستایش کرا. دوورترین شێتگیریی لە مۆدێرنیزم، یان داهاتووگەرایی (ئایندەخوازی) فەرەنسی تا ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەو جێگایەی کە پۆ و مێلڤیل و هاوسۆرن و وایتمان پێی گەیشتن."(١) بەم شێوەیە فلیپ هۆر دەیەوێ جێگاو شوێنی ئێدگار لە بزووتنەوەی ئەدەبی ئەمریکی و جیهانی دەستنیشان بکات، بەڵام ئێدگار کێ بوو کە سورپالییەکان لەڕادەبەدەر ڕێزیان لێدەگرت؟ پیتەر ئەکرۆید لە دوایین چاپتەری کتێبەکەی سەبارەت بە ژیانی شاعیر و نووسەر ئێدگار ئالن پۆ ئاماژەی پێدەکات کە "ئێدگار ئالن پۆ کاریگەرییەکی هەمەلایەنەی بەسەر کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم هەبووە، لە بۆدلێر و ڕەمزگەراییەوە تا کۆنان دۆیل و چیرۆکی پۆلیسی، لە ڕۆمانی خەیاڵی زانستییەوە تا فەلسەفەی نیتشە.(٢) بەڵام ئێدگار بەر لەوەی ببێتە ئەو دەنگ و سیمبوڵەی ئەدەبی ئەمریکی، باری نالەباری ژیانی کۆمەڵایەتی وای لێدەکات هەر زوو

لەتەمەنی حەڤدە ساڵییەوە تێکەڵ بە دنیای سەرخۆشبوون و خواردنەوە و ئەلکهول ببێت. ئەم نووسەرە مەزنە ،ئەم ڕابەرەی بزووتنەوەی ئەدەبی ڕۆمانسی ئەمریکی، ئێدگاری شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگر لە نۆزدەی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٠٩ لە شاری بۆستن لە ویلایەتی ماساچۆستیس لە ئەمریکا لەدایک بووە. ئێدگار دووەم منداڵی دایک و باوکێکی هونەرمەند بوو کە خەریکی کاری نواندن بوون. ئێدگار بە ڕەچەڵەک ئێرلەندییە و باپیری لە ئێرلەنداوە لە دەوروبەری ساڵی ١٧٥٠ هاتووەتە ئەمریکا. باوکی ئێدگار (دەیڤد پۆ) کە کهولی بووە و ئەویش بێ خواردنەوە نەیتوانیوە هەڵبکا، لە ساڵی ١٨١٠ پشت لە ماڵ و منداڵ دەکات و جێیان دەهێڵێ و ناگەڕێتەوە. ئەم سەفەرەی باوکی ئێدگار ئاماژە و نیشانەی داڕووخانی خێزانەکەی بوو. دایکیشی (ئیلیزابیس پۆ) بۆ ساڵی دواتر لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات. ئەم منداڵە هەتیوە کاتێ دەکەوێتە لای ئەو خێزانە بۆرژوازییەی ویلایەتی ڤێرجینیا ،کە ئێدگار پێی وابوو هەرگیز بە فەرمی و یاسایی هەڵنەگیراوەتەوە. لەسەردەمی منداڵیدا ئاسایی دەژین و دواتر کاتێک هەراش دەبێ، کێشەی نێوانیان دەست پێدەکات. ئێدگار لە تەمەنی حەڤدە ساڵی لەگەڵ دلبەرەکەی (سارا ئێلمیرا ڕۆیستەر) ئەڵقە دەگۆڕنەوە، بەڵام هەرگیز هاوسەرگیری ناکەن، دواتر دەچێتە زانکۆی ڤێرجینیا و دوای خوێندنی یەک کۆرس ناتوانێ لەبەر بێ پارەیی درێژە بە خوێندنەکەی بدات کە دواتر ڕوونی دەکەینەوە ئەم بێ پارەییە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە. ئێدگار ئاڵن پۆ لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بەهۆی ساختەکردنی تەمەنییەوە دەبێتە سەرباز و لەبەندەری بۆستن لەڕیزی هێزەکانی سەربازی ئەمریکا مانگێ بە پێنج دۆلار خزمەت دەکات. هەمان ساڵ، واتە ساڵی ١٨٢٧ کۆمەڵە شیعرێکی چل لاپەڕەیی بڵاو دەکاتەوە و دوو ساڵ دواتر کۆمەڵە شیعرێکی تر چاپ دەکات. ساڵی ١٨٣١ سێیەم کۆشیعری بەناوی (شیعرەکان) چاپ دەکات. لە تەمەنی بیست و چوار ساڵی کورتەچیرۆک دەنووسێت و دواتریش وەک ڕەخنەگری ئەدەبی دەست بەکار دەبێت. ساڵی ١٨٣٣ بەهۆی کورتە چیرۆکەکانییەوە خەڵات دەکرێ.



**ئێدگار ئاڵن پۆ**

لەژیانی کۆمەڵایەتیشدا لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا، پۆ کچە ئامۆزای خۆی "ڤێرجینیا ئیلزا کلیم" دەبینێ و خۆشی دەوێت کە ئەوکات تەمەنی تەنیا سێزدە ساڵان بوو. زۆر کەس پێیان وابوو پێوەندی خۆشەویستی نێوان ئێدگار و ڤێرجینیا وەک پێوەندی نێوان خوشک و برا وا بوو، بەڵام لەڕاستیشدا ئێدگار چەندین شیعری خۆشەویستی بۆ ڤێرجینیا نووسیوە و خۆشەویستی خۆی نیشان داوە. تا قەدەر وا لە ئێدگار ئاڵن پۆ دەکات ڤێرجینیا و خۆشەویستی ڤێرجینیا بەهۆی نەخۆشی هەوکردنی سییەکان لە دەست بدات و لەکانوونی دووەمی ساڵی ١٨٤٧ ڤێرجینیا دەمرێت. لێرەوە خەم و ئازارێکی زۆر ڕوو لە ژیانی ئێدگار دەکات، ئەمەش بەرەو خواردنەوەیەکی زۆر پاڵی پێوە دەنێت.

ئێدگار ئاڵن پۆ لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا لە زانکۆی ڤێرجینیا وەردەگیرێ و پارەی خوێندنی ئەو چوار ساڵەی زانکۆی لە قومار دەدۆڕێنێت، تەنانەت نزیکەی دوو هەزار و پێنج سەد دۆلاری ئەوکات قەرزاری قومارخانەکان دەبێت. ئەم خووە بە قومار ئێدگار بەرەو خواردنەوە پەلکێش دەکات، تەنانەت بەپێی ڕاپۆرتی سیستمی قوتابخانەکەی ئێدگار بە سەرخۆشی بۆ

تاقیکردنەوە دەچێتە پۆلەوە. سەیر لەوەشدایە ئێدگار بەرزترین نمرە لە تاقیکردنەوەکان دێنێت و دەبێتە قوتابی نموونەیی قوتابخانەکەی لە زیرەکیدا.(٣) خواردنەوەی ئەلکهول و ئیدمان بوون بە خواردنەوە، هەڵگری مانای کۆمەڵایەتی جیاواز بووە، ئەمەش وا دەکات کە ژیانی ئێدگاری هەمیشە سەرخۆش، وا ببینن کە خۆش و ڕێک نەبووە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە وەک نووسەرێک نیشانی دەدا کە ئایا شیعر و چیرۆکەکانی ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی بوونە، یان نا، بەڵام دەبێ لەوە دڵنیا بین کە هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی ئێدگار لەژێر کاریگەری خواردنەوەوە نەنووسراون، چونکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر تێڕوانینێک سەبارەت بە خواردنەوەی ئەلکهول لای ئەم نووسەرە مەزنە دەبێ وریا بین، چونکە دوژمنانی ئێدگار و ئەوانەی چاویان بە داهێنانەکانی هەڵنەدەهات، خواردنەوەیان وەک سەرچاوەی نەخۆشییەکانی لەقەڵەم دەدا،(٤) بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە خواردنەوە و ئیدمان بە خواردنەوە، کاریگەری نەبووبێت بەسەر باری تەندروستی ئەم نووسەرە.

**تێکەڵەکی زەرد و کەفچرم بۆ تێکە**
**من دەمەوێ پەرداخێ تر بخۆمەوە**
**وەکو پیاهەڵگەڕانی بینینێکی سەیر**
**لە مێشکی مندا**
**جوانترن بیر و سەیرترین خەیاڵ**
**لەدایک دەبن و دەکوژێتەوە**
**چ گوێم لە کاتە**
**ئەمڕۆ بیرە دەخۆمەوە.(٥)**

ئێدگار ئاڵن پۆ زیاد لە سنووری خۆی دەیخواردەوە، تەنانەت دوای ئەوەی بەڵێنی ئەوەش بەخۆی دەدا کە خۆی لە خواردنەوە بەدوور بگرێت. باوک و برای ئێدگاریش بەردەوام دەیانخواردەوە. ئێدگار لە نامەیەکیدا بۆ جان ئاڵن دەنووسێ" هێنری برای بە تەواوەتی تەسلیمی خواردنەوە بووە و لەتواناییدا نییە هیچ کۆمەکییەک بە خۆی بکات"(٦) ئێدگار گەلێ جار بەڵێنی داوە کە ئیتر تەواو خواردنەوە بەسە، بەڵام بێ کەڵک بووە. ساڵی ١٨٤١ هەندێ دۆکیۆمێنت لەسەر پێوەندی نێوان ئێدگار و خواردنەوە هەن. هۆکارەکانی ئالوودە بوونی ئێدگار بە خواردنەوە پێدەچێت ئەمانە بەشێکی بن وەک ئەندامانی خێزان و هاوپۆلەکانی قوتابخانەی و خەفەت و ئەو کارەساتانەی کە بەسەریدا هاتوون. یەکەم جار ئێدگار لە ساڵی ١٨٢٦ لە تەمەنی حەڤدە ساڵان وەختێ دەچێتە زانکۆی ڤێرجینیا لەدەرەوەی کاریگەری و کۆنترۆڵی دایک و باوک دەست بە خواردنەوە دەکات،کە ئەو کات زۆربەی گەنجەکان دەستیان دەکرد بە خواردنەوە و قومار و شەڕە دەمانچە. یەکێک لە هاوپۆلەکانی ئێدگار، ئاوا باسی ئێدگار دەکات" یەک پەرداخی پڕ بە ئاو و شەکری بە یەک بێن دەخواردەوە".(٧) ئێدگار دوای وازهێنانی لە زانکۆ جاربەجار لە خواردنەوە دوور دەکەوتەوە، تەنانەت کاتێ لە ساڵی ١٨٢٩ واز لە خزمەتکردنی سوپا دەهێنێت لە سێ نامەیدا بۆ ئەفسەر جەی هاورد دەنووسێ کە خولیاکانی باشن و بەتەواوەتی لە خواردنەوە دابڕاوە. ئەم ژیانەی ئێدگار لەنێوان خواردنەوە و بەئاگاهاتنەوەدا ئەگەر بەخت یاری بوایە و نۆرماڵ بژیایە و ئەو کارەساتانەی بەسەر نەهاتایە، ڕەنگە داهێنانەکانی سێ بەرابەری ئێستا دەبوو، بەڵام ناوازەیی ژیانی کۆمەڵایەتی وا دەکات کە نووسەرێکی وەک فلیپ هۆر بڕوای وابێت کە "ئێدگار ئاڵن پۆ ئەلکهولیک نەبووە، بەڵکو دەیخواردەوە وەک نیشانەی خەم و ئازار،"(٨) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە بۆدلێر بەرهەمەکانی ئێدگاری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەڕەنسی، ئەو پێی وایە خواردنەوە بۆ ئێدگار ئاڵن پۆ پێویست بووە و خواردنەوە بۆ ئێدگار ئەو سیحری دەربڕینە بووە کە ئەوی گواستووەتەوە بۆ ئەفسوونبازی شوێنێکی نا واقع" (٩). خواردنەوەی ئەلکهول و چیرۆکی سەرخۆشییەکانی ئێدگار هێندە هەن کە لەگۆشەنیگایەکی ئینسانییەوە لێی بڕوانین و ئەوە ببینین کە سەرخۆشی هەر خۆ لەبیربردنەوە نییە، بەڵکو هەندێ جار چوونە دەرەوەیە لە ڕیتواڵ و نەریت و نۆرمەکان، بۆیە ئێدگار لەئەنجامی سەرخۆش بوون، دووچاری سزا بووەتەوە و زیندانی کراوە و خۆیشی لە نامەیەکیدا بۆ ماریا کلێمن دانی بەمەدا ناوە" لەو ساوەی هاتوومەتە فلادلیڤیا یەک جار بەهۆی سەرخۆشییەوە زیندانی کراوم."(١٠) یانیش لە ئایاری ساڵی ١٨٤٥دا هەر بەهۆی سەرخۆشی و خواردنەوەوە ولیەم بورتۆن لە کارەکەی دەری دەکات،(١١) بەڵام وەک سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەی پێ دەکەن، ئێدگار ئاڵن پۆ هەر بە

خواردنەوەی کهول نەوەستاوە، بەڵکو پەنای بردووەتە بەر ئەفسەنتین (Absinthe)یش(١٢). ڕەنگە لێرەشەوە ئەو پرسیارە بێتە پێشەوە ئەی پێوەندی ئێدگار بە مادە هۆشبەرەکانەوە چۆن بووە؟ هەرچەندە گەلێ ڕای جیاواز سەبارەت بەم پێوەندییە هەیە، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا زۆر زەحمەتە وا بزانین ئێدگار ئاڵن پۆ مادەی هۆشبەری بەکار نەهێناوە. (١٣)

ئێدگار ئاڵن پۆ بۆ خۆی ژیا، نەک بۆ خەڵک. ئەو وەک نووسەران فلیپ هۆر و ئاکرۆید پێیان وایە کە هەر بەکەڵکی نووسین دەهات. ئێدگار لە سەرتاپای ژیانیدا بێ پوول و پارە بووە و بەردەوام قەرز و قۆڵی کردووە بۆ ئەوەی خواردنەوەکەی زامن بکات. ئەم نووسەرە داهێنەرە لەلایەکەوە دۆخێکی دەروونی ناهەموار و پەنا بردن بۆ خواردنەوە و سەرخۆش بوون و ژیان لە دەرەوەی نۆرماڵ و نەریتە باوەکان وای لێ دەکەن لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دووچاری ڕەخنە ببێتەوە. لەلایەکی تریشەوە و بەهۆی بایەخدان بە پیشە و کاری ڕۆژنامەنووسی و ڕەخنە و سەرنووسەری، بەردەوام لە نێوان بەڵتیمۆرک ڕیچمۆند و نیویۆرک خەریکی ماڵ گواستنەوە بووە، هەندێک جار تەنیا بۆ ماوەی مانگێک لە جێگایەک گیرساوەتەوە. ئێدگار ئاڵن پۆ گەرچی هەر خەریکی خۆخواردنەوە بووە بەرەو غەفڵەت، لەهەمان کاتیشدا لەبواری نووسین و داهێناندا بە داهێنەری چیرۆکی پۆلیسی ئەژمار دەکرێ. شایانی وتنە لە ناوەرۆکی شیعر و چیرۆکەکانی ئێدگاردا غەمباری و تاریکی دوو کارەکتەری سەرەکی و بەهێزن.

مەرگی زوو و ناوەختی ئەم نووسەرە داهێنەرە، تراژیدیایەکە بۆ خۆی، چونکە لەلایەکەوە وا لێک دەدرێتەوە گوایە هۆکاری مردنەکەی خۆکوژی بووە لە ئەنجامی خەفەت. یانیش خواردنەوەی لەڕادەبەدەر کە زۆر زیانی بە تەندروستی ئەو گەیاندووە وەک ئەو زیادەڕۆییەی کە لە ساڵی ١٩٤٨ لە خواردنەوەی (لەودونام..Laudunam)دا کردی و وەک دەڵێن لە قەراغی مردن گەڕایەوە، چونکە پۆ نەخۆشی دیپسۆمانیا (Dipsomania)ی هەبووە. (١٤). تا دواجار ئێدگار لە سێی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٤٩ هاووڵاتی جۆزیف وۆڵکەر، ئێدگار ئاڵن پۆی شاعیر و نووسەری ئەمریکی لەدۆخێکی نالەبار و نیوە ئاگا لەسەر یەکێک لەشەقامەکانی بەڵتیمۆر لەویلایەتی ماریلاند لە ئەمریکا دەدۆزێتەوە و دواتر دەیگەیێنێتە نەخۆشخانە و چوار ڕۆژ دواتر لە ڕۆژی یەک شەممە، حەوتی تشرینی یەکەم سەعات پێنجی بەیانی ئێدگار ئاڵن پۆ بۆ هەمیشە چاوی لێک دەنێ و ماڵئاوایی لە ژیان و نووسین دەکات. ئێدگار ئاڵن پۆ ژیانێکی سەیر ژیاوە. یەکێک لەسەیر و سەمەرەکانی ژیانی ئەو نووسەرە مەزنە، ئەوە بوو کە جلی خۆی لەبەر نەدەکرد و جلی خەڵکانی تری لەبەر دەکرد. ئێدگار چل ساڵ ژیا، بەڵام ئەوەی نووسیویەتی دەچێتە خانەی نووسینی جوان و داهێنانەوە.

دوا وشە لە کۆتایی ئەم کورتە وتارەدا هێنانەوەی ئەو قسە پڕ مانایەی فلیپ هۆرە کە دەڵێ "بەزەیی ئەو شتە بوو کە ئێدگار ئاڵن پۆ بە خۆیدا نەهاتەوە. (١٥)

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١- فلیپ هۆر ئێدگار ئاڵن پۆ کێ بوو، ڕۆژنامەی National Post، ژمارە ٧٠١، شەممە یەکی ئازاری ٢٠٠٨ لاپەڕە WP7.**

**٢- پیتەر ئەکرۆید وتاری Poe: A Life Cut Short ساڵی ٢٠٠٨، هەروەها بڕوانە وتاری ئێدگار ئاڵن پۆ کێ بوو، نووسینی فلیپ هور.**

**٣- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سایتی Interestingfacts بەتایبەتی ئێدگار ئاڵن پۆ، مادە هۆشبەرەکان و ئەلکهول**
**http://www.interestingfacts.org/fact/edgar-allan-poe-and-alcohol**

**٤- بڕوانە ئێدگار ئاڵن پۆ، مادە هۆشبەرەکان و ئەلکهول**
**http://www.eapoe.org/geninfo/poealchl.htm**

**٥- دەڵێن ئێدگار ئاڵن پۆ لەبەر ئەوەی پارەی نەبووە، ئەم چەند دێڕەی لەبری پارەی بیرەکان نووسیوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**
**http://ebooks.adelaide.edu.au/p/poe/edgar_allan/p74p/poem65.html**

**٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**٧- نامەی تۆماس گوود تاکەر بۆ دۆگڵس شێرلی لە پێنجی نیسانی ١٨٨٠. بڕوانە کتێبی جۆرج ئێدوار و دبیری (تێبینییەکان، ئێدگار ئاڵن پۆ و ئۆپفیۆم) ژیانی ئەدەبی و تایبەتی**

ئێدگار ئالن پۆ ١٩٠٩، بەرگی دووەم، لاپەڕەکانی ٤٢٨-٤٣٠.

٨- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سایتی Interestingfacts بەتایبەتی ئێدگار ئالن پۆ، مادە هۆشبەرەکان و ئەلکهول
http://www.interestingfacts.org/fact/edgar-allan-poe-and-alcohol

٩- هەرچەندە ئاشکرایە کە نە بۆدلێر، ئێدگاری بینیوە و نە ئێدگاریش ڕۆژێک بۆدلێری ناسیوە، بۆیە بەپێی سەرچاوەی (Interestingfacts) بێت قسەکانی بۆدلێر لەخۆڕا وتراون، هەروەها بڕوانە فلیپ هۆر، ئێدگار ئالن پۆ کێ بوو، ڕۆژنامەی National Post، ژمارە ١٠٧، شەممە یەکی ئازاری ٢٠٠٨ لاپەڕە WP7.

١٠- نامەی ئێدگار ئالن پۆ بۆ ماریا کلێم حەوتی تەمووزی ١٨٤٧. بڕوانە کتێبی جان ورد ئۆسترۆم نامەکانی ئێدگار ئالن پۆ نیویۆرک چاپخانەی گۆردیان، ١٩٦٦ لاپەڕە ٤٥٢.

١١- بڕوانە کتێبی
The Norton Anthology of American literature
Nina Baym General Editor
NewYork 1999 Page 698.

١٢- ئەفسەنتین جۆرە خواردنەوەیەکی پاڵێوراوە کە کهول بەپلەیەکی بەرز لە ٥٤٪ تا ٤٧٪ی تێدایە. ئەم گیراوەیە لە گەڵا و داری سروشتی، بەتایبەتی گەڵای ئەفسەنتین دروست دەکرێ و پێی دەوترێ ئەفسەنتینی تاڵ و هەندێ جار بێ ڕەنگە زۆربەی جارانیش ڕەنگی سەوزە. ئەم خواردنەوەیە گەلێ جۆری هەیە (زیاتر لە ٢٠٠ جۆر) و لەوڵاتانی وەک فەرەنسا و ئوستراڵیا و ئیسپانیا و جیکسلۆڤاکیا ئەمریکا و سویسرا بەرهەم دێت.

١٣- بڕوانە ئێدگار ئالن پۆ مادە هۆشبەرەکان و ئەلکهول
http://www.interestingfacts.org/fact/edgar-allan-poe-and-alcohol

١٤- لەودونام Laudunam جۆرە گیراوەیەکە (تێکەڵییەکە) لە تلیاک و خواردنەوەی ئەلکهولی، هەروەها دیپسۆمانیا (Dipsomanya) جۆرە نەخۆشییەکە کەسی تووش بوو هەرگیز تێر خواردنەوەی مەی و ئەلکهول نابێت.

١٥- فلیپ هۆر ئێدگار ئالن پۆ کێ بوو؟ ڕۆژنامەی National Post، ژمارە ١٠٧، شەممە یەکی ئازاری ٢٠٠٨ لاپەڕە WP7.

# خەیاڵ لە چیرۆکی مراد کرمانیدا

ئەشرەف دباغ فردوس، مریم سائیب، عبدالرحیم حقدادی
لە فارسییەوە: سەلاح نیساری
(بۆکان)

**دەلاقە**

هووشەنگ مرادی کرمانی، نووسەری منداڵان، تا ئێستا چەند خەڵاتێکی لە ئێران و دەرەوەی وڵات وەرگرتووە، بەڵام ئەم نووسەرە خامە ڕەنگینە وەک پاڵەوانی کتێبەکەی خۆی «قسەهای مجید» ناوبانگی بڵاوبۆتەوە، هۆگرانی ئەدەبی ئەو ناناسن، بەڵام قەڵەمی مرادی کرمانی گوڵوشە دەچێنێ و گەوهەر بەدنیای تۆرەی منداڵان دەبەخشێ و زارۆکان بەسەرباڵی خەیاڵەوە دەباتە سەیری چنینی تریفەی زیوینی مانگ و ئەستێران، لەم بەشەدا لاولاوئاسا بەبەژنی باڵای چیرۆکەکانیدا هەڵدەزنین و دەچینە سەیرانی باخی پڕ لە گوڵ و نێرگزی ئەم نووسەرەو بەرامەی مێخەکی بەرهەمەکانی هەڵدەمژین. مرادی کرمانی شێوازی نووسینی تایبەت بەخۆی هەیەو لەچەمکی ئەدەبی منداڵاندا ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە. پەخشانە چیرۆکی ئەم نووسەرە لە چەشنی گوڵ سەرنجی دیدە ڕادەکێشێ و بێجگە لە جوانی، بەرامەی هەرمانی نابڕێتەوە. بیروباوەڕێکی تایبەت لە ڕوحی چیرۆکیدایەو ڕەوشت بەرزی پاڵەوانی چیرۆکی ئەو شیاوی ڕاڤە و لێکدانەوەیە. ئاکار جوانی و عیززەتی نەفسی، قنیات کردن و لەخۆ بوردوویی، خۆڕاگری و دان بەخۆدانانی، هاندان بۆ سەر بەرز ڕاگرتن و لەسەرپێ ڕاوەستانی. بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ نەسیحەت و ئامۆژگاری کردنی پێوە ببینێ. لەگەڵ قارەمانەکانیدا دەژی و بەوەج و حورمەتەوە بەرەو ڕووت دەبنەوە.

ئەوکاتەی بۆ سەردەمی منداڵی خۆمان دەگەڕێینەوە و بیرەوەری شیرینمان لە ئاوێنەی خەیاڵدا دەبینینەوە، ئەوەی زۆرتر لە هەرشتێک ئۆخژنی ئارامی بەتەونی خەیاڵی ئێمە دەبەخشێ، ئەو چرکەساتانەیە کە سەرمان

دەکــردە ســەر ڕانی نەنکە پیــرەو دایە گــەورە و بەدەم لایەلایەو حەقایەت و وردە چیرۆکانەوە خەو دەیبردینەوە. بەڵێ زایەڵەی دەنگی پیــرانەی ڕوحی مەلانی دەکـرد بە بەرمانداو بەسـەر باڵی خەیاڵەوە گەرمێن و کوێستانمان دەکــرد. لەچەشنی پەپــوولە پاییــزە بە باڵی بێ باڵــەوە دەفــڕین و دەنیــشـتــینەوە، هەناسـەی سروە دەیبــردین و شاباڵی هەوران دەبوو بە سەیوانی سەرمان.

سیحری ئەو وردە حەقایەتانە دەیکردین بەزەردە سمۆرە و بەدار و دەوەنی جیهانی نامۆ و کەوناردا هەڵدەزناین و ڕوح و جــەســتــەی مندااڵنەمــان تەژی دەبوو لە چێــژی بەختــەوەری و ڕاسـتگۆیی و سـامـاڵ بوون. کـە دیارە ئەمــەش لە تۆرەو ئەدەبیــاتی هەر گــەل و نەتەوەیەکــدا چەمک و تایبــەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە ئەمرۆکـەش ئەم فرچک گرتنە لەمێشکی هەر تۆرەوان و ئەدەب دۆستێکدا بۆتە سەوڵ و بێ ئەوەی هونەرمەند و هۆزانڤانی تامەزرۆ بەخۆی بزانێ، بەلەمی جەستەی بەسەر ڕووباری ژیانەوە بەرەو زەریای خەون و خەیاڵەکانی دەبزوێ.

چیرۆک بەگشــتی نەسیــحەت و ئامـۆژگاری و وانەی ژیانە، دەکرێ لە ڕێگەی چیرۆکەوە تۆوی ڕەوشت بەرزی و ئاکـار جوانی و بـاری مـرۆڤـایەتی لە دڵ و مـێـشـکی مندااڵدا داچێنین، ئەی خــۆزگــە مــاڵ و قــوتابخــانەش هەروەک ناوەندی (پەروەردە و بارهێنانی فکری منداڵ و مێرمندااڵن) سەرنجی بە ژانری ئەدەبی مندااڵن دابایە و کاری باشی بۆ چیرۆک و شیعری زارۆکـان بکردایە و لە حەوتەدا بەشێـک لەوانەی قـوتابخـانە بە فـەرمی باسی چیرۆک بوایەو مامۆستاکانیش کەمتەرخەم نەبانایە.

چیــرۆکبـێــژی تەمــەنی هێندەی باڵای پیت و وشــەیە، ڕەنگە سەردەمانێک تەنیا بە مەبەستی کات ڕابواردن و خەواندنی جگەرگۆشـەکـان بووبێ. زۆرن ئەو کـەسانەی بەروبووی باخی ڕەنگینیان باڵای بەقەی باڵای سەدەکانەو ڕوحی هەرگیز نەمری هەیە. هەروەک چیرۆکەکانی سەمەد بێهرەنگی، مرادی کرمانی، فەیزووڵڵای سووبحی، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، مەنسوور یاقووتی و...تاد برایانی گـریم و هانس کـریسـتیـەن ئاندرسن و...تاد ئەگـەر بە وردی بە ڕەهەندەکانی چیرۆکی مندااڵندا شۆڕببینەوە لە زمـانی ئەو خـامـە ڕەنگینانەوە، دەبێ قـبـوولی بکـەین چیرۆک و چیرۆکبێژی بۆکات ڕابواردن نەخوڵقاوە، چونکە چیرۆک ڕەنگدانەوەی تێبینییەکانی مرۆڤە لەمەڕ جیهان و دۆخی نەناسراو و بەرپێواری دەوروبەر و ژیانەوە، کە بە ڕایەڵ و پۆی ئەم داروتەونەوە مــرۆڤ هەر لە ســەرەتای تەمــەنیــیــەوە ئەم ڕێچکەیە دەگــرێتــە بەرو تێکەڵ بە نەریتوخدە و ڕێباز و مێژوو، بیروباوەڕی ئینسانەکانی ئێستا و ڕابردوو بووە و دەبێ.

## ڕاڤەکاری

لەم قـۆناغـەدا چەمکی خـەیاڵ دەگـرینەبەر لە چیـرۆکی هووشـەنگ مـرادی کـرمـانی. کـاکڵی خـەیاڵ بەشێکە لە چیـرۆکی ئەو نووسـەرە و لەسـەر ترۆپکی ئەم ژانرەوە باڵ دەبزێوێ. خـەیاڵێـک تێکەڵ بەهەست و خـۆشـەویسـتی، هەروەک خۆی باس دەکا: چیرۆکەکانی خاوەنی دووباڵن، یەکیـان باڵی ڕاستییەکانەو ئەویدی کە باڵی خەیاڵە. خۆ ئەگـەر بێـتـو یەکێ لەو دووانە نەبێ، بەرزەفڕی مـانایەکی نابێ و ئاکامەکەی هەڵدێران و بەربوونەوەیە. بەسەرنجدان بە بەشی خەیاڵ، هەروەک شوبهاندن، خوازەکان، مەجازی و تیــزوتانەو...تاد بخــەینە بەرباس، دەبێ ســەرنجی دارشتنی وشەو پەیڤی زێڕین و زیوینی بکەین، کە چەندە ئەم تەونە وەسـتـایانە گـوڵـبـزەی ئیلمـەی ڕەنگینی تێـوە دراوە. هووشــەنگ مـرادی کـرمـانی، نووســەری خـاوەن بەهرەی ئێـرانی، کــە بە دەیان کـۆپەڕی پڕ ناوەڕۆکی بۆ مندااڵن نووســیــوە، جــێی خـۆیەتی لێـرەدا ئامــاژە بە کارەکانی ئەو مامۆستا خامەڕەنگینە بکەین:

هووشـەنگ مـرادی کـرمـانی سـاڵی ١٣٢٣/١٩٤٤ لە گــوندی ســیــرچ ســەر بە شــاری کـرمـان لە وڵاتی ئێـران لەدایک بووە، خـوێندنی سەرەتایی هەر لەو گـوندە تەواو کــــردووە. ڕۆژگـــارێکی پڕ لە ئازار و مـــەرارەتی و بەشــــەمــــەینەتی تەشک و داوێنی گــــرتووە، لەهەشت ساڵییەوە دەستی بە کارکردن کردووە، بەڵام تامەزرۆیانە شــانی داوەتە بەرخـوێندن، خـوێندنی لە کـرمـان تەواو کردووە و بۆ خوێندنی بااڵ چۆتە پایتەختی ئێران، تاران. دەورەی هونەری دراماتیکی تەواو کـردووە و لە تەنیـشت ئەمەشدا لیسانسی لە زمانی ئینگلیزیدا وەرگرتووە.

مـرادی کـرمـانی دەڵێ: یەکـەم منداڵ و دوایین منداڵی بنەمـــاڵـەی دایک و بابم بووم، دایکی خـــۆم نەدیوە، هەروەک دەڵێن دایکم لە شازدە ساڵی زەماوەندی کردووە و لە هەژدە سـاڵـیـدا کـۆچی دوایی کـردووە، لەوکـاتەدا تەمـەنم سێ، یان شـەش مـانگانە بوو. بابیـشم لە کـاتی

خۆیدا ژاندارمی زێڕەڤانی بووە. لە چاو هاوماڵەکان باری ژیانی ئێمە باشتربوو. بەهۆی ڕووداوێک بابم تووشی خەمۆکی هات و هەتا کۆچی دوایی کرد لە سووچی ماڵدا دانیشت.

لە ساڵی ١٣٣٩ لە بەشی ئەدەبی ڕادیۆی کرمان دەست بەکار دەبێ. لە ساڵی ١٣٤٧ چیرۆکەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاو دەکاتەوە. یەکەم بەرهەمی چیرۆکی بەناوی «کۆڵانی بەختەوەری» لە گۆڤاری «خوشە»دا بڵاو دەکاتەوە، ئەمەش ڕوحێکی تەنزئامێزی پێوە دیار دەبێ. ساڵەکانی ١٣٤٩، یان ١٣٥٠ یەکەم کتێبی بەناوی «مەعسوومە» کە چەند چیرۆکێک لەخۆ دەگرێ، کتێبێکی دیکەی لەژێرناوی «ئاسکۆڵەی ترساوم» چاپ دەکا. لە ساڵی ١٣٥٣ «قسەکانی مەجید» دەکەوێتە بازاڕەوە، کە ئەمەیان تەواو ڕەنگدانەوەی ژیانی نووسەرە و باشترین خەڵاتی ساڵی بۆ خۆی مسۆگەر کرد، بەڵام یەکەمین خەڵاتی نووسەری ئەو بەهۆی نووسینی چیرۆکی «منداڵانی قاڵی چن»ـەوە بوو کە لە ساڵی ١٣٥٩ بەشێوەی نەغدی وەریگرت لە شوورەی کتێبی منداڵان، هەروەها خەڵاتی نێونەتەوەیی ئاندرسن لە ساڵی ١٩٨٦ ئەم نووسەرەی گەیاندە دنیای دەرەوە.

تا ئێستا بەرهەمەکانی مرادی کرمانی بەم زمانانە بڵاوبوونەتەوە: کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئیسپانی، هۆڵەندی و فەڕەنسی. کرمانی لە ساڵی ١٩٩٢ بەپێی دەنگی داوەرانی لیژنەی خەڵاتی نێونەتەوەیی «هانس کیرستیەن ئاندرسن» لە بەرلینی ئەڵمانیا بەهۆی کاردانەوەی لە ئەدەبیاتی منداڵاندا، وەک نووسەری هەڵبژاردەی ساڵی ١٩٩٢ ناوبانگی بڵاوبۆوە. وەک نووسەری هەڵبژاردەی وڵاتی کۆستاریکا، خەڵاتی خووزەماریتین، نووسەر و پاڵەوانی نەتەوەیی ئەمریکای لاتین لە ساڵی ١٩٩٥ی پێ بەخشرا، هەروەها لەلایەن شوورەی کتێبی منداڵانەوە بوو بە براوەی خەڵاتی ساڵوگەڕی «ئاستریدلیندگرین» لە ساڵی ٢٠٠٧دا.

بەرهەمەکانی هووشەنگ مرادی کرمانی:

١- قسەکانی مەجید «٥ بەرگ، ٣٨ چیرۆک».
٢- منداڵانی قاڵی چن، دوو چیرۆک.
٣- دارخورما «چیرۆکی درێژ».
٤- چەکمە «فیلمنامە».
٥- کووپە «چیرۆکی درێژ».
٦- مست لەپێست «چیرۆکی درێژ».
٧- تەندوور «کۆچیرۆک».
٨- کۆتر لە گۆزەدا «شانۆنامە».
٩- میوانی دایە «چیرۆکی درێژ».
١٠- مرەبای شیرین.
١١- بزەی هەنار.
١٢- بالیفە.
١٣- هووشەنگی دووەم.
١٤- مانگی شەوی چاردە.
١٥- خۆ ئێوە غەریبەنین.
١٦- نەتەڕەو نەوشکە.
١٧- گۆشت و پلاو.

# میتافیزیک لە فەلسەفەی نوێی ئەوروپادا

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

١- ئەگەر داگیرکردنی شاری یۆنانی کۆنستەنتینۆپل کە دواتر ناوی ئەستەمبۆلی بەسەردا براوە لەلایەن تورکی عوسمانی، لە ساڵی (١٤٥٣ز)دا بەکارەساتێکی مێژوویی و مرۆڤی و کولتووری دانرابێ، ئەوە بە بارەکەی دیکەیدا کۆتایی و دەستپێکی دوو قۆناغی گرینگی فەلسەفەی تۆمار کردووە: کۆتایی هاتنی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست و دەست پێکردنی فەلسەفەی نوێی ئەوروپا کە بە مردنی شۆڕەسواری فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵەمان هیگڵی گەورە لە ساڵی (١٨٣١ز) کۆتایی هاتووە. دوو قۆناغ لەوە بەولاوە کە هەردووکیان ناوی فەلسەفەیان لێ نراوە، هیچ شتێکی هاوبەش لەنێوانیاندا نییە، بگرە لە هەموو شتێکدا، لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا لە یەکتری جیاوازن:

- ئەگەر فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست خۆی لە خۆیدا فەلسەفە و لاهووتی تێکەڵکردبێ، بەو واتایە کە سونتێزەی فەلسەفەی یۆنان و ئایین (جوولەکە، مەسیحی، ئیسلام) بووبێ و فەلسەفەیەکی لێ پەیدابووبێ بە کوڵک و پێستەوە لە چوارچێوەی میتافیزیکدا گیری خواردبێ و ئەو سنوورەی نەبەزاندبێ، ئەوە فەلسەفەی نوێ بۆ ڕکەبەری کردنی ئەو قۆناغ و فەلسەفەیە و ئایینەکەی پەنای بردۆتە بەر تێکەڵکردنی فەلسەفە و زانست بەپێی هەر فەیلەسووف و جیهاندیدێک، جا ئیتر ئەو زانستە مەبەست لە زانستی سروشتی (فیزیک) بووبێ، یان بیرکاری و ئەندازە.

- لە پرۆسەی زانیندا لەو قۆناغە نوێیەدا، هیچی تر ڕاستی (حەقیقەت) لە سەرچاوەیەکی سەروو سروشتییەوە نایەت، بەڵکو مرۆڤ خۆی ئەو سەرچاوەیەیە و خۆی پێوەری مرۆڤی هەیە و لەو بارەیەوە بڕیار دەدات.



**هیگل**

ژیری مرۆڤ نەک (سرووش) لەلای ئەو فەیلەسووفانە سەرچاوەی زانینە.

٢- ئەگەر لە قۆناغی پێشتر گۆڕان ئەوپەڕی سست و لەسەرخۆ و هێمن بووبێ و تارادەیەک بە ئاسانی هەستی پێ نەکرابێ، چونکە گۆڕانەکە بەسڵ و پارێزەوە لە چوارچێوەی دۆگمەکانی کڵێسە و بەکارهێنانی چەمکەکانی زمانەکەدا بووە. بۆ نموونەی کێشەی هەندەکی و هەمەکی نێوان فەیلەسووفەکان Uni-versalienstreit لەگەڵ ڕکەبەری نێوان هەردوو ئاراستەی نۆمینالیزم و ڕێبازیزم کە پتر وشە و چەمکەکانی زمان کەرستەی توێژینەوەیان بووە، ئاراستەی سەرەکی فەلسەفە لاهووتییەکە بووە، بەڵام لە فەلسەفەی قۆناغی نوێدا، بابەتی ئاسمان هێنراوەتەوە سەر زەوی و مرۆڤ بۆتەوە سەرپشک و ژیانی ڕۆژانەی سەر زەوی، هی ئەم دنیایە، جارێکی تر بە هەند دانراوەتەوە، دوای قۆناغی ڕێنێسانس، ڕێبازی An-thropozentrik جیهاندیدیک بووە مرۆڤی کردووە بە پێوەری بڕیاردان لە بارەی هەموو شتێک و خۆی چەقی توێژینەوەیە، بە بوون و نابوونەوە(١). لە بەرانبەر کێشەی هەمەکی و هەندەکی سەدەکانی ناوەڕاستدا دوو ئاراستەی فەلسەفە لە فەلسەفەی نوێدا سەریان هەڵداوە و لە یەکتری لە سەنگەردا بوون کە دەکرێ بە خەسڵەتێکی میتافیزیکی ئەو سەردەمە دابنرێ:

مشتومڕی نێوان ڕێبازی ڕەها Absolutismus بەرانبەر بە ڕێبازی گومان Skeptitismus.

لە کاتێکدا ڕێبازی یەکەم پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە توانایی هزری و ژیری و زانینی مرۆڤ و پەیبردنی بە هەموو لایەنەکانی هەڵکەوتی دەوروبەر بێ سنوور و ڕەهایە و هیچ بەرپەرچێکی لەبەردەمدا نییە و پێویست بە یارمەتی و ڕێنمایی سەروو سروشتی نییە، ڕێبازی گومان بە تەواوەتی ئەو بۆچوونەی ڕەت کردۆتەوە و گومانی لە توانایی مرۆڤ کردووە کە خۆی بە تەنیا بتوانێ بەتەواوەتی پەی بەڕاستی و ڕاستەقینە بەرێت. لە بەرانبەر ئەو دوو ڕەنگییە زەقەدا ئیمانوێیل کانت (١٧٢٤-١٨٠٤ز) فەیلەسووفی ترانسندێنتالی ئەڵەمان بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە کە دیسانەوە لەلای خۆیەوە گرژی و مشتومڕی نوێی ورووژاندۆتەوە:

کانت شت لە خۆیدای لەدیاردە جیاکردۆتەوە و لەو باوەڕەدا بووە مرۆڤ تەنیا دیاردە دەزانێ و ڕاستی شت لەخۆیدا چییە، نایزانێ و پەی پێ نابات. ژیری مرۆڤ توانایی سنوورداری هەیە، بەڵام هەمیشە ئەو سنوورە دەبەزێنێ و لە وەڵامی کێشەی ڕەب، خواستی ئازاد و نەمری دەروون (گیان)دا دەکەوێتەوە نێو جیهانی جەنجاڵ ئامێزی میتافیزیکەوە. لە (پەراوێزی پەرەگرافی ٣٩٥ب، ڕەخنەی ژیری بێگەرددا) کانت وای داناوە کە میتافیزیک بۆ چارەسەرکردنی سێ کێشە ئاراستە کراوە: ڕەب، ئازادی، نەمریی گیان (نەفس). «میتافیزیک ئامانجی تایبەتی توێژینەوەکەی لە سێ بیرۆکەدا چڕ دەبێتەوە: ڕەب، ئازادی، نەمریی گیان، یەکەم و دووەمی ئەو چەمکانە بەیەکەوە بەندن، دەبێ بە ناچاریی سێیەمیان وەک ئەنجامێک لێ بکەوێتەوە.» (٢)

- لە فەلسەفەی مۆدێرندا، بە تایبەتی لە چوارچێوەی میتافیزیکدا کۆششی ڕشتنی ڕەنگی دیسپلین و میتودە کراوە، دیکارت، لایبنیتس، لۆک نموونەی ڕاستی ئەو قسەیەن.

- فەلسەفە لەو سەردەمەدا خۆی بەسەربەخۆ دیتووە و هیچی تر پابەندی دۆگمەکانی کڵێسە و ئایینەکە نەماوە، بەڕادەیەکی بەرچاو پێوەندی لەگەڵ فەلسەفەی سەدەکانی

ناوەڕاست پچڕاندووە تارادەیەک دەکرێ بڵێین فەلسەفە و لاهووت لەگەڵ یەکتری و بەرانبەر یەکتری بیانی و نامۆ بوون و پێوەندییان پێکەوە نەماوە(٣).

– لە میتافیزیکی مۆدێرندا کە لقێکی سەرنجڕاکێشی فەلسەفەکە بووە و هیچ فەیلەسووفێک نەیتوانیوە بە تەواوەتی خۆی لێ دەرباز بکات، ئەگەرچی ئاراستە هەبووە، لێی چوونە سەنگەرەوە و بەربەرەکانییان کردووە وەک هەڵوێستەکەی دێڤید هیوم، بە تایبەتی بەرانبەر بە میتافیزیک و بنەمای هۆیەکی، ئەوە بە پێچەوانەی سەدەکانی ناوەڕاستەوە کە هەڵوێستی نارێ هەبووە، بەرانبەر بە دەروون و بە هۆکاری بەدکاری دانراوە، ئەو دەروونە بە چاوێکی تر سەرنج دراوە، بێجگە لەوەی کراوە بە کەرستەی توێژینەوە و لەو دەروون (خۆ-خودە)وە هەنگاو نراوە بۆ دانانی بەردی بناغەی کۆشکی فەلسەفە سەرتاپاگیرە- جیهانیدەکە، بەڵام هەر فەیلەسووفە لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە. بۆ نموونە: دیکارت دەوروبەری پشتگوێ خستووە و گەڕاوەتەوە سەر دەروون – خودی خۆی بۆ پشت ڕاست کردنەوەی بوونی ڕەب و دەوروبەر، ئەو هەڵوێستە بە تەواوەتی بە پێچەوانەی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بووە، بۆیە بە باوک و ڕابەری فەلسەفەی نوێ ناونراوە. دیکارت دڵنیایی ناخی خودی کردووە بە بنەماو بنەڕەتی میتافیزیک (Selbstgewissheit).

بەلای کانتەوە خودی ئاکاریی، ئەو خودەی پابەندی سێ بنەما بەناوبانگەکە دەکات کە ئەو فەیلەسووفە ڕەنگی ڕشتوون، بەردی بناغەی کۆشکی میتافیزیکەکەی دادەنێ، بۆیە شاکارەکەی بە «دانانی بنەمای میتافیزیکی ئاکار» ناوبردووە. ڕابەری فەلسەفەی ئایدیالیستی ڕەهای ئەڵەمان هیگڵی گەورە و مەزن بە میتافیزیکی خودی ڕەها(٤) ناوی دەرکردووە.

**بابەتە سەرەکییەکانی میتافیزیکی نوێ**

١- ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەرنجی ئەو بەرهەمە میتافیزیکییە جۆر بەجۆرانە بدات کە لە ئارادان، ئیتر هەر لە سەردەمی یۆنانەوە بێ، یان ئەوەی لەگەڵ دەرکەوتنی گوڵی بەهاری قۆناغی نوێدا سەرئاو کەوتووە، بۆی دەردەکەوێ کە دوو جۆر میتافیزیک لەبەر یەکتریدا بوون و سەنگەریان لەیەکتری گرتووە و هەریەکەیان بە ئاراستەیەکی تایبەتیدا کاراو چالاک بووە:

– ئاراستەی یەکەمیان ئەرکی سەرەکی خۆی لە ڕەخنەکردنی ڕێبازە میتافیزیکییەکانی تر دیوەتەوە، کە بە ڕەخنەکردنی ناوەکی میتافیزیکی ناودەبرێ. بۆ نموونە هەر فەیلەسووفە ڕەخنەی لە بابەتی میتافیزیکی پێش خۆی، یان لەوانە گرتووە کە لەسەردەمەکەیدا دەستبەکار بووە. دیارترین نموونەی کۆن ئەو ڕەخنەیە بووە کە ئەرستۆ لە تیۆری ئایدیای ئەفلاتوونی گرتووە، یان ئەو ڕەخنەیەن کانت لە ڕێبازە میتافیزیکییەکانی سەدەی حەڤدە و هەژدەی گرتووە(٥) ئەو ئاراستەیە دەردەخەن.

– ئاراستەی دووەم بە ڕەخنەی دەرەکی میتافیزیکی Externe ناوبراوە. لەو ئاراستەیەدا هەوڵ دراوە ئامانجێک لەو دوو ئامانجانە بپێکرێ:

یان ئەوەتا میتافیزیک لە ناوەڕۆک و ڕوخساردا گۆڕانی بەسەردا بێت. کانت ڕابەری ئەو ئاراستەیە بووە و لە شاکاری پرۆلۆگومینادا کۆشاوە میتافیزیک وای لێ بێ لە دوا ڕۆژدا ببێ بە زانست. ئەوی تریان بە پێچەوانەوە هەموو جۆرە میتافیزیکێکی ڕەت کردۆتەوە، هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە کە میتافیزیک لە بنەڕەتەوە، یان بەپێی هەڵکەوت گونجاو نییە و ناشیاوەکییە و لەکردن نایەت unmöglich. هیوم لە کۆتایی شاکاری «توێژینەوەیەک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ» بڕیارێکی داوە، بووە بە دروشمی سەرەکی ئەو ڕێبازانەی پشتیان کردۆتە میتافیزیک و پەنا دەبەنە بەر زانست بەگشتی و میتافیزیک بە تایبەتی، ئەو بڕیارە بۆتە قسەی سەر زمان و ژێر زمانیان. هیوم گوتوویەتی:

ئەگەر لە کتێبخانەیەک کتێبێک بەردەست کەوت، دەربارەی لاهووت، زانستی ڕەببانی، یان دەربارەی میتافیزیک بێت، یەکسەر دەبێ بپرسرێت: ئایا ئەو بەرهەمە ئەنجامگیرییەتی ئەبستراکتی (پەتی) لە بارەی چەندێتی، یان لە بارەی ژمارەوە تێدایە؟ وەڵامەکەی نەء، ئایا دەربارەی ڕاستی و بوون ئەنجامگیرییەکەی پشت ئەستوور بە ئەزموونی تێدایە؟ ئەگەر وەڵامەکە دیسان نەء بوو، دەبێ ئەو کتێبە فڕێ بدرێتە نێو ئاگردانەوە(٦).

ئەگەرچی فڕێدانی کتێب بۆ ناو ئاگردان، بە هیچ بنەمایەک پاساو نادرێتەوە، ئەوە ئەو بڕیارەی هیوم خۆی داویەتی لەلای خۆیەوە بە بنەمای چەند و چۆنیەتی بیرکاری و ئەزموون پشت ئەستوور نییە و خۆیشی



**کانت**

گازندەی ئەوەی لێ دەکرێ کە بۆ بەگژداچوونەوەی میتافیزیک پەنای بۆ پێوەر- بابەتێک بردووە لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا لەگەڵ میتافیزیک نایەتەوە، بۆیە بڕیارەکەی نازانستییەو بەهەند وەرناگیرێ. ئەو داواکارییەی هیوم لە میتافیزیک لە کردن نایەت، چونکە ئەگەر میتافیزیک ئەو مەرجانەی تێدابێ کە ئەو مەبەستیەتی، بابەتەکە بەهیچ جۆرێک میتافیزیک نابێ و نامێنێ و دەبێ بە بابەتێکی دیکە. کەوابوو داواکارییەکە بریتییە لە بە هەڵە تێگەیشتن لەپێناسە و بابەتی میتافیزیک چۆنە و چۆن بێ. پەسندکردنی میتافیزیک بە مەرج و ڕەت کردنەوەی ڕەهاو یەکجارەکی ئەو بابەتە، هەردووکیان نەگونجاون و پەسند نین و بە هیچ بنەمایەک پشت ڕاست ناکرێنەوە. شیاوەکی و ناشیاوەکی میتافیزیک پێشییانە بێ، یان لە هەر ڕوخسار و فۆرمێکدا دەرکەوێ، نە ئارێ دەکرێ و نە نارێ، چونکە بابەتێکە کێشە ئامێزە و جێگای ناکۆکی و جیاوازی بیروڕاوبۆچوونی فەیلەسوف و بیرمەندانە.

بوون و نەبوونی میتافیزیک دیاردەیەکە ژیانی هزری و ژیری مرۆڤ خۆی بڕیاری لەسەر دەدات. هەرچۆنێک بێت میتافیزیک هەر لەسەرەتای دەرکەوتنییەوە هێزێکی سەرنجڕاکێشی هەبووە، ئیتر ئەو هێزە بووبێ بە مایەی ئەوەی هزرمەندان بەلای خۆیدا بەرێ، یان وایان لێ بکات لێی دوور بکەونەوە و دوژمنایەتی بکەن، بۆیە دەکرێ بگوترێ لەو کایەیەدا میانڕەو بەدەگمەن دەبینرێ، گرووپێک ئەوپەڕی لایەنگیرییان کردووە تاڕادەی توندڕەوی و سنوور بەزاندن و لایەنێکی تر ئەوپەڕی ڕکەبەرییان کردووە و لەو هەڵوێستەیاندا ئەوەندە پێیان داگرتووە، هیچیان تێدا نەهێشتۆتەوە.

٢- ئەگەر مرۆڤ لە ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمانە ورد ببێتەوە کە ڕابەرانی میتافیزیک دایان ناون، بۆی دەردەکەوێ چەند بابەتێکی سەرەکی جێگای بایەخ پێدان بوون و فەیلەسوفان بەخامە ڕەنگین و بەپێزەکانیان شییان کردوونەتەوە:

**یەکەم:** ڕەب و جیهان و ئەو دنیای تر (قیامەت).

**دووەم:** بێ کۆتایی و کۆتایی.

**سێیەم:** دەروون (گیان) و لەش.

**چوارەم:** بوون و ژین و مردن.

**پێنجەم:** تاک و Das Individuum کۆ. هەندەکی و هەمەکی.

**شەشەم:** زانین، ژیر (فام) و خواستی ئازاد.

**حەوتەم:** کات و جێگا.

- سەرەتای دەستپێکی میتافیزیک بەو پرسیارە بووە دەربارەی ئەو دوو ڕەنگییەی (دوالیزم) لە هەموو کونوکەلەبەرێکی دنیاو ژیانی ڕۆژانەدا سەرنج ڕادەکێشێ. ئیتر بەپێی هەلومەرجی سەردەم و جیهاندید و بۆچوونی فەیلەسوفەکە هەڵوێست دەربارەی ئەو دیاردە کێشە ئامێزە دیار و دەستنیشان کراوە.

هەندێکیان هەوڵیان داوە بوونی دوو ڕەنگییەکە تاڕادەیەک وەک ڕاستییەک پەسند بکەن و پاساوی بدەنەوە. ڕەب بە داهێنەر و جیهانی دەوروبەر بە داهێنراو دانراوە و دووەمیان کراوە بە بەڵگەی ساغ کردنەوەی یەکەمیان لەلای هەندێک فەیلەسوفی تر کۆششەکە بە ئاراستەیەکی تردا بووە. لە هێز و توانایی ئەو دوو ڕەنگییە کاڵ بکرێتەوە، بە جۆرێک ئەگەر وەک دوو جەمسەری ناکۆک بەیەکتر هاتبنە بەرچاو، یان وا نیشان درابن، ئەو دوو جەمسەرە بە تەواوکاری یەکتری نیشان بدرێن، وەک دوو دیوی یەک دراو کە ئەگەر لەیەکتری جیابن، ئەوە تەواوکاری یەکترین و لەیەکتری دانابڕێن. فەلسەفەی ئایینزا جوولەکەی هۆڵەندەیی باروخ سپینۆزا

(١٦٣٤-١٦٧٧ز) نموونەیەکی ئەو هەوڵە سەرکەوتووانەیە کە دەربارەی لادانی ناکۆکی نێوان ئەو دوو جەمسەرە (ڕەب-جیهان) دراوە. بەلای ئەو کەڵە فەیلەسووفەوە ڕەب و سروشت یەک شتن و ئەو جارێکیان چەمکی «ڕەب، یان سروشت» و جارێکی تر لەبەرهەمەکاندا دوو چەمک بۆ هەردووکیان بەکار دەهێنێ: هەردووکیان گەوهەرێکی بێ کۆتایین، دەکرێ بە ڕەب و دەکرێ بە سروشت ناوببرێ. بۆ ئەو مەبەستە لە شاکاری «ئاکار»دا پەنای بردۆتە بەر پێناسەکردنی گەوهەرو ویستوویەتی ساغی بکاتەوە کە تاکە یەک گەوهەر هەیە ئەویش دوو تایبەتمەندی هەیە:

– سروشتی داهێنەر natura naturans. ئەو سروشتە هەرە کۆن و بێ سنوورە خۆی هۆکاری بوونی خۆی و بوونی هەموو شتێکە، گەوهەرە، داهێنەرە و ڕەب خۆیەتی.

– سروشتی داهێنراو natura naturata لە سروشتی داهێنراوەوە کەوتۆتەوە و ئەو پەیدابوونەش ناچاریی بووە و تایبەتمەندی و خەسڵەتی ڕەب بەرجەستە دەکات(٧). بەو پێیە وەک بارۆخ دو سپینۆزا گوتوویەتی: لە بووندا یەک تاکە گەوهەر هەیە، ئەو گەوهەرە تایبەتمەندی دیاری هەیە. لەلایەکەوە ڕەبی داهێنەرە و لە لایەکی دیکەوە سروشتی داهێنراوە. دەبێ ئەو جیهاندیدەی ئەو فەیلەسووفە کە بەهۆی مووسای کوڕی مەیموونەوە شارەزای فەلسەفەی ڕۆژهەڵات بووە. چەند سوودی لە یەکرەنگی بوونی (وحدەتی وجوودی) ئبن عەرەبی سۆفی وەرگرتبێ؟ پرسیارێکە لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا دەچێتە دەرەوە.

– هەردوو چەمکی بێ کۆتایی و کۆتایی کە لەسەردەمی عەبباسییەکانەوە دوای وەرگێڕانی کولتووری یۆنان بۆ سەر زمانی عەرەبی هەردوو وشەی (نهائي و لانهائي)یان بۆ دانراوە، ئاماژەن بۆ چەند کێشە پرسیارێک کەوا بە ئاسانی وەڵام نادرێنەوە، چونکە سنووری توانایی مرۆڤ دەبەزێنن و ناکرێ بەهیچ ئامرازێکی لۆژیک و ئەزموون و شارەزایی و تاقیکردنەوە یەکلایی بکرێنەوە. ئەگەر لە بیرکاریدا (هاوکێشە) ئەو دوو چەمکە تەواوکاری یەکترین و بەبێ یەکتری نابن، ئەوە لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆناندا، بێ کۆتایی تەنیا هەر هێز و توانایی بووە ببێ بە شتێکی دیکە، ئەرستۆ و پیادەکاران بە هێزەکیان ناوبردووە، ڕاستەقینە کۆتاییە، چونکە سەرەتا و کۆتایی هەیە، بۆیە لەلای ئەو فەیلەسووفە بە کردەکی ناوبراوە، بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەهۆی دەست ڕۆیشتوویی ئایینە تۆتالیتێرە سەرتاپاگیرەکە، بەپێچەوانەوە بێ کۆتایی کردەکی و کۆتایی هێزەکی بووە، چونکە کۆتایی هەمیشە چاوی لە دەستی ئەوی تریانە و بەبێ ئەو بوونی نابێ. ئەوی سەرەتا و کۆتایی هەبێ و هەتا سەر نامێنێ و لەناو دەچێ، بەڵام بێ کۆتاییەکە سنوور و ڕادەی بۆ نییە، نە دەست پێکی هەیە و نە کۆتایی، هەر هەبووە و هەر دەمێنێ.

ئەو دوو هەڵوێستە دەکرێ لە دوو ڕوانگەی لە یەکتری جیاواز و بەپێی پێودانگی تایبەتییەوە لێک بدرێنەوە، ئینجا ڕەوایەتییەکەیان پاساو بدرێتەوە.

لەلای یۆنانییەکان شتێک کردەکی دەبێ، بوونی ڕاستەقینەی دەبێ ئەگەر بێتو کێشی هەبێ، بپێورێ و بژمێردرێ(٨) بەپێی ئەو پێوەرە بێ، کۆتایی لەگەڵ هیچ کامێک لەمانە نایەتەوە، بۆیە بوونەکەی تەنیا هەر وێنەیەکە لەمێشکدا بەبێ ئەوەی لە جیهانی دەوروبەری هەڵکەوتدا بتوانرێ ئەو بوونەی ساغ بکرێتەوە. ئینجا ناشتوانرێ بە تەواوەتی بزانرێ. بەلای فەیلەسووفەکانی سەدەی ناوەڕاستەوە دوو ڕەنگی کۆتایی و بێ کۆتایی بنەمایەکی سەرەکی بووە لە دۆگمی کڵێسەی ئایینەکەوە کەوتۆتەوە. بێ کۆتایی داهێنەرە و کۆتایی داهێنراویەتی. زانینی ئەو بێ کۆتاییە و ناسینەکەی لە سنووری توانایی ژێری مرۆڤدا نەبێ، ئەوە ڕێگایەکی ترانسندێنتالی سەروو سروشتی هەیە کە بە عەرەبی (وەحی) پێ دەگوترێ دەستەبەری ئەو زانین و ناسینە بووە و دەبێ.

بابەتی کۆتایی و بێ کۆتایی لەسەدەی نوێدا لەلایەن لایبنیتسەوە، بە تایبەتی لەمۆنادۆلۆژیدا بەشێوازێکی فەلسەفەیی- لۆژیکی پشت ئەستوور بە بنەماکانی بیرکاری تاووتوکراوە. ئەو فەیلەسووفە گیانی لە بوونەوەری بێ کۆتایی داوە بە بوونەوەرە وردیلەکانی تر کە جیهانیان لێ پێکهاتووە و ئەو بە مۆناد ناوی بردوون. ئەو مۆنادانە بچووکترین یەکەی جیهان و بوون، بێ کۆتایی دابەش دەبن(٩) دەبێ سەرنج لە هەر یەکێک لەو یەکانەی جیهان بدرێت و شوێنەواری ڕەببانی بەدی بکرێت.

ئەگەر سەرنج لە پێگەو مەڵبەندی مرۆڤ، وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بدرێ کە بەهیچ جۆرێک لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سروشتی دەوروبەری جیانابێتەوە و وەک یەکەیەک دێتە بەرچاو لە چوارچێوەیەکی فراوان و بەرین و گەورەتردایە، ئەو بوونە ڕاستەقینەیەی بەوە پشت ڕاست دەبێتەوە کە پێوەندییەکی ئۆنتۆلۆژی ژیان بە ڕەوشێکی بێ کۆتایی پابەند دەکات و توندوتۆڵ بە جیهانەوە دەیبەستێتەوە و هیچ کەلەبەرێک بۆ دابڕان و بە دوور گرتن ناهێڵێتەوە، وەک تاکیش کە تاڕادەیەک سەربەخۆیی خۆی هەیە واتای ژیانی لەچوارچێوەی کارایی و کارلێکرانی دەستەوایی لە جیهاندا بەرجەستە دەبێ، کەوابوو پێوەندییەکی ناچاریی ئیتر دەروونی، یان هەڵکەوت بێ، لەنێوان کۆتایی و بێ کۆتاییدا هەیە، لەنێوان تاک و کۆ لەنێوان کات و هەتا هەتاییدا هەیە، ئەو هەست کردنە بوونی ئازادی مرۆڤ پشت ڕاست دەکاتەوە لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا ئەو ڕەخنە و پرسیارەیە کە شێوازی گازاندەش هەڵدەگرێ هەر بەکراوەیی دەمێنێتەوە:

هەر چۆنێک بابەتەکە هەڵبسەنگێنرێ و بە هەر لایەکدا لێک بدرێتەوە، چەمکەکانی ژێر و بنەماکانی لۆژیک کە پشت بەدەربڕینی دەستەواژەکان دەبەستن، ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە کە کۆتایی هەمیشە ڕادە و سنووردارە، دێت و دەچێ و پەیدا دەبێ و لەناو دەچێ، کۆتایی دێت و خۆی لە خۆیدا بوونی سەربەخۆی نییە، بەڵکو پشت بە بوونێکی تر دەبەستێ کە لێوە ناکراوە، ئەویش بێ کۆتاییە.

- لەو کێشە میتافیزیکییەوە کێشەیەکی تری تەمومژاوی سەر ئاو دەکەوێ هەویرەکەی پتر ئاودەکێشێ: کێشەی دەروون و لەش پێکەوە و پێوەندی هەردووکیان بەجیهانی دەوروبەرەوە:

ئەگەر لەش بە ڕوخساری دەروون دانرابێ، یان لەش ئەو چوارچێوەیە بووبێ دەروونی تێدابێ، ئەوە دەروون بەدرێژایی مێژووی فەلسەفە بە بنەمای زیندوویی لەش دانراوە و هەر ئەو تەواوەتی و چالاکی و کارایی پێ بەخشیوە، بۆیە هەر لەسەردەمی ئەرستۆوە دەروون بە ئینتیلیخی Entelehie (واتە کەماڵ و تەواوەتی) باس کراوە، بەڵام لە ئایینەکاندا بە پێچەوانەوە ئۆباڵی بەدکاریی مرۆڤی خراوەتە ئەستۆ. سەرچاوەی ئەو بڕیارە (حوکمە) تەوراتی جوولەکەیە کە باسی ئادەم و خواردن لە بەری درەختی زانینی کردووە. لە ئیسلامدا دەروون هۆکارێکە لە هۆکارەکانی بەدکاری و سەرپێچی و گوناح، ئیتر بەئاشکرا واباس کراوە کە فرمانی بەدکاری دەدات (النفس لأمارة بالسوء).

لە فەلسەفەی ئیسلامدا بە تایبەتی و لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بەگشتی - بەدەر لە ئایینەکان- دەروون وا تەماشا کراوە کە ڕێگایەک دەگرێتە بەر لە دەرەوە بەرەو ناوەوە- ناخی مرۆڤ- لەوێشەوە بەرز دەبێتەوە بۆ لای ڕەب، ئەگەرچی ئەو دەروونە خۆی لە خۆیدا هەمیشە گرێ کوێرەیەک بووە، هەرگیز بە تەواوەتی ئەوسا نەتوانراوە بکرێتەوە، بەڵام چەند کۆششێکی فەلسەفەیی لەو کایەیەدا کراون بۆ پەردە لادان لەسەری و دەرخستنی نهێنییەکانی. بە باوەڕی من (بوعەلی سینای بوخاری) کە (هەموو بەرهەمەکانی تەنیا هەر بە زمانی عەرەبی نووسیوە) بە جوانترین شێوەی سەردەمی خۆی بەڵگەی ساغ کردنەوەی دەروون و جیاوازییەکەی لە لەش خستۆتە ڕوو، ئەگەرچی بەڵگەکە سادە و ساکارە، بەڵام سەرنجڕاکێشە و وردی و بیرتیژییەکی لۆژیکی تێدا هەست پێ دەکرێ. بوعەلی سینای بوخاری گوتوویەتی: دەروون - نەفس- هەیە و لە لەش و بەدەن جیاوازە بەو بەڵگەیە:

وا دابنێ لەشیان لێ زەوت کردووی، بەڵام هەر هەست بە بوونی خودی خۆت دەکەی کە هەی، ئەو خۆتە، دەروونە، کەوابوو دەروون هەیە و لە لەش جیاوازە.

ئەگەرچی ئەو بەڵگەیە ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام هۆکارەکەی ئایینەکە بووە! دیکارت لەسەدەی حەڤدە ڕۆڵێکی گەورەی لەو کایەیەدا گێڕاوە. دەروون و لەشی لەیەکتری جیاکردۆتەوە و هەریەکەیان خەسڵەتێکی تایبەتی پێ بەخشیوە کە لەوی تر جیای دەکاتەوە، بەڵام هەردووکیشیان توندوتۆڵ و پابەندی یەکترین و بە مردن نەبێ لەیەکتری جیا نابنەوە. بەلای دیکارتەوە دەروون خەسڵەتی بیرکردنەوە و لەش خەسڵەتی درێژبوونەوەیان هەیە، بۆیە دەکرێ باسی دوو گەوهەر بکرێت کە دوو سروشت و خەسڵەتی دیار و ئاشکرایان هەیە. دیکارت بوونی دەروون و بوونی چالاکی دەروون کە بیرکردنەوەیە، کردوویەتی بە بەڵگەی بوونی خۆی، ئینجا دەوروبەر و پشت ڕاست کردنەوەی بوونی ڕەب. ئەو هەنگاوەی،

گەڕانەوە بۆ سەر خۆی، بۆ سەر خودی مرۆڤ، بۆتە مایەی ئەوەی کە لەلایەن هیگڵەوە بە باوکی فەلسەفەی نوێ دابنرێ. ئەگەر پێشتر دەوربەر کرابێ بە بنەمای پشت ڕاستکردنەوەی بوونی ڕەب، ئەوە خودی خۆی کردووە بە بنەماو بوونی دەوروبەری پابەند بەو بوونە کردووە.

جیاکردنەوەی دەروون (نەفس- گیان- ڕوح) پرۆسەیەکە تەنیا هەر لە مێشکدا و بۆ مەبەستی توێژینەوەی (فەلسەفەیی) دەگونجێ و دەشێ. هەتاکو ئێستا پێداگرتن لەسەر بوونی دەروون وەک گەوهەرێکی سەربەخۆ بەرانبەر بە لەش بەهیچ بنەمایەکی لۆژیکی- ژیری- زانستی پشت ئەستوور نییە. دەروون- گیان کۆی چالاکی تێکڕای ئەندام و ئۆرگانە زیندووە کاراکانی لەشی مرۆڤە. چالاکی هەر یەکێک لەو ئۆرگان و ئەندامانە لە دەفرێکدا، لەچوارچێوەیەکدا بە نەزمێکی دیاریکراوی هەمەڕەنگی بەپێزی ئەوپەڕی ورد و ڕێکوپێک لەکۆیەکدا ڕێک دەخرێن و پێی دەگوترێ دەروون! ئەو کۆی چالاکیانەی ئۆرگانەکانی لەش- ئەگەر بشێ بە مەبەستی ڕوونکردنەوە بگوترێ- لە تابلۆیەکی هونەری دەچێ کە بە پەڕەمووچی هونەرمەندێک لە چوارچێوەیەکدا ڕەنگڕێژراوە، بەڵام ئەو بۆچوونە لەوە کاڵ ناکاتەوە کە بیروڕای دیکارت و ئەوانی لەپێش ئەوەوە هاتوون و لەو کایەیەدا بەشدارییان کردووە، بایەخی مێژوویی خۆیان هەیە و هەبووە و لەو ڕەوش و هەلومەرجە هەمەڕەنگییە ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و کولتوورییەی سەردەمەکەیان جیاناکرێتەوە، بگرە ئەو دۆخەیان بەجوانترین شێوازی هزری و ژیری بەرجەستە کردووە.

- بوون و ژین و مردن، ئەو سێ چەمکە بوون زۆربەی هەر زۆری فەیلەسووفەکان لە چوارچێوەی جیهاندیدەکەیاندا بایەخیان پێ داون و کەم تا زۆر کردوویانن بە کەرستەی توێژینەوەیان.

بوون خۆی لەخۆیدا لە گرێ کوێرەیەک چووە حەپەسان و سەرسوڕمان و نائارامی لێکەوتۆتەوە و ئەو دۆخەش خۆی بۆ خۆی هۆکاری پەیدابوون و سەرهەڵدانی فەلسەفە بووە.

ئەگەر لەلای ئەرستۆ دوو جۆرە بوون هەبووبێ، بوونی هێزەکی و بوونی کردەکی، ئەوە لە فەلسەفەی نوێدا بابەتەکە زیاتر ڕوونی و ڕەوانی پێوە دەبینرێ. بۆ نموونە لەلای دیکارت دوو جۆرە بوون هەیە:

- بوونی مەتریالی (مادی) res extensa بوونی درێژ بووەوە.

- بوونی بیری (هزری) res Cogitans بوونی هۆشیار و بیرکەرەوە. دەکرێ ئەو دوو جۆرە بوونە بەوە لێک بدرێتەوە کە لە جیهاندا بەگشتی دوو ڕەنگی هەیە. هەندێک بوون هەیە کە دەکرێ بە پێنج هەستەکان پەی پێ ببرێ و بناسرێ و بزانرێ. بوونی تر هەیە کە بابەتی هزر و بیر و ژیرن.

پرسیارێکی سەرەکی کە لەو کایەیەدا بەبیردا دێت ئەوەیە: کە دەڵێین ئەو شتە بوونی هەیە، مرۆڤ باسی چی دەکات؟ ئەو بوونە گەوهەرە، یان خەسڵەت و تایبەتمەندییە؟ دیاردەیە، یان فاکتە؟ دەکرێ ئەو بوونە لە سەنگەری ئەودیوی گۆڕان و لەناوچوون دابنرێ، یان نا؟

بوون خۆی گەوهەرە نەک خەسڵەت، چونکە ناکرێ ببەخشرێ و بستێندرێتەوە. ئەوی دەکرێ ئەوەیە لە دەستەواژەی ژیاندا جارێکیان بوونەکە ئارێ و جارێکی دیکە نارێ دەکرێ. بوون گەوهەرە ئەگەر لەدەست درا، ئەو بوونەوەرە هیچی تر لە چوارچێوە و کایەی بووندا نامێنێ. بەو پێوەرە من وای بۆ دەچم کە هەموو ئەو کۆششانەی بەدرێژایی مێژووی فەلسەفە کراون بۆ پشت ڕاست کردنەوەی بوونی بوونەوەرێکی ترانسندێنتالی سەروو سروشتی هێز و دەسەڵات سنووربەزێنی داهێنەر تەنیا هەست و نەستی مرۆڤی هزرمەندی نیگەران و حەپەساویان لەبەردەم کێشەی بوون بە هەردوو ڕەهەندی ترانسندێنتالی و سروشتی دەربڕیوە و بەرجەستە کردووە. پێکهاتەی هزری و ژیری مرۆڤ لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە نەزم و یەک ڕەنگی لەنێو گەرمەی هەمەڕەنگی و بێ سەروبەرەییدا دابمەزرێنێتەوە و پاساوی بوونی بێ دادی و زۆر و جەور و ناڕەواییەکانی ژیان بەوە بداتەوە کە ئۆباڵی ئەستۆی مرۆڤ لابەرێ و گریمانەی ڕەوشێک بکات کە ئەوی دڵی مرۆڤ لەم دنیایە دەیخوازێ و پێی ناگات لەوێدا بەدی بکات. ساغ کردنەوەی بوون و نابوونی ئەو بوونەوەر و جیهانە ترانسندێنتالییە وەک یەکە، چونکە جارێکیان ڕستەکە ئا و جارێکی تر نا دەکرێ، دەنا بوون نەدەبەخشرێ و نە دەستێندرێتەوە. ئەو کۆششە ئەوە دەردەخات کە مرۆڤ هۆشیاری کۆمەڵایەتی هەیە.

مردن کە ئەنتی تیژەی بوون و ژینە هەر لەسەرەتای ژیانەوە مرۆڤی تاساندووە. بۆ دەبێ هاتنە دنیاو خۆشی ژیان بەو کارەساتە دڵ تەزێنە جەرگبڕە: مردن کۆتایی بێ؟ نهێنی ئەو ڕەوشە دڵتەزێنە کارەسات ئامێزە چییە و چۆن لێک دەدرێتەوە؟ هەر شتێک سەرەتای هەبێ، دەبێ کۆتایی هەبێ، بەڵام جۆری کۆتایی هاتنەکە چۆنە؟ ژیان لەخۆیدا بەخۆشی و ناخۆشییەوە گریمانەی بەختەوەری و نەمریی دەکات بە مەرجی پێشەکی، مردن ڕەت کردنەوەی ئەو مەرجەیە" هەر لەسەردەمی ئەرستۆوە فەیلەسووفەکان بەشێوازی جیاواز کۆشاون ترسی مردن لە دڵی خەڵک بڕەوێننەوە، بەڵگەشیان ئەوە بووە کە ئەگەر مردن هات، ژیان تەواو دەبێ و مرۆڤ هەست بە هیچ ناکات، خۆ ئەگەر ڕۆژێ تەواو نەبووبێ و مردنەکە نەیەت، ئەوە هیچ نەقەوماوە پێویست بە دڵەڕاوکێ ناکات. کەواتە بیرکردنەوە لە مردن، چاکترە لەوەی بیری لێ نەکرێتەوە. ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێ ئایا مرۆڤ لە مردن دەترسێ، یان لە ئەنجامەکانی؟

بەلای سپینۆزاوە شت و کاروباری باشتر لە مردن هەیە کە مرۆڤ بیری لێ بکاتەوە، چونکە بیرکردنەوە لەو کارەساتە هیچ ئەنجامێکی نابێ، ئینجا سپینۆزا گوتەنی:

«مرۆڤی ئازاد بیر لە مردن ناکاتەوە، چونکە ژیریی و داناییەکەی لەوەدایە بیر لە ژیان بکاتەوە نەک لە مردن» (١٠)

هەر چۆنێک بێت کاردانەوەی مرۆڤ بەرانبەر بە مردن ئەوە کارەساتێکی ناچارییە و لە چارەی هەموو کەسێک نووسراوە. ئەوی لێرەدا پێویستە بگوترێ، مردن وەک لە دایک بوون تاکە تاقیکردنەوەیە لە ژیاندا کە هەموو کەسێک پێیدا تێدەپەڕێ بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لە بارەیەوە بزانێ و بەبێ ئەوەی شتی لێوە فێربێ و بتوانێ شتێکی لێ باس بکات.

- تاک و کۆ، هەندەکی و هەمەکی: ئەو بابەتە پتر ڕوخسار و سروشتی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستی پێوە دیارە! بەڵام لە سەدەی حەڤدەدا بە جوانترین شێوە لە ڕێبازی مۆنادی لایبنیتس-دا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو ڕەنگدانەوەیە لە پێناسەکردنی گەوهەری مۆناد و هارمۆنی پێشوەختدا بەرجەستە بووە.

هەمەڕەنگی هەڵوێست و جیهاندیدە جیاکانی فەیلەسووفەکان لەو کایەیەدا ڕەنگدانەوەی هەمەڕەهەندی ئەو کێشە بیری و هزریانە بووە کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا یەخەی گرتوون و ناڕەحەتی کردوون. ئەگەر دیکارت پێی لەسەر بوونی دوو گەوهەری ماددەیی (درێژبووەوە) و گەوهەری گیانی (بیرکەرەوە) داگرتبێ، ئەوە سپینۆزا ئەو دوو گەوهەرەی بە دوو دیوی یەک بووندا دیوە کە لە یەکتری جیاوازن و توندوتۆڵ بە یەکترییەوە بەندن، ئەوە لایبنیتس هەمەڕەنگی بە سروشتی ئاسایی بوون داناوە. بوونی تاک لە ژمارە بەدەرە کە ئەو بە مۆنادی داناوە لەلایەکەوە تاک و جیاوازی و سەربەخۆیان دەستەبەر دەبێ لەلایەکی ترەوە کۆی تاکەکانیش پشت ڕاست دەکاتەوە. هەر مۆنادە لەلای خۆیەوە جیهانێکی سەربەخۆیە ئەتۆمێکی گیانییە، گەوهەرێکی سادە و ساکارە. لەگەڵ ئەوەشدا لە جیهاندا هیچ مۆنادێک لەوی تر ناچێ لە تێکڕای بووندا لەسەرانسەری جیهاندا دوو بوونەوەر نییە کە لە هەموو لایەکەوە وەک یەک بن و بە تەواوەتی لەیەکتری بچن. لایبنیتس گوتوویەتی:

دەبێ هەر مۆنادە لەوی تر جیابێت، هیچ کاتێک و لە هیچ شوێنێکی سروشتدا دوو گەوهەر نەبووە بە تەواوەتی وەک یەک بن و لەنێوانیاندا جیاوازییەکی لە سروشتی ناوەکییانەوە کەوتبێتەوە هەستی پێ نەکرێت. ئەمەیە مەبەست لە بنەمای «لە یەکتری چووەکان» (١١)

ئەگەر لە جیهاندا ئەو جیاوازییە سەرنجڕاکێشە هەبێ و دوو مۆناد لە یەکتری نەچن و مۆنادەکان دەرگا و پەنجەرەیان نەبێ، چۆن بوونی ئەو ڕێکوپێکییە و نەزمەی لەجیهاندا هەیە و هەستی پێ دەکرێ لێک دەدرێتەوە؟ چۆن ئەو مۆنادە جیاوازانە پێکەوە هەڵ دەکەن؟

لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەدا لایبنیتس هەردوو بابەتی سروشتی و سەروو سروشتی میتافیزیک تێکەڵ یەکتری دەکات و سوود لە میتودەی بیرکاری وەردەگرێ، لەو بارەیەوە گوتوویەتی، ئەگەرچی هەر مۆنادە لە بەرانبەر ئەوی تردا سەربەخۆیە و جیایە و پێوەندی ڕاستەوخۆیان لەنێواندا نییە، بەڵام ئەوی لەیەکێکیاندا ڕوودەدات، بە تایبەتی گۆڕان تێیدا، لە مۆنادەکانی دیکەدا ڕەنگ دەداتەوە، چونکە مۆنادەکان جیهان بەرجەستە دەکەن هەریەکە لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە. ئیتر لەو قسەیەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی، ئەگەرچی گەردوون، جیهان، لە ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە ژماردن نەهاتووی گەوهەر پێکهاتووە، ئەوەش هەمەڕەنگی بوون

دەردەخات، هەر مۆنادێک بەجۆرێک پەرەدەستێنێ کە لەگەڵ بنەمای ناوەکی خۆیدا بێتەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەوانی تردا. ڕەب بەپێی ئەو گۆشەنیگا جیاوازییانەی لە بارەی جیهانەوە هەیەتی، مۆنادی جیاواز دادەهێنێ و لەکاتی پێویستدا دەست دەخاتە ناو پرۆسەکەو وادەکات ئەوەی لە هەر گەوهەرێکدا دەقەومێ وەک ئەوە بێ کە لەوانی دیکەدا ڕوودەدات(١٢)، ئەمەش وادەگەیەنێ لەنێو مۆنادەکان و جیهاندا هارمۆنییەکی پێش وەختی هەیە. جیهانیش لەخۆیدا سیستم و نەزمێکی بێ کۆتایی مۆنادەکانە و ڕەب هۆکاری بوونی مۆنادەکانە و هەر ئەو سروشتە تایبەتییەکەیانی دیار و دەستنیشان کردووە، لەو بۆچوونەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەوی ڕووی داوە و ڕوودەدات دەبێ هۆکارێکی بەس بووی بەخۆی هەبێ(١٣).

– لەنێو فەیلەسوفانی قۆناغی نوێ، کێشەی زانین و ژیر و خواستی ئازاد پشکی شێری بەرکەوتووە. لەو کایەیەدا سێ جۆری زانین لە چوارچێوەی فەلسەفەدا لەیەکتری جیاکراونەتەوە:

– زانینی زگماکی.
– زانینی ژیرەکی.
– زانینی ئەزموونی – هەستەکی–.
– زانینی بۆ هاتن کە بە عەرەبی بە (حەدس) ناودەبرێ.

خاڵێک لەو خاڵانەی لە چوارچێوەی ئەو فەلسەفەیەدا ئەو ئاراستانەی زانین پێکەوە کۆ دەکاتەوە پشت کردنە سەروو سروشتە کە جاران بەسەرچاوەی زانینی ڕاستەقینە دادەنرا و سپاردنی ئەو ئەرکەیە بە مرۆڤ خۆی.

زانینی زگماکی بابەتێکی کێشە لەسەرە، زانیاری و داتایەکی ئەوتۆ دەربارەی جیهان ناداتە دەست لەبەر ئەوەی هەمیشە دەستەواژەکانی دەربڕینی وەک دەستەواژە پێشییەکان هەمانگۆیی و شتێک ناخەنە سەر خەرمانی زانین و شارەزایی. لەبەر ئەوە لەلایەن ڕێبازی زانستی و ڕێبازی ئەزموونییەوە ڕەت دەکرێتەوە.

هەردوو ڕێبازی ژیرەکی و ئەزموونی خەسڵەتی سەرەکی و تایبەتمەندی فەلسەفەی نوێ– بە تایبەتی سەدەی حەڤدە– بەرجەستە دەکەن. ئەو ڕێبازە بە درێژایی قۆناغی دوورودرێژی ئەو فەلسەفەیە لە سەنگەردا لەبەر یەکتریدا بوون تاوەکو بزووتنەوەی ڕۆشنگەری پەیدابووە و کۆششی کردووە هەردووکیان پێک بهێنی و سوود لە هەردووکیان وەربگرێ.

دیکارت و لایەنگیرانی لەو قۆناغەدا بەرابەری ئەو ئاراستەیە دادەنرێن. ئەو ئاراستەیە پێی لەسەر ڕێبازی دوو ڕەنگی دادەگرێ و ژیر بەسەرچاوەی زانینی ڕاستەقینە دادەنێ و گومان لە ماددییەتی جیهانی دەوروبەر دەکات. دیکارت بۆ ساغ کردنەوەی ئەو بۆچوونەی لە شاکاری ورد بوونەوەکاندا وای داناوە کە سروشتی سەرەکی جیهانی دەوروبەر لە «بزووتنەوە و درێژ بوونەوە» پێکهاتووە، بەوەش بوونی بابەتی و دەرەکی سەربەخۆی نەک هەر دەخرێتە ناو کەوانەوە، بەڵکو زەوت دەکرێت. هەموو جۆرە زانینێکی ئەزموونی بە کەموکورتی ڕەت دەکاتەوە و زانستی ڕوخسارەکی بیرکاری و ئەندازە بە پێشەنگی زانستەکان دادەنێ و پەنا دەباتە بەر ڕێبازی شیکاری. لە تیوری زانیندا ئایدیالیستێن و تارادەیەک لە ئیمان هێنانەوە نزیک بوون. هەردوو گەوهەر ژیر و لەش بە دوو ڕەگەزی سەربەخۆ دانراون.

ڕێبازی ئەزموونی بە پێچەوانەی ڕێبازی ژیرەوە پەنای بردۆتە بەر میتودەی ئیندەکشن (ئیستقرا). ئەگەر ڕێبازی ژیری درێژ بوونەوەی پەرەپێدراوی ئەو ئاراستە بووبێ کە لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە مابێتەوە، ئەوە ئەزموونەکە توندوتۆڵ بەو هەلومەرجەوە بەند بووە کە زانستەکان لێرەدا ئەو مشتومڕەی نێوان لایبنیتس، ڕابەری ڕێبازی ژیری و جۆن لۆک ڕێبازی ئەزموونی بەبیردا دێت کە جیاوازی نێوان ئەو دوو ئاراستەیە تۆمار و بەرجەستە دەکات. جۆن لۆک گوتوویەتی: هیچ شتێک نییە لە تێگەیشتن و مێشکدا بێ کە بەهەستەکان و ئەزمووندا تێنەپەڕیبێ، واتە سەرچاوەی زانین، ئەزموون و هەستەکانن. لایبنیتس لە وەڵامدا گوتوویەتی: تەنیا ژیر خۆی نەبێ!. ئەگەر ڕێبازی ژیرەکی تارادەیەک پاساوی ڕەوشی لە ئارادابووی دابێتەوە و چارەنووسی بەدەسەڵاتی هێزێکی سەروو سروشتی سپاردبێ، ئەوە ڕێبازی ئەزموونی هەموو تیورییە پێشینییەکانی ڕەت کردۆتەوە و پشت ئەستوور بە توانایییەکانی مرۆڤ هەڵکەوتی لە ئارادابووی تاووتو کردووە و کۆشاوە بنەمایەکی تیوری بە هەڵکەوت (واقیع) ببەخشێ. ئەمەش هاندەرێک بووە بۆ دەرکەوتنی زانست و پێشکەوتنی تیورییە زانستییەکان.

بەو پێیە جیهان هیچی تر درێژبوونەوەی هزر نەماوە، بەڵکو ماددەییە و تاقیکردنەوەی زیندووە و لۆک گوتەنی: دەروون و مێشک لاپەڕەیەکی سپین و ئەزموون و تاقیکردنەوەی شتی لەسەر تۆمار دەکەن. فرەنسیس بیکۆن لە شاکاری ئۆرگانونی نوێ کە ڕەخنەی لە هەڵەکانی هزر گرتووە، پێشەنگی ڕێبازی ئەزموونی بووە.

– کات و جێگا ئەو دوو چەمکە بوون کە لە میتافیزیکی فەلسەفەی نوێدا بەپێی هەردوو ئاراستە باوەکەی ژیرەکی و ئەزموونی کراون بە کەرستەی توێژینەوە. لە ئاراستەی یەکەمدا و لە چوارچێوەی ڕێبازی ئایدیالیزمیدا کات و جێگا بە دوو چەمک و بۆچوونی هزری ئایدیالیستی پێشییانە لە زانینی مرۆڤدا دانراون و بەو پێیە هەردووکیان بە خەسڵەتی شت لەخۆیدا دانراون، بەو واتایەی کە دوو خەسڵەتی بوونی ڕاستەقینەن هی گەوهەرن. ئەو بۆچوونە ئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە کە مرۆڤ لەکار و کرداریدا، لە بوونیدا پابەندە بە کات و جێگاوە، ئەمەش پێداگرتنە لەسەر ئەوەی مرۆڤ چارەنووسێکی پێشەکی دیار و بڕیار لەسەر دراوی هەیە.

میتافیزیک کە لقێکی سەرەکی فەلسەفەیە، هەر لە سەرەتاوە و ئێستاش، بەڵام بەشێوە و ناوەرۆکی جیاواز کە لەگەڵ هەلومەرجی هزری و ئایدیۆلۆژی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەدا بێتەوە، دەربڕی هەست و نەست و (مەیلێکی) سروشتی ناخی دەروون و خواستی مرۆڤە، کۆششی ژیر بۆ ساغ کردنەوەی بوونی میتافیزیک وەک پێداویستییەکی ژیانی هزری مرۆڤ و پێچەوانەکەشی ساغ کردنەوەی بێ سوودی میتافیزیک و دوورخستنەوەی لە کایەی چالاکی فەلسەفەدا، کارایی و بەپێزیی و هەمەڕەنگی توانایی ژیری مرۆڤ پشت ڕاست دەکەنەوە، چونکە ئەو ژیرەی بوونەکەی ساغ دەکاتەوە هەر ئەو خۆیەتی کە کۆششی پشت ڕاست کردنەوەی پێچەوانەکەشی دەدات. لەوە ناچێ ئەو فەیلەسووفە گەورانەی جیهان کە بە درێژایی ژیانیان سەرگەرمی ڕشتنی ڕەنگی سیستمی سەرتاپاگیری میتافیزیک بوون، بە دوای کڵاوی بابردوو کەوتبن!


**سەرچاوە و پەراوێز:**

**1- Heinrich Schmidinger: Metaphysik. 3. Auflage. Stuttgart 2010. S.164 ff.**

**2- Immanuel Kant: Kririk der reinen Vernunft. Felix Meiner Verlag. Hamburg 1978. Paragr. B 395.**

**3- Jörg Disse: Kleine Geschichte der abend Ländischen Metaphysik. Darmstadt 2001. S.195. ff.**

**4- Jorg Disse: Ebenda. S.198.**

**5- Jan P. Beckmann: Einführung in die Metaphysik fern universität in Hagen 2009. S.129 ff.**

**6- David Hüme: Eine Untesuchung über den menschlichen Verstand. Hamburg 1984. Abs. XII. S.165. G.135.**

**7- Baruch de Spinoza. Werke. Bd.I.Ethik Lehrsat 29. 234. In: Werke in 3 Bde. Meiner. Hamburg 2006.**

**8- Oswald kulpe: Vorlesungen uber Logik. Leipziq 1923. S.128.**

**9- Gottfried Wilhelm Leibniz: Monadologie oder Vom Gott und Seiner Existenz und Von der Seele des Menschen. Hamburg-Meine, 1982. Para. 65.**

**– ئەو شاکارەمان کردووە بە کوردی لە ژمارەی (١٨٨)ی گۆڤاری ڕامان– ٢٠١٣/١/٥دا بڵاوبۆتەوە.**

**10- Baruch de Spinoza: werke in drei Bandän. Bd.I. Ethik. Vierter Teil. Lehrsatz: 67. S.250. Meiner Hamburg. 2006.**

**11- Gottfried Wilhelm Leibniz: Monadologie: Para:7.**

**12- Gottfried Wilhelm Leibniz: Discourse on Metaphysics. new York 1960. Para.:IX and XIV.**

**13- Gottfried Wilhelm Leibniz: Monadologie: Para: 32.**

# دۆزەخی زمان

**غازی حەسەن**

هەندێک برادەر داوایان لێکردووم ڕۆژنامە نەخوێنمەوە، چونکە هەرچی بابەت و هەواڵ و وەرگێڕانێک لە ڕۆژنامە دەبینم، بەشێوەیەکی گشتی سەرنج هەڵدەگرن. منیش دەڵێم ئەوە من نیم ڕۆژنامە دەخوێنمەوە، ڕۆژنامەیە وام لێدەکات بیخوێنمەوە، کە دەشیخوێنمەوە هەڵە دەبینم، زمانێک دەبینم شین دەکات، شینێک وەک ئەوەی کەسێک دایک و باوکی مردبێت. هەندێک لە شینەکەیاندا قوڕیان بەسەرەوەیە، دەنا هیچ میللەتێک هەیە، خۆی زمانی خۆی تێک بدات و ناشیرینی بکات.

گوتمان ڕۆژنامەنووسەکانمان سیاسین و پێویستیان بە زمان نییە، ئەوان هەرچۆنێک بێت دەتوانن دوو قسە و گوتەی بەرپرسێک کۆپی بکەن و بیگوازنەوە، بەڵام کارەسات لەوەدایە نووسەر و ئەدیبێک، زمانزان و پاشکۆیەکی ئەدەبی، دۆزەخ بۆ زمان دروست بکەن.

لەم ڕۆژانەدا زمان هیچ پاساوێک و ڕێسایەکی بۆ نەهێڵدراوەتەوە، هەر کەسەو بە ئارەزووی خۆی لێدەخورێت. تەنانەت لە خاڵبەندی و داڕشتن و دروستکردنی زاراوە و وشە لێکدراوەکاندا هەر کەسە ڕێسایەکی بۆ خۆی داناوە و هەر دەزگا و گۆڤار و ڕۆژنامەیەکیش ڕێسایەکی مەزەندەکەری خۆی هەیە. کەوایە کە باسی هەڵەکان دەکەین، بەشێکی ڕەوشی خودی زمان لێی بەرپرسە، بەڵام هەندێکیان هیچ پاساو و خۆ دزینەوەیەک ناتوانێت پەنای بدات. ئەگەر لەگەڵ من گەشتێک بە تەنیا بۆ چەند نموونەیەکی بچووکی هەندێک لە هەڵەکانی زمان بکەن، بۆتان ساغ دەبێتەوە دۆزەخەکە ترسناکە. دیارە لێرەدا نە مەبەستمان لەم نموونانە مل گرتنی نووسەرەکانە و نە سێرەگرتنە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، تەنیا مەبەستێک هەمان بێت، خودی زمانە،

ئەو زمـانەی لەداخ نەزانییـــەوە قــوڕ دەپێـــویت و شین و شەپۆڕیەتی.

**بۆ نیوە زیاتر، یان لە نیوە زیاتر**

وەک لەم ناوونیـشـــانەی ڕۆژنـامـەی هاوولاتی ژمـارە ١٣٧٩ی ٦ نیسانی ٢٠١٤دا هاتووە، هەنگوین بۆ نیوە زیاتر کـەم دەکـات.. نیوە و زیاتر، ئینجـا کـەم دەکـات، هاتووە، ڕاستترە بگوترێت هەنگوین لە نیوە زیاتر کەمی کـردووە، یان کـەم دەکـات. ئەگـەر نا جـەخت لەسـەر (بۆ)یەکـە بکە و ڕسـتـەکـە بخـوێنینەوە، ئەوە دەبێـتـە پرسـیـار، واتە لەبەرچی هەنگوین بۆ نیـوە زیاتر کـەمی کـردووە. باشـە بۆ وشـەی زیاتر، هەروەها کـەم بە دوای یەکدا بێن. کورد یێژێت پتر لە نیوەی داهاتەکەم دایەوە سەرکار. نیوەی بەرهەمەکەم بە فیڕۆ چوو.. ناگوترێت بۆ نیوەی زیاتر، بەرهەمەکەم لە دەست چوو.

**ژمارەکان چۆن بنووسرێن (٪) یان بنووسرێت لەسەدا ئەوەندە.**

لە هەمــان ژمــارەی ڕۆژنامــەی هاوولاتیــدا لە یەک هەواڵدا بە دووجـۆری جودا ژمـارەکـان بەکـارهێنراون. هەندێک نووسراوە لە سەدا بیست و هەندێکی دیکەش هاتووە ٢٠٪ ، ئینجـا لە ناوونیـشــان نووسـراوە (تا ساڵی) و (یەک لەسەر سێ و پیسبوونی سەدا بیست زیاد دەکـات). دەبێت (تا) کـە لە ڕاسـتـیـدا واتای (تاکو)ی هەیە، لە وشەی (ساڵی) جیابکرێتەوە. بوون دەبێت بە دوو واو بنووسرێت، زیاد دەکاتیش پێویستە بە جیا بنووسرێت، هەرچەندە ئێستا مۆدێلێک هاتۆتە ناو زمانی کوردی، نازانم چەندە حیسابی یاسا و ڕێساکانی زمـانەوانی تێـدا کـراوە. بۆ نموونە (کـەم دەکـات و زیاددەکـات و درێژ دەبێت و کـورت دەبێت) بەیەکـەوە دەنووسـێندرێن، هەروەها لەیەک کـاتدا نووسـراوە یەک لەسەر سێ و لەتەنیشتیشی نووسراوە ٣/١، هەروەها لە هەندێک ڕستەدا ژمارە خراوەتە نێوان دوو کەوانە و لە هەندێک ڕستەی دیکەدا بێ کەوانە نووسراوە.

کامەیان ڕاستە (**تیرۆری ڕژێمی ئەسەد**)، یان (**ڕژێمی ئەسەد تیرۆر بەکاردەهێنێت**)؟

بابەتی وەرگێڕدراو ئەم کێشەی هەمیشە لە بەرچاوانە. لەم بابەتەی لە گـۆڤـاری سـڤـیل، ژمـارە ٢٢١ لە عـەرەبییـەوە کـراوەتە کـوردی، هەمـان کـێشـە هەست پێدەکرێت، کە گەلێ جار نووسەری کورد تووشی دەبێت. ئەوەتە سـڤـیل دەڵێت (ئەوەی پێـیـوابێت تیـرۆری ڕژێمـەکـەی بەشـار ئەسـەد...) واتە تیـرۆرکـردنی ڕژێمی بەشـار ئەسـەد، خۆی لە ڕاسـتـیـدا دەیەوێت بێژێت ئەو تیـرۆرەی ڕژێمـەکـەی بەشـار ئەسـەد بەکـاری دەهێنێت، هەروەها دەڵێت (ئەوەی پێیـوابێت ڕژێمی بەشار ئەسەد تاکە تیـرۆرە لەسوریادا، ئەوا دیارە کە هەر لەسەرەتای دەسـپـێکی دژەتیرۆری تایەفـیـەوە ویسـتـوویەتی خەڵک چەواشە بکات...)

من کە چەند جارێک ئەم دێرانەم خوێندەوە، تێگەیشتم کە مەبەست لەم ڕستەیە ئەوەیە بڵێت (ئەوەی پێی وایە ڕژێمی بەشـار ئەسـەد تاکـە لایەنە تیـرۆری دەست پێ کردووە لە سوریا، هەڵەیە و چونکە لەگەڵ دەستپێکردنی کـاری دژە تیـرۆری تایفی ویسـتـوویەتی چەواشـەکـاری بکات)، واتە تیرۆری دیکەش بەناوی تایفییەوە ئەنجام دەدرێت و سـوریا تاکـە لایەن نییـە کـاری تیـرۆریسـتی ئەنجام دەدات. نازانم لێرە مەبەست داکۆکییە لە سوریا و ڕژێمەکەی، یان ڕیسواکردنی هەردوو لایەنە تایفییەکان و ڕژێم کە کاری تیرۆریستی دەکەن.

لەوە ناگـەم دژەتیـرۆری تایفی چییـە؟. ئینجـا گـوتراوە (دەسـتـبـەسـەرداگـرتن) خـۆی ئەم زاراوەیە لەم بەشـانە پێکهاتووە (دەست بەسەر داگرتن)، کەچی کراوەتە یەک وشـەی لێکدراو، هەروەها (سـەرەتا و دەسـپـێکی دژەتیـرۆر) یەک شـتـە، دەکـرا بگوترێت دەسـتـپـێکی دژە تیـرۆر. کـامـە تیـرۆر و کـامـە دژی لێرە مـەبەسـتـە. هێزی وەرگـێـڕانی هەر دەقـێـک، لە نووسـینەوەی چەمـک و بۆچوونەکـانە بە زمـانی دووەم کـە بابەتەکـەی پێ وەرگـێـڕدراوە. نەک دەقـاو دەق وەگـێـڕانی تەعـبـیـر و وشەکان.

**لاوازیی بەرگری لەشی مرۆڤ!!... تێناگام!!**

لەم ناوونیـشـانەی گـۆڤـاری سـڤـیلدا ژمـارە ٢٢١ کـە هەمیشە بایەخ بە زمان و بەڕاستی و بێ هەڵە دەرچوونی گـۆڤـارەکـەیان دەدەن، تێنەگـەیشـتم لە کـاتی وەرگێـڕان و ئامـادەکـردنیـدا بۆچی هێندە بە نارێکی ڕسـتـەکـەیان داڕشـتووە کە دەڵێت (شـەش نیشـانەی لاوازیی بەرگـری لەشی مرۆڤ). کە لە ڕاستیدا دەیەوێت باسی ئەوە بکات سیـسـتـمی بەرگـری لە لەشی مـرۆڤـدا، شـەش نیشـانەی لاوازی تێدایە.

**کارتی دەنگدانەوە، دیارە تەنەکەیە..!!**

لە گۆڤاری لڤینی ژمارە ٢٦٢ لاپەڕە ٢٠ ئەم ناوونیشانەم بینی، هەندێک لەنگی تێدا هەست پێدەکرێت. ڕاستە ناوونیشانەکە ڕوونە، بەڵام ڕێک قسەی، قسەکەرەکە وەرگیراوە. دەنا دەکرا بگوترێت لەمەڕ، یان دەربارەی لە جیاتی لەسەر کە تەعبیرەکە عەرەبییە، ئینجا (کارتی دەنگدان) ڕاستە، نەک (دانگدانەوە)، چونکە ئەم وشەیە دەچێتە سەر ڕیتمی (بادانەوە، هۆنینەوە، لێکدانەوە و بردنەوە). لێرەدا کارتی دەنگدان ناوی ئەم جۆرە کارتەیە کە بۆ دەنگدان بەکاردێت، نەک جۆری کارەکە، چونکە ئەگەر بەتەنیا بڵێین (دەنگدانەوە) واتە شتێک دەنگی دایەوە، بڵاوبۆوە، یان کاری بەردەوامە کە پێش ئێستا دەستی پێکردووە و هەنووکەش بەردەوامە، یان لە ڕێگەی پاشگری (ەوە) ئاوەڵفەرمانێک دروست دەکرێت وەک (بادان- بادانەوە)، کە ئەم وشەیە لە سێ بەش پێکهاتووە (دەنگ + دان+ ەوە). شوورەیی نەبێت، خۆ ئەم کارتە تەنەکە یانژی ئاسن نییە تا دەنگ بداتەوە.

**ئەمە ئەرک نییە، فەرمانە**

لە گۆڤاری لڤین ژمارە ٢٦٢ ژمارە ١٩دا ئەم مانشێتەم بەرچاو کەوت کە نووسراوە (ئەو بەرپرسەی لەدۆسیەی کاوە گەرمیانیدا بانگی کراوە، ئەرکێتی بچێتەوە بەردەم دادگا، ئەگەر داوابکرێت.).

ناگوترێت ئەرک، بەڵکو وشەی پێویستە یان دەبێت بەکاربهێنرێت. کە بووە ئەرک مافیشی هەیە لەوەی کارەکە بکات یان نەیکات و ئەرکەکەی خۆی بەوپەڕی ئازادانە جێبەجێ بکات، ئینجا گوتراوە (بانگی کراوە) دروستترە بنووسرێت (بانگ کراوە)، واتە ئەوە کەسێکە بە دڵنیاییەوە بانگ کراوە و بڕیارەکە دژی دەرچووە، بۆ ئەوەی بچێتە بەردەم دادگا، کەچی لە دوایین بەشی ڕستەکەدا گومان دەخاتەوە سەر بەشی سەرەکی ڕستەکە کە ئەرکی چوونە بەردەم دادگای لە ئەستۆیە، کە دەبێژێت (ئەگەر داوابکرێت)، کەواتە کەسی گومان لێکراو دیارە و پێشتر براوەتە بەردەم دادگا، هەروەها ئەگەرەکە هەموو ئەرکەکە سووک دەکات و دەیخاتە ژێر پرسیارەوە. لە دوای بانگی کراوە دەبووایە (،) هەبێت، بۆ ئەوەی بەشی یەکەمی ڕستەکە لە بەشی دووەمی ڕستەکە جیا بکاتەوە. دیارە لە نێو دۆزەخی زماندا لە ڕستەدا بایەخ بە خاڵبەندی نادرێت، هەروەها بیر لە نەفی و نەفیکردنی ڕستەکان ناکرێتەوە کە بەدوای یەکتردا دێن. جاری وا هەیە لە تەنیا ڕستەیەکدا زاراوەو وشەی وەها بەکاردەهێنرێن، کە یەکتر ڕەت دەکەنەوە، یان دژی یەکترن و ماناکانیش دەگۆڕن، لە جیاتی هێزدانە ڕستەکە، بەتەواوی ڕستەکە شپرزە و لاواز دەکات.

**لەیەک مانشێتدا (شکست دەهێنێت و شکستدێنێت)**

لە لاپەڕەی یەکی ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٥٦٦ ی ڕۆژی ٢٦ نیسانی ٢٠١٤ ئەم مانشێتە نووسراوە (عەلاوی لە پێکهێنانی بەرەیەکی دژ بە یەکێتی و ئەنجومەنی باڵا شکست دەهێنێت) و هەمان مانشێت لە لاپەڕە دوودا بەم جۆرە بڵاوکراوەتەوە (عەلاوی لە پێکهێنانی بەرەیەکی دژ بە یەکێتی و ئەنجومەنی باڵا شکستدێنێت). ئەگەر تەنیا لە کۆپییەکی ئەم ناوونیشانەدا ئەم هەڵەیە بکرێت، دەبێت لە نێو خودی بابەت و نووسینەکاندا چی ڕووبدات. بۆ نموونە لە لاپەڕە دوودا ئەم وشانە بەم جۆرە نووسراوە (لەخۆکاندیدکردنەوەی- ئاشکرایبکات- ئەوەشی خستەڕوو)

لە ناوونیشانێکی دیکەی لاپەڕە ٩ی هەمان ڕۆژنامەدا ئەم ناوونیشانە هەیە (هۆگۆ سانچێز: ڕیاڵ دەتوانێت میسی پەلکێشی خۆی بکات). کورد دەڵێت کابرایان پەلکێشی دادگا کرد، واتە بە گوشارەوە و لە ژێر گوشاری هێزەوە بردیانە دادگا. لێرەدا مەبەست ئەوەیە ڕایبکێشن، نەک پەلکێش، یان بیبەنە لای خۆیان، چونکە لێرەدا واتاکە دەگۆڕێت. کورد دەڵێت بەدوای خۆیدا پەلکێشی کرد، هەروەها لە ڕستەیەکدا نووسراوە (چونکە هەست بە هەڵسەنگاندنی دارایی خۆی ناکات لە یانەی بەرشلۆنە و سێ جار وتەی (دڵخۆش نییە)ی دووبارە کردۆتەوە). پێویست ناکات دارایی خۆی هەڵبسەنگێنێت، بەڵکو دەبێت بزانێت چی لە گیرفاندایە و باری دارایی چۆنە، ئینجا کە هەست پێ ناکات، واتە هیچ واتایەک بۆ ئەو وشەیە نامێنێتەوە کە دەڵێت دڵخۆش نییە، چونکە کەسێک هەست نەکات، دڵخۆشی و ناخۆشی هیچ مانایەکی نامێنێت.

بابەتێک چوار پەرەگرافە و خاوەنی چوار (.) و یەک (،)ـەیە.

ئەم وێنەیەی لە بەردەستدایە بریتییە لە وتارێکی

هەفتـەنامـەی هەواڵ، ژمـارە ٥٦٦ی ڕۆژی ٢٦ نیسـانی ٢٠١٤. کـە دیقـەت لەم بابەتەدا لە چوار پەرەگـراف پێکهـاتووە، لە ڕووی خاڵبـەندییـەوە کێشـەی تێدایە، تەنیا چوار (.)ی تێدا بەکارهێنراوە، ئەویش لە کۆتایی پەرەگرافەکاندایە. ئەوەی جێی سەرنج بوو تەنیا یەک (،)ی تێدا بوو. دەبێت ئەم بابەتە هیچ خاڵبەندییەکی تێدا ڕەچاو نەکـرابێت. ئەگـەر تۆش لەگـەڵ من بابەتەکـە بخوێنیتەوە تێدەگەیت کە خاڵبەندی لە کوێ پێویست دەکات، بۆ هێواش کردنەوە و لە کوێ ڕستە و نیوە ڕستە و هەناسـەدان پێویسـتـە. لە کـوێ دوو بابەت لە پێناو گەیاندنی یەک مەبەست تەنیا بە بەکارهێنانی (،)ـەیەک ڕوونتر و کاراتر دەردەکەون. دیارە مەسەلەی بەکارهێنانی خـاڵی وەسـتـان (.)، لەمـەش گـرینگـترە. چۆن دەبێت پەرەگرافێک دوو ڕستەی تەواوکراوی تێدا نەبێت، واتا ڕسـتـەیەک کـە واتا و مـەبەسـتی تەواو بگەیەنێت و لە کۆتاییشدا بوەستێت. خوێنەر ئەگەر تۆ لای خۆت هەمان بابەت بنووسیتەوە، پێویستیت بە چەند لە نیشانەکانی خاڵبەندی دەبێت؟.

**ئەم هەواڵە ناکرێتەوە...!!**

لە ژمـارە ١٢٩٤ی ڕۆژی ٢٧-٤-٢٠١٤ی ڕۆژنامـەی هاووڵاتی بابەتێکی کـورت بەناوی (فـەیسـبـوک لێکۆڵینـەوە لە ڕاسـتی هەواڵەکـان دەکـاتەوە) بڵاوکـردۆتەوە. وابزانم لە کـوردی دەگـوترێت (دەرگـا دەکاتەوە)، (پەنجەرە دەکاتەوە، یان کتێبەکە دەکاتەوە)، بەڵام لێکۆڵینەوە دەکرێت، نەک دەکرێتەوە، ئەگەر وشەی دووبارەی تێـدا بێت دەتوانیت بڵـێی لێکۆڵینەوەکـە دووبارە دەکـاتەوە، واتە ڕسـتـەکـە لە حـاڵەتی بەردەوامیـدایە، شتـێک کراوە و دووبارە دەکـرێتـەوە و بەردەوامـە، بەڵام لێرەدا هەڵەیە، بەم جـۆرە بنووسـرێت. سـەرباری ئەوەش ئەگـەر لە خـودی بابەتەکـە وردبینەوە هەست دەکـرێت وشـەی (لە ڕاسـتی) لە ناوەڕۆک و ناوونیشـانەکەدا بە دوو جۆر نووسراوە. لە ناوونیشـاندا (لە) بە (ڕاستی) لکێنراوە، بەڵام لە هێنەکەی دووەمدا لێک جیا نووسراوە.

نووسراوە بڵاودەکرێتەوە، ڕاستییەکەی بڵاودەکرێنەوە، چونکە مـەبەست لێـرە کـۆی هەواڵەکـانە کـە لەلایەن بەکارهێنەرانی فێسبووکەوە بڵاودەکرێنەوە.

**ئەمە وەرگێڕانە، یان وەرگێڕان؟.. ئەگەر قڵپ نەکرابێتەوە!!**

لە پاشکۆی هزر و هونەری ژمارە ٩١ی هەینی ٩-٥-٢٠١٤دا لاپەرە پێنج، بابەتێک بە ناوی (سـانسـۆر لە کۆمەڵگە عەرەبی و ڕۆژهەڵاتییەکاندا) بڵاوبۆتەوە، ئەم کـتـێـبـە لە نـووسـینی (تریفـور مـورسـتین)ـە. گـرینگ وێنەیەکی بەرگی کـتـێـبـەکـەش لەگـەڵ بابەتەکـە بڵاوکراوەتەوە کە ئینگلیزییەکەی بەم جۆرە نووسراوە (CENSOSHIPE in Islamic Societies). بـە کوردییەکەی ناوونیشانەکە باسی سانسۆر لە کۆمەڵگەی ئیسلامی دەکات، نەک عەرەبی و ڕۆژهەڵاتییەکان.

لە بەشـێکی وەرگـێـڕانەکـەدا کـە من تەنیـا چەند نموونەیەکی بچووک دەهێنمەوە دەنووسێت (بەپێچەوانەی زۆربەی لێـتـۆژە ڕۆژئاواییـەکـان کـە ئەم بابەتانە لە دوو ڕوانگەوە باس دەکەن. یان لە **هەڵوێستەیەکی پێشینەوە** بەرانبەر ڕۆشنبیری و کۆمەڵگە ئیسلامییـەکـان....) دواتر دەنووسێت (ئەوا موستین لە ڕوانینێکی نێزیک و هاوسـۆز لەگـەڵ ئەم کـۆمـەڵگەنە **دەردەپەڕێ** و درک بە کاریگەری ئاڵوگۆڕە سیاسییە گەورە دەرەکییەکان پێش ناوەخـۆییـەکـان دەکـات). لە شـوێنێکی دیکە نووسراوە (موستین **پانۆرامایەک** بۆ ڕەوشی کۆمەڵگە عەرەبییەکان **دەکێشێ** لەلایەنی پەیوەندی بە سانسۆر بوونی هەیە لەم کۆمەڵگەیانەدا). تا دەنووسێت (لەسعودیە ڕەوشەکە بە **ئاستێک بەستوویەتی** کە هیچ لێکچوونێک نییە لەنێوان ڕەوشێکی خراپ و خراپتر. بەجۆرێک حکومەت لەوێ دەسـەڵاتی گـرتووە بەسـەر سـەرجـەمی دەروازەکـانی ڕاگـەیاندن و بیـروڕاکـان بە ڕێژەی خنکاندن). (لەجەزائیریش ئەو تاکە وڵاتە **مەغارییەی**...) و دواتر دەنووسێت (بەجۆرێک سیستمی حوکمی میلیشیایی دەسەڵاتی گرتووە بەسەر هەموو گوزارە ڕاگەیاندنەکان بە هەموو شێوەیەک...). تا دەگاتە ئەوەی بنووسێت (...موستین ئەو چیرۆکی ڕاوەدوونانە دەگێڕێتەوە کە لە فکری کۆمەڵی گشتی لایانداوە)، (لەوانەی دیکە کە **ڕێکخەرە** سانسۆرییەکان لەمجۆرە **کەشە ڕەشاوییەدا** نووسەر و ئەفرێنەرەکان لە پێشەکی قوربانییەکاندا **دەکەون** ڕاوی ناون).

من لەم کـورتە باسـەدا هەرچی بڵـێم دەربارەی ئەم وەرگـێـڕانە، ڕەنگە نەتوانم باری لاری زمـانەکـە ڕاست بکەمەوە، چونکە لە بەشێکی ئەم کۆمێنتانەی هەمانە، خـراپی زمـانی کـوردی و دەربڕینە سـەراوژێرەکـان

ناشـاردرێنەوە. دەنا کـورد چۆن دەڵێت (لیـتـۆژە) ئەو مەبەستیەتی بێژێت توێژەر. لێنووسمان هەیە، لێنان و لێبرینمان هەیە، بەڵام لیتۆژ یەکەم جارە دەیبیستم. پانۆراما چۆن دەکێشرێت، تاکو بڵێین دەرفەت بە خۆمان بدەین ڕەوشەکە با ئاستێک ببەستێت.

لە شوێنێکی دیکەدا نووسیویەتی ئەوە موستەین لە ڕوانینێکی نێزیک و هاوسۆز لەگەڵ ئەم کۆمەڵگەنە دەردەپەڕێ. جارێ کۆمەڵگەنە نییە، بەڵکو ئەم کۆمەڵگایانە دەگوترێت، ئینجا نووسەر بۆ دەردەپەڕێت، بەڵکو هاوسۆزییان لەگەڵ دەردەبڕێت، نەک دەردەپەڕێنێت. کورد دەڵێت مشکەکەی دەرپەڕاند، هەست دەردەبڕێت، نەک دەردەپەڕێندرێت.

دیارە لە سعودییەی گەرم، ڕەوشەکە هێندە ساردە بەستوویەتی، بۆتە شەختە. دەنا کورد دەبێژێت ڕەوشەکە بە ئاستێک گەیشتووە، واتە گەیشتۆتە شوێنێک و ئاستێک، ئەمەش لەبیر نەکەین بە شێوەیەکی دیکە لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبیدایە، دەنا کورد دەڵێت ڕەوشەکە خراپە، ترشاوە، ئاڵۆزە، ترسناکە. ئەدی برا هەی وەقوربانی هەرتک چاوت بم، پێم ناڵێی (دەروازەی ڕاگەیاندن و گوزارە ڕاگەیاندنەکان) لێرەدا چ مەبەست و ئامانج و واتەیەکیان هەیە؟ پیرەژنی کورد دەڵێن هەی هەشمان وەسەر، ئەمە چ بەزمێکە، چ قەوماوە، ئەوها زمان تێک و لێک بدرێت و ئێمەش دەسەڵاتی نوقەکردنمان نەبێت.

پیرەژنی کورد کە کەسێکی لێ دەمرێت جلکی ڕەش دەپۆشێت، بەڵام (کەشی ڕەشاوی) هیچ کاتێک کوردی نییە. خوێناوی و ترشاوی و خوێاوی، ترساو هەیە، بەڵام ڕەشاوی بۆ کەشی نووسەرێک هیچ واتایەکی نابێت، مەگەر وەک مستە قورێک بیدەینەوە بە ڕووی زمانی عەرەبیدا. هەر لەم بوارەدا (ڕێکخەرە سانسۆرییەکان)ی بەکارهێناوە، کورد دەبێژێت سانسۆرچییەکان. قوربان چ بێژم ئەگەر بچینە هوندرِ بابەتەکە و جارێکی دیکە کوردی زانێک لە کەشێکی ڕەشبینانە و وەک زمانەوانێکی چاک و لە دەزگایەکی ڕاگەیاندن و بە هێزی توێژەرێک کارەکە سەر لەبەر وەربگێرێتەوە نەک وەری بگێرێت و قلّپی بکەیتەوە، بێ گومان ئەو کاتە تێدەگەین موستەین مەبەستی سانسۆر لە کۆمەڵگەی ئیسلامییە، نەک کۆمەڵگەی عەرەبی و ڕۆژهەلاتیدا. ئەگەر ڕۆژنامەکەش ئەم بابەتەی بخوێندبایەوە، لە لاپەڕە یەکی خۆیدا وەک بابەتێکی تاقانە و سەرنجکێش بانگەشەی بۆ نەدەکرد و منی پەلکێشی خوێندنەوەی نەدەکرد و ئەم چەند کورتە سەرنجانەشم دەربارەی بۆ نەدەنووسرا.

## ئەنجام

وەک لە بەرایی ئەم بابەتە تلمان خستە سەر، مەبەست لە بابەتەکە خودی نووسەر و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان نییە، بەڵکو تەنێ گەرەکمانە بێژین، گەلی براینە دیقەت لەم جۆرە نووسین و وەرگێران و هەڵگێرانەوە شێواو و قەڵپانە بدەن، کە دەیانەوێت زمانی کوری پێ قلّپ بکەنەوە.

زمان بەری هەڵسوکەوت و تێگەیشتن و دەربڕینی مرۆیە، جا مرۆش کە بێ ویستی خۆی، یان لەژێر کاریگەری زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ئیدی خۆی پێ سانسۆر نەکرا، هەرچی هاتە بەر زاری، قەڵەمەکی بۆی نەگێڕدرایەوە و نووسرا، ئیدی ئا ئەمەی لێدەردەچێت، خوا وەزیادی نەکات، کە هەنووکە دەیخوێنینەوە. لە ڕاستیدا زمانی کوردی دۆزەخ ئاسا، ئازاری وشە و پەیڤ و ڕستە و زاراوەی کوردی تێدا دەدرێت. براینە هەر تەنیا بەزەییەک، قیچەک ویژدانتان بجووڵێت، دەنا چۆن دەکارن بێژن (دەروازەی ڕاگەیاندن)، چما نەتگوت قەمتەرەی ڕاگەیاندن لە گرێژنە چووە. سوێندت لەسەرم نییە، ئەگەر ڕەشاوییەکان نەبوایە، لێم تێک دەچوو نووسەر ئەفرێنەکانی لە پێشەکیدا دەکوشتن، چونکە خۆ ئەوان کەلوپەل نین پێشەکیان داربێت، ئەگەر لێرەدا مەبەست کوشتنیشە لە پێشەوەی پێشەوە نەدەکەوتن، بەڵکو لە پێشەوە دەبوون. لێرەدا (دەکەون) ڕێک و ڕەوان واتای (کەوتن) دەدات. جا قوربان ئێوە دەتوانن ئەم کوردییە ڕەشاوییە بکەنەوە عەرەبییەکی سپیاوی، تا خوێنەر تێی بگات!!!!.

تاکی کورد هیچ زەمەنێک بەقەد ئێستا زمانەکەی ئەنفال نەکراوە، هەروەها هیچ دۆزەخێکیش هێندەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ئازاری زمانی کوردی تێدا نەدراوە.. ئیدی من قسەی خۆم کرد، ئێوەش بمێنن بە خێر.

# کورد و ماد هەر یەکن

**شاروخ حەسەنزادە**
**(شنۆ)**

### بەر لە دەستپێک

نەوتی خۆماڵیم خستە ناو فانووس و بە تیشکی لاوازیەوە بەرەو دواوەم ڕاداشت، دوور ڕوانیم تەم و چڵکی دەوران، گەرد و تۆزی تەمەن تیشکی ڕاستی دیرۆکی کۆنی بە بەرهەڵبێنەی لاپەڕە حەشار دابوو، ئەو ڕۆژانەی کە حەماسەتیان تێدا خوڵقاوە و تژی لە کارەسات و لێژ و نوشستی پێشەنگانی ئەم ئاخەن، گەلێک فرەن.

زۆرن ئەو خەبات و بەرخودان و سەرهەڵدان و دەستەڵاتدارییانەی پڕ ئەزموون کە لە گەز بە گەزی ئەم نیشتمانە ناویان کەوتووەتە بەر پلاری قەڵەم بە دەستانی دەمارگرژی چاوچنۆک و لە بیر کراون، یان کە باسیان هاتووە بە ئیرەیی چەواشە کراوە، دێر و بەند و لاپەڕەی بەیتی ئەم کەڵە پیاگانە بە خۆیان و بە هێز و نەتەوەکەیان بووەتە "هی خۆم بۆ خۆم و ئی تۆش بۆ خۆم!" ئەمڕۆش دەهۆڵی پێست تەنکی بۆ دەکوتن، یان وەک بەرخی بن سەوەتە ماویتەوە و بەڕەی لەسەر هەڵنەدرا!

ڕاستی ئەوەیە نابێ هیچ چاوەڕوانیمان لە ناحەز و نەیار هەبێ، بێتو تێکوشینمان بۆ گەلا گەلا بکات، ئەوە خۆمانین دەبێ بە ئامووری قەڵەم لاپەڕەکان شۆ شۆ کەین و سەر لە نوێ بە تۆچانی بەرقەد، تۆوی دیرۆک بۆ نەوەی نوێ بچێنین و وەک نەونەمامی ساوا بیپارێزین و پاراوی بکەین.

چیتر نویسکار، توێژەر، بەیت و وێژەی فولکلۆری گەلانی تر بۆ دواخستن و گەڕانەوەمان نەلێینەوە و بۆ ماڵی لێقەوماوی خۆمان شان بدەینە بەری و مزگەوت بۆ دوایی بێڵینەوە، ئەودەم ئێمەش بە مێژوومان دەزانین و سەرمان لە ناو سەران دیار دەبێ.

با لەگەڵ یەک و بە پشتیوانی یەک بێ قازانج و بەرژەوەندی تاک، دوور لە هەر چەشنە چەند بەرەکی و ناتەبایی قۆڵی چڵکنی بیر هەڵماڵین و بیسەلمێنین کە نە تورکی کێوین، نو ورکە فەرهەنگ و ناسنامەی مرۆڤایەتیشمان لە تەنکەی گیرفاندایە. جا ئەو جار قەڵەم و میکرۆسکۆپ و تێلیسکۆپ دەست دەینێ و وەک گەلانی پێشکەوتووی تر سەرقاڵی خەباتی زانستی بین.

یەکێ لەو باسانەی زۆر بە ڕوونی سەلمێنراوە و کەسانی ناسراو و شارەزا بە دەیان دەق و نووسراوەی بە بەڵگە و دوکیۆمێنتیان لەسەر تۆمار کردووە، ئیتر بە داننان بەم بابەتەدا دەکرێ هەندێ وەگەڕ خستنی باسی تر لێ بدرێ و چیتر کاوێژی قسە و قسەڵۆکی نەیاران نەکەینە بنێشتە خۆشکە، باسی یەک بوون و هاوڕەگەز بوونی هەرتک ناوی ماد و کوردە.

بە هۆی هەستیار بوون و گرنگایەتی ناوچەی جوگرافیایی وڵاتی ماد لە ڕووی چیای سەخت و هەڵدێر و لێرەوار و کوێستانی بوون، بوار و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، دۆخی سیاسی و ئابووری ئاخی کوردستان بە گشتی کە لە نێوان شانشینە بە هێزەکانی وەک ئاشوور و ڕۆم و ئێران... هەڵکەوتبوو بە درێژایی ژیان بە پانتایی چاخەکان هەردەم لە ژێر هەڕەشە و مەترسی شەڕ و پەلاماردا بووە، کۆمەڵانی خەڵکی ئەم ناوچانە هیچ کات هێرشیان بۆ سەر خاک و نیشتمانی کەس نەکردووە و بەردەوام ئاڵای ئاشتی و دۆستییان چەقاندووە، بەڵام ئەوە دۆست و دوژمن بوونە هەرکام بە پێی نیەت و ئامانجی چەپەڵ و گڵاوی خۆیان ئەو گەلە چاونەترسەیان کردووەتە قەڵغان و سپەر بە ناوی مەرزبان و هێزی شەڕکەری دلێر شێتوویان وە بن باڵی داون، زەوی و زاری بەرمێن و باخ و لەوەڕگەکانیان بووەتە مەیدانی ڕمبازێن و شەرە شەقی حاکمانی تینووی هێز و چەوسێنەری زەمان.

هیندێ لەو دیاردانە کە تا ئێستا بە درێژایی تەمەنی دیرۆکی نیشتمان چەند پاتە بووەتەوە و بووەتە خۆرە و بەرۆکی پی گرتووین، خەریکە ژیانمان هەڵکرێنێ و هێور هێور لە ناومان بەرێ و خەڵکمان لێ تێبگەیەنێ دیاردەی چاوپێک هەڵنەهاتن و ئیرەیی و ئاگادار نەبوون لە ڕابردووی دۆخی باوباپیرانمان و گرنگترینیان خۆکوژی و پێک هەڵپرژانمانە، واتە چەند برا دەوری یەک دەگرن و بە تەواو برست و مست دادەگژنە سەر و چاوی یەک، بۆ پێ خۆش بوونی نەیار و کورسی و هێز و دەستەڵات، زۆرن ئەو ڕۆژە ڕەشانەی بوونە لەمپەر و کەند و قولکی سەر ڕێگای گەیشتن بە ئاواتەکانمان، بۆیە خوێندنەوەی مێژوو کەڵک و سوودی هەیە، وەک جەواهێر لال نەهرۆ دەڵێ: دیرۆک چرای ڕێگای دواڕۆژمانە.

کەواتە با بۆ خۆمان مێژووی خۆمان بنووسینەوە و باوەڕمان بە خۆ بێ.

## ماد (کورد) لە سەرچاوە گرنگەکان

کورد مەزنترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە و لە ڕووی حەشیمەت چوارەمین گەلی ڕۆژهەڵاتی ناوینە، گەلێکی خاوەن هەزاران ساڵ مێژوو، کە تا ئێستا نەیتوانیوە، یان بۆی نەڕەخساوە خۆی وەک میللەتێکی سەربەست و ئازاد دەربخا، کەچی گشت ئەو تایبەتمەندیانەی بۆ هەبوونی گەلێکی خاوەن دەستەڵاتداری سەربەخۆ دەبێ ببێ، تێیدا بەدی دەکرێ.

هێندێ لەو چەمکانەی گەلان وەک حکوومەت دەناسێنێ بریتین لە ژیار و شارستانیەت، زمان، کولتوور و دابونەریت، خاک، یان وڵات بە پێی جوگرافیا، مێژوو و ئایین و فەلسەفە، لێرەدا ناکرێ و بە دوور لە ئامانجی ئەم نووسینەیە کە بمانەوێ باسی هاتە و نەهامەتییەکانی نەتەوەی کورد بکەین، هەر بۆیە ڕێک دەچینە ناو وتارەکەوە...

لە توێژینەوەی (دائرە المعارف)ی بریتانیایی چاپی ١٨٩٢ و کتێبی مەزنی مەردم ناسی هێنری فیڵد و گەلێک ئاسەواری نووسەرانی تر لە ڕەچە ناسانی بە ناوبانگ دەبینین خەڵکی ئێران و گەلانی نیشتەجێ لەم وڵاتە بەسەر سێ نەتەوەی ((کورد و تاجیک و بەلووچ))دا دابەش کراوە.

سەرلەشکر مزەفەر زەنگەنە لە کتێبی "دودمانی ئاریایی (کورد و کوردستان) دەنووسێ: ڕەچەی ئاریاکان لەو ناوچانە نیشتەجێن کە هەر بەو ناوە ناسراوە، هیند و ئاریایی لە باشووری بان ئێران، دۆڵی سیند و پەنجاب و کشمیر و... بەم پێیە پارتەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، مادەکان، یان کوردەکان لە باکووری ڕۆژئاوای بانی ئێران و لە ئاکامدا پارسەکان لە باشووری سەر

دەشتی ئێران.

دێرک کێنان لە پەرتووکی کورد و کوردستاندا ئاماژە دەکا: کوردەکان لە تۆرەمەی هیند و ئەورووپایین.

لە (دائرە المعارف)ی ئیسلامی بەرگی پێنجەمدا هاتووە: کوردستان کۆنترین وڵاتی مادەکانە، ئەمانە خەڵکانێکی بە جموجوڵن و لە سەرەتای مێژووی هاتنی گەلانی هیند و ئەورووپایی لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس نیشتەجێ بوون.

لە (دائرە المعارف)ی بریتانیدا نووسراوە: فەرهەنگ و ژیاری مادی، مەعنەوی "مادەکان" بەو هەمووە تایبەتمەندییانەی خۆی پاش دارمانی دەوڵەتی ماد کە کوردەکان دەیانپاراست، بوو بە بناغەی کولتووری نەتەوەی فارس.

سیرۆسی ئێزەدی لە دەستپێکی کتێبی کوردانی گۆراندا دەڵێ: لە باوەڕی گەلانی کۆن، حکوومەتی پارس هەمان دەوڵەتی ماد بووە.

عەلی ئەسغەری شەمیم لە کتێبی کوردستانی خۆیدا دەنووسێ: گەلان و قەومە جۆراوجۆرەکانی کە لە وڵاتی بەرینی کوردستانی ئێران و سەرووی دوو ڕووباری دیجلە و فورات، داوێنی چیای ئاگریان بۆ ژیان هەڵبژارد بە کورد دەناسران، بە خۆشییەوە بە پێی توێژینە و موتالای زانایانی ئەڵمانی، بریتانیایی و فەرەنسی ڕەچەی ڕەسەنی کوردەکان ئاشکرا بووە و ئەم پسپۆڕانە بە هێنانەوەی کتێبی کۆنی چاخی یۆنان و دەقی دیرۆکی شارەزایان و پسپۆڕانی جوگرافیای ئیسلامی و خوێندنەوەی گەلی کورد لە ئێران و تورکیا و عیراق (سووریا) ئارییایی بوونی کوردان سەلمێنراوە، عەلی ئەسغەری شەمیم دەڵێ: ئەم ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە کە وڵاتی کەونی کاردا، یان کاردۆ کە لە تۆرەمەی کاردی و خاڵدی بوونە، ئەمڕۆ لانکی پەروەردەی خێڵاتی کوردە و بەڵگەکان دەریدەخەن ماکی دوو وشەی کورد و کارد هەر یەکە و نزیکی پێوەندی کوردانی ئەمڕۆیە، هەروەها ناوبراو دەنووسێ: ئەوەی خڕ زانایانی دێرین لە سەری کۆکن ئەوەیە کە پێش هاتنی کوردان بۆ ئێران عەشیرەتێکی ئارییایی بە ناوی کاردۆ لەم وڵاتە دەژیان کە شارستانیەتێکی نیوە پێشکەوتوویان هەبووە، کە دواتر لە ناو یەکدا تواونەتەوە و خووڕەوشتی یەکتریان هەڵگرتووە و بوون بە یەک!

ئەمین زەکی بەگی کورد لە بەشێک لە پەرتووکی مێژووی کورد و کوردستاندا دەنووسێ: هیندێ لە زانایان پێیان وایە خەڵکانێکی تریش لە زاگرۆس ژیاون و لە تەک کوردەکان خزمایەتییان هەبووە وەک کاردۆکی و کاردۆخییەکان، یان نائیری و خاڵدی.

مرادی ئەورەنگ لە کتێبی کوردناسی خۆیدا دەڵێ:... پەیامهێنەری کۆن زەردەشت لە ناو ئەمانە (ماد و کورد) سەری هەڵدا و ئایینی خواناسی پەرە پێ دا، هەروەها باش دەزانین کە دەقەکانی شانامە لەسەر بناغەی نووسراوە پالەوییەکانە کە ئەویش لە کتێبی ئاوێستا سەرچاوەی گرتووە. مراد ئەورەنگ دەڵێ: دەستەیەک لە زانایان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەو کورتییەی کە یۆنانییانی دێرین باسیان دەکەن هەر کوردانی سەردەمی ساسانین، یان دەنووسێ: بە پێی بەڵگەنامە مێژووییەکان ناوی کورد لە گورد وەرگیراوە، بە هۆی شەڕکەری و چاونەترسییان لە شەڕ و بەرگری کردن، وێ دەچی وردە وردە لە ئاکامدا بووەتە کورت، کارتی، کاردۆ، کردۆک و کورد، گەزنەفۆن و ئێسترابۆنیش لە کتێبەکانی خۆیاندا هەر وایان گوتووە.

ڕەشیدی یاسەمی لە کتێبی کورد و پێوەندی نیژادی، لە مەڕ ڕەچەی کوردان بۆ کتێبەکانی دوای ئیسلام لەوانە "التنبیە و الاشراف"، "مروج الذهب" و "تاج العروس" کە هەر سێ لە مەسعوودییەوە گێڕاویەتەوە و دەڵێ: مەسعوودی لە ڕووی سەرچاوەگەلی ساسانی زنجیرە ڕابردووەکی بۆ کوردان هێناوە کە لە دەقی ئاسەواری پالەوییە، ناوبراو کورد لە تۆرەمەی کورد کوڕی ئیسفەندیار کوڕی مەنوچێری پێشدادی دێنێتەوە، لە ڕاستیدا لە هەر شوێنێک کە یارمەتی و کەڵک لە نووسراوە پالەوییەکان وەردەگرێ، کوردەکان بۆ سەردەمی کۆن و لە تیرەی خونکاران دەگەڕێنێتەوە، بەڵام بۆ گەڕانەوەی کوردەکان بۆ سەر نەتەوەی عەرەب پێی وایە دەستەڵات و هێزی خەلیفەکان وای کردووە کە کوردەکان بێنە سەر ڕەچەی عەرەب.

ڕەشیدی یاسەمی دەنووسێ"مێژووزانانی یۆنانی لە ٢٢ پ.ز کورد و لە ١١٥ دوای زایین کوردۆئێن و گەزنەفۆن لە ٤٠١ پ، ز کردۆک و ئەرمەنییەکان بە کردۆخی ناویان هێناون. یاسەمی دەنووسێ، چونکە بە بڕوای ئێسترابۆن کورتییەکان بەشێک لە مادەکانن، کەوابوو

هەرچی لە مادی نووسیوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی کوردان کراوە.

لە سەفەرنامەی پوولاکدا هاتووە:...کوردەکان شانازی دەکەن کە دەگەڕێنەوە سەر ساسانییەکان (کە لە نیژادی کوردانن).

هێرۆدۆت باوکی دیرۆک دەڵێ "دیاکۆ یەکەم سەرۆکی مادەکان، ئەو قەومانەی لە ژێر سەیتەرەی دابوو"مادەکان، بووسییەکان، پێرتەکینییەکان، ئاسترۆختان، ئاریا زەندی، بوودییەکان و مۆغەکان.

دیاکۆنۆف ڕێزبەندی ڕەچەی مادەکان لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین بەم جۆرە دەنووسێ"کووتی، لۆلۆبی، کاسی، مێهران، ئیلامییەکان و هووریان.

هەروەها لە درێژەدا دیاکۆنۆف دەڵێ: زۆر سەیرە ناوەکانی پارس و پارت (س)، یان پارسوا وشەی مادین و هەر سێک بە مانای تەنیشت و لا و قەراخە، کە پارسەکان لە باشوور و پارتەکان لە ڕۆژهەڵات و پارسوا لە ڕۆژئاوا بوون، مادیش لەم ناوەندەدا دەژیا، هەروەها لە درێژەدا دەنووسێ: لەو گشت باسانەی کە کرا پێوەندی نێوان زمانی ماد و ئاوێستا بەرچاوە.

دیاکۆنۆف دەڵێ "لە هەزارەی یەکەمی پ.ز گشت ئووراتووەکان،ماننا و ماد بە کووتی دەناسران، لە (دائره المعارف)ی ئەمریکادا هاتووە" کوردەکان پێیان وایە لە ڕەگەزی ((گووتی، یان کووتی)) نە خەڵکانێک کە ٣٦٠٠ تاکو ٢٤٠٠ پ.ز لەم مەرز و سنوورە ژیاون.

گ، ب، ئاکۆپۆف دەنووسی" سەرچاوە ئەرمەنییەکان "کوردک"یان دەگوت و لە یۆنان و ڕۆم جار بە "کوردۆئەنا"، یان "گردۆئەنا" و... ناویان هاتووە.

ئیحسان نووری پاشا لە کتێبی مێژووی ڕیشەی نیژادی کورددا دەڵێ "خاڵدی، کورتی، کوردی لەگەڵ کوردان لە ئاست ناوەوە هەر یەکن. ئیحسان نووری پاشا دەنووسێ:دیرۆکی ئێران کە دوای ئیسلام نووسراوە، چون ئەو کات نەتەوەی ماد ناوی کوردی بە خۆوە گرتبوو، ناوێک لە ماد نابینرێ.

سەرلەشکر حەسەنی ئەرفەع دەڵێ: لە کەتیبە سۆمەرییەکان ٢٠٠٠ پ.ز وڵاتێک بە ناوی کارداکا هاتووە کە هی عەشیرەتی کورتی بووە و شای ئاشوور تێکلات پلیسێر لەگەڵیان بە شەڕ هاتووە.

پرۆفیسۆر مینۆرسکی لە زاری «نیکیتین»ەوە دەڵێ: لە ئەنجوومەنی نێو نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتناسان لە مەرد، یان مارد قسە هاتە گوتن و ئەمانە بە مانناییەکان، ماننی وەک یەک دەزانن و دەڵێ"کوردەکان خۆیان بە کرمانج دەناسێنن، کە ئەمە بەسەر دوو وشەدا دابەش دەکرێ، (ج) کە پاشگرە و دەبێ جیا بکرێتەوە، دەمێنێ (کر)، یان (کور) و (مان) کە (مانناییی)یە، بە گشتی دەکرێ بڵێین ڕەچەی کورد تێکەڵاوێکە لە مەرد و کردووی کە هەردووکیان بە زاراوەی مادی دەئاخفن. مینۆرسکی دەڵێ: هارتمان، نۆلدکە و وایسباخ یەک ڕان لەسەر ئەوەی کە نەتەوەی کورتی کە یۆنانییە کۆنەکان باسی دەکەن هەمان کوردی ئەمڕۆنە.

خۆرهەڵاتناس ڕایسک دەڵێ: وشەی خالدی، گوردی و کورد لە تەک یەک هاومانان و دەکرێ وەک یەک سەیریان بکرێ.

حیشمەتوڵڵا تەبیبی دەنووسێ، هێندێ لە مێژوونووسانی نوێ، کورد بە شرۆڤەی خەڵد، یان خالدی دەزانن، هەروەک ڕایسە پێی وایە خالدی، کورتی، کوردی و کوردیان یەکن و وتنی خالدی لە سۆمەرەوە هاتووە کە ئاشوورەکان بە ئوورارتوو، یان ئۆراشتۆ باسیان دەکەن، یەکێتی نێوان دوو وشەی کورد و کاردۆ نزیکی و خزمایەتی کوردی ئەمڕۆ لەتەک کاردووەکان بە تەواوی دەسەلمێنێ.

پلۆتارک لە بەشێکی پەرتووکی خۆی وڵاتی کوردان بە "کوردینی"نووسیوە لە درێژەدا دەڵێ، لاوەکان وەها پەروەردە دەکەن کە بتوانن لە کەشی سارد و باو باران و کرێوەدا بەرگەگر بن و چوستوچالاک بخارێن، بۆ وەی کە بتوانن شوانێکی بە وەج و ڕێکوپێک بن، ئەمانە (کارداک)یان پێ دەوترێ کە ماناکەی واتای پاڵەوانە، ڤاسیلی نیکیتین دەڵێ، لە زاری ئاسووری و ئەکەدیدا وشەی کورد بە مانای پاڵەوان و بە هێز دێ.

گەزنەفۆن فەرماندەی هێزی دەهەزار کەسەکەی سپارتی و یۆنانی کە کەسێکی جوگرافیناس و مێژووزان بووە لە کتێبی (ئاناباسیس)، یان سەفەرنامەی شەڕی خۆی دەنووسێ (٤٠٠-٤٠١ پ.ز) سوپای دەهەزار کەسی ئێمە کە بۆ شەڕی ئەردەشێری دووەمی هەخامەنشی دەچوو، لە کاتی گەڕانەوەیان وە کوردان دەکەون کە بە کردۆک، یان کردۆخ، یان کاردۆخ ناویان دەبا....ناوبراو دەڵێ کاردۆخییەکان خەڵکێکی چالاک و چاو نەترس

سیلاحی ئەوان کەوان و قۆچەقانییە، لە کاتی شەڕ و پێک هەڵپرژان لێهاتوویان هەیە، تیر هاوێژی چاکن و باشی دەپێکن، کەوانیان مەترێک و نیوە و درێژی تیرەکان یەک مەترە (دوو ئەرش)، تیری کردۆکیان سپەر و مەتاڵ دەشکێنێ.

نیکیتین شارەزای مێژووی کورد و کوردستان لە نووسراوەی خۆی دوای گێرانەوەی ڕاپۆرتی گەزنەفۆن دەڵێ: ئەم کاردۆخییانە هەمان کوردانی ئەمڕۆن، یان لە نژادی کوردانی ئەمڕۆن.

ویل دۆرانتی نووسەری بەناوبانگ پێی وایە: ئامادی، یان مادەکان لە ڕەگەزی هیند و ئەوروپایین، مادەکان دوای کۆچ کردن بە سەمەرقەند و بوخارا هێدی هێدی شۆڕ بوونەوە تا گەیشتنە فارس و لەوێ نیشتەجێ بوون.

مەسعوودی لە گوڵزارەکەی خۆیدا دەنووسێ: بەڵگە بابلی و ئیلامییەکان ڕێک دەسەلمێنن لە هەزارەی چوارەم و سێیەمی پێش زایین خەڵکانێکی تریش لە زاگرۆس و دەوروبەری دانیشتوون... دەبێ سەرنج بدەین و ئەمانە بە گەلانی زاگرۆسی بناسین، هەر بۆیە مادەکان کورد بوونە و...

عەلی ئەکبەر ڕووداونووسی کوردستانی نووسەری کتێبی حدیقە ناصری لە سەردەمی دەسەلاتداری ناسرەدین شای قاجار بە پێی نووسراوە یۆنانییەکان دەڵێ: کوردستان و باقی ناوچەکانی تر لەو سەردەمەدا بە "مەدی" بەناوبانگ بوونە، مەدی، یان ماد هەر یەک بوونە و دوو ماد بوونیان هەبووە، یەکیان مادی گەورە، کە ئەو کوردستانەی ئێستایە لەگەڵ دەوروپشت و سەراسەری ئێران کە پایتەختیان ئەکباتان بووە، ئەوەی تر مەدی بچووک کە بە ئاترۆپاتێن ناسراوە و ئازەربایجانی ئێستایە.

تەوەحودی (کانیمال) دەڵێ: ئەو مادانەی کە بۆ یەکەم جار شانشینیان دامەزراند هەر ئەو کوردانەی ئێستانە کە لە ئازەربایجان و کوردستانی ئەمڕۆی عیراق، ئێران و تورکیا نیشتەجێن و لە مەزنترین شارەکانیان دەتوانی هەگمەتانە و ئەربیل (هەولێر) ناو بەرین، لە ئاکامدا مادەکان بە دەست کورش نەوەی کچێنەی دوایەمین خونکاری ماد تێک شکا.

کەریمی کشاوەرز لە سەرەتای وەرگێڕانی مێژووی ماددا دەنووسێ"مادەکان تەنیا کەسانێک بوون کە پێش پارسەکان توانییان دەستەڵات بگرنە دەست و ئیمپراتۆریەتێک دابمەزرێنن ئەمانە توانییان حکوومەتی بە هێز و خوێنخۆری ئاشوور لێک و پێک دەن و نەتەوەیەکی زۆر لە دیلی و دەستبەسەری ڕزگار بکەن تا بە ئازادی بژین.

د. عەزیز ژیان لە نووسینی خۆی بە ناوی ئیمپراتۆری ماد دەڵێ: دەستەڵاتی مادەکان کە ساڵی ٧٠٨ پ.ز دامەزرا و شاری نەینەوای ئاشووریان بە ساڵی ٦١٢ پ.ز تێک دا کورد بوونە.

شیخ محەمەدی مەردووخ: لە زۆربەی کتێبە مێژووییەکان وشەی کورد بە مانای ماد هاتووە و هەردووکیان بە یەک تیپ دەوترێن هەر وەک لە شرۆڤەی کتێبەکانی چاخی کۆن و نوێ لە گشت دێرەکان لەسەر وشەی ماد، یان مەدی وشەی کوردستان لە ناو دوو کەوانەدا نووسراوە کە مەبەست کورد و کوردستانە.

محەمەد باقر نەجەفی، لە پێشەکی کوردانی گۆران وەرگێڕانی سیروس ئێزەدی دەنووسێ "ناوکی جوگرافیای ماد شاری "ڕەی"نزیک تارانی ئەمڕۆ بووە، سنووری ڕۆژهەڵاتی هەتا بەڵخ درێژەی بووە.

**سەرچاوەکان:**

**١- بەشی دووهەم و سێیەمی ل ل٢٩ - ٦١ تاریخ سیاسی و جغرافیایی مردم کرد غلامرضا انصاف پور چاپ دوم ١٣٨٦ انتشارات ارمغان.**

**٢- ا.م دیاکونوف ت، کریم کشاورز چاپ نهم ١٣٨٨ انتشارات علمی فرهنگی**

**٣- جغرافیا و تاریخ کردستان علی اکبر وقایع نگار کردستانی به کوشش محمد رئوف توکلی ١٣٨٤ چ دوم انتشارات توکلی.**

**٤- زبده تاریخ کرد و کردستان محمدامین زکی بگ، ت یدالله روشن اردلان ١٣٨٨ چ دوم انتشارات توس.**

# با وردتر لە ڕووداوە مێژووییەکان بکۆڵینەوە

## «شەڕێکی بچووک کە گەورەکراوە»

**د. حەسەن کەریم جاف**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)**

پێش ئەوەی بچمە نێو ناوەرۆکی بابەتەکەمەوە، بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەم ڕاستییە بکەم و تیشک بخەمەسەر ڕووداو و بەسەرهاتەکانی چین و توێژ و پێکهاتە جیاوازەکانی نەتەوەکەمان کە خزمەتێکی گەورەیە بە مێژووی ئەم نەتەوەیە و هەوڵێکی بەرچاوە بۆ تێروتەسەلکردنی ئەم مێژووە، بێ گومان توێژینەوە و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە هۆز و عەشیرەتە کوردەکان کە لە سەردەمێکدا پێکهاتەیەکی سەرەکی کۆمەڵگای کوردیان پێکهێناوە، تەلاشێکی ئەرێنی و سوودمەندە بۆ دەوڵەمەندکردنی مێژووی ئەم میللەتە، هەوڵ و تەقەللای بەڕێز محەمەدی حەمە باقی لە کتێبی ئەدەب و مێژوودا بەسەردێڕی «نامەیەکی مێژوویی بۆ شێخ ڕەزای تاڵەبانی و هەواڵی تازە» (١) وتارەکەی نووسەر لەو خانەیەدا پێناسە دەکرێت کە سەبارەت بە نامەیەکی قازی مەلا محەمەد کەریم سەقزییە کە بە قازی «کەوسەر» (٢) بەناوبانگە بۆ خوالێخۆشبوو شاعیری بەرزی نەتەوەکەمان شێخ ڕەزای تاڵەبانی نووسیوە، ئەو تکای لێ کردووە، چەند لاپەڕەیەکی لە مرواری شیعری خۆیان بۆی بنێرێ بەناوی دیاری و خەڵاتەوە کە لای چاو و دڵڕوونەکان دیارییەکی بێ هاوتایە و لەگەڵ وەڵامنامەکەدا، بە مەلا عەبدوڵڵادا بۆی ڕەوانە بفەرموێت تا بۆ بڵاوکردنەوەیان کەسانێکی زۆر لە وێژەی بەڕێزیان و دەستی ڕەنگینیان ئاگاداری بکاتەوە و بۆی نووسیوە خۆت وتەنی "حەیفە بڕزێ تیغی مجەوهەر لە غیلافا"

کە ئاماژەیە بۆ شیعرە بەناوبانگەکەی شێخ ڕەزا لە وەسفی عەشیرەتی جاف کە دەڵێت:

**خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشیرەتی جافا**
**مێروولە نەچی چاکە بەگژ قوللەیی قافا**



شێخ ڕەزای تاڵەبانی

**کێ بێ لە دلێرانی عەشاییر کە نەچووبێ**
**وەک تیری ئەجەل نووکی ڕمی جافی بەنافا**
**چونکو ڕەسەنن ورد و درشتیان هەموو جەنگین**
**مەی سارییە نەشئەی چ لە دووردا چ لە سافا**
**وابێ خەم و پەروا دەچنە عەرەسەیی هەیجا**
**تۆ ناچییە سەر دۆشەکی بووکێ لە زەفافا**
**خوێنڕێژ و شەڕەنگێز و عەدوومەندو زەفەرمەند**
**کامیان کە گەنە وەک شێرە لە مەیدانی مەسافا**
**عوسمان بە گیان (٣) ئامرە وەقتی کە دەڵێ دەی**
**دێنە جەوەلان هەروەکو (حاجی) لە تەوافا**
**یأتون الی الحرب صغارا وکبارا**
**یسعون الی المر ثقالا وخفافا**
**خواهم زخدا هر کە شود دشمن جاهت**
**کۆتی لەدەسا ، دەس لەمل لەتەنافا**
**ڕەحمێ بکە با شێخ ڕەزا بێتەوە گوفتار**
**حەیفە بڕزێ تیغی مجەوهەر لە غیلافا** (٤)

سەبارەت بەم شیعرەی شێخ ڕەزا کە لەوەسف و سەناو ئازایەتی هۆزی جافدا وتوویەتی، محەمەد حەمە باقی.

دەڵێت: دەمێک بوو، هەمیشە لە خۆم دەپرسی ئاخۆ مەبەستی شێخ ڕەزا لەم شیعرە ڕووی دەمی و واژەی (خزمینە)ی بۆ کێ بێ؟ لە وەڵامدا جار جارە ئەوەم بە بیردا دەهات، کە دەبێ مەبەستی لە خزمانی خۆی، واتە تاڵەبانی بێت و تکایان لێ بکات کە لەگەڵ عەشیرەتی ئازا و سەرکەشی (جاف)دا تێک هەڵنەچن، تا ئەم ساڵانەی دوایی کە ژیانی ئاوارەیی لە شاری جوانکیلەی «سەقزدا» گلی دامەوە، ڕۆژێ لەگەڵ هاوڕێیەکی ئەدەب دۆستمدا (سەرهەنگ ڕەشید ناهید) لە هۆزی بەناوبانگ و بەربڵاوی (فەیزوڵڵا بەگ) (٥)، لە سەقزەوە بە ئۆتۆمبێل بەرەو بۆکان دەچووین، لە نیوە ڕێدا لە ئاستی (پیریوونس) هاوڕێکەم لایەکی بۆ لای ڕاستی ڕێگەکە کردەوە و پێی وتم:

**ئا لێرەدا عەشیرەتی جاف و هۆزی فەیزوڵڵا بەگی شەڕە سەختەکەیان کردووە.**

**وتم کام شەڕ...؟**

**وتی ئەو شەڕەی کە شێخ ڕەزای تاڵەبانی شیعرە بەناوبانگەکەی بۆ وتوون.**

**وتم کام شیعرەیان؟**

**وتی ئەو شیعرەیان کە دەڵێ:**

**خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشیرەتی جافا**
**مێرووله نەچی چاکە بەگژ قوللەی قافا**

گومان لەوەدا نییە شەڕ و پێکدادان لە نێوان تیرە و کۆچەرییەکانی عێڵی جاف و زۆربەی هۆز و عەشیرەتەکانی نیشتەجێی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕووی داوە. ئەم تیرە کۆچەرییانە خەڵکی نیشتەجێی ئەو ناوچانەیان بە کەم زانیوە و ئەزیەت و ئازارێکی زۆریان داون و ئەم توندخۆیی و دڵڕەقییە نەرێتی سەرجەم هۆزە کۆچەرییەکان بووە و ئەم شەڕەش لە پیربوونیدا لە نێوان تیرەیەکی، یان چەند تیرەیەکی جافی کۆچەری بە دڵنیاییەوە لەو ناوچەدا ڕووی داوە، بەڵام نە وەک شەڕێکی گەورەی خوێناوی و بەربڵاو کە هەموو تیرەکانی عێڵی جافی گرتبێتە بەر، چونکە لە بەڵگەنامەکانی بنەماڵەی بەگزادەکانی جافدا، بەتایبەتی لە کەشکۆڵەکەی مەحموود پاشادا، یان کتێبەکەی کەریم بەگی فەتاح بەگی حەمە پاشا بە سەردێڕی تەئریخی جاف و کتێبەکەی حەسەن فەهمی جاف بە سەردێڕی مێژووی جاف و مەحموود پاشا و یاداشتەکانی مستەفا بەگی کەریم بەگدا کە سەبارەت بەمێژووی جافە و کتێبەکەی دکتۆر محەمەد عەلی سوڵتانی بەسەردێڕی (ایلات و طوائف کرمانشاهان) و کتێبەکەی عمر فاروقی بە

سەردێڕی (کردستان در مسیر تاریخ به روایت اسناد) و کتێبەکەی ئایەتوڵڵا محەمەد مردوخی کردستانی (تاریخ مردوخ) و کتێبەکانی خوالێخۆشبوو محەمەد ئەمین زەکی بەگ تەئریخی سلێمانی و دەوروبەری و (خلاصة تأریخ الکرد و کردستان ومشاهیر الکرد وکردستان) و مێژووی هۆزی جافی، خوسرەو جاف و هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، حەکیم مەلا ساڵح باسی ئەم شەڕە گەورەیان نەکردووە کە بە قسەی مامۆستا حەمەی حەمە باقی ڕەنگە چەند مانگێکی خایاندبێ(٦).

کەوابێت شەڕێکی ئەوتۆی گەورە ڕووی نەداوە کە دەنگی لەسەرتاسەری کوردستاندا دابێتەوە کە شایانی تۆمار کردن و شیعر پێدا وتن بێت، ئەگەر شەڕێکی وەها مەزن ڕووی دابایە، بێ گومان خوالێخۆشبوو مەحموود پاشا کە بە وردەکاری و ڕاستگۆیی بەناوبانگە لە کەشکۆڵە سوودمەندەکەیدا باسی دەکرد، چونکە لەم کەشکۆڵەدا بە وردەکارییەوە زۆر سەرگوروشتە و ڕووداوی تێدا تۆمار کردووە، ئەگەر ئەم شیعرە مێژووەکەی وەک محەمەد حەمە باقی دەڵێ بۆ ساڵی ١٨٦٥ز بگەڕێتەوە (٧)، بەو مەعنایە لە سەردەمی سەرۆکایەتی حەمە پاشای کوڕی کەیخسرەو بەگی جافدا (١٨١٤-١٨٨١ ز) وتراوە کە عێڵی جاف لەوپەڕی دەسەڵات و توانایییدا بووە و ئەو سەرۆکە کەوتووەتە خەباتێکی بێ وچانەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە بەهۆی دارمانی میرنشینی بابانەوە ١٨٥١ز دوای مۆرکردنی پەیماننامەی ئەرزڕۆمی دووەم ١٨٤٧ز هاتبووە کایەوە، مادەی هەشتەمی ئەم پەیماننامەیە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە هەردوو دەوڵەتەکە بۆ شەڕ و پێکدادان لەگەڵ عەشیرەتە کوردەکاندا سوور بوونە بە هێزی چەکداری هەردوولا لەو عەشایرە کوردانە بدەن کە لەسەر سنوورەکانیان هاتوچۆ دەکەن و کۆچەرن و نەهێڵن سنوورەکانیان ببەزێنن و لەشکری هەردوو لا لەسەر سنوورەکان جێگیر بکەن(٨) و هەوڵی نیشتەجێ کردنی هۆزە کۆچەرییەکان، بە تایبەتی هۆزی جاف چ بە ڕەزامەندی بێت، یان بە زۆر جێبەجێ بکەن(٩)

حەمە پاشای جاف نەچووە ژێر باری ئەو فەرمانەوە و لە هەوڵی سەربەخۆیی و دامەزراندنی میرنشینێکدا بووە، نەوەک شەڕ لەگەڵ عەشیرەتە کوردەکاندا، دەرەنجامی ئەم سیاسەتەی حەمە پاشایە کە شەڕێکی گەورەی لە نێوان هۆزی جاف و لەشکری عوسمانی بە سەرکردایەتی (سەردار عومەر پاشا)، هەروەها شەڕێکی گەورە لە نێوان هۆزی جاف و لەشکری ئێران بە سەرکردایەتی فەرهاد میرزای لێ کەوتەوە(١٠).

نەمانبیستووە شەڕێکی گەورە لە نێوان عەشیرەتی بەناوبانگی فەیزوڵڵا بەگی و عێڵی جافدا لە سەردەمی حەمە پاشادا ڕووی دابێت، بەندە بە دڵنیاییەوە دەڵێم شێخ ڕەزا ١٨٣٥-١٩٠٩ ئەم شیعرەی لە سەردەمی حەمە پاشادا نەگوتووە، کەوا بوو ئەم شیعرە دوای ساڵی ١٨٦٥ز وتراوە بەڵگەیش ئەم دێڕە شیعرەیەتی کە دەڵێت:

**وەسمان بەگیان ئامیرە وەختی بلێتی دەی**
**دێنە جەوەلان هەروەکو حاجی لە تەوافا**

دەبێت ئەم شەڕە بچووکە لە نێوان چەند تیرەیەکی کۆچەری عێڵی جاف ڕووی دابێت کە بە شوێن سەوزاییدا گەڕاون و عەشیرەتی فەیزوڵڵا بەگی لە سەردەمی مەحموود پاشای جاف و ١٨٤٦-١٩٢١ز وەسمانی پاشای برایدا ١٨٤٢-١٩٠٩.

ڕوون و ئاشکرایە تیرە کۆچەرییەکانی جاف کە ئاژەڵدار بوونە، پێویستیان بە دۆزینەوەی لەوەڕگای بەردەوام هەبووە، بۆیە هاوینان لە دەشتی شارەزوورەوە، لە کفری و کەلار و شاکەل و ئەم بەر و ئەوبەری سیروانەوە ڕوویان لە ناوچە کوێستانییەکانی خۆرهەڵاتی خۆیان کردووە و بە بناری هەورامان و مەریوان و شلێر و ناوخوان و بانە و نەکەڕۆز و سەرشێوی سەقز و بۆکان و هۆبەتووی نێوان سەقز و دیواندەرە و ناوچەی ساراڵ و تابان لێلاخی خۆرهەڵاتی شاری سنە پەرتوبڵاوبوونەتەوە(١١)، بە هەزاران هۆبە ڕەشماڵیان لەم ناوچە بەرین و زۆزانەدا هەڵداوە و بەدەم کۆچ و ڕەوت و گوزەرانیانەوە لەم هەرێمەدا، تووشی ماندووبوونێکی زۆر و دەستە و یەخە بوونێکی هەمیشەیی دانیشتووانە ڕەسەنەکانی ئەو ناوچانە بوونەتەوە، کە لەوەڕگای سەوزی تێدا بووە و بەڵگەنامەکان و ڕێکەوتننامەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی پڕن لە باسی گێرەو کێشەی هۆز و تیرە پەرتوبڵاوەکانی جاف و گازاندە و هاواری ئەو هۆزانەی هەمیشە پێشێلی کردوون(١٢) لەبەر ئەم دار و باری ژیانە پڕ لە ڕووداوەی جافەکانی گیانێکی سەرچڵ و توورەی داونەتێ کە ناچار بوون لەم کۆچە بەردەوامەیاندا

چەکی پێویست بۆ بەرەنگاری لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرن و لەگەڵ زۆر هۆز و خێڵی نیشتەجێدا تووشی شەڕ و بەرهەڵستی بێن و بەم هۆیەوە ناوبانگیان بە ئازا و شەڕانی دەربچێ کە دیارە ئەم شەڕەشیان لەگەڵ هۆزی گەورەی فەیزوڵڵا بەگیدا کە لەدەمێکەوە لەناوچەکانی دەوروبەری سەقز و بۆکان و موکریاندا نیشتەجێن، یەکێک بێ لەو شەڕ و ڕووداوانەی لە مێژووی جافدا بەسەریان هاتووە(١٣).

کاک محەمەد لەم نووسراوەیدا بە ڕاشکاوی دانی بەوەدا ناوە گێرە و کێشەی هۆز و تیرە پەرتوبڵاوەکانی جاف لەگەڵ دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ئەو ناوچانەی کە باس کران، بەردەوام ڕووی داوە و گومان لەوەدا نییە ئەم شەڕەش لە نێوان چەند تیرەیەکی زۆر ڕۆیشتووی عێڵی جافدا، لەگەڵ عەشیرەتی فەیزوڵڵا بەگیدا لە سەردەمی مەحموود پاشا و وەسمان پاشای برایدا ڕووی داوە.

وەک سەرچاوەکان ڕوونی دەکەنەوە عێڵی جاف لە ئێران و دەوڵەتی عوسمانیدا لە سەردەمی ئەم دوو کەسایەتییەدا وەک سەردەمی حەمە پاشای باوکیان بووبوونە هێزێکی گەورەی چەکدار کە نە بۆ عوسمانییەکان ملیان کەچ دەکرد و نە بۆ قاجارییەکان هەر لەم بارەوە خوالێخۆشبوو پیرەمێرد دەڵێ: جاف کە مەحموود پاشا سەرۆکیان بوو تا پشتی سنە کە هاوینان عێڵ دەچووە کوێستانی تەگرمە و بەڕانان، خاکی ئێران لە بەردەمیاندا ئەلەرزی، والی کرمانشان کە پرنسی بوو، داری سووتەمەنی بۆ ئەنارده شێروانە و کانی چەقەڵ(١٤).

میرزا مەحموود خانی ئیحتیشام ئەلسەڵتەنە(١٥) لە یاداشتە لە چاپدراوەکەیدا کە دێتە سەر باسی مەحموودی پاشای جاف دەڵێ «عێڵی جاف عێڵێکی کۆچەرە و ئەگەنە وڵاتی کوردستانی ئێران و تا دوو فەرسەخ لە نزیک سنەوە ئەم جافانە (مالک الرقاب) و موختاری بەسەر وڵاتا هەرچی بیانەوێ دەیکەن و کەس ناتوانێ بەرانبەریان ڕاوەستێ، فەوجی سوارەی زەفەر، کە گوایە بۆ پاسەوانی کردنی خەڵکی ناوچەکە نێراونە، نەبادا جافە کۆچەرییەکان دەستدرێژییان بکەنە سەر، جافەکان سەربازەکانی ئەم فەوجەیان بۆ کۆکردنەوەی ئالیک بۆ وڵاخەکانیان و لەوەڕ بۆ ئاژەڵەکانیان و خواردەمەنی زمسانەی خۆیان بەکاردێنن، وەک بڵێی فەوجی ناوبراو بۆ خزمەتکاری ئەو جافانە نێرابن، بێ گومان فەوجی زەفەر کە لە دوو سەد سێ سەد سەربازێکی لێکەوتوو پێکهاتبێ، هەرگیز ناتوانێ بەرانبەر هێز و توانایی جافەکان کە لە هەژدە هەزار بنەماڵەی چەکداری جاف پێکهاتووە بە سەرکردایەتی کوڕەکانی مەحموود پاشا ڕاوەستێ، ئەم عەشیرەتە نە گوێڕایەڵی عوسمانی و نە ئێرانن، ئەم لەشکرە تەنیا لە خزمەتکاری جافەکان بەولاوە چارەی تریان نەبووە(١٦).

باسیل نیکیتین لە بارەی جاف و سەرکردەکانییەوە دەڵێت:

تەنیا عەشیرەتی جاف دەتوانێ نەهێڵێ عەشیرەتەکەیان لەناوخۆدا تێک بچێ، ئەمەش بەهۆی ژیری و توانایی و بیرتیژی گەورەکانیانەوەیە کە شتێکی وایان کردووە عەشیرەتەکەیان هەموو بەرەو سەرکەوتن بڕوات، مەحموود پاشا سەرۆکی هۆزی جاف دانی بەوەدا ناوە کە لە زەرفی چەند سەعاتێکدا دەتوانی چوار هەزار سواری چەکدار کۆبکاتەوە (١٧).

پەنا بەم بۆچوونانە، دووره لە وردەکاری ڕووداوەکانی مێژووەوە، عێڵێکی وەها گەورە کە بە ئازایی و بێ باکی بەناوبانگن (١٨) بڕۆنە شەڕێکی وەها سەختەوە بە سەرکردایەتی مەحموود پاشا و وەسمان پاشای برای لەگەڵ هۆزی بەناوبانگی فەیزوڵڵا بەگیدا و لەو شەڕەدا شکستیان هێنابێ، لە بەڵگەنامەکان و کەشکۆڵەکەی مەحموود پاشا و تەئریخی کەریم بەگدا باسی لێوە نەکرابێ، کەریم بەگ سەبارەت بە چەند شەڕێکی بەناوبانگی عێڵی جاف لەگەڵ عەشیرەتەکانی تردا دواوە.

بۆ نموونە باسی شەڕی جاف لەگەڵ هەورامانی تەختدا کردووە کە بەهۆی کوشتنی یەکێک لە بەگزادەکانی وەلەد بەگی لە بنەماڵەی بەگزادەکانی جاف لەلایەن حەیدەر بەگی باپیری مەحموود خانی مەریوانەوە کە لەو شەڕەدا زیاتر لە سەد کەس لە نێواندا کوژراوە، ئەم شەڕە بە شەڕی (چەمی شامیان) بەناوبانگە (١٩).

هەروەها باسی شەڕی عێڵی جاف بە سەرکردایەتی و عەشیرەتی هەمەوەندا دوای کوژرانی حەمە پاشا سەرۆکی عێڵی جاف و داڵدەدانی بکوژەکانی لەلایەن جەوامیری(٢٠).

بە بۆچوونی بەندە وەک باسم کرد شەڕێکی بچووک لە

نێوان چەند تیرەیەکی جاف و هۆزی فەیزوڵڵا بەگیدا ڕووی داوە کە لەلایەن دەوڵەتی ئێران و خودی سەلیم خانی سەرتیپ کە شاعیرێکی چاک بووە گەورە کراوەتەوە، دەوڵەتی ئێرانیش لە مەحموود پاشا و هۆزی جاف (٢١) بێزار بووە، کە هەمیشە دەبوونە مایەی تێکچوونی سنووری هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی و ئازاردان و نارەحەتکردنی عەشیرەت و هۆزەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە لەسەر ڕێگای کۆچیاندا بوون و سەلیم خانیش ئەو شەڕە بچووکەی گەورە کردووەتەوە بۆ نزیک بوونەوە لە کاربەدەستانی دەوڵەتی قاجاری و قەریحەی شیعری کراوەتەوە و بەم شیعرە وەسف و سەنای ئازایی و دلێری عەشیرەتەکەی دەکات کە چۆن جافیان لەو شەڕەدا شکاندووە و شپرزەیان کردوون:

لەسەر هەمان کێش و قافیەی شیعرە بەناوبانگەکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی:

**خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشیرەتی جافا**
**مێروولە چاکە نەچێ بەگژ قوڵلەیی قافا**

دەڵێت:

**نەت بیستووە چەند ساڵێ لەمەوبەر لە مەسافا**
**هەر جاف چووە نووکی ڕمی (موکری) بە نافا**
**تیپی عەدو وەک پۆلی قولنگ ئەو وەکو شمقار**
**تێکی دەشکاند یەک یەکە ئەی خست لە مەسافا**
**شێخ بێ خەبەرە لەم قسە مەشهورە لە ئافاق**
**حەربە و (ڕم)ی ئەم بوو کە بەجێما لە غیلافا**
**هەر ئەو کوڕە جافەیش بوو لەبەرچووبی دلێران**
**ناڵینی دەهات هەروەکو بووکێک لە زەفافا**
**زۆر کەس لە جوانانی ئەوان بوو بە ئەسیر هات**
**دەست بەستە و تەن خەستە و گەردن لە تەنافا**
**چاک وایە نەکا مەتحی ئەوان نەک بلێ مونسیف**
**ئەم مەتحە کە فەرموویەتی (شێخ) لافوگەزافا**
**بۆ مەدحەتیان کافیە شێخ بیت و نەزەر کا**
**مەعلوومە کە مەعنای لە لوغەتدا هەیە جافا** (٢٢)

بێ گومان ئاشکرایە مێژوو بە شوێن حەقیقەتدا گەڕانە، بۆ زانینی حەقیقەتی ئەم ڕووداوە ئەم زەحمەتەم بەخۆم ڕەوا بینیوە و ئەم وتارەم خستووەتە ڕوو، ئامانج حەقیقەت زانینە، نەوەک دەمارگرژی خێڵایەتی و هۆزایەتی، کە دەمێکە ئەو قۆناغەمان تێپەڕاندووە. ئەم جۆرە ڕوونکردنەوانە بۆ ڕاست نووسینی مێژووی میللەتەکەمان سوودبەخشە، لێرەدا دەڵێم ئەگەر شەڕێکی وەها گەورە و خوێناوی وەک سەلیم خان دەفەرموێ [ (هەر جاف چووە، نووکی ڕمی (موکری)ی بەنافا ] ڕووی دابێت، بێ گومان سەرئەنجام ئاشتی و سوڵحێک لە نێوانیاندا بەرقەرار دەبوو، نەمانبیستووە لە مێژووی نوێ و هاوچەرخماندا سوڵحێکی دوای شەڕ لەنێوان ئەم دوو عەشیرەتەدا هاتبێتە کایەوە، ئەگەر شەڕێکی خوێناوی وەها لەنێوان ئەم دوو عەشیرەتەدا ڕووی دابێت، بێ گومان (گەنج عەلی خانی) کوڕی سەلیم خان بە میوانی نەدەچووە ماڵی حەسەن بەگی عەلی بەگی مەحموود پاشا لە هەڵەبجە و پازدە ڕۆژ لە ماڵیاندا نەدەمایەوە و ئەم شیعرە جوانەی لە وەسف و سەنای حەسەن بەگدا نەدەگوت کە دەفەرموێ:

**ئەی نەسیمی سبحەدەم ئەی شارەزای دەشتودەرە**
**وەی بە قوربانی شنەت بم هەستە زوو بە واوەرە**
**زۆر دەمێکە ئارەزووم وایە بنێرم قاصدێک**
**بۆ حزوری خۆشەویستم بۆ سەرم تاجی سەرە**
**کاغەزێکت بۆ ئەنووسم زۆر بە شەوق و ئاب و تاب**
**ئەیدەمە دەستت، بەڵام توخوا زەریفی هەڵگرە**
**وەختێ زۆر خۆشە و بەهار نیوەی چووە سەرما نییە**
**دەشت و کێو و شاخ و لاپاڵان وەکو ڕووی مەخمەرە**
**ئاوی بەفری شاخی کوێستان دێتە خواری شیو بەشیو**
**زونگ و کانی هەڵ قوڵێون ئاو لە ئاو شیرینترە**
**گەرچی ڕێگات شارەزایت با منیش وەبیرت بێنمەوە**
**ڕێی نزیک و ڕاست لە کوێ ئەچیت یای گرە**
**لێرەوە ئەچییە مەحالی میرەدێ تا کێلەشێن**
**دێ لەسەر دێ چیمەن و سەوزە و گوڵاڵە و شەستپەڕە**
**ئەچی بانە بەندەن و کێوی سەراسەر جەنگەڵە**
**گوێزە هەنجیرە هەنارە بوز و پەڵکو عەرعەرە**
**ئەم بەر و ئەو بەر خیابانی چنارە سەروو کاج**
**ئەم سەرەو ئەو سەر هەموو فەرشێ سیمنت مەڕمەڕە**
**شارەکەی شارێکە زۆر ئاو و هەوای سافە و لەتیف**
**ساختمان و پارک و بازاڕی قەشەنگ و دلبەرە**
**گەر وەدەر کەوتی لەوێ جێگەی شەوت سەیران بەنە**
**چۆم و بوستانی بەردادێ و شیرین مەنزەرە**
**گەر لە چۆمت دا ئەڕۆیت تا ئەچیە شاری پێنجوێن**
**شار وەکو فردەوسە ئاوی سەلسەبیلە و کەوسەرە**

**هیچ لەوێ تەئخیر مەبە ئینجا بڕۆ بۆ شارەزوور**
**مصری کوردستانە جێگەی عێڵ و خێڵ و چادرە**
**مەرکەز و پێتەختی دەشتی شارەزوورە لەم ڕەوزەدا**
**پێو بڵێم شاری هەڵەبجەی پێ ئەڵێن و دڵگرە**
**نیشتمانی میر و پاشای عێڵی جافانە قەیم**
**خێمەگاهی گەورەیی کوردانە جێی ئەسکەندەرە**
**ئەچێتە بەر دەرکی حەسەن بەگ میر و گەورەی کوردەکان**
**دەرکی دەردا ڕووی وەکو پێش دەرکی مەقەری قەیصەرە**
**دەستەی بەگزادە سەفیان بەستووە (بڕنەو) بەدەس**
**دەستەی نۆکەر هەموو دەستیان لە گۆی خەنجەرە**
**دەستەی فەڕاش لەبەر دەرگا عمومەن حازرن**
**عەتر پاشیت لێی ئەکەن بۆن خۆش ئەکەن بەر پەنجەرە**
**با تەمیز و پاک و خاوێن بچیە خزمەت سەروەرم**
**کە گەیشتیتە حەوزی بەر دەروازە دەستنوێژ هەڵگرە**
**دەرکەوان دانیشتووە دایم لەسەر خواجە نشین**
**بۆ پەزیرایی لێقەوماو و غەریب زۆر حازرە**
**پاش ئەوەی ئیزنت ئەدەن داخل کە بوویتە نێو حەسار**
**شەم ئەکەی بۆنی گوڵ و و عەتر و عەبیر و عەمبەرە**
**پەردەوان ئیزنت ئەدا تا ئەچیتە ناو مهمان سەرا**
**تەخت و کورسی و ئەسکەمیرە پڕ لە ئاغا و بەگلەرە**
**لای سەرووی هەموویان حەسەن بەگ سەروەر و سەرداری کورد**
**زۆر بە تەمکین و ئەدەب دانیشتووە ئەو سەروەرە**
**ئەهلی فەزڵ و عیلم و ئاداب و ئەدیب و زۆر فەصیح**
**خۆشە چینی (معن) صحبن فعل و مانی و جعفرە**
**ئەم عەزیزەت پێیە بیدە خزمەتی بکێشەوە پاش**
**دەست لەسەر دەس لێو لەسەر لێو چاو لەسەر پێی ڕاگرە**
**عەرزی ئیخلاس و سەلامی خالسانەی لێی ئەکەم**
**تاکو دنیا ماوە من هەر بەندەم ئەو سەروەرە**
**زۆر لە ئەو ڕۆژەی کە هاتوومەتە حزوری ئەنوەری**
**سەد بەرابەر ئەوڕۆ و ئیخلاص و سەمیمم زۆرترە**
**ئەو تەواریخەی (٢٣) کە فەرمووت داخی داخانم نەبوون**
**وەرە نە ئەمری تۆ موتاعە جێی لەسەر چاووسەرە**
**هەوڵی زۆرم دا لە سابلاخ و تەورێزیش نەبوون**
**هەم لە تارانیش نەبوو نوسخەی ئەڵێن زۆر نادرە**
**بۆ هەموو بەگزادەکانی محتەرەم تەقدیم ئەکەم**
**بەندەکی و عەرزی ئیرادەت لێرەوە تا لۆندەرە (٢٤)**

**پەراوێزەکان:**

١-ئەدەب و مێژوو، چاپی یەکەم، هەولێرە، ٢٠١٣، ل٩.

٢-کەوسەر، نازناوی مەلا محەمەد کەریمی سەقزییە کوڕی مەلا مستەفای کوڕی مەلا محەمەدی سەلیمی کوڕی مەلا شەریفی قازییە، ساڵی ١٨٤٨ی زایینی لەدایک بووە، ساڵی ١٩١٠ کۆچی دوایی کردووە.

٣-وەسمان پاشا کوڕی حەمە پاشا، لە ساڵی ١٢٦٣ ک لەدایک بووە، ساڵی ١٩٠٩ کۆچی دوایی کردووە.

٤-بڕوانە دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٤٦، ٣، ٤.

٥-فەیزوڵلا بەگ ( -١٨٨٢) کوڕە گەورەی ئەوڕەحمان بەگ بووە، بەو هۆیەوە کە منداڵی زۆر بووە لەناو بەگزادەکاندا لە هەموویان بەرچاوتر بووە، هەر بۆیە لەناو بەگزادەکاندا وەک تیرەیەکی تازە و جیاواز پێیان وتووە فەیزوڵلا بەگی پازدە کوڕی هەبووە، ئەمە ناوی نۆ کوڕی فەیزوڵلا بەگن، حاجی محەمەد، ساڵح بەگ، حاجی محەمەد حەسەن بەگ، شێر بەگ، حاجی سەلیم خانی سەرتیپ، کە شاعیریش بوو، ئەمانوڵلا بەگ، کەیخەسرەو بەگ، عەبدولڕەحمان بەگ، بڕوانە پەراوێزی ئەدەب و مێژوو، ل١٧.

٦-ئەدەب و مێژوو، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

٧-هەمان سەرچاوە، ل٢٢.

٨-دکتر فریدون ادمیت، امیر کبیر در ایران، تهران ١٣٢٨، ص١٣٦.

٩-بڕوانە ڕۆژنامەی (الزوراء)، ژ ٣٣٧ی مانگی سەفەری ١٢٩٠ کۆچی، ڕێکەوتی ٩/٤/ ١٩٧٣ ز.

١٠-دیوانی مەولەوی سید عبدالرحیمی معدوم، لەلایەن محەمەد ئەمین ئەردەڵانییەوە لە هەورامییەوە گۆڕاوە بۆ زاراوەی سۆرانی، بەرگی یەکەم، بەغدا ١٩٩١، ل٨ هەروەها بڕوانە ایه الله محمد مردوخ کردستانی، تاریخ مردوخ، ج٢، ص١٩٥-١٩٧.

١١-کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، بە وردی کۆچی تیرەکانی عێڵی جافی لە کۆچی هاوینی و زستانەیاندا و ئەو ڕێگایانەی کە لە کۆچەکەیاندا گرتوویانەتە بەر و هەوارگەکانیان لە هاوینەهەوار و زستانە هەواریاندا تۆمار کردووە، بڕوانە تەئریخی جاف، لێکۆڵینەوەی دکتۆر حەسەن جاف، پێشەکی محەمەد عەلی

قەرەداغی، چاپی یەکەم بەغدا ١٩٩٥، ل١٢٥-١٤٣.

١٢- بڕوانە بەڵگەنامەکانی کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی خۆیان، یان بۆ دەوڵەتی عوسمانیان ناردووە، پاشکۆی تاریخ جاف، کەریم بیگ فتاح بیگ جاف پژوهش د. حسن جاف، ترجمە و حواشی دکتر محمد علی سلطانی انتشارات اراس، هەولێر ٢٠١٢، ص٢٧٠-٣٠٨.

١٣-محەمەد حەمەباقی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

١٤-ڕۆژنامەی ژیان، ژ٤٩٩ ساڵی ١٩٣٦.

١٥- میرزا مەحموود خان (احتشام السلطنە) ساڵی ١٩٣٦ کۆچی بووە والی سنە دوای بەرکەناری حەسەن عەلی خان پیاوێکی بیرتیژ و لێهاتوو و حوکمڕانێکی بە دەسەڵات بووە تا ساڵی ١٣١٨ حاکمی ناوچەی سنە بووە، بڕوانە محمد مردوخی کردستانی، تاریخ مردوخ، ج٢، ل٢٣٠.

١٦-خاطرات احتشام السلطنە، بکوشش محمد مهدی موسوی، چاپ اول، تهران ١٣٦٦، ص٤٤٢.

١٧-باسلي نیکیتین، الکرد، دراسة سوسیولوجیة وتاریخیة، نقله من الفرنسیة وعلق علیة الدکتور نوری تاڵەبانی، دهوک، ٢٠٠٨ ص٢٥١.

١٨-کلودیوس جیمس ریج، رحلة ریج المقیم البریطاني في العراق عام ١٨٢٠، ترجمة اللواء بهاءالدین نوري، بیروت ٢٠٠٨، ص١١٨.

١٩-تەئریخی جاف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥.

٢٠-د. حسن الجاف، دور عشائر الجاف بزعامة رؤسائها في تأریخ الشعب الکردي، مجلة المجمع العلمي العراقي، الهیئة الکردیة، العدد ٢٥-٢٦ بغداد ١٩٩٢، ص٢٣٣.

٢١-بڕوانە بەڵگەنامەکانی ژمارە ١٩، ٢٠، ٢١ سەبارەت بە دەستدرێژی عەشایری جاف، مێژوو٢٣ ربیع الاول ساڵی ١٣١٧ھ ق پاشکۆی تاریخ جاف، وەرگێڕاوی فارسییەکەی لاپەڕە ٢٧٨، هەروەها بەڵگەنامەی ژمارە ٢٣ مێژووی ٨ی جمادی دووەم، ١٣١٧ھ ق نامەی موشیر ئەلدەولە وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ دەوڵەتی عوسمانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٨.

٢٢-دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ساغکردنەوە و شەرحی شوکور مستەفا، هەولێر ٢٠٠٠ ل١٦.

٢٣-وا دیارە حەسەن بەگ داوای کتێبێکی لە بواری مێژوو لەگەنج عەلی خان کردووە، بەڵام ناوبراو دەستی نەکەوتووە، کتێبی داواکراو نەزانراوە چی بووە.

٢٤-کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف، بەرگی دووەم، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی حەسەن جاف، بیروت، ١٩-٢٥.

# دەنگێکی پڕ لە سۆزی مامۆستایەکی دڵسۆز

گوشاد حەمەسەعید

زۆر لە مێژبوو چاوم دەگێڕاو گوێم ڕادەگرت و لە کتێبانم دەنۆڕی تا هەندێک زانیاری لەبارەی ژیان و کەسایەتی و بەرهەمەکانی هونەرمەندی ناوازە و دەنگخۆش و پڕ لە قرچەی سووتان سەید ڕەحیمی قوڕەیشی پەیدا بکەم، تا لەو چەند ساڵانەی دواییدا پیرو چاکان ڕاستیان بۆ هێنام بە ناسینی سەید عەبدوڵڵای قوڕەیشی برا بچووکی ئەو هونەرمەندە، ئەو بەختەم یار بوو و هەر بەهۆی ئەو پیاوە باشەوەش چەند سەرچاوەیەکم لە بارەی سەید ڕەحیم چنگ کەوت، ئەوە بێجگە لە خۆی کە لە ماڵێکدا وەک برا لەگەڵیدا ژیاوە.

سەرەتا دەبێ بڵێین گۆرانییە پڕ لە چێژ و هەست وروووژێنەرەکەی کە پتر سەید ڕەحیمی پێ دەناسرێ، گۆرانی (بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە، لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە)ی (گۆران) شاعیر، بێجگە لە جوانی و ناسکی شیعرەکە، دەنگە خۆش و دەرهێنانە مۆسیقاییەکەی و ئاوازە پڕ بە پێستەکەی سەید ڕەحیم لە ئاستێکی هونەری زۆر بەرزدان و هەرگیز ناکرێت لە نووسینەوەی مێژووی هونەری گۆرانی کوردیدا بە شایستەیی باسی لێ نەکرێت و شوێن و جێیەکی بۆ دیاری نەکرێت.

لەو گۆرانییە مەستکەرە بەگوێگرتن خەیاڵێکی خۆش پەلی گوێگر دەگرێت و دەیباتە نێو جیهانێکی ئەفسووناوییەوە. دیارە ئەم گۆرانییە بەتێهەڵکێشانی مەقامێکی کە لەسەر شیعرە دڵتەزێنەکەی مامۆستا هەردی:

**بەسەرسامی لەسەر لووتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم**
**شریتی عومری ڕابردووم وەکو خەو دێتە بەرچاوم**
**شریتی چی؟ سەراپا سەرگورشتەی نائومێدیمە**

**فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرەس هێنانی لاویە**

ئەمە دەگاتە ترۆپکی داهێنانی سەید ڕەحیم و دەبێتە گۆرانییەکی نایابی نێو دنیای گۆرانیی کوردی، کە تا ڕۆژی ئەمڕۆش خەڵکی بە تامەزرۆییەوە گوێی لێ دەگرن، دیارە وەک ڕەزا باباخانی دەیگێڕێتەوە چیرۆکی ئەو گۆرانییە بەم جۆرە بووە: لە یەکێک لە ڕۆژانی ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی کە ڕادیۆی مەهاباد لە کاردا بووە، هونەرمەند عەزیزی شاروخ لە بەرنامەی ڕادیۆیی «کۆلکەزێرینە»دا خەریکی تۆمارکردنی مەقامێک بووە لەسەر شیعری «ئافرەت و جوانی» گۆران، ئەوسا کە سەید ڕەحیم وەک یەکێک لە بناغەدانەران و هەڵسووڕێنەرانی کارامەی ئەو ناوەندە خەریکی کاری فەرهەنگی و هونەری بووە، بە هەڵکەوت چاوی بەو شیعرە دەکەوێت و دەکەوێتە بەر دڵی و دوایی ئاوازێکی بۆ دادەنێت، کە ئەو گۆرانییە شیرینەی حازریانی لێ دەکەوێتەوە.

وادیارە سەید ڕەحیم بێجگە لەوەی خۆی دەنگخۆش بووە و (٢٠) گۆرانی داناوە، کە لەنێوان ئەوانەدا هەندێکیان فۆلکلۆرن و هەندێکیشیان خۆی ئاوازی بۆ داناون، سەید ڕەحیم هاندەرێکی باش بووە و هەردەم لە پشت هونەرمەندان و گۆرانیبێژانەوە وەستاوە، عەزیز شاروخ دەڵێت: «ساڵی (١٣٤٨ هەتاوی ١٩٦٩ز) بە بانگهێشتی سەید ڕەحیم کە ئەوکات لە دەنگ و ڕەنگی ناوەندی ورمێ کاری دەکرد، هەوەڵین گۆرانی خۆم تۆمار کرد.» دیارە سەید ڕەحیم کەسێکی دوڕناس بووە کە لەو وەختەدا هانی (شاروخ)ی داوە کە دەنگە بە سۆزەکەی بە گوێی خەڵکیدا بچرپێنێت و خەڵکی لەو خۆشییە بێ بەش نەکات، دیارە ئەمەش وەفا و پیاوەتی (شارۆخ) دەنوێنێت کە ددان بەوەدا دەنێت سەید ڕەحیم کۆڵەگەی یەکەمی بۆ داکوتاوە، ئەمەش بێجگە لە دەرخستنی گەورەیی و هونەرمەندی سەید ڕەحیم، ئەوە گەورەیی و هونەرمەندی خۆیشی دەردەخات.

بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بێینەوە سەر چۆنێتی دەستپێکردنی سەید ڕەحیم، دەبێت چەردەیەکی کورت لە مەڕ ژیان و سەربوردەی ئەو پیاوە خۆشەویستە بگێڕینەوە.

سەید ڕەحیم کوڕی سەید حەکیمی قورەیشی بووە و نۆبەرەی دایک و بابی و براگەورەی تاقە خوشکێک و



**سەید ڕەحیمی قورەیشی**

پێنج برای دیکەی بووە. ئەو لە ساڵی (١٣٠٩)ی هەتاوی (١٩٣٠) زایینی لە شاری مەهابادی لە دایک بووە، خوێندنی بنەڕەتی (سەرەتایی) هەر لەوێ تەواو کردووە.

دوای وەدەست هێنانی بڕوانامەی دیپلۆم وەک مامۆستای قوتابخانە دەگەڕێتەوە سابلاغ و وادیارە پیشەکەی دەرفەتێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی پێوەندی بەناوەندی قوتابیان و وەچەی نوێوە بکات و هیوای دوارۆژێکی گەشیان لە دڵدا بچێنێت و بەبیری هونەری و هونەر دۆستی و ئەدەب و ئەدەبدۆستی، کوردی بە کوردی دۆستی ئاوبدات، زمانە تەڕ و پاراوەکەیشی باشترین چەکێک بووە کە توانیبێتی لەو خەباتە سەخت و هەوڵ و تەقەللایانەیدا بەکاری بێنێت. ئەو کە سەرەتا زۆر خۆی بەفێربوونی موزیک و هونەری گۆرانییەوە سەرقاڵ دەکات، دیارە تووشی زۆر کۆسپ و تەگەرەی دابونەریتی کۆمەڵایەتی هاتووە، وادیارە لە مەهابادیش ئەو هونەرە وەک هەموو هونەرەکانی دیکە بەچاوی نزم و سووک تەماشای کراوە و باوک و قەوم و قیلەش بەر لە هەموو کەسێکی دیکە لە هونەرمەند دەبنە ملۆزم. سەید عەبدوڵڵای برا بچووکی سەید ڕەحیمی قورەیشی گێڕایەوە و گوتی: ڕۆژێکیان کە من هێشتا منداڵ بووم،

کاکە سەید ڕەحیم هاتەوە ماڵێ و بە بێ دەنگی سەرکەوتە سەر کۆشکێ کە ژوورەکەی ئەو لەوێ بوو. تازە کاکەم دەستی بە ویلۆن ژەنین و ڕاهێنان کردبوو کە لە پڕ باوکیشم خۆی بەناو حەوشەی ماڵێدا کردەوە و هەر لەگەڵ دەنگی موزیکی بە بەرگوێ کەوت، زۆر بە پەستی و تووڕەیی بۆ ژوورەکەی کاکەم سەرکەوتە سەرێ و چی خودا پێی ناخۆشە بەدەمیدا هات و هەر ئەوەندەم زانی ویلۆنەکە لە پەنجەرەوە فڕێ درایە ناوەندی حەوشەی ماڵێ و هەلا بە هەلا بوو و کاکەمی بە قسەی ڕەق و ناخۆش تەڕ کردەوە. وەک کاک عەبدوڵڵا دەیگێڕێتەوە دەڵێت کاکەم (سەید ڕەحیم) پیاوێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو، سەلار و سەنگین، کپ و بێ دەنگ کارەکانی خۆی دەکرد، دیارە هەر ئەمەش بووە وای کردووە کە کۆڵ نەدات و ڕێگای ئامانجەکانی لەبەرچاو لێڵ نەبێت، هەر بۆیە دواتر وەک هونەرمەندێکی ناسراو، کارەکانی خۆی تۆمار دەکات.

لە ساڵی (١٣٥٠-١٩٧١)دا دکتۆر فەرحەت داوا لە سەید ڕەحیم دەکات کە دەستەیەک لە هونەرمەندانی کورد ساز بکات بۆ ئەوەی بەشداری لە جەژنەوارە (فیستیڤاڵی)ی ساڵانەی شیرازدا بکەن، ئەویش ماملێ و شارۆخی و مەلا حوسێنی عەبدوڵڵا زادە هەڵدەبژێرێت و لە کاتی خۆیدا دەچنە شیراز و بەشداری لە جەژنەوارەکەدا دەکەن کە هونەرمەندانی هەموو میللەتانی ئێران و بێگانەش بەشداری تێدا دەکەن. ئەو دەستە هونەرمەندە کوردە کوڕ و ئاهەنگی وا سازدەکەن کە زۆر جێگای ڕەزامەندی و پەسندی جەماوەرەکە بووە و شوێن و شکۆی هونەری کوردی بەرز ڕادەگرن. سەید ڕەحیم دیارە لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ورمێشدا کاری کردووە و زۆر لە پشت هونەرمەندانی کورد وەستاوە و هاندەرێکی گەورەی هونەرمەندان (ماملێ و محەمەد دانیش و خەلیلی سەدیقی) بووە، هەر بۆیە دوای ئەوەی لە ساڵی (١٣٥١-١٩٧٢) کە ڕادیۆی مەهاباد دادەمەزرێت و دەبێتە مەکۆی هونەرمەندان و گۆرانیبێژانی وەک حەسەن زیرەک، محەمەدی ماملێ، عەزیزی شاروخ، خەلیلی سەدیقی، محەمەد دانیش و سەید ڕەحیم خۆی، بەم هۆیەوەش هونەری گۆرانی کوردی جووڵەیەکی باشی تێ دەکەوێت و زۆر زێتر دەبووژێتەوە.

دوای کۆچی هونەرمەند حەسەن زیرەک لە ساڵی (١٣٥٠-١٩٧١)ز هەر بە کۆشش و هەوڵی سەید ڕەحیم و چەند هونەرکارێکی دیکە نایەڵن کاروانی موزیک و هونەری گۆرانی کزبێت و هەر هەموو دەست لەناودەست گرووپێکی موزیک پێدەهێنن کە دەبێتە ئەستووندەیەکی بەهێز لەپشت هونەرمەندانەوە دەوەستێ: ئەو گرووپە بریتی بووە لەوانە: محەموود بلوری- عوودژەن، عەزیز عابید- فلووت ژەن، قادر سەیاحی- کلارنێت ژەن، ڕەشید فەیزی نەژاد، جەعفەر مینایی، عومەر مینایی، محەمەد ساڵحییەی ویلۆن ژەن و محەمەد دانش، عوودژەن حوسێن ڕەهبەری لێدەری زەڕب، بەهمەن مەتڵووب تارژەن، فارووق مەتین- سەنتوور ژەن.

بێجگە لە هونەری موزیک و گۆرانی، سەید ڕەحیم زۆری حەز بەسینەما و شانۆ کردووە و پێی لە سینەما نەبڕیوە و لە کارەکانی ڕادیۆییدا سوودی لەو هونەرە وەرگرتووە. سەید عەبدوڵڵای برای گێڕایەوە، وتی: هێشتا تەمەنم هەر (٥-٦) ساڵێک دەبوو، ئێوارەیەکیان کاکەم هاتەوە ماڵێ و لە دوورەوە گوتی عەبدوڵڵا بڕۆ جلەکانت بگۆڕە و خۆت ساز کە دەتبەم بۆ سینەما، من هەرگیز ئەو یادەوەرییەی کاکە سەید ڕەحیمم لەبیر ناچێتەوە کە لە باوەشی کردم و چووینە سینەما و فیلمێکی ڕووسی بەناوی (کاتێک لەقلەقەکان هەڵدەفڕن) پیشان درا، شەوێکی خۆشمان ڕابوارد و هەر بە باوەشیش منی هێنایەوە ماڵێ، زۆرجاری وا دەبوو بۆ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی دەبردم، لە نزیکەوە هونەرمەندە گەورەکانم دەدیت، بۆ جەژنەوارەکان دەیبردم و هەر سەفەرێکیش بە دڵخۆشی دەیهێنامەوە، منیشی وەک هەموو گەنج و لاوان بۆ خۆشەویستی هونەر هان دەدا و دەیویست لەو منداڵییەمەوە ئەو خۆشەویستییەم لە توێی دڵدا بڕوێنێت.

سەید ڕەحیم کە شەیدای شانۆ بووە و زۆریشی لەو بوارەدا کار کردووە، ئەوەتا بێجگە لەوەی کە خۆی لە چەندان شانۆدا چ وەک شانۆکار و نووسەری شانۆ، یان بێژەر و کاری نواندن، کاری زۆری کردووە کە بابەتەکانیان پێوەندییان بە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوساکەوە هەبووە. ئەو هەر لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا خۆشەویستی ئەو هونەرەی پەیدا کردبوو، ئەو کە ئەندامی ڕێکخراوی جەوانان (لاوان)ی دیموکرات بووە و لە

شانۆگەری (دایکی نیشتیمان)ی غەنی بلووریاندا دەوری وەرگرتووە. ئەو هەرگیز یادی کۆماری لەدڵ دەرنەدەچوو، وەک حەزرەتێک ناوی پێشەوای هەر لەسەر زار بوو، بە تایبەتیش لە کوڕ و دانیشتنەکانی خانەوادەیی ئەو ڕێز و خۆشەویستییەی خۆی نەدەشاردەوە، هەردەم یادی ئەو ڕۆژە پڕ لە شانازییانەی سەردەمی ئازادی لەخەیاڵ دەرنەدەچوو و کاریگەریی ژیانی سەربەستانەی ئەو ڕۆژانەی کۆمار کاری لەسەرتاپای ژیانی ئەو کردبوو. من یەک لە بارەی خۆمەوە وای بۆ دەچم هەرکە سەید ڕەحیم ڕێگای تێکۆشانی سیاسی لێ دەگیرێت و ئازادی لێ زەوت دەکرێت، سەنگەری خەبات دەگوێزێتەوە بواری فەرهەنگی و زمانەوانی، کە ڕەنگە ئەوەی لە کونجی زیندان و لەقەی جەندرمان لەکن باشتر بووبێت، دیارە پاراستنی زمان و کولتووری میللەتێک و کارکردن بە (دڵسۆز)ی تێیدا، ڕێگایەکی سەخت و پڕ لە ماندوو بوون و نارەحەتییە. هەر لەبەر ئەوەیشە لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ورمێ بەرنامەی کوردی گرتووەتە ئەستۆ و دواییش لە دەنگ و ڕەنگی مەهاباد دەست بەکار دەکات و چەندان بەرنامەی جیاجیا ئامادە دەکات، وەک بەرنامەی (چیرۆکی شەو) کە گوێگری لە کوردستانی عیراقیش گەلێک زۆر بوو، من ئەو بەرنامەیەم لەبیرە و تاموچێژیشم لەلا نابڕێتەوە، بێجگە لە بەرنامەی شیعر و ئەدەبیات وەک بێژەریش کاری کردووە، لەگەڵ ئەوەدا کە ڕادیۆی مەهاباد ڕۆژانە چەند سەعاتێک کاری کردووە، بەڵام ڕۆژانی هەینی کە تەواوی ڕۆژەکە تا شەوێ بەرنامەکانی درێژەی دەکێشاو چەندان بەرنامەی نایابی پێشکەشی گوێگرانی دەکرد.

سەید عەبدوڵڵا بە زەردەخەنەوە گوتی: «زۆر منداڵ بووم کە دەیانگوت کاکەت، واتە (سەید ڕەحیم) و (دە ڕادیۆبەدایە) زۆرم سەیر لێ دەهات کە کاکەم چلۆن بەو ڕادیۆبە بچووکەوە دەچێ!».

سەید ڕەحیم دەستی نووسینیشی لەلایەنەکانی دیکە کەمتر نەبووە، زۆر بایەخی بە کۆکردنەوە و نووسینەوەی دابونەریتی خەڵکی ناوچەی سابڵاخ داوە، بە تایبەتی کتێبی کوێستانی دڵ (کە زەینەبی قورەیشی) کچی چاپی کردووە و ئەو کتێبە زۆر بەرز دەنرخێنرێت، بە تایبەتی بەشی (نوکتە و قسە خۆشەکانی ئەوساکەی سابڵاخ) کە هیچی لە ڕشتەی مرواری عەلائەددین سەجادی و (شەوچەرە)ی تایەر ئەحمەد حەوێزی کەمتر نییە.

بێجگە لەمەش چیرۆک و شانۆنامەکانی دەکرێت لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆ ئەدەبییانەی تێروتەسەلی سەردەمی ئەو و ناوچەکەی بووبێت، کە بەداخەوە تەواوی کارەکانی بەردەست نین تا مرۆڤ بتوانێت بڕیارێکی دیکەیان لە بارەوە بدات.

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە سەید ڕەحیمی قورەیشی لە ۱۸/۳/۱۳۷۰ی هەتاویدا (۱۹۹۱) بە نەخۆشی شێرپەنجەی سیپەلاک دڵە پڕ لە خۆشەویستی و پڕ سۆز و خورپەکەی دەوەستێ و هەر لە شاری مەهاباد بەخاک دەسپێردرێت.

# گوڵزاری هونەری هەورامان

دارا محەمەد هەورامی
(سلێمانی)

(٢ – ٢)

ئافـرەتێکی شـاعـیـر، مـەسـتـوورەیی ئەردەڵانـی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستـان هەڵکەوتبێ شیـعری برگەیی، یان شیـعری خۆماڵی نووسیبێ، ئیدی چۆن ئەو فـەرهەنگ و هونەر و ئـەدەبە بـەرەو لـووتکە بـەرەو ڕۆژ، بەرەو ئـاسـۆی گـەش، بـەرەو کـاروانی نەبڕاوە، پێـشـەنگ نابێت؟ ئەو ئاوازانەی، کە ئاماژەم بۆ کردن، ئەوە گوڵزاری هەورامانە، بەهونەر و ئەدەبەوە دەبێـتە سەرچاوەیەکی هەمـیشـەیی بۆ وڵاتـان، چونکە هونەری ڕەسـەن، نـیـشـتـمـان بەرەو ناسنامـەی نەتەوەیی، ئاوێنەی ڕیالیـستی دەناسێنێ، وەجـاخی ئـاواز و گـۆرانی، ڕۆشن و پێشکەوتـوو دەبێت، سـەرچاوەکـانیش بەشـا ڕێگەی ڕاسـتـودروست، هەنگاو بەهەنگاو بەرەو ئـاسـۆی بڵند دەڕوات، چونکە ڕێگەی چەوتی لێ نابێـتـەوە. ئەو ئاوازە ڕەسـەنانە، کـە ناوم هێنان، هەمـوویان ئەوە دەسـەلمێنن، کـە هونەر گـیـانی ئازادی و مـرۆڤـایەتی هەمـوو جیـهـان پەرەی پێ دەدات، چونکە هونـەر پەیامی یەکـسـانی و ئازادییـە بۆ هەمـوو گەلانی گێتی.

ئەو کارەش بەهونەرمەندی بیر فراوان و بەنەشێواندنی ئاواز و گـۆرانی ڕەسـەنی وڵات، ئەو گـیـانی تەبایی و بەهۆی هونەرەوە لە سەرانسەری هەمـوو وڵاتانی جیـهـان پەیڕەو دەبێت، هەمـوو جیـهـانیش ئاشتی باڵی بەسـەردا دەکـێـشـرێت، چونکە هونـەر پەیامی یەکـسـانی و مـرۆڤـایـەتیـیـە، هەندێ خـاڵی هاوبەش هەن لە هەمـوو هونەری جیهاندا، بۆیە هونەرمەند دەبێت ئاواز و هونەری خـۆی بەزەریفی نیـشـان بدات، چونکە سـەرمـایەی لێبـوردوویی خۆشی هونەرە، هەروەها هونەر، هونەرمـەند پەروەردە دەکـات. لەو ئاوازانەی کە لەهەورامـاندا هەن، هەر هەمـوویان زێدزادەی خـاک و خـۆڵی خـۆیەتی.

هەرچەندە وڵاتانی دراوسێی کورد زۆر هەوڵیان داوە، هونەری وڵاتی ئاریانشاچەکان بسڕنەوە، بەڵام هونەری ئێمە بەهەموو بەشەکانییەوە، بەرگری لە سەرانسەری ئەو وڵاتەدا کردووە، جا ئاوازی ئەڵڵاوەیسی، یان هەر ئاوازێکی ڕەسەنی دی کوردستان بێت، چونکە هونەری وڵاتی ئێمە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە ژاوەژاوی داگیرکەران قبووڵ ناکرێت.

لەم دواییەدا ڕایەک هەبوو ئەڵڵا وەیسییان وەک گۆرانی، یان مەقامی کوردی وەلانابوو، ئێستا گفتوگۆی وا هەیە کە ئەڵڵا وەیسی مەقامی ڕەسەنی کوردی نییە؟ با شتێکی دی لەو بوارە باس بکەم، بەقەناعەتی عەرەبەکان کە هاتن عێراقیان لەدەست ساسانییەکان دەرهێنا، خۆت دەزانی ساسانییەکان کشانەوە، چوونە (نەهاوەند)، هەموو ئەو وڵاتەی دەوری بەغدایە و خەتی کە کورد و فارس پێک دەگەن لەخوار کەرکووک ئەو خەتە چۆڵ بوو لەفارس، تا کورد ڕژا، بەرەو خوارتر چوو، نیشتمانەکەی بەرفراوانتر بوو، ئینجا لێرەدا مەبەستم یەک شتە، ئەوەی سەرنج بدات لەهەموو گۆرانی کوردی ڕۆژئاوا و باکوور، زەنگوڵە هەبێ لەو خەتی تەماسی وەختی خۆی لەبەینی فارس و کورد هەبووە، لەباشووری (کەرکووک) و (خانەقین) تەنیا لەوێ ئەو زەنگوڵەیە هەیە- مەسعوود محەمەد» (٢٦)

تەماشای گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٧)ی ساڵی (١٩٩٧) لاپەڕە (٦٨) بکە، هەرچەندە لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە، ئەوە چەند ئاواز و گۆرانیمان لەلایەن ئەو شالاوەی عەرەب کە هاتوون، وڵاتی کوردانیان داگیرکردووە، هەرچی ئاواز و گۆرانی ڕەسەنمان هەبووە، بەر شالاوی ئەنفال کەوتوون، بەڵام بەرگری و بەرهەڵستی هونەری ڕەسەن، بەو شالاوەشەوە نەیانتوانیوە ئەو ئاوازانە لەفەرهەنگ و کولتووری گوڵزاری وڵات بسڕنەوە.

«ئەڵڵاوەیسی و خاوکەر و تێکەڵکێش و ئای ئای و خورشیدی ئا لەوانەدا، زەنگوڵە هەیە کە هاوسێیە فارس کاریگەری هەبووە، تۆ بەوە بڵێی ڕەسەن نییە تێی ناگەم و ئەمنیش ئاوای تێ بگەم کە هێندە ڕەسەنە، چونکە زەنگوڵە لەگۆرانی کوردی لەو ناوچەیە بووە کە کوردو فارس بەهاوسێیەتی پێش هەزار و سێ سەد ساڵ تێیدا ژیاون.» (٢٧)

تەماشای هەمان سەرچاوە بکە، لاپەڕە (٦٨).

هەرچەندە هونەر و ئاواز و گۆرانی ئەو کەڵە نووسەرە بەزەنگوڵە ناوی دەبات، دیارە فرە بەباشی لەهونەری نەتەوەکەی تێگەیشتووە، چونکە وشەی (زەنگوڵە)ی بۆ گۆرانی، یان ئاوازی ئەڵڵاوەیسی داناوە، ئەوەش دیاری دەکات ئاواز و گۆرانی ڕەسەن هەردەم وەک زەنگوڵە لەقوڕگی خاوێندا دەلەرێتەوە. لەهەمان کاتدا ئاوازە بەرزە چڕەکان، سیاچامەکان و هۆرە و لاوک و حەیران، هەر هەموویان وەک: زەنگوڵە هارمۆنی و سپرانۆ هەردەم لەگەرووی هونەرمەندی ڕەسەندا موتوربە دەبن و گەشە دەکەنەوە. ڕەسەنایەتی خۆیان هەردەم وەک: زەنگوڵە لەشاخ و دۆڵ و گوند و شارەکاندا ژیاری و شارستانی نوێ دەکەنەوە.

ئاوازی هۆرە، یان سیاچامەکان لەتوانایی هەموو گۆرانیبێژێکی وڵاتدا نییە، بەڵکو هونەرمەندی تایبەتی خۆی هەیە. هەموو گۆرانیبێژێک هۆرەچڕ، یان سیاچامانە چڕ نییە، چونکە ئەو ئاوازانە سروودی ئایینی نەتەوەی ئاریانشاچەکانە و بەشیعری تایبەتی دەوترێن، کە شیعری گاتاکانە، ڕاستە ئێستا ئەو ئاوازانە بەشیعری شاعیران و شیعری فۆلکلۆری دەچڕێنەوە، بەڵام لە بناغەدا سروودی ئایینی زەردەشتین و باسی یەکتاپەرستی ئاهورامەزدا دەکەن. ئەوەش، موغەکان، واتە پیاوە ئایینییەکان، ئەو ئاوازانەیان لەبەردەم ئاتەشگەکاندا چڕاندووە، بۆیە پیرۆز ڕاگرتنی ئەو سروودانە، ئەرکی هونەرمەندە ڕەسەنەکانمانە. هەر میللەتێک، یان هەر گەلێک، یان هەر نەتەوەیەک پابەند بوون و پیرۆزی خۆیان بۆ ئەو بەها بەنرخانەی خۆی دەرنەبڕێ و بەسیمبۆلی نەزانێ، ئەوە گومانی تێدا نییە، بەرەو هەڵدێرو پووکانەوە هەنگاو دەنێت، بۆ نموونە، سروودی گاتاکان، چوار بنەما مۆزیکییەکە (سیاچامەکان، هۆرە، لاوک، حەیران)، هەروەها هونەر دەبێتە ناساندنی هەموو گەلان لەجیهاندا، هەروەها هونەر بەهەموو بەشەکانییەوە، هونەرێکی کراوەیە، بەڵام دەبێت پەلوپۆ بهاوێت و هەموو دەرگاکانی بەشێوازی فراوان هزر و بیری ئەو نەتەوەیە بەپێشکەوتوویی نیشان بدرێت، چونکە هونەر بەرگری لەمانەوەی زمان و ساغ کردنەوەی ئەو دەقانە دەکات، کە گیانی ئەو ئاوازانە، بەرەهەندێکی نەتەوەیی، بەرقەرار دەبێ، دوور لەپاشکۆیی ئەم لاو ئەولا، ئەو هونەرە هەر بەمۆرکی ڕەسەن و فۆرمەلەی ئەو

زمانه زیاتر برەو پێ دەدات. کەواتە بوونی هونەر فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەییمان دابین دەکات، هەروەها هەردەم هونەر لەو کاروانەی کە بەرێی دەکات، هەموو دەم هەنگاوەکانی بۆ نوێ بوونەوە بەرەو فۆرمەلەیەکی ڕەسەن، ئاخیوەرێکی مۆدێرن بۆ پاشەڕۆژێکی هونەری لەبن نەهاتوو، بۆ زمانی مرۆڤایەتی، ئازاد و سەربەست دەکات «گرنگی فۆرم لەلای هونەرمەندی مۆدێرن تێ بگەیت بەلای ئەوەوە بڕوا پێکراویی ئاماژەگەلی بەرهەم، واتە گەڕانەوەی (بەرهەم) کە دەبێتەوە بەشێوەیەکی بەردەوام فۆرمی بەرهەم بەبایەخێکی زیاتر پەیدا دەکات ئەو هونەرمەندە بایەخ بەفۆرم دەدات و زیاتر بایەخ بەهەڵبژاردنی بابەتی پرێست دەدات...» (٢٨). تەماشای هەقیقەت و جوانی بکە، لەلاپەڕە (٥٢).

ئاواز و دەقی شیعری و موزیکی پلان بۆ دانراو، ئەوە دەبێتە ڕاژەگەلی هەموو ئەو ئاوازانەی کە تا ئێستا بە بەرهەم نەهاتوون، بەڵام بەرۆڵێکی ئەو موزیکژەنانە، کە لەهونەری خۆیان تێ دەگەن، ئەوانە زیاتر لەفۆرمەلەی هونەری نەتەوەیی و مرۆڤایەتی وەک ئاوێنەی ڕووتەخت هەموو بوارەکانی هونەر دەردەکەوێت.

«نموونەیەک لەم خاڵە دەتوانێ لەبەرهەمەکانی مۆسیقازانێک بەدی بکەیت، کە لەدەستپێکی سەرهەڵدانی مۆسیقای مۆدێرن، بازنەیەکی پێکەوە بەستنی لەنێوان دوایین پڕیشکەکانی مۆسیقای ڕۆمانێک و بەرهەمەکانی شۆئێنبێرگ دروست کرد.» (٢٩). تەماشای هەمان سەرچاوە بکە، لاپەڕە (٥٣).

ئەم بۆچوونە بەباشی بۆی چووە، چونکە بایەخدان بە سەرهەڵدانی هونەر و چۆنیەتی بەکارهێنانی شیعر و ئامێتەکردنی لەگەڵ موزیکدا دەبێتە داستانێکی واقیع و ئەو ساتەش مرۆڤ تێدەگات، کە هونەر و ئاواز سەرمایەگەلی ئەو هونەرمەندانەیە، کە بەگیانی واتای هونەر بەرەو پێشەوە دەبات، ئەو کاروانە بەردەوام دەبێ. لەهەمان کاتدا هونەر ئەگەر ڕەخنەی بنیادنەری لەگەڵدا نەبێت، ئەوە کاروانی هونەر بەباشی هەنگاوەکانی ڕاسترەو نابن، بەڵام ئەگەر هونەرمەند باوەڕی بەرەخنە هەبێت، ئەوە هونەرەکەی پێشکەوتوو دەبێت. (شیلەر جوانی بە «ئازادی فۆرمی سەرهەڵدان ناساندووە»، واتە ئازادی بەو چەشنەی کە لە جیهانی هەست پێکراوی فۆرمەلەکانی سەرهەڵدانی بەیان دەکرێت هەموو سەرهەڵدان دەروەستە، بەڵام جوانی «بەستراو بەشتێک نییەو یەکلاکەرەوەی خۆیەتی»... باسگەلی نامەکانی شیلەر کە ئەمرۆشی لەگەڵدا بێ، تازەیی خۆی پاراستووە ئەو چەمکەیە کە لە «فۆرم» دەیدات بەدەستەوە..)(٣٠) تەماشای هەمان سەرچاوە بکە، لاپەڕە (١٩٧)

هونەرمەند لەڕووی مێژوویی و بواری کۆمەڵایەتی و ئەو چەمک ئاوازە کە هونەرمەند ئامادەی دەکات، دەبێ زۆر بەئاگاییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ دەق و ئاواز و شیعر و موزیک بکات، چونکە جەماوەر دادی حەق و ناحەق دەدات بەسەر هەموو بوارە هونەری و ئەدەبییەکاندا. هونەرمەند کاتێک ئاوازی دەڤەرێک دەچڕێتەوە، دەبێت ئاگای لەفۆرمەلەی ئەو دەڤەرە بێت، بۆ نموونە ئاوازی (ڕازیانە ڕازیانە) هەندێ کەس وتوویانەتەوە، بەڵام فۆرمەلەکەیان تێکداوە، ئەوە نەوتنی باشترە، وەک ئەوە وایە فەرهەنگ و ئاواز و گوڵزاری هەورامانت چەواشە کردبێت، نەک ڕاژەگەلی ئاواز و گۆرانی دەڤەرەکەت کردبێ، بۆیە ڕەخنەگری هونەری هەبێت، لەهەمان کاتدا دەبێت ئاسایشی نەتەوەیی هەبێت بۆ ئەوەی چێدی ئاواز و گۆرانی نەشێوێنرێ، یان ئاوازی (بەناز بەناز) بەسەقەتی وتراوەتەوە. ئەم ئاوازە لەساڵی (١٩٧٨) بەدەنگی خۆم لەگەڵ تیپی موزیکی (مەولەوی) و تیپی خانەی پێگەیاندنی (مامۆستایان) بەشیعری فۆلکلۆری بەدوو جۆرە هەڵپەڕکێ هەڵپەڕکێی (فەتاح پاشایی و) هەڵپەڕکێی (چەپی) لەگەڵ کیژان و کوڕان بۆ کێش کردووە، ئەو ساتە زۆربەی کەس ناوی ڤیدیۆ و کلیپیان نەدەزانی، ئەو گۆرانییەم لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک، بەباشی بەدەنگ و ڕەنگەوە بەجۆری فرە باش تۆمارکرد، ئەمەش دەقی شیعری ئاوازەکەیە:

**«ئای بەناز بەناز بەناز پەروەردە**
**با بارۆ شەماڵ بۆی تۆ لەو هەردە**
**ئارۆ تەماشاو باڵاو تۆم کەردەن**
**عەیبم نەدیەنۆ دەینم بەگەردەن**
**ئای بەناز بەناز، بەناز پەروەردە**
**بابارۆ شەماڵ بۆی تۆ لەو هەردە**
**ئالارو لەنجە گردم بەدڵا**
**ڕۆتت وەک سۆنە قامەتت گوڵا**
**ئای بەناز بەناز بەناز پەروەردە**

**بابارۆ شەماڵ بۆی تۆ لەو هەردە**
**مەمکت شەکرەسێو، یان لیمۆی کاڵ**
**یاخۆ شەمامەی زەردی بێ خاڵ**
**ئای بەناز بەناز پەروەردە**
**یا بارۆ شەماڵ بۆی تۆ لەو هەردە**
**شەماڵ لێداوی زوڵفت شێواوە**
**ئەر مەنعم ناکەی ماچت کراوە**
**ئای بەناز بەناز پەروەردە**
**بابارۆ شەماڵ بۆی تۆ لەو هەردە»** (٣١)

فۆلکلۆری هەورامان، (دەسنووس) دارا محەمەد:

ئەم ئاوازە ڕاستە شیعرەکەی فۆلکلۆرە، بەڵام وەک داستانێک باسی ئەو کیژە دەکات، کە ڕژێمی پێشووی عیراق گوندی (بەڵخە)ی هەورامانی وەک هەموو گوندەکانی وڵات وێران و سووتماک کرد، منیش ئەو ئاوازەم بۆ تەلەڤزیۆنی کەرکووک تۆمارکرد، دیارە هونەرمەند زیاتر هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر و مرۆڤایەتی دەکات، چونکە هونەر سەرمایەیەتی، هونەریش سەرمایەی هەموو وڵاتێکە.

هونەری گوڵاری هەورامان، ئەوەندە جوگرافیای پەرشوبڵاوە، دەتوانم ئەو ڕاستییە بە باشی بۆ مرۆڤی ڕۆشنبیر و هاووڵاتیانی وڵات بخەمەڕوو، ئەوەش بەنموونە شیعرییەکانی شاعیرانمان کە هەموویان بەئاریانڤاچ قسەیان کردووە، شاعیری دەڤەری بەختیاری فرە بەباشی شیعری وتووە.

شارق (میرزا قولی شارق) بەختیاری: ئەم شاعیرە بەختیارییە و لە هەرسێ ژیاوە و بەشاعیری عیرفانی ناوبانگی هەیە، ئەمەش نموونەیەکی هۆنراوەکانیەتی:

**«هەقش وەدەستەن...............**
**یاران ئەو شەخسە، هەقش وەدەستەن**
**ژەقەیدی دنیا، تەمام وارستەن**
**ژەجامی بادەی، ویلایەت مەستەن**
**وێنەی شەش دەریش، تەمام بەسنەبۆ**
**وەتیر شەفەی، شەیتان خەستە بۆ**
**مەردی هەقی ئەوەن، تەرکی دنیاکەی**
**پەی دیاری هەقی، پیری پەیداکەی**
**دەس دەی وەدامان، پیری باکەماڵ**
**هەمنشین مەبۆ، چەنی ئەهلی حاڵ**
**ژە وەسواسەی نەفس، نەکەی ئەندێشە**
**نەختی کیبر و حیرس، کەنۆت ژەڕیشە»** (٣٢)

تەماشای ڕەسەنایەتی زمانەکەت بناسە، لاپەڕە (٢٢)

ئەم پارچە شیعرەی ئەم شاعیرەی دەڤەری بەختیاری فرە بەباشی بۆ ئاوازی عیرفانی دەلوێت، چونکە دنیا و پیر بوونی مرۆڤ و چەمانەوەی مرۆڤ بۆ پیری و مرۆڤ دەگاتە قۆناغی کامڵ بوون، ئەوەش وا بەو مرۆڤانە دەکات، کونجی قەناعەت پەناگا و لانکەیان بێ، مەرج نییە عیشقی عیرفانی، مرۆڤ ڕوو لەنامۆبوون بکات، ئەو عیشقە عیشقی یەزدانییەو لەمێژەوە لەهەوراماندا سەری هەڵداوە، لە هونەری گوڵزاری هەورامان-دا فرە بایەخ بەو بوارە خاوێنە دراوە. هەر لەدەڤەری بەختیارییەوە گوڵزاری هونەر و ئەدەب بەرەو زەنگنەی گەرمیان ئاراستە دەکات و شاعیرێکی تری ئەو دەڤەرە محەمەد ئاغای زەنگنە، دەبێتە ڕازاندنەوەی گوڵزاری هەورامان. «محەمەد ئاغای زەنگنە هاوچەرخی ئەمیر (میر) ئەحمەدی زەنگنە بووەو ماوەیەک لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بووەتە فەرماندەی سوارەکانی میر و پاشان ڕووی کردۆتە ئێران و لەکۆتایی چەرخی دوازدەدا، کۆچی دوایی کردووە، ئەمەش وێنەیەکە لەهۆنراوەکانی:

**«میرزام سیاسەنگ، میرزام سیاسەنگ**
**میرزام وەدەس تۆ، دڵ وەسیاسەنگ**
**میرزام ئاوەردی، سەنگی سەرد وەدەنگ»** (٣٣)

تەماشای هەمان سەرچاوەی پێشوو بکە، لاپەڕە (٢٣).

پشکنین بۆ ئەو شاعیرانەی کە شیعریان بەزمانی (ماچۆ) فەرمووە، زۆر زۆرن، کە ئەمڕۆ لەتەواوی ناوچەکەدا ئەو شاعیرانە لە ئەدەبی وڵاتدا بەرچاو دەکەون. بەشێوەیەکی ڕۆشنتر ئەو شاعیرانەی ئاریانڤاچ زەمین لە سەرانسەری نەخشەی گەورەی کوردستان، ئەدەبیاتی ئەو شاعیرانە کە فەسەرە لەشیعری زەریف و لەسەر کێشی خۆماڵی ڕەسەن، کە لەسەردەمی میراتییەوە، قەڵغانپارێزی ئەو فەرهەنگ و ئەدەب و هونەرەی گوڵزاری هەورامان بووە. «ناوچەکانی ئارێز لەڕۆژئاوای سنەوە ڕێگای سنە بەرەو مەریوان و سەختترین و سادەترین جێگای ناوچەی سنە دەژمێرێ، بەوەی کە بەزووترین کات، ئا لەوێ ئەو کەلی (ئارێز)ـە، بەفر دەیگرێ، ئەمەش دەبێ (ناوبەناو) بەهۆی برینی ڕێگای ئۆتۆمبێل بەرەو مەریوان، ئەمانە بەناوچەی

ئارێزانت لەقەڵەم دەدرێن، کە بەواتای (زێدی ئاری = نیشتمانی ئاریی) دێ.» (٣٤) تەماشای هەمان سەرچاوە بکە، لاپەڕە (٥٣)

گرنگی فەرهەنگ و ئەدەبی هونەری هەورامان لەوەدایە ئەگەر هەوڵ بدرێت ئاواز و گۆرانی ئارێزانتەکان، یان ئاریانڤاچەکان هونەرمەندێک بلێیت بەوتنی گۆرانییەکە شەقڵ و مۆرکی ئاریانڤاچەکان دەردەکەوێ.

لەدەفتەری باواناوس و ئەو دەفتەرانەی فەرهەنگ و ئەدەبی یارسان، دیسان شاعیران شیعریان بەهەورامانی فەرمووە و ئاوازی سیاچامەکانیشیان بەو شیعرانە چڕیوەتەوە، ئەدەب و فەرهەنگی یارسانیان بەکارهێناوە، چونکە ئەو ئەدەب و هونەرەش نوێکەرەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی زەردەشتییە، کە لە زەینەی ئاریانڤاچەکان فەراهەم هاتووە. «بابە ناوسی جاف (٤٧٧ کۆچی....؟....) بابا ناوس، ناوی (برایم)ـە و بە(بلە) بانگ کراوە و ناوبانگی بووەو (ئەحمەد)ـەو خۆیشی لەدووانەیەکیدا ئەمە ڕوون دەکاتەوەو دەڵێ:

**«نامەمەن بلەو شۆرەتم ناوس**

**بابۆم ئەحمەدەن ساحیب جاوکوس**

**پێکانم وەسەر جوقەی پڕتاوس**

**زاتی سوارەنان چەنی کەیکاوس»** (٣٥)

تەماشای هەمان سەرچاوە بکە، لاپەڕە (١١٤).

ئەگەرچی لێرەدا، واتە لەم هۆنراوەیەدا، وەها دەردەکەوێ کە ناوی خۆی و ناتۆرەی خۆی و باوکی دەخاتەڕوو، پتر مەبەستی ئەوەیە تێمان بگەیەنێ، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، کە ئەم (بابا ناوس) لەدەمی (کەیکاوس) شای کەیانیشدا هەبووبێ، ئەو کاتەش وەک سوار (زاتی سوارەی مەولا) سوار بووەو پەڕی تاوسی ڕەنگامەش بەکڵاوی جەنگەکەیدا کرابێ... گرنگ لەوەدایە ئەم جۆرە شیعرانە بۆ ئاوازی گۆرانی زۆر بەباشی لەگەڵ ئامێری تەموور سەنگ کێشی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ ئاوازە بەرزە چڕەکانی سیاچامەکان، چونکە شیعر هەوێنی، یان ئامیانی چێژو هەموو دەقەکەیە، کە هونەرمەند دەیکات بەگۆرانی، چونکە چەندە ئاوازەکە جوان بوترێ، ئەوەندەی تر گۆرانییەکە چێژی لێ وەردەگیرێ و دەبێ شیعر بەواتا شیعر بێت، واتە هەموو بوارەکانی ئەدەبی تێدا بەدی بکرێت، واتە لەڕووی جوانی پاییز و کورت بڕی و لێکچوواندن و خوازەو درکە هەموو بابەتە ڕەوانبێژییەکان کۆ بکاتەوە، چونکە ئاواز و گۆرانی چەندە شیعرەکەی جوان بێت لەڕووی ئەو بابەتانەوە، کە باسم کردن، (ئەدا)ی ئاوازەکانیش، ئەوەش کارێکی دیکەیە، کە پێویستە هونەرمەند زۆر بەئاگاییەوە، ئەو هەموو بابەتانەی، کە بۆ ئاوازەکان پێویستن فرە بەزەریفی دەبێت جێبەجێیان بکات.

لە (دەفتەری شنروێ)دا بەم شێوەیە هاتووە:

«هۆنراوەکانی باوا سەرهەنگی دەودانی هەورامی ڕەسەنن و لەچوارچێوەی دە بڕگەیی فۆلکلۆریدا دەرنەچوون و دوو نیوە دێڕی یەکەمی دووبارەی یەکترین، یان ناوونیشانی هۆنراوەکەن، دوانەیەکی دیکەی باوا سەرهەنگی دەودانی:

**«سەرهەنگی دەودان، سەرهەنگی دەودان**

**ئەز کەنامەن، سەرهەنگی دەودان**

**چەنی ئێرمانان، مەگێڵم هەردان**

**مەکۆشم پەری، ئایینی کوردان»** (٣٦)

تەماشای هەمان سەرچاوە بکە، لاپەڕە (٩٢).

ئەوەندە گوڵزاری هونەری هەورامان دەوڵەمەندە، بەهەزاران سەرچاوە هەن، کە باسی ئەو فەرهەنگە دەکەن، وشەی ئێرمان لەهۆنراوەکەدا هاتووە (یەکگرتوو، دۆست، بەندە، ناوی فریشتەی ئارامش و ئاشنایی و دۆستییە، لە ئاڤێستادا) بەشێوەی (ئەیریەمەن = airyaman) هاتووە، ئەمەش لەگاتەکاندا، بەواتای گرووپی پێشەوای ئایینی بەکارهاتووە.. تێکۆشان بۆ نوێ کردنەوەی ئەو هەموو دەستەواژانە: ئەوە ئەرکی نووسەران و لێکۆڵەرەوانە، ئینجا هونەرمەندانیش ئەرکیان (ئەدا) کردنی ئەو هۆنراوانەن، کە لەو ئەدەب و هونەرەدا پەنگیان خواردووە، بەشێوەی زۆر باش لەڕاژەی هونەر و ئاواز و گۆرانیدا بەکاری بهێنن. دیارە هونەر بۆ هەموو مرۆڤ و دەوروبەرەکەی زۆر گرنگە، چونکە چۆن هونەرمەند و نووسەری ڕەگەزی مێش وەک: هاوتا بەرانبەرەکەی بەشداری کردووە.

«خاتوو جەلالێی لوڕستانی (٣٨٠٧-؟ - ک) ئەم شاعیرە دەستێکی باڵای لەسێ بواردا هەبووە، ئەوانیش ئاوازدانان - شیعردانان - موزیک ژەندن، بەتایبەتی لەبواری تەمبوور ژەنیندا، لەبەر دەرگای تەختی شاه خۆشێنا تەمبوور و ئاوازی چڕیوە:

**«یاران پەریێ بۆ، یاران پەریێ بۆ**
**زاریکەت چەنی بولبول پەریێ بۆ**
**ئەز و لەنان، ئامام وەلاتی تۆ**
**ئانە نەپەتمان، وێم وستم جەنێ»** (٣٧).

تەماشای هەمان سەرچاوە بکە، لاپەڕە (٩٣).

لە (دەفتەری شنرویێ)دا، ئەم هونەرمەندە، ئەم شاعیرە زۆر شیعری هەیە، کە لەبارەگای شاه خۆشێنا، لەو دەفتەرەدا باسی ئەوە دەکات، کە مرۆڤ و دەوروبەرەکەی چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ شیعر و هونەر دەکەن؟ یەکسانی و دادپەروەری لە دەڤەری هەوراماندا لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی کە هونەرمەندن زۆر بەباشی ڕێزیان لێ دەگیرێت، چونکە مرۆڤی هونەرمەند، واقیعی میللەت و نەتەوەکەی لەهونەرەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە، هەروەها هونەر هەوڵ دەدات هەموو مرۆڤ دڵخۆش بکات و ناهێڵێت مرۆڤ بەرەو هەڵدێر بڕوات و دیاردەی شاراوەو بزربوون لە جەنگەڵی تاریکی دەخاتە بەر ڕۆشنایی و هەموو مرۆڤەکان ئاسوودە دەکات. لە هونەری گوڵزاری هەوراماندا، هونەرەکەی لەسەر بنەمای خۆشەویستی ڕوحی و بەهای مرۆڤایەتی پەیڕەو دەکات. ئەو ئاوازە بەرزەچڕانەی کە بە هۆنراوەی گاتاکان دەچڕێن، هەموو دەقەکان باسی ئازادی مرۆڤ دەکەن «نکوڵی لەوە ناکرێت کە زۆر لەو باسانەی کە ئەفلاتوون، فلۆتین و بەتایبەتی ئەرستۆ لەبواری هونەر هێنایانە پێشێ، هێشتا کارایی و چالاکمەندیی خۆیان پاراستووە...» (٣٨) تەماشای هەقیقەت و جوانی بکە لاپەڕە (٩٤).

چالاکی و شکۆمەندی، کە هونەری ئاریانڤاچەکان وای کردووە، فەلسەفەی هونەری ئاریای زەردەشتی فرە بەزەربفی، تایبەتمەندی سیاچامەکان بەزیندوویی ماوەتەوە، هەروەها تا ئەمڕۆش وەک قوتابخانەیەکی هونەری ئەو ئاوازە بەرزەچڕانە وەک سەرچاوەیەکی زیندوو هەر ماونەتەوە.

«ئەگەر لەگۆشەیەکی دیکەوە لە هونەر بڕوانین، کامڵترین دەربڕینی هونەری کلاسیکە، چونکە هارمۆنیی تەواو هەڵگری هەوێنی ڕوحانی و هزر ئاساو فۆرمە...» (٣٩) تەماشای هەمان سەرچاوە بکە(١٣٤).

ئەو هونەرەی سیاچامەکان، کاتێک هونەرمەندی سیاچەمانەچڕ دەقێکی، یان ئاوازێکی سیاچەمانە دەچڕێت، وەک زەنگوڵە، دەنگەژێکانی فۆرمەلەی ئاوازەکە، یان ئاوازەکان، ئەو تایبەتمەندییەی وەک چۆن جاران چڕاونەتەوە، ئەئاوا هونەرمەندی سیاچەمانەچڕ، ئەو فۆرمەلەیە پارێزگاری دەکات. ئەوەتا سێکوچکەی سیاچەمانە چڕان (عوسمان کێمنەیی، حەمەحسێن کێمنەیی، جەمیل نەوسوودی)، وەک خۆی واتە ڕوحی، یان فۆرمەلەی سیاچەمانەیان پاراستووە. کاتێک گوندەکانی وڵات وێران دەکران ئەو سیاچەمانە چڕانە، بەئاوازی سیاچەمانەوەی لاواندنەوە، بەتایبەتی بۆ (هەڵەبجەی شەهید) ئەو سیاچەمانەیان بەشیعری فۆلکلۆری چڕیوە، چونکە ئەوە وەک نامەیەک وابوو هەستی مرۆڤایەتییان هەژاند، چونکە هونەر نامەی مرۆڤایەتییە بۆ هەموو مرۆڤەکان، ئاوێنەی ڕیالیستی میللەتێک بەرجەستە دەکات.

**«بدیە هەڵەبجەی گەلاخەزانشا**
**وێنەی هەورامان یانە وێرانشا**
**هەوای باخی میر شنەی مۆردانە**
**سیاویش پۆشان ئاهەورامانە»** (٤٠)

تەماشای مێژووی موزکی هەورامان بکە لاپەڕە (٤٩١).

ئەو شاعیرانەی هەورامان، هەر لەسەرەتای دەست پێکردن بە شیعر دانانیان، زۆر بە پەرۆشەوە شیعری نەتەوەیی، یان نیشتمانپەروەری بەشی شێریان بەرکەوتووە، یەکێک لەو هۆزانڤانانە (محەمەد ئەمینی کوڕی کاکە شێخ نەوەی شێخی بەهاددین)ـە، ئەم هۆزانڤانە دەستێکی باڵای لەدانانی شیعری نەتەوەیی هەبووە، بەم شێوەیە دەفەرموێ:

**«هەر تۆنی وەشیم وەتەن هر وەش بی**
**جە دەردو بەڵاو، دیلی، بێ بەش بی**
**یا گێتوتەر دڵگیر پێسەو تۆنیا**
**بەهەشت وێنەی تۆ ئەرنەبۆنیا**
**دڵ گەر سەعاتێو بەبێ ڕیاو درۆ**
**پەی ئازادی تۆ دەنگێ بەرز چڕۆ**
**دەخیل هەی کورددا، گیانم فیداتا**
**چەمێو گێڵەندێ وەرو دماتا**
**وەتەن (کاردۆخی) فامش لاشیەن**
**پەی تۆعاشقیش جەحەدبەرشیەن»** (٤١)

تەماشای مێژووی هەورامان بکە، لاپەڕە (١١٥٦).

گوڵزاری هەورامان لەهەموو بوارەکانی ئەدەبی و هونەری، بەتایبەتی لەشیعری نەتەوەییدا، بایەخی زۆری پێدراوە. کاتێک کاردۆخی باسی نیشتمان دەکات داوای ئەوە دەکات، کە زێد زادەی لەدەرد و بەڵا، لەدیلی و چەوسانەوە بەدوور بێت و بەوێنەی پارچەیەک لە بەهەشتی دادەنێت، ئەوەندە نیشتمانی خۆش دەوێت، گیانی خۆی، ڕوحی بەئەمەکی خۆی فیدا دەکات.

یەکێکی تر لەو شاعیرانە، کە شیعریان بۆ نیشتمان نووسیوە: مامۆستا (محەمەد بەهاددین کوردی مەلا ساحب)ـە، کە هاونازی شیعری (دانا)یە، ئەم شاعیرە لە ساڵانی (١٩٣٤-١٩٧٩) بواری شیعری نەتەوەیی تاو داوە، بەم شێوەیە لە هەوڵی بێ وچاندا بووە، بۆ سەربەرزی نیشتمانەکەی کە بەم شێوەیە دەفەرموێ:

**«ئەی تەخت چی بەرگی ماتەمیت پۆشان؟**
**ئەسرینی هوونین نەدیدەت جۆشان؟**
**بێ نازو پەرۆش ژەرەژێت لاڵەن!**
**هام ڕازت پەپوون واشەن یادالەن**
**هەرچەند بەنامێ ماچا تەختەنی؟**
**بەڵام پەی ئێمە خەیلێو سەختەنی**
**شەماڵت فاران کەردەنت بۆران**
**تاکوشندە بۆ پەرێ ڕاویەران» (٤٢)**

تەماشای پیرشالیاری زەردەشتی بکە، لاپەڕە (١٠٣).

مەبەستی دانا ئەوەیە کە خەڵکی (تەوێڵێ) بەسەربەستی ناتوانن سەیرانی تەخت بکەن، چونکە داگیرکەر بەسنووری دەستکرد، ناهێڵێت خەڵکی هەورامان بچنە ئەو شوێنە، بۆیە گڕوتینی هەستی نەتەوایەتی ئەم شاعیرە، وەها بەرزبووەتەوە بە قەدەر لووتکەی دالانی و ڕەنگین، هەروەها ئەم شیعرەی مامۆستای پایەبەرز (دانا) بەناوونیشانی (ئەی تەخت) کردوومە بەگۆرانی، نموونەی شیعری نەتەوەیی فرە فرەن لەگوڵزار و هونەری هەوراماندا.

بۆکۆتایی ئەم بابەتەش وشەی خەرمانی وڵات فرەتر بێت.

**سەرچاوەکان:**

**٢٦- گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٧)، چاوپێکەوتن، لەگەڵ مەسعود محەمەد، هەولێر، هەڤپەیڤینی ئازاد عەبدولواحید، ساڵی (١٩٩٧) زایینی، ل٦٨.**

**٢٧- گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٧) هەمان سەرچاوە، ل٦٨.**

**٢٨- بابەک ئەحمەدی، هەقیقەت و جوانی، وەرگێڕانی مەسعود بابایی، چاپی یەکەم، دهۆک، ساڵی (٢٠٠٨) زایینی، ل٢٨.**

**٢٩- مەسعود بابایی، هەمان سەرچاوە، ل٥٣.**

**٣٠- مەسعود بابایی، هەمان سەرچاوە، ل١٩٧.**

**٣١- دارا محەمەد عوسمان، فۆلکلۆری هەورامان - دەسنووس چاپ نەکراوە.**

**٣٢- د.محەمەد ئەمین هەورامانی، ڕەسەنایەتی تیپی بناسە، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠٠٥) زایینی، ل٢٢.**

**٣٣- د.محەمەد ئەمین هەورامانی، هەمان سەرچاوە، ل٢٣.**

**٣٤- د.محەمەد ئەمین هەورامانی، هەمان سەرچاوە، ل٥٣.**

**٣٥- د.محەمەد ئەمین هەورامانی، هەمان سەرچاوە، ل١١٤.**

**٣٦- د.محەمەد ئەمین هەورامانی، هەمان سەرچاوە، ل٩٢.**

**٣٧- د.محەمەد ئەمین هەورامانی، هەمان سەرچاوە، ل٩٣.**

**٣٨- بابەک ئەحمەدی، هەقیقەت و جوانی، وەرگێڕانی مەسعود بابایی، چاپی یەکەم، دهۆک، ساڵی (٢٠٠٨) زایینی، ل٩٤.**

**٣٩- بابەک ئەحمەدی، هەمان سەرچاوە، ل١٣٤.**

**٤٠- دارا محەمەد عوسمان، مێژووی موزیکی هەورامان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی ٢٧١٠ کوردی، ٢٠١٠ عیسایی، ل٤٩١.**

**٤١- د.محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، چاپی یەکەم تهران، ساڵی (١٣٨٠) هەتاوی، ل١١٥٦.**

**٤٢- دانا (محەمەد بەهاددین مەلاساحب) پیرشالیاری زەردەشتی، چاپی دووەم، ساڵی (٢٠١٢) زایینی، ل١٠١.**

**٤٣- دانا (محەمەد بەهاددین مەلا ساحب) هەمان سەرچاوە، ل١٠٣.**




# ٧ وێنەی ڕووتی ژنی جەنابی وەزیر و چاوەکانی کەلسووم

**هاشم سەڕاج**

گێڕانەوەکانی دکتۆر «فەرهاد پیربالّ» لەم ڕۆمانە تازەیەدا کە لەژێر ناوی «٧ وێنەی ڕووتی ژنی وەزیر» نووسراوە، هەڵگری کۆمەڵێک بابەتی جۆراوجۆرن، لەوانە تێمەی ئیستێتیکا و هونەری شێوەکاری کە لای فەرهاد پیربالّ دوو بابەتی گرنگن و لە زۆربەی ڕۆمان و نۆڤلێتەکانیدا کاریان لەسەر کراوە، لەم ڕۆمانە تازەیەشدا سەرەڕای بایەخ و گرنگیدانی بەو دوو چەمکە و هونەری فۆتۆگراف، چەندین بابەتی تریشی ورووژاندووە لەوانە، کێشەی نێوان کۆمەڵگەی مۆدێرن و کۆمەڵگەی نەریتی، چۆنیەتی دروستکردنی شاری نوێ، ژیانی ملیۆنێر و ملیاردێرە عەرەبەکان، حەز و هەوەس و خەیاڵی سێکسی، هاوسەرگیری و ناپاکی لەژیانی هاوسەرگیریدا، عیشق و جوانی و ژیانی نێو کەباریەو نایت کلەب و هۆتێلە پێنج ئەستێرەییەکان و چرکەکانی ستربتیز و پۆرنۆ، گێڕەرەوە لە ڕێگەی خەونە دەستە جەمعییەکەی ئەبو عوبێیدەی خەدام و شەش برادەرەکەیەوە بەردەوامی بە پرۆسەی نووسین و ڕووداوەکان دەدات، ئەبو عوبێیدەی خەدام بە ئەسڵ سعوودییە و سەرۆکی ڕێکخراوێکی مافی ئافرەتانیشە لە دوبەی، گێڕەرەوە کە فەرهادی شێوەکارە، جیهانی خەونی حەوت کەسەکە دەخاتە ڕوو. هەر حەوتیان بەیەکەوە خەویان بە شارێکی خۆشەوە بینیوە و شارێک پڕاوپڕ لە بورجی جوان و مغازە و هۆتێل و مۆڵ و مەلها و کەباریە و کوڕ و کچی تۆریست، بەڵام هەر هەمووشیان خەویان بە کچێکی ددان وردی چاو سەوز سەوزی قژ میدۆزاییەوە دیبوو، جوانی ئەو کچە لە دنیادا لە هیچ جوانییەک ناکات، ئاخر چۆن ئەو کچە جوانە هەر حەوتیانی بەیەکەوە مەست و شەیدای خۆی کردووە، ڕۆمانی حەوت وێنەی ڕووت و قووت لەم خاڵەوە، پێوەندی بە گەڕانێکەوە هەیە بەدوای جوانییەکی پەتی و ناوازە، جوانی هەمیشە بزوێنەری سیستمی زمانە، بڕێک جار لە پرۆسەی نووسین و بە تایبەتی لە جیهانی شیعردا وێنەی دەگمەنی زەینی دەخولقێنێت، پرۆسەی نووسین لەم ڕۆمانەدا وێڕای بایەخ و گرنگیدانی بەچڕی و کورتبڕی لە دەربڕین و ئابووری کردن لە وشە کە

ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا پێوەندی بە هونەری شیعرەوە هەیە، هاوکات ئەم ڕۆمانە بە ڕوحیەتێکی ئەپیکۆری و دیۆنیزیۆسی نووسراوە، دەکرێت لێرە ئاماژە بە گوفتارێکی نیتشە بدەم، لە سەرەتادا «چێژ» هەبوو، دوای جێگیربوونی یاساو ڕێسا سونەتی و باوەکان، بوونی خۆی لەدەست دا، بۆیە هەست دەکەین پرۆسەی نووسین لەم تێکستەدا یاری بە چێژی جوانی و حەزی ئیرۆتیکی دەکات، ئەگەر کەلسووم سیمبۆلی سێکس و جوانی بێت، ئەوە مارگرێت سیمبۆلی جوانی و سێکسە، هاوکات ئەگەر کەلسووم وەک ژنێکی سێکسی چاو جوان، لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی خۆرهەڵاتیدا و لەنێو زیندانی بورقەع.. نقاب، حجاب، ڕووپۆش و چەپاندندا پەروەردە کرابێت، ئەوە «مارگرێت»ی کچە قوتابی ماستەر بەڕەچەڵەک فەرەنسی، جوان و سێکسی، لە کۆمەڵگەیەکی دەروازە کراوەی شارستانیدا پەروەردە بووە، دەق دەیەوێ بەشێوەیەکی شاراوەی سیمبۆلی چێژی جوانی و حەزی سێکسی ئاوێتەی یەکتر بکات و لە هەمان کاتدا هێزی جوانی لەجیهانێکی هۆشمەندیدا بدرەوشێنێتەوە، ئەم حاڵەتەش زۆرتر لە کەسایەتی «مارگرێت»دا دەردەکەوێت لەگەڵ ئەوەی لە دوا چرکەکاندا خەریکە باوەڕ بەو بێت کە ئەبو عوبێیدەی خەدام، وێنەی بگرێت و پێشانگەیەکی فۆتۆگرافی تایبەت بەنێوی کچێکی ددان ورد و چاو سەوز سەوز و قژ میدۆزایی بکاتەوە، مارگرێت دەیەوێت لە جیهانی هونەر و داهێناندا بە نەمری و جاویدانی بمێنێتەوە، هەڵبەتە ئەم حاڵەتی بەرجەستە بوونە لە بنەڕەتدا ڕوانینێکی «هیگڵ»ییە بۆ دنیای هونەر و داهێنان، هەڵبەتە سەرجەم ڕووداوە جۆراوجۆرەکان لە ڕێگەی خەون و گێڕانەوە و بەکاربردنی تەکنیکی دیالۆگ و تێل و کورتە نامەوە بەڕێوە دەبردرێت، وێڕای گرنگیدان بە ڕستەی ناوازەی شیعری و توخمی وەسفگەراییەکی ئاسایی و جوان کە لە کانگای واقیعەوە هەڵدەقووڵێت و پێوەندی بە شتگەل و دەوروبەر و سیماو خەسڵەتی کارەکتەرەکانەوە هەیە، سەرەتا تێمەی سەرەکی تێکست بەم شێوەیە دەخرێتە ڕوو، حەوت ملیاردێری عەرەب و کورد و تورک و فارس و هیندی بڕیاریان داوە بە دنیادا بکەون بۆ ئەوەی شارێک لە شێوەی شاری خەونەکەیان بدۆزنەوە، یان شارەکەی خۆیان ئەو شارەی تێیدا دەژیان وەک شاری ناو خەونەکەیان لێ بکەن، ئەرکی دۆزینەوەی کچە ددان ورد و چاو سەوز سەوز و قژ میدۆزییەکە، کەوتبووە ئەستۆی ئەبو عوبێیدەی خەددام، دوای گەڕانێکی زۆر، هیچ شارێکی لەشێوەی شاری خەونەکەیان نەدۆزیبووەوە، ناچار هەر حەوتیان هاتبوونەوە «دوبەی».. بەڵام پرۆسەی نووسین شەش کەسەکەی تر وەلادەنێت و کار لەسەر کەسایەتی ئەبو عوبێیدە دەکات، کە دوو مانگ و هەشت ڕۆژە لە مۆسکۆ دەخولێتەوە و زمانی ڕووسی نازانێت، بەڵام ئینگلیزییەکەی زۆرباشە، چونکە لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە لە باشترین پەیمانگەکانی «ریاض» چووەتە بەر خوێندن، جا لێرەدا پرسیارێک خۆی دەسەپێنێت، ئایا هاتنی ئەبو عوبێیدەی خەددام بۆ مۆسکۆ، لە پێناو دۆزینەوەی کچی ناو خەونەکەیە، یان مەبەست لە دۆزینەوەی فەرهادی شێوەکارە، لە هەمان کاتدا کچی ناو خەونەکە، یان ئەو کچەی هاوشێوەی جوانی کچی ناو خەونەکەی ئەبو عوبێیدە، کە کەپڵی فەرهادی شێوەکارە، ڕۆمانی حەوت وێنەی ڕووت لەم خاڵەوە جۆرێک لە تەکنیک و ستایلی ڕۆمانی پۆلیسی پراکتیزە دەکات [من پێنج ساڵ بوولە مۆسکۆ، لە ڕێستورانتێکی بچووکی برادەرێکم کاری نیگارکێشانم دەکرد، پۆرترێتم بۆ میوانەکان دروست دەکرد، ئێوارەیەکی درەنگ ئەبو عوبێیدەی خەددام خۆی کرد بە ڕێستورانتەکەماندا و لە تەنیشت پیانۆکە دانیشت یەکسەر بەدەست ئاماژەیەکی بۆ کردم کە دەست پێ بکەم پورترێتێکی بۆ بکەم]

دەقی حەوت وێنەی ڕووتی ژنی جەنابی وەزیری هێدی هێدی کەش و ئەتمۆسفێری هوتێل و کەبەرییەکان دەخاتە ڕوو، بە تایبەتی دوای ئەوەی فەرهادی شێوەکار دەبێت، بە وەرگێڕی ئەبو عوبێیدەی خەددام هەروەها ناوی کۆمەڵێک کچە ڕووسی سۆزانی دێت وەک پاولینا، ناتاشا، کیتووشا، سۆنیا، کە ئەبو عوبێیدە و وەرگێڕەکەی لەگەڵیان دەخۆنەوە و دواتر ڕادەبوێرن، ناوی کچە سۆزانییەکان لە بنەڕەتدا ئاماژەن بۆ ناوی چەند کارەکتەرێکی ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی، بەشێک لەمانە لەپێناوی بژێوی خانەوادەکەیان، خوویان داوەتە لەشفرۆشی، سۆنیا لە ڕۆمانی «تاوان و سزا»دا هەڵگری ئەم

سیمبۆلەیە، بەڵام تێکست بەشێوەیەکی ئەپیکۆری لە حەز و چێژی سێکسی دەدوێت.. ئەبو عوبێیدە دەڵێت: [کچ کاتێ لەگەڵ یەکتر و دوو سێیەک پێکەوە بن لە ناو پیاوان، زیاتر ئارەزوویان بۆ ئەو پیاوانە دەجووڵێ کە لەوێن] ئەبو عوبێیدە هەمیشە لە مۆسکۆ و لە ڕێستورانت و مەیخانەی هوتێلی پێنج ئەستێرەدا ژن و کچی کازاخستانی و ئۆزبەک و تاجێک و بێلەڕووس و ئۆکرانی داوەت دەکرد و فەرهادی شێوەکاریش حەزی بە ژنە عەرەب و کچە تورک و بێوەژنی فارسی بوو، ئەبو عوبێیدەی خەددام لەنێوان ئەو کچە سۆزانیانەدا بەدوای کچێکی هاوشێوەی کچی ناو خەونەکەیدا دەگەڕا، کچێکی ددان ورد و چاو سەوز و قژمیدۆزایی، بەڵام مەعشووقەکەی فەرهادی شێوەکار تەنیا مارگرێتە، مارگرێت کچێکی بیست و حەوت ساڵەی «فەڕەنسی»یە، هاتووەتە مۆسکۆ تا لە بەشی «سۆسیۆلۆژیا» لە زانکۆی مۆسکۆ ماجستێرنامەکەی بنووسێت، هەڵبەتە ئەم ڕۆمانە بە فۆرمی بەشی کورت کورت نووسراوە و فەرهادی شێوەکار وەک کارەکتەرێک گێڕەرەوەی سەرەکی ڕووداوەکانە.

فەرهاد لە ڕێگەی ئەو پێوەندییە سێکسییەی کە بە ڕێکەوت لەگەڵ «کەلسووم»ی ژنی وەزیری وزە و نەوتی یەکێک لە دەوڵەتەکانی خەلیج دروستی دەکات، لە عیشق و سێکس و ئازادییەک دەدوێت پێچەوانەی ژیانی چەپێنراوی کۆیلەکانی نێو بورقەعە، لە بەیرووت، لە قەراغ ئاوی جۆنییێ، چۆن «کەلسووم»ی ژنە وەزیر پلووکە بەرد و ئەڵقەی پەنجەی تێدەگرێت و دواتر لە هۆتێل «گرین بیچ» بە دزی مێردییەوە چەند شەوێک بەیەکەوە سێکس دەکەن، دەق لە میانەی ئەم دیمەن و حاڵەتە سێکسییانەوە ئاماژە بۆ ژیانی سونەتیانەی هاوسەرگیری دەدات و تێگرتنی ئەڵقەی پەنجە خۆی لە خۆیدا دەلالەت لە ئازادکردنی خود دەکات لەو یاساو ڕێسایانەی کە لە دەسپێکی نووسینەکەدا لەمیانەی گوفتارێکی «نیتشە»وە خرانە ڕوو، بە تایبەتی ئەو ئازادییە سێکسییەی کە بەهۆی دەسبازی و گەمەی جەستەو وێنەگرتن و نەشئەبازییەوە لەکردەی ئیرۆتیکیدا دەگەنە چرکەکانی ئۆرگازم، بۆیە کەلسوومی ژنە وەزیر دواتر بە هەر پەڵپ و بیانوویەک بێت چەندجارێکی تر خۆی دەگەیەنێتەوە لای فەرهادی شێوەکار و بەردەوامی بەگەمەی ئیرۆتیکی دەدات، ئەی ئەبو عوبێیدەی خەددام، یان ئەو پیاوە خەلیجییە ملیاردێرەی کە لە کەنداوی عەرەبییەوە، بەفڕۆکەی ئەردەنی ڕووی لە مۆسکۆ کردووە و بەدوای کچێکی ددان وردی چاوسەوز سەوزی قژ میدۆزاییدا دەگەڕێت، یان دەیەوێت وێنەکانی «کەلسووم» لە فەرهادی شێوەکار بسەنێتەوە لە دادگادا وەک بەڵگەنامە لە بەرژەوەندی خۆی و دژ بە هاوسەرەکەی بەکاریان بێنێت، بەڵام ئەبو عوبێیدەی خەددام بۆ خۆشی سۆزانی پەرستێکی بێ هاوتایە و لە وڵاتە عەرەبییەکانیش چەندین دۆست و عەشیقەی هەیە، تێکستی حەوت وێنەی ڕووتی ژنی جەنابی وەزیر، لەنێوان عیشق و سێکس، سێکس و عیشقدا خول دەخوات، بەڵام لە بنیادی قووڵدا چێژ و خۆشییەکانی گەمەی جەستە بە ئازادییەکی ڕەهای سێکسییەوە دەلکێنێت. دواجار بوون و چارەنووسی مرۆڤ خۆی لە پانتایی و پێوەندیگەلێکی پۆرنۆییدا دەدۆزێتەوە، ئەبو عوبێیدەی خەددام ئاگاداری پێوەندییە سێکسییەکانی کەلسوومە، دەزانێ لە کەنار دەریاو لە هۆتێل گرین بیچ کردەی سێکسی لەگەڵ فەرهادی شێوەکار ئەنجام داوە، بۆیە بڕێک جار لە نائاگاییەوە بڕیار دەدات کەلسووم بە قوربانی تاقە گوللەیەک بکات، کەچی لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات مارگرێتی قژمیدۆزایی فریو بدات و لە فەرهادی شێوەکاری بسێنێتەوە، بەرەو شاری خەونەکانی بەرێت، چونکە مارگرێت هاوشێوەی کچی نێوخەونی حەوت ملیاردێرەکەیە، کە هەر حەوتیان یەک خەویان بەو کچە ددان ورد و چاو سەوز و قژمیدۆزاییەوە بینیوە و دەیانەوێ شارێکی مۆدێرن دروست بکەن و ئەم کچە جوانەش بکەن بە خۆری سەوزی شارە تازەکە، دەق بەشێوازێکی سایکۆلۆژی لە چەمکی «غیرە» و تۆڵە سەندنەوە دەدوێت و دەشێ کردە سێکسییەکانی کەلسووم جۆرێک لە تۆڵەسەندنەوە بێت لەو مێردەی کە کەلسوومی لەنێو بورقەعێکدا زیندانی کردووە و بۆ خۆشی بەوپەڕی ئازادییەوە لەگەڵ کەپلە جۆراوجۆرەکانی ڕادەبوێرێت و دەیەوێت کچە قژمیدۆزاییەکەش بباتە دوبەی و ڕەنگە لەوێش بیکاتە موحەجەبە، ئاخر کەلسووم زۆرجار بە مێردەکەی دەگوت «ئەدی چۆن تۆ

دەچیت لەگەڵ ڕۆزالینای فەڕەنسی و ناهیدە قەحبەی توونسی و ئەو هەموو ڕۆژنامەنووسە سۆزانیانە ڕادەبویرێت و منیش لە ماڵەوە هەر دانیشم».

لێرەدا پرسیارێک خۆی دەسەپێنێت، دەبێ ئەو فۆتۆگرافەرە کێ بێت ئەو هەموو وێنەیەی کەلسوومی گرتبێت، هەمووی یەک شێوە و یەک «پۆرترێت» دووچاوی ژنێک لەناو بورقەعێکدا، دەبێ مسیۆ ئەبو عوبێیدەی خەددام فۆتۆگرافەرێکی وا کارامە و باڵا دەست بێت، لەناو سەفارەتخانەی جمهوریەتی ئیسلامی ئێران لە مۆسکۆ، پێشانگەیەکی فۆتۆگرافی بکاتەوە، سەرجەم شێوە و پۆرترێتەکان بریتین لە یەک شێوە و یەک پۆرترێت، دووچاوی جوانی ژنێک لەناو بورقەعێکدا، چاوەکانی کەلسووم. کەلسوومی ژنی سیادەتی وەزیری وزە و نەوتی یەکێک لە دەوڵەتەکانی خەلیج.. [حەوت وێنەکە من خۆم گرتمن «کە من و ئەو بووین بە ڕووتی لە باوەشی یەکتر» بەڵام ئەم فۆتۆگرافەرە چۆن توانیویەتی جوانی ئەو دوو چاوە گەشانەی کەلسووم دەرببڕێت، تێکست لە ڕوویەکی دیکەوە بەشێوەیەکی شاراوە ئاماژە بە چرکە تێپەڕەکانی بوونی مرۆڤ دەدات و چەمکی جوانیش بە هەمان چێژی چرکەی تێپەڕ و ڕاگوزەر دەبەستێتەوە، واتە مرۆڤ پێویستە لەم جیهانەدا چەشنی تۆریستێکی گەڕیدە بژیت و چێژ و خۆشی لە جوانی تێپەڕ وەربگرێت، بەڵام عیشقی مارگرێت و چاوە جوانەکانی کەلسووم، فەرهادی شێوەکار کە قوتابی دکتۆرایە و لە هەمان کاتدا وەرگێڕی ئەبو عوبێیدەی بازرگان و ملیاردێرە، دووچاری جۆرێک لە نیگەرانی دەکەن، ئەگینا فەرهادی شێوەکار زۆرتر وەک تۆریستێک لە بوون و جوانی دەڕوانێت] لەوەش نیگەرانە کە [ئەبو عوبێیدە لەدەستی دێ هەموو ئەو فۆتۆ و تەنانەت تراکە ڤیدیۆکانیش کە خۆی گرتبوونی لەکاتی سێکس کردنیان لەگەڵ کچە ددان ورد و چاو سەوز سەوز و قژ میدۆزاییەکاندا یەک بەیەک پیشانی مارگرێت بدات و من لەپێش چاوی مارگرێت تا هەتایە بخات!]

دواجار فەرهادی شێوەکار لە ترسی ئەوەی مارگرێتی لەدەست نەچێ، هەر حەوت وێنەی ڕووتی «کەلسووم» نوسخە ئۆرژیناڵەکانی، دەخاتە بەر دەستی ئەبو عوبێیدەی خەددام، لێرەدا یەکێ لە مانا نەگوتراوەکانی دەق ئەوەیە کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ دەدرێت، ئەو عوبێیدەی خەددام، لە بنەڕەتدا دووچاری نەخۆشییەکی ترسناکی سایکۆلۆژی هاتووە، دەکرێت نەخۆشییەکە بە سایکۆ-سێکس نێوزەد بکرێت، ئەو ئاگاداری سەرجەم ڕەفتار و هەڵسوکەوتی «کەلسووم»ی هاوسەریەتی، دەزانێت سەرەتا لە کەناری دەریای جۆنیێ فەرهادی شێوەکاری خۆش ویستووە و دواتر لە هۆتێل گرین بیج لە بەیرووت چەندین جار سێکسیان کردووە و حەوت وێنەکەش کە بەڕووت و قووتی گرتوویانە لای فەرهادی شێوەکار پارێزراوە.

پاشان ئەو فۆتۆگرافەرەی کە پەنجا فۆتۆی ڕەش و سپی کەلسوومی گرتووە بە پەنجا ستایل و گۆشە نیگای جیاواز جیاواز و چاوە جوانەکانی بە شێوەیەکی سەرسووڕمێن دەرخستووە، ئەم فۆتۆگرافەرەش دۆستێکی تری «کەلسووم»ی ژنی وەزیرە، هەڵبەتە ئەبو عوبێیدەی خەددام، لە بنەڕەتدا ناوێکی خوازراوە، ئەوە خودی جەنابی وەزیرە و مێردی ڕاستەقینەی کەلسوومە، ئەو ناوەی لەخۆی ناوە و هاتووەتە مۆسکۆ و بەدوای وێنە ڕووتەکانی ژنەکەی و فەرهادی شێوەکاردا دەگەڕێت.

ئیدی ڕۆمانی حەوت وێنەی ڕووتی ژنی جەنابی وەزیر، لە پانتاییەکی ئیرۆتیکی و پۆرنۆییدا کۆمەڵێک پرس و پرسیاری جۆراوجۆر دەورووژێنێت کە سەرجەم پرسیارەکان پەیوەستن بە بوون و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری مرۆڤەوە، بەڵام چەمکی عیشق و جوانی و غەریزەی سێکسی، بزوێنەری سەرەکیی ڕووداوە یەک لە دوا یەکەکانی تێکستن و چێژێکی تایبەت بە وەرگر دەبەخشن، لە کۆتاییدا دەڵێم دەکرێت ئەم ڕۆمانە کۆمەڵێک خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت و واتا نەگوتراو و دەلالەتە زەینییەکان زیاتر شی بکرێنەوە و لێکدانەوەی جیا جیا بۆ (٧) وێنە ڕووتەکانی کەلسووم و پۆرترێتی فۆتۆکانی پێشانگەکە بکرێت.

**سەرچاوە:**

**ناوی ڕۆمان: ٧ وێنەی ڕووتی ژنی جەنابی وەزیر.**

**نووسەر: فەرهاد پیرباڵ.**

**چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٤.**




# ئەو ڕێبوارەی بەدوای ناوی خۆیدا وێڵ بوو(١)

## خوێندنەوەی ڕۆمانی (کۆچی هەورەتریشقە)

د. ڕەهبەر مەحموودزادە
(شنۆ)

(١)

مەنتیقی ڕۆمان مەنتیقی تێکچندراوی(٢) و چەندتوێژ بوونە. مەنتیقی ڕۆمان مەنتیقی سادەیی و ڕەوان بوونیشە. ئایا ئەم ڕستە بەڕواڵەت ناتەبایانە یەک دەگرنەوە و پێکەوە کۆ دەبنەوە؟ یان ناچارەکی(٣) دەبێ یەکیان وەخۆ بکەین(٤) و یەکیان وەلا بنێین؟ تێفکرینی تێکچندراو ڕێگای ئەوەمان پێ دەدا ئەم دوو ڕستە ناتەبایە لە هەناوی بۆچوونێکی تێکهەڵشێلدراوی(٥) پەرداخکراودا جێگیر بکەین و حەقی هەر کامەیان لە جێگای خۆیدا و بەگوێرەی پێویستی بدەین.

ئەم بۆچوونە هەر بەتەنیا لەبارەی ڕۆماندا وەڕاست ناگەڕێ. بۆ شیعر و فەلسەفەش دەتوانین قسەیەکی لەم چەشنە بکەین. لە مێژە گوتوویانە و بیستوومانە شیعری هەندێک لە هەڵکەوتەترین شاعیران (سهل ممتنع)ـە، یان ئاسانی دژوارن، واتە ناواخنی چەند توێژ و بەکاکڵی شیعرەکان بە ڕێکخستنێکی ڕەوان و بێ قۆرت، بە کەمترین وشە و بە پتەوترین دەربڕین ڕۆنراون(٦) و ڕانراون(٧) و ڕوحیان وەبەر هاتووە. لە ئەدەبی فارسیدا شیعری حافز، بەتایبەت شیعری سەعدی لەم چەشنەن. لە ئەدەبی کوردیدا شیعری هەژار و بەشێوەیەکی بەرچاوتر شیعری هێمن ئاسانی دژوارن.

لە فەلسەفەدا لەپاڵ دژوارنووسترین فەیلەسووفانی وەک هیگڵ، فەیلەسووفێکی وەک پۆپەرمان هەیە کە زۆرجار سادەوێژی و سادەنووسینەکەی هەندێک کەسی هەڵخەڵەتاندووە و وەسەر ئەو بۆسەیەی پەڕاندوون وا بیر بکەنەوە فەلسەفەکەشی ساکار و ڕووکەشە و بێ گرێ و گرفنچکی تیوریی شیاوی تێڕامان و لێ وردبوونەوەیە، بەڵام لەبیرمان نەچێ لەپاڵ دوو ئاوەزمەندێتی(٨) تیوری و کردەییدا، دەتوانین بیر لە ئاوەزمەندێتییەکی جۆری سێیەمیش بکەینەوە کە بریتییە لە ئاوەزمەندێتی گوتەیی(٩). ئاوەزمەندێتی گوتەیی بریتییە لە دەربڕینی دژوارترین بابەتی فیکری بە سادەترین شێوەی گونجاو. (پێویستە داکۆکی لەسەر ئاوەڵناوی "گونجاو" بکەین؛ چونکە واهەیە هەندێک دەربڕین سادە نەبن، بەڵام سادەترین شێوەی گونجاو بن)

باس کردنی ئەو بابەتەش

پێویسته که تێکچندراوی به مانای ئاڵۆزی نییه. تێکچندراوی، چەند توێژبوونێکی پێکهاتەمەند و ڕێکوپێک و ڕێسادارە، بەڵام ئاڵۆزی، قەرەباڵغییەکی نارێک و پێک و وەڕەزی هێنه. تێکچندراوی وێڕای دژوار بوونەکەی بایەخی فیکری و هونەری و جوانیناسانەشی هەیه.

ڕۆمان هەرچی زیاتر هەڵگری وەسفی سادەی تێکچندراو بێ، سەرکەوتووتره. ڕۆمانێکی ئەوتۆ، له جووڵەی ئاسۆیی خوێندنەوەدا، خوێنەر بەهێوری بەسەر ڕووبەرێکی نیاندا دەخلیسکێنێ و هەر لەو کاتەشدا له جووڵەی ئەستوونی(١١) خوێندنەوەدا دەست وەبەر هەڵوێسته و تێڕامان و توێژ هەڵدانەوەی خوێنەر ناهێنێ و دەرەتانی دۆزینەوەی بابەتی چاوەڕواننەکراوی پێ دەدا.

(٢)

ڕۆمانی (کۆچی هەورەتریشقه) له نووسینی مستەفا شێخه، ڕۆمانێکی ڕەوانه، بەڵام له ژێر توێکڵی ڕەوان و نیانی سەرەوه، کاکڵێکی چەندتوێژی تێک تەندراو جێگیر بووه. هەوڵ دەدەین له چەند ئاستدا چەند دیمەنێک لەم چەندتوێژی و تێکتەندراوییه پیشان بدەین و شیکاری بکەین.

**ئەلف- ئاستەکانی دەربڕین**

له دێڕەکانی سەرەتادا وا دێته بەرچاو که گێڕانەوەی ڕۆمانەکه له قاڵبی نامەیەکدا که ڕەزا بۆ ئەفسانەی نووسیوه، ڕێک دەخرێ. "سڵاو ئەفسانه، من گەیشتمه تونجەلی. بەڵێنیم پێدابووی له کوێ زانیم دەگیرسێمەوه، بەشێوەیەک ئاگادارت بکەمەوه. لەسەر بەڵێنی خۆمم. تا ئێستا له کاغەز و قەڵەم بەم لاوە دەستم وەهیچ ڕانەگەیشتووه." (ل٧)

گێڕانەوەی سەرەتایی ڕۆمان بەم نامه نووسین-ەوه دەست پێ دەکا و مەزەندەی(١٢) خوێنەر ئەوەیه که ئەم پێودانه هەتاسەر دەوامی دەبێ، بەڵام زۆر زوو ئەم گریمانەیەی خوێنەر بەهۆی گریمانەیەکی ترەوه جێی پێ چۆڵ دەبێ. لەم ڕۆمانەدا ڕەزا ڕاوییه و ئەفسانه ڕەوایەتگر، واته بەردەنگی(١٣) ڕاوییه. هەبوونی ڕاوی و ڕەوایەتگر، وا دەکا هەڵهێنانەوەی یەکەمین هەنگاو بۆ ڕێکخستنی گەڵاڵەی ڕۆمان هەنگاوێکی مەنتیقی بێ، چونکه له هەڵسەنگاندنی ڕۆمان، یان هەر شێوه گێڕانەوەیەکی تردا، ڕەنگه یەکەمین پرسیار ئەوه بێ که ئەو ڕووداوانه بۆ دەگێڕدرێنەوه و چ پێویستییەک بۆ ئەو گێڕانەوەیه لەگۆڕێدا هەیه؟ لێرەدا پێویستییەکه ئەوەیه: "بەڵێنیم پێدابووی له کوێ دەزانم دەگیرسێمەوه بەشێوەیەک ئاگادارت بکەمەوه." زۆری پێ ناچێ به بێ ئەوەی گێڕانەوه بوەستێ، نووسینی نامەکه پەکی دەکەوێ و گێڕانەوه له جلوبەرگێکی دیکەدا خۆی ئاشکرا دەکا. له جلکی دوواندن و گوتندا. گێڕەرەوه دەڵێ: "نازانم ئەوەی دەیڵێم چەندەی دەبێته پیت و وشه و ڕسته و له نووکی قەڵەمەکەمەوه دەتکێتەوه" (ل ١١) کەواته ئەوەی گێڕەرەوه دەیڵێ هەمووی خۆی به ڕووبەری نامەکەدا ناکا، واته هەتا ئێره گێڕانەوەکه له باری چۆنیەتی دەربڕینەوه له دوو ئاستدایه. ئاستی نووسین و ئاستی گوتن. ئەم دوو خەنیمه ڕکەبەره چۆن وێک هەڵدەکەن؟ کامەیان دەبن به شێوەی زاڵی دەربڕین؟ نووسین، یان گێڕانەوەی سەرزارەکی؟ خوێنەر ئەو مەزەندەیه له مێشکیدا گەڵاڵه دەکا که گێڕانەوه له ئاستی گوتندا خێراتره و نووسین فریای ناکەوێ. ڕەزا، ئەفسانەی لەبەر چاوی خۆی ژیاندووەتەوه و بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوه. کوا ئەفسوونی ئەفسانه دەهێڵێ ڕەزا سەر بەسەر لاپەڕەکەدا ڕۆبگرێ و چێژی ئەم چاو دەچاو بڕینه به کردەی میکانیکی نووسین بگۆڕێتەوه. ئەم بیرۆکەیه که له سەرەتادا وەک مەزەندەیەک له زەینی خوێنەر گەڵاڵه دەکرێ و بۆی هەیه ڕاست بێ، یان ناڕاست، له دوایین لاپەڕەی ڕۆماندا پشتڕاست دەبێتەوه و ڕاستییەکەی ئاشکرا دەبێ: "ئەفسانەی من، لەو کاتەوه له سووکەخەوەکه ڕابووم، قەڵەم و کاغەزم پێیه و خەریکم ئەم نامەیه بنووسم، تەنیا چەند دێڕێکی کەمم بۆ ڕەش بووەتەوه. ڕەنگه ئەم پەڕی کاغەزەش بدڕێنم و نەینێرم." (ل ١٥٦)

ناڕاستی بۆچوونی ئەوانەی پێیان وایه ئەم ڕۆمانه له قاڵبی نامەیەکی ڕەزای بولوت ئۆغلوو بۆ ئەفسانەی شاری گێلاس ئاوا نووسراوه، هەر لێرەدا دەردەکەوێ. نامەکه بێجگه له لاپەڕەیەکی ڕەشکراوه چیتر نییه و لاپەڕەکەش هاکا دڕا و تووڕ هەڵدرا. ڕاستەوخۆترین دەلالەتی ڕەخسانی زەمینەی مەزەندەی یەکەم و ڕاست دەرنەچوونەکەی بریتییه له وریاییدانێک به خوێنەر سەبارەت به چەندتوێژ بوون و تێکچندراو بوونی دەقەکه له ژێر ڕواڵەتی ڕەوانی ڕۆمانەکەدا.

ئەم ورەیەی ئەم مەبەست پێکانه

وەبەرمان دەنێ وامان لێ دەکا هەنگاوێکی تر بەرەو پێش هەڵبگرین و مەزەندەی ئەوە بهێنینە گۆڕێ وا تەنکە توێژێکی تریش لەو دوو توێژەی دەربڕین، واتە نووسین و گوتن وەرپێچراوە. ئەگەر نووسین فریای گوتن نەکەوێ و تۆزی نەشکێنێ و ڕۆژەڕێیەک لێی وەدوا کەوێ، بڵێی لەم پێشبڕکێیەدا هیچ کەرەستەیەکی تر نەبێ گوتنەکەش پاشقول بدا و نەیەوێ خۆی ببێ بە سەرجەلەی گێڕانەوە؟ بڵێی لە ماوەی گێڕانەوەی گشت ئەو ڕووداوانەدا ڕەزای بولۆت ئۆغڵوو لەو بەرپەنجەرەیەدا هەر ورتەی لەبەر هاتبێ و وڕێنەئاسا ئەفسانەی دواندبێ و قسەی کردبێ؟ زەحمەتە وابێ. ئەگەر نووسین فریای گوتن نەکەوێ، بێ گومان گوتنیش فریای خەیاڵ ناکەوێ. خەیاڵ، گوتنیش پاشقوڵ دەدا و بێ دەنگی دەکا. ڕەزا بە خەیاڵ ئەفسانەی لەبەرچاوی خۆی ژیاندووەتەوە و دەیدوێنێ و هەر بەخەیاڵ چووەتەوە تەورێز و شاری گێلاساوا و بیرەوەرییەکانی بەسەر دەکاتەوە. لەبیرمان نەچێ لە کاتی نووسین و وەدەنگ هاتنیشدا خەیاڵ ئامادەیە. گێڕەرەوە بەهۆی خەیاڵەوە خەریکی سەرلەنوێ ڕۆنانەوەی ڕابردووی خۆیەتی، بەڵام لە هەندێک بەشدا نە نووسین و نە قسەکردنی گێڕەرەوە هیچ کامیان ئامادە نین و ماکی شوێندانەر هەر بەتەنیا خەیاڵە. ئەو بەشانەی تێیاندا گێڕەرەوە خەریکە لەگەڵ خۆی قسە دەکا، بێ گومان گێڕانەوە لە ئاستی خەیاڵدایە: "ڕەزای بولۆت ئۆغڵوو ئەوە چییە بیری لێ دەکەیەوە؟ نە ئاغا شتی وای گوتووە و نە مامانیش بیر لە شتی وا دەکاتەوە....ئەوە چییە ڕەزا؟ بۆ ئەم گومانانە لە خۆت دوور ناکەیەوە؟..... ئەم دڵەڕاوکێیە فڕێ دە ڕەزا: (ل ٢٨-٢٧)

ئەوە توێژی سێیەمی گێڕانەوە بوو. ئاخۆ توێژێکی وا ماوە لە گەڵاڵەکردنی گێڕانەوەکەدا دەوری گێڕابێ و لەبەرچاوی ئێمە نەدیو مابێتەوە؟ ماوە.

ئەگەر خەیاڵ بۆی هەبێ ڕووی لە ڕابردوودا بێ و ئەوەی ڕووی داوە بەسەر کاتەوە و وێنای بکاتەوە، بۆی هەیە ڕووی لە داهاتووشدا بێ و بیر لە شتی هێشتا نەقەوماو بکاتەوە. ئەوە ئاستێکی دیکەی خەیاڵە و خەیاڵ لەم ئاستەشدا لە دەقی بەرباسی ئێمەدا دەوری گێڕاوە. خەیاڵ لەم ئاستەیدا لەچاو ئاستەکەی پێشوو چالاکترە، چونکە لە ئاستی یەکەمدا خەیاڵ جیهانێکی بەدیکراو و ئەزموونکراو دەنوێنێتەوە، بەڵام لەم ئاستەدا جیهانێکی مومکین، بەڵام بەدینەکراو دەخولقێنێ. هەر لە لاپەڕەکانی یەکەمەوە پێشاوبڕە لێدانەوەی جارجارەی ئەم ئاستە چالاکەی خەیاڵ لە ئاستەکەی تری خەیاڵ خۆی دەردەخا. گێڕەرەوە لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنی بۆ دەرسیم، خۆی بەخەیاڵ لەناو فڕۆکەیەکدا هەست پێ دەکا کە بۆ وڵاتی سێیەم دەچێ، خەیاڵ لێرەدا خولقێنەرە و لە ئاستە چالاکترەکەدایە: "لە نێو فڕۆکەدا بەرەو وڵاتی سێیەم دەڕۆم. تۆ بڵێی مەودای نێوان ئێرە و ئەوێ چەند سەعاتە ڕێگا بێت؟ دەترسم لەوێش تووشی ئەفسانەیەکی دیکە بم..." (ل ٨) ئەگەر بمەوێ نموونەی ئەو بەشانەی لە ئەنجامی دەورگێڕانی بەشە چالاکترەکەی خەیاڵ بوونەتە بەشێک لە کروتەونی گێڕانەوەکە بنووسمەوە، ئەوە دەبێتە هۆی درێژدادڕی لە وتارەکەدا. هەر ئەوەندە دەڵێم زۆربەی ئەو بەشانەی ڕەنگێکی ئێرۆتیکیان پێوە دیارە، ئاکامی چالاکی ئەو بەشە هەڵسووڕاوەی خەیاڵی گێڕەرەوەن کە بۆ نموونە هەڵپەی ئەوەیەتی ئەفسانە - چ ئەفسانەی مەش بایرام و چ ئەفسانەی شاری گێلاساوا و چ ئەفسانەی بەدیکراو لە بەژنی تەهمینەدا - بەڕووتی ببینێ.: "دوو سێوی سپی لەسەر مێزەکەی ئەفسانە [...] ڕێک بەقەرا یەکترین. سپی. هەردووکیان قاچکەکانیان کەوتووەتە ژێرەوە و لای گولۆوکیان ڕووەو سەرەوەیە، سێوەکانی ئەفسانەن. خۆیان بۆ نەوی دەکات و دەستیان بۆ دەبات. هەر دوو سێوەکانی خۆی گولۆوکیان بەرەو گولۆوکی دوو سێوی نێو دەفرەکەیە. کراسەکەی لێ ناگەڕێ بکەونە نێو دەفری میوەکانەوە. چ دەبوو کەوتبانە نێو دەفرەکەوە؟ هەڵدەبەزنەوە. نەرم و تورت و پڕ." (ل ٣٢)

**ب- دەنگ و دنیابینی جوداواز**

لە ڕووکەشترین ئاستی ئەم ڕۆمانەدا فرەچەشنییەک لەناو کەسایەتییەکان لەباری نەتەوەیی و لەباری زمان و زاراوە و بن زاراوەوە وەبەرچاو دەکەوێ. بورهانەددین و تەیموور ئەفغانین. توورەج و تەهمینە فارسی تارانین. سەفەرعەلی و مەش بایرام تورکی ئازەرین. خانەخوێیەکەی ئەوبەری سنوور، کرمانجی باکوورە. دوو کوڕە ئەفغانییەکە گەرچی خەڵکی وڵاتێکن، بەڵام سەر بە دوو نەتەوەی جوداوازن. یەکیان هەزارەیە و یەکیان

پەشتوونە. هەر ئەم کەسایەتییە جۆراوجۆرانە زاراوە و بن زاراوەی جۆراوجۆریشیان هێناوەتە ناو گێڕانەوەکەوە. ئەفسانە بەکوردییەکی پاراو دەدوێ. دایەمەرجان بە بن زاراوەی دەوری شنۆ و لاجان دەدوێ. کابرای قاچاغچی و خانەخوێکەی ئەوبەری سنوور بە کرمانجی سەروو دەدوێن. مام تاهیر خۆی کرمانجی سەرووە، بەڵام بە زاراوەیەکی تێکەڵاو قسە بۆ میوانەکان دەکا. مەش بایرام بە لەهجەی ئازەری کوردی قسە دەکا و ڕەزا بەر لە هاتنی بۆ لای ئەفسانە بە کوردییەکی تێکەڵاو بە فارسی قسە دەکا. بەسێ بە بن زاراوەی مەنگوڕی وەدەنگ دێ، بەڵام ئەوانە هەموو لە توێکڵی سەرەوە و دەرەوەی گێڕانەوەکەدا ئامادەن. یەکەمین هێما و ئاماژە کە زەینی خوێنەر بۆ ئەو مەبەستە ڕەکێش دەکا کە ڕەنگە جوداوازی و وێکچوونەکان لە ئاستەکانی ژێرووتردا بووبنە هۆی ئەو تەبایی و ناتەباییانە لە چینی دیار و دەرەوەی دەقدا، هەروەها ئەو ختووکەیە دەخاتە دڵی خوێنەر کە ڕەنگە جوداوازییەکان لە ئاستی جوداوازی زمان و زاراوە تێی بپەڕێنن و بگەنە ئاستی جیاوازیی شێوەی تێفکرین و جیهانبینییەکان، ئامادەبوونی وەرگێڕدراوی کوردی شیعری خەیام و دەقە فارسییەکەی لەناو بەشێک لە گێڕانەوەکەدایە: "کوردییە سووک و ڕەوانەکە بە دەنگی تۆ دڵی لەرزاندم. وام دەزانی گوێم داوەتە بێژەرێکی بە سەلیقە و دەنگی ناسک و خوێندنەوەی ڕەوانت خولیای شیعرەکەی کردم: هاتوومە جیهان چم بە چ کرد؟ تێگەی: هیچ/هەر بنجوبناوانی جیهان دەرخەی: هیچ/ ڕووناکی دەرم، شەمم، کە فووم لێکەی: هیچ/ نەینۆکی دەسی جەمم، لە بەردم دەی: هیچ. لە کۆتایی چوارینەکەدا زایەڵەی وشەی هیچ، چەندین جار لە گوێمدا دەزرینگێتەوە. هەست دەکەم لە شوێنێکی دیکە ئەم شیعرەم بیستووە! کەمێک مێشکی خۆم ڕێک دەکوشم. ناسیمەوە! ڕەنگە ئەم چوارینەیە بێت: بنگر ز جهان چه طرف بربستم؟ هیچ/ وز حاصل عمر چیست در دستم؟ هیچ/ شمع طربم ولی چو بنشستم هیچ/ من جام جمم ولی چو بشکستم هیچ" (ل ٢٢-٢١)

له تیۆریی ئەدەبی "پاش ئیستعماری" دا هەندێک بابەتی سەرنجڕاکێش لەبارەی ئەو نووسەرانەی سەر بە نەتەوەی کەمینەن، بەڵام فێرکاریی فەرمی و نووسینیان بە زمانێکی غەیری زمانی زگماکی خۆیان بووە، هاتووەتە ئاراوە. ئەم تیۆریداڕێژانە دەڵێن ئەم کەشە گوتارەکییەی(١٤)

نووسەرانی کەمینە تێیدا هەڵدەسووڕێن کەشێکی چەند دەنگە و سیستمی دەلالەتسازی ئەم نووسەرانە لەگەڵ هی نووسەرانی نەتەوەی سەردەست جوداوازی هەیە. ئەم جوداوازییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخ و هەڵکەوتەی ئەو نووسەرانە تێیدا هەڵکەوتوون؛ دۆخێک کە دەکرێ ناوی دۆخ، یان هەڵکەوتی سووژەیی(١٥) لەسەر دابنێین. نووسەری سەر بە نەتەوەی کەمینە هاوکات لەناو دوو فەرهەنگدا ژیاوە. فەرهەنگی کەمینە، فەرهەنگی خۆی و بنەماڵەکەیەتی، بەڵام فەرهەنگی زۆرینە ئەو فەرهەنگەیە بە ڕەسمی پێی پەروەردە کراوە. ئەم دۆخە سووژەییە بە شێوەیەکی هێزەکی دۆخێکی هەڵکەوتەتری بەو نووسەرە بەخشیوە کە سەر بە نەتەوەی کەمینەیە. ئەو نووسەرە عادەتەن بێجگە لە مێژوو و فەرهەنگی خۆی، ئاگاداری مێژوو و فەرهەنگی نەتەوەی زۆرینەیشە، بەڵام پێچەوانەی ئەوە ڕاست نییە. نووسەری سەر بە نەتەوەی کەمینە زمانی نەتەوەی سەردەست دەزانێ، بەڵام نووسەری سەر بە نەتەوەی زۆرینە زمانی کەمینەکان نازانێ. نووسەری سەر بە نەتەوەی کەمینە عادەتەن خەریکی تیوریزە کردن و تەتەڵەکردنی تیوریگەلی یەکسانیخواز و دادپەروەرانەیە، بەڵام نووسەر و ڕووناکبیری سەر بە نەتەوەی زۆرینە زیاتر خەریکی پاساو هێنانەوەیە بۆ بەردەوام بوون و سەقامگیرتر بوونی سیستمی نایەکسان و نادادپەروەرانە، یان ئەوپەڕەکەی لە باشترین حاڵەتدا لەم بارەیەدا بێ دەنگە و خێر و شەڕەکەی بەڕواڵەت وەک یەکە. ئەوانە هەموو دەبنە هۆی جوداوازی شوێنی ڕاوەستان و دۆخی سووژەیی سووژە ناسکارەکان. ئەوەی لە کۆڕێکدا لە پێشەوە دادەنیشێ، دیمەنی دواوەی خۆی بەدی ناکا، بەڵام ئەوەی لە دواوە دانیشتووە، دیمەنێکی کراوەتر بەدی دەکا و جەماعەتی پێشەوەشی لەبەرچاوە. ئێمەی کەمینە لە دواوە دانیشتووین. لە دواوەی مێژوو، لە دواوەی پلاندانان، لە دواوەی تەرخان کردنی بوودجە، لە دواوەی پێڕاگەیشتن. ئێمە لە دواوەی ئەم وڵاتە دانیشتووین، بەڵام ئەو لەدوا دانیشتنە، وێڕای هەموو نەهامەتییەکانی، چاویشی

کــــــــردووینەتەوە و ڕوانینێکی کراوەتریشی پێ بەخشیوین.

هەر ئەو چاوکراوەییە هێزەکییەی کەمینەکانە وای لە بیرمەندێکی وەک هینری لویس گەیتس کردووە بڵێ سیستمی ماناسازی و دەلالەتگەری نووسەرانی سەر بە نەتەوەی کەمینە لەگەڵ هی نووسەرانی سەر بە نەتەوەی سەردەست جوداوازە. سیستمی ماناسازی و میکانیزمی دەلالەتگەری بیرمەندانی نەتەوەی کەمینە، زیاتر لەسەر دوودەنگی، یان چەند دەنگی دامەزراوە. گەیتس بۆ جودا کردنەوەی ئەم میکانیزمە لە نووسینی وشەی signifyingدا بە مانای دەلالەت پیتی gی کۆتایی وشەکە لەناو کەوانە دادەنێ؛ بەم شێوەیە: signifyin(g).

لە ڕوانگەی گەیتسەوە sig-nifyin(g)، یان دەلالە(ت) ئەم سیستمە دەلالەتگەرانەیەیە وا بە شێوەیەکی هێزەکی مەیلی بۆ لای بەرهەم هێنانی گوتاری دوودەنگ و چەنددەنگ و فرەچەشنە.

لەزۆر شوێنی ڕۆمانی کۆچی هەورەتریشقەدا، سیستمی ماناسازی، گەیتس گوتەنی لەسەر دەلالە(ت) ساغ بووەتەوە. هەر ئەم شێوە دەلالە(ت)ـەیە ئەو هەموو نەتەوە و زمان و شێوەزارەی لەم ڕۆمانەدا پێکەوە کۆ کردووەتەوە.

### ج. دوو ئاستی دەلالەت

خوێنەر دوای بەدی کردنی هەندێک دیاردە و ڕێ ڕوونی لەم ڕۆمانەدا، بەرە بەرە بەم ئاکامە دەگا کە ڕووداوی چیرۆک و مەودای دەلالەتگەری ڕووداوەکان لە دوو ئاستی جیاوازدا بوونیان هەیە.

ئاستی یەکەم هەر ئەو ڕووداوانەیە کە ئێمە لە ڕووبەری چیرۆکەکەدا لەگەڵیاندا بەرەوڕووین: چیرۆکی کەسێک کە بەدوای شوناس و پێشینە و ڕەچەڵەکی خۆیدا وێڵە. گەورەترین تەنگژەی ژیانی ڕەزا بەر لە دیتنی دواجاری مام تاهیر ئەوەیە بۆی یەکلا نابێتەوە داخوا ئەو کوڕی سەفەرعەلی بوڵوت ئۆغڵووە، یان کوڕی مام میرۆیە، یان وەک ئەو مقۆمقۆیەی ڕەزا خۆیشی بیستوویەتییەوە کوڕێکی ناشەرعییە! ئەو ڕۆمانە لەم ئاستەدا چیرۆکی ڕێبوارێکە کە بە دوای ناو و شوناسی خۆیدا وێڵە. " کابرا بەساڵاچووەکە دەمێک تێم ڕاما و گوتی خەڵکی کوێی؟ پرسیارێکی زۆر سادە بوو، بەڵام لە وەڵامدانەوەیدا مامەوە. بۆ ماوەیەک بێ دەنگ بووم و پرسیارەکەم لە خۆم کردەوە. پرسیارێک نەبوو بتوانم لە ڕستەیەکدا وەڵامی بدەمەوە. هەر لە خۆمەوە بە مێشکمدا هات بڵێم میوانم." (ل ٣٨) لەم ئاستەدا کەسەکان، کەسی ئاسایین و ناوەکان ناوی ئاسایین و ڕووداوەکانیش ڕووداوی ئاسایین، بەڵام بەرە بەرە خوێنەر هەست بە بوونی هەندێک هێما دەکا کە پەل بۆ ڕووبەرێکی مانایی شاردراوەتر داوێن. بەرە بەرە خوێنەر هەست بە بوونی هەندێک ناو و وەسف و ڕووداوی سەمبۆلیک دەکا. هەست پێ کردنێکی وا خوێنەر بۆ لای ئەم مەزەندەیە دەبا کە بەسەرهات و چارەنووسی ڕەزا بەسەرهات و چارەنووسی گەلێکە کە شوناسەکەی لێ بزر بووە و کەسایەتی خۆی لێ ستێندراوە و کەسایەتییەکی ساختە و ناڕاستەقینەی دیکەی پێ دراوە و وەک بەرگێکی ناڕێک بۆ بەژنی دڕواوە. سەفەرعەلی بە مەش بایرام دەڵێ کوڕی خۆمە و بەناوی ئیمام ڕەزام کردووە. ژنۆڵی گەڕەکی نەوباری تەورێز دەڵێن بیژووە. لە کۆتایی ڕۆماندا مام تاهیر دەڵێ چونکە مام میرۆی باوکی ڕەزا لە جەماعەتی سەید ڕەزای دەرسیم بووە و لە ترسی حکوومەتی مستەفا کەمال پەڕیوەی ئەم دیوەی کوردستان بووە، ناوم نا ڕەزا. ئای لەو غافلگیرییە شیرینە و ئای لەو مچوڕکەی لەکاتی خوێندنەوەی ئەم بەشەدا تووکی جەستەی خوێنەر قرژ دەکا. ئەو ڕەزایەی ژنۆڵی گەڕەکی نەوباری تەورێز ئیزا بیژی پێ دەڵێن، کوڕی خەباتگێڕێکی ئاوارەی کوردی باکوورە و بەناوی یەکێک لە ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکانی کورد کراوە. ئەو ڕەسەنایەتییە ڕوونە چۆن لیخن و بۆگەنیو کراوە؟ بەڵام بڵێی ئەو ڕەسەنایەتییە لیخن کراوە هەر هی ڕەزا خۆی بێ، یان هی خەڵکی ڕەزاش بێ. ڕەزا ئەو ڕەسەنایەتییە دەدۆزێتەوە و لە قسە کردن بە کوردییەکی پێکەنیناوییەوە دەگا بە کوردی گوتنێکی پاراو و زاراوەکانی دیکەی کوردیش فێر دەبێ، بەڵام بڵێی ئەو خۆ دۆزینەوەیە هەر بە تەنیا خۆ دۆزینەوەی ڕەزا بێ، یان هی خەڵکەکەشیەتی. "ئاغام بە تورکییەکی ئازەری پەتی قسە دەکات. تۆ وات لێ کردم من بە کوردییەکی پەتی بیگێڕمەوە" (ل ١٧) لێرەدا ئیتر ماکەکان لە ئاستی مانای ئاسایی خۆیان لادەدەن و خوێنەر بەم قەناعەتە دەگا بە شێوەیەکی سەمبۆلیک بڕوانێتە ماکەکان. وەسفی کوڕی هەور بۆ ڕەزا لە مانای ئاسایی خۆی دەترازێ. ڕەزا کوڕی کوردێکی خەباتگێڕی خەڵکی

باکووره که پەڕیوەی ڕۆژهەڵات بووه. بۆ خۆیشی جارێک پەڕیوەی دەرەوەی کوردستان بووه و جارێکیش پەڕیوەی دەرسیم بووه. ئایا ئەم هەڵاتنەی ڕەزا بۆ دەرسیم ئاواره بوونێکی تره، یان گەڕانەوه بۆ ئەسڵ و بۆ بنجوبناوانی خۆیەتی. ئەوه نییه میرۆی بابی خەڵکی ئێرەیه و هەر لێره به گژ عەسکەری فاشیستی مستەفا کەمال دا چووه؟ کەواته ڕەزا کوڕی هەوره، چونکه خۆی و بابی و خەڵکەکەشی له جێگایەکدا نەگیرساونەوه. کوڕی هەورەتریشقەیه، چونکه وەک برووسک بەگژ زۆرداردا هاتوون. ئەفسانه و ئەفسانەکان بۆیان هەیه ئەفسانەی سەربەستی بن. ئەوەتا خەیاڵی چالاکی ڕەزا باوکی شەهیدی ئەفسانەی وەدەنگ هێناوه. ئامانج دەڵێ: "چۆن تۆ خەریکه ورده ورده خوو به ئەفسانەوه دەگری، ئەویش خووی به منەوه گرتووه و من ئەفسانەی ئەوم. [ ... ] ئەگەر ئەفسانه بکەی به پردی پێوەندی نێوان من و خۆت، به منیش دەگەی. ئەو کات دەزانی منیش خۆم ئەفسانەیەکم. پێت سەیر نابێ خۆی له ئەفسانەیەکی دیکه بووه." (ل ٩٩)

میرات ڕەمزی شوناسه. ڕەزا به دوای میراتی مام میرۆدا وێڵه. ئەو کاتەی دوای مردنی سەفەرعەلی، بنەماڵەی میراتەکەی بەش دەکەن، ڕەزا به بێ دەنگی بەجێیان دەهێڵێ و بەشی خۆی له میراتی سەفەرعەلیدا نابینێ و نایەوێ. به ڕواڵەت میراتی مام میرۆشی پێ ناگا که پارچه زەوییەکه وا کابرایەکی بێگانه داگیری کردووه، بەڵام بەسەر میراتێکی زۆر گەورەتردا دەکەوێ و بەڕاستی وەدەستی دەهێنێ. میراتی زمان و شوناس و مێژوو. میراتی مام میرۆ ئەو پارچه زەوییه نەبوو که لێی داگیر کرابوو. میراتی مام میرۆ ئەوەبوو شۆڕشی بۆ کرد و له پێناویدا ئاواره بوو، بۆیه هەر ئەو کاتەش که ڕەزا بەسەر ئەو میراته ونبووەدا دەکەوێ و ئەم ڕاستییانه لەزاری مام تاهیرەوه دەبیسێ، باران و ڕەهێڵه و هەور و هێڵەکەش له مانای ئاسایی خۆیان دەردەچن و دەبنه ڕەمزی ڕەحمەت و ژیانەوه و گەش بوونەوه. بەم شێوەیه وشەی "بیژوو" ورده ورده له قاڵبی مانای ئاسایی خۆی تێ دەپەڕێنێ و مانایەکی مەزندەیی تازه بۆ خۆی دەستەبەر دەکا. بیژوو له مانا تازەکەی خۆیدا کەسێکه ڕەسەنایەتی و شوناس و مێژووی خۆی لێ بزر بووبێ.

بیرمەنده پێکهاتەخوازەکان دەڵێن شوناس بەهۆی جیاوازیی لەگەڵ ئەوی دیکەوه پێکدێ، واته سڕینەوەی جیاوازییەکەن، سڕینەوەی شوناسەکانه و بەپێچەوانه ڕێزگرتن له جیاوازییەکان، ڕێزگرتن له شوناسەکانه. ئەو بۆچوونه پەیامێکی دیکەشی هەیه. پێکهاتەخوازەکان دەڵێن له وشەیەکدا ئەگەر تاقه فۆنیمێک بگۆڕدرێ، وشەیەکی دیکه به مانایەکی تازەوه دروست دەبێ. ڕاسته ئەم دوو وشەیه لەو تاقه فۆنیمەدا جیاوازن، بەڵام له هەموو فۆنیمەکانی دیکەدا وەک یەکن. شوناس و فەرهەنگیش هەر بەم چەشنەیه. هارووکی مووراکامی ڕۆمانێکی کورتی هەیه بەناوی (دوای تاریکایی) لەم ڕۆمانەدا دوو خوشک بەناوی ئێری ئاسایی و مێری ئاسایی دەور دەگێڕن. دیاره ئەو دوو کەسایەتییه شۆرەتیان یەکه و ناوەکانیشیان تەنیا له فۆنیمێکدا جوداوازییان هەیه. ڕەنگه کۆدی ژێنێتیکیشیان لەباری وێکچوون و جیاوازییەوه هاوشێوەی ناوەکانیان بێ. ئەو دوو خوشکه لەباری ڕواڵەت و ئاکار و ئەو دنیایەی تێیدا دەژین زۆر لێک دوورن. هەتا کۆتایی ڕۆمانەکه ڕۆماننووس لەسەر ئەم دووری و جوداوازییانه پێدا دەگرێ، بەڵام له کۆتاییدا مێری بیرەوەرییەکی دێتەوەیاد که لەگەڵ خوشکەکەی وەها یەکتر له باوەش دەکەن وەک ئەوەی بووبنه کەسێک و لەناو یەکتردا توابێتنەوه. لێرەدا وێکچوون و جیاوازی وەک یەک لەبەرچاو گیراون.

له ڕۆمانی کۆچی هەورەتریشقەدا مەش بایرامی کۆنه ئەفسەری ساواکی و مام بارامی کوردی شۆڕشگێڕ دەور دەگێڕن. دوو ناوی بارام و بایرام له تاقه پیتێکدا جوداوازییان هەیه، بەڵام ئەو دوو کەسایەتییه سەر به دوو شوناسی جوداواز و دوو ڕوانینی جوداواز و دوو جیهانی جوداوازن. دیمەنێکی هاوچەشنی دیکه که داکۆکی لەسەر زەق کردنەوەی وێکچوون و جوداوازییەکان دەکا له بەشێک که وەسفی ناو ماڵی ئەفسانه و دایه مەرجان و پێک گرتنی وێنەی مێردی یەکەم و دووەمی دایه مەرجان دەکا بەخەستی خۆی دەنوێنێ:

"وێنەی ئامانجی باوکی ئەفسانه لەگەڵ وێنه گەورەکراوەکەی ژووری دانیشتن، له جلوبەرگیاندا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو. هەردووکیان جلی خۆڵەمێشیان لەبەردابوو. چاوی ئامانج له ژێر تۆڕه پارچه تەنکەکەوه ترس و دڵەڕاوکێیان پێوه دیار بوو. چاوەکانی مێرده شەهید کراوەکەی دایه مەرجانیش ترس و دڵەڕاوکێیان لێ دەباری. هەر دوو وێنەکه دەتگوت بەزۆر لێوەکانیان بزەیان لێ

نیشتووە. ئەو بزەیەی وێنەگر داوا دەکات بەرانبەر بە کامێرا پیشانی بدەی" (ل ٩٦)

هەروەها ئەو دوو کەسە هەردووکیان شەهیدن، بەڵام هەر کامەیان لەلایەن سیستەمێکی ڕوانینی جیاوازەوە ناسناوی شەهیدیان لەسەر دانراوە.

(٣)

هەتا ئێرە لە بەشی دووی ئەم وتارەدا باسی چۆنیەتی تێکچندراو بوونی دەقی ڕۆمانی کۆچی هەورەتریشقەمان کرد. لە بەشی یەکیشدا ئەوەمان گوتبوو ڕۆمانی سەرکەوتوو سەرەڕای ئەوەی تێکچندراوە، سادە و ڕەوانیشە.

ڕۆمانی کۆچی هەورەتریشقە ڕەوانیشە و هەتا کۆتایی دەق بە چاوپۆشی کردن لە هەندێک وردە قۆرتی سەر ڕێگای خوێندنەوە کە زیاتر لە گەلاڵەی چیرۆکەکەدان و دەکرا بە شێوەیەک چارەسەر کرابان کە خوێنەر بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ. دەتوانین هۆی ڕەوان بوونی دەقی ئەم ڕۆمانە لەم خاڵانەی خوارەوەدا ببینینەوە:

**ئەلف. زمانی بەهێز**

نەسر و کوردی نووسینی مستەفا شێخە، یەکێکە لەبەرچاوترین خاڵە بەهێزەکانی نووسەر. نووسەری ئەم ڕۆمانە لە بەرهەمەکانی دیکەشیدا ئەو خاڵە بە هێزەی خۆی بە خوێنەرانی سەلماندووە. پێویست بە نموونە هێنانەوە ناکا، خوێنەر دەست بۆ هەر لاپەڕەیەکی ڕۆمان ببا و لێکی کاتەوە و بیخوێنێتەوە، بەسەر زمانێکی پاراو و پتەودا دەکەوێ، بەڵام لە دەقێکی داستانیدا وزەی زمانی بێجگە لە شێوەی گشتی بەکارهێنانی زمان، لە زمانی داستانیشدا خۆی دەنوێنێ. زۆر نووسەری وا هەن زمانێکی بەهێزیان هەیە، بەڵام زمانەکەیان زمانێکی داستانی نییە. بۆ نووسەری دەقی داستانی بێجگە لە مەرجی زمانزانی، مەرجی زاڵ بوون بەسەر زمانی داستانیش لەگۆڕێدایە. لە دەقی ڕۆمانی کۆچی هەورەتریشقەدا هەردوو مەرج وەدی هاتوون.

**ب- تەعلیق، یان داهێشتنێک کە خوێنەر بە دووی خۆیدا ڕادەکێشێ:**

ئەم ڕۆمانە لەباری تەکنیکییەوە بەشێوەیەکی تەکنیکی نووسراوە و مەنتیقی ڕۆمان بەشێوەیەکی جێگیر تێیدا ڕەچاو کراوە. دەرکەوتەیەکی دیاری ئەم تەکنیکی بوونە، تەعلیق، یان داهێشتنێکە کە لە دوو ئاست لەناو ڕۆمانەکەدا دەور دەگێڕێ:

**ئاستی یەکەم:** داهێشتنێکی گشتییە کە لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە دەست پێ دەکا و هەتا کۆتایی دەق، خوێنەر بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێ. داهێشتنەکە لەم پرسیارەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕەزا کوڕی کێیە؟ دیارە خودی قارەمانی ڕۆمانیش وەک خوێنەر هەتا کۆتایی بە دوای ئەم پرسیارەدا وێڵە.

**ئاستی دووەم:** هەروەک نووسیم داهێشتنەکەی سەرەوە هەموو دەقەکەی تەنیوەتەوە، بەڵام لەناو دەقدا وا هەیە پرسیارێک بۆ خوێنەر ساز بێ و وەڵامەکەشی درەنگ، یان زوو لە لایەن دەقەوە بدرێتەوە. بۆ نموونە خوێنەر بەمە دەزانێ کە ئەفسانە کچە شەهیدی ئەم لایەیە، کەچی وێڕای دایکی مووچەی بنیادی شەهیدیش وەردەگرن. هەتا ئەو جێیەی خوێنەر بۆی ڕوون دەبێتەوە دایکی ئەفسانە دووجار مێردی کردووە و بابی ئەفسانە سەر بە ڕێبازێک بووە و زڕبابیشی سەر بە خەتێکی دیکە بووە، ئەم پرسیارە هەر زەینی خوێنەر ختووکە دەدا.

داهێشتنە گشتییەکە بێجگە لەوەی وەک تەکنیکێکی ڕۆتینی ناو ڕۆمان، دەور دەگێڕێ پێوەندییەکی پتەوی بە تیمی ڕۆمانەکەشەوە هەیە. هەروەک گوتمان تیمی ڕۆمانەکە بریتییە لە شوناس و گەڕان بە دوای شوناسێکی ون و ساغ کردنەوەی هەنگاو بۆ هەنگاوی ئەم شوناسە.

**پەراوێزەکان:**

**١-ناوی ئەم وتارەم لە دێڕە شیعرێکی عەبدوڵلا پەشێو وەرگرتووە:**

**لە سووچێکی ئەم دنیایە/ ئەو ڕێبوارە بە دوای ناوی خۆیدا وێڵە/ ئەو ڕێبوارە بەدوای چاوی خۆیدا وێڵە/ ئەو ڕێبوارە برینمە/ ئەو ڕێبوارە زەردەخەنە و گرینمە/ئەو ڕێبوارە کوردستانە/ لانەی یەکەم ئەوینمە**

**٢- تێکچندراوی: پیچیدگی**

**٣- ناچارەکی: الزاما**

**٤- وەخۆ کردن: وەخۆ گرتن. پذیرا شدن.**

**٥- تێکهەڵشێلدراو: ورز داده شده**

**٦- ڕۆنان: دامەزراندن. بنیاد نهادن**

**٧- ڕانان: خستنە ڕوو. عرضه کردن**

**٨- ئاوەزمەندێتی: عقلانیت**

**٩- ئاوەزمەندێتی گوتەیی: عقلانیت گفتاری.**

**١٠- ئاسۆیی: افقی**

**١١- ئەستوونی: عمودی**

**١٢- مەزەندە: حدس(*)**

**١٣- بەردەنگ: مخاطب**

**١٤- کەشی گوتارەکی: فضای گفتمانی**

**١٥- دۆخی سووژەیی: موضع سوژگانی.**

**(*) مەزەندە بۆ (تخمین)ی عەرەبی بەکار دێ، بۆ (حدس) لەگەڵ مامۆستا شوکور مستەفای ڕەحمەتی (سۆسە)مان دۆزییەوە (ڕامان).**



# به بۆنەی کۆڕی ڕێزلێنان لە دکتۆر یوونسی (وەک وەرگێڕ) لە شاری سنە

**ناسر وەحیدی**
**(بۆکان)**

من گومانم لەوەدا نییە کە دکتۆر ئیبراهیم یوونسی یەکێکە لەو ڕۆشنبیرە دەگمەنانەی گەلی کورد کە تا ئەمڕۆ توانیویەتی بە چالاکی ڕۆشنبیری و تەقەللای بەردەوام و بێ بڕانەوە- لە بواری نووسیندا- لە پانتایی مەیدانی ڕۆشنبیری کوردیدا، جێگەیەکی بەرز بۆ خۆی دیاری بکا و جێ پەنجەی بە زەقی بۆ بەرەکانی داهاتووی کورد بەجێ بێلێ. دکتۆر یوونسی بە پێشکەش کردنی ئەو هەمووە بەرهەمە بەنرخ و بە پێزانەی توانیویەتی کتێبخانەی نەتەوەکەی دەوڵەمەندتر و ئاوەدانتر بکاتەوە. هەستی بەرپرسایەتی دکتۆر یوونسی سەبارەت بە نەتەوەکەی لە لایەک و هەستی ڕۆشنبیری کوردی لە لایەکی تر هانی داوە هەوڵ بدا بۆ دۆزینەوە و ناسینی کەموکوڕی و گیروگرفت و کردنەوەی گرێ کوێرەکانی مەسەلەی کورد، هەر بۆیە قۆڵی هیممەتی لێ هەڵماڵیوە و دەستی کردووە بە نووسین و وەرگێڕانی ئەو کتێب و نووسراوە گرینگ و بەنرخانەی کە تا ئەمڕۆ لە لایەن پسپۆڕان و لێکۆڵەرانی بیانییەوە لەسەر کورد و مەسەلەی کورد نووسراون.

دکتۆر یوونسی وەک زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد باوەڕی بەوە هەبوو کە گەلی کوردیش وەک زۆربەی نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکانی تر، حافزەیەکی کوێری مێژووی هەیە. زۆر زوو هەموو ئەو ڕووداوە تاڵ و ناخۆشانەی کە بە سەریان هێناوە و بە سەری هاتووە لەبیر خۆی بەرێتەوە. بۆ بەرگری کردن لەو کارەساتە و بەرهەڵست بوونی، دەستی داوەتە کاری وەرگێڕانی ئەو بەرهەمانەی چنگیان خستووەتە ناو برینە قووڵەکانی مێژووی گەلی کورد و بەردەوام کولاندوویانەتەوە و نەیانهێشتووە بێتەوە سۆ، بەڵکو ببنە ئاوێزەی گوێی نەتەوەکەی و چیتر مێژووی گەلەکەی بە خوار و خێچی و نالەباری دووپاتە و چەند پاتە نەبێتەوە و ئەم ڕەوتە چەوتە بپسێتەوە.

دکتۆر یوونسی لە پێشەکی کتێبە سەرەتاییەکانیدا سەبارەت بە گەلی کورد دەڵێ: ئەگەر بێتو لە مرۆیەکی

خوراسانی بپرسن مەغۆل چییە؟ دەڵێ قەومێک بوون هاتن کوشتیان و سووتاندیان و ڕۆیشتن. ئەگەربێتو کەسێک لە من بپرسێ کورد چییە؟ دەڵێم: کورد بەردەوام شۆڕشی کردووە، قارەمانانە داکۆکی کردووە، خیانەتیان لە یەک کردووە، تێکشکاوە و قەڵاچۆ کراوە.

لە شوێنێکی تردا دەڵێ: کوردستان وڵاتی سوور پێستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەڵام ئەم سوور پێستانە یەکگرتوو نین، خیانەت بە یەکتری دەکەن، خیانەت لە دووی خیانەت. عوزر لە پاش عوزرێکی تر، چ لە ڕووی نەزانین و گێلییەوە بووبێ و چ لە ڕووی وردبینی و زانینەوە بێ. دەڵێ: مرۆی نەزان زۆر بە ئاسانی فریو دەدرێ و دەکرێ ئەوی پێت خۆش بێ پێی بکەی. لە هەر شوێنێکی ئەم گۆی زەوییە ئەگەر جووڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیەک سەرکوت بکرێ، بێ گومان دەستی ئیستعماری پیری ئینگلیزی تێدایە، یان ڕاستەوخۆ دەستی لەسەر کوتکردنەکەدا هەیە، یان ڕێوشوێنی سەرکوت کردنەکەی پێشنیارکردووە.

دکتۆر یوونسی بە پێی گەڵاڵەیەکی دیاریکراو دەستی کردووە بە وەرگێڕانی ئەو کتێبانەی کە باسوخواسی مێژووی ڕاپەڕینی کورد لە شوێنە جیا جیاکانی کوردستان دەکەن.

١- کوردەکان نووسینی عسمەت شەریف وانلی، مستەفانازدار ساڵی ١٣٧٠ هەتاوی.

٢- جووڵانەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد. نووسینی کریس کوچیرا. ساڵی ١٣٧٣ هەتاوی.

٣- کوردەکان و کوردستان. نووسینی درک کینان. ساڵی ١٣٧٦ هەتاوی.

دکتۆر یوونسی دواتر دێتە سەر ئەو باوەڕەی ئەو مەیدانە بەر تەسکتر کاتەوە و ئەو کتێبانە وەردەگیڕێتەوە کە بە شێوەیەکی مەیدانی و ڕیشەیی بەشێکی دیاری کراوی کوردستانیان داوەتە بەر پشکنین و لێکۆڵینەوە. ئەو کتێبانەی کە توانایی کاردانەوەیان لەسەر ژیان و مێژووی کورد هەبێ، بەڵکو مێژوویەکی تازە بەقەڵەمێکی تازە لەسەر لاپەڕەیەکی تازە بۆ نەتەوەی کورد تۆمار بکەن.

٥- ئاغا، شێخ، دەوڵەت نووسینی مارتین وان. بروئین سن ساڵی ١٣٧٨ هەتاوی

٦- بەم ڕیسواییە چ بەخشینێک. نووسینی جاناتان ڕاندڵ ١٣٨٠ هەتاوی.

دکتۆر یوونسی بێجگە لەم بوارە، لە بواری ئەدەبیشدا چالاکییەکی بەرچاوی بووە. سەرەڕای وەرگێڕانی کتێبگەلی بە پێز و بەنرخی ناساندنی ئەدەبی ڕووس و یۆنان و ئەدەبی کلاسیکی جیهانی تا ئەدەبی مودێرنی وەک تریسدام شندی. کتێبی ڕەمز و ڕاز و شێوەی چیرۆکنووسی یەکێکە لە بەرهەمە بەنرخەکانی برایم یوونسی، کە زۆربەی نووسەرانی کورد و فارس خوێندوویانەتەوە و کەڵکیان لە ئەزموونەکانی وەرگرتووە.

بەڕای من زۆربەی ئەو نووسەرانەی کە شارەزا و داهێنەری تیوریيە ئەدەبییەکانی نووسینن تا هەنووکە نەیانتوانیوە خۆیان بەرهەمێکی بەرچاو و ئەوتۆ بخولقێنن. دەتوانم بۆ سەلماندنی قسەکەم ئاماژە بە دکتۆر ڕەزا بەراهانی، جەمال میر سادقی، گولشیری- بێجگە لە شازدە احتجاب کە پێشتر نووسیویە- و...تاد بکەم.

هیچ کەس ناتوانێ نکوڵی لە پسپۆڕی و شارەزایی ئەو نووسەرە بەڕێزانە بکا کە لە بواری تیوری ئەدەبیدا بەرهەمگەلێکی بە پێزیان نووسیوە. کتێبی (زێڕ لە مسدا) دکتۆر ڕەزا بەراهانی مەحەکێکی کەم وێنەیە بۆ جیا کردنەوەی شیعر لە نا شیعر و کتێبی جیهانی چیرۆک و دەنکەکانی لیزگەی چیرۆک کە بۆ خودی من زۆر باش بووە و کەڵکم لێ وەرگرتووە و کتێبی چیرۆک و هەڵسەنگاندنی چیرۆک کە لە لای چیرۆکنووسانەوە حاشا هەڵنەگرە، کارگەی هەڵسەنگاندنی چیرۆکی گواری کارنامە و...

من پێم وایە ئەو نووسەرانە تەواوی هەوڵ و توانایی خۆیان خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو بەرهەمەی ویستوویانە بیخولقێنن، بخەنە ئەو چوارچێوەیەی کە بۆ خۆیان دەستنیشان و دیارییان کردووە، هەر بۆیە بەرهەمەکانیان زۆر سەرکەوتوو نەبووە، چونکە تەواوی بیروهزریان لە بری ئەفراندن و داهێنان سەرقاڵی چنینی تانوپۆی بەرهەمەکەیان کردووە.

بەڵام دکتۆر یوونسی لەگەڵ ئەوەی ئەو کتێبە بەنرخەی لە بواری تیوری ئەدەبدا نووسیوە، توانیویەتی ڕۆمانگەلێکی وەک زستانی بێ بەهار، گۆڕستانی غەریبان، دایە شیرین، قەرەج و کڵاو لار، کەسێک وەک خۆم، دوعا بۆ ئارمین، و...تاد بخولقێنێ.

شتێکی سەرنجڕاکێش ئەوەیە دکتۆر یوونسی ٨٥ ساڵی عومر کردووە و ٨٥ بەرهەمیشی پێشکەشی نەتەوەکەی کردووە. چ تەمەنێکی پڕ بە پیت و بەرەکەت!.

دواتر من لە لایەن کوڕی دکتۆر یوونسییەوە ئاگادار کرامەوە کە دکتۆر ژمارەی بەرهەمە کانی لە ٨٥ زیاترە و زۆر بەرهەمی چاپ نەکراوی چاوەڕێی چاپە، بۆ وێنە ئاماژەی بە کتێبی کورد کرد لە بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوەی نێو نەتەوەیی یەکگرتوودا.

# گەشەی شانۆکەمان لەسای (ڕامان)دا

**ئەحمەد سالار**

ئەمڕۆ لە بۆنەی هەڵکشانی ژمارەی گۆڤاری (ڕامان) بۆ دوو سەد ژمارە، وادەی چاوگێڕانە بەو بەژنە جوان هەڵچووەیدا، ئەو گۆڤارە ڕۆشنبیرییە گشتییەی، چۆن تەلارێکی باڵابەرزی ڕووناک بە چەندان چەشنە پەنجەرەی بلوورین، بەسەر سارای ژیان و جیهانی ڕۆشنبیریدا، لە سای سەیوانی (ڕامان)دا، سەرجەم لق و چڵ و تەرزی ئەدەب و هزر و هونەرە جوانەکان دەژین. ئەمە دەقی ئەدەبی هەمەجۆر، دیمانەی بەپێز، مێزگرد و کۆڕ، ڕەخنەو لێکۆڵینەوە و فەلسەفەو مێژوو، خوێندنەوەی کتێب...تاد.

دیارە هەر ئەڤیندارە و بەسەر دولبەرەکەیدا هەڵدەدا و بۆی دەمرێ، سەبارەت بەمنی شانۆڤانیش، ئەوە بێ سێ و دوو، هەر دەبێ دەستەملانی شانۆ ببمەوە. ئەم گۆڤارە لەم بوارە هەرە گرنگ و زیندووەدا، بۆتە کانگاو ماڵ و سەرچاوەی ئەدەب و هونەرێک کە ئێمەش وەک گەلانی دیکە پێمان گەیشتووە و ویستوومانە بەهۆیەوە هاوشانی گەلانی ژیارپەروەر ببینەوە.

ئەم کۆشش و بەخششە مەزنەی (ڕامان) لەپاش ڕاپەرینەوە بوو، کە پێشتر جاروبار لە هەندێ گۆڤاردا ئاوڕی لێ دەدرایەوە، بە تایبەت هەندێ ساڵ لە بۆنەی ڕۆژی شانۆی جیهانیدا کە دەکاتە (۲۷)ی ئازار.

بەسەرکردنەوەی بۆ هونەر و ئەدەبی شانۆ، زۆر فراوان و دەوڵەمەندانەیە و وەنەبێ هیچ جومگەو جەمسەرێکی وەلاوە نابێ، بۆ نموونە، هەر کاتێ باسی باری بزاڤی شانۆی کردبێ، زۆر بە بایەخەوە باسی لە شانۆنامە، یان دەقی شانۆیی کردووە و بەوپەڕی گرنگی پێدانەوە، ئاوڕی لەو بڕبڕەیەی پشتی نواندنی شانۆیی داوەتەوە، زانیویەتی چەندە لەو ڕووەوە هەژار و نەبووین، بۆیە بەر لە گشت شتێ، دەقی خۆماڵی خستۆتە بەرچاو، دەیزانی هیچ شانۆیەک بەبێ دەقی خۆماڵی ناڕەخسێ و هەرگیز سەرپێ ناکەوێ. هەرچەندە هەوڵی داوە دەیان دەقی شانۆیی وەرگێڕاو لە شاکارەکانی شانۆی گەلانەوە بڵاوبکاتەوە، زۆرجاریش هەر بۆ پڕکردنەوە و لە هەمان کاتدا بەهانا هاتنی بزاڤەکە، دەستی بۆ کاری ئامادەکردن و لێ وەرگرتن و بەکوردی کردن بردووە، هەروەها بڵاوکردنەوەی چاوپێکەوتن و مێزگرد و هەواڵ و ڕیپۆرتاژ و ڕەخنە و گوتاری شانۆیی.

ڕامان چاک بڕوای بەو ڕاستییە هەبووە، کە بەبێ بزاڤی شانۆ، باری ڕۆشنبیریمان نەنگ و لەنگە. زانیویەتی کە شانۆ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایدیاییەوە، پەیوەستی بارودۆخە بابەتییەکەی کۆمەڵگایە و پێوەندییەکی توندوتۆڵی بە پەرەسەندن و بەرەو پێشەوە چوونی هەیە، هەرگیز دابڕان و ترازان لەنێوان شانۆ و کۆمەڵگادا ڕوونادات، بۆیە هەمیشە و بەدرێژایی مێژووش، کێشەی ئازادی گەل و دیموکراتییەت، کێشەی گەوهەرین و



سەرەکییەتی، لەگەڵ خەباتی گەلدا بووە، خەباتی کۆمەڵایەتی و سیاسی، لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانی و نەتەوایەتی، هەروەها لەسەر ئاستی مرۆڤایەتی.

ڕامان خەمخۆری ئەو لایەنە زیندووەش بووە، کە شانۆ کۆکەرەوەی سەرجەم هونەرە جوانەکانە، بۆیە شانۆی لە هونەرەکان بێ بەری نەکردووە، هەر لەسەر ئەوە هاتووە، بار ڕاوەستاوی بزاڤەکە، یان ئەوەی پێی دەڵێن تەنگژە، بە تێکڕایی لایەنە هونەرییەکانی دیکەی بەستووەتەوە، چ هونەرە دەربڕەکان و شێوەکارەکان...تاد. بەڵێ و بەو پێیەی کۆی هونەرەکان بنیادنەری سەرخانی ژیانی گەلن، ئەمەو لە تەک ڕەچاوکردنی هۆشیارانەی تایبەتمەندی هونەری شانۆ، ئەو هونەرەی شێواز و دابونەریت و یاساو ڕێسای خۆی هەیە، لەگەڵ ئەو کەشوهەوا زیندووەی کە تێیدا دەشنێ و گەشە دەکات. ئەو هونەرەی کە ئامادەبووی هەمیشەیی بەر چاوانە کە لەلایەنە مرۆڤییە تێرەکانی ڕێڕەو و کاروانی ژیان دەخوازێ، کە گەوهەری بوونیەتی، بەسەرکردنەوەی بینەران لە زاری ڕەخنەسازان و پسپۆڕانەوە دەربارەی بزاڤەکە، سەلماندنی ئەوەیە کە بڕوادارە، شانۆ هونەرێکی جەماوەریانەیە و ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی بینەران، یان وەرگران دەبێتەوە و خۆی دەنوێنێ و هەڵوێست و ڕای لەسەر کێشەکان دەردەبڕێ.

کەواتە دەتوانین، دوور لە ڕاڕایی و دڵەڕاوکێ بڵێین: ژمارەکانی ڕامان، بە تایبەتیش ژمارە تایبەتییەکانی شانۆی، گەورەترین دەرووە بەڕووی شانۆکارانی کورد، بە شاگردانی هونەرەکەشەوە، ئەو ژمارە زۆرەی لە کۆلێژی هونەر و پەیمانگاکانی هونەر لە کوردستاندا کە هەن کردۆتەوە و هەمووانی قەرداری بەخششەکەی کردووە.

هەر لە دووتوێی ئەو باس و دیمانانەدا، ئاوڕی لە ڕۆڵ و کاریگەرێتی شانۆکەمان داوەتەوە، چ لە ڕووی بەرگری و بەرەنگاربوونەوە، چ ورەپێدان و گەشەدان بەگیانی نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕی.

بەڵێ لەو ڕۆژانەدا کە گەلەکەمان لە گەرمەی خەباتی ئازادیخوازیدا بوو، شانۆ باشترین گیانی دەربڕین بوو، دەربڕی ئازار و مەینەتییەکانی گەل و ئاسۆکانی ئاواتی، بەو زمانە هێما بەندەی کە بازی بەسەر بەربەستەکانی سانسۆر دەدا.

دەمەوێ لەم بۆنە نازدارە و بەردڵانەیەدا، ئەوە بڵێمەوە کە گەلێک جار گوتوومەتەوە: نەک ئەو گشت بوار و لایەنە شانۆییانەی کە لە خۆی گرتووە، بەڵکو تەنیا ئەو دیمانە بەپێز و جوان داڕێژراوانەی کە (ڕامان) لەگەڵ ڕۆشنبیران سازی داوە، یان بە تایبەت لە تەک شانۆڤانانداـ بە پیت و فەرترین چاوگی لێ وەرگرتن و هەڵێنجانە، بۆ باسی شانۆی کورد، بەمێژوو و دەق و دەرهێنەر و ئەکتەر و ڕەخنەگران و ئاوڕدانەوە لە بەربەست و تەنگوچەڵەمەکانی و خۆزگە و ئاوات و خەونی شانۆکارانەوە، واتە ڕامان ئەو سەرچاوەیە کە هەمیشە بە هانای شانۆکاران و توێژەرانەوە دێت.




# لەنێوان ڕەسەنایەتی و لاسایی کردنەوەدا



جیهانبەخش محەمەد کۆیی

گۆرانیبێژی بەناوبانگی میسر (محەمەد عەبدولوەهاب) لە دیمانەیەکدا گوتی (دەزانم ڕۆژێک دێت ئەو هونەرە جوانەی ئەمڕۆ هەمووی هەڕاج دەکرێت، بەڵام من نایبینم) لای ئێمەش ئەو هونەرە جوانەی سەردەمی زێڕین و داهێنان و ڕەسەنایەتی خەریکە بن گۆم دەبێ. ڕاستە جار جار گرووپێک، یان دووان، یان چەند گۆرانیبێژێک بە کۆمەڵ گۆرانییەکانی سەردەمی زێڕین دەڵێنەوە، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەڵگەی حاشا هەڵنەگرە کە هونەرمەندانی ئەمڕۆ دان بە هونەری دوێنێدا دەنێن، بەڵام قەت لاسایی کردنەوە نابێتە هونەرێکی ڕەسەن و داهێنان. خۆ گشت ڕۆشنبیران، بە تایبەتی هونەرمەندان لەگەڵ داخوازی و پێداویستییەکانی سەردەمن و دەڵێن دەبێت هاوچەرخانە مامەڵە لەگەڵ هونەری سەردەم بکرێ، بەڵام کەس خۆی ناکاتە خاوەنی ئەم بابەتە هەستیارە، دەبێت هۆیە لێڵەکان و ئەو شکستانەی بەسەر گۆرانی کوردیدا هاتووە دەستنیشان بکرێن. باشە چی بکرێ بۆ ئەوەی ئەو لاسەنگی و پاشەکشە و سستییەی بەسەر ئەو بەشە زیندووەی هونەردا هاتووە؟ بۆچی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران نایەنە دەنگ و بەگۆڕینەوەی ڕاو بۆچوون و بەبیری پڕشنگدار و بە خەمخۆری لە سیمینارێکی فراواندا ڕێگەچارەیەک نادۆزنەوە بۆ دەربازبوون لەو پاشاگەردانییەی کە گۆرانی کوردی تووشی بووە، زۆر بەداخەوە گۆرانییەکانی ئەمڕۆمان زۆرینەی تورکی و عەرەبین و بێ دەستکاری دەیانکەنە کوردی و بڵاویان دەکەنەوە، بە تایبەتی گۆرانی ئەمڕۆ ئەگەر ئافرەتی لەگەڵدا نەبێت، ئەوە بەهونەری حسێب ناکەن.

ئەگەر سەرنجێکی وردی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی بدەین لەو ١٥-٢٠ ساڵەی دواییدا، چیت بەرگوێ دەکەوێ؟ چی کراوە؟ ناڵێین هونەر بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە، نەک خوانەخواستە هەندێ لە هونەرمەندان زویر و تووڕەبن، بەڵام بەرەو پێشکەوتن و پەرەسەندن و گەشەکردن نەچووە، بەڵگەشمان بۆ ئەو ڕاستییانە زۆرن، ئەویش تا ئەمڕۆ زۆرینەی جەماوەری کوردستان گوێبیستی گۆرانییەکانی سەدەی ڕابردوو دەبن، چ وەک تیپەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک، چ وەک گۆرانیبێژەکانی سەدەی ڕابردوو، ئەوە باسێکی گرنگە و بە نووسینێک و دووان و سێیان تەواو نابێت، ئەگەر بمانەوێ چەند خاڵێکی گرنگ دەستنیشان بکەین بۆ ئەوەی هەر نەبێت گۆرانی کوردی هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە بڕوات، پێویستە:

چەند لیژنەیەک بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر ئاواز/ شیعر/ گوتن دابنرێت، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو گۆرانییانەی لە دەزگاکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن پەخش بکرێن، بەڵام من پێم وایە هیچ دەزگا و لایەنێک خۆی بە بەرپرسیاری ئەمە نازانێت و زۆر ئەستەمە ئەم کارە بکرێت و خەمخۆری ئەو لایەنە زۆر بەدەگمەن دەبینرێن، چونکە کاتی خۆی هونەر بۆ ڕەسەنایەتی هونەر بوو، بەڵام ئێستاکە هونەر بۆ پارەیە.